

ڕۆمان
فڕۆکەکانیش
لە
بەرەبەیان تێکشکان
باروخ نادڵ
وەرگێڕانی عومەر ئەمین عەلی
HZR

# فڕۆکەکانیش لەبەرەبەیان تێکشکان

باروخ نادڵ

وەرگێڕانی: عومەر ئەمین عەلی/ ڕانیە

ناوی کتێب: فڕوکەکانیش لەبەرەبەیان تێکشکان

نووسینی: باروخ نادڵ

وەرگێڕانی بۆ عەرەبی: توفیق شمعونی، دەزگای چاپەمەنی( الاهلیە للنشر والتزیع/ ئوردن).

وەرگێڕانی بۆ کوردی: عومەر ئەمین عەلی/ ڕانیە

تیراژ: 1000 دانە

ساڵ: 2016

چاپخانە: ناوەندی هزر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان،

ژمارە سپاردنی (697) ساڵی (2015)ی دراوەتێ.

## هەڵوێستەیەك

هێشتا برینەکانی منداڵیو هەرزەکاریم سارێژ نەبوون، کەڕۆژانە لەترسی فڕۆکەکانی هێزی ئاسمانیی عێراقی ماڵەکانی خۆمان چۆڵ دەکردو هانامان بۆبەر ئەشکەوتو بن پردو، بناری شاخەکان دەبرد، بێبەزەییانە بۆمباو شێستتیرەکانیان بەسەر شارو لادێو مرۆڤو ئاژەڵو دەشتو دەرەکاندا دەباراند، تەنانەت بەلەمەکانی ناو دەریاچەکانیش پێبەش نەدەکران، شەڕێکی لەناوبەربوو، پێشمەرگەش بەبڕنەوەکەیەوە ڕووبەڕووی هێرشەکانی ئەرزو ئاسمانی دەروونە پیسەکەی ئوممەی عەرەبی دەبۆوە، زۆر دیمەنی خوێناویی لەناو مێشکمدا تابلۆی سەیرو سەمەرەو بەئێشو ژانیان نەخشاند.

کەگەورەش بووم، تووشی کارەساتو تابلۆی خوێناویتر بووم، کە هەتا ئێستاش خوێنیان لێدەچۆڕێت، ناپاڵمو کیمابارانو ئەنفالو ڕاگواستنو زیندە بەچاڵ.

هەتا ئێستا ئەو بیرەوەرییە تاڵانە هەر ڕەنگاوڕەنگن لەناو بیرو هۆشمداو هەرگیز کاڵیش نابنەوە، بەلاّم هەستم بەخۆم دەکرد بۆئەوەی بژیم، دەبێت ڕووبەڕوی دوژمنەکەم ببمەوە، ڕووبەڕووبوونەوەیەك کەمترین زیانو زۆرترین سەرکەوتنی تێدابێت، بۆیە پەنام بۆسێبەری هەموو شۆڕشگێرێك دەبرد کەڵك لەتاقیکردنەوەکانی وەربگرم، خواکردبوو کەسێکی گەرمیانی وەکو دکتۆرێکی ڤیتێرنەری کەوتە ناوچەکەی منەوەو یەکتریمان ناسی، لەڕۆژێکی دوکەڵاوی سەردەمی ئەنفالو کیماباراندا، ئەو ڕۆمانەی بۆ گێڕامەوە، لەوکاتەوە بیرم لەوەدەکردەوە میللەتەکەی منیش تەنها بەگورزێکی کوشندەی لەپڕ دەتوانێت شکست بەدوژمنەکەی بێنێت، لەناو میللەتەکەی منیشدا خەڵکانی زۆر خۆبەخش هەن، وەکو پاڵەوانی ئەو ڕۆمانە بتوانن گورزێکی کوشندە لەدوژمنەکەیان بدەن، بەلاّم پێویستە ئامادەبکرێن، بۆیە وەرگێڕانی ئەوکتێبەم کردە ئەرکێك بەسەرشانی خۆمەوە، بەلاّم بەداخەوە سەردەمەکە ڕێگەی نەدەدا، دواجار وێنەیەکی ئەم ڕۆمانەم دەستکەوت بەزمانی عەرەبی، ناوی خوام لێهێناو کەوتمە وەرگێڕانی، ئومێدەوارم خوێنەری کورد بەوردی بیخوێنێتەوەو کەڵکی لێوەربگرێت.

عمرامین علی/ ڕانیە

2015 /3/16

# بەشی یەکەم

## پیاوە درێژەکە

## 22ی تشرینی ددوی 1954

ئەو نێرراوەی کەدوێنێ هات بۆلام، بەبێ پێشەکی یەکسەر پێیڕاگەیاندم کە(فیشلێ بالأبەرز) دەیەوێت بمبینێت، لەڕاستیدا بیستنی ئەم هەواڵە کاریگەرییەکەی زۆر زیاترە لەوتووێژێك کەچەند کاتژمێرێك بخایەنێت، چونکە من هیوای ئەوەم دەخواست چاوم بەچاوی (فیشلێ بالأبەرز) نەکەوێتەوەو ئیشم پێی نەبێت، لەکاتێکدا دووساڵ بوو ئەو ئەرکانەم وازلێهێنابوون جارێکی تر بەدیداری(فیشلێ بالأبەرز)م بگەیەننەوە، بەلأم کار بگاتە ئەوەی کەبیەوێت چاوی پێت بکەوێت، ئەوا ناچاری فەرمانەکەی جێبەجێ بکەیت، ئەوەش مانای ئەوەنییە ئەوپیاوە زۆر بەهێز بێت، لەبنەڕەتدا ناوی (فیشلێ لاندسبرغ)بوو، لەو ڕۆژگارەشدا بە(اساف لیفی)ناودەبرا، لەبواری جاسوسیەتدا کاری دەکرد، تەنها ناوهێنانی ناوەکەی ترسی دەخستە دڵی ئەوانەی کارێکیان دەکەوتەلای، بەلأم من ترسم لێی نەبوو، هەرکاتێك دیدارم کردبێت، بەناوی (اساف لیفی) ناوم نەهێناوە، تەنها بەناوی (فیشل بالأبەرز) لەگەڵی ئاخافتووم، لەدیدەی مندا لەئێستاشو لەداهاتووشدا، هەمان ئەوپیاوەیە کە لەناو خانووە چۆڵەکەدا فەرمانی پێکهێنانی دادگایەکی مەیدانی پێکردم، پاشانیش کە لەسەر پێکهێنانی ئەو داگاییە دادگایی کراین، ئەوپیاوە پشتیوانییەکی تەواوی لەمن کرد.

دوای ئەوە چوارساڵ لەگەڵیدا بەردەوام بووم لەئیشو کارەکانمداو، بەتەواویش زاڵو سەرکەوتووبووم لەئەنجامدانیان، بەلأم کاتێك هەستم بەخۆم کرد من لەناو ئەو کاروکردەوانەدا کەسێکی نامۆم، داوام لێکرد، بمبوورێت چیتر ناتوانم کارەکان ئەنجام بدەم، ئەویش ڕەزامەندی لەسەر نواند.

لەڕاستیدا (فیشلێ) لەماوەی دابڕانەکەماندا هیچ گۆڕانکارییەکی وەهای بەسەردا نەهاتبوو، لەڕابردوودا کە گەنج بووین، (فیشلێ) گەنجیەتی پێوە دیارنەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا وەکو پیرێك دەرنەدەکەوت، لەو باوەڕەشدابووم لەتەمەنی پیریماندا (فیشلێ) پیری پێوە دیارنەبێت، چونکە بەهۆی بالأبەرزییەوە کەمێك چەمابۆوەو ڕەنگو ڕوویەکی جوانی هەبوو، کونەلوتەکانیشی

گـەورەبوون، هـەموو ئەمانـە وایـانکردبوو وەکـو باڵندەیـەکی چـڕنووکداری ڕاوکـەر دەرکـەوێت، لەوجۆرە باڵندە ڕاوکەرانەی کە ڕۆژگار هیچ دەسەڵاتێکی بەسەریاندا نییە، لەڕاستیشدا (فیشـڵ) باڵندەیەکی دندوکداری ڕاوکەر بوو، هەرگیز دەندووکەکەی نەیدەزانی سـۆزو بـەزەییو تێربـوون چیە. بەتایبەتی لەوبوارە ئاڵۆزە نهێنیەی کە بە(ئاسایش)ناسراوە، هەر کاتێك بەدەندووکەکـەی بۆنی بۆگەنیوێکی کردبا، وازی لێنەدەهێنا هەتا هەمووشتێکی لەبارەیەوە نەزانیبا.

جـا کاتێـك چـاومان بەیـەکتری کـەوت، لەشـوێنەکەی خـۆی هەسـتاو لـەپاش مێزەکەیـەوە سوڕایەوەو، زۆر بەتووندی دەستی خستە ناودەستمو بەگەرموگوڕییەوە بەخێرهاتنی کردم، زۆر بەوردی چاوی پێدا خشـاندمو لەهـەواڵی(نعومی) پرسـی، منـیش گـوتم (نعـومی)زۆر باشـە، جـا کەهەسـتی بـەوەکرد مـن لەگەڵیـدا ناکەومـە ئاخـافتنێکی بـەزمو خۆشـییەوە، چـەکمەجەی ناوەڕاستی کتێبخانەکەی کردەوەو پارچەی ڕۆژنامەیەکی خستە بەردەستمو گوتی: بەدەنگێکی بـەرز بیخوێنـەوە، منـیش دەسـتم کـرد بەخوێندنـەوەی، وانووسـرابوو کـە: کەسـێکی نەناسـراو هەڵیکوتاوەتە سەر (بانکی ئاوەدانکردنەوە)، لەشەقامی (الملـوك) لەتەلئـەبیب، پاسـەوانەکەش فیشـەکێکی لێـداوەو کوشـتوویەتی، پاشـان پاسـەوانەکە ڕایگەیانـد کەکاتـژمێر یـەکی دوای نیوەشـەو، گوێبیسـتی دەنگێکـی گومانـاوی بـووە بـەرەو سـندووقی پارەکە....لەپارچـە ڕۆژنامەکـەدا هەواڵەکـە بـەوە کۆتـایی هـاتبوو کـەهیچ ناسـنامەیەك لـەگیرفانی دزەکـەدا نەدۆزراوەتەوەو، پۆلیسیش خەریکی لێکۆڵینەوەیە، بەم پێیە خوێندنەوەکە گەیشتە کۆتـاییو، لەتە ڕۆژنامەکەم لەسەر مێزەکە داناو، چـاوم بڕیـە (فیشـڵ باڵابـەرز)و گـوتم: بەڕاسـتی کـارێکی سەرنج ڕاکێشە، بەڵام چ پەیوەندییەکی بەمنەوە هەیە؟ (فیشڵ)یش زەنگێکـی لێـداو دەرگایـەك لەنووسینگەکەی کرایەوەو، کچێکی جوان لەناو دەرگاکەوە گوتی: فەرموو بەڕێز(لیفی)،

ئەویش گوتی: پێیان ڕابگەیەنە خواردنو خواردنەوەیەکمان بۆ ئامادەبکەن، لەوکاتەدا کەکچەکە خەریکی چوونەدەرەوە بوو، (فیشڵ)پێی گوتم: ئەو کچەت پێ چۆنە؟ منیش بەسەرسووڕمانەوە وەڵامم دایەوە: کام کچە؟ ئەویش بەجووڵەی سەری ئاماژەی بۆ کـردم کـە مەبەسـتی لەوکچـەی دواوەیە، کەئاوڕم دایەوەو کچەکەم بینی، بەراستی جـوان بـوو، کاریگـەرو بەلـەزەت بـوو، بۆیـە

ڕاستگۆیانە گوتم: زۆر جوانە، ئەوەش بوو بەمایەی ئەوەی کچەکە ڕەنگی سوور هەڵگەڕێتو بەپەلە بچێتەدەرەوە.

پاشان(فیشلْ) هاتە سەر بابەتێکی ترو گوتی: ژوورەکەی منت پێ چۆنە؟ منیش گوتم: زۆر جوانو باشە، پاشان گوتی: بەڵام نەژوورەکە بەکەڵکی من ماوەو نەمنیش بەکەڵکی ئەو ژوورە ماوم، بەوزوانە بەجێیدەهێڵم، واپێدەچێت سەردەمی خەڵکە پێشینەکان کۆتایی پێهاتبێت، منیش لەساڵی(1936)ەوە لەکاروباری فەرمانبەریدام، منیش بەکورتی وەڵامدایەوە: هەموو کەسێك ئەو ڕاستیە دەزانێت.

لەڕاستیدا(فیشلْ) لەماڵە بچووکەکەمەوە لەبناری شاخەکانی(جلبواع) منی بۆ ئەم مەبەستە نەهێنابوو، تێڕوانینەکەی من ڕاست دەرچوو، کاتێك(فیشلْ) لەپڕ گوتی: ئێمە ڕووبەڕووی بارێکی ترسناك دەبینەوە، باشیش دەزانی لەقاهیرە چیمان بەسەرهات، منیش گوتم: هەموو دنیا بەهەواڵەکەی زانیوەو ڕۆژنامەکان بڵاویان کردۆتەوە، ئەوەش لە بێ هێزیمانەوەیە کە وای دانێنێن ئەو کردەوەیە شەرەفێکی گەورەیە بۆ دەزگا جاسوسیەکانمان، لەودەمەدا (فیشلْ) زۆر بەقووڵی چاوەکانی لەمن بڕیبوون، وەکو ئەوەی بیەوێت بەدەندوکی سەروگوێلاکم بکوتێتو، گوتی: جا ئایا تۆ وابیردەکەیەوە من بەوکارە ڕازی بووبم؟ منیش وەڵامم دایەوە: نەخێر، من کاتێك هەواڵەکەم لەڕۆژنامەکاندا خوێندەوە، وام لێکدایەوە کەتۆ سەرۆکی دەزگا جاسووسیەکە نەماویت.

پاش کەمێك بیرکردنەوە، گوتم: (فیشل)، ئەدی دەربارەی من چی هەیە، بۆچی لەدوای منت ناردووە بۆ ئێرە؟

لەوکاتەدا دەرگای ژوورەکە کرایەوەو ئافرەتێك بەبەرگێکی سپییەوە هاتە ژوورەوەو، عەرەبانەیەکی بچووکی تایەداری پێشخۆی دابوو، شووشەو پێکی شەڕابی لەسەربوو، لێمان نزیك بۆوەو خەریکی ئەوەبوو کەلوپەلەکان لەسەر مێزەکەی بەردەممان ڕیز بکات، عەرەبانەکەی بەشێوەیەکی وەها ڕاگرتبوو، خۆی دەکەوتە نێوان منو عەرەبانەکەوە، هەموو جارێکیش هەوڵی ئەوەی دەدا جەستەکەی بگەیەنێتە جەستەی منو تامو لەزەتێکم پێبدات، ئینجا عەرەبانەکەی کشاندەوە دواوەو دەستی کرد بەتێکردنی شەراب بۆمان، جەستە

نەرمەکەی بەسەر شانمدا هێناو، منیش خۆم بۆ نەجولاند، بوارم دایە دەستبازی لەگەڵ پشتم بکات، چاوەکانم لە(فیشل) بڕین، بەم شێوەیە مانەوە تا ئافرەتەکە ڕۆیشتەدەرەوەو دەرگاکەی داخست، جا لەوێدا ڕووم لە(فیشل)کردوو گوتم: ئێ (ئەوە شەڕابەکەشمان خواردەوەو، ئافرەتەکەش کاری خۆی کرد)، لەدوای ئەوە چیتر ماوە پەیوەندی بەمنەوەوە هەبێت؟ (فیشل) پەنجەکانی لەسەری خۆی وەردەدان، وەکو ئەوەی بلێی لەسەرقاڵیدایەو بەپەنجەکانی توکی سەری دەخورێنێتو تێکی وەردەدات، ئەمەش کارێکی بێ مانابوو، چونکە (فیشل) توك بەسەریەوە نەمابوو، پاشان گوتی: ئەوەی ئێمە لەقاهیرە بنیاتمان نابوو لەساڵانی ڕابردوودا، هەمووی داڕماو تێداچوو، بۆیە ناچاربووین پیاوەکانمان لەوێ دورخەینەوە، تەنانەت ئەوانەشیان کە لەناو ئەوتۆڕەدا نەبوون کەتووشی کارەساتەکە هاتن، چونکە هەموو پیاوەکانمان ترسییان لێ نیشتبوو، جا کاتێك یەکێك لەکارکەرەکان لەناو تۆڕە جاسوسیەکەدا تووشی ترسان دەبێت، وا چاکە بەزوویی دووربخرێتەوە، نەوەك خۆی بدات بەدەستەوەو ڕاستیەکان بدرکێنێت.

پاشان (فیشل)بەهیوایەکەوە سەرنجێکی منی دا، منیش دەمزانی مەبەستی سەرنجدانی من نیە، بەڵکو دەیەوێت کارێکی لەپڕم بۆ ئامادەبکاتو، وەکو هەورەبروسکە بەسەرم دادات، بۆیە لەدوای تێڕوانینەکەیەوە یەکسەر گوتی:

پۆلیس نەیتوانی ناوو ناونیشانی ئەوپیاوە ئاشکرا بکات کە لەبانکەکەدا کوژرا، بۆیە هانایان بۆ ئێمە هێنا، هەتا یارمەتییان بدەین، ئێمەش لەلای خۆمانەوە کەوتینە لێکۆڵینەوە لەبارەی تەواوی ڕووداوەکە، بەڕێکەوت بابەتێکی ناو باسەکە سەرنجی ڕاکێشام.

(فیشل) جارێکی تر دەستی بۆ چەکمەجەی کتێبخانەکەی درێژکردەوەو چەند وێنەیەکی دەرهێنانو لەسەر مێزەکەی بەردەمم بڵاوی کردنەوە، منیش زۆر بەخێرایی چاوێکم پێداخشاندن، پاشان لێیان وردبوومەوە، وێنەکان هەندێك هێڵو درزیان تێدابوو، بۆم ڕوونبۆوە ئەو وێنانە لەوێنەی بچووکەوە گەورەکراون، وێنەی هەندێك کەس لەناسنامەکانیان یان لەهەر بەڵگەنامەیەکی ترەوە وەرگیرابوونو گەورەکرابوون، لەناوایاندا وێنەی کەسێکی تێدابوو کەشێوەکەی لەکەسێکی ڕۆژهەلات دەچوو، لەتەمەنی سی ساڵاندابوو، بەلام نەعەرەب بوو

نەجوولەکە، وێنەیەکی تری هەمان کەسیش بەتەنیا بوو، وێنەی سێیەمیش هی هەمان کەس بوو لەگەڵ ئافرەتێکی زۆر جوان لەناو دارستانێك وەستابوون.

خۆم وانیشانی (فیشڵ)دا کە زۆر گرنگی بەو بابەتەنادەم، بۆیە گوتم: ئەوە وێنەی دزەکەیە؟ (فیشڵ)یش چاوەکانی لەچاوی من بڕیو گوتی: بەڵێ، بەتەواوی ئەوە دزەکەیە، بەڵام لەبەرەبەیانی سبەینێوە تۆدەبیت بە دزەکە، شوێنی ئەو دەگریتەوەو ئەرکەکەی تەواودەکەیت.

## ئارام ئەنویر....دزە شارەزاکە
## 22 ی تشرینی دووەمی 1954

هەموو ئەندامەکانی لەشم وەکو جەستەی کەسێکی مردوو ڕەق ببوون، دەشمزانی لەتوانامدا نیە بەربەرەکانی (فیشلێ بالأبەرز) بکەم، ئەوپیاوەی کە لەکاتی ئەنجامدانی کارە فەرمییەکانیدا، هەستە مرۆییەکان بەهیچ شێوەیەك ڕێبازێکیان نەبوو بچنەناو دڵیەوە، لەکارەکانیدا تەنها پێشبینی سەرکەوتنی دەکرد، سەرکەوتن بەهەر نرخێك لەشەڕێکی بەردەوامی نهێنیدا کە بەسیخوڕی ناسراوە، لەسەرکەوتنێکەوە بۆ سەرکەوتنێکی تر بەردەوام بوو، بۆیە بەبەردەوامی وای لێکدەدایەوە کە خەڵك تەنها ئامرازو هۆکارێکن بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی.

ئاوێنەیەکی گەورە بەسەر دیوارەکەوە هەڵواسرابوو، داوای لێکردم سەیرێکی خۆم بکەم لەئاوێنەکەدا، کەسەرنجمدا دەموچاوم درێژو گەورەببوو، زۆر ترسناك بوو.

ئینجا داوای لێکردم تەماشای ئاوێنەی دووەم بکەم لەتەنیشت ئاوێنەی یەکەمەوە، وێنەی دزی بانکەکەی لێوە دیاربوو کە لەدیوارەکەی بەرانبەرەوە هەڵواسرابوو، لەنێوان دوو ئاوێنەکەدا چاوەکانم لە شكو گوماندابوون لەوشتانەی کە دەیانبینم، (فیشلێ)یش وێنەی پیاوە دزەکەی ئەوەندە دەهێنایە پێشەوە کە من زۆر بەناڕەحەتی خۆمم دەبینیو لەجیاتی وێنەی خۆم تەنها وێنەی پیاوە دزە مردووەکەم دەبینی. وێنەکەی من بەتەواوی وەکو وێنەی پیاوە دزەکە دەردەکەوت.

(فیشلێ)گوتی: ئەوپیاوە کوژراوە، باوکی تورکەو دایکیشی ئەرمەنییە، بۆیە ناوی (ئارام ئەنویر)ە، ناوێکی کۆنی بەربڵاوی ئەرمەنییەکانە، باوکێکی تورکو دایکێکی ئەرمەنی، ساڵی (1932) هاوسەرگیرییان کردووە، ئەوەش ئەو هەزاران ئافرەتە ئەرمەنیەمان دێنێتەوە بیر کەسەربازە تورکەکان دەستدرێژی سێکسییان کردنەسەر لەکاتی دەرکردنی ئەرمەنەکان لەتورکیا، پێش هەشت ساڵ لەهاوسەرگیری ئەو ژنو پیاوە. لەوانەشە پەیدابوونی ئەو منداڵەیان بەهۆی دەستدرێژی سێکسییەوە بووبێت.

(فیشلێ)بەردەوام بوو لەقسەکانیو گوتی: وا پێویست بوو تۆ کوڕی ئەو دایكو باوکە بایت، هەروەها واپێویستە بزانیت کە ئەوان لەتەمەنی دە ساڵانەی تۆدا لەیەکتری جیابوونەوە، دوای ئەوە تۆش خراویتە بەرخوێندن لەقوتابخانەیەکی نزیك شاری(ئەزمیر)، ڕێڕەوی ژیانی خۆت وەکو کوڕی ئەو دایكو باوکە لەفایلێکدایە بەوردی هەمووشتێکی تێدا باسکراوە، پاشتر ئەو فایلەت دەدەمێ، ئەوەی گرنگە ئەوەیە کەبزانیت باوکت پێش 6–7 ساڵ کۆچی دوایی کردووەو، هەندێك شتی سادەی لەدوای خۆی بۆ جێهێشتووی، باوکت بازرگانی کەلوپەلە هونەریەکان بوو، بەڵام ئەوەی کەبۆی جێهێشتیت، هەمووت لەخۆتو لەدایکت خەرج کردو، وادەردەکەوێت کاری گوماناویشت کردبێت.

لەبەیانییەوە ئامادەت دەکەین بۆئەوەی لەناوخەڵکیدا وەکو (ئارام ئەنویر) دەرکەویت، پاشان بۆماوەی هەفتەیەك خۆت لەبەرچاوان بزردەکەیتو، هەوڵی فێربوونی زمانی تورکیو چەند وشەیەکی زمانی ئەرمەنی دەدەیتو، دەست بەجێبەجێکردنی ئەرکەکانت دەکەیت.

منیش گوتم: ئایا دەکرێت من لەماوەی یەك هەفتەدا فێری زمانی تورکی ببمو وەکو کەسێکی تورك بچم بۆ تورکیا؟

وەڵامیدامەوە: تۆ بۆ ئەم مەبەستە ناچیت بۆتورکیا، زیرەکترین مرۆڤ ناتوانێت لەماوەی هەفتەیەکدا فێری زمانی نەتەوەیەك ببێتو وەکو کەسێکی ئەو نەتەوەیە لەناوخەڵکیدا خۆی دەرخات.

منیش گوتم: ئەدی بۆکوێ سەفەر دەکەم؟

وەڵامی دامەوە: بۆ پاریس، لەوێ پەیوەندی لەگەڵ بازرگانەکانی چەك پەیدادەکەیت، پیشەکەی خۆت دەگۆڕیت، دەبیت بەدەلاڵی کڕینو فرۆشتنی چەكو تەقەمەنی، بوارێکی زۆر فراوانە، بۆ کڕینو فرۆشتنی چەکە قورسەکانو تۆپو ئامێرەکانی ڕادارو فرۆکەکان.

منیش گوتم : ئەو چەکانە بۆکێ دێنم؟

ئەویش پەوپەڕی ڕاستگۆییەوە وەڵامیدامەوە، کە لەسەرەتای دانیشتنەکەمانەوە هەستم بەوجۆرە ڕاستگۆییە نەکردبوو، گوتی: هیوادارم کە(ئارام ئەنویر) بەوپەڕی چووستیو زیرەکییەوە ببێت بەسەرچاوەی هاوردەکردنی چەكو تەقەمەنی بۆ هێزی ئاسمانی (مصر).

## ماڵئاوایی

## 22 ی تشرینی دووەمی 1954

(فیشلێ) وەکو بڵێی لەخۆی ڕادەبینی داوای لێبورنم لێ بکات بۆ ئەو ئەرکەی خستویەتیە ئەستۆم، بۆیە گوتی: من داوای لێبوردنت لێدەکەم، بەڵام ئەوە دوو هەفتەیە (ئارام ئەنوین) شوێنەکەی چۆڵە لەدنیادا، بۆیە تۆ هەفتەیەکت لەبەردەستدایە بۆئەوەی خۆت ئامادەبکەیت ڕۆڵی ئەو ببینیت، ئێمەش هەوڵدەدەین لەوماوەیەدا هەموو زانیاریەکانت دەربارەی کەسایەتیە تازەکەی خۆت بدەینێ، جا دوای مانەوەت لەفەرەنسا بۆماوەی مانگێك، ئومێدەوارم خۆت ئامادەکریێت بۆئەوەی بچیت بۆ تورکیا هەموو کارەکانت لەوێ تەواوبکەیت.

منیش گوتم، بەڵام (نعومی)هاوڕێم دوو گیانە.

ئەویش گوتی: (نعومی) لەتۆ دووگیانە؟

منیش گوتم : بەڵێ لەمن دووگیانە، هەردووکیشمان کۆکین لەسەرئەوەی منداڵێکمان هەبێت.

ئینجا (فیشلێ) کاغەزێکی لەسەر مێزەکەی ڕاکێشاو خستیە بەردەمم و گوتی بنووسە:

بەڕێزەکەم (نعومی)،

لێرەدا (فیشلێ) بێ دەنگ بوو، دەستێکی بەدوگمەی زەنگەکەی سەر مێزەکەدا ناو گوتی:

نازناوی (نعومی)چییە؟

منیش گوتم: (نینی)، لەودەمەدا ئەو کچە هاتەژوورەوە کەپێشتر قاوەی بۆ هێنابووین، (فیشلێ) پەنجەی لێ بەرزکردەوەو گوتی: (بیخەرە مێشکی خۆتەوەو وابزانە) کە تۆ لەو پیاوە دووگیانیت.

منیش لەونێوانەدا بەسەرسوڕماوی سەیری دەموچاوی هەردووکیانم دەکرد، بینیم کچەکە لەشەرماندا سور هەڵگەڕابوو، بەڵام ورتەیەکیشی لەدەم نەهاتەدەرەوە، (فیشلێ)یش لەقسەکردن بەردەوام بوو، بەکچەکەی گوت: ئەوپیاوە ئێستا نامەیەکت بۆ دەنووسێت، بۆت ڕووندەکاتەوە کەدەیەوێت هەموو پەیوەندییەکانی لەگەڵ تۆدا بپچڕێنێت، لەوانەشە وڵات جێهێڵێت، بۆیە بەباشی گوێی لێبگرە. (ئەوەش نامەکەیە):

بەڕێزەکەم (نینی)…..

لەوڕۆژانـەی دواییـدا زۆر بـیرم لەئاینـدەی پەیوەندیـەکانی نێـوان خۆمـان کـردەوە، گەیشـتمە ئەوئەنجامەی کە من ئەوکەسـە نـیم بتـوانم هـەموو هیـواو ئاواتـەکانی تـۆ بـەجێبێنم، لەوکاتـەدا کچەکە سەرێکی لەقاندو وردەوردە لێم هاتەپێشـەوەو نـاڕازی بـوو بەوشـێوازی نامـە نووسـینەو گوتی: من داوای لێبووردن دەکەم، بەڵام وا هەست دەکەم ئەو قسانە هـەموویان دروسـتکراون، وا پێویسـت بـوو سـەرەتا لەنامەکـەدا باسـی خۆشەویسـتی کرابـا، چـونکە پیـاوان ئەوشـێوازە دەگرنەبەر کاتێك کەدەیانەوێت واز لەهاوڕێ کچەکانیان بێنن.

بۆیە (فیشلێ) لەسەرەتاوە دەستی بەگوتنەوەی نامەکە کردەوەو منیش دەمنووسیەوە.

خۆشەویستەکەم (نینی)...

دوای کەمێك(فیشلێ) لەداڕشتنی نامەکە وەستاو پێی گوتم: نامەکە لەگەڵ خـۆت بێنـە، بۆمـاوەی دوو کاتژمێر پشوو دەدەین، (روثی) لەگەڵت دێت، ئەو میوانخانەیەت نیشـان دەدات کەئێمشـەو لێی دەمێنیتەوە، لەوێ داوای کاغەزێك بکەو نامەکەی لەسەر بنووسەو بەرواری ڕۆژی داهـاتووی لەسـەر دانـێو، نامەکـە ڕادەسـتی (روثـی) بکـە، ئێمـەش لـەکاتێکی گونجـاودا دەینێـرین، واش پێویستە دوو نامە بۆ دایكو باوکیشت بنووسـیت بەبـەرواری ڕۆژی داهـاتوو، ئـەوەی تێـدا ڕوون بکەیتەوە کەلەوانەیە ولآت جێهێڵێـت، نامەیـەکی تـریش بنووسـە بەبـەرواری دوو هەفتـە دواتـر، بەوردی باسی شاری ڕۆمای تێدا بکە، بۆئەوەی دایکتو باوکت وابزانن کە تۆ لەڕۆمایت، ئێمەش لەلای خۆمانەوە وێنەیەکی جوانت بۆ ڕێك دەخـەین بەجلوبـەرگێکی جوانـەوە، لەگـەڵ نامەکـەدا دەینێرین، ئەوەش بزانە ئەوە دوا وێنەیە ئەی (ئینر جاك).

(فیشلێ) تەماشای کاتژمێرەکەی کردو گوتی: کاتژمێر 2:30 یەکتری دەبینینەوە، بەکچەکەشی گوت: تۆ دەتوانیت لەدەرەوە چاوەڕێی بکـەیت، (بۆئـەوەی بیگەیـەنیت بەمیوانخانەکـەی)، کـە (روثی) لەژوورەکە ڕۆیشتە دەرەوە، پێی گوتم: تۆ دەتوانیت بۆ هەموو شتێك پشـت بـە(روثـی) ببەستیت، بەڵام هیچ شتێکی لەگەڵدا باس مەکە، دەوروبەری کاتژمێر 3:00 لەدیوی پشتەوەی نەخۆشخانەی شار یەکتری دەبینینەوە، بۆئەوەی بڵێین تۆ لەنەخۆشخانەکە هاتوویتە دەرەوە.

لەنێوان مردنو ژیاندا

22 ی تشرینی دووەمی 1954

(لەمیوانخانەکەدا لەبیری ئەوەدابووم) کەئێستا من خاوەنی دۆستێکی کچم، کچێکی ڕاستەقینە (بۆ پێکهێنانی ژیانی خێزان)، چەند مانگێکە لەژوورێکدا بەیەکەوە دەژیەین، زۆر جارانیش هاوڕێکانم توانجم لێدەدەن بەوەی کەگونجاو نیە کەسێك بەتەنیا لەکەڵ کچێکدابێت ئەگەر هاوسەری خۆی نەبێت، ئەوکچە ناوی(نعومی)یە، ئیمشەو پێیڕاگەیاندم کەدووگیانە، دیارە ماوەیەکە هەواڵەکەی شاردۆتەوە، بەلاّم ئیمشەو بڕیاریدا کە پێم بڵێت.

دوای ئەوەی نێرراوەکەی (فیشڵ) هات بۆلام، وام لێکدەدایەوە ئەوجیهانە بچووکەی کەزۆر ماندووبووم بەدروستکردنیەوە لەئاوەدانی ناودەشتەکەدا، وا خەریکە دەڕوخێتو تێکدەچێت، (نعومی)ش بەبێ ئەوەی من هیچی پێبڵێم، هەستی بەوەکردبوو، بۆیە بڕیاریدا لەهەوڵو تێکۆشاندا بێت بۆ ڕزگارکردنی ئەوجیهانە بچووکەی کە منو ئەو دامان مەزراندبوو.

بەڕێكوپێکی جلەکانم لەبەرکردن، سەرنجێکی (روثی)م دا لەناو جێگەکەدا خەوتبوو، منیش بانگم کردو گوتم : هەستە دەی، من دەبێت نامەیەك بۆتۆ بنووسم، (روثی) یش ویستی ئارامی خۆی بپارێزێتو گوتی: نامەی چی؟ منیش گوتم: ئەونامەیەی کە (فیشڵ) باسی لێوەکردو پێی گوتی کە تۆ دووگیانی لەمن، هەر بەم بۆنەیەشەوە ئەوەت لەبیرنەچێت کە(فیشڵ) پێی گوتی پێویستە لەگەڵ مندا لەسەر یەك جێگە بخەویت، (روثی) گوتی: نەخێر..مەبەستی لەوەنەبووە، من زۆر دەمێکە (فیشڵ) دەناسم، بەلاّم بەهەرحاڵ ئومێدەوارم ئەوەندەی لەگەڵ من بووی تامو چێژێکت وەرگرتبێ ، تۆ ڕاست دەکەی، فیشڵ وای گوت، ئەوە گرنگ نیە من لەگەڵ تۆدا بخەوم یان نەخەوم، ئێمە لەهەموو کاتو شوێنێکدا لەسەرمان پێویستکراوە فەرمانەکان جێبەجێ بکەین.

منیش گوتم: دەبێت ئێستا بچم بۆدیدەنی (فیشڵ)، تۆش لێرە دەمێنیتەوە تادێمەوە، ئەویش ڕەزامەندی نیشانداو گوتی: منیش دەچم دوو بلیتی سینەما دەکڕم بۆئەوەی دوای گەڕانەوەت بەیەکەوە کاتێکی خۆش بەسەربەرین.

کـەهاتم (فیشـڵ)م بینـی لەنەخۆشـخانەکە، پاسـەوانێك پێشـمان کـەوت بـۆ ژوورێـك لـەنهۆمی سەرزەوی، کەچووینە ژوورەکەوە (فیشڵ)فەرمانی پێکرد پاسـەوانی دەرگاکـە بکـاتو نـەهێڵێت کـەس بێتـە ژوورەوەو، دوای دوو کاتـژمێر بێتـەوە بەدوامانـدا، منـیش لێمپرسـی: مـاوەی دوو کاتژمێر ئێمە چی دەکەین لەو ژوورەدا؟ وەڵامـی دامـەوە گـوتی: وەرە لەگـەڵم سـەرەتا لاشـەی کەسە مردووەکە دەردەهێنین، یان بەواتایەکی تر ئەگـەر دەتـەوێت لاشـەکەی تـۆ دەردەهێـنین بەمردوویی.

لاشەی مردووەکەمان ڕاکێشایە سەر مێزێك لەناوەڕاستی ژوورەکە، لاشەیەکی ساردی بەسـتراو، وەکـو پارچـە سـەهۆڵێك، (فیشـڵ) داوای لێکـردم لاشـەکە بپشـکنمو هـەر دیاردەیـەکی سـەرنج ڕاکێشم بینی بەدەنگێکی بەرز ئاگاداری بکەمەوە، ئەوەشی پێگوتم کەدوای ئەو پشکنینە بڕیـار لەسەر من دەدات، بۆئەوەی منو جەستە مردووەکە والێبکات بەتەواوی بەیەکتری بچین‌و، تاقـە جیاوازی نێوانمان تەنها ساردوو سڕی جەستەیەکی مردوو بێت.

دەستم کرد بەپشـکنینی لاشـەکە، هـەر جیاوازییـەکم بینیبـا لـەنێوان جەسـتەی خـۆمو لاشـەی مردووەکەدا، بەدەنگێکی بەرز (فیشڵ)م لێ ئاگادار دەکردەوە.

یەکەمجار گوتم: ئەوە خەتەنە کراوە.

(فیشڵ)گوتی: بەدڵنیاییەوە وایە، ئەو کەسێکی موسوڵمان بوو.

گوتم: بالآی وەکو بالآی من دەبێت.

(فیشڵ)گوتی: زۆر ڕاستە ئەو بالآکەی (177) سانتیمەترە، شـتێك لـەتۆ بـەرزترە، بـەلآم ئـەوە گرفت نیە.

گوتم: لەش‌و لارەکەی بە لەش‌ولاری من دەچێت.

(فیشڵ)گوتی: ڕاستدەکەی هەردووکتان هەمان کێشتان هەیە.

پاشان کەمێك خۆم بەسەر لاشەکەدا شۆڕکردەوەو گوتم: شوێنەواری برینێك یان سـوتانێك، یـان شوێنەواری نەشتەرگەرییەك دەبینم لەسەر لاشەکە.

گوتی: گوێ مەدەیە هەمان شوێنەواریش لەسەر لاشەکەی تۆش هەڵدەکەنین.

ئینجا گوتم: وا پێدەچێت ئەو لەمن توکن تر بێت‌و، ڕەنگی پرچیشی کەمێك جیاوازبێت.

ئـەویش گـوتی: گـرنگ نیـە، بـەیانی پـێش ئـەوەی بچـیتەوە میوانخانەکـە، قـژت بـۆ بۆیـاغ دەکەینەوە.

گوتم: لووتی مردووەکە لەلووتی مـن جـوانترە، لـە نەتـەوە سـامیەکان نیـەو، لـووتی لەشـێوەی کەسێکی ڕووسی دەچێت.

گوتی: جوانی لووتەکەی لەدایکیەوە بۆماوەتەوە، سەرنجی وێنەکەی دایکی بدە لەناو فایلەکەدا چەندە جوانە!

گـوتم: سمێڵـەکانی لـەسمێڵی مـن وردو پڕتـرن، بـەڵام دەمـی لەشـێوەی دەمـی مـن دەکـات، هەرچەندە شەویلگەی من تۆزێك پانترە، بەڵام من دڵنیـام کـە تـۆ ڕێگـە چـارەیەك دەدۆزیتـەوە بۆئەوەی فشارێك بخەیتە سەر شەویلکەم تا وەکو شەویلکەی ئەوی لێبێت.

لەڕاسـتیدا کـە لەگەڵ(فیشـڵ) هاتمـەناو ژوورەکـەوە، بـاری دەروونـیم زۆر بـاش نـەبوو، لـەناو ژوورەکەشدا بەرەو باشی نەچووم، نەمتوانی خۆم ڕزگاربکەم لەو هەستەی کەبەسەرمدا زاڵبـوو، بەوەی کە من شوێنی کەسێکی مردوو دەگرمەوە، لەکۆتاییدا منیش تووشی هەمان چـارەنووس دەبمو، بەمردوویی لەسەر ئەو مێزە درێژ دەکـرێم، بـەدەم ئـەو بیرکردنەوانـەوە بـەردەوام بـووم لەپشکنینی لاشەکە.

گوتم: دەموچاوی جوانو پانە، منیش هەمان دەموچاوم هەیە، چـاوەکانی هـەنگوینینو، دەکـرا بڵێین چاوەکانی منیش هەنگوینین، بەڵام سەرنجم دا دەستەکانی لەدەستی من بچووکترن.

(فیشڵ)گوتی: ئەوەیان گرفتە، کێشەی دەستەکان لەدوای دەموچاوەکان، شوێنێکی سـەرەکین بـۆ ناسـینەوەی کەسـەکان، ڕەنـگو ڕوو بـاڵاو جموجۆڵـەکانی ئـادەمیزاد لەوانەیـە بـەپێی تێپـەڕبوونی کـات گۆڕانکارییـەکیان تێبکـەوێت، بـەڵام دەسـتەکان نـاتوانرێن بگـۆڕرێن، مـن لەوباوەڕەدام ناتوانین کارێکی وەها بکەین شێوەی دەستەکان بگۆڕین، بەڵام دەتوانین هەنـدێك جوانکاری لەپەنجەو نینۆکەکاندا بکەین، بۆئەوەی کـەمتر هەسـتیان پێبکرێـت، ئـەوەش هـەموو کەسێك ناتوانێت هەستی پێبکـات، مەگـەر ئەوانـەی لێتـەوە نـزیکنو بەباشـی دەتناسـن، بۆیـە پێویستە لەئافرەتان وریابیت، هەر ئافرەتێك جارێك لەگەڵتـدا خـەوتبێت، بەتایبـەتی ئافرەتـانی

دەوروبەرەکە، زۆرینەیان لەگەڵتا خەوتوون، دەتوانن هەست بەو جیاوازییە بکەن، کاتێك کە دەچی بۆ تورکیاش، خۆت لەو ئافرەتانە بەدوور دەگریت کەپێشتر ناسیویانی.

(فیشلێ)گوتی: ئێستا لاشەکە هەڵدەگێڕینەوەو دەیخەینە سەر دەم، بۆئەوەی بزانین لەدیوی دواوە چ نیشانەیەکی پێوەیە، هەر کەهەڵمان گێڕایەوە، شوێنەواری برینێك بەسەر پشتیەوە دیاربوو، (فیشلێ) بە خۆ بەگەورە زانینەوە گوتی: ئەوە شوێنەواری فیشەکی چەکێکی سووکە، نازانم شەرەڤ ئەوەی لەکوێ دەستکەوتووە کەبریندار بوبێت، من هەر لەسەرەتاوە دەمزانی(فیشلێ) نیازی چی هەیە، بۆیە پێمگوت: تۆ دەتوانیت ئەوکەسە بدۆزیتەوە کە ئەو برینە لەسەر پشتی منیش هەڵکەنێت، بەلآم داوات لێدەکەم کە ئەوکەسە ڕاسپێریت وریابێت کە فیشەکەکەم لێدەدات، وانەبێت بچێتە ناو لاشەکەمەوەو بمکوژێت.

پاشان ئەو جلوبەرگانەی کە (فیشلێ)لە جانتا بچووکەکەدا هێنابوونی، کردمانە بەر مردووەکە، بەلآم چەندی کردمان نەمانتوانی پێڵاوەکانی لەپێبکەین، ئینجا بەلایەکی مێزەکەوە ڕامانگرت.

مردووەکە بە جلە جوانو کراسە سپیەکەیەوە، لەوپەری لێوەشاوەیی‌و لێهاتوویییەوە دەردەکەوت، تەنها پێستی دەموچاوی نەبێت کەمێك تێکچووبوو، لەوێدا (فیشلێ) گوتی: جوان سەرنجی لاشەکە بدە، پێش ئەوەی شێوەکەت وەکو ئەو لێبکەین، جارێکی تر ناهێنرێتەوە بۆ ئێرە.

کەگەڕامەوە بۆژوورەکەم لەمیوانخانەکە، بینیم (نعومی) لەشولارە نەرمو پڕەکەی بەسەرپۆشێکی پەمەیی داپۆشیبوو، لەبەرانبەریشیدا (روثی) لەسەر تاکە قەنەفەیەك دانیشتبوو، (نعومی)کەچاوی بەمن کەوت هیچ قسەی نەکرد، بەڵکو لەشوێنی خۆی هەستاو، ئەوەندەی خوا پێی خۆشبوو تەوقاتێکی لێ ڕاکێشام، هەرچەندە ویستم بۆلای خۆمی ڕاکێشم، بەلآم خۆی ڕاپسکانو بەسەدای دەنگێکەوە ژوورەکەی جێهێشت، وام هەست دەکرد کە دەستو پەنجەکانم خەریکە ڕەق دەبنو، پاش کەمێکی تر دەسەلآتم بەسەر خۆمدا نامێنێ‌و بەردەبمەوە، پاشان بەدەنگێکی نەرمی هەڕەشاوی بە(روثی)م گوت: تۆ کارێکی وات کرد (نعومی)ت وەکو جەستە بەستراوەکەی ناو (سەلاجەی) ژوورەکەی نەخۆشخانەکە لێکردو، لەدەستت دام، هەستە بڕۆ....بڕۆ دەرەوە، پێش ئەوەی کۆتایی بەژیانت بێنم.

## دواهەمین پلان دانان

## 23 ی تشینی دووەمی 1954

(فیشلێ) پشتی لەکورسیەکە توندکردبوو، لە دەموچاوییەوە هیوایەك پەخش دەبوو، بەنەرمی پێیگوتم: پەلە مەکە، هەمووشتێك ئامادەکراوە، کاتیشمان لەبەردەست ماوە، منیش لەوکاتەدا پەنجەم بۆ ئەو جانتا ڕەشە درێژکرد کە لەپێست دروستکرابوو، ئاخنرابوو بەهەموو ئەو نووسراوانەی کەتایبەتن بەمنو مێژووی ژیانمەوە، وەلأمی (فیشلێ)م دایەوەو گوتم:

مێژووی ژیانم.. هاوڕێکانم...خزمەکانم، دابو نەریتەکانم...ڕەوشتم، سامانو سەروەتەکەم، هەموو ئەو نووسراوانە لەگەڵ خۆمدا دەبەم بۆ (حیفا)، لەمیوانخانەکەدا بۆماوەی هەفتەیەك توێژینەوەیان لەسەردەکەم، کەپێویستیشم پێیان نەما، بەهۆی ئەو شووشە دەرمانەی ناو جانتاکە دەتوانم بیانتوێنمەوەو لەناویان بەرم، دەشتوانم ئەوانەی پێویستیم پێیانە وێنەیان لەبەربگرمەوە، یان ناوی هەندێك لەکەسەکان لەدەفتەرە بچووکەکەی باخەڵمدا بنووسم، بۆئەوەی ئەگەر دەفتەرەکەشم کەوتە دەست کەسانێك، وا بزانن ئەوە ناونیشانی هاوڕێکانمە لەوێدا نووسیوومە، هەتا بەتەواوی فێری زمانی تورکی دەبم، هەمووشتێك بەئینگلیزی دەنووسم، ئەوماوەیەش کە لە(حیفا) دەمێنمەوە پێویستە ئاگاداری خۆم بم، چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەوکەسە بیانیانەدا نەکەم کە لەئیسرائیل دیتوومن، نەوەك بمناسنەوە، لەماوەی مانەوەشمدا لە(حیفا)، زیاتر شارەزایی پەیدادەکەم لەگەڵ کەسایەتییە تازەکەمدا، پیاوەکانی تۆش ئەوە لەئەستۆی خۆیان دەگرن کەفێری تورکیو چەند وشەیەکی ئەرمەنیم بکەنو، کەمێکیش شارەزام بکەن لەزمانی فەرەنسی کە هەندێکی لێدەزانم.

دوای ئەوە بەهۆی پەساپۆرتە کۆنەکەمەوە کەڤیزای ئیسرائیلی پێوەیە، دەچم بۆ سویسرا، جا بەهۆی ئەوەی کەپەساپۆرتە کۆنەکە ئەوەندە سەفەری پێکراوە پەڕەکانی پڕبوونەوە، دەتوانم لەقونسوڵخانەی تورکیا پەساپۆرتێکی تازە دەربێنم، کۆنەکەش رادەستی یەکێك لەپیاوەکانت دەکەم، بۆئەوەی ناوەکەم بۆ بگۆڕێتو پاشان لەسندوقی یەکێك لەبانکەکاندا هەڵیدەگرم، بۆئەوەی لەکاتی گەڕانەوەمدا بۆ ئیسرائیل پەساپۆرتە کۆنەکە بەکاربیهێنمو، مۆڵەتی چوونە ناو

ئیسـرائیل لەقونسـوڵخانەی ئیسـرائیل لـەتورکیا بەدەسـت بێـنم، بۆئـەوەی لەهـەمان کاتـدا پەساپۆرتە نوێیەکەشم لەبەردەست بێت.

لەسویسـراوە دەچـم بۆپـاریس، لەمیوانخانـەی(هیلتون) دادەبـەزم، لـەوێ یـەکێك لـەپیاوەکانت دیدارم دەکات، کـە بـەهۆی وشـەیەکی نهێنییـەوە یـەکتر دەناسـین، بـەزمانی ئینگلیـزی قسـەم لەگەڵ دەکات، ئەوپیاوە پێم دەڵێت: (مەڕەکە تایبەتە بەسەربڕین)، منیش وەڵامی دەدەمـەوە: (مـن مەڕەکـەم)، واش پێویسـتە ئـەوپیاوەی تـۆ هـیچ شـتێك لـەبارەی منـەوە نـەزانێت، تـەنها کارئاسانیم بۆبکاتو پارەم بۆپەیداکات، هەوڵدەدەم لـە پـاریس لەخانوویەکـدا نیشـتەجێ ببـم، بەڵام وای نابینم خانویەکم دەسکەوێت بە ئارەزووی خۆم بێت، بەهەرحاڵ دەگەڕێم خانوویـەکی باش بدۆزمەوە، لەم بارەشدا پیاوەکەی تۆ نابێت ماڵەکەی من پێبزانێـت، هـەر ئیشـێکی هـەبوو لەڕێی نامەوە لەمیوانخانەکەوە ئاگادارم دەکاتەوە، لەهەموو بارەکاندا پێویستە بەزووترین کات ئیشەکانم لەتورکیا تەواو بکەمو بگەڕێمەوە بۆپاریس.

لە(پاریس)یش هەموو کاتەکەم تەرخان دەکەم بۆفێربوونی زمانی تورکیو، دوای حەفتەیـەکیش دەگەڕێمـەوە بۆسویسـرا، پەسـاپۆرتە تازەکـەم دادەنـێمو بەپەسـاپۆرتە کۆنەکـە دێمـەوە بـۆ ئیسرائیل، لەوکاتەدا دەبێت ڕەنگی قژم بگۆڕم، نەوەك یەکێك لەئیسرائیل بمبینێتو لـەدەرەوە بمانسێتەوە، هەرجارێکیش بگەڕێمەوە بۆئیسرائیل پێویسـتە سمێڵـەکانم گـەورەو درێـژ بکـرێن، هــەر کەگەڕاشمــەوە بۆئیســرائیل، یەکســەر پەیوەنـدی بـەتۆوە دەکـەم، بـەڵام جـارانی دواتـر کەدێمــەوە بۆئیســرائیل، ناچـمە میوانخانــە، بـەڵکو ژوورێـك بـەکرێ دەگـرم، بـەوناوەی کـە لەپەسـاپۆرتە کۆنەکـەدا نووسـراوە، واش پێویسـتە بـۆ چـاوپێکەوتنی بەرپرسـەکان نـەبێت لەژوورەکەم نەچمە دەرەوە، تـۆش کاتێـك کەخانـەنیش دەکرێیـت، نامـەوێت دەسـتاو دەسـتم پێبکرێت لـەنێوان بەرپرسـەکاندا، بۆئـەوەی لـەنێو کـەمترین خەڵکدا بناسـرێم، بەدڵنیاییشـەوە (لەتۆ زیاتر) هەر بەرپرسێك داوای ئەنجامدانی کارێکم لێبکات، ڕەتی دەکەمەوە.

ئەوماوەیـەش کـە لـەپاریس دەمێنمـەوە، پێویسـتە پیاوەکـەی تـۆ لەهـەوڵی ئـەوەدا بێـت پەیوەندییەکم بۆ پەیدابکات لەگەڵ خەڵکانی ئاستە بەرزەکان، ئینجا دەگەڕێمـەوە بـۆ تورکیـاو کارەکـانم تەواودەکـەمو، پاشـان پەیوەنـدی بەقاچاغچـیەکانی چـەکەوە دەکـەمو، بـەخۆمو

ناونیشانی بازرگانانی چەکەوە دەگەڕێمە بۆپاریس، بەلاّم دەستبەکار نابم، سەرەتا هەولّدەدەم پەیوەندی بەخـەڵکانی ئاسـتی بـەرزەوە بکـەمو، پاشـان چـاوەڕێی تـۆ دەکـەم زەنگـی دەسـت بـەکاربوونم بـۆ لێـدەیت، سـەرەتای کارەکـەم بەمامەڵەیـەکی کـەم قـازانج دەسـت پێدەکـەم، بۆئەوەی ببمە سەرچاوەی چاوتێبڕینی خەڵکی، لەگەڵ ئەوەشدا لەهەوڵی ئـەوەدا دەبم زۆرتـرین بڕەماڵو سامان کۆکەمەوە، بەمەرجێك چەك نەفرۆشم تەنها بەبرا موسوڵمانەکان نـەبێت، دوای ئەوە پیاوەکـانی تـۆ دەرگـا گـەورەو بـەرزەکانی بـەردەمم بۆدەکەنـەوە، بۆئـەوەی بگەمـە ئـەو بازرگانی کردنەی کەپەیوەندی هەیە بەفڕۆکەو کەلوپەلی یـەدەگو ڕۆکێتـی دژە فـڕینو ئـامێری بێ تەلو ڕادارو پێداویستیە جەنگییەکان، لێرەدا (فیشـلّ) هاتـە دوانو گـوتی: ئـەی دەربـارەی ئایینەکەت چی دەڵێیت؟

منـیش وەلاّمـم دایـەوە: لەبنەڕەتـدا مـن خـاوەن بیروبـاوەڕێکی ئـایینی پتـەو نـیم، شـەڕاب دەخۆمەوەو لەگەڵ ئافرەتاندا جـووت دەبم، بـەلاّم بەدڵنیاییـەوە فێـری بنـەماکانی ئـایین دەبم، نوێژو کتێبـە ئایینیـەکان زۆر گـرنگن، ئەوماوەیـەی لەپاریسـم، لەگـەڵ ناوەنـدە ئیسـلامییەکەدا تێکەڵ دەبمو، بەبەرچاویانەوە ڕێوڕەسمە ئیسـلامییەکان ئـەنجام دەدەم، یـەکێك لـەپیاوەکانی تۆش یارمەتیدەرم دەبێت بۆفێربوونی ئەو ڕێوڕەسمانە، کە گەیشتمە (مصر)یش، ئەوا بووارێـك بۆ برادەرەکانم خۆشدەکەم زیاتر فێری بنەماکانی ئایینم بکەن.

## خوێن ڕێژ

## 23 ی نۆڤەمبەر 1954

ئینجا (فیشلێ) لەسەر کورسیەکەی بەرزبۆوەو گوتی: زۆر باشە، لەفایلێکدا وێنەیەکی گەورەی دەرهێناو خستیە بەردەمم، منیش گوتم: ئایە ئەوە وێنەی تۆیە؟ ئەویش گوتی: نەخێر ئەو وێنەیە هی من نیە، بەڵکو هی کەسێکە لەپلەوپایەی مندایە، بەلاّم لەلایەکەی بەرانبەرمان.

زۆر بەباشی سەرنجی وێنەکە بدە، بەبەردەوامی لەهەموو کۆڕو کۆبوونەوەکانیشدا ئەوەت لەیادبێت کە ترست لەوپیاوە هەبێت.

منیش زۆر بەوردی سەرنجی وێنەکەم دا، دەموچاوێکی لاکێشەییو دوو چاوی دەرپەڕیوی ئاگراوی، لوتێکی خوار لەشێوەی لوتی هەڵۆ، دوو لێوی تەنكو دوو شەویلکەی تەسكو ڕوویەکی فراوان، لەودەمەدا (فیشلێ) پرسیاری لێکردم: چۆن لەو پیاوە تێدەگەی؟ وێنەیەکی تریشی دەرهێنا، پێدەچوو هی هەمان کەس بێت، بەلاّم ئەمجارەیان بەبەرگی سەربازییەوە لەنزیك ماشینێکی سەربازی وەستابوو پێدەکەنی، ئەفسەرێکی گەنجی قژ ڕەشیش لەتەنیشتیەوە وەستابوو، ئەوپیاوە ڕۆژگار گەیاندبوویە ئەوەی ناسراوترین ئەفسەر بێت لەناو سوپای (مصر)دا، منیش پرسیارم کرد: ئەو وێنەیە لەکوێ گیراوە؟ (فیشلێ) وەلاّمیدامەوە: لەدۆڵی فالوجە، (لەباکووری خۆرهەلاّتی شاری غەززە)، کاتێك بەئەسیری کەوتنە دەست سوپای ئیسرائیل، پاشان ئازادمان کردن، ئینجا(فیشلێ) وێنەی سێیەمی دەرهێنا، هەمان پیاو بەبەرگی سەربازییەوە لەهۆڵێکی بۆنەکاندا، لەبەرگێکی شیاوو ڕێكوپێکدا، لەتەمەنێکی گەورەتر دەردەکەوت، پانی دەمو چاوی لەگەڵ بەشە ڕووتاوەکەی سەری تێکی دەکردەوە، منیش لەوێدا وەلاّمی پرسیارەکەی (فیشلێ)م دایەوەو گوتم: بەڕاستی ئەوپیاوە ترسناکە، ئینجا (فیشلێ) کەوتەوە قسەکردنو گوتی: من بۆخۆم ئەو وێنەیەم گرتن، وا دەردەکەوێت وەکو گەنجێك باوەڕی بەخۆی هەبێت، هەرچەندە لوتەکەی لەشێوەی لوتی هەڵۆ، کە بەئەندازەیەك بەلوتی تۆ دەچێتو، چاو تێبڕینەکەشی بەچاو تێبڕینەکانی تۆ دەچێت، ئەوشتانە وایان لێکردووە هەرکەسێك تەماشای وێنەکەی بکات ترسی لێ بنیشێت.

بەلاَم وێنەی دووەم (دیزرازنسکی) هێنامەوە بیر، کە یەکەم سەرکردەی دەزگای هەواڵگری (بۆلشیفی)بوو، شاعیرێکی هەست ناسك بوو، بەبێ سێودوو خەڵکی لەداردەدا، یان لەوانەیە وێنەکە بە(سبونرولا)ی ڕاهیب بچێت، کە جاسوسی بەسەر نەیارەکانی خۆیەوە دەکرد.
ئینجا (فیشڵ) لەسەرخۆ گوتی: لەڕاستیدا ئەوە وێنەی (زکریا عبدالمجید محی الدین)ە، دۆستێکی نزیکی سەرۆکی (مصر)ەو، بەڕێوەبەری دەزگای جاسوسیو ئاسایشی ناوخۆیەو، وەزیری ناوخۆیەو یەکەم کەسە کەتوانیویەتی (اخوان المسلمین) لەبەریەك هەڵوەشێنێت، ئەوپیاوە لە(مصر) بە(السفاح: خوێن ڕێژ) ناودەبرێت.
منیش گوتم: لەوێنەی دووەمیدا وەکو ئەفسەرێکی لەسەرخۆی نازییەکان دەردەکەوێت، کەپێویستی بەپۆستاڵ نیە، وەکو ئەفسەرە نازییە توندڕەوەکان بەپۆستاڵەکانیان خەڵکی شارێکیان دەکوشت، لەتۆڵەی کارێکدا کە دژیان ئەنجام دەدرا، (فیشڵ) هاتە قسەو گوتی: بەداخەوە ئەوپیاوە وەکو ئەفسەرێکی نازی نییە، لەڕاستیدا هەڵسوکەوتەکانی بەتەواوی بە(دیزرازنسکی) دەچێت، دڵسۆزە بەرانبەر بیرو باوەڕەکەی. زۆر لەسەرخۆیە لەبیرکردنەوەدا، ئەنجامی کارەکانیشی زۆر تۆکمەن، بۆیە ناوەکەی بەباشی بخە بیری خۆتەوەو زۆر لێی نزیك مەبەوە، ئینجا (فیشڵ) وێنەکانی کۆکردنەوەو پێی گوتم: هیچ ترسێکت نەبێت لە(عبد الحکیم عامر)و دەستو پێوەندەکانی، هەموویان سەربازی ئاسایین لەبیروباوەڕو کارو کردەوەیاندا، بەلاَم مەترسیت هەبێت لەو ئەفسەرانەی کە لەمۆسکۆ مەشقیان کردووە، ئەوانە بێجگە لەمەشقی سەربازی، فێری ئەوش کراون باوەڕیان بەدایکی خۆشیان نەبێت، گومان لەبرای خۆشیان دەکەن، ئەگەر قسەیەکیان بۆبکەیت وشە بەوشە هەڵیدەسەنگێنن، بۆنموونە: کاتێك لای ئەوان بەدەست گەرماوە دەناڵێنی، دەنگیان لێ دەرنایەتو دەکەونە بیرکردنەوەوە، بۆئەوەی بزانن مەبەستی سەرەکی تۆ چیە لەوقسەیە.
لەگەڵ(فیشڵ) جیابووینەوە، دوای نیوەڕۆی ئەو ڕۆژەش من گەیشتمە میوانخانەی (الکرمل) لەشاری حەیفا، کاتێ چوومەناو ساڵۆنە فراوانەکەی میوانخانەکەوە، ئەوەندە ناڕەحەت بووم وام هەست دەکرد وەکو کەسێك وابم ئێسقانی ماسییەکی گەورەی قوتدابێت، هەنگاوەکانم

قورس بوون، لـەشـولارم وەکـو پـەیکـەری لێهـاتبوو، دەموچـاوم شـێوابوو، دەتگـوت بـۆ ژووری نەشتەرگەری دەچم.
کەگەیشتمە لای پێشوازیکەری میوانخانەکە، بەزمانی ئینگلیزی گوتم: بەیارمەتیت کلیلـی ژووری (426)؟ پێشوازیکەرەکە گـوتی: بـەخێربێیت بەڕێز(ئـەنویر)، حالّـت چـۆنە، هەرئێسـتا یـەکێك لەشاگردەکان جانتاکانت بۆ دەباتە ژوورەکـە، منـیش گـوتم: پێویسـت ناکـات خـۆم دەیانبـەم، دەسـتم درێـژ کـرد بـۆ وەرگرتنـی کلیلەکـە، ئونگوسـتیلەیەکی زێـڕی گـەورە لەیـەکێك لەپەنجەکانمـدابوو، کلیلەکـەم وەرگـرتو زۆر بەناڕەحـەتی بـەرەو دەرگـای مەصـعدەکە هـاتم، ئافرەتێکی کامڵی جـوان، کەبـەرگێکی لەبـەردابوو جـوانی جەسـتەکەی دەردەخسـت، لەگەڵمـدا سەرکەوت بۆ ژوورەکـەی خـۆی لـەنهۆمی چـوارەم، لـەناو مەصـعەدەکەدا ئافرەتەکـە بەڕوومـدا پێکەنی، منیش بەزەردەخەنەیەکی دەستکرد وەڵامم دایەوە، لەوێدا ئافرەتەکـە غـیرەت گرتـیو بەزمانی ئینگلیزی گوتی: تکایە بەیارمەتیت، ئایا ماوەیەکی زۆرە تـۆ لـەم وڵاتـەیت؟ لەڕاسـتیدا من (33)سـاڵبوو لـەو وڵاتـەبووم، بـەڵام وا پێویسـت بـوو ئـەو نهێنیـە نـەدرکێنم، بۆیـە وەڵامـم دایـەوە: نزیکـەی دوو هەفتەیـە مـن لێـرەم، لەودەمـەدا گەیشـتینە نهـۆمی چـوارەمو دەرگاکـە کرایەوەو، ئافرەتەکە بەباڵایەکی بەرزەوەو بەخۆبادانەوە ڕۆیشتە دەرەوەو، گوتی: لەژوورەکەی خۆم پێکێکم لەگەڵ دەخۆیتەوە؟ منیش زۆر بەڕێزەوە وەڵامم دایەوە: نەخێر، ئێستا ناتوانم، با بۆ جارێکی تر بێت، گوتی: باشە لەبیرت نەچێت، من چاوەڕێی جاری داهاتوو دەکەم.
منیش گەیشـتمە ژوورەکـەی خـۆمو دەرگاکـەم بەباشـی داخسـت، هـەموو ژوورەکـەم پشـکنی، هەموو پێداویستیو کەلوپەلەکانم لەناو دۆڵابەکـە هەڵواسـرابوون، پێداویسـتیەکانی خۆشـردنو ڕیش تاشین لەتەنیشت بانیۆکەوە ڕیز کرابوون، جلو بـەرگی ژێـرەوەو بیجامـەی حـەریرو قـاتی جـوان، هـەموویان نیشـانەی کەسـایەتیەکەی مـن بـوونو دەیانسـەلماند کـە مـن کـێم، لەسـەر مێزەکەش شوشەیەکی وێسکی دانرابوو، هەتا نیوەی تێدامابوو، سەرم سوڕما لەو نیوە شووشە وێسکیە، ئایا کـێ کڕیویـەتی؟ دەبێـت پێشـتر بۆخـۆم کڕیبیـەتم؟ یـان ئـەوەتا (فیشـل) لێـرەی دانـاوە، یـان کەسـەکەی پـێش مـن لەژوورەکـەدا جێیهێشـتووە؟ پاشـان کەوتمـە بیرکردنـەوەی ئەوئافرەتەی کـە بوێرانـە داوای لێکـردم لەگەڵیـدا بچمە ژوورەکـەی، ئـەو ئافرەتـە کێیـە؟ ئایـا

دەبێت گەشتیار بێتو بیەوێت ژیانی تێپەڕیوی خۆی بەم گەشتە پڕکاتەوە؟ یان سەرکەشەکی شارەزایە وای لێکداوەتەوە من کەسێکی خاوەنماڵو سامانمو بەئاسانی دەکەومە داویەوە، یان ئەوەتا دروستکراوێکی(فیشەڵ)ە، ناردوویەتی بۆئەوەی تاقیم بکاتەوە، هەستم بەخۆم کرد لەمەودوا لەپێناوی سەلامەتی خۆمدا دەبێت لەکاتی چاوپێکەوتنم لەگەڵ هەر پیاوێك یان هەر ژنێك، پێویستە ئاوەها وردەکارانە هەڵیان سەنگێنمو بزانم مەبەستیان چییە، من تازە کەوتومە ناو دنیایەکەوە گەڕانەوەی نییە، ئەودنیایەی کەتێیکەوتووم، هەمووی کۆڵانی درێژو پێچاوپێچە، لەوانەیە لەبەر هەردەرگاو قوژبنێکیدا تووشی شکست ببم، ئەوەم هاتەوەبیر کەمن لەپێناوی ئاشکرا نەبوونی کارەکەمدا ئافرەتێکم کوشت، لەولاتێکی دوور لێرە، ئەوەشم هاتەوەبیر کە ئافرەتێکی تریشم کوشت لەسەر شاخی(الجلبواع)، (کە دووگیان بوو لەمن)، کچێکی تریش کەناوی(روثي)بوو، تەنها ئەو فەرمانەی جێبەجێ دەکرد کەگەورەکەی فەرمانی پێدەکرد، دوورم خستەوە لەخۆم، وەکو ئەوەی ئاژەڵێکی پیس لەخۆم دوورخەمەوە، هەموو ئەو ڕووداوانە بۆ ئەوەبوون کە من لەکارەکانمدا سەرکەوتووبم، کەچی تائێستاش بەتەواوی نەکەوتوومە ناو کارەکانمەوە، جا ئەگەر هاتوو شکستم هێنا، ئەوا ئەوهەموو قوربانیانە هیچ نرخو کەڵکێکیان نامێنێت، بەڵام ئەگەر لەکارەکەمدا سەرکەوم، ئەوا ناچاردەبم چەندین پیاوو ژنی تر بکوژمو بەسەر لاشەکانیاندا تێپەڕم لەسەر ڕێبازی ئەوئامانجەی کە هەوڵی بۆدەدەم، ئەو ئامانجە گومان لێکراوەی کە منیان لەپێناویدا دروستکردووە، ئەویش ئەوەیە کە ببم بەسەرچاوەیەکی سەرەکی بۆ بەدەستهێنانی چەکی هێزی ئاسمانی (مصر)ی، هەروەکو (فیشەڵ) گوتی: چەکی دواڕۆژ، دەستنیشانی ئەو دەسەڵاتە دەکات کە لەداهاتوودا حوکمی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دەکات.

بەقوڵی چوومەناو ئەو بەڵگەنامانەی کەپەیوەندییان بەژیانی منەوە هەبوو، باوکم بازرگانێکی دەوڵەمەندی تورك بوو لەشاری ئەسکەندەریە، ئافرەتێکی ئەرمەنی کرد بەهاوسەری خۆی، لەو ئەرمەنیانەی کەساڵی(1915) لەناوچەی (ماراس) دەرکران، دایكو باوکیشم دوای ماوەیەك لەشاری(سمیرتە)ی بەری تورکیا، نیشتەجێ بوون، لەوانەشە هاتنەکەیان بۆئەوێ بۆئەوە بووبێت ئەو بیرەوەریە تاڵانە لەبیر خۆیان بەرنەوە، کەنەتەوەی پیاوەکە بەنەتەوەی

هاوسەرەکەیان کردبێت، لەوانەشە ئەوپیاوە تورکە باوکی من نەبێت، من دوای ساڵونیوێك لەپەیوەندی نێوان دایكو باوکم لەساڵی (1925) لەدایك بووم، بەڵام بۆچی خوا هیچ براو خوشکی تری پێنەبەخشیم؟ لەکاتێکدا کەبازرگانێکی دەوڵەمەندی تورك بەهۆی دەمارگیری نێرایەتیو سامانو سەروەتەکەیەوە خاوەنی ئەوعەقڵیەتەیە کە دەیان منداڵی هەبێت، دەبێت چی ڕوویدابێت بوبێتەهۆی ئەوەی براو خوشکەکانم نەهاتبنە دنیاوە؟ سەرنجێکی وێنەی ئەو ژنو مێردەم دا، لەڕاستیشدا من لەماوەی دوو ڕۆژی ڕابردوودا هیچ کارێکم ئەنجام نەدابوو هەر خەریکی وێنەکان بووم، پێشتر بەخەیاڵیش ئەو ژنو مێردەم نەبینیبوون، لەئێستاش بەدواوە ژیانی من هەمووی دەبێت بەوێنە، ژیانێك وەك وێنەیەکی ڕاخراو وایە، هیچ قوڵبوونەوەیەکی تێدانیەو، لەڕاستیشەوە دوورە.

لەسەر کورسیەکە هەستامو هەموو بەڵگەنامەکانم کۆکردەوەو لەناو بانیۆکەدا دامنانو ئاوەکەم بەردایەوە سەریانو شوشەیەکم لەدەرمانەکە پێداکردنو کۆتاییان پێهات.

ملی شوشەی وێسکیەکەم گرتو هاتمە ڕێڕەوەکە، بەرەو ژووری ئەو ئافرەتەی کە لەکاتی هاتنەسەرەوەدا داوای لێکردم لەژوورەکەی پێکێکی لەگەڵ بخۆمەوە، زەنگی دەرگاکەم لێدا، کەدەرگاکەی کردەوە بە زەردەخەنەیەکەوە گوتم : وادەم پێدایت جارێکی تر لەگەڵتا پێکەکە دەخۆمەوە، ئێستا ئامادەم پێکەکەت لەگەڵ بخۆمەوە، ناوی(دومنیك، دومنیك لاکۆست)بوو، بێوەژنی پیاوێکی فەڕەنسی بوو، خاوەنی کێڵگەیەك بوو لەناو گوندنیشینەکاندا، هەتا دووساڵ پێش ئێستا لەگەڵ مێردەکەی لەکێڵگەکەدا دەژیان، وەکو بۆخۆی باسی دەکرد، سەرەتا ویستبووی ژنێکی دڵسۆز بێت، بەڵام دەرکەوت پێخۆشحاڵبووە بەمردنی مێردەکەی، ماڵو سامانێکی باشیشی بۆ بەجێمابوو، ئێستاش بەهۆی پارەی مێردەکەیەوە بەهەموو دنیادا دەگەڕێت، دەیەوێت تۆڵەی هەموو ئەوساڵانە بکاتەوە کە لەگەڵ مێردەکەی لەدەستی داون، لەڕاستیشدا هەموو ئارەزوویەکی خۆی بەکاردێنا بۆ ئەم مەبەستە، بەڕاستی ئەوشەوە شەوێکی بێ سەرەتاو بێ کۆتایی بوو، هیچ سنوورێك بۆ کات نەبوو، هیچ کۆتاییەکیش بۆ جووتبوون نەبوو، زۆر ئارەزووباز بوو، مەیلێکی بێ سنووری هەبوو، ئەوەندە برسی بوو سنووری شەرم کردنی بەزاندبوو، منیش ئەوپیاوەم کەهەموو جیهانەکەی خۆی لەدەستداوە، باوەشم

لــەئارەزووەکانی داو، وەکــو ئەوکەســەی کەخەریکــە لەئاوێکــدا نقــوم ببێــت هانــا بۆبــەر کەڵەگیایەکیش دەبات، بەوشێوەیە ڕێگەم بەخۆمدا لەدەریای ئارەزوو لەزەتەکەیدا نقوم ببم.

لەبەرخۆشمەوە دەمگوت، خۆ (فیشلێ) نازانێت من چی دەکەم؟

بەیانیش، (دومنیك) پێی گوتم: ئیمڕۆ من سەفەر دەکەم، بـەڵام هـەر دەتدۆزمـەوە، ئـەی (مـۆن شیر)، تا دیدارێکی تر ناهێڵم (دومنیك)لەیاد بکەیت.

## ئیرەییەکی بەدرۆ

## 25 ئاب 1955

ئەگەر مەبەستی هاتنەکەی من بۆپاریس کۆکردنەوەی پارەبایە بەهۆی بازرگانی چەکەوە، دەکرا بڵێن هەر لەسەرەتاوە سەرکەوتنم بەدەستهێناوە لەکارەکەمدا، چونکە بەهۆی ئەو پەیوەندیانەوە کەپیاوەکانی (فیشەڵ) بۆیان سازدابووم، توانیم زۆر بەخێرایی لەئاستی قاچاغچییەکی چەکی نەناسراوی تورکەوە، بگەمە ئاستی بازرگانێکی چەك بەشێوەیەکی نیمچە فەرمی کەپێگەیەکی دیاریکراوی خۆی هەبێت.

لەوکاتەدا باری ناوخۆی فەرەنسا لەهەڵچوون دابوو، هەرچەندە باری دەرەوەشی پەردەپۆش کرابوو، ناوەندە سەربازیەکان بەبەردەوامی لەململانێ دا بوون، فەرەنسیەکانی نیشتەجێی جەزائیریش، بەدوای هەموو جۆرە چەکێکی سووکدا دەگەڕانو دەیانکڕی، ئەفسەر بەپلەی جەنەڕاڵو خانەنشینو هەموو ئەفسەرانی ناو سوپا، خەریکی کۆکردنەوەی چەك بوونو ئامادەیان دەکرد بۆفرۆشتن، لەناو ئەوشێواویەشدا، نوێنەری ئەو شۆڕشگێڕانەشت دەبینی کەدژی حکومەتەکانیان شەڕیان هەڵگیرساندبوو، نوێنەری کەمایەتیەکانیشت دەبینی لەپێناوی مانەوەی خۆیاندا هەموویان خەریکی چەك کڕین بوون، بەدوای چەکێکدا دەگەڕان کەخێراتر خەڵك بکوژێت، هەرچی زیادەبایە لەچەکی فەرەنسیو بەلجیکیو ئەمەریکی، لەعەنبارەکانی حکومەتدا، لەڕێی ئەفسەرەکانەوە یان لەڕێی بازرگانو دەلاڵەکانەوە هەمووم دەکڕی، ئەو تفەنگانەش کەبەخێرایی تەقەیان دەکرد، هەمووم فرۆشتن بە ڕەش پێستەکان لەشەڕەکەیاندا دژی دەستەیەکی تری ڕەش پێست، چەندین سندوق چەكو تەقەمەنیشم نارد بۆئەوەی بەسەر پشتی ئاژەڵەکانەوە بگوازرێنەوە بۆ چیاکان، چەکی گڕ هاوێژم بەموسوڵمانەکانی ئەفەریقا فرۆشت، بۆئەوەی پارێزگاری خۆیانی پێبکەن.

ئێستا من (ئارام ئەنوەر)ی ڕاستەقینەم، کەسایەتیەکەی ئەوم بەبەرخۆمدا کردووەو بۆخۆشی لەژێر ناوێکی نەزانراوو گۆڕێکی نەناسراودا لەتەلئەبیب بەخاك سپێردراوە.

واپێدەچێت زۆر ئاسوودەبم لەکاتێکدا لەگۆڕەکەیەوە دەمبینێت بەناوی ئەوەوە ئەو هەموو پارە زۆرە کۆدەکەمەوەو، لەزەت لەو هەموو ئافرەتە جوانە گومان لێکراوانە وەردەگرمو، لەگەڵ

نوێنەری دەوڵەتاندا دانوسکاری دەکەم لەهۆڵە ساردو گەرمەکاندا، لەکاتێکدا کە پێکە شەڕابی نایابیشمان لەبەردەمدایە.

وایان لێکردم ببم بە(ئارام ئەنویر)ی ڕاستەقینە، زۆر باشتر دەرچووم لە(ئارام ئەنویر)ە بنەڕەتیەکە کەکەسێکی شکست خواردوو بوو، باجی شکستەکەشی داو شوێنەکەی چۆڵکرد بۆ ئەوکەسەی کە لەو شایستەترە، بەلاّم من هەرچەندە کراوم بە(ئارام ئەنویر)، کەچی هەتا ئێستا بەئەندازەی مێرولەیەك لەئامانجەکەی خۆم نزیك نەبوومەوە، ئەو ئامانجە ڕاستەقینەی کە(فیشلێ)دەیەوێت، ئێستاش من وا لەناو فڕۆکەدام بەرەو تورکیا بۆ دیداری (فیشلێ)، کەداوای لێکردبووم لەتورکیا ئامادەبم.

لەسەرەتای ڕێبازی کارکردنمدا، تورکیا سەرچاوەی بیرەوەرییە ترسناکەکانم بوو، لەیەکەم گەشتدا هەمووشتێك لەبارەی کەسایەتییە دروستکراوەکەی خۆمەوە فێربووم، فێربووم دۆستە کوڕو کچەکانی خۆمو خزمەکانم بەباشی بناسم، بەلاّم لەتەمەنمدا (ئارام ئەنویر)ە ڕاستەقینەکەم بەزیندوویی نەبینی، نەمدەزانی چۆن ڕەفتار دەکاتو بەکام شێوازە دەدوێت، بۆیە ترسێکی زۆرم لێبوو بکەومە هەڵەیەکی گەورەوە لەکاتێکدا من دەمەوێت شوێنی ئەو بگرمەوە.

لەمیوانخانەی (هیلتون) دابەزیم لەئەستەمبوڵ، ئەستەمبوڵ ئەوشارەی کەخۆشترین ساڵەکانی تەمەنم تێدا بەسەر بردو، توانای ئەوەشم نەبوو بەشەقامەکانیدا بسووڕێمەوە، لەمیوانخانەکە دانیشتبوومو بیرم لەوە دەکردەوە کە وا پێویست دەکات بچمەوە بۆ خانووەکەی خۆم، بەلاّم هەرچەندی کردم نەمتوانی خۆم بجوڵێنمو بگوازمەوە بۆ خانوەکەم، ڕۆژی دواتر بەدرەنگی شەوەوە شتەکانم پێچانەوەو چوومەوە ناو ماڵەکەی خۆم.

بەوپێیە لەماڵەکەی خۆمدا مامەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی باری ئابووریم بەرەو باشی دەڕۆیشت، بەهۆی ئەومامەڵە گوماناویانەی کەدەمکردنو، بەقاچاغ هێنانەوەی پارەو، بەهۆی قازانجی ئەوچەکانەش کەدەمفرۆشتن، باری ژیانم زۆر گونجابوو، پەیوەندیشم لەگەڵ ئافرەتە سەماکەرو گۆرانی بێژە پلە نزمەکان پەیداکردبوو، هەموو ئەوکردەوانەم بوونە هۆی ئەوەی خەڵکێکی زۆر بناسم، بۆیە بەردەوام مەترسیم هەبوو لەوەی یەکێك لەوکەسانە (ئارام ئەنویر)ە مردووەکە بناسێتو کارەکەی من ئاشکرابێتو تووشی حەیاچوون ببم.

ئێستا بیرم دەکەوێتەوە جاری پێشتر کەهاتمەوە بۆ تورکیا، لەماڵەکەی خۆمدا نیشتەجێ بووم، خۆم وا دەبینیەوە لەبیابانێکی چۆڵ دام، لەپڕ زەنگی تەلەفۆنەکە لێیدا، دەستەکانم دەلەرزین، لـەبارێکی دەروونـی وەهـادابووم خـەریك بـوو دەسـکی تەلەفۆنەکـە لـەناو دەسـتمدا لێـك هەڵوەشێتو، بەدەنگێکی نەرم گوتم: هەلاو

دەنگی ئافرەتێك بەدڵخۆشییەوە لەبن گوێمەوە بەزمانی فەرەنسـی گـوتی: (ئـارام) سـەرئەنجام گەڕایتەوە؟ من ڕۆژانە جارێك پەیوەندیم پێوەکردویت، تۆش وەڵامت نەبوو.

منیش بەزمانی فەرەنسی وەڵامم دایەوە: ئیمڕۆ گەیشتوومە ئێرە، تۆ کێیت؟

ئەویش گوتی: من (ئەسیان)م، بۆ دەنگم ناناسیتەوە؟

زۆر بەخێرایی مێشکم کەوتە کـارکردن بۆدۆزینـەوەی نـاوی هاوڕێکـانم، بـەلاّم هەرچـەندەم کـرد ناوی(ئەسیان)م نەهاتەوە بیر، ئـەویش کەوتـەوە قسـەکردنو گـوتی، ئـەوە نامناسـیتەوە؟ مـن لەیانەی (الذهبي)کارم دەکرد، لەوێ یەکتریمان بینیو لەگەڵتدا هاتمەوە بۆماڵەکەت، ئایا ئەوەت نایەتەوەبیر؟

وا پێویست بوو خێرا وەلاّمی بدەمەوە، بەلاّم (فیشلێ)م بیرکەوتـەوە کـە لێـی قەدەغـە کردبـووم دیداری ئەوئافرەتانە بکـەم کـەزۆر بەباشـی دەمناسـن، بـەلاّم هـەر چـۆنێك بێـت ئەوکچـە تـەنها شەوێك منی بینیوە، هیچ هۆکارێك نییە کـە مـن نـەیبینم، بـەڵکو بـە هاتنەکـەی شـتێکی تـریش فێردەبم لەسەر کەسایەتییە تازەکەی خۆم، بۆیە یەکسەر گوتم: کـەی دەتوانیـت بێـی بـۆئێرە؟ من کەمێك ماندووم، بەلاّم پێشمخۆشە بتبینم.

ئەویش وەلاّمیدایەوە: هەر ئێستا دێم بۆلات.

منیش لەبیری خۆمدا دەمگوت: ئەگەر (فیشلێ) بەوە بزانێـت چـیم پێـدەڵێت؟ ئـەو پێشـتر منـی ئاگـادارکردبۆوە، بـەلاّم ناچـارم پـەردەی بێـدەنگی دەدڕێـنمو پەیوەنـدی بـەجیهانی دەرەوەی خۆمەوە دەکەم، بەلاّم (ئەسیان)نەهات بۆماڵەکەم، منیش بۆبەیانی سەردانی یانـەی (الـژهبی)م کـــرد، لـــەوێش کەســـێکم نەدۆزیـــەوە بەناوی(ئەســـیان)، لەوێـــدا هەســـتم کـــرد ئـــەوە دەسیسەی(فیشلێ)ەو، لەبەرخۆمەوە گوتم: ئای (فیشلێ)لەخۆڕایی ناویان نەناویت (بالأبەرز).

بەهۆی دەلاڵو ناوەندەکانی کارکردنەوە، بەپەلەو بەنهێنی کاروبارەکانم لەتورکیا تەواوکردن، خانوەکەم فرۆشتو چوومە میوانخانەیەکو کەوتمە پەیوەندیکردن بەنووسینگەکانی خانوبەرە بۆ فرۆشتنی هەموو ئەوشتانە کەماڵی منن، پاشان بەرەو پاریس بەڕێکەوتم.

دوای چەند مانگێك بەتەواوی بەناو پاریسی پایتەختدا سووڕامەوەو توانینم خەڵکێکی زۆر بناسم لەئەفسەرانی سوپاو فەرمانبەرانی دەوڵەتو کەسایەتیە سیاسیەکان، ئینجا فەرمانم پێکرا یەکەم ڕێککەوتنی کڕینی چەك سازبکەم، یەکێك لەبازرگانەکان دەیویست بڕێکی زۆر لە چەکی سووکی فەڕەنسی بفرۆشێت، کە نرخەکەیان دابەزیبوو بەهۆی ئەوەی چەکی نوێتر کەوتبووە بازاڕەوە، سوپای فەڕەنساش پێویستی بەچەکی نوێی ویرانکەر هەبوو، کەباشتربوون لەو چەکە کۆنانەی بۆ فرۆشتن دانرابوون، بەڵام ئەو چەکانەش هەر چەکی نوێ بوون بۆ ئەو ڕێکخراوانەی کەتاکو ئێستا بەخت یاوەریان نەبووە ئەوچەکانەیان دەسکەوێتو، لەریزی وڵاتە چەکدارەکانی پلەیەك بن لەجیهانێکدا کەیەکتر دەکوژن، هەموو دەوڵەتێك یان ڕیکخراوێکیش باری ناوخۆی ناچاری دەکات ئاخۆ ئەوچەکە وێرانکەرە سووکانە بەشی ئەوەی دەکەن کەپارێزگاری خۆی پێ بکات، لەم بارەشدا ئەودەوڵەتانەی لەهەوڵی دەسکەوتنی ئەوچەکانەدان، دەچنە ڕیزبەندی تیمی یەکەمی خاوەن چەکە کۆنەکان.

یەکێك لەپیاوەکانی (فیشل)پێیگوتم: نابێت چەك بەگروپی(ابو مدین) بفرۆشیت، چونکە دەزگا جاسوسیەکانی فەرەنسا کارەکەت لێ ئاشکرا دەکەن، دەتوانیت چەکەکانت بفرۆشیە ئەوڕێکخراوە فەڕەنسیە نهێنیەی کە لەجەزائیر کاردەکات، بەڵام وەکو هەنگاوی یەکەم، کارێکی باش نییە چەك بەگروپی(ابو مدین)بفرۆشیت، باشترین شتیش ئەوەیە چەکەکانت بفرۆشیە( کۆماری ئەفەریقای نوێ)، ئەوە کارێکی شەرەف مەندانەیەو هیچ کێشەو گرفتێکی دبلوماسی بەدوی خۆیدا ناهێنێت.

دواجار گەیشتمە ئەوەی ئیشم بەپارەی(فیشل)نەبێت، بوومە خاوەن گیرفانی خۆم، ماڵو سامانەکەشم بەبەردەوامی لەزیادبووندایە، لەڕاستیشدا لەبازرگانی کردنەکەمدا خاوەن ئابروو بووم، وەکو هەموو ئەو بازرگانانەی کەپابەندن بەوادەو پەیمانەکانی خۆیانەوە، هیچ کەسێك پەشیمانی نەنواندووە لەمامەڵەکردن لەگەڵ مندا، بەتەواوی حەقی خاوەن چەکەکانم دەداو،

بــەنرخێکی گونجــاویش دەمفرۆشــتەوە، لەگــەڵ هــەموو گرێبەســتێکی فرۆشــتنی چەکیشــدا، ئاهەنگێکم سازدەکرد بۆ کڕیارەکان، زۆرجاران گەورە ئەفسەرە ڕەش پێستەکانو خـەڵکانی تـر لەســەر ئــەرکی مــن شــەوێکی خۆشــیان بەســەردەبرد لەباوەشــی ئافرەتــە ســپیە پــرچ زەردە نازدارەکانی پاریس دا.

جارێکیان ئافرەتێکی فەرەنسی لێـی پرسـیم: ئایا مەشـروبات حـەرام نییـە لـەلای خواپەرسـتە موسوڵمانەکان؟ منیش گوتم: تەنانەت قاوەش حەرامە، هەروەها ڕووتکردنی سـینگو مـەمکیش پیشەی دۆستەکانی شەیتانە، بـەڵام لەلایـەکی تریشـەوە خـوای گـەورە بەسـۆزو بـەزەیی خـۆی لەزەتی ئافرەتە جوانەکانی دنیای بەئێمە بەخشیوە. لەوکاتەدا ئەفسەرێك لەبەشی دابەشکردنی چەك لەسوپای ئەمەریکا کەلەتەنیشتمەوە دانیشتبوو، پلارێکی لەقسەکەم داو گوتی: تۆش ئـەو وەسیەت نامە ئاینییە بەتەوای جێبەجێ دەکەیت.

ئێستا لـەناو ئـەو فڕۆکەیـەدام، کـە لەفڕۆکەخانـەی پاریسـەوە دەمگوازێتـەوە بـۆ فڕۆکەخانـەی ئەنقەرە، کەگەیشتمە تورکیا یەکسەر دەچم بۆ بانك، بۆئـەوەی هەنـدێك لـەپارەکانم بخەمـە نـاو قاسـە ئاسـنەکەوەو لـەجیاتی پەسـاپۆرتە کۆنەکـە پەسـاپۆرتێك لەگـەڵ خۆمـدا بـەرم، پاشـان بەشـەمەندەفەر بـەرەو ئەسـتەمبوڵ دەڕۆم، لەمیوانخانەیـەك دادەبـەزمو یەکسـەر ڕەنگـی قـژم دەگۆڕم، جلوبەرگە وەرزشیەکانم دەگـۆڕم و جلوبـەرکێکی باشـترو ملپێچـێك لـە ملـم دەکـەمو دەچـم بۆسـەفارەتخانەی ئیسـرائیل، بۆئـەوەی ڕێگەپێـدانێك وەربگـرم بچـمە نـاو ئیسـرائیلەوە بــەناوی (ئەســاك رفــاعی)، کــەبازرگانێکی جوولەکــەی شــاری ئەســتەمبوڵە لــەبواری بازرگــانی خۆراکــدا کاردەکــات، کەگەیشــتمە تەلئــەبیب ژورێــك دەگــرم بــۆ شــەوێكو، پەیوەنــدی بــە بەرپرسەکەی خۆمەوە دەکەم، بەوەی کە من ئێستا لە تەلئەبیبم.

کە (فیشلێ)م بینی، پێیگوتم: دەزانم من پیربووم، دڵیشم بەباشی کارناکات، خەڵکانێکی زۆریـش دڵخۆش بوون بەوەی من خاوەنی دڵێکم لەنێوان پەراسوەکانمدا تووشی نەخۆشی بووە.

لەڕاستیشـدا تاڵـەموی سـپیش پـەرشو بڵاوببوونـەوە بەسـەر سـەریەوەو، لـە چاوەکانیشـیەوە هەستت دەکرد کە ماندووە، بەڵام لەگەڵ هـەموو ئەوشتانەشـدا، بـۆ جێبـەجێکردنی ئەرکـەکانی هەمان(فیشلێ باڵابەرز)ەکەی جاران بوو.

پێیگوتم: دەبێت بەیانی زوو بگەڕێیتەوە بۆپاریس، بابەتەکە بەپەلەیەو قبوڵی ئەوە ناکات دوا بخرێت بۆکاتێکی تر.

منیش گوتم: کام بابەتە؟ من هیچ لەبارەیەوە نازانم؟ تۆ منت بانگ کردووە بۆئێرە.

گوتی: ئایا گوێبیستی فرۆشتنی چەکی ڕووسیا نەبوویت؟ منیش گوتم: مەبەستت لە چەکە چیکیەکەیە؟

ئەویش وەڵامیدامەوە: تۆ بەچەکی چیکی ناوی دەبەیت؟ ئەو چەکە لەڕوسیاوە یەکسەر دەنێررێن بۆ (مصر)، ئەوەندە نوێن لەوانەیە ڕووسیا تائێستا خۆشی بەکاری نەهێنابن.

منیش گوتم: تۆ ناتوانیت بەهەرشێوەیەك بێت بەشداریم پێبکەی لەمامەڵەی ئەو چەکانەدا؟

ئەویش وەڵامیدامەوە: ئەوە ئیشی تۆ نیە، ئەگەر مەبەستیشت دەسکەوتنی قازانجێکە، ئەوە بزانە کە (مصر)ییەکان فلسێکیشان نەداوە بەرانبەر دەسکەوتنی ئەو چەکانە، بەڵکو لەبری پارەکە لۆکە دەدەن بەڕوسیا، بەرهەمی لۆکەی ئەمساڵیشیان مام ناوەندە، لەلایەکی تریشەوە ئایا دەزانیت (مصر)ییەکان چەند فرۆکەیان هەبوو ساڵی (1948)؟ منیش گوتم: نەخێر نازانم، بەلاَم مەزندەی ئەوە دەکەم کە (100) فڕۆکەیان هەبووبێت.

گوتی: ئەوکاتە لە (20) بۆ (30)فڕۆکەیان هەبووە، بەلاَم ئایا دەزانیت ئێستا چەند فرۆکەیان هەیە؟

منیش گوتم: نزیکەی (300) فرۆکەیان هەیە.

گوتی: ڕاست دەکەیت، تۆ تائێستاش هەر قوتابیە زیرەکەکەیت، ئەوەی پێت دەگوترێت خوێندنەوەی لەسەردەکەیت، بەلاَم ئایا دەزانیت لەو (300) فڕۆکەیە چەندیان فڕۆکەی نەفاسەن؟

منیش وەلاَمم دایەوە: نزیکەی چواریەکیان فڕۆکەی نەفاسەن.

گوتی: باشە ئەدی لەومامەڵەیەدا کە تۆ بەمامەڵەی چەکی چیکی ناوی دەبەیت، چەند فڕۆکەی نەفاسەی تێدایە؟

گوتم: نزیکەی (200)فڕۆکە.

گوتی: (200)فڕۆکەی شەڕکەرو، پەنجا فرۆکەی بۆمب هاوێژ لەجۆری (الیوشن 28)، کەچوار تۆپی پێوە بەستراوەو (2)تەن تەقەمەنی هەڵدەگرێتو دەشتوانێت (2500)کیلۆمەتر بفڕێت.
منیش گوتم: ئەدی ئێمە چیمان هەیە؟ ئەوان لەدوای ساڵێك دەبنەخاوەنی (300) فرۆکەی نەفاسەی ئامادەکراو بۆکارکردن، ئێمەش تەنها (30)فڕۆکەمان هەیە، فڕۆکەی بۆمب هاوێژیشمان نیە، تۆ چیت بەلاوە باشە من لەو بارەیەوە بیکەم؟
گوتی: لەئەڵمانیا لەنزیك سنووری فەرەنسا، عەمبارێکی گەورەی چەکی ئاسمانی بەریتانیا هەیە، ئینگلیزەکانیش ماوەیەکە ئەوشوێنەیان جێهێشتووە، چەكو تەقەمەنیەکانیش پێشنیارکراون بۆ فرۆشتن، کەبریتین لە تۆپی فڕۆکەکانی (موستانج)، (موسکیتو)، (فامبیر)، (متیئور)، هەرلەوێ بڕێکی زۆر تەقەمەنیو کەلو پەلی یەدەگی فرۆکەکانیش هەیە، ئەوشتانە زۆرگرنگن، ئەگەر بتوانین دەستمان کەون، ئاستی هێزی ئاسمانیمان بەرزدەکاتەوە.
پێویستە ئەوەی دەستت دەکەوێت بیکڕیت، نرخ کرنگ نیە، مامەڵەشی لەسەر مەکە، یەکسەر بەونرخە بیکڕە کەداوای دەکەن، دوای ئەوە واپێویستە هەرچی هەتە لەچەکی ئاسمانی بیفرۆشیت، لەوماوەیەدا کە (مصر)ییەکان چەکەکەیان دەگۆڕن بەچەکی ڕوسیو خۆیانی لەگەڵ ڕادێنن، بەبێ ئەو کەلوپەلانەش ناتوانن کەڵك لەفرۆکەکانیان وەربگرنو، بۆماوەی چەند مانگێك بەبێ هێزی ئاسمانی دەمێننەوە، بۆیە واچاکە خێرا بڕۆیت ئەو کەلوپەلانە بکڕیت پێش ئەوەی لەدەستمان دەرچن.

## بەرەو پاریس

## 2 ی تشرینی یەکەمی 1955

کۆڵۆنێڵ (محمد مدکور ابوالعز)م زۆر خۆشدەویست، بەڵام زۆریشـی لێدەترسـام، زۆر جـاران وام لێکدەدایەوە ڕەوشتەکەمان لەیەکەوە نزیکە، بەوهۆیەشەوە کەگومانی هـەبوو لەهەوێسـتی مـن، لەسەرئەوەی کەیارمەتیان دەدەم، منیش لەلای خۆمەوە گومانم دەبرد بەوەی شـتێکی شـاراوە هەیە لەڕەوشتەکەیدا، دڵنیابووم لەوەی شـەوێك لەشـەوەکان ئـەو ئەفسـەرە (مصـر)ییە لەسـەر مێزێك لەگەڵ منو ئافرەتە جوانـە گومـان لێکراوەکـان دادەنیشـێت، پاشـان لەگـەڵ یەکێکیانـدا دەمێنێتەوە تا بەرەبەیان، بەڵام کاتێك کەهاتباینە سـەرئەوەی بـاس لـەبارەی هێـزی ئاسمـانی (مصـر)ی بکـەین، دەمـار دەیگـرتو بـەرگی بـەزموڕەزمی بـەلادەناو هەڵوێسـتێکی تونـدو ڕاستەقینەی نیشاندەدا.

هەرچەندە لەقاهیرە خاوەن خێزانیش بوو، بەنوێنەرایەتی حکومەتێکتیش دەهات بۆچەك کڕین، کەچـی ئامـادەبوو پارەیـەکی زۆر خـەرج بکـات لـەپێناوی ئـەوەی تـەنها شـەوێك لەباوەشـی ئافرەتێکی پرچ زەردا بمێنێتەوە، کەچی خەڵکی وڵاتەکەشی لەتەمەنیاندا تەنها ژەمێکیان تێـر بەزگی خۆیان دەخوارد.

کاتێکیش لەگەڵمدا کەوتە دانووسانەوە بۆکڕینی ئەو کەلوپەلانـەی سـوپای بـەریتانیا لەئـەڵمانیا جێیهێشتبوون، ئەوەندە وشك بوو خـەریك دەبـوو مامەڵەکـەی لەگەڵدا بوەسـتێنم، ئـەو ئـەرکی کڕینی چەکی هێزی ئاسمانی (مصر)ی پێ سپێررابوو لەپاریس، منـیش پێشـنیاری ئـەوەم کـرد هەموو ئـەو کەلوپەلانـەم لێبکڕێـت کـە لەسـەربازگەیەکی هێـزی ئاسمـانی بـەریتانیا کڕیبـوومن لەئەڵمانیا، واشم دانابوو بەبیستنی ئەم هەواڵە لەخۆشیاندا خەنی دەبێت، کەچی بەساردوسـڕی هیچ گرنگی پێنـەداو، گـوتی: پێویسـتیم بـەو هـەموو کەلوپەلانـە نیـەو، تـەنها بەشـێکی کـەمت لێدەکڕم، ئەویش بەو نرخە نا کەتۆ داوای دەکەیت، منیش گوتم: نـەخێر وانیـە وەکـو تـۆ بـیری لێدەکەیتەوە، تۆ پێویستیت بەهەموو کیلۆگرامێك لـەو کەلوپەلانـە هەیـە، هـەروەکو لایەنەکـەی بەرانبەریشتان (ئیسرائیل) پێویستی پێیەتی، ئەویش لێی پرسیم: بۆچی تـۆ وای لێکدەدەیـەوە کەئێمە پێویستیمان بەو کەلوپەلانە هەبێت؟

ئەوپیاوە دەموچاو پڕو گەورەیە، دیمەنە ئەفریقیەکەی زیاتر زاڵبوو بەسەر دیمەنە عەرەبیە ڕۆژهەلاتیەکەیدا، لەبەرچاوی من وا دەردەکەوت کەپیاوێکی هەڵخەڵەتێنەر بێت، لەڕاستیشدا (محمد مدکور) خاوەن ویستێکی قوڵو تێڕوانینێکی دووربوو، خاوەن باوەڕێکی دڵسۆز بوو لەکارەکانیدا، ئەگەر لەولاتەکەشیدا خەڵکانێکی زۆری وەکو ئەو هەبوونایە، ئەوا لەساڵی (1948)ەوە پشتیوانیان لێدەکرد، لەماوەیەکی کەمی کورتدا بەچاوەکانی خۆم دەبینم ئەگەر لە(مصر) خەڵکانی دڵسۆزی وەکو ئەو هەبن یان نا، ئەمن (ئارام ئەنویر)م ئەو مردووەی بەناو دنیای زیندووەکاندا دێتو دەچێت، ئەو مردووەی پاش ماوەیەکی نزیك بەیەکجاری دەمرێت، دوای ئەوەی هەڵەیەکی بچووك دەکاتو (ئاشکرا دەبێت)، ئەوسا ناسنامەکەی بەتەواوی دەناسرێت، کە هەتا ئێستاش بۆخۆی هیچی لەبارەیەوە نازانێت.

بۆیە هەر لەسەرەتاوە لەدڵی خۆمدا گوتم: واپێویستە لەو نرخانە نەیەمە خوارەوە، ئەکەر مامەڵەکەش سەرنەگرێت، ئەگەر بمەوێت لەوجیهانی ئەفسەرە ئارەزووبازانەدا بەرەو پێشەوە بڕۆم، پێویستە لەبەرانبەریاندا لەسەر قسەکانی خۆم سور بمو، نرخەکانیان بۆ دانەشکێنمو، بەهای کەلوپەلەکانی خۆشم بەباشی بزانم.

بەبێ هیچ گرنگی پێدانێك بە(ابو العز)م گوت: چەك فرۆشتن پیشەی منە، بۆیە دەبێت ئاگاداری هەموو مامەڵەکانی ناوبازەڕەکان بم، ئێوە دوای ئەوەی واژۆتان لەسەر کڕینی چەکەکانی چیکوسلوفاکیا کرد، هەموو سەرچاوەکانی دەسکەوتنی چەکی ڕۆژئاواتان لەدەست دا، تا ئەوکاتەی چەکە چیکییەکانیشتان بەدەست دەگاتو، فرۆکەوانەکانتان ڕاهێنان لەسەر فرۆکە نەفاسە نوێیەکان دەکەن، ناچارن پشت بەو فرۆکە بەریتانیانە ببەست کەئێستا هەتانن، تەقەمەنیو کەلوپەلی یەدەگی ئەو فرۆکانەش لەلای من نەبێت لەهیچ شوێنێکی تر دەست ناکەوێت.

کۆڵۆنێل (ابو العز) چاوەکانی تێبڕیمو بەشێوازێکی هەڕەشەوە گوتی: (ڕاست دەکەی، هەموو ئەوشتانەی باست کردن ڕاستین، بەلام من سوێندت بۆ دەخۆم، ناهێڵم باری ئێستای ئێمە بقۆزیتەوەو بۆ بەرژەوەندی خۆت بەکاری بێنیت).

منـيش گـوتم: مـن (ئـارام ئـەنوير)م هـیچ هـەلێك ناقۆزمـەوە، بەکـەمترین نرخـی بـازار هـەموو کەلوپەلەکانم خستنە بەردەستی تۆ، دەمتوانی پارچەپارچە پێـت بفرۆشـمو قـازانجی زیاتریشـم دەسکەوێت، بەلأم نامەوێت هەلێك لەبرا موسولمانەکانم بقۆزمەوەو بەنرخی گران پێیان بفرۆشم.
وەلأمی دامەوەو گوتی: بابـەتی بـرا موسـولمانەکان مەیەنـە نـاو باسـەکەوە، ئەوبابەتـە ڕێگـەت لێناگرێت کەبتەوێت چەك بەدوژمنانی بـرا موسـولمانەکان بفرۆشـیت، بـەهۆی چـەکەکانی تـۆوە سەدان موسولمان کوژرانو، هەزاران ئافرەت دەستدرێژی ناموسـیان کرایەسـەر لەشـەقامی نـاو گوندەکاندا، پاشان بەهۆی چەکەکانی تۆوە لاشـەکانیان پارچەپارچـە کـرا، پیـاوێکی وەکـو تـۆ کەنیوەی ئەرمەنییە، وا پێویست بوو هەستیارتر بایەو زیاتر ملکەچی نیشاندابا لەو بابەتانەدا.
لێرەدا سورهەلگەڕامو ڕقم هەستاو گوتم، مەبەستت چییە لەوقسانە؟
ئەوئەفسەرە (مصر)ییە کەهەستی بەوەکرد خەریکـە مامەلەکـە دەبێتـە دەمەتەقێیـەکی گـڕاوی نەتەوەپەرستی، داوای لێبوردنی کـردو، گـوتی: لەوقسـانەم مەبەسـتێکی خـراپم نـەبووە بۆتـۆ، بەلأم من وام پێباشە ئێمە قسە لەبارەی کاروبارەکانمانەوە بکـەین نـەك لەسـەر برایـەتی، بۆیـە پێت دەلێم کەلوپەلەکانت بۆمن نرخەکەیان گرانە.
منیش بەگیانێکی لێبوردەییەوە گوتم: (کێشەکە ئاسانە، 2 ملیۆن نرخی کەلوپەلەکان، 7٪ یش قازانج بۆمن، کرێی گواستنەوەش لەئەستۆی ئێوە دابێت)، بەوپێیە هەردووکلامان ڕێککەوتین.
ئەوشەوە دەستمانکرد بەئاهەنگ گێڕان، هەرگیز من لەگەل ئەوە ڕانەهاتبووم کەئەوەشەوە (ابو العز) دەیکرد، لەکاتی ئاهەنگ گێڕاندا بەبۆنـەی ڕێککەوتنەکـەمان لەسـەر فرۆشـتنی چـەکەکان، ئەو ڕێککەوتنەی کەهێزی ئاسمانی (مصر)ی ڕزگارکرد لەبارێکی ترسـناك، لـەماوەی گۆڕانکـاری نێوان چەکە کۆنو چەکە نوێیە چیکییەکان، ئەو ڕێککەوتنەی بەهەزاران دۆلاری هێنایە باخـەلی منەوە، لەماوەی ئاهەنگەکەشدا هەندێك لەوپارەیە چووە گەرووە تینووەکانەوە (بەهۆی سەماو مەشـروب خواردنـەوەوە)، لـەکۆتایی ئاهەنگەکـەو لـەکاتی مـال ئاوایيـدا، هــەموو خــوێنی چەستەکانمان داچۆڕایە باوەشی ئەو ئافرەتانەی لەدەورەمان بوون، هەمومان بەیەکـەوەبووین لەبالەخانەکـەی مـن لەمیوانخانـەی هیلتـون لـەپاریس، ئەفسـەرێکی تـریش لەسـوپای (مصـر) لەگەلمان بوو، (ابـو العـز) بەناوی(عبدالحمیـد) بـانگی دەکـرد، بـەلأم خزمەتکارەکـەمان بـەناوی

(مسیو داغری)ناوی دەبرد، لەوکاتەدا نەمدەتوانی ئەوە بهێنمە بەرچاوی خۆم کەدوای چەند ساڵێکی تر (مسیو داغری) بەهۆی ڕەفتارەکانی منەوە دەخرێتە ناو قەفەزی تاوانباری.

ئاهەنگەکە زۆر کاریگەربوو، لەگەڵ بەرزبوونەوەی هاژەهاژی مۆسیقاشدا ئەوەندەی تر کاریگەردەبوو، ئەفسەرێکی بەریتانیشمان لەگەڵ بوو کەڕەزامەندی دەربڕیبوو لەسەر فرۆشتنی ئەوکەلوپەلە بەریتانیانە بەهێزی ئاسمانی (مصر)، بەم بۆنەیەشەوە بۆ هەتاهەتایی دەوڵەمەندبوو، ئەوەندەی شەڕاب خواردەوە هەتا بەتەواوی سەرخۆش بوو، ئینجا هەستا کچێکی ناو میوانخانەکەی بەخۆیەوە نوساندو ڕەفتاری ناشیرینی لەگەڵ دەکردو، وای دەردەخست کەئەوە جۆرێکە لە سەما، ئەفسەرێکی تری فەرەنسیشمان لەگەڵدابوو، بەبەرگی مەدەنییەوە کەڕەزامەندی نیشاندابوو لەسەر گواستنەوەی کەلوپەلەکان بۆ بەندەری (مرسی)، ئەویش تەواو سەرخۆش بوو، شەرمی نەدەکرد، دەستی دەبردو دەستبازی لەگەڵ شوێنە هەستیارەکانی ئەو سەماکەرەدا دەکرد کە لەتەنیشتیەوە وەستابوو، لەگەڵ هەڵدانی هەموو پێکێکی نوێو لەگەڵ هەڵکێشانی هەموو ئاخو ئۆفێکی دەستکرد لەگەڵ کچەکانی بەردەستماندا، ئاهەنگەکە بەرەو کۆتایی بوو(وەکو دابو نەریتێکیش لەکۆتایی ئاهەنگەکەدا، هەرکەسە کچەکەی بەردەستی خۆی برد بۆئەوەی تابەیانی لەگەڵیدا بمێنێتەوە)، لەودەمەدا من وام هەست دەکرد کەهەنگاوێکی زۆر گرنگم ناوە لەئەنجامدانی ئەوئەرکەی کە پێم سپێردراوە، وام لێکدەدایەوە کەمرۆڤێکی دڵ نەخۆش لەشارێکی دوور لەوڵاتی خۆی سەرکەوتووبوو لەئەنجامدانی سەرەتای دەستپێکی کارەکەی.

(ابو العز)م بینی لەژێر کاریگەری شەڕابو لەزەتی ئافرەتدا، بەتەواوی توانای لێبڕابوو، خۆی خستبووە باوەشی کچە سویدیەکەوە، لەوانەشە لەخۆشی ئەوەبووبێت کەئەو سەرکەوتنە گەورەی بەدەست هێناوە لەکڕینی کەلوپەلەکاندا، ئەوەش دەبێتەهۆی ئەوەی لەناو بەرپرسە (مصر)ییەکاندا پلەوپایەی بەرزبکرێتەوە.

ئەو کچە سویدیەم بەتایبەتی بۆ (ابوالعز)هێنابوو، سەرەتا تێمگەیاندبوو کە (ابوالعز) گەورە ئەفسەرێکی (مصر)ییەو دەمەوێت بەدڵی ئەو بجولێیتەوە، بەڵام پاشان بۆم دەرکەوت کەکچەکە زیرەکەو پێویست بەوە ناکات من ڕێوشوێنی بۆدانێم، هەر لەسەرەتاوە ئەوئەفسەرە جوانە

تـوانی بەسـەر دڵـی کچـەکەدا زاڵبێـت، زاڵبوونەکەشـی لـە زیادبوونـدابوو ئەوکاتانـەی کـەگوێی نەدەدایە ئارەزووی کچەکە، بەڵام ئـەوە ئێسـتا بەتـەواوی خـۆی داوەتـە دەسـت، بۆیـە واباشـە لێیانگـەڕێین بەیەکـەوە بچـنەدەرەوە، لەوکاتـەدا زەنگـی دەرگاکـە لێیـدا، منـیش وامزانـی خزمـەتکاری میوانخانەکـەن خـواردنو خواردنـەوەیان هێنـاوە، دەرگاکـەم کـردەوەو بەتونـدی دەستم بەدەسکی دەرگاکـەوە گـرت، نـەوەك بکەومـە سـەرزەوی، کەسـەرنجمدا (دومنیـك)بوو، لەبەرگێکی سپی تەسـکی حەیابـەردا، (دومنیـك لاکوسـت)ئەو ئافرەتـەی کـەگوێی بـەهچ شـتێك نەدەداو وێڵی ئارەزووەکانی خۆی بوو، ئەو ئافرەتەی کە یەکەم شەو لەژێر ناوی(ئـارام ئـەنویر) لەگەڵمدا مایەوە لەمیوانخانەی (الکرمل) لەشاری حەیفا.

## وریابوون لەمەکری ژنان

## 22 ی تشرینی یەکەمی 1955

کە دەرگاکەم کردەوەو چاوم بە(دومنیك) کەوت، یەکسەر گوتی: (ئارام)، باسکەکانی کردنەوەو وەکو شێتێك کەنەیدەزانی شەرم چیە، بەجوولەیەکی سێکسی خۆی بەمن داداو، بەفەرەنسی گوتی:((مون شیر : خۆشم دەوێی))، منیش لەوکاتەدا بەخۆمەوە گوشیمو زمانیشم تێکدەهالاَ لەگوتنەوەی ناوی (دومنیك)دا، بەلاَم مێشکم بەخێرایی بیری دەکردەوە، لەهەولَی ئەوەدابووم ڕێبازێك بدۆزێتەوە لەوتەنگەبەریە نارەحەتە ڕزگارم بکات، تەلَەیەکی ناسکی بەتامم بۆ دانرابۆوە، لەپڕ پێمدا تەقییەوەو لە کۆتە ئاسنینەکان زیاتر پەل بەستی کردم، بەلاَم لەگەلَ ئەو ترسەش کەبەسەرمدا هات، بیرم لە(فیشلَ)ی مامۆستام دەکردەوە، (کە هۆشداری دابومێ لەدیدەنی ئافرەتاندا لەوپەڕی وریایی دابم)، لەناو دلَی خۆشمدا دەمگوت: ئەی (فیشلَ)، لەوانەیە تۆش هەلَە بکەیت، بەلاَم ئەوەی کەئێستا ڕوودەدات لەگەلَ (دومینك)، زۆربەی تاوانەکە لەئەستۆی خۆمدایە، ئەگەر جاری پێشوو نەکەوتبامە داوی (دومنیك)ەوە، ئەوا ئێستا تووشی ئەو حالَە نەدەبوومو، (دومنیك)یش ئێستا نەیدەتوانی ئاوا بە لەشولارێکی شەهوانییەوە بەرانبەر ئەوخەلَکە ڕاوەستێت، ئەوە ڕابردوویەکی تایبەت بوو لەنێوان منو ئەودا، ئەوکاتەی سەردانی ئیسرائیلم کرد، ئێستاش واپێویستە کەسانی تر بەو ڕووداوە نەزانن، تۆزێك خۆم ئارام کردەوەو گەیشتمە ئەو باوەڕەی بەوشەوە من ناتوانم چارەسەری ئەوکێشەیە بکەم، بەلاَم هەرچۆنێك بێت دەبێت هەولَی ئەوەبدەم لەخۆمی دوورخەمەوە هەتا چارەیەکی بۆ دەدۆزمەوە، لەکاتێکدا کە وام نیشاندەدا من دلَم بەوەوەیە، پێمگوت: (دومنیك) چۆن گەیشتیتە ئێرە؟ بەهێواشی هێنامە ناو ڕێڕەوەکەو دەرگاکەم داخستو پێمگوت: ئێستا لەوکاتەدا تۆ ناتوانیت لەگەلَ مندا بێیتە ژوورەوە، چونکە ئێستا چاوپێکەوتنێکی گرنگم هەیە پەیوەندی بەئیشەکەمەوەیە، مامەلَەیەکی گرنگ لەنێوانماندایە، ئەویش گوتی: مامەلَەیەکی گرنگ گرنگ، لەناو قیژەقیژی ئافرەتانو دەنگی مۆسیقاو بەدرەوشتی پیاوە سەرخۆشەکان؟ ئەوەش بەمامەلَە ناو دەبەیت؟ منیش لەناخی دلَمەوە گوتم: ئەی (دومینیك)ە بەڕێزەکەم ڕاست دەکەیت، بەلاَم ئایا تۆ لەو میوانخانەیە دەمێنیتەوە؟ وەلاَمیدامەوە: بەلَێ لێرە دەمێنمەوە،

بۆیــەش هــاتووم بــۆئێرە زانیومــە تــۆ لێــرە دەمێنیتــەوە، جــا ئایــا ئامادەیــت پێکــێکم لەگــەڵ بخۆیتــەوە، منــیش بۆئــەوەی لەدەســتی ڕاکــەم، گــوتم: بــەڵێ، بــەڵام دوای ئــەوەی کارەکــانم تەواودەکەمو میوانەکام بەڕێدەکەم، ئەوکاتە دێم بۆلات، بەڵام ئایا تۆ لەکام ژوورە دەخەویت؟

میوانەکانم هــەموویان لــەترۆپکی تــامو لــەزەت وەرگــرتن دابــوون، لێــرەدا ئاهەنگەکــە لەبەریــەك دەترازاو دوودوو دەکەوتنە لای یەکتریو قسەو نوکتەکانی خۆیان باس دەکردن، منــیش ویســتم بکەومە ئەو خۆشیو لەزەتەی ئەوانەوەو خۆم وانیشان بدەم کە سەرخۆشمو کەوتومەتە هــەوای خۆمەوە، بۆیە ڕوومکردە یەکێك لەکچەکانو بەدەستی چەپم لەباوەشی خۆم گرتو، بەدەستی ڕاستیشم پێکەکەم بەرزکردەوەو گوتم: بەنۆشی گیانی فەرەنسیو موسوڵمانەکان.

ئینجا پێکەکــەم دانــاو (ابــوالعز) سەرخۆشــانە بەتەمبــەڵی لــێم نزیــك بــۆوەو بەگوێیــدا چــرپاندم: کەدەیــەوێت لەگــەڵ کچــەکەدا بچــێتە ژوورەکــەی مــن بخــەوێت، منــیش هیــوای ســەرکەوتنم بــۆ خواستو چاوێکم لێ چوقاندو پێمگوت: گوێ مەدەیە، من لەهەموویارەکانــدا لەژوورەکــەی خــۆم نامێنمەوە دەچم بۆ شوێنێکی تر، ئەو ئافرەتە فەڕەنسیەی کە لەباوەشی منیشدابوو، بەتونــدی ڕاستم کردەوەو، باڵتۆ فەروەکەی سەرشانی خزاو خەیك بوو بکەوێتە سەرزەوی، بەدەســتەکەی تریشم جانتاکــەم هــەڵگرتو بەڕێڕەوەکــەدا هێنــامو، بەمەسعەدەکەدا چــووینە هــۆڵی پێشــوازی کردنەکەو، لەوێ داوامکرد تەکسییەکمان بۆ ئامادەکەن، سواری تەکســییەکەم کــردو دەرگاکــەم لەســــەر پێــــوەداو برەپارەیــــەکی باشــــم کــــردە دەســــتی شــــۆفێرەکەوەو پێمگــــوت: ئــــەوە ناونیشانەکەیەتی دەمەوێت لەدەرگای ماڵەکــەیان بیبەیتــە ژوورەوە، شــۆفێرەکەش کەســەرنجی برەپارەکەیــدا، لەخۆشــیاندا دەموچــاوی گەشــایەوەو گــوتی: (میرســی مســیو میرســی) دڵنیابــە لەدەرگای ماڵەکەیان دەیبەمە ژوورەوە.

منیش گەڕامەوەو سەرکەوتمەوە سەرەوە، لەئاوێنەی ناو مەصعەدەکەدا سەرنجێکی خــۆمم داو، لەگەڵ خۆمدا کەوتمە دوانو گوتم: (ئارام) تۆ چیت! تــەنها هۆکــارێکی بۆگەیشــتن بــەئامانجێك، یــان خــودی ئامانجەکــە؟ (بــۆ دەبێــت خــۆت بکــەیت بــەهۆکارێك بۆئــەوەی (دومینــك) بگاتــە ویستەکانی خــۆی؟) لەوکاتــەدا بڕیارمــدا دەبێت(دومنیــك) بکوژرێــت، نــاوی بخرێتــە نــاو لســتی

ئەوکەسانەی کەنابێت لەژیاندا بمێنن، لەبەرئەوەی گرفتیان بۆ (ئارام) دروستکردووە، لەوانەیە لەهەر چرکەیەکشدا مردن بگاتە ئارامو، مردنێکی کتوپڕ چارەنووسەکەی دیاری بکات.

بەلاّم هەموو ئەو بیرکردنەوانە باری منو میوانەکانی شلویٚ نەکرد لە تامو لەزەت وەرگرتنی ئەوشەوە، (دومینك)یش بەوەی نەدەزانی کەچارەنوسەکەی لەلایەن منەوە دیاری دەکرێت.

(ابوالعز) لەژووری نووستەکەی مندا، لەگەلْ کچە سویدیەکە تەقلّەبازیان دەکرد، بەیەکەوە لەدەریای تامو لەزەتە سنوور بەزێنەکاندا نقوم ببوون، لەژوورەکەی تریشدا کەژووری میوانداری بوو، ئەفسەرە بەریتانیەکە بەپلەی (میجر) لەگەلْ کچێکی مەراکیشیدا بەتەواوی جەستەی یەکترییان مژیبوو، ئەفسەرێکی تری (مصر)یش بەپلەی(میجر)، بەشداری ئەفسەرە بەریتانیەکەی دەکرد لەلەزەت وەرگرتن لەکچە مەراکیشیەکە، ئەو ئەفسەرە (مصر)ییە لەداهاتودا دەکرێت بەسەرکردەی هێزی ئاسمانی لەسینا.

هەموو میوانەکانم جێهێشت، چووم بۆلای ئەو ئافرەتە ئارەزووبازەی کەبڕیارم دابوو لەناوی بەرم، گوتم: (دومنیك.. دومنیك... خۆشەویستەکەم)، ئەویش لەشولارە پڕە نەرمەکەی خۆی سوڕاند، ژێرکراسێکی تەنکی ڕوون دایپۆشی بوو، دەستی بۆ درێژ کردمو، دەمی هێناو هەموو جەستە شەهوانیەکەی خستە بەردەستم.

(بەم شێوەیە ئەو شەوە کۆتایی هات).

بۆ ڕۆژی دواتر ئەفسەرێکی موخابەراتی فەڕەنسی، لەسالۆنی میوانخانەکە چاوەڕێی دەکردم، لەسەرخۆ قاوەکەی لەکوپێکی ڕەنگاوڕەنگدا دەخواردەوە، کەلێی نزیك بوومەوە، هەستایەوەو بەڕێزەوە بەرانبەرم خۆی چەماندەوەو گوتی: بەڕێز (ئەنویر)؟ منیش ویستم بەهێمنی خۆم نیشان بدەم، بۆیە گوتم: بەڵی من (ئەنویر)م، جەنابت کێی؟

وەلاّمیدامەوە: مولازم (جیون) لەموخابەرات.

دانیشتین، منیش داوای خواردنەوەم کرد، بەلاّم ئامادە نەبوو شەراب بخواتەوە، بەبیانوی ئەوەی لەکاتی ئەرکی فەرمیدا شەراب ناخواتەوە.

منیش گوتم: فەرموو بەڕێز، چیت دەوێت؟

گوتی: بەڕێزتان خانم(دومنیك لاکوست) دەناسن؟

منیش بە زەردەخەنەوە گوتم:..دومنیك؟ بەڵێ..بەڵێ دەیناسم.

گوتی: دواجار کەی بینیوتە؟

ڕەنگم کەمێك سور هەڵگەڕاو گوتم: دوێنێ، دوێنێ بەیانی لێرە ماڵ ئاواییم لێکرد، ئەو لەو میوانخانەیە مابۆوەو لێرە یەکتریمان بینی.

گوتی: ئایا لەمێژە یەکتری دەناسن؟

دوو دڵ بووم لەوەڵامدانەوەی پرسیارەکە، هەر وەکو چۆن هەموو پیاوێك لەلێکۆڵینەوەی کاروباری جنسیدا دوو دڵ دەبێت... بۆیە گوتم: نزیکەی ساڵێك پێش ئێستا یەکتریمان بینیوە.

گوتی: لەکوێ؟

گوتم: لەتورکیا.

گوتی: تۆ دڵنیایت لەوەی کەدەیڵێیت؟

گوتم: بەدڵنیاییەوە، من گومانم لەوە نیە.

گوتی: لەوێ لەتورکیا چەند شەوێك لەگەڵیدا مایتەوە؟

گوتم: تەنها یەك شەو(ئەویش تاقە قسە بوو کەبەڕاستی بیدرکێنم).

گوتی: ئایا لەماوەی ساڵی ڕابردودا هیچ جاری تر یەکتریتان بینیوە؟

گوتم: نەخێر تەنها ئەوشەوەنەبێت کە لێرە لەمیوانخانەکە بوو، لەپڕ هاتە ژوورەکەم.

گوتی: واتە لەیەکەم دیدارتان کە لەشەوێکی زیاتر نەخایاندووە، دوای ساڵێك ئەو هاتۆتەوە بۆلای تۆ؟

گوتم: لەوانەیە ئەوشەوە زۆر گرنگ بووبێت لەلای ئەو، ئەوەندەی بیرلێکردۆتەوە بۆتەهۆی ئەوەی بەدوامدا بگەڕێ‌و لێرە بمدۆزێتەوە.

گوتی: بەڵێ، گوێ بیستی ئەوەبووم کەبەڕێزتان شارەزای ڕەنگەکانی خۆشەویستین.

گوتم: باشە بۆچی تۆ پرسیار لەبارەی (دومنیك)دەکەیت؟

گوتی: ئیمڕۆ بەیانی لاشەی مادام(دومنیك) بەڕووتی دۆزرایەوە لەیەکێك لەباخچەی ماڵەکانی دەرووبەری شارو فیشەکێکی دەمانچەشی بەسەریەوەبوو.

منیش گوتم: گونجاو نییە، چۆن شتی وەها ڕویداوە؟

گوتی: هیچ لەبارەی بکوژەکەوە دەزانیت؟

منیش ورتەیەکم لەدەم نەهاتەدەرەوە، تەنها سەرم بەمەبەستی (نەخێر) بۆلەقاند.

گوتی: ئایا کوشتنی(دومنیك) پەیوەندی بەکاروباری بازرگانیەکەی تۆوە هەیە بۆ چەك کڕین؟

منیش گوتم: پەیوەندی بەکاروباری بازرگانییەوە؟ نەخێر هیچ پەیوەندی بەوبابەتەوە نیە.

گوتی: دەکرێت بەکرێگیراوە ئیسرائیلیەکان کوشتبێتیان؟

منیش گوتم: بەکرێگیراوی ئیسرائیلی؟ بەلاَم ئەوان دەبێت چ مەبەستێکیان هەبێت لەو کوشتنەدا؟ ئایا تۆ وای لێك نادەیەوە کەئەوان بۆئەوە فراندبێتیان هەتا لەبارەی منەوە لێکۆڵینەوەی لەگەڵ بکەن، بەلاَم کاتێك ئەو ئامادەنەبووە شتێك باس بکات، ئەوسا کوشتویانە، ئایا تۆش وای لێك نادەینەوە؟

لەو وتووێژەی نێوانمادا ئەوەم بیرکەوتەوە کەکاتێك (دومنیك) هاتبوو بۆلای من، یەکێك لەبەکرێگیراوەکانی ئیسرائیلم ڕاسپارد چارەسەری بکات، ئەویش وادەی پێدام، بەلاَم ئەوەی جێگەی سەرنجە، چۆن مخابەراتی فەرەنسی دوای ڕۆژو نیوێك هەستیان بەوەکرد بەکرێگیراوێکی ئیسرائیل ئەوکارەی ئەنجامداوە؟ جا دەبێت دوای چەند ڕۆژ مخابەراتی فەڕەنسی ئەوەش ئاشکرا بکات کەمنیش بەکرێگیراوی ئیسرائیلم؟

مولازم (جیون) لەوەلاَمی پرسیارەکەی پێشومدا گوتی: گونجاو نیە بەکرێگیراوەکانی ئیسرائیل( دومنیك)یان کوشتبێت، (دومنیك) پێش ساڵێك سەردانی ئیسرائیلی کردووە، هەر لەهەمان ماوەشدا خۆی بەتۆ ناساندووە، بۆیە لەوانەیە (دومنیك) بۆخۆی جاسوسێکی ئیسرائیل بێت.

لەودەمەدا هەناسەیەکی خۆشم هەڵکێشاو هەموو ترسەکانم ڕەوینەوە، ملازم (جیون)یش لەسەر قسەکانی بەردەوامبوو گوتی: هەرچۆنێك بێت ئێمە لەلێکۆڵینەوەی ڕووداوەکە بەردەوام دەبین، بەلاَم بەڕێز (ئەنویر)پێمخۆشە شتێکت پیَ بڵێم: ئەوانە لەلای ئێمە خۆشەویست نین کەدیداری کەسێکیان کردبێتو لەدوای ئەو دیدارەش ئەوکەسە کوژرابێت.

منیش بەڕقەوە گوتم: ئایا تۆ وای نابینیت کەبەکرێگیراوەکانی ئیسرائیل کوشتبێتیان بۆئەوەی ناوبانگی من لەکەدار بکەن لەلای مخابەراتی فەرەنسی؟

گـوتی: هــەموو شــتێك گونجـاوە، بــەلاّم ئــەو تێبینیــەش لــەلای خــۆت بنووســە، ئێمــە چــارەی کەسێمان ناوێت دیداری کەسێکی تری کردبێتو پاشان یەکسەر کەسەکە کوژرابێت.

منیش گوتم: لەمەودوا وریادەبم، پێش ئەوەی هــەر ئافرەتێـك بێنمـە سـەر جێگەکـەم پرسـیاری ئەوەی لێدەکەم کە ئایا بەونزیکانە هیچ هەوڵێك لەئاردایە بۆئەوەی بکوژرێت یان نا، جـا ئەگـەر مەترسـییەکی لــەوجۆرە هــەبوو، ئــەوا لــەخۆمی دوور دەخەمــەوە، ئەگــەر مەترسـیش نــەبوو دەیهێڵمەوە.

پاشان ملازم(جیون) کلاّوەکەی هەڵگرتو بەڕۆیشتنەوە گوتی:

ئەی (ئەنویر)ی بەڕێز، مخابەراتی فەرەنسی شکی لەتۆ هەبوو، ئێمـەش دژایـەتی کـەس ناکـەین بێنــە ولاّتەکـەمانو هــەر جــۆرە کاروبــارێکی بازرگــانی ئــەنجام بــدەن، بــەلاّم ئــەو کاروبارانــەی دەبنــەهۆی ئــەوەی لاشــەیەکی ڕووت لەباخچــەیەکدا فــڕێ بــدرێت، ئێمــە ئــەو بازرگــانی کردنــە ڕیشەکێش دەکەین، بەڕێزەوە ماڵ ئاوایی کـردو گـوتی: بـەڕێز (ئـەنویر) لەسـەروی هــەموو ئـەم شتانەشەوە، ئەو بەڵگانەی کەلای (دومنیـك)بوون، دەیسـەلمێنن کەهــەرگیز سـەردانی تورکیـای نەکردووە، خوا پشتو پەنات بێت بەڕێزەکەم.

## یەکەم سەردانم بۆ مصر

## 31 ی دیسەمبەری 1955

سەری ساڵی تازە زۆر بەناڕەحەتی بەسەر پاریسدا تێدەپەڕی، ئەو شۆڕشەی لەجەزائیر هەڵگیرسابوو دژی فەرەنسا، ببوو بەشەڕێکی ڕاستەقینە، جارێکی تریش حکومەتی فەرەنسای تووشی شکست هاتبوو، ئامادەکاریش دەکرا بۆ هەڵبژاردنێکی نوێ، بەلام کەس باوەڕی بەوەنەبوو ئەم هەڵبژاردنەش هیچ لەبابەتەکە بگۆڕێت، سەرکردەکانی سوپاش تەواو بێ هیوابوون لەڕەفتارەکانی حکومەت.

ورده ورده هەستم بەوەدەکرد کەدەزگا هەواڵگریەکانی سوپا زیاتر دەمخەنە تەنگەبەرییەوە، هەرچەندە نوێنەرە تایبەتیەکەی ئێمەش لەوەزارەتی دەرەوە وادەی ئەوەی پێدام کەئەوانەی ڕێرەوە فەرمیەکەی سیاسەتی وڵاتیان لەدەستدایە پشتیوانی لەدۆستە تازەکانی ئێمە دەکەن، بەلام لەناخمدا وام لێکدەدایەوە کەچەند ڕۆژێکی کەمم مابێت لەپاریس کەزۆر درێژە ناخایەنێت، لەڕاستیدا پاریس بۆ ئیشو کارەکانی من وەکو وێستگەیەکی مام ناوەند وابوو لەسەر ڕێگاکەم، بەلام هەرچۆنێك بێت هەوڵی ئەوەمدا چەندی بۆم بکرێت زیاتر بمێنمەوەو خەریکی ئارەزووبازیو لەزەت وەرگرتن بم.

ئەوئێوارەیە بەهۆی سەری ساڵەوە خەڵکی پاریس ڕژابوونە ناو شەقامەکانەوە، کوڕو کچ، دوودوو دەستی یەکتریان گرتبوو، بەکۆمەڵ بەشەقامەکاندا دەڕۆیشتن.

لەخانووە گەورەکەی(لویزی) کچە برادەرە نوێیەکەمدا، خەریکی سازدانی ئاهەنگێکی گەورەبووین هەتا بەرەبەیان بخایەنێت، تەنها لەنیوە شەودا ئاهەنگەکە ڕادەگیرێت کەبۆماوەی کاتژمێرێك کارەبا لەپڕ دەکوژێتەوە، بەلام ئێستا ئاهەنگەکە دەستی پێنەکردووە، لەشوێنێکی سەرنج ڕاکێش دانیشتووم بەرانبەر بەپیاوێك، وەکو هەموو خەڵکەکانی تر چاوی لەبینینی هیچ شتێك ناتروکێنێ، بەکورتی ئەوپیاوە ڕووی بە جاسوسێکی شارەزا دەچێت.

من دڵنیابووم لەوەی ئەوپیاوە جاسوسی(فیشل)ە ناردوویەتی، یەکسەر لەگەڵم کەوتە قسەکردنو گوتی: لەچیاکانی جەزائیر دوو مانگە بەبەردەوامی باران دەبارێت، لەڕاستیشدا

شـێوازی (فیشـڵ) بۆچـونیەتی پرسـیارکردن لەکەسـێك لەسـەر بابـەتێك بـەپێی ئـەم بنەمایـەی خوارەوەبوو:

( شتێکی وەها باس بکە دووربێت لەمەبەسـتەکەوە، ئینجـا لـەپڕ بابەتەکـەی خـۆتی لێ بپرسـەو بچۆ ناو ناوەڕکی باسەکەوە).

پیـاوە جاسوسـەکە لەسـەر شـێوازی (فیشـڵ) پێیگـوتم: لـەبارێکی ئاوەهـا بارانـاوی چـیاکانی جەزائیردا، سوپای فەرەنساش ناتوانێت ڕۆڵی خۆی ببینێتو سەربازێکی زۆر بخاتە شەڕەکەوە، شۆڕشگێرەکانیش بەهەمان شێوە ناتوانن زیانێك بەسـوپای فەڕەنسـا بگەیـەنن، بـەهۆی کـەمی چـەكو تەقەمەنییـەوە، منـیش بەجاسوسـەکەم گـوت: ئـەوە (فیشڵ)چـی لـەمن دەوێـت؟ ئایـا دەیـەوێت بـۆمبێکی ئـەتۆمی بفرۆشمـە شۆڕشـگێرەکانی جـەزائیر، ئـەویش گـوتی: نـا، بـۆمبی ئەتۆمی نا، بەڵکو ڕاجیمەی ($60$)ملیمەتری، لـەجۆری ئـەو چـەکانەی کـەنیازت وایـە بیانکڕیـت لەپاشماوەی چەکی فەڕەنسی، لێم نەپرسی چۆن (فیشڵ) بەجۆری ئەو چەکانەی زانیوە کە من نیـازم وایـە بیـانکڕم، بـەڵام گـوتم: بۆچـی (فیشـڵ) دەیـەوێ مـن ئـەوکارە بکـەمو بەهۆیـەوە ناوبانگەکەم لەکەداربێت لەفەرەنسا؟

جاسوسەکە گوتی: فەرەنسیەکان لەوڵاتەکەیان دەرت دەکەن، لەو بارەشدا لەوانەیە هاوڕێیەکت دەعوەت نامەیەکت بۆبنێرێتو ماوەیەکی زۆر لەوێ لـەلای بمێنیتـەوە، منـیش گـوتم: بـەڵام مـن ناتوانم بەو دەمودەستە ($100$)تۆپی هاوەنو ($20$)هەزار گوللـەتۆپ لەفەرەنسـاوە بگوازمـەوە بۆ شۆڕشـگێرەکانی جـەزائیر، چـونکە موخابـەراتی فەرەنسـی بەبـەردەوامی تەنگەبـەری بـۆمن دروستدەکەن، جاسوسەکەش گوتی: وا پێویستە وەکو پیشەی فەرمی خۆت، هەموو چـەکەکان بفرۆشـیت بەوبازرگانـە مەغریبیـەی کـە لـە(الرباگ)ی پایتـەختی مـەغریب دادەنیشـێت، ئـەو بازرگانەش بۆ بەرژەوەندی (ئەحمەد بن بیلای) سەرۆکی شۆڕشگێرەکان کاردەکات، جـا ئەگـەر بازرگانـە مەغریبیەکـە سـەرکەوتووبوو لەکارەکـەی، یـان سـەرکەوتوو نـەبوو، ئـەوا هـیچ شـتێك پەیوەندی بەتۆوە نابێت، لەوانەشە ئەوکاتەی کە تۆ چەکەکان ڕادەستی بازرگانە مەغریبییەکـە دەکەیت، ئێمەش لەلای خۆمانەوە مخابەراتی فەرەنسی ئاگادار بکەینەوە بەو کارە.

من دەمزانی ئەوە بەرنامەی(فیشلێ)ە، دەیەوێت بەبەردێك سێ چۆلەكە بكوژێت، لەلایەكەوە ناوبانگی من لەكەدار دەكات لەفەرەنسا، بۆئەوەی ناچار بچم بۆ (مصر)، لەلایەكی تریشەوە شۆڕشگێڕەكان پارەیەكی زۆر بەوچەكانە دەدەن‌و چەكەكانیش ناگاتە دەستیان‌و (فەرەنسا دەستیان بەسەردا دەگرێت)، لایەنی سێیەمیشیان ئەوەیە كەپیاوەكانی (فیشلێ) لەپاریس خۆشەویست دەبن لەلای مخابەراتی فەرەنسی، چونكە نهێنی فرۆشتنی چەكەكانیان بۆ فەرەنسا ئاشكرا كردووە، چەكەكانیش كە دەستیان بەسەردا دەگیرێت وەكو پاداشتێك دەدرێن بەئیسرائیل، چونكە ئەوە چەند ڕۆژێكە ڕۆژنامەكان هەواڵی ئەوە بڵاودەكەنەوە كەفەرەنسا وادەی فرۆكەی (مستێر)ی بەئیسرائیل داوە، بەڵام تائێستا فرۆكەكان نەگەیشتوونە دەستی ئیسرائیل.

پرسیارم لەوپیاوەكرد دەربارەی (فیشلێ)؟

وەڵامی دامەوە: بەرەو نەمان دەچێت كۆتاییەكەیەتی.

ئەم هەواڵە نەیترساندم، چونكە دەمێك بوو خۆم ئامادەكردبوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ئەگەرە، بەڵام هەستم دەكرد شتێك لەناخمدا دەمرێت‌و لەناودەچێت، لەبەرخۆمەوە دەمگوت: (فیشلێ لندس برگ) ئەو هەڵۆ گەورەیە كەگیانی وەكو گیانی كۆرپەی ساوا وایەو، عەقلیشی وەكو عەقلی زانا وایە، دەكرێت ڕۆڵی نەمێنێت‌و وا بەئاسانی لەگەمەكە بچێتە دەرەوە؟

بەجاسوسەكەی خۆمانم گوت: زۆر باشە چەكەكان بەبازرگانە مەغریبیەكە دەفرۆشم‌و لەپێشەوەش پارەكەی لێوەردەگرم، بەڵام دوای فرۆشتنی چەكەكان چەند ڕۆژێك چاوەڕێكەن، مخابەراتی فەرەنسی ئاگادارمەكەنەوە، نەوەك بازرگانەكە وابزانێت من ئەو ئیشەم سازداوە، جا بەسەرگەردانی هاتمەناو شەقامەكەوەو دەمگوت: ئایا دڵخۆش بم بەوكارە یان بگریەم؟ دواجار بڕیارمدا دڵخۆشبم، بەدەستم هۆشداریم دایە تەكسیەك بۆئەوەی بمگەیەنێت.

لەنیوەی شەودا چراكان كوژانەوە، هەموومان لەناو تاریكایدا بزربووین، چاوچاوی نەدەدیت، ژنەكان بەدوای پیاوەكاندا دەگەڕان‌و، پیاوەكانیش بەدوای ژنەكاندا دەگەڕان، دەستی یەكێكیانم گرت‌و خۆم پێوە نووساند، هەستم پێكرد بەتامە.

دوای دوو ڕۆژ حکومەتە نوێیەکەی فەرەنسا پێکهێنرا، ئاگری شەڕیش لەجەزائیر تینی تێکرد، هێنانی چەکیش لەفەرەنساوە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لەکەمبوون دابوو، چونکە فەرەنسا هەستی کردبوو چەك لە(مصر)ەوە دەبرێتە جەزائیر.

بەیانی زوو دوو ئەفسەری مخابەرانی (مصر)ی هاتنە ژوورەکەم، بەلاَم ئەوجارەیان ملازم(جیون)یان لەگەڵ نەبوو، کە جاری پێشتر هاتبوو بۆکێشەی کوشتنی(دومنیك)، ئەو دوو ئەفسەرە ئاگاداریان کردمەوە کەدەبێت لەماوەی (24)کاتژمێردا فەرەنسا جێهێڵم، بەلاَم بەهۆی برادەرێکەوە لەوەزارەتی دەرەوە، توانیم دەرکردنەکەم بۆ دوو ڕۆژیتر درێژ بکەمەوە، هەموو کارەکانم تەواوکردن‌و، چووم بۆ دیداری کۆلۆنیل(محمد ابوالعز)و، پێمڕاگەیاند من چیتر لەفەرەنسا نامێنم‌و دەگوازمەوە بۆ سویسرا، بەلاَم ئەو ئەفسەرە (مصر)ییە ماوەیەکی باش سەرنجی لێدام‌و گوتی: (ئەنوەر)بەگ، ڕێگەم پێدەدەیت بەناوی هێزی ئاسمانی میصرییەوە میوانداریت بکەم بۆ وڵاتەکەی خۆم؟ جا لەوێ بەچاوی خۆت دەیبینی چی بەوچەکانە دەکەین کە لێمان کڕیویت.

منیش لەئاست داواکەیدا بێدەنگیم نواند، وام هەستکرد ئەوداوایەی(ابو العز) بۆمن کە لە(مصر) میواندری بکرێم، وەکو ئەوەوایە من ماوەیەکی زۆرە بەبێ هیوایی بەدوای خۆشەویستی کچێکدا وێڵم، کەچی ئەوە کچەکە ئێستا وەلاَمم دەداتەوەو ئارەزوومەندی خۆی نیشان دەدات بەدیداری من، منیش لەبارێکی بێدەنگیدا مامەوە، (ابوالعز)یش وا تێگەیشت کەبێدەنگ بوونەکەم نیشاندانی ڕەزامەندییە لەسەر داواکەی ئەو، بۆیە گوتی: سەرکردەی هێزی ئاسمانیمان وای دادەنێت کەتۆ میوانی تایبەتی ئەویت، منیش سەرێکم بۆ لەقاند وەکو ڕەزامەندییەك لەسەر داواکەی، پاشان (ابوالعز) بەردەوامبوو لەسەر قسەکانی‌و گوتی: بەرپرسی مخابەراتەکەشمان دەمێکە هیوای دیداری ئێوە دەکات، لەودەمەدا وام هەست بەخۆم کرد وەکو بڵێی جاڵجاڵۆکەیەك بەسەر بربڕەی پشتمدا دەڕوات، هەستم پێدەکرد وا خەریکە ئارەقەیەکی سارد دەڕژێتە هەموو خانەکانی لەشمەوە، بەلاَم دەموچاوم نەشڵەژابوو، سەرم بۆ داهێنایەوەو بەوتەیەکی ڕاستگۆیانە بە(ابوالعز)م گوت: زۆر خۆشحاڵم بەو میواندارییەو میوانداریەکەشت قبوڵ دەکەم.

## دیدەنی بەڕێوەبەری مخابەراتی مصری
## 26 ی ئازار 1956

بەرەبەیانی ئەوڕۆژە لە دڵی خۆمدا بیرم دەکردەوەو وتوویـژم لەگـەڵ (فیشـڵ)دەکرد، پرسـیارم لەخۆم دەکرد: ئایا دەبێت (فیشڵ) لەبارەی ڕەفتارەکانی منەوە چی بڵێت؟

بانگێشـت کـرام بـۆ نوسـینگەی عەمید(صـلاح نصـر) سەردەسـتەی هێـزی هـەواڵگری (مصـر)، کاتژمێری (9)ش دیاریکرا بۆ دیدارەکە، منیش لەبەرخۆمەوە دەمگوت: ئایا لەکاتی دیـاریکراودا بچـم بـۆلای؟ جـا کـاتێ کەدەچـم بـۆلای چـۆن وای نیشـانبدەم کـە مـن کەسـێکی سەربەسـتمو خەریکی بازرگانییەکی نێودەڵەتی چەكو تەقەمەنیەکانمو، مـەیلم بـەلای سسـتەمەی دەسـەڵاتی شۆرشی (مصر)دا هەیەو دەمەوێت یارمەتیان بدەم، لەهەمان کاتیشدا وای نیشانبدەم من تەنها بـیر لـەبازرگانی کردنـی چـەك دەکەمـەوە، لـەناخی خۆمـدا لەوتوویـژدابووم لەگـەڵ بـیرو بۆچوونەکانی(فیشڵ)، بۆیە بڕیارمـدا چـەند خولـەکێك لـەکاتی دیـاریکراوی چاوپێکەوتنەکە دوا بکەوم، گومانیشم لەوەنەبوو لەوڵاتی(نیل) بێجگە لەئەندامانی ئەنجومـەنی شـۆرش (دە)کەسـت دەستناکەوێت بوێرانە توانای دواکەوتنی هەبێت لەوکاتەی کەبۆی دیاریکراوە بۆدیدەنی (صـلاح نصر)، بەڵام من (ئارام ئـەنویر)، تـورکێکی بازرگـانی چـەکی نێودەوڵـەتی، کـە(مریم نورهـان)ە ئەرمەنیە جوانەکە دایکمە، لەخۆم ڕادەبینم کەمێك لەودیدارە خۆم دوابخەم.

بەیانییـەکی سـەخت بـوو، نەمـدەتوانی بیرکردنـەوەکانم لەشـوێنێکدا جـێگیر بکـەم، دەربـارەی ئەوکارەی کەدەمویسـت بیکـەم، لەوانەیـە ئـەو دیـدارەش ترسـناکترین کاربێـت ڕووبـەڕووی مـن ببێتەوە، لەپڕ بیرم لەدایکە ئەرمەنیە جوانەکەم کردەوە، کەبەلای منەوە کەسێکی نادیـار بـوو، ئـەو ئافرەتـە ئەرمەنیـەی کەوێنەکـەیم لـەناو چـەکمەجەی دۆڵابـی ژووری وتێلەکـەدا دانـابوو لەقاهیرە، لەوانەشە هەواڵی کۆچی دوایی (فیشڵ) هۆکارێك بووبێت بۆئەوەی هەسـت بـەدابڕانو تەنهایی بکەم، لەوکاتەوە کە ئەو هەواڵەم بیستووە هیچ توانەیك لەجەستەمدا نەماوە،

بەتەواوی سەرقاڵی سەردانەکەی (مصر)بووم، ئیمـڕۆ پـازدە ڕۆژ تێپـەڕیوە گەیشـتومەتە لانـەی شـێرەکانو، لـەقاهیرە نیشـتـەجێ بـووم، بەڕێوەبـەری مخابـەراتی میصـریش داوای کـردووە بمبینێت، زۆر هەستم بەدابڕانو تەنهایی دەکرد، من ئێستا لێـرەم لـەو وڵاتـەی ئەوەنـدەی خـوا

ویستی لەسەربێت تێیدا دەمێنمەوە، وا هەست دەکەم پەتی سێدارە بەسەر سەرمەوە چاوەڕێ دەکات زمانم هەڵەیەك بكاتو خۆی لەگەردنم بهاڵێنێت.

بەهیواوە سەرم بەرزکردەوەو بەزەردەخەنەیەکەوە گوتم: من (ئارام ئەنویر)م ڕێگە نادەم کەسێك هەڵمخەڵەتێنێ، من(ئارام ئەنویر)م ناهێڵم تێڕوانینەکانی(فیشلێ باڵابەرز) دەربارەی خۆم تووشی شکست بێن، ئەو(فیشلێ)ەی کەمنی سەرلەنوێ دروستکردەوە، بەسەر لاشەی چەندین ئافرەتو خەرجکردنی پارەیەکی زۆر، ڕێگایەکی بۆمن کردەوە بۆئەوەی بگەمە ئەو پلەوپایەیە، ئەوهەموو پارەیەش کە بۆ ئەم مەبەستە خستیەگەر، واپێویست بوو چەکی پێ بکردرێت بۆوڵاتەکەم کەبەتایبەتی لەوکاتەدا زۆر پێویستی پێی هەبوو.

بۆیە کەوتمە خۆ ئامادەکردن، قژم شردو، بۆیەم کردەوەو، ڕیشم تاشی، بۆنێکی خۆشم لەخۆمدا.

عەمید(صلاح نصر) وەکو هەر ئەفسەرێکی تری ناو شۆڕشی (مصر)ی، کەسێك بوو لەتەمەنی سی ساڵی دابوو، بەڵام جیاوازبوو لەهاوڕێکانی، کاتێك سەرنجم دایە وێنەی ئەو ئەفسەرانەی کەڕابەرایەتی شۆڕشی (مصر)یان کردووە، وام هەستکرد هەموویان خۆشەویستن، تەنها یەکێکیان نەبێت لەهەموویان بە تەمن تر بوو لەناوەڕاستی هەمووشیان دانیشتبوو، ئەویش جەنەراڵ (محمد نەجیب)بوو.

جارێکیان چەند هەنگاوێك دوور لەلیوا(عبدالحکیم عامر) ڕاوەستابووم، کەوەزیری جەنگی (مصر)ی بوو، بە(عبدە)ش ناوبانگی دەرکردبوو، تێیگەیشتم بۆچی هەمووجارێك(فیشلێ) پێی دەگوتم: لە(عبدالحکیم عامر) مەترسێ. لەدەموچاوی (عبدالحکیم عامر)دا هەموو ڕەوشتەکانی ئەفسەرایەتی بەدی دەکرێ، بەڵام کەسێکی وەها نیە ئەوانەی لەبواری سیاسەتو جاسوسییەتدا کاردەکەن لێی بترسێن، سادەو دڵسۆزو ڕاستو ڕەوانو دڵ نەرمە، بۆیە ترست لێی نەبێت).

(فیشلێ) ڕاستی دەکرد، من (عەبدە)م خۆش نەدەویست، نە ڕقیشم لێی دەبۆوە، هەرچەندە لەناو ململانێو ڕقەبەرایەتیشدا پەروەردەکرابوو، بەڵام (صلاح نصر) جیاوازبوو لەوان، دەرکەوتنی دەموچاوی تەمەنە ڕاستەقینەکەی نیشان نەدەدا، دەساڵ لەمەوپێش چۆن بووە

ئێستاش هەر وەهابوو، لەشو لارێکی لاوازی هەبوو، جلە سەربازیەکانی بەشانو سینگیدا شۆڕببوونەوە، ئەگەر بەبێ ئیشیش لە نووسینگەکەی خۆی دانیشتبا، چاویلکەیەکی ڕەشی هەر لەچاودابوو، قەبارەی جەستەکەی زۆر بچووك بوو لەچاو فراوانی ژووری نووسینگەکەیدا، کە بەناومالێکی تۆکمە ڕاخرابوو، وات هەست دەکرد دەڵێی جالجالۆکەیەکی بچووکە لەناو تۆڕێکی گەورەدا.

بۆئەوەی (صلاح نصر) ببینم، دەوروبەری کاتژمێر 9:03 خولەك گەیشتمە ناو کۆشکێکی گەورە لەناو سەربازگەیەکدا لەدەوروبەری (عین الشمس) کە لەوێوە بیابان دەستی پێدەکرد، لەوێ ئەفسەرێکی گەنجم لەگەڵ هاتو، لەدەرگاکەی داو سلاوێکی سەربازی کردو( صلاح نصر)ی ئاگادارکردەوە کە من لێرە ئامادەم، وردەوردە لێی چوومە پێشەوەو چاوەڕێی ئەوەم دەکرد بەشێوازی (مصر)ی بەوێردی (سعیدە) بەخێرهاتنم بکات، بەلام لەوکاتەدا کەتەماشای کاتژمێرەکەی دەکرد بەدەنگێکی بەرز گوتی: (السلام علیکم)، منیش یەکسەر وەڵامم دایەوە: (وعلیکم السلام)، سلاو کردنەکەی شتێکی باو نەبوو لەناو (مصر)ییەکاندا، بۆیە منیش بەهەمان شێوازەکەی خۆی وەلامم دایەوە، پاشان دەستی بۆ تاکە قەنەفەیکی نەرمی لەپێست دروستکراو درێژ کردو گوتی: فەرموو دانیشە، منیش دانیشتمو بەزەردەخەنەیەکی بێماناوە بێ ئەوەی گوێ بدەمە هیچ شتێك، گوتم: فەرموو گەورەم لەخزمەتدام، دەستێکی بەرزکردەوەو وەکوئەوەی پاکانە بۆخۆی بکات گوتی: بۆ من چیم هەتا فەرمان بەسەر تۆدا بکەم؟ کۆلۆنێل (ابوالعز) ئەوەندەی باسی تۆی کرد، کەلەکاتی پێویستدا یارمەتیت داوین، منیش بەپێویستم زانی چاوم پێت بکەوێتو سوپاست بکەم، پشوویەکم وەرگرتو لەسەر قەنەفەکە بەتەواوی خۆم جێگیرکردو هەوای ساردی ژوورەکەش ئارەقەی سەر جەستەکەمی وشك کردە، کەببووە مایەی ئەوەی کراسەکەم بەجەستەکەمەوە بنووسێت، ئینجا وەلامم دایەوە: داوای لێبووردنت لێدەکەم لەوەی کە من بۆئەوە هاتبم یارمەتیتان بدەم، من هیچی وام بۆئێوە نەکردووە شایانی باسکردن بێت، تەنها ئەوەندەنەبێت کەلوپەلێکم پێ فرۆشتوون، ئێوە زۆر پێویستیتان پێی هەبووە، لەڕاستیشدا من نەمویستووە باری قورسی ئێوە بقۆزمەوەو نرخی زیادەتان لێوەربگرم، لەودەمەدا یاریدەدەرێك هاتەژوورەوەو قاوەی گەرمو شیرینی هێنابوو، ئەوەم کەوتەوە بیر کە

ساڵونیوێك پێش ئێستا لەنوسینگەکەی(فیشل)دا کچەکە (روثی) هەوڵی ئەوەی دەدا بەبیانوی قاوەدانانەکەوە خۆی لەجەستەکەم بخشێنێت، کەچی ئەوە لێرە ئەفسەرێکی پلەدار قاوەکەت بۆدێنێتو دواتر دەڕواتە دەرەوە، زۆرم هەست بەئارامی جەستەو دەروونی خۆم دەکرد، لەبەرخۆمەوە دەمگوت: لێرە ڕەگەکانی خۆم بەقوڵی دادەکوتمو ناهێڵم کەس بزانێت لەژێر ڕووە لوسەکەمدا چی هەیە، لەودەمەدا (صلاح نصر) کەوتەوە دوانو گوتی: ئێمە دەمانەوێت سوپاست بکەین بەهۆی ئەوەی کەجەنابتان لەم بارە ناهەموارەدا نەتان ویست فشارێکمان لەسەر دروستبکەن، ئینجا بێدەنگ بوو، دوای دەمێکی تر دەستی پێکردەوەو گوتی: (ئەنوەر)بەگ تۆ باش دەزانی ئەوولاتەی ئێمە ڕووبەڕووی زۆر کێشەو گرفت دەبێتەوە، بەلاّم ناوەناوە خوا یەکێکی بۆدەنێرێت یارمەتی بدات، بۆیە دوای یارمەتی دانەکەت من دەمەوێت بزانم ئەوکەسە بۆچی یارمەتی داوین؟ پرسیارەکە بەهەڵواسراوی لەهەوادا مایەوە، منیش بەسەرخۆم نەهێنا کەڵەگەڵ منیەتی، لەوکاتەدا (فیشل)م بیرکەوتەوە کەدەیگوت: ئەگەر کەوتیتە ناو داوێکەوە، خۆت لەبابەتەکە بەدوور بگرەو بەپێی توانای خۆت وەلاّمی پرسیارەکە بدەرەوە، بۆیەمنیش لەوەلاّمی قسەکەی(صلاح نصر)دا گوتم: عەمیدی بەڕێز، من کەسێکی خاوەن پیشەم، کاتێك کە بە(ابوالعز)م گوت: من نامەوێت فشار بخەمە سەر برا موسوڵمانەکانم، ئەوەم هاتەوەبیر کەپێشتر چەکم بەدوژمنی برا موسوڵمانەکان فرۆشتبوو، بەلاّم من کەسێکم بەهۆی قازانجی چەك فرۆشییەوە دەژیەم، بەلامەوە گرنك نیە چەکەکە بەکام لایەن دەفرۆشرێت، یان کێ دژی کێ بەکاری دێنێت.

ئەویش وەکو ڕەزامەندییەك بۆقسەکەم سەری ڕاوەشاندو گوتی: قسەکەت زۆر ڕاستە، بەلاّم خاون کاری ڕأستەقینە دەبێت سنوورێك بۆ کارەکانی خۆی دابنێت، لەوکاتەدا لەژێر چاویلکە ڕەشەکەیەوە بەتێڕوانینێکی تیژ چاوەکانی تێبڕیمو گوتی: ئێمە لەهێزی ئاسمانی (مصر)ەوە وامان بڕیارداوە (وسامێکی شەرەفت) پێ ببەخشین، منیش بەگاڵتەوە پێکەنیمو گوتم: من (وسامی شەرەفم) لێ وەرگرتوون، ئەو (وسامەم) لێ وەرگرتوون کەڕەنگی سەوزو شینە (لەقازانجی چەکەکان دەستم کەوتووە).

ئەویش وەڵامی دامەوەو گوتی: کارێکی چاکت کردووە کە ئەوچەکانەت بەئێمە فرۆشتووەو، (وسامێکی شەرەفت) لەئیسرائیل وەرنەگرتووە، لەڕاستیدا ئەوان پارەی زیاتر دەدەن لەئێمە، چونکە پێویستی زیاتریان بەوچەکانە هەیە.

منیش وەڵامم دایەوە: نەخێر ئەوان لەئێوە زیاتر پێویستیان بەو چەکانە نیە، بەڵام ئەوان لەڕاگەیاندنەکاندا پێچەوانەکەی ڕادەگەیەنن.

لەسەر ئەوەشەوە ئیسرائیلیەکان وەکو هەموو جوولەکەکانی جیهان، دەیانەوێت ڕوحەکەشت لێ بستێنن لەگەڵ ئەوچەکەی بەوانی دەفرۆشیت، هەرکەسێکیش هەتاهەتایە لەگەڵیان نەبێت، بەدوژمنی خۆیانی دەزانن، بەم بۆنەیەشەوە با شتێکت بۆ بگێرمەوە: (لەوکاتەدا کە لەگەڵ ئێوە ڕێککەوتم لەسەر فرۆشتنی چەکەکان، ئیسرائیلیەکان خستیانمە ناو داوێکی ترسناکەوە لەگەڵ دەزگا جاسوسییەکانی فەرەنسا).

ئەویش گوتی: ڕاست دەکەی لەڕێگەی خانمە (لاکۆست)ەوە ئەو کارەیان ئەنجامدا.

منیش گوتم: تۆ لە چ سەرچاوەیەکەوە ئاگاداری ڕووداوەکەی (لاکۆست)یت؟

ئەویش گوتی: ئەدی شوێنەواری ئەو برینە چیە لەپشتی تۆدایە؟

لەڕاستیدا قسەکەی سەرسامی کردم، پرسیاری زۆر لەسەر دەموچاوم دروست بوون، ئەوپیاوە چۆن بەشوێنەواری ئەو برینەی زانی کە لەسەر پشتی منە؟

بەڵام پاشان نهێنیەکەم بۆ ئاشکرابوو، ئەوماوەیەی لەسویسرا ماومەوە، کچێکم ناسی بەناوی(لورا)، کاتێك کەدەچوینە سەر جێگا، ئەو کچە ئارەزووی ئەوەی دەکرد من لەسەری درێژ ببمو ئەویش قاچەکانی لەپشتم بهاڵێنێت، جارێکیان شوێنی برینەکەی بینیو پرسیاری ئەوەی کرد کەبەهۆی چییەوە تووشی ئەوبرینە بووم؟ منیش گوتم: لەگەڵ ئافرەتێکی تورك دەستمان تێکەڵ کردبوو، شەوێکیان کەمێردەکەی هاتەوەو ئێمەی لەناو جێگە بینی، فیشەکێکی تەقاندوو بریندارى کردم، ئەوە شوێنی ئەو برینەیە.

بەتووڕەییشەوە ڕووم لە(صلاح نصر)کردو گوتم: چیتر لەبارەی منەوە دەزانیت؟

گوتی: تۆ زۆر ئارەزووی ئافرەتان دەکەیتو دەتەوێت لەگەڵیاندا بخەویت، هەمووشتێکیش لەلای ئەوان باس دەکەیت، بۆیە بەلاتەوە سەیرنەبێت هەموو شتێك لەبارەی تۆوە بزانم، بۆیە

پێت دەڵێم کاتێك لەدەرەوەیت، ئاگاداری پەیوەندییەکانی خۆت بە، ئێمە ئیشمان پێتە، پەیوەندی ئێمە لەگەڵ تۆ تەنها دەسکەوتنی فڕۆکەی نەفاسە نیە، ئێمە ساڵانە لەوڵاتی خۆماندا دەبێت (200)قوتابخانەی سەرەتاییو (10) دامەزراوەی خوێندنی باڵا بنیات بنێین، ئیمڕۆ ملیونو نیوێك قوتابی سەرەتاییو سەد هەزار خوێندکاری زانکۆمان هەیە، لەساڵانی داهاتوودا دوای تەواوبوونی(سد العالی)و پێشکەوتنی پیشەسازییە قورسەکان، دەبین بەدەوڵەتێکی مەزنی ناوچەکە، هەر کەسێکیش بەبەردەوامی لەگەڵمان بێت، ئەوە بەدڵنیاییەوە مافەکانی پارێزراو دەبن.

لەکاتی خواحافیزیشدا بەدەنگێکی نەرم پێی گوتم: ئەنوەر بەگ، هەرکەسێك پێ بنێتە وڵاتەکەی ئێمەوە شەوو ڕۆژ چاودێری دەکەین، بۆئەوەی تووشی خراپە کارییەك نەبێت، بۆیە ئێمە چاودێریو پاسەوانیت دەکەین هەتا تووشی هیچ خراپەکارییەك نەبیت، لەبەرانبەریشدا پێویستە تۆ دڵسۆزی خۆت بۆ ئێمە بنوێنی.

## نمایشە گەورەکە

## 29 ی ئایاری 1956

فرۆکەخانەی(الماظة)، لەڕووباری نیلەوە دەستی پێدەکردو بەگردۆڵکەکانی کێڵگەی کشتوکاڵیی برنجو لۆکە کۆتایی دەهات، فرۆکەخانەکە ئەوەندە گەورەبوو، تەنانەت لەباڵەخانە بەرزەکەی چاودێری کردنەکەشەوە بەتەواوی کۆتاییەکەی نەدەبینرا، لەوفرۆکەخانەیەدا خانوبەرەکان لەکۆنکرێت دروستکرابوونو، عەمباری زۆر گەورەی تێدابوون بۆهەڵگرتنی تەقەمەنیو کەلوپەلی یەدەگ، هەموو فرۆکەکان ڕیزکرابوون، فرۆکەخانەکە لەشێوەی سەربازگەیەکی جەنگیدابوو کە لەحاڵەتی ئامادەباشی دابێت بۆجەنگ. هەموو ئیشکەرەکانی ناو فرۆکەخانەکەش سەرقاڵی ئەنجامدانی کارەکانیان بوون، هاوڕێیە تازەکەم (محمد صدقی محمود) سەردەستەی هێزی ئاسمانی، کە تەمەنی لە(30)ساڵ تێنەدەپەڕی، دەموچاوی گرژ دەردەکەوتو، لەهەیوانێکی بورجی چاودێریکردنەوە بەدووربینێکی گەورە تەماشای ناو فرۆکەخانەکەی دەکرد، ئەو هاوڕێیەشم کە لەپاریس ناسیم، میجر(عبدالحمید عبدالسلام دغیری)، لەتەنیشتیەوە وەستابوو، لەتەنیشتەکەی تریشیەوە موقەدەم(جمال الدین محمود عفیفی) بەرپرسی جموجۆڵە ئاسمانیەکان ڕاوەستابوو، منیش خۆم بەبەرستێکەوە گرتبوو، وام نیشاندەدا کەگوێم لێنیە چی ڕوودەدات، بەڵام لەژێر پەردەی ئەو خۆ گێل کردنەدا مێشکم هەموو شتەکانی تۆمار دەکرد، بەشێوەیەکی وەها سەرنجی ڕووداوەکانم دەدا کەدەچوومەوە ماڵە تازەکەم لەدەوروبەر (عین الشمس)، هەموو ڕووداوەکانم بەچاکی بیردەهاتنەوە، ئەوهاوڕێ تازانەش کە شەوە خۆشە سورەکانم لەگەڵدا بەسەر بردبوون، دەیانویست ئەوهێزەم نیشانبدەن کەشانازیان پێوەدەکرد، ئەویش ئەوپۆلە فرۆکە نەفاسە ڕوسیانە بوون کە بەم دواییە کەوتبوونە دەست (مصر)، بۆم دەرکەوت کە فرۆکەخانەی (الماظة)گەورەترین فرۆکەخانەی جەنگییە لە(مصر)، نیوەی فرۆکە بۆمب هاوێژە ڕوسیەکانی جۆری (الیوشن)و، چەندین پۆلێ لەفرۆکەی بەریتانی نوێش لەو فرۆکەخانەیەدابوون، کەپێش ماوەیەك من کەلوپەلو پێداویستەکانم بە(مصر) فرۆشتو لەفەوتان ڕزگارم کردن.

هەستم کرد هەموو کارمەندانی فڕۆکەخانەکە ڕێرەوی فرۆکەکان جێدەهێڵن‌و دەچنە ناو خانوبەرەکانەوە، کۆمەڵێك فڕۆکەی (مێك) هاتنەپێشەوەو بەڕیز وستان، بەدوایاندا فرۆکەکانی(الداکونا)، (المیتیئور) ڕیزبوون، بەدوای ئەوانیشەوە بۆمب هاوێژەکانی جۆری (الیوشن) ڕیزبوون، کە بە مرواری ناو تاج ناودەبران، دنیا خرۆشا، دەنگی فرۆکەکان بەرزبۆوەو فڕۆکە مێکەکان بەخێرایی لەچاوتروکانێکدا بۆی دەرچوون‌و بەرزبوونەوە، لەئاسماندا وێنەی جیاجیایان پێکدەهێنا، فرۆکە (الیوشن)ەکانیش وەکو بلێی بەبینەرەکان دەڵێن: فرۆکەی مێك ئەوەندە بچووکە لەچاو گەورەیی‌و درێژی باڵەکانی ئەودا هەرکەس ناویشیان ناهێنێت، هەموو فرۆکەکان لەئاسمان یەکیان گرتەوەو بەرەو خۆرهەلات فرین بۆسەر قاهیرە، لەوێوە ئاستەکەیان گۆڕی‌و لەگەڵ ڕووباری نیلدا دەفرین، لەپڕ کارەساتێك ڕوویدا، فرۆکەیەکی مێك لەڕیزکە دەرچوو، بەئاسماندا گێژی دەخوارد، لەپڕ شتێکی بچووکمان بینی لەفرۆکەکە جیابۆوە، فرۆکەوانەکەبوو، پەڕەشوتەکەی کردەوە، دوای ماوەیەك فرۆکەکە کەوتەسەر زەوی‌و دەنگی تەقینەوە بیستراو پەڵە دوکەڵێکی ڕەش بەرەو ئاسمان بەرزبۆوە، لەوکاتەدا (محمد صدقی محمود) کە بەدووربینەکەی چاودێری فرینی فرۆکەکانی دەکرد، دەستی کرد بەجنێودان‌و لۆمەکردنی فرۆکەوانەکەو، فەرمانی بەئەفسەرێك کرد بەزوترین کات لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکات، فرۆکەکانی تریش بەدوای یەکدا لەناو خاکی فرۆکەخانەکە نیشتنەوە.

منیش نامەیەکم نووسی، بۆ (زیجفریدلاها)ی بریکارەکەم لەبازاری دۆلارەکەی (زوریخ)، (نامەکە هەمووی ژمارەبوو، هەر چوار ژمارە بەیەکەوە مانایەکی نهێنی دەبەخشی، پاشان نامەکەم ئەوەندە بچووك کردوە هەتا بەئەندازەی سەری دەمبوسێکی لێهات، ئینجا بەزەرفی نامەکەمەوە نوساندو پولە بەریدیەکەم لەسەرداو، خستمە ناو چەکمەجەی مێزەکەمەوە، هەرکەسێك پولەکەی لابردباو سەرە دەمبوسەکەی (200)جار گەورەکردبا، دەیتوانی کۆمەڵێك ژمارە ببینێت، هەریەکەیان چوار ژمارەیی بوون، جا ئەگەر ئەوکاغەزە نهێنیەی لەبەردەستبایە، کە من لای بیرکارەکەم دامنابوو، ئەوا دەیتوانی شفرەکە بکاتەوەو لەماناکە تێبگات‌و، بزانێت کە ئەو مانایەی خوارەوە دەگەیەنێن:

بۆ ـــ بەرپرس ـــ لە ـــ ڕۆما

واپێدەچێت هێزی ئاسمانی (مصر)ی تووشی شکست بووبێت لەبەکارهێنای فڕۆکە نەفاسەکاندا، تـەنها (60)فڕۆکـەیان ئامادەیـە بـۆ کـارکردن، فڕۆکـەی (مێـك 15) بەکـەڵکی شـەڕی فڕۆکـە هێرشبەرەکان نایەت، بەڵکو بۆشەڕی فڕۆکە بۆمب هاوێژەکان بەکەڵك دێت، هێـزە سـەرەکیەکە بریتییە لەپۆلێك فڕۆکەی(الیوشن)و دوو پۆل فڕۆکـەی (میـك 15)و پۆلێـك فڕۆکـەی (فامبـایر)و پۆلێك فڕۆکـەی(متیئور)، فڕۆکـەکان دابەشـکراون بەسـەر فڕۆکەخانـەی(الماظـة)و فڕۆکەخانـەی (ڕۆژئاوای قاهیرە)و (الاقصر).

ئێستا (مصر)ییەکان خەریکی فراوانکردنی فڕۆکەخانـەکانی (الماظـة)و (قـاهیرە)و (انشـاص)ن. بۆئەوەی وایان لێبکرێت فڕۆکە نەفاسەکان بتوانن تێیاندا بفڕن‌و بنیشنەوە، فڕۆکـەی (بوخنـا)ی بەریتانی دابەشکراون بەسەر فڕۆکەخانەی (فاید)و (الماظة)، سینا هـیچ فرۆکـەی لێ نیـە، بـەڵام ئێستا خەریکی دروستکردنی فڕۆکە خانەیەکن لە(بیر حمـە) بـۆ پێشـوازی لەفڕۆکـەکانی جـۆری مێك‌و، دوو فرۆکەخانەش لە(العریش)و(بیر کفکفا)، بۆ پێشوازی لەفڕۆکەکانی جـۆری (بوخنـا)ی بەریتانی، من وای دەبینم (مصر)ییەکان دوو ساڵیان پێویستە، هەتا لەگەڵ بەکارهێنانی فڕۆکـە نەفاسەکاندا خۆیان ڕابێنن.

ئەو سێ مانگەی کە بەسەرم بردن لەقاهیرە، هەموو ئاواتەکانی (فیشلێ)م تێدا هێنانەدی، تـەنها جارێك پێش مانگێك لەمەوپێش سەردانێکی فەرەنسام کرد، هـەر کەگەیشـتمە ئـەوێ، سـەردانی هاوڕێکـەم کـرد لـەوەزارەتی دەرەوەی فەرەنسـا، بـەهۆی ئـەو بـرادەرەوە تـوانیم مۆڵـەتی گواستنەوەی پاشماوەی ئەوچەکە بەریتانیانە وەربگرم، کە لەفەرەنسـا کڕیبـوومن‌و بە(مصـر)م فرۆشتبوونەوە، کەپێکهاتبوون لە دەیان دەبابەی تازەو تـۆپی دژەفـڕین، بـەڵام دوای ماوەیـەك لـەنزیك فڕۆکەخانەیـەکی فەرەنسـییەوە کەلـەو پارچـەکران، بـەهۆی فڕۆکـەکانی فەرەنسـاوە، (چونکە فەرەنسا مەترسی ئـەوەی هـەبوو ئەگـەر ئەوچـەکانە بگەنـە (مصـر) دەکەونـە دەسـت شۆڕشگێڕەکانی جەزائیر)، لەناوچوونی ئەوچـەکانەش یارمـەتی دەرێکـی باشـبوون بـۆمن، وای لەئەفسەرە (مصر)ییەکان کرد بکەونە پەلەپەلی‌و ململانێوە بۆ زیاتر دۆستایەتی کردنی مـن، بـۆ ئەم مەبەستەش (محمد صدقی محمـود) نەیدەهێشـت لێـی دوورکەومـەوە، نـەوەك ئەفسـەرێکی بـاڵاتر لـەوم بسـتێنێ، (ئەفسـەرە (مصـر)ییەکان ئەوەنـدەیان تـام‌و لـەزەت لەدۆسـتایەتی مـن

بینیبـوو، هەریەکـەیان هـەوڵی ئـەوەی دەدا لـەوەوە نزیـك بم)، وای لێهـات یـەك لـەدوای یـەك دەعوەتیان دەکرم لەئاهەنگە تایبەتیەکانی ناو ماڵەکانیانو لـە ئاهەنگـە گشـتییەکانی نـاو یانـە نایابەکان، ئەفسەرەکان لەخێزانە بەڕێزەکان بوون، لەنێو خۆیاندا باسـی داهـاتووی وڵاتەکـەیان دەکرد، کەچۆن توانیویەتی خۆی دروست بکاتو ببێتـە مایـەی چـاوتێبڕینی هـەموودنیا، باسـی (سد العالی) یان دەکرد کەچۆن پێگـەی وڵاتەکـەیان بەرزدەکاتـەوە، باسـی چـەکە نوێیـەکانیان دەکـرد کـە لەلایـەن (یەکیـەتی سـۆڤیەت)ی دۆسـتە تازەکەیانـەوە بۆیـان دەهـات، کەسـوپای (مصر)ی گەیاندبووە ڕیـزی هێـزە جیهانیـەکان، ئەفسـەرانی هێـزی ئاسمـانی، باسـی ئەوکتێبـە ئەدەبیانەیان دەکـرد کـەتازە کەوتبوونـە بـازاڕەوە، وەکـو کتێبـەکانی (تۆفیـق الحكـیم)و (طـە حسـێن)و، بەرهەمــەکانی ئەفســەری لێهاتوو(یوســف الســباعی)، کەنووســەرێکی باشــی لــێ دەرچـووبوو، هـەروەها بەرهەمـەکانی هاوسـەرەکەی (محمـد منـدور العزیـز) کـە لـەپڕ وەکـو شاعیرێکی لێهاتوو بەدەرکەوت.

ئـەوە لەماڵەکانـدا، بـەڵام لەیانـە سـەربازیەکاندا، ڕۆژانـی بەلـەزەتو شـەوە حەیابـەرەکانمان بەڕێدەکردن، ئافرەتە هونەرمەندەکانو کچە ئەکتـەرە سینەماییەکانیش لەگـەڵ ئەفسـەرەکاندا کۆمەڵ کۆمەڵ لەدەورەی مێزەکان دادەنیشتینو، جـۆرە شـەربەتێکی میوەمـان دەخـواردەوە، بـەڵام لەڕاسـتیدا شـەربەت نـەبوو، بـەڵکو شـەڕابێکی سـوتێنەر بـوو، تیپێکـی هونەرمەنـدە مێیینەکانیش لەبەردەممان دەردەکەوتنو لۆمەی کۆمـەڵگا کۆنەکـەیان دەکـردو بـە شۆڕشـیاندا هەڵدەدا، هیچ گۆرانی بێـژێك یـان سـەماکەرێکی کـچ بەتـەواوی لەکارەکـەی نـەدەبۆوە یەکسـەر دەهات بـۆلای ئێمـە، لەڕاسـتیدا جلوبـەرگی ئەفسـەری (مصـر)ی هێزێکـی ڕاکێشـەری هـەبوو، یەکەسەر کچە جوانەکانی خێزانە بەڕێزەکانی بـۆلای خـۆی ڕادەکێشـا. بۆیـە بەکۆمـەڵ دەهـاتن بۆلامان.

خـەلکی خـانوە قورەکـانی کـەناری نیـل هێزێکـی سـەرەکی سـەرکەوتنی شـۆڕش بـوون، بـەڵام شۆرشیش هیچی بۆ نەکردن، کەچی ئەو ئەفسەرانە کـە لەیانـە خۆشـە باخچـەدارەکاندا کاتیـان بەسەردەبرد، هەموو خۆشـیەکیان بەدەسـت هێنـابوو، سەرۆکەکەشـیان(محمد صـدقی محمـود) زیاتر هانی دەدانو کارئاسانی بۆدەکردن بۆئەوەی زیاتر بکەونە خۆشییەوە.

جارێکیان دوای ئەوەی کە لەفەرەنسا گەڕامەوە، لەئاهەنگێکدا کە فرۆکەوانەکان لەگەڵ کچە جوانەکاندا لەناو ڕووناکییەکی کپو ئاوازی مۆسیقادا سەمایان دەکرد، (محمد صدقی محمود) پێی گوتم: فڕۆکەوانی شارەزا وەکو عاشقێکی شارەزا وایە، فڕۆکەش بەتەواوی وەکو ئافرەت وایە، لەوکاتەندا کەبەتەواوی ئەرکەکەی خۆی جێبەجێ دەکاتو بەجوانی دەردەکەوێت، وەکو نموونەیی لێهاتوویی ئەوئافرەتە وایە لەچێشتخانەی ماڵەکەیدا بەجوانی دێتو دەچێتو ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ دەکات، بەلأم کاتێك ئافرەتەکە بەرگێکی جوان لەبەردەکاتو پێکێکی شەڕاب هەڵدەداتو خۆی دەخاتە باوەشی ئەفسەرێکەوە، زۆر لەجاران جوانتر دەردەکەوێت، هۆیەکەی چییە؟ هەرخۆی وەلأمیدایەوەو گوتی: هۆیەکەی ئەوەیە ئەوکچە ئەوکارە جێبەجێ دەکات کە لەپێناویدا هاتۆتە دنیاوە، کە لەدوا قۆناغدا دەگاتە ئەوەی لەگەڵ پیاوێکدا بخەوێت، لەپێناو ئەو تامو لەزەتەدا دروستکراوە، فرۆکەش لەبەرانبەر فرۆکەواندا هەمان تامو لەزەتی هەیە.

سەرۆکی هێزی ئاسمانی (مصر)ی تروسکاییەکی ئاگرین لەچاوەکانیەوە دادەگیرساو، دەموچاوە ئەسمەرەکەی بەلای سوریدا خۆی دەنواند، من زۆر بەوردی گوێم لێدەگرت، وام لێکدەدایەوە کە(محمد صدقی محمود)، هەرچەندە پیشەکەی خۆی خۆش دەوێت، بەلأم لەوانەیە لەدامەزراندنی هێزێکی ئاسمانی بەناوبانگدا سەرکەوتووبێت، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو لەتێڕوانینەکانیدا خاوەنی فەلسەفەیەکی تایبەت بوو دەربارەی ئەو هێزەی کەسەرپەرشتی دەکرد، لەودەمەدا (محمد صدقی محمود) پێیگوتم: ئەوکاتەی فرۆکەیەك بۆمبێك دەگرێتە شوێنێکی دیاریکراو، وەکو ئەو پیاوە وایە کەکاری جووتبوون لەگەڵ ئافرەتێك ئەنجام دەداتو (خەنجەرەکە دەکاتە ناو کالانەکەوە). جا بەهۆی ئەوەی کەتێگرتنی بۆمبەکە لەلایەن فرۆکەوانەکەوە دەبێت، پێویستە فرۆکەوانەکە عاشقێکی ڕاستەقینە بێتو نازی فڕۆکەکەی هەڵگرێت.

منیش وەلأمم دایەوەو گوتم: هیوادارم بەوشێوەیە بێت وەکو تۆ باسی لێوە دەکەیت، خوزیاش دەخوازم فرۆکەوانەکانت لەکاتی ڕاهێناندا هەموو ڕۆکێتەکانیان ئاراستەی ئامانجەکان نەکەن، بەشی کچە هونەرمەندو قوتابیەکانی ئەوێش بهێڵنەوە.

ئەویش لێوی خوارەوەی خـۆی گـەزیو گـوتی: تەماشـایان بکـە بزانـە هـیچ کـەمو کوڕییـەکیان هەیە؟

لەڕاستیشدا ئەفسەرە (مصر)ییەکان گـەنجی زۆر جـوان بـوون، هەرچـەندە بـالآکورتو جەسـتە پڕبوون وەکو زۆرینەی خەلکی (مصر)و خۆرهەلآت، بەلآم لەو گەنجانەبوون کە شانازییان بەکارو پلەی خۆیانەوە دەکرد، لەگەڵ باشترین ئافرەتی ولآتی نیلدا سەمایان دەکردو دەشـیانزانی ئـەو ئافرەتانە بۆئـەوە هێنـراون شـەو لەگـەڵیان بخـەون، بۆئـەوەی سـەرکەوتنی خۆیـان بسـەلمێنن لەوتاقیکردنەوەیەی کە سەرکردەکەیان بۆی ئامادەکردوون.

منو(محمد صدقی)، لەگەڵ دوو ئەفسەری پلەی (رائـد)، لەسـەر مێزێـك کۆببووینـەوە، ئـەو دوو ئەفسەرەش یەکێکیان هاوڕێکـەی کـۆنی خـۆم بـوو لەفەرەنسـاوە دەمناسـی ناوی(عبـد السـلام دغیری)بوو، ئەوەی ترشیان ناوی(اسماعیل محمد لبیب)بوو، کە پاشان بـۆم دەرکـەوت یەکێکـە لەشارەزاو ڕاوێژکارەکانی هێزی ئاسمانی، هەریەکەمان کچێکی لـەلاوە دانیشـتبوو، جـا بـەهۆی ئەوەی کە ئەوشەوە من میوانی خاوەن شەرەفی ئاهەنگەکەو، میوانی تایبـەتی(اسماعیل محمـد لبیب) بووم، بەهۆی ئەو خزمەتانەشەوە کەپێشکەش بەهێزی ئاسمانی (مصـر)م کردبـوو، بۆیـە ئەوشەوە ئەکتەرێکی زۆر جوانی سینەمایان بۆهێنابووم ناوی (دنیا)بوو، دنیـا دەیویسـت فێـری خۆشەویستی (مصر)ییەکانم بکاتو، یەخسیری دەستی مێینایەتەکەی خۆیم بکات، ئەوەشـەوە ئەوەی ئارەزووم لێبوو کردم، ناوەناوەش هەڵدەستاین بۆ سـەماکردن، (دنیا)دەیەویسـت فێـری ئەوەم بکات لەسەماکردندا دەبێت جەستەکان بەیەکەوە بلکێنرێن، زۆر هەوڵمدا تەواو سەرخۆش نەبم، بەلآم لەکۆتایی شەودا، وەکو هەموو خەڵکەکەی تر هەستم بەخۆم کرد کـە زمـانم تێکـەڵی دەکـات، بەتایبـەتیش فڕۆکـەوانو کچـەکانی بەردەسـتیان، هـەموو گەیشـتبوونە ترۆپکـی ڕەحەتبوونێکی بەهاتوهاوار، خەڵکەکە هەمووی سەرخۆش بـوو، بۆیـە مەترسـیم نـەبوو ئەگـەر سەرخۆشیش بمو قسەیەکیش بدرکێنم، مەترسیم بۆ دروست نابێت.

لەکاتی یەکێك لەسەماکردنەکاندا لەگەڵ (دنیا)، ئەفسەرێکی (مصر)ی بالآبەرز بەپلـەی (رئـیس) لەسـەماکردنەکەیدا لەگـەڵمان تـێکگیرا، بەپەلـە داوای لێبـووردنی کـردو خـۆی بـەمن ناسـاند، سەرۆکی بەشێك بوو لەفڕۆکەخانەی(الاقصـر)، نـاوی (صـلاح عبـدالنبی)بوو. پێویسـتی بـەوەش

نەدەکرد منیش خۆمی پێ بناسێنم، چونکە وا پێویست بوو هـەموویان بەباشـی منیـان ناسـیبا، دوو کچەکانیش خۆیان بەیەکتر ناساندو، هەرچوارمان لـەدەوری مێزێـك کۆبووینـەوە، بۆئـەوەی پشوویەك بدەینو پێکێك بخۆینەوە، بەو ئەفسەرەم گوت: ئایا تـۆ لە(الاقصـر)ەوە تـەنها لەبـەر ئەو ئاهەنگە هاتوویت بـۆئێرە؟ بەزەردەخەنەیەکـەوە لـەبارێکی سەرخۆشـیو ڕزلێنانـدا گـوتی: نەخێر، هاتووم بـۆ بەشـداربوونم لـەخولی ڕاهێنـان لەسـەر فرۆکەی(الیوشـن)، ماوەیـەکی تـریش چەند فرۆکەیەك وەردەگرین بۆ فرۆکەخانەکـەمان، ئـەوپیاوە لەقسـەکردنەکەیدا زۆر سەربەسـت بوو، چونکە دەیزانی من هاوڕێی سەرۆکەکەیانمو، تاقە سەرچاوەشم بۆ بەدەسـت هێنـانی چـەك بۆ (مصر)، منیش پێم گوت: گوێبیستی ئەوەبووم کـە ئـەو فرۆکەخانەیـە دەبێـت بەگـەورەترینی فرۆکەخانەکان؟ گوتی: بەڵێ وایە، تەنانەت ئێستاش دووەمین فرۆکەخانەیە لەڕووی ڕووبەرەوە، لــەدوای فرۆکەخانــەی (الماظــة)، فراوانکردنێکــی گــەورە بەســەر فرۆکەخانەکــەدا هێنــراوە، ڕێڕەوەکانی بۆ زیاتر لە دووکیلۆمەتر درێژکراونەوەو بەردەوامیشین لەسەر دروستکردنی ڕێڕەوی تازە بۆ فرۆکەکان، میوانـدارییت دەکـەم بـۆ سـەردانی فرۆکەخانـەو وێسـتگە تازەکـە. فرۆکـەی گواستنەوەی ڕوسیمان هەن توانای ئەوەیان هەیە دەستەیەك سەرباز بگوازنەوە، منیش بەسـەر ئەوبابەتەدا تێپەڕیمو پرسیارم لێکرد: فرۆکەوانەکانتان چۆن ڕاهێنان لەسەر فرۆکـە نەفاسـەکان دەکەن؟ ئەو فرۆکانە پێدەچێت باشـتربن لەفرۆکـەکانی(فامبایر)و (میتئـور)، ئـەویش بـەڕێزەوە خۆی بەڕوومدا داهێنایەوەو گوتی: ئێمە وەکو پێویست ڕاهێنانەکان ئەنجام نـادەین، ناشـتوانین ماوەی ڕاهێنانەکانمان زیادبکەین، ئێسـتا لەمانگێکدا لـە دوو بـۆ سـێ کاتـژمێر زیـاتر ڕێگـەمان پێنادرێـت بفـڕین، ئەوەنـدەش بەســە بـۆ خۆڕاهێنــان لەســەر فــڕین، منــیش داوام لێکـرد کـە بگەڕێینەوە بۆ سەماکردنەکە، ئەویش بەڕێزەوە وەکوئەوەی نازی خۆشەویستیەکەم هەڵبگرێت، گوتی: ئەگەر دەفەرموویت لەگەڵ کچەکەی دەستی منـدا سـەما بکـە، بەوشـێوەیە کچـەکانمان گۆڕینەوەو، پاشان لەگـەڵ(دنیا) گەڕاینـەوە سـەر مێزەکـەی سـەرۆك(محمد صـدقی)و، لـەپێش منەوە دەستی بەقسەکردن کردو گوتی: بینیمی لەگەڵ (عبدالنبی) بەیەکـەوە قسـەتان دەکـرد، ئەو ئەفسەرەت پێ چۆنە؟ منیش ناچاربووم ڕێـز لەپرسـیارەکەی بگـرمو بـەدڵی خـۆی وەڵامـی بدەمــەوە، چــونکە ئــەو پیاوەکــانی خــۆی بــاش دەناســینو خۆشــی دەویســتنو گرنگــی

بـەکاروبارەکانیان دەدا، بۆیـە وەلأممدایـەوە کە(عبـدالنبی) ئەفسـەرێکی ڕەسـەنە، هەمیشـە سەردەسـتەیە، ئـەویش بەزەردەخەنەیـەکی نهێنیـەوە کەهـەموو چـرچولۆجی دەموچـاوی بەدەرخست، پێی گـوتم: ئـەی ئـارام، تـۆ خـاوەنی تێڕوانینێکـی وەهایـت، هـەرگیز بـیٚ هیـوایی بەدوای خۆیدا ناهێنێـت، لەڕاسـتیدا (عبدالنبی)لەباشـترین پیاوەکـانی ئێمەیـە، بـەلأم بـەردەوام لەکارەکانیدا پەلەدەکات، ئەی (ئارام)، فرۆکەوانی نایاب وەکو عاشقی نایاب وەهایە، پێویسـتە بزانێت لەچ کاتێکدا بەهیواشی دەست بەکارەکەی بکاتو وردە وردە بکەوێتە ناو خێراییەوە.

کاتژمێرێك دوای نیوەشەو بلأوەمان لێکرد، رائد(لبیب)یش بەماشینەکەی خۆی منی بـردەوە بـۆ ئەوخانووەی کەتازە کڕیبووم لەگەڕەکی(عین الشمس)، لەویٚ منو (دنیا)خواحافیزیمان لێکردو، لەگەلٚ (دنیا)کەوتمەڕیٚ بۆئەوەی بیبەمەوە بۆ ماڵەکەی، کە داروو درەختێکی زۆر دەورەیدابوو، لـەپڕ(دنیا)بۆلای مـن هاتـەوەو خـۆی بەمنـەوە نوسـاندوو گـوتی: کەسـێك لـەناو باخچـەکەدایە.

لەڕاستیشدا من تارماییەکم دیت بەسەر پەرژینەکەدا لەبەرچاوان بزربوو، منـیش بـە(دنیام)گوت: مەترسیٚ، ئەوە پیاوەکـانی (صـلاح نصـر)بوون بـۆ پارێزگـاری مـن داینـاون، دەسـتێکی نـەرمم بەسەر سمتە پڕەکانی داهێناو دەرگاکەم بۆکردەوەو چووینەژوورەوە، هیوای ئەوەم دەخواست پیاوەکانی (صلاح نصر) بەوردی چاویان بەماڵەکەیدا خشاندبێت.

## حەشارگە نهێنییەکە

## 3 ی تەموزی 1956

گوێم لەدەنگی بانگدەرێك بوو لەسەربانی مزگەوتەوە هاواری دەکرد: (الله اکبر... الله اکبر)، منیش کەبەخەبەرهاتم دەنگەکە کۆتایی پێ هاتبوو، بەلاّم زەنگی تەلەفۆنەکە هەر لێیدەدا، لەناو تاریکایی ژوورەکەدا دەستم سوڕاندو سەماعەی تەلەفۆنەکەم بەرزکردەوەو گوتم: بەیانیت باش، فەرموو تۆکێیت؟ وەلاّمی دایەوە: منم (محمد لبیب)م، ئایا گوێبیستی هەواڵەکان بوویت؟ تەماشایەکی دەورەی خۆمم کردو بینیم (دنیا)لەژێر سەرپۆشەکەدا خۆی لەمن هاڵاندبوو، سینگی بەسینگمەوە جووت کردبوو، منیش وەلاّمی (محمد لبیب)م دایەوەو گوتم: ئێمە تائێستا لەخەو هەڵنەستاوین، ئەویش گوتی: داوای لێبووردن دەکەم، ڕووداوێکی زۆر بەپەلە هەیە، بەپێویستم زانی ئاگادارت بکەمەوە، هێزەکانی فەرەنسا خەریکە دادەبەزنە ناو شاری (پۆرسعید)ەوە، سەفارەتی فەرەنسیش داوای لەهەموو فەرەنسیەکان کردووە لەماوەی دوو ڕۆژدا (مصر) جێهێڵن، (دنیا)کە خەبەری بۆوە ترس باڵی بەسەردا کێشابوو، منیش دەستی چەپم خستەسەر جەستە ڕووتەکەی، ئەویش بەپەنجەکانی ختوکەیەکی لەبن هەنگڵم دا، منیش بەناچاری لەقاقای پێکەنینم دا، لەبیب بەڕقەوە گوتی: ئێستا کاتی بێکەنینە؟ منیش وەلاّمم دایەوە: نەخێر نەخێر کاتی پێکەنین نیە، داواشم لە(دنیا) کرد دەست لەوبەزمانە هەڵگرێت، (لبیب)یش گوتی: لەبەیانییەکی وەکو ئیمڕۆدا نیازی چیت هەیە بیکەی؟ ئایا ناکرێت تەنها بۆ جارێکیش ڕووداوەکان بەگاڵتەجاڕییەوە وەرنەگریت؟ ئەی(ئارام)، ئێمە لەبارێکی نا ئارامیداین، وا خەریکە لەوشکایی‌و لەئاسمانەوە هێرشمان بۆدەکەن، منیش بەسەر سوڕمانەوە گوتم: باشە تۆ بۆچی ئەوقسەیە بەتایبەتی بەمن دەڵێیت؟ ئایا ئێوە ئامادەکاریتان نەکردووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم حاڵەتە، لەدوای ئەوەی کەسەرۆك جەمال عبدالناصر خۆماڵی کردنی کەناڵی سوەیسی ڕاگەیاندووە؟ (لبیب)یش بەهیوابڕاویەوە گوتی: ئەی ئەنوەر بەگ، من بەرپرسی پاراستنی ئاسمانی کەناڵەکەم، تۆش چەندین جار وادەت پێداین ڕادارێکی تورکیمان

بۆبکڕیت، منیش گوتم: هەر ئێستا جلەکانم لەبەردەکەمو دوای کاتژمێرێکی تر لەنوسینگەکەت یەکتری دەبینین.

نانی بەیانیمان لەسەر تارمەیەکیماڵەکەمدا خوارد، کەدەیڕوانیە سەر ڕووباری نیل، فرۆکەخانەی (الماظة)ش لەدوورەوە دەبینرا، دیواری کارگەی دروستکردنی ڕۆکێتەکانیش بەجوانی دەبینرا کە لەدەوروبەری(عين الشمس) بنیات نرابوو، لەنزیك ئەوێشەوە سەربازگەی سەرکردایەتی (مصر) هەبوو، لەتەنیشتیشیەوە سەفارەتخانەی (یەکیەتی سۆڤیەت) هەبوو، بوونی هەموو ئەودامەزراوە گرنگانە لەوناوچەیەدا، بووە هۆی ئەوەی کڕینی خانووەکە وەکو کارێکی بازرگانی زۆر گرنگ وابێت، لەسەر ئەوەشەوە خانووەکە زۆر تایبەتمەندی تری تێدابوو، زۆر گونجاوبوو بۆ ئیشەکەی من، دەتگوت وەستاکەی بۆ منی دروستکردووە.

دوای ئەوەی گەیشتمە قاهیرە ئەو خانووەم لەسەرەتای بەهاردا کڕی لەکەسێك ناوی(طارج) بوو، بریکاری بازرگانێکی ئینگلیزی بوو لەبواری مەوادی کیمیاوی کاری دەکرد، ئەو بریکارە بڕیاری دابوو (مصر) جێهێڵێتو خانوەکەش بفرۆشێت، لەکاتی وتووێژمان لەسەر کڕینی خانووەکە، لەو سالۆنە دانیشتبووین کەئامێری فێنك کەرەوەی تیدا دانرابوو، (طارج) سووربوو لەسەرئەوەی پارەی خانوەکەی بەشێوەی چەکێکی بانکی لەیەکێك لەبانکەکانی سویسرا بۆی دابنرێت، (طارج) گوتی: زۆرجاران بەشێکی زۆری سامانەکەم لەکەلێنێکی ژێروەی خانوەکەمدا شاردۆتەوەو نەمتوانیوە لە(مصر) بیبەمە دەرەوە، بۆیەدەمەوێت پارەی خانووەکەم لەدەرەوەی (مصر) لەشێوەی جەکێکی بانکیدا وەربگرم، لەڕاستیشدا ئەو کەلێنەی کە ئەو باسی دەکرد بۆهەڵگرتنی سامانو سەروەتەکان، ببوو بەمایەی ئەوەی من زیاتر دڵم بەخانووەکە خۆش بێت، جا کاتێك کە دوودڵی خۆم نیشاندا لەبارەی گرانی نرخی خانووەکەوە، (طارج) پێشم کەوتو بردمی بۆ ئەوژوورەی کەبۆخۆی وەکو نووسینگە بەکاری دەهێنا، لەسەر یەکێك لەدیوارەکان، وێنەیەکی گەورەی داگرتە خوارەوەو کونێك بەدەرکەوت، کلیلێکی خستە کونەکەوەو دەرگایەکی ئاسن لەدیوارەکەدا کرایەوە، زۆر بەئاسانی نەتدەتوانی درزی نێوان دەرگاو دیوارەکە ببینیت، قاسەیەك بوو لەناو دیوارەکە جێگیر کرابوو، لەدوای دەرگاکەوە چەند ئامێرێکی بچووك هەبوون وەکو کلیل بەکاردەهێنران بۆ کردنەوەی دەرگا دووبەرەکەی قاسەکە،

جا دەرگاكەی كردەوەو قەبارەی قاسەكە لەناو دیوارەكەدا دەركەوتو، لێی پرسیم: پێت چۆنە؟ ئایا تۆ پێویستیت بەوە نیە؟ وەكوئەوەی نهێنییەكی ئاشكرا كردبێت گوتی: من دەزانم تۆ چ چۆرە كارێك دەكەیت، منیش بەپێكەنینەوە گوتم: ئایا تۆ وادەزانیت ئەو دزە شارەزایەی كەبەدوای ئەو هەموو ماڵو سامانەدا دەگەڕێت، نەتوانێت قاسەكە بشكێنێت، یان بەهەر ڕێگەیەك بێت بیكاتەوە؟ (طارج)گوتی: بەجوانی سەرنجی لێبدە، ئەو قاسەیە تایبەتمەندییەكی خۆی هەیە، قسەكەی زۆر سەرنجی ڕاكێشام، منیش بەوردی سەرنجێم لەناو قاسەكەداو پەنجەكانم بە دیوارو بن میچو خوارەوەیدا هێنا، هیچ شتێكی وەهام نەبینی جێگەی سەرنج بێت، (طارج)یش بە ڕقەوە چاوەكانی لەمن بڕینو لەمێزەكە نزیك بۆوەو چەكمەجەكەی كردەوەو شتێكی نوك تیژی دەرهێناو، خۆی لاركردەوە بەناو قاسەكەدا، نوكە تیژەكەی بەشوێنێكدا ڕۆبردە خوارێ، پارچەیەكی بچووكی چوارگۆشە لەبنكەی قاسەكە بەرزبۆوە، (طارج) كلیلێكی دەرهێناو كردیە كونێكی ناو قولایی پارچە چوارگۆشەكە، بنی قاسەكە لەلایەكەوە بەرزبۆوە، بەهەولێكی كەم توانی هەموو بنی قاسەكە لابەرێت كە وەكو قەپاغێك وەهابوو بۆ قاسەیەكی تر لەژێر قاسەی یەكەمەوە، پاشان قاسەكەی داخستەوەو گوتی: مستەر (ئەنویر)، گومانی تێدانیە ناوەناوە بەهۆی كارەكانتەوە پارەیەكی زۆرت دێتەدەست، ناتەوێت لەخۆت زیاتر كەسی تر بیانبینێت، هەموو خاوەن كارێكیش ئەوپارانەی دەكەونە دەست، من زۆر جار لێرەدا چەندین سەفتە دۆلارو جونەیهم هەلگرتووە، ئەوكەسەی كە ئەو قاسەیەی دروستكردووە ئێستا لەئینگلتەرایە، منیش ماوەیەكی تر ئێرە جێدەهێڵمو دەچم بۆئەوێ، جا بەم شێوەیە لە(مصر) كەسێك لەخۆت زیاتر نامێنێت شوێنی ئەو قاسەیە بزانێت، جا ئێستا بەبیری تۆ ئەو كڕینو فرۆشتنە چۆنە؟ منیش گوتم: باشە من ڕازیم بەنرخەكەو خانووەكە دەكڕم، بەوشێوەیە ئەو خانووەم كڕیو بەهۆی ئەوەشەوە كە بەبەردەوامی بڕەپارەیەكی زۆری بیانیم پێبوو، لە(مصر)یش هەڵگرتنی ئەو پارانە قەدەغەبوون، بۆیە هەموو پارەكانم خستبوونە ناو قاسەكەوە، هەروەها وێنەی ئەونامانەی كە بۆ بریكارەكەم دەناردن بۆ (سویسرا)، لەگەڵ ئەو بەڵگەنامانەی كە بەئاشكرا تیایاندا بڕی ئەو قازانجەی تێدا دیاری كرابوو كە لەمامەڵەی فرۆشتنی چەكەكاندا دەستم كەوتبوو، قازانجەكەش زۆر زیاتر بوو لەوەی كە(مصر)ییەكان

دەیانزانی، بۆیـە نەمدەویسـت ئـەو بەڵگەنامانـە بـەهیچ شـێوەیە (مصـر)ییەکان بیـانبینن، ئـەو زانیاریانە هەموویان گرنگ بوون بۆ (صلاح نصر)، بۆیە هەموویانم لەقاسەکەی سـەرەوەدا دانـا، هەموو ئەو ئامێرانەشم تێدا دانا وەك: کامیرەو ئـامێری شـردنەوەی وێنـەکانو، ئـامێری بچـووك کردنــەوەی نامــەکان بــۆ ئەنــدازەی چــاوی مێشــێك یــان ســەری دەمبوســێك، شوشــەیەکیش کەماددەیەکی کیمیاوی تێـدابوو، کاغـەزی دەتوانـدەوەو دەیکـرد بەتۆپـەڵێکی لیـنج، هـەروەها هەندێك شتی تریشم لەقاسەکەی ژێرەوەدا دانا، وەکـو: ئـامێرێکی بـێ تـەل کەتـەنها بـۆ جارێـك بەکاردەهاتو قتویەکیش هەندێك حەبی سپی تێـدابوون، هەرکەسـێك خواردبـای دوای دوو یـان سێ خولەك یەکسەر دەمرد، ئەوحەبانە بۆمن دانرابوون، بۆئـەوەی لـەکاتی تەنگانـەدا بـەکاریان بێنم، شوێنێکی زۆریش مابۆوە لەقاسەکەی ژێرەوەدا، جێگەی ئـامێرێکی بـێ تـەل دەبـۆوە کـە لەسەر شەپۆلی کورت زۆر بەهێز کاری کردبا.

منو (دنیا) نانی بەیانیمان خواردو، ئەو خزمەتکارەش کە ڕۆژانە دەهـات بـۆ خـاوێن کردنـەوەی ماڵەکە گەیشتە ئەوێ.

بە(دنیا)م گوت: لەمەودوا وایپێویستە تۆ هاوڕێیەکی تر بۆخـۆت بدۆزیتـەوە، پەیوەنـدیت لەگـەڵ مندا هیچ کەڵکێکت پێناگەیەنێت، من ئیمڕۆ لێرەم، پاش ساڵێکی تریش کە شەڕ لەوڵاتێکی تری وەکو بەرازیل یان بۆنموونە وەکو سوید هەڵدەگیرسێت، من دەبێت بچم بـۆ ئـەوێ، مـن بـەدوای بازرگانیەکەی خۆمدا دەڕۆم.

سەرەتای دەستپێکردنی بیابان تەنها سەد هەنگاو لەماڵەکەمـەوە دووربـوو، هەرچـەندە هێشـتا هەر بەیانی بوو، بەڵام گڕی خۆر دەموچاوی دەسوتاندین، کـەناڵی ئیسـماعیلییەش دوور نـەبوو لێمانەوە، لەوێوە دەچـووی بـۆ دەریاچـەی تیمسـاح، کەلەوێـدا کـەناڵی سـوێس فـراوان دەکـرا، ئەوکەناڵەی کەزەریا گەورەکانو وڵاتانی جیهانی بەیەکەوە بەسـتنەوەو، چارەنووسـی نەتـەوەو وڵاتانی بەشێوەیەك دیاریکرد کەبتوانین بەبەلەمێکی خێرا لەماوەی هەفتەیکدا بگەینە دوورتـرین وڵات.

لەگەراجەکەشمدا کە لەناو باخی خانووەکەدابوو، ئەوماشێنەی لێ وەستابوو کە بـەکرێم گرتبـوو بۆ هاتوچۆکردنەکانم، بە کرێم گرتبـوو نـەمکڕیبوو، بۆئـەوەی لای هاوڕێکـانم ڕوون بێـت کـە مـن

نامـەوێت ماوەیـەکی زۆر لە(مصـر) بمێنمـەوە، بـەهۆی ئـەو ماشـێنەوە منو(دنیـا) دەچـووینە هۆڵەگەورەکانو بەدەوربەری قاهیرەدا دەسوڕاینەوەو، پاشان دەگەڕاینـەوە(عین الشـمس)، کـە بە(مصر)ی نویێ ناویان دەبرد.
دوای دوو کاتژمێر لەچوونەدەرەوەم، جارێکی تر گەڕامەوە ماڵەکـەمو مۆڵـەتی هەفتەیـەکم دایـە خزمەتکارەکەو قاسەکەم کردەوەو کیسە باخەڵکەم پڕکرد لـەپارەو وێنـەی شـفرەی بێتەلـەکانم سـووتاندنو قلـە حەبێکیشـم لـە حەبـە سـپیەکان لەکاغەزێکـەوە پێچـاو بـەتێپێك لـەڕۆخی مێزەکەمدا، لەبەرخۆمەوە گوتم: ئەگەرهاتوو ئەوماوەیی کە من لێـرە نـیمو، نهێنیـەکانم ئاشـکرا بوون، ئەوا لەماڵەکەی خۆم چاوەڕێم دەکەن بۆئەوەی دەستگیرم بکەن، منیش کەدەگەڕێمـەوە بۆماڵەکەمو هەستم بەمەترسییەکی لەوجۆرە کرد، ئەوە هەوڵی ئەوەدەدەم خۆم لەمێزەکە نزیك بخەمەوەو حەبە سپیەکە قوت بدەمو دوای چەند خولەکێك (ئـارام ئـەنوین) دەچـێتە جیهـانێکی تـرەوەو (مصـر)ییەکان نـاتوانن سـوود لەنهێنیـەکانی وەربگـرن، بـەم پێیـە دەرگاکـانی قاسـەو ماڵەکەم داخستو بەرەو فڕۆکەخانە بەڕێ کەوتم، سەرکردایەتی (مصر) ڕادارێکیان دەستنیشان کردبوو بۆئەوەی بۆهێزی ئاسمانی بکڕن، ئەویش هـەمان ئـەو ڕادارەبـوو کەچـەند سـاڵێك پـێش ئێسـتا لەسـەر سـنووری تورکیـاو یەکیـەتی سـۆڤیەت دانرابـوو، چـونکە بەریتانیـەکان دوای کشـانەوەیان لە(مصـر) تـەنها ڕادارە ناوخۆییـەکانیان جێهێشـتبوو، یەکیـەتی سـۆڤیەتیش ئامادەنەبوو ئامێرێکی ڕاداری نوێ بە(مصر) بفرۆشێت، بەبیانوی ئەوەی (مصـر)ییەکان توانـای ئەوەیان نیە بەکاری بێنن، لەلایـەکی تریشـەوە تورکیـا پێویسـتی بـەو ڕادارە نـەمابوو، لـەدوای ئـەوەی تـۆڕێکی ڕاداری نـوێی لەسـەر سـنوورەکەی دانـابوو بـەهاوکاری ولاَتـانی بەشـداربووی پـەیمانی بەغـدا، بۆیـە ئـەو ڕادارە کۆنـە تورکیـە پێداویسـتی (مصـر)ی جێبـەحێ دەکـرد، بـۆ تەواوکردنی پشتێنەیەکی ڕادار بەدەوری کەناڵی سوەیسو دەلتای نیلدا.
پێش فڕینی فڕۆکەکە بەکاتێکی کەم گەیشتمە فرۆکەخانـە، بـەدوای منیشـدا ماشـێنێکی تـریش گەیشـت، بازرگـانێکی قەڵـەو لەماشـێنەکە دابـەزیو بلیتێکـی بـۆ تورکیـا بـڕی، هـەردووکمان بەیەکەوە سواری فڕۆکەکەبووینو لەشـوێنە دیاریکراوەکـانی خۆمـان دانیشـتین، دوای ماوەیـەك هەسـتم کـرد بـەوەی ئـەوپیاوە قەڵـەوە وەك سـێبەرێك دانـراوە بۆئـەوەی چـاودێری مـن بکـات

لەگەشتەکەمدا بۆ تورکیا، هەتا دەگەڕێمەوە (مصر)، منیش پێشتر نامەیەکم لە(زیجفریـدلاها)ی بریکارەکەم پێگەیشتبوو لەسویسرا، کەبەئەندازەی چاوی مێشێك دەبوو، لـەژێر پـولی نامەکـەدا دانرابـوو، دوای گـەورەکردنی نامەکـەو لێکدانـەوەی شـفرەکەی، بـۆم دەرکـەوت کـەداواکرام سەردانی ئیسرائیل بکەم، بۆیە واپێویست بوو من لەتورکیاوە یەکسەر بچم بۆ ئیسرائیل.

## لیوا(محمد نجیب)
## 3 ی ئابی 1956

کەگەیشتمە تورکیا، کچێکی برادەری خۆم دۆزیەوەو لەگەڵ خۆمدا هێنام بۆ میوانخانەکە بۆئەوەی لەگەڵمدا بمێنێتەوە، پیاوەقەڵەوەکە بەبەردەوامی چاودێری دەرگای ئەو ژوورەی دەکرد کە من لێی دابەزیبووم، منیش دەبوو هەر ئەوکاتە سەفەرم کردبا بۆ ئیسرائیل، بۆیە بەشێوازێك خۆم دزیەوەو لەژوورەکە چوومەدەرەوە.

کەگەیشتمە ئیسرائیل، چاوم بە بەرپرسێك کەوت، بەرانبەرم دەستی کرد بەقسەکردنو بۆماوەی 15خولەك بەردەوام بوو، گوێم بۆهەموو وشەکانی شل کردبوو، هەستم دەکرد کە دابڕاومو تەنهایی بەتەوای باڵی بەسەردا کێشاوم، بیرم دەکردەوە چۆن (فیشلێ بالأبەرز)ی مامۆستام کۆچی دوایی کردبوو، پیاوە گرگنەکانیش شوێنی ئەویان گرتۆتەوە، ئەوپیاوەش لەقسەکانی بەردەوام بوو، هەموو جارێك هەمان بابەتی دووبارە دەکردەوەو قسەکانی تێك هەڵدەشێلان، باسی ڕەوشتو تایبەتمەندیەکانی خۆی دەکرد، وەکو بڵێی سەرەتا قەناعەت بەخۆی بێنێت ئینجا بەمن.

گوتی: ئێشکگری (لەناو مصریەکاندا) زۆر لاوازە، زۆر بەئاسانی دەتوانیت نامەیەکی بچووك بگەیەنیتە دەستی (محمد نجیب).

منیش وەڵامم دایەوە: باش دەزانم، چونکە من تۆم ئاگادارکردۆتەوە لەسەر لاوازی باری ئێشك گری.

ئەویش گوتی: ڕاستدەکەی، بۆتۆ واباشترە بۆئەوەی بەئاسانی بگەی بە(محمد نجیب).

منیش بڕیارمدا سنوورێك بۆقسەکانی دابنێم، من لەپێناوی ئەوقسانەدا نەهاتووم بۆ ئێرە، خۆم خستۆتە مەترسییەوە لە(مصر)ەوە چووم بۆ تورکیاو لەوێشەوە بەدزیەوە هاتووم بۆ ئیسرائیل.

گوتم : من وا بەئاسانی ناتوانم بیبینم، ئەوەی لەهەمووشی گرنگترە ئەوەیە کەهەموو ئەو سەرکەوتنانەی لەماوەی دووساڵی ڕابردوودا بەدەستم هێناون، نایانکەمە قوربانی لەپێناوی کارێکی بێ مانای لەوجۆرە.

لەودەمـەدا ئـەوەم هاتـەوەبیر کە(فیشـڵ) دەیگـوت: ئەگـەر لێپرسـراوەکانت کـارێکی لاوەکـی ناگرنگیان بەسەردا سەپاندی، دواکەیان بەتوندی رەتکەوە، ئەگەر فشاریشـیان خسـتە سـەرت، ئەوا داوای دیداری من بکە، ئەگەر منیش ئامادەنەبووم، ڕاستەوخۆ داوای دیـدەنی بەڕێوەبـەری موخابەرات بکەو هەموو شتێکی لەوبارەیەوە پێڕابگەیەنە.

بەلاّم ئێستا (فیشڵ) لەژیاندا نەماوەو بەڕێوەبەری موخابەراتیش بۆخـۆی داوای جێبـەجێکردنی ئەوبۆچوونە تێکدەرە دەکات.

ئەوپیاوە کە(جێگری بەڕێوەبەری موخابەرتی ئیسرائیلی)بوو: گوتی: ئێمە دیاری دەکەین ئـاخۆ ئەوکردارە بێ مانایە یا نا، ...و...منیش لەجیاتی ئەو قسەکانم تەواو کردو گوتم: لەوانەیـە ئـەو دەسەلاّتە لەدەستی ئێوە دابێت، بەلاّم بەپێویستی سەرشانی خـۆمی دەزانم کـارێکی لـەوجۆرە ئەنجام نەدەم، ماوەیەك پێش ئێستا لەقاهیرە هەڵدەستاین بەهەندێك کاروباری هـەواڵگری، بـێ گومان دەشزانین ئەنجامەکـەی چـۆنبوو، بەڕاشـکاوانە دەمـەوێت پێتبڵـێم ئەگـەر ئێـوە سـوربن لەسەرئەوەی من ئەوکارە ئەنجام بدەم، ئەوە مانای ئەوەدەیەنێت کەئێوە لە من زیاتر کەسێکی ڕاستگۆتان نیە پشتی پێ ببەستن لەقاهیرە. جابۆیە پێویسـت ناکـات مـن لـەپێناوی ئـەوکارەدا خۆم بخەمە مەترسییەوەو، جارێکی تریش دەڵێم: کارێکی بێ مانا.

ئەویش وەلاّمیدامەوە: باشە، ئێستا بچوو بۆ ژوورەکـەت، بـەیانی وەرەوە لێـرە بـەئامادەبوونی بەڕێوەبەری موخابەرات چاومان بەیەکتری دەکەوێت.

گـوتم: ژوورم نیـەو، بـەیانیش نـاتوانم بتـانبینم، پێشـتر پێمگـوتی کـە جاسوسـە (مصـر)ییەکە چاودێری دەرگای ژوورەکەم دەکات لەتورکیا، دوای ئەوەی کە لەژوورەکـە خـۆم دزیـەوە بـەبێ ئەوەی کـەس بمبینێـت، بۆیـە پێویسـتە بگەڕێمـەوە پـێش ئـەوەی ئاشـکرابێت کەئیمشـەو مـن لەژوورەکـە نـەبووم، بۆیـە دەگەڕێمـەوە بۆتورکیـا بـەهۆی ئـەو فڕۆکەیـەی کـەدوای نیوەشـەو گەشـتەکەی دەسـتپێدەکات، دەچـمەوە ژوورەکـەم بـەبێ ئـەوەی کـەس هەسـتم پێبکـات، بـۆ بـەیانیش لەگـەڵ کچـەکەی هاوڕێمـدا دەچـینەدەرەوە وەکوئـەوەی کەشـەو هـەر لەیـەکتری جیانەبووینـەوە، بۆئـەوەی جاسوسـەکە جـارێکی تـر بکەوێتـەوە دوامـان، پیـاوە جاسوسـەکە وادەزانێت ئێستا مـن لەژوورەکـەم لەگـەڵ هـاوڕێ کچـەکەم خـەریکی دەسـت لـەملانێین، پـێش

دەرچوونم لەژوورەکە کچەکەشم ئاگادارکردەوە کەدەبێت بەنهێنییەوە بڕۆمە دەرەوەو کەس پێنەزانێتو، ئەویش لەناو ڕووناکی ژوورەکەدا دەستی بخاتە سەرسەری ئەو پەیکەرەی کە لەژوورەکەدابوو، بۆئەوەی جاسوسەکە وای لێکداتەوە کەکچەکە لەگەڵ سەری مندا دەستبازی دەکات، جا بەڕێزتان ئەو هەنگاوەتان پێ چۆنە؟

ئەویش وەڵامیدامەوە: من وای دەبینم هەموو ئەوشتانەی باستکردن گرنگییەکی ئەوتۆیان نەبێت، لەلایەکی تریشەوە ئەوکارەی کە من پێت دەسپێرم پەیوەندییەکی زۆری هەیە بەئەرکە سەرەکیەکەی تۆ لەقاهیرە.

منیش بە ڕقەوە گوتم: کاری سەرەکی من لەقاهیرە ئەوەیە کەپەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ گەورە سەرکردەکانی هێزی ئاسمانی (مصر)ی پەیدابکەمو، لەوڕێگەیەوە هەموو ڕاپۆرتو زانیاریە پێویستەکانتان بۆ بنێرم، ئەوە هەموو ئیشەکەی منە، ئەرکێکە گەورەو قورسە بەسەرشانمەوە، لەهەمان کاتدا هیچ بارگرانییەك ناخاتە سەر ئێوە، گێڕانەوەی ژەنەڕاڵ(محمد نەجیب) بۆسەر کورسی دەسەڵات، تییڕوانینێکی هەڵەیە، چونکە ئەوپیاوە بۆخۆی توانای نەماوە، (محمد نجیب) هەر لەسەرەتاوە هەتا ئێستاش گەمەیەك بوو بەدەست ئەفسارنی شۆڕشەوە، تەنانەت نەشیزانیوە کەی شۆڕشەکە دەستپێدەکات، ئەفسەرانی شۆڕش هەرئەوەندە پێویستیان بەو هەبوو وەکو باوکێك دەستنیشانی بکەن، ئایا تۆدەزانی کێ(محمد نجیب)ی ئاگادارکردەوە بە هەڵگیرسانی شۆڕشو سەرکەوتنی شەوی بیستوسێی یولیو؟ ئینگلیزەکان بوون ئاگاداریان کردەوەو هێنایانەوە، بۆئەوەی هەڵپەو ئارەزووی ئەفسەرەکان دامرکێنێتەوە، ئێستاش ئەو لەماڵەکەیدا دەستبەسەرە لەژێر چاودێری پاسەوانەکانی دایە، تەنها وەکو توتییەکی فودراو وایە، جا ئایا فەرەنسیەکان هەوڵ دەدەن کەسێکی ئاوا بگەڕێننەوە بۆ دەسەڵات؟ پاسەوانەکانی دەیکوژن پێش ئەوەی هیچ هەوڵێك بدرێت بۆ ئازادکردنی، با وای دانێین ئێوە توانیتان ئازادی بکەن، ئەوپیاوە تەنها وەکو گەمەیەك وایە، بەڵکو گەمەیەکە لەپووش دروستکراوە، من هیچ هەوڵێك نادەم بۆئەوەی پەیوەندی پێوەبکەم، من کارێکی بێ بەرنامە ناکەم، ببێتە هۆی ئەوەی هەموو پێشکەوتنو سەرکەوتنەکانم تێداچن لەپێناوی بیرۆکەیەکی شێتانە.

لەتەمەنمدا ئەوە درێژترین وتاربوو خوێندمـەوە، کەتیایـدا زۆر ڕقـم هەسـتاو، یەکـەم جـارم بـوو بەدەستم لەمێزەکەی بەردەمم ڕاکێشم، سالأنێکی دوورو درێژە من بـەهۆی پیشـەکەمەوە تـەنها گویٚ دەگرمو قسەناکەم، بەلأم ئەوشەوە وام هەست بەخۆم دەکرد کە بەربەستێکی گەورە هەیە لەنێوان منو ڕابردووەکەمدا، وام هەست بەخۆم دەکرد کە من کەسێکی بێگانەم لەناو نیشتمانی دایکدا، لەوهەموو سالأنەشدا کە دوورکەوتوومەوە، لەوڕۆژەوە کە(فیشـلٚ) (روشـی) هێنایـە سـەر پێخەفەکەم، ئەویش (نعومی) کچەهاوڕیٚ دووگیانەکەمی هێنا، بۆئەوەی بمبینێت کە مـن لەگـەلٚ ئافرەتێکی تردا دەخەوم، لەوڕۆژەوە بەپەلەم بۆئەوەی بگەڕێمەوە ئەو ولأتەی کە بەبەردەوامی ترس باوەشم لێدەدات، بەلأم هەرچەندم دەکرد نەمدەتوانی ڕق لە(فیشـلٚ)دابگرم، لەبەرئـەوەی (فیشلٚ) زۆر لەوشتانە گەورەتربوو.

یاریدەدەری بەڕێوەبەری موخابەرات دەستی کرد بەقسەو چووە ناو ناخی بابەتەکـەوەو گـوتی: زۆرمـان بـەلاوە گرنگـە زانیـاری تـەواومان هـەبێت لەسـەر سـوپای (مصـر) لـەبیابانی (سـینا)و لەفڕۆکەخانـەکان، جـۆری چـەكو جـۆری فڕۆکـەکان، ئەگـەر دەتوانیـت ئەوانـەت بـەوردەکاری دەستکەوێت، لەهەمووشی گرنکتر ئەوەیە نەخشەی سەربازگەو پێگە سەربازیەکانو ڕێگـەوبانو ناوچە سەختەکانمان دەسکەوێتو، بزانین پلانی ستراتیجی (مصر) چییە لـەکاتی هەلٚگیرسـانی شەڕ لە(سینا).

ئـەوپیاوە خـەریکبوو شـێتی دەکـردم، داوای شـتێکم لێـدەکات کەچـەند هەفتەیـەك پێشـتر لە(مصر)ەوە هەموو ئەو زانیاریانەم بۆ ناردووە، ئەوپیاوە دەبێت تووشی چی بووبێت؟

بەورياييەوە پێمگوت: دەربارەی فڕۆکەخانەکان زانیاری تـەواوم بـۆ نـاردوون، بـەلأم دەربـارەی جۆری فڕۆکەکان لە(سینا)، ئەوە لەچەند فڕۆکەیەکی کۆنی بارهـەلٚگر زیـاتر هـیچ فڕۆکـەی تـری لێنیە، هەروەها ناوی هەموو ئەوشـوێنانەم پێڕاگەیانـدوون کـەهێزی ئاسمـانی (مصـر)یان لێیـە، بیروڕای خۆشم بەتەواوی بۆ دەربڕیـون لەسـەر تێکـڕای هێـزی ئاسمـانی (مصـر)ی، گوتووشمـە (مصـر)ییەکان خـاوەنی شـتێکی ڕاسـتەقینە نـین بـەناوی هێـزی ئاسمانییـەوە، لەوقۆناغـەی ئێستاشدا ئەو چەکە چیکیانەی کەکڕیویانن بۆتە بارێکی قورس بەسەریانەوە، دەربارەی پلانـی سـتراتیجی سـوپای (مصـر)یش، ئاگـادارم کردوونـەوەو گتومـە کەسـوپای (مصـر) بەتـەواوی

لەسـنوورەکان خـۆی داکوتـاوەو، هێـزی ئاسمـانیش لـەدوورەوە بـەهۆی فڕۆکـەی مێکـەوە پارێزگاریان لێدەکات، بەلاَم تەنها دوو پـۆل فڕۆکـەیان هەیـە کەبەتـەواوی لەئامادەباشـی دابـن، پۆلێکیان لەفڕۆکەخانەی (کبریـت)، ئـەوەی تریشـیان لـە(ابو الصـوير)، بـەپێی تێڕوانینـی مـنو زۆربەی شارەزایانی هێزی ئاسمـانی، فڕۆکـەی مێـك(15) بەکـەڵکی ئـەوجۆرە کردارانـە نایـەت، لەبەرئەوەی ئەو فڕۆکەیە تایبەتە بەشەڕکردن لەگەڵ فڕۆکە بۆمب هاوێژەکان، ئەو چەکانەی کـە هەڵیشـیان دەگرێـت زۆر بـەهێزنین، بۆیـە فڕۆکەوانـەکان ناچـاردەبن بـەنزمی بفـڕن بۆئـەوەی لەنزیکەوە ئامانجەکانیان بپێکن، توانـای هـەڵگرتنی برێکـی کەمیشـیان هەیـە لەتەقەمـەنی، زۆر کەموکورتیشـیان هەیـە لـەئامێرە ئەلکترۆنیەکانـدا، بەشـێوەیەك کاتێـك کەتووشـی شـەڕێکی ئاسمانی دەبێت، یان دەیەوێت نیشانەیەك لەسەر زەوی بکاتـە ئامـانج، فڕۆکەوانەکـە سـەرقاڵی ئاراستەی فڕۆکەکە دەبێت، بۆیە تێگرتنی فیشەکەکان ئامانجەکانی خۆیان نـاپێکن، بـەتێکڕایی مـن وای لێکدەدەمـەوە هـەتا ئێسـتا (مصـر)ییەکان لـە ئامادەباشـیدانین بـۆ چـوونە نـاو هـیچ جەنگێکی ڕاستەقینەوە.

جـا کـە لەقسـەکانم بوومـەوە، پێیگـوتم: موخابـەرات ڕازی نابێـت بـەو بیروبۆچـونانەی تـۆ، شـارەزایانیش دەڵـێن: سـوپای (مصـر) لە(سـينا) مەترسـییەکی گـەورە لەسـەر ئێمـە دروسـت دەکات، بۆیە دەمانەوێت ئامێرێکی پەیوەندیکردن لەگەڵ خۆت بەریت بۆ (مصر)، کـەی بارەکـە ئاڵۆزبوو هەفتانە چەند پەیوەندییەکت پێوەدەکەین.

ماوەی کاتژمێرێك زیاتر خەریکی فێربوونی ئامێرە بـێ تەلەکـەبووم، بۆیـە فریـای ئـەو فڕۆکەیـە نەکەوتم کەدەگەڕایەوە بۆ تورکیـا، زۆریشـم بـیر لـەوە دەکـردەوە چـۆن ئـەو ئـامێرە بگەیەنمـە (مصـر)، هەرچـەندە ئامێرەکـە لەچـاو هێـزی پەخشـەکەیدا زۆر بچـووك بـوو، بـەلاَم هـەموو پارچەکانی جانتایەکیان پڕ دەکرد.

بەدڵنیاییەوە (فیشلێ) لەکاتی خۆیدا پێشـبینی هـەموو ئەوشـتانەی کردبـوو، پێشـبینی ئـەوەی کردبوو کەڕۆژێك دێت فەرمانو ڕێوشوێنی نادروستم بەسەردا دەسەپێنرێت، بەلاَم (فیشلێ) ئـەوا ئێستا لەژیاندا نەماوەو ناتوانێت ڕێگری لەبەرپرسەکانم بکات لەسەر ویستی ئەوان کارێك ئەنجام بـدەم کەدەبێتـەهۆی لادانـی دەزگـای موخابـەرات لەسـەر ڕێچـکەکانی خـۆی لەهـەموو وڵاتـانی

جیهاندا، ئەگەر بێتو سەرۆکی ئەو دەزگایانە کەسانی دەوڵەمەندو ساویلکەبن، لەڕاستیشدا هەموو دەزگاکانی موخابەرات، بەوانەشەوە کە زۆر ساردوسڕن، بەهۆی بوونی سەرکردەی نەزانەوە دەکەونەبەر هەڕەشە.

بەوشێوەیە بەرپرسەکانی من دەیانویست هەست بەوەبکەن کەجاسوسێکیان هەیە لە(مصر)، بۆیە پێویستە ئامێرێکی بێ تەلی لەگەڵدابێت، واش پێدەچوو ئەو هۆکارە سادە نهێنیەی کەبەهۆی نامەکانمەوە لەڕێی بریکارەکەمەوە(زیجفر یدلاها) بۆم دەناردن، نەبووبێتە هۆی تێرکردنی ئارەزوو ویستەکانیانو وایان هەستکردووە کەمو کورتییەکیان هەیە.

بەلاَم لەگەلَ ئەوەشدا من ناحەقی ناگرم، کەپێی گوتم: هۆکاری پەیوەندی کردنەکە لەڕێی نامەکانی(زیجفر یدلاها) زۆر سادەیەو بەهۆکارێکی خێرا داناندرێت.

ئێستاش ئەوە سەعات دووی شەوە لەناو فرۆکەیەکدام لەڕێی قبرصەوە دەچێت بۆ تورکیا، جانتایەکم بەدەستەوەیە، ئەوەی کەتێیدایەتی، لەدیدەی زۆر خەڵکیدا لەپێکهاتەی (نیتروگلیسرین) ترسناکترە.

## بەقاچاغ بردنی ئامێرێکی بێ تەل

## 25ی ئابی 1956

فرۆکەخانەیەکی بچووك لەشاری (دمیاط) دەکەوێتە سەر کەناری دەریای ناوەڕاست لەبەری دەریاچەی(المنزلە)، کەگەورەترین زەلکاوی ناوچەی دەلتای نیلە، خاکێکی بەپیت دەوری ئەو دەریاچەیەی داوە، بەهۆی ئەو لیتەیەی کەڕووباری نیل لەدووری شەش هەزار کیلۆمەترەوە، لەشاخەکانی حەبەشەوە دەیهێنێت، پاشاوی ئاوی دەریای سپی ناوەڕاستیش لەگەڵ دەریاچەکە تێکەڵ دەبێتەوە، بێجگە لەماسیو باڵندەو ڕاوچیەکان هیچی تری تێدا ناژیەت، بەلاّم ئیمڕۆ بەیانی ڕێگە بەڕاوچیەکانیش نەدرا لەبەری ڕۆژئاوای دەریاچەکە نزیك ببنەوە کەفڕۆکەخانە بچووکەکەی لێیە، هەر ئیمڕۆ هەموو پیاوە گەورە ناسراوەکان گەیشتنە فرۆکەخانەکە، بۆپێشوازی کردن لە کەشتییەکی تورکی کەبەهۆی بەلەمێکی هەڵمییەوە ڕادەکێشرایە دەریاچەکەوە، لەنێوان ئەوکەسایەتیانەدا کەئامادەبوون لەپێشوازی کردنی کەشتیەکە، (محمد صدقی محمود) سەرکردەی هێزی ئاسمانیو، موقەدەم( جمال الدین محمود عفیفی) لەبەشی جموجۆڵی ئاسمانیو، (لبیب)ی هاوڕێم کەبەڕێوەبەری بەشی پاراستنی ئاسمانی بوو، هەردووك برادەرەکانی تریش کەپێشتر لەپاریسەوە دەمناسین مقەدەم (محمد مدکور ابوالعز)و، ڕائید(عبدالحمید عبدالسلام دغیری) ئامادەبوون، هەموو ئەوانە باڵادەست بوون بەسەر هێزی ئاسمانی (مصر)دا، ئێستاش بۆئەوە هاتوون پێشوازی لەو دیاریە بەنرخە بکەن کە لەتورکیاوە هێناومە، ئەویش ئامێرێکی ڕادارە، کەدەبێتە هۆی تەواوکاری پشتێنەی پاراستنی کەناڵی سوەیس بەڕووی داگیرکاری (ئەنگلو ـــ فەرەنسی)، کە وا چاوەڕوان دەکرا لەهەموو چرکە ساتێکدا هێرش بکەنە سەر (مصر).

چوار هەفتە لەتورکیا مامەوە بەدوای ڕادارەکەدا دەگەڕام، لەوماوەیەشدا بەقاچاغ هەندێك چەکی ئۆتۆماتیکیم ڕەوانەی چیاکانی کوردستان کرد.

پیاوە قەڵەوە جاسوسەکەش، بەدڵنیاییەوە ڕاپۆرتێکی وەها پێشکەش دەکات کە لەبەرژەوەندی من نیە، بەهۆی ئەوەی چەکم ناردووە بۆ کوردستانو، ئەوەش دەخاتە ڕوو کە من زۆر مەیلی ئافرەتو ماڵوسامان دەکەم.

من دووربووم لەوڵاتەکەی خۆمەوە، بۆیە زۆربەی کاتەکە لەشارێکی گەورەدا دەسوڕامەوە، ئەومافەم بەخۆم دابوو بەشێوەیەکی وەها دەرکەوم مەیلو خۆشەویستی شتە جوانو بەلەزەتەکانی ئەم جیهانە دەکەم، پارە لەبن دەستمدا وەکو ئاوی ڕووباری نیل دەڕۆیشت، ئەو ڕووبارە نیلەی کەکۆتایی بەئاوەکەی نایەت، هەر کچێکی ناودار لەئەنقەرە، کەخاوەن ڕێزبوبێت، بەمافی خۆی دەزانی بەشداربێت لە بەهەدردانی پارەوپوڵەکەی من، بەڵام ئێستا هەموو ئەوشتانەم جێهێشتن و لەسەر پشتی کەشتی (1/ق) ئەنازۆلیا)، بەنەرمی چاوم بڕیوەتە ئەو ئاوە شینەی دەریا، کە هەتا لەکەنارەکان نزیك ببینەوە شینیەکەی کەمتر دەبێتەوە، بەهۆی ئەوەی ساڵانە بەملیون تەن لیتەی ڕووبارەکە دەڕژێتە ناودەریاکەوە.

کەشتییەکە لەشوێنی گیرسانەوەکەی نزیك دەبۆوەو، منیش بەدەستەکانم وەڵامی خۆشحاڵی برادەرەکانم دەدایەوە کە لەسەر سەکۆیەکەوە هەستوسۆزی خۆیان دەردەبڕی، لەخۆشی گەیشتنی ڕادارەکە.

کە کەشتیەکە وەستا، دابەزیمە سەر سەکۆکەو لەگەڵ هاوڕێکانم هەواڵی یەکتریمان پرسیو، لەهەموویان گەرموگوڕتر (لبیب)ی برادەرم بوو کەگوتی: ئەی ئەنوەر بەگ، تۆ بەردەوام لەتەنگەبەریەکاندا لەگەڵ ئێمەدای، تۆ هاوڕێیەکی کۆمکاری (مصر)ی عەرەبی، منیش لەپی دەستەکانم لەسەر شانەکانی داناو بەپێکەنینەوە پیمگوت: ئەی بیلبیلەی چاوم (محمد لبیب)، پشت بەبرادەری وەکو من مەبەستە، من هەمووکاتێك لەئامادەباشیدام بۆئەوەی بتفرۆشم لەبەرانبەر مامەڵەیەکی گەورەی چەکدا، ئەوانەی لەوێبوون هەموویان پێکەنین، تەنها (محمد مدکور ابوالعز)نەبێت، کەبەدرێژایی کاتەکە گرژومۆن بوو، (11)ساڵ دواتر کەهەموویان بێجگە لە(ابوالعز) بران بۆ زیندانی سەربازی، لەماوەی ئەو یازدە ساڵەدا ئەوەندەیان کات لەبەردەستدابوو هەتا لەقسەکەی من تێگەیشتبان، بەڵام ئەوانیش وەکو زۆرینەی خەڵکی گوێیان نەدایە ئەو هۆشدارییەی کە من پێمڕاگەیاندبوون.

هەموومان بەدەنگێکی بەرز پێدەکەنین، (محمد صدقی محمود)یش گوتی: دوای ئەوەی هەموو ئامادەکاریەکانت تەواودەکەیت، دەبیت بەمیوانی من، دەچینە دەرەوە بۆ (بالقی)، شوێنێکی

خۆشـی گەشـتوگوزارە لـەڕۆژئاوای ئەسـکەندەرییە، مۆڵـەتێکی ژیـانو خۆشەویسـتیو لـەزەت دەدەین بەکچانی ئەسکەندەرییە.

جارێکی تریش هەمووممان لەقاقای پێکەنینمان دایـەوە، تـەنها (ابوالعز)نـەبێت، وایلێهـات ترسـە کۆنـەکانم لەئاسـتیدا سـەریان هەڵدەدایـەوە، لـەدڵی خۆمـدا بڕیارمـدا ڕێگەچـارەیەك بدۆزمـەوە بۆئـەوەی دووری بخەمـەوە، لـەدەزگای ناوەنـدی بڕیـاری کاروبـاری هێـزی ئاسمـانی لایبـەرم، دەشمزانی کەهێزی ئاسمانی (مصر)ی بەبێ (ابوالعز)یش توانای پێشکەوتنی هەیە.

ئـەو سـندوقانەی کـە پارچـەی ڕادارە بەنرخەکـەیان تێـدابوو، هـەموویان بەوریاییـەوە لەسـەر کەشتیەکەوە دابەزێنرانە سـەر سـەکۆکە، یـەکێك لەوسـندوقانە پێویسـتی بەوەنـەبوو بـەوریایی دابگیرێتە خوارەوە، بەخەتێکی گەورە لەسەری نووسرابوو: (ئەنوەر ــ تایبـەت ـــ عـین الشـمس ــ مصر)، بەم پێیە صندوقەکەو جانتا پـڕ لەجلـەکانم لـە ماشـێنێك بـارکرانو، شۆفێرەکەشـیان ڕاسپارد ئەو کەلوپەلانە بگەیەنێتە دەرگای ماڵەکەمو، لەوێ چاوەڕێکات تا دەگەمـەوە ماڵـەوە، منیش لەگـەڵ (صـدقی محمـود) بـە ماشـێنەکەی ئـەو گەڕاینـەوە بۆماڵـەوە، هـەر کەسـەرکەوتم هەناسـەیەکم هاتەوەبـەر، بەدرێـژایی ڕێگاکەش(صـدقی محمـود) باسـی ئەگـەری هێرشـێکی چاوەڕوان کراوی دەکرد بۆسەر (مصر)، (مصر)یش کەناڵی سوێسی خۆماڵی کردبوو، بەریتانیاو فەرەنساش دەیانویست بـەزەبری چـەك بیگەڕێننـەوە ژێـر دەسـتی خۆیـان، بـەهۆی هێرشـێکی بەرنامەبۆدانـدراو بەبەشـداری هێـزی پیـادەو زرێپۆشـەکان لـەلیبیاوە، لەگـەڵ هێـزی دەریـایی لەقبرصەوە، هیچ شتێکیشی دەربارەی ئیسرائیلی دوژمنەکەیان باس نەکرد.

بەیارمـەتی شـۆفێرو یاریـدەری ماشـێنەکە، صـندوقەکەمان بـردە ژوورەوە، لـەوێ سـندوقەکەم هەڵپچڕیو چەند شوشە وێسکییەکم لەبەشی سەروەیدا دانابوو، کەوتمـە دابەشـکردنی وێسـکی، هەرچی لەوێ بوو شووشەیەکم دایە، هەرچەندە هەندێکیشیان وایان نیشاندەدا کەپێویسـت بـەو زەحمەتـە ناکـات، جـا کەهـەموویان ڕۆیشـتن، سـندوقەکەم بەتـەواوی لێـك هەڵوەشـاند، چـەند کارتۆنێـك بەدەرکـەوتن کـەکارتۆنی وێسـکی بـوون، نـاوی ئـەو کۆمپانیایـەی لەسـەربوو کەوێسـکیەکەی بەرهـەم هێنـابوو، وێنـەی پیـاوێکی سکۆتلەندیشـی لەسـەربوو بەتەنـدوورە ئاساییەکەیەوە لەسەمادابوو لەسەر ئاوازی جوزەرە لێدان.

هەموو دەرگاکانم داخستن، کارتۆنەکانم بردن بـۆژووری چێشـتخانەکە، کارتۆنێکیـانم هەڵپچـری، نیشانەیەکی تایبەتی لەسەربوو، ئەوەی لەناوی دابوو دەرمهێنا، بریتی بوو لەئامێرێکی بێ تەل، لەسـەر شـەپۆلی کـورت زۆر بـەهێز کـاری دەکـرد، وردە شـتەکانی تـرو ئـاریێلێکی هەواییشـی لەگەڵدابوو، دەتوانرا لەژوورەکەدا هەڵبواسرێت.

ئینجا چوم قاسەی ناو دیوارەکەم کردەوە، چاوم پێداگێڕا بـۆم دەرکـەوت ئەوکاتـەی مـن لێـرە نەبووم دەستێکی تێـوەردراوە، بـەلاَم قاسـەکەی ژێـرەوە کـەس بەلایـدا نەچـووبوو، کردمـەوەو ئـامێری بـێ تـەلو کەلوپەلـەکانم تێهاویشـتو دامخسـتەوەو هاتمـە سـەر جێگاکـەم پاڵکـەوتم، لـەماوەی ئـەو دووسـاڵەدا ڕێگایـەکی دوورودرێـژم بـڕیو زۆریـش مانـدووبووم، خـەوم لێکـەوت، لەخەونمـدا جەنـەڕان (محمـد نجیـب)م دیـت، لەسـەر دیـواری حەوشـەی ماڵەکەیـەوە کـە لێـی دەستبەسەر کرابوو، هانای بۆمن دێناو دەستی بۆدرێژکردم، وام بینی کەیشتبووە ئـەوباوەڕەی ئـەوە دوا هەلـە بۆئـەوەی لەزیندانەکـەی ڕابکـاتو بگاتـەوە سـەرکردایەتی شـۆڕشو، شـۆڕەکە بگەیەنێتـەوە ئەوشـوێنەی کـە لەڕێگەڕاسـتەکەی لادراوە، لەخەونەکەشمـدا وام بینـی کـە ئـەو هەستی بـەوەدەکرد مـن دەسـتی یارمـەتی بـۆ درێـژ ناکـەم، ماندوویـەتی پێوەدیـاربوو، بـەرەو پشـتەوە دەخلیسـکاو بـەربۆوە نـاو باخچـەی ماڵەکەیـەوە، منـیش نـەمتوانی هـیچ بکـەم، هەرلەخەونەکەمدا لەوخانوەی جیرانی ماڵی (محمد نجیب)، (فیشڵ باڵأبەرز)و کۆلۆنێل( ابوالعز)م بینین چاوەڕێی منیان دەکرد، بینینی ئەو دووانەم بەیەکەوە لەلا سەیر نەبوو، هیچ کامێکیشیان خۆی لەوەی تریان نەدەشـاردەوە، ئـەویش لەبەرئـەوەی هـەردووکیان یـەك ئامانجیـان هـەبوو، کەبەهەموو هێزو توانایەکیانەوە (ئارام ئەنوێر) بەرەو پێشەوە بەرن.

لەخەوەکەم بەخەبەرهاتم، لەکاتێکدا دەستم لەسەر سمتەکانی (دنیا) بوو، جـا کـە هەسـتامەوە پێمگوت: وەرە بالێرە ڕاکەین، بچینە سـەیرانگای (بـالقی)، چـونکە (صـدقی محمـود) بـەخۆیو هەموو کچە جوانەکانی ئەسکەندەرییەوە لەوێ چاوەڕێمان دەکات.

## تەڵە

## 8 ی تشرینی یەکەمی 1956

ڕێگەی نێوان قاهیرەو ئەسوان بەتـەواوی چاك‌و فـراوان كـرا، كـاتێكی زۆری خایانـد، لـەهاوینی سـاڵی (1955)ەوە دەسـت بەكارەكـە كرابـوو، هەرهـەمان كـاتیش بیرۆكـەی دروسـتكردنی بەربەستی(سد العالی) هاتەئاراوە، دروستكردنی ئەو بەربەستە دەبێتەهۆی ئەوەی ڕێژەی ئـاوی عەمباركراو لەڕووباری نیلـەوە ( 25 كەرەت)لـەجاران زیاتربێـت، بەدڵنیاییشـەوە دروسـتكردنی بەربەستەكە كاتێكی زۆر دەخایـەنێت، كـاركردنیش تیایـدا پێویسـتی بـەوە هەیـە هاتوچـۆیەكی بـەردەوام هـەبێت لـەنێوان شـوێنی بەربەسـتەكەو قـاهیرەدا، لەبـەر ئەوهۆیـە ڕێگەكـە نـۆژەن كرایـەوەو پاشـانیش فـراوان كـرا، ئێسـتا كەسـاڵی (1955)ە، ڕێگەكـە هـەتا شـاری (قـەنا) تەواوبووە، جالەوێوە لەگەڵ ڕووباری نیل ئاراستەكەی دەگۆڕێت ڕووەو ڕۆژئاوا بەرەو (الاقصر)، ئینجـا ڕاسـت دەبێتـەوەو بیابانەكـەی باشـوور دەبڕێـت بـەرەو ئەسـوانو، لەوێشـەوە بـۆ هێڵـی كەمەرەی زەوی.

ئەوماشێنە گەورە شۆفرلێتەی كە بەكارم دەهێنـا، هـەمان جـۆری ئـەو ماشـێنەبوو كـە سـەرۆك جەمال عبدالناصر بەكاری دەهێنا، زۆر بـەخێرایی هـەموو ڕێگەوبانـەكانی قـوت دەدان، دەنگـی بزوێنەرەكەی لەگەڵ دەنگی لێكخشانی تایەكانی بەسەر شەقامەكاندا تێكەڵ بەیەكتری دەبوون، ئێمـە بـەرەو باشـوور دەڕۆیشـتین لەناوچـەیەكی كشـتوكاڵیدا، كەچـەندین ئاوبـارەی تایبـەتی تێدابوون بۆئاودێری، حكومەتی (مصر)ی بۆخۆی سەرپەرشتی دەكرد، بەسەر دەیـان پردیشـدا تێپەڕین لەسەر ئەو ئاوبارانە دروستكرابوون، جووتیارەكانیش بڵاوببوونەوە لەناو كشتوكاڵەكاندا بەهۆی ئاوی نیلەوە ئاودێری كێڵگەكانی لۆكەو برنجیان دەكرد، لەبەرخۆمەوە دەمگـوت: ئەگـەر سەرۆك عبدالناصر كاتەكەی خۆی تـەرخان كردبـا بەدروسـتكردنی بەنداوی(سـد العـالی)و، ئـەو هــەموو پارەیەشــی بەفڕۆكــەی نەفاســە نــەدابا، ئــەوا وڵاتەكــەی بەتــەواوی دەبوژایــەوەو پێشـدەكەوت، ئەوسـا بـۆ ئەنـدازیارە ئیسـرائیلیەكانیش دەگونجـا پـڕۆژە پیشەسـازیە گـەورەو بچـووكەكەكان لـەو وڵاتـەدا دانـێن، ئـەو بیركردنەوەیـەم كۆتـایی پێهـات، بەباشـیش هەسـتم بەهەڵەیەكی گەورەی (مصر)ییەكان كرد، بەڵام هۆی بچڕانی بیركردنەوەكەم (صوفی)بوو.

(صوفی یاسمین)... کچەجوانە قیبتیەکە، کەماوەی مانگێکە هەموو ڕۆژێك چەند کاتژمێکی لەگەڵدا بەسەر دەبەم، ئەو ڕۆژانەش کەنەتوانم ببینم، وا هەست دەکەم مەیلو ئارەزووم بۆدیدارەکەی دەبێتە نەخۆشییەکی ڕاستەقینەو هەموو لەشم دادەگرێت.
(یەکەمجار)لەئاهەنگی یانەی (الجزیرە) بینیم، کەگەورەترین یانەی ئەفسەرەکانەو، لەناو دورگەیەك دایە لەناوەڕاستی نیل بەرانبەر قاهیرە، ئێستاش لەبیرمە ڕۆژی (10)ی مانگی سبتمبەر (صالح عبدالنبی) لەو یانەیە بەیەکتری ناساندین، ئەوکاتە دوو هەفتەبوو گەڕابوومەوە لەتورکیاو، ڕادارو چەکە دژە ئاسمانیەکانم لەگەڵ خۆم هێنابوون کە لەتورکیا کڕیبوومن، ئەوکاتە قاهیرە لەبارێکی چاوەڕوانیدابوو ئاخۆ کەیو لەکوێ یەکەم گورزی لێدەدەن، هیچ بەربرسێك بەرنامەیەکی بۆ کاردانەوەی هێزەکانی دانەنابوو لەکاتی گورزلێدانەکەدا، چونکە نەیدەزانی گورزەگە چۆنەوە لەچ کاتێكو لەکام شوێندا لێدەدرێت، بۆیە نەیاندەزانی چۆن خۆیان بۆ کاردانەوەکەی ئامادەکەن، هەموویان وایان هەستدەکرد کەدوای لێدانی گورزەکە ئینجا ئەوان دەتوانن کاردانەوەکانی خۆیان دیاری بکەن.
ئەو گەلەی کە سەدان نەوەی بەدوای یەکدا لەناو قوڕولیتەی ڕووباری نیل دایە، سەربازە سادەو ساویلکەکانیشی کاتێ کەفەرمانیان پێدەکرێت یەکسەر دەکەونە شەڕەوە، ئەو ئەفسەرانەش کەچەندین ساڵ ڕاهێنانیان پێکراوە، کەبۆیان ڕوون دەبێتەوە داگیرکەر لەکوێوە بۆیان دێت، هەموویان تێکڕا دەچنەناو شەڕەکەوە، زۆرینەیەکیش لەخەڵکی قاهیرە هەستیان بەبێ هیوایی دەکردو، وایان دەزانی ئەوە دواکاتەکانی ژیانیانە، هەزاران هاوولاَتی بیانی لەبەردەرگای وەزارەتی ناوخۆ کۆببوونەوە بۆئەوەی مۆڵەتی چوونەدەرەوەی ولاَت وەربگرن، زۆربەی ئەو بیانیانە لەخێزانە دێرینەکانی قاهیرە بوون، لەسەردەمێکەوە لەقاهیرە نیشتەجێ بوون کە ژمارەی دانیشتوانەکەی لەنیوملیون کەس تێنەدەپەڕی، هەموویان خەریکی تەواو کردنی کاروبارەکانیان بوونو، ماڵو سامانەکەشیان بەهەرزانترین نرخ دەفرۆشتو ولاَتیان جێدەهێشت، هەرچەندە هەموو (مصر)ییەکان خۆشحاڵبوون بەڕۆیشتنی خەڵکە بیانیەکە، بەلاَم وەزارەتی ناوخۆی (مصر) بەسەرۆکایەتی(السفاح)، لەهەموو بۆنەو ڕووداوەکاندا توندوتیژیو

دڵڕەقی کۆماری (مصر)ی عەرەبی نیشانی خەڵکە بیانیەکە دەدا، (السفاح) نازناوێك بوو خەلکی قاهیرە بۆ (زکریا عبدالحمید محی الدین)یان دانابوو کەوەزیری ناوخۆبوو.

بەم شێوەیە بیانیەکان لە(مصر) چوونە دەرەوەو، چەندین گەرەگیان لەدوای خۆیـان بەبـەتاڵی بەجێهێشت.

لەناو شارو لەدەوروبەری دامەزراوە سـەربازیەکانیش، چـەندین خەنـدەق هەڵکەنـدران‌و چـەندین بەربەستیش دروستکران بەهۆی گونیە گڵەکانەوە.

گـەورە سـەرکردەکانی سـوپاش بـەدوای یەکـدا کۆبوونـەوەکانیان سـازدەدان. بـەلاّم کەسـیان نەیدەتوانی بڕیارێك دەرکات، هەموو چـاوەڕێی یەکـەمین گورزیـان دەکـرد، وەکـو ئـەو ئافرەتـە ئـەتك کـراوە وابـوون کـەپێش ئـەوەی ئـەتك کـەرەکان بگەنـە لای، بۆخـۆی دەسـتی بـۆدادان، پاشانیش دوای ئەوەی ئەتکیان کرد، کەوتەخۆی بۆئەوەی تۆڵەی ڕووە سوورەکەی بکاتەوە.

لەسەرەتای مانگی سێپتەمبەر، باری نائاسایی لەناو هێزی ئاسمانیدا ڕاگەیەنرا، دوای هەفتەیەك کـەهیچ ڕووینـەدا، بارەکـە ئاسـایی بـۆوە، ئـەوڕۆژە هـەمووومان بـەیاوەری ڕائیـد (لبیـب)و کچـە جوانـــەکان لەیانـــەی جـــەزیرە کۆبووینـــەوە، بـــەلاّم مـــن (دنیـــا)م لەگـــەلّ نـــەبوو، بـــەهۆی سـەرقاڵبوونیەوە لـەفلیمێکی نـوێی سـینەمادا، دەربـارەی چـیرۆکی خۆشەویسـتی نیشـتیمان، (دنیا)ش دەیەویست ڕۆڵەکەی لەوفلیمەدا بیگەیەنێتە ئاستی ئەکتەرە ناودارەکانی سینەما.

هەمووشتێك لەبەرچاوم وەکو خەونێکی لەدەستچوو وابوو، لەگەڵ تەرازووی بـیرو هۆشـدا تێکـی نەدەکردەوەو، خۆڕاگرنەبووم بەرانبەر لێکدانەوە ڕاست‌و دروستەکانی مێشك، زۆر خەمباربووم، دەمەویسـت خەمباریەکـەم بشـارمەوە، شـتی زۆر لە(فیشـلّ) فێربـووم، بـەلاّم ئـەو خـۆڕاگری‌و پشوودرێژی‌و توانایەی ئەویشم نـەبوو، بەناچـاری هەنـدێك شـت قبـوولّ بکـەم‌و وەکـو پێویسـت ڕووبەڕووشی ببمەوە، (فیشلّ) دەیتوانی لەهەر شوێنێکی ئـەم دنیایـەدا، لـەکاتێکی دیـاریکراودا دەزگایـــەکی موخابـــەراتی گـــەڕۆك ڕێکخـــات، بـــەلاّم هـــەموو توانـــاو زانیاریـــەکانی لـــەپێناوی دروسـتبوونی منـدا خـەرج کـرد، منـیش ئێسـتا هەرچـەندەکەم سـەرم دەرناچـێت لەبیرۆکـەی بەشداری کردنم لەپیلانی لێکهەڵوەشاندنەوەی سوپایەك کەبەتەواوی دانەمەزراوە، هەروەها مـن بێ توانام دەربارەی ئەوبارەی ئێستا بەسەر ئەووڵاتەدا هاتووە، خۆماتکردنێکی خراپە لەئاسـت

شەڕێکدا کە بەدڵنیاییەوە ڕوودەدات، ئایا ئایینەکەیان وایلێکردوون ئەوەندە گوێ بەشتەکان نەدەن؟ بەڵام خۆ ئەفسەرانی سوپا پابەندنین بەئایینەوە، جا ئایا دەبێت هۆیەکەی بۆئەوە بگەڕێتەوە کەئەوانە بەتەواوی پشتی خۆیان بەداهاتەکانی نیلەوە بەستۆتەوە؟ هەر لەکۆنیشەوە وابوون، هەر بەم هۆیەشەوە هەستیان بەوەکردووە کەناتوانن دژی ڕووداوێکی چاوەڕوانکراو بجەنگن؟ بەڵام من باش دەزانم ئەفسەرەکانی سوپا زۆر لەبیروبۆچوونی باوکە جوتیارەکانیان دوورکەوتوونەوە.

وام هەستکرد من خەریکی کارێکی شەیتانیم دژی سوپای ڕەشەبا، لەوکاتەدا لەناو دەنگی گۆرانیەکاندا، گوێم لەدەنگێك بوو، زۆر بەئاسانی توانیم لەدەنگەکانی تری جیابکەمەوە، دەنگی (عبدالنبی)بوو، دەیگوت: ئەنوەر بەگ، منیش بەخۆشیەوە گوتم: (سلاو) لەتۆ صالح، فێری ئەوە ببووم ئەگەربۆم بکرێت زۆرپێویستە هەرکەسەو بەناوی خۆیەوە بانگ بکەمو نازناوەکەی نەڵێم، ئەویش بۆئەوەی پەیوەندییەکی خێرا لەگەڵ کەسایەتیەکەیدا پەیدابکەم، جا بۆیە ئێستا من بەوشێوەیە دەدوێم کەفێری بووم.

سەرم بەسەر مێزەکە شۆڕکردبۆوە، گوێم لەدەنگی سالح بوو گوتی: ئارام چۆنی؟ پێش ئەوەی وەڵامی بدەمەوە، گوتی: ڕێگەم پێبدە (صوفی یاسین)ت پێ بناسێنم، کچێکی خوێندکارە لەزانکۆ لەکۆلیژی شوێنەوار، ئەو دەیەوێت ئەوە بسەلمێنێت کە....... قسەکانی تری (صالح)م لەبیرنەماون، کەسەرم هەڵبڕی، لەبەردەمم وەستابوو، لەشێوەی ئەوکیژەی کەمن خەونم پێوەدەبینی، نازانم بۆچی ڕەنگم بزڕکا، پشووەکانم تەنگ بوون، بێ تواناش بووم لەوەی هیچم پێبکرێت، دەستەکانم لەسەر مێزەکە گیرکردنو قورسایی خۆم خستە سەریان، بەشێوەیەك کەهەستم بەئازاری دەستەکانم دەکرد، دەمەویست زەردەخەنەیەکی بۆ دەربڕم، دواجار سەرکەوتووبوومو بەڕوویەوە زەردەخەنەیەکم نواند، هەستیشم بەخۆم دەکرد لەدەسەڵاتی خۆمدانەبوو کەلێوی ژێرەوەم جوڵەیەکی ناجوانی دەکرد، لەدواییدا بۆم دەرکەوت بەهۆی جوانی ئەوکچەوە وام بەسەرهاتووە، لەبەرانبەردا ئەویش بەهەمانشێوەی لێو جوڵاندنەکەی من وەڵامی دامەوە، دوو لێوی پڕو بەلەزەتی هەبوون، لێوی ژێرەوەیان کەمێك شۆڕببۆوە، لەیادمە من لەوکاتەدا بیرم لەهیچ شتێك نەدەکردەوەو لە ئامادەباشیدابووم هەرنرخێك بدەم لەپێناوی

ماچکردنی ئەو دوو لێوە، واش هەستدەکەم دوو لێوەکان ڕازین ماچیان بکەم، بەنەرمییەوە زەردەخەنەیەکی هاتێ، ئاگری لەهەستو سۆزم بەردا، بەسیلەی چاویش سەرنجێکی (صالح)م دا، وام لێکدەدایەوە کەگاڵتەی بەمن دێت، بەلاَم (من گوێم بەوشتانە نەدەدا)، بۆیە بەپەلە بیروهۆشم هاتەوەلای ئەوکچە جوانە سەرنج ڕاکێشەی لەبەردەممدا ڕاوەستابوو.

بۆیە دەستم خستە ناودەستیو گوتم: خانمەکەم، من ناوم(ئارام ئەنوەر)ەو بێخۆشحالم بەناسینت، ئەویش بەدەنگێکی نەرمی هەوەسبازی کەهەستوسۆزەکان سەمایان تێدادەکرد، وەلاَمیدامەوە: من(صوفی یاسین)م، ئەی (ئەنوەر بەگ)، زۆر شت لەبارەی تۆوە گوێبیست بووم، ماوەیەکیشە لەهیوای ئەوەدام کەبتبینم.

هەستم کرد ئاوازێکی سەرنج ڕاکێش خەریکە تێکەڵ بەدەنگە ناسکەکەی دەبێت، دەنگی زەنگێکی ئاگادارکەرەوە، بەلاَم من تەنها گوێم لەئاوازی زەنگێکی زیوی بوو، زۆر بەنزیکی بەڕوویەوە وەستابووم، سەری ناوچەوانی لەڕێکی جەنەگەی من بوو، مەمکەکانیشی خۆیان لەکراسە ئاوریشمیەکەم دەخشاند، جارێکی تریش توانیم بەسەر پێنج هەستەکانی خۆمدا زاڵ ببمەوە، کە فیشلێ زۆر ماندووبوو لەگەڵمدا بۆئەوەی ئەو هەستانەی خۆم لەبەرچاوبگرمو بیانکەمە هۆکارێکی تۆکمەی بەربەرەکانی، بۆیە دڵنیام لەوەی لەهەڵسوکەوتم لەگەڵ ئەوکچەدا هیچ نهێنییەك نادرکێم، بۆیە بەدەربڕینی دەنگێکی بێ فرتوفێڵ پێمگوت: ئەگەر بڵێم بەڕاستی تۆ جوانیت.......ئەویش وەلاَمیدامەوە: نا من باوەڕت پێناکەم، هەموو پیاوەکان لەسەرەتادا هەمان قسە دەکەن، منیش گوتم: کەواتە نهێنییەکی ترت پێدەڵێم: تۆ شتێك قەرزداری منی، ئەویش بەسەر سوڕمانەوە گوتی: چی قەرزداری تۆم؟ منیش گوتم: بۆیەکەمجار کە ڕووی تۆم بینی دڵت بردم، هەردووکمان دەستمان کرد بە پێکەنین، بەلاَم لەڕاستیدا من دڵم پێنەدەکەنی لەبەرئەوەی ئەسیر بوو.

کاتژمێرێك دوای نیوەشەوی ئەوشەوە، دوای ئەوەی کەچەندجار سەمامان کردو گیانو جەستەمان تێکەڵ بەیەکتری دەبوو، لەپڕ (صوفی)گوتی: ڕێگەم بدە با بگەڕێمەوە بۆ ماڵەکەم، زۆرم ئارەزوو لێتە، بەلاَم ئیمشەو نا، گونجاونیە لەیەکەم ڕۆژی یەکترناسین، لەگەڵ یەکتر بمێنینەوە، لەتەمەنمدا ئەوە یەکەمجاربوو کە بەبێ ورتە ملکەچی ئارەزووی ئافرەتێك بم.

شـاری ئەسـکەندەرییە بەندەرێکـە (ئەسـکەندەری مەقـدۆنی) بنیـاتی نـاوەو، لەسـەردەمی ڕۆمانـەکانیش زۆر بـەرەو پـێش چـووە، چـەند نەوەیـەکیش پـێش ئێسـتا هەژارییـەکی زۆریـان بینیـوە، لـەنزیك ئەسـکەندەرییەوە دەریاچـەی(مریـوط) هەیـە، کـەنارەکانی باشـووری ئەودەریاچەیە بەباشترین شوێنی ڕاوکردن دادەنرێن، هەموو جۆری باڵنـدەکانیش بـەزۆری لـەناو دارەکاندا دەفڕن‌و دەنیشنەوە، منـیش هـەتائێرە هـەر لـە یـادو بیرکردنەوەی(صـوفی)دام، دوای کەمێك چەند کەسێك بەماشێنێکی گەورە گەیشتنە کەناری دەریاچەی (مریوط)، یەکێکیان لەناو ماشێنەکەدا مایەوەو چواریشیان لەناو دارەکاندا خۆیان شاردەوەو، شەشـەمیش بـالاَ بـەرزێکی باریك بوو، جلوبەرگێکی جـوانی لەبـەردابوو کلاَوێکـی ڕەنگـی سوپاشـی لەسـەربوو، تفـەنگێکی ڕاویشی بەدەستەوەبوو، دووربینێکیشی لەمل بوو، فیشەکدانێکیشی لەکەمەری خۆی بەستبوو، لەناو هەمووان‌دا تەنها ئەو بەدەرەوەبوو، لەناو دارەکاندا زۆر بەهێواشی دەجولاَیەوە، تاگەیشـتە مەبەستەکەی خۆی، باڵندەیەکی گەورەی ڕەنگاوڕەنگ لەسەر لقی دارێـك هەڵنیشـتبوو، خـەریك بوو بفڕێت، بەلاَم پیاوەکە بـەدەمی فیکەیـەکی بـەزمانی باڵندەکـە لێـدا، باڵندەکـەش لەشـوێنی خـۆی مایـەوە، پیاوەکـەش تەقـەی لێکـردو بەریدایـەوە سـەرزەوی، بـەهۆی تەقـەو دەنگـی فیشەکەکەشـەوە کلاَوەکـەی سـەری کەوتـەخوارەوەو بەتـەواوی دەم‌وچـاویم لیَ بەدەرکـەوت، ئەوپیاوە خودی(زەکەریا محی الدین)بوو، سەرۆکی دەزگای موخابەرات‌و، وەزیری ناخۆ بوو، کە گەلی (مصر) بە(السفاح) ناویان دەبرد، بەلاَم هاوڕێکانی بە(السکاکت) ناویان دەبرد.

ئێـوارەی ڕۆژی 11ی سـپتیمبەر لـەزانکۆی (عـین الشـمس) ئامـادەبووم، بۆئـەوەی دوای تـەواوبوونی وانـەکان (صـوفی) لەگـەڵ خۆمـدا بـەرم. ئـەو زانکۆیـە چـەند سـاڵێك پـێش ئێسـتا دامەزراوە، لەبەرئەوەی زانکۆ کۆنەکەی قاهیرە توانای وەرگرتنی ژمارەیەکی زیاتری قوتابیـانی نەبوو، بۆیە حکومەت گرنگییەکی زۆری پێدەداو، وەزارەتی پـەروەردەو زانسـتیش گرنگییـەکی زۆری بەزانستەکان دەدا، بۆیە لەو زانکۆیە کۆلیژی (شوێنەوار)یان کردبۆوە.

بەسەدان قوتابی کـوڕو کـچ لەکۆلیژەکـە دەهاتنـە دەرێ، لەپەنجـەرەی ماشـێنەکەوە (صـوفی)م بینـی بـۆلای مـن دەهـات، شـانازی بەخۆیـەوە دەکـرد، جیـاوازبوو لەهـەمووان، زۆر بـەڕێکیش بەڕێگـەدا دەڕۆیشـت، وەکـو ئافرەتـە (مصـر)ییەکانی تـر لەڕۆیشـتنەکەیدا خـۆی نەدەنوانـد،

لەدەموچاویەوە گەنجایەتیو میینایەتیە کامڵەکەی هەڵدەقولاَن، ناوچاوانە بەرزەکەیو شانە ڕێکەکانیو چاوەگەورە قوڵەکانی، هەموو ئەوانە نیشانەی جوانیو پایەداری دەروونەکەی بوون. وەکو ئافرەتێك، چەنەگەو دوو لێوە پڕەکانیو هەموو شتێك لەجەستەکەیدا، وەك نیشانەی ناسكو نەرمیو ئارەزوبازی دەردەکەوتن، بەتەواوی بەوشێوەیەبوو کە من هیوام بۆ دەخواست، کاتێك کە منی بینی، لەهاوڕێکانی جیابۆوەو بەغار بۆلای من هات، تەندورەکەی دەستبازی لەگەڵ جوانی قاچەکانیدا دەکرد، لەپڕ سەرنجێك بۆهۆی ئەوەی کچە برادەرەکەی ئیسرائیلم بێتەوە بەرچاو، کەئەویش بەهەمان شێوەی (صوفی) غاری دەدا.
(چوووینەوە بۆ ماڵەکەم، لەوێ لەسەر جێگە دووکەسیە فراوانەکە پێمگوت: (لەمەودوا) من بە(یاسەمین) بانگت دەکەم، ئەوگوڵەی کە عەتر دەڕێژێتو گەڵاَکانیشی بەردەوام سەوزن، بەلاَم لاسکەکەی ناسکەو پێویستی بەڕاگرێك هەیە هەتا وەکو پێویست گوڵەکانی بگرێت.
بەپێکەنینەوە گوتی: وا پێویستبوو تۆ شاعیرێکی ناسك بیت، ئینجا خۆی لەگەڵم جووت کردەوەو بەتامەزۆیی لێوەکانی بەدوای لێوەکانی مندا دەگێڕان.
چوار هەفتە تێپەڕینو خەڵکیش لەناو تارماییەکانی شەڕێکی چاوەڕوان کراودا دەژیان، چوار هەفتە تێپەڕین لەدنیایەکی خەیالاَویدا، مرۆڤێك بەپلەی کۆڵۆنێل خۆی وادادەنێت سەرۆکێکی لێهاتووی جیهانی عەرەبە، دەیەوێت نەتەوەیەك لەجووتیارو بازرگانەکان بکاتە قوربانی لەپێناوی دەستکەوتەکانی سەدەی بیستدا، بۆ ئەنجامدانی ئەوکارەش ئەفسەرانی سوپا پشتیوانی لێدەکەن، کە بەدرێژایی شەووڕۆژ لەیانەو تیاترۆخانەکاندا کەوتوونەوە.
لەفرۆکەخانەکانی دەوروبەری قاهیرەش، فرۆکە نەفاسەو فرۆکە کۆنە بەریتانیەکانو ماشێنی گواستنەوەی سووتەمنیو ماشێنی ئامێرە ئەلکترۆنیەکان کەکەس نەیدەزانی بەکاریان بێنێت، هەموویان ڕیزکرابوون، عەمبارەکانی چەكوتەقەمەنی لەئامادەباشی دابوون، کەسێك نەبوو شارەزاییەکی تەواوی هەبێت لەئامێرە ئەلکترۆنیەکانو شێوازی بەکارهێنانەکەیان، لەکاتێکدا کەئەو ئامێرە ئەلکترۆنیانە یەکەم ئامانج دەبن بۆهێرشکردنە سەریان، کەسێکیش نەبوو بیر لەوەبکاتەوە بەربەستەکان بەڕووی سوپای داگیرکەردا دانێت لەکەناڵی سوەیس، ئەو کەناڵەی کە بەخۆماڵی کردنەکەی هەموو جیهانی بەتەواوی هەژاند، منیش لەجیهانێکی پڕخەیاڵی تایبەت

بەخۆمـدابووم، جیهانێـك دەكرێـت خۆشەویسـتی تێیـدا گەشـە بكـات، لـەنێوان جاسوسـێكی ئیسرائیلیو قوتابیەكی كچێكی قبتیدا، جیهانێك هـەموو ئەوشـتانەی تێدا بێنـەدی كەلەسـەروی ئارەزوو ویستەكانی ئێمەوەن.

چـوار هەفتـە تێپـەڕینو شـەڕەكەش دەسـتی پێنـەكرد، بۆیـە ئیمـڕۆ بڕیارمانـدا گەشـتێك بـۆ شـوێنەواری شـاری(قـبطس) بكـەین، كەدەكەوێتـە نێـوان (قنـا)و (الاقصـر)، سـالآنێكی زوو لەوشارەدا چەند شوێنەوارێكی گرنگ دۆزرانەوە، لەوانە كێلێـك لـە(گرانێت) كـەناوی (تحوتمسـی سـێیەم)ی لەسـەر نووسـرابوو، كـەبابیرە گـەورەكانی مـن لەوسـەردەمەدا لە(مصـر) ژیـاون، لەوشارەدا هەلكۆلینی بەردەوام دەكرا بۆدۆزینەوەی شوێنەوارەكان، (صـوفی)ش مـەیلی ئـەوەی هـەبوو شـوێنەكە بەتـەواوی ببیـنین، بەوهیوایـەی بەشـداری بكـات لەگـەڵ ئەونوێنەرانـەی ئامادەدەبن لەوشارە بۆتەواوكردنی هەلكۆلینەكان.

ماشێنەكەم زۆر بەخێرایی ڕێگەوبانەكانی دەبڕین، (صـوفی) بەتـەواوەتی پێمـەوە جـووت ببـوو، دەتگـوت لەباوەشمـدا دانیشـتووە، بەدەستەكانیشـی نەرمـە دەسـتبازییەكی لەگـەڵ ڕانـەكانم دەكرد، پێمگوت: وریابە، من ئاوەها ناتوانم ماشێنەكە بازۆم، لەوانەیە تووشی ڕووداوێك ببین.

(صوفی)گوتی: من لەڕوداوەكان ناترسم، ئەوپەڕی دەمرم.

منیش گوتم: (لەوانەیە نەمریت)، بەلأم لوتت یان دەمە بەلەزەتەكەت تێك بشكێت.

بەلأم (صوفی)ش وەكو ئەفسەرەكانی هێزی ئاسمانی (مصر)، گوێی بە ئاگاداركردنەوەكەم نەدا.

(بەم پێیە گەڕاینەوە مالەكەم).

دوای ئـەوەی گوێمـان لەهەوالـەكانی كاتـژمێر هەشـت گـرتو، زانیمـان هێرشـەكە دەسـتی پێنەكردووە، لەمالەكەم چووینە دەرەوەو، نانی نیوەڕۆمـان لەچێشـتخانەیەكی بچـووكی شـاری (قنـا)، یـاپراغی گـەلأمێومان خـوارد، كـەئاخنرابوو بـەبرنجو گۆشـتو سـیر، پاشـان قـاوەی (مصـر)یمان خـواردەوەو، دەوروبـەری كاتـژمێر(12)گەیشـتینە شـاری (قـبطس)، لـەوڕێگا دورودرێژەدا، (صوفی) باسی قیبتیەكانی (مصر)ی بۆدەكردم، كەپاشماوەی (نەصـرانیەكانن)و، (1500)ساڵ پێش ئێستا بوون بەمەسیحیو ڕەتیـان كردۆتـەوە ئاینەكـەی خۆیـان وازلێبێـننو

بچنەسەر ئاینی ئیسلام، هەروەها گوتیشی: ئێمە نەتەوەیەکی خاوەن ڕەگین لەوخاکەدا کەلەهەموو سەردەمەکاندا ئایینەکەی خۆی پاراستووە.
لێرەدا جارێکی تر زەنگێکی خەتەرناك لێیدایەوە، هەستی شەشەمم بەخەبەرهات، ئەو هەستەی کە(فیشلێ) زۆری بەلاوە مەبەستبوو گرنگی پێبدرێت لەچاو پێنج هەستەکانی تردا، هەستم کرد کە(صوفی) لەهەوڵی ئەوەدایە بەلای چارەنووسێکی هاوبەشدا بمبات بەرەو قیبتیەکان، بەلاّم من چ گوێم لەو قسانەیە، بازرگانێکی چەکم لەنەتەوەی تورك، کەشانازی بەخۆیەوە دەکاتو، ڕقی لەهەموو کەمە نەتەوایەتیەکانی تریش دەبێتەوە، من چیمداوە بەسەر قیبتەکانەوە؟ لەڕاستیشدا من تورك نیم، بەڵکو لە کەمەنەتەوەیەکم لەشێوەی قیبتیەکان.
خۆم ڕێك کردەوەو ئەو بیرۆکانەم لەبیری خۆم بردنەدەرەوەو، هاتمەوە سەر ئەوباوەڕەی کە من (ئارام ئەنویر) کوڕی بازرگانە دەوڵەمەندەکەی شاری(سمیرنە)مو دایکیشم (مریم نورهان)خانمە جوانەکەیە، (بەدڵنیاییەوە)ناکەومە ناوتەڵەوە، بە (صوفی)شم گوت: لەولاّتی ئێمەش هەر وایە، کەمە نەتەوایەتیەکانمان خۆشناون، کارێکی ئەستەنگە نەتەوەیەك شانازی بەخۆیەوە بکات بتوانێت قبولّی خەڵکانێکی تر بکات لەناوخۆیدا، ئێمە کوڕی (مصر)ییە کۆنەکانین.
لەوەلاّمی قسەکانی ئەویشدا گوتم: الله اکبر.....تۆ باوەڕ بەوقسانە دەکەیت کە بۆمنت باسکردن؟ ئێوەی قیبتی چوونە سەر ئاینی(نەصرانی) کە لە داگیرکەری بیزەنتییەوە وەرتان گرتو، پاشانیش هەندێکتان پەیڕەوی ئاییینی داگیرکەرە نوێیەکانتان کرد، ئەوە جیاوازیەکەیە، ئێوە بەلاتانەوە خوای نەصرانیەکان هەموو کاتێك گەورەترو پیرۆزترە، تۆ قوتابییەکی زانکۆی لەکۆلیژی شوێنەوار، باوەڕ بەو قسانە دەکەیت؟
لەپڕ بارە دەروونیەکەی گۆڕا، کەمێکیش لەمن دورکەوتەوەو، لەسەر کورسی دووەمی ماشێنەکە خۆی وێکهێنایەوە، لەشوێنەواری (قبطس) لەنزیك خانوویەکی کۆنەوە وەستاین، (صوفی) بەپەنجەی ئاماژەی بۆ ڕێگاکە دەکرد کە سەرەوژێر دەبۆوەو لە دەشتەکەدا، پێچاوپێچی دەکردو لەدۆڵێکی تەسکەوە کەمێك بەرزدەبۆوە هەتا چیاکانی بیابانی ڕۆژئاوا، لەپاش ئەوچیایانەشەوە بەرزدەبۆوە بۆ(1500)مەترو درێژ دەبۆوە هەتا ناوچە بەرداویەکەی کەنار دەریای سور.

(صــوفی)گوتی: ئــەها ئــەو ڕێگایــە دەبینــی بــەناو دۆڵەکــەدا دەڕوات؟ بــەهۆی ئــەو ڕێگایــەوە شــاری(قــبطس) لەســەردەمی (هیلینــی)دا ببــووە بنکەیــەکی گرنگــی کاروانــەکان، کاروانــەکانی بــاکوورو باشــوور لەوێــدا بەیــەك دەگەیشــتن، لەوێشــەوە ڕێگاکــە بــەناو چــیاکاندا دەڕۆیشــت تــا شاری(برنیکا) لەسەر کەناری دەریای سور.

هەستم کرد مچورکێك بە لەشمدا تێپەڕی، هەرچەندە تیشکی خۆریش لەگەرمان دەیسـووتاندی، بیرم کەوتەوە کە(برنیکان) یەکێك بووە لەشاژنە دێرینەکان، (صوفی)ش گـوتی: (برنیکـا)بۆخۆی شارێکی زۆر گرنگە، بەناوی شاژن(برنیکا)شەوە ناونراوە.

منیش گوتم: شاژن(برنیکا) بۆ کام سەردەمە دەگەڕێتەوە؟

گوتی: بۆسەردەمی (مصر)ی مام ناوەند.

لــەخۆم ڕادەبینــی کەســوێند بخــۆم بــەوەی هــیچ شــاژنێکی (مصــر)ی لــەدایك نــەبووە بــەناوی (برنیکا)، باشیشم دەزانی کەشاری(برنیکا) لەسەر کەناری دەریای سور، زۆر پێش لەدایکبوونی شازادە(برنیکا) دروستکراوە، شـازادە (برنیکا)کچـە جوانەکـەی مەلیك(ئەجریفاسـی یەکـەم)ەو خوشکی(اجریفاســـی دووەم)ەو، خۆشەویســـتی (تیتۆســـی)ڕۆمانییە، (برنیکـــا) پاڵـــەوانی شانۆگەری(راســین)ە، کــەوەکو وانەیــەکی پەیوەندیــدار بەســەردەمی کلاســیکی فەرەنســی دەخوێنــدرێت، بۆیــە دوا ئــەنجام بۆمــان دەردەکــەوێت کــە(برنیکا) لــەپاشماوەی جوولەکــە کۆنەکانە.

جا ئایا من لەقاهیرەوە ماوەی (600)کیلۆمەترم بڕی، بۆئەوەی لەتاقیکردنەوەیەکدا سەرکەوتن بەدەست بێنم دەربارەی (برنیکا)؟

## ڕاستییەکی ئاشکرا

## 8 ی تشرینی یەکەمی 1956

زۆر ماندووبووم بەهۆی گەشتەکەمانەوە بۆ(قـبطس)، خوشـم بـەوەوە گرتبـوو کەهـەرگیز وەکـو کەسایەتیە ڕاستەقینەکەم خۆم دەرنەخەم، ئەمجارەشیان سـەرکەوتوو بـووم، چـونکە (صـوفی) گەیوەتە باوەڕێکی تەواو کەماندووبوونەکەم بەهۆی گەشـتە دوورو درێژەکەمانەوەیـە، لـەماوەی ڕێگاکەشـدا لەسـەر کورسـیەکەم دەسـتبازی لەگـەڵ دەکـردم، منـیش بـەتێڕوانینێکی نهێنیـەوە سەرنجی دموچاوو چەستە خرپوخۆڵەکەیم دەدا لەناو جلوبەرگە گنجاویەکانیدا، شەوانێکی زۆرم بەسـەربرد بەسەرخۆشـی لەگـەڵ ئـەو لـەشولارە، دەسـتبازیم لەگەڵـدا دەکـردو هـەتا کۆتـایی شـەوەکە خـۆم لێ تێردەکـرد، بـەلاَم ئێسـتا مـن سـوورم لەسـەرئەوەی بەلایـەکی دەمـم زەردەخەنەیەکی عاشقانە بنـوێنم، بیرۆهۆشـم زۆر جیـاوازتر بـیری دەکـردەوە لـەئارەزووەکانی دڵمو تامو لەزەتی شەوە سورەکان.

هەموو وتووێژەکانم هێنانەوە ناو بیری خۆم، وردەوردە کەوتمـە پووختـەکردنیان، ئەوبەشـانەی کـەزۆر گـرنگ نـەبان لامـدەبردن، بـەوردیش تێیانـدا دەگـەڕام نـەوەك تەڵـەو ئاینوئۆینێکیـان تێـدابێت، یـەك یـەك بابەتـەکانم بەڕێـدەکردن، وەکـو چـۆن کەسـێکی موسـڵمان بـە دەنکـی دەزبێحەکەی قل قل وێردەکان دەڵێتەوە، بەلاَم هەر نەگەیشتمە هـیچ ئـەنجامێك، لەهـەموو ئـەو وتووێژانەی لەنێوانماندا ڕوویدابوو، لەهەموو ئەو کاتو ساتانەشدا کەتوانامان بەسەر بیروهۆشی خۆمانـدا نـەدەماو ڕێگـەمان بـەئارەزوو تـامو لەزەتـەکان دەدا زاڵـبن بەسـەرماندا، لەهـەموو ئەوکاتانەدا ورتەیەکم لەدەم نەهاتۆتە دەرەوە کەزیانێکم پێ بگەیەنێت، یان شتێك لەناسنامەی کەسایەتییە ڕاستەقینەکەم ئاشکرا بکات.

(صوفی) ژەمەخواردنێکی سـووکی ئێـوارانی بـۆ ئامـادەکردین، لەگـەڵ شـەڕابی سـارددا، لەسـەر تارمەی ماڵەکەم نانەکەمان خوارد، جاروبـاریش سـەری خـۆم شـۆڕدەکردەوە بەسـەر سـینگمدا بۆئەوەی وای نیشاندەم کە خەوەنوچـکەیەك دەمباتـەوە، پاشـان چـووینە ژووری نووسـتنەکەو لەسـەر جێگەکـە پـاڵم دایـەوەو چـاوەکانم داخسـتن، بـەلاَم بـیرم هـەر لـەلای هەڵبـژاردەکردنو پوختەکردنی وتووێژەکانی نێوانمان بوو.

لەناو خۆرەتاوی بەربەیاندا نقوم ببووم، کاتێك ختوکەکانی (صوفی)بەخەبەریان هێنام، جلوبەرگەکانی لەبەردابوونو پرچیشی داهێنابوو، گوتی: من دەڕۆم، ئێوارە وەرە بەدوامدا، منیش گوتم: هەر وادەبێت دڵەکەم.

بەپێپیلکەکانی ناوماڵەکەدا چووە خوارەوەو، گوێم لێبوو دەرگاکەی کردەوەو دایخستەوە، منیش جارێکی تر خەوتمەوە، بەخەبەرنەهاتم هەتا پیرێژنە خزمەتکارەکە چەندجارێك زەنگی دەرگاکەی لێدا، منیش دەرگاکەم لێکردەوەو پێمگوت: ژەمە خواردنێکم بۆ ئامادەبکە، لەگەڵ قاوەدا بۆم بێنە بۆ ژوورەکەی سەرەوە.

چوومە ژووری خۆشردنەکەوەو بۆماوەیەکی باش خۆم شرد، جارێکیان بەئاوی ساردو جارێکیان بەئاوی گەرمو چەندین جاریش خۆشردنەکەم دووبارە کردەوە، پاشان هاتم نانی بەیانیم خوارد، کەبریتی بوو لە: زەلاتەیەك بەزەیتی زەیتون لەگەڵ هێلکەیەکی کوڵاو لەناو قابێك نۆکدا، پاشان قاوە گەرمەکەشم خواردەوە کە خزمەتکارەکە بەبەکارهێنانی چەند دەنکێك(هێل) تامو لەزەتێکی خۆشی دەدا بەقاوەکە.

وا پێویست بوو کەمێك پەلەبکەم، چونکە کاتی پەیوەندیکردنم بەئیسرائیلەوە نزیك بۆتەوە بەهۆی ئامێری بێ تەلەکەوە، من ئامادەنەبووم پەیوەندیەکانم بەئیسرائیلەوە لەکاتی دیاریکراودابن، چونکە دیاریکردنی کاتەکە دەبێتەهۆی ئەوەی پەیوەندی کردنەکە بەئاسانی ئاشکرا ببێت لای دوژمنەکان، بۆیە من وا لەگەڵ ئیسرائیلیەکاندا ڕێککەوتبووم هەفتەی جارێك پەیوەندییان پێوە بکەم، جا لەهەر ڕۆژێکی هەفتەکەدابێت، بۆیە ببوو بەپێویست بەسەر وێستگە سەرەکیەکەی بێ تەلەکەوە کە بەبەردەوام چاوەڕێی پەیوەندییەکەی من بێت، هەفتەی ڕۆژێك لەکاتژمێر چواری عەسر هەتا کاتژمێر دەی بەیانی ڕۆژی داهاتوو پەیوەندیان پێوەبکەم.

مۆڵەتێکم دا بەخزمەتکارەکەم بەبیانوی ئەوەی من لەماڵەوە نابم، ئەویش دەیزانی کە من لەماڵەوە نەبم ئەو ناتوانێت لەماڵەکەمدا بمێنێتەوە، خزمەتکارەکە لەماڵەکە ڕۆیشتەدەرەوە، قاچەکانی بەدوای خۆیدا ڕادەکێشان، شەقامەکەش بەوردە بەرد داپۆشرابوو، منیش هەستام هەموو دەرگاو پەنجەرەکانم بەباشی داخستن، کلیلەی دەرگای قاسەکەم هێناو ئامێری بێ تەلەکەو ئارێلەکەو نیشانەکانی پەیوەندی کردنەکەم دەرهێنان، خستمنە سەر مێزەکە، بەڵام

لەوکاتەدا بیرۆکەیەکی ترسناك بەمێشکمدا هات، بیرم کردەوەکە خزمەتکارەکە بەسەر شەقامە بەرداویەکەدا دەڕۆیشت دەنگی پێیەکانی دەهات، بەلاّم هەر ئەو بەیانیە کاتیّ لەناو چێگەدابووم، گوێم لێبوو (صوفی) دەرگاکەی داخستەوە، بەلاّم هەستم بەدەنگی قاچەکانی نەکرد لەسەر وردەبەردی سەر شەقامەکە، لەپڕ لەدیوی دەرەوەی دەرگای ژوورەکە بینیم (صوفی یاسین) وەستاوەو بەتوندی چاوەکانی لەچاوەکانم بڕی.

## پێویستە شاهیدەکە شوێن وون بکرێت

## 9 ی تشرینی یەکەمی 1956

بیرو بۆچوونەکان زۆر بەخێرایی بەبێ ڕیزبەندی لەناو مێشکمدا دەهاتن‌و دەچوون، (فیشلَ) لەمەترسیەکانی ئافرەتان ئاگاداری کردبوومەوە، لەئافرەتێکیش زیاتر کەبوونە کۆسپ لەسەر ڕێگەکەم شوێن بزرم کردن، جا ئایا ئێستا دەبێت من بەهۆی ئەوکچە جاسوسەوە دەستگیر بکرێم؟ کە سادەترین هۆکارەکانی بنبڕکردنی جاسوسیەتی بەکارهێنا؟ زەردەخەنە مەکراویەکەی‌و سینگە ڕوتەکەی‌و خەوتن لەسەر جێگەو، کەوتنەناو تەڵەو داوەوە، ئایا گونجاوە هەموو ئەوشتانە لەگەڵ قوتابیەکی (فیشلَ)دا ڕوودەن؟

ڕەنگی (صوفی) لەترسان وەکو ڕەنگی ژوورەکەی منی لێهات، پەردەی ترس بەسەر چاوەکانی داهات لەکاتێکدا کەتەماشای چاوەکانی منیان دەکرد، ئەوەندەی پێنەچوو ڕووی بۆدواوە وەرگێڕاو هەڵات، منیش بەدوای کەتم‌و گرتم، بەلەپی دەستم تەوقاتێکم لە پشتی ملی ڕاکێشا، تەوقاتەکە زۆر توندو ئازاراوی بوو، بەرهەرکەسێك کەوتبا ناچار دەکەوتە سەر زەوی، وەکو چۆن فەردەگەنمێك کەبەردەبێتەوە لەبەریەك هەڵدەوشێت.

پێش چل ساڵ لەمەوپێش، (الیزابس شر جمیلر) کە بە(خانمە دکتۆر) ناوبانگی دەرکردبوو، یانەیەکی جاسوسی دامەزراند لەشەقامی (لابابینیر ژمارە 10 لە ئەنتفۆرفان) ئەوئافرەتە ژمارەیەك بنەمای بنەڕەتی دیاریکردبوون بۆ هەڵسوکەوتی جاسوسەکان، هەموو قوتابیەکی جاسوس پێویستبوو ئەو بنەمایانە لەناو دڵی خۆی بنووسێت،، یەکێك لەو بنەمایانە دەڵێت: (تەنها دۆستایەتی ئەو ئافرەتانە بکە کە لەلای تۆ ناسراون‌و دڵسۆزن بۆتۆ)، منیش بەهەموو ئەو بنەمایانەدا تێپەڕیم، ئێستا زەردەخەنە گاڵتەجاڕیەکەی (عبدالنبی)م بیردەکەوێتەوە، کەیەکەمجار منی بینی لەئاست ئارەزووە هەڵخەڵەتێنەرەکانی (صوفی)دا دەستم دادا، بەڵام ئایا دەبێت کێ ئەوکچەی بەجاسوسی ناردبێت بۆلای من؟

تەنها یەك پیاو هەیە ئەو کارەی لەدەست بێت، دەشتوانێت پیلانرێژی بۆ کارێکی ئاوەها بکات لەسەرەتاوە بۆکۆتایی، زۆر وردەکارانەش ئەنجامی دەدات، تەنها یەك پیاو ئەوەی لەدەست دێت، ئەویش لەپلەوپایەی (فیشلَ)دایە، دەتوانێت بەسەر باشترین قوتابی لەقوتابیەکانی

(فیشـڵ)دا سـەرکەوێت، ئـەوپیاوە ! ئێسـتا بـۆم دەرکـەوت ڕاوچـیەکی شـارەزایەو سـەرۆکی ڕاوچیەکانە.
(صوفی یاسین) توانی هەڵمخەڵەتێنێ، بەیانی زوو کەپێیگوتم دەچم بۆ زانکۆ، لەماڵەکـەی مـن نەچـوبووە دەرەوە، دەرگاکـەی کردبـۆوەو دایخسـتبۆوە، بۆئـەوەی مـن واهەسـت بکـەم چۆتەدەرەوە، پاشانیش لەناوماڵەکەدا خۆی شاردبۆوە، منیش گوێم لەدەنگی پێیـەکانی نـەبوو لەسەر وردەبەردی شەقامەکە، بۆیـە ئێسـتا هـیچ بوارێك نیـە بۆبیرکردنـەوە لەڕووداوەکـە، ئـەو ئێستا لێرە کەوتووە، بەڵام هەموو ئامێری بێ تەلو ئاریەلو کەلوپەلەکانی بینین.
جارێکیان لەژوورەکەی خۆمدا لەشەوێکی گڕاوی، کـە ڕەشـەبای بیابـانو گـەرمی جەسـتەکەمان پێستەکەی وشککردبۆوەو ئەوەنـدە نـەرم کردبـوو، بەدەسـتپێداهێنانێك هـەموو ئارەزووەکـانی دەوروژاندن، پێمگوت: ئەی (صوفی)پێویستە تۆ بمریتو منیش بەناوی یاسەمین بانگت دەکەم)، ئەویش گوتی: وا پێویستبوو تۆ شاعیربیت.
ئەی (صوفی)، ئەوە ئێستا من شاعیرم، بەڵام شیعرەکانم بەدڵی تۆ نابن.
تۆزێك خۆم هێـدی کـردەوە، هـەتا ئەندازەیـەك بیرکردنـەوەکانم گونجـاوبوون، پێموابـوو ئەگـەر یـەکێك نەیـەوێت لەسـەر مێزێکـی تەختـە درێـژبکرێتو لاشـەکەی بەبیسـت پلـە لـەژێر سـفرەوە نەیبەسـتبی، وەکـو جەسـتەی ئـەوپیاوەی کـەمن ڕۆڵـی ئـەو دەبیـنم، ئـەوا دەبێـت وریـا بێـت بیروهۆشو مێشکی تووشی بەستەڵەك نەبێت.
کێشەکە زۆر ئاشکرایە، ئەی (صوفی) خۆشەویستەکەم، تۆ دەبێت بمریت.
ئـەی کیژۆڵـەی خەونـەکانم، ئـەی جوانەکـەی بیابـانی تەمـەنم، ئـەی ئـەو قوتابیـەی زانکـۆ کـە بـەغاردان بـۆلای مـن دەهـاتیو، تەندورەکـەت بـەرزدەبۆوە بۆئـەوەی قاچـە ئەسمـەرەکانت دەرکەون، پێویستە تۆ لەم دنیایەدا نەمێنیت.
ئەوە ئەو کچەیە کەبەمردوویی لەسـەر مێزێکـی تەختـە درێـژدەکرێت، دکتۆرەکـانی (مصـر)یش بەفـــەرمانی ئـــەوپیاوەی کەکردویـــەتی بەجاســـوس بەســـەرمنەوە، لاشـــەکەی هەڵـــدەدڕنو شیکردنەوەی لەسەر دەکەن، بۆئەوەی هۆی مردنەکەی بزانن.
خۆشەویستەکەم (صوفی)...گوڵی ژیانم...لەسەرم پێویستە بتکوژم.

هــەموو بــیری خــۆم خســتە ســەر ئەوکێشــەیەی لەبەردەممدایــە، کێشــەی ئەوکەســەی لێــرە لەناوەڕاستی ژوورەکەمـدا کـەوتووە، ئـەوە ئەوگرفتەیـە کـەدەبێت لەسـەر ڕێگـەی خـۆم دووری بخەمەوە، بەڵام پێشتر پێویستە بـەهۆی ئـامێری بـێ تەلەکـەوە پەیوەندییـەك بـە ئیسـرائیلەوە بکەم، بۆیە یەکسەر دوگمەی کراسەکەی (صوفی)م کردوەو لەبەرم داماڵی، خۆزیا توانیبام سەرم خستبایە ناو باوشیەوەو تێر گریابام.

جــارێکی تــریش بیرکردنــەوەکان لــەناو مێشــکمدا تێکــەڵو پێکــەڵ بوونــەوە، فڕۆکەیــەکی کۆنی(موسکیتو)م بینی لەئاسماندا بەهۆی کۆنیەوە تەقییەوە، فڕۆکەوانەکانیش دەمـرن، چـەند پۆلێـك فرۆکـەی (الیوشـن)م بینــی لەفڕۆکەخانــەی(الماظــة) بــەڕیز وەســتابوون ڕوویــان لــەلای ڕۆژهەڵات بوو، زیاتریش هێوربوومـەوە، کراسـە گنجاویەکەی(صـوفی)م هەڵدایـە سـەر جێگاکـە، چونکە تازە کەسێك نیە بەکاری بێنێت، زۆر بەخێرایی هـەموو جلـەکانی تریشـم لەبـەر داکەنـد، بەم شێوەیە بەتەواوی ڕووت بۆوە، هەردووك دەستەکانیشیم لەپشتەوە بەستنەوە.

شتێك هەبوو کەزۆر لێی دڵنیابووم:

ئەویش ئەوەیە هیچ ئافرەتێك بەڕووتی هەوڵی هەڵاتن نادات، هەموو ئافرەتێك مردنی پێ باشترە لـەوەی ڕووت بکرێتـەوە وەکـو ئـەورۆژەی کـە لـەدایك بـووەو بـەڕووتی بەشـەقامەکاندا غاربـداو دەستەکانیشی لەدواوە بەسترابنەوە.

(بۆیـە دڵنیـابووم لـەوەی (صـوفی)ناتوانێت لەبەردەسـتم ڕابکـات، ئـامێری بـێ تەلەکـەم هێنایـە دەرەوەو، نیشانەی وێستگە سەرەکیەکەم نارد، چوارجاران ئەو هەوڵەم دووبارەکردەوە، پاشان دەنگی وێسـتگە سـەرەکیەکەم پێگەیشـت، منـیش نیشـانە تایبەتیەکـەم نـارد (لـەڕۆماوە.. بـۆ بەرپرس: هیچ لەگۆڕێ نیە..کۆتایی هات)، ئامێرەکەم داخستەوە، پەیوەندیەکە زۆر کـورت بـوو هیچی نوێی تێدا نەبوو، نامـەو ناونیشـانەکانم سـوتاندنو لەوکێشـەیە ڕزگـارم بـوو، ئامێرەکـەم خستەوە شوێنی خۆیو دەرگای هەردووك قاسەکەم داخستنەوەو کلیلەکانم لەشـوێنە نهێنیەکـە دانا.

ئێستا دەتوانم کاتەکەم تایبەت بکەم بەکێشەی صوفی یاسین.

دەمزانی(صوفی)دوای خولەکێك یان دوو خولەك دێتەوە هۆش خۆیو، لەژانەسەرێکی توند زیاتر هەست بەهیچ ئازارێکی تر ناکات، پێویستە یارمەتی بدەم بێتەوە هۆش خۆی، بەڵام نابێت دەستەکانی بکەمەوە، با هەر وەهابێت لەناو ژوورەکەدا، نابێت زۆریش توندوتیژبم لەگەڵی، پەیوەندیەکەی نێوانمان پەیوەندی نێوان لێکۆڵەرەوەیەکی دادیو تاوانبارێك نیە، بەڵکو پەیوەندی نێرینەیەکە بەمێیینەیەکەوە، هەموو توندوتیژییەکیش مێیینایەتیەکەی دەورژێنێتو یارمەتی دەدات لەسەر لاملیو خۆڕاگری، بۆیە لەڕێگەی توندوتیژییەوە هیچ زانیارییەکم لێیەوە دەست ناکەوێت، لەوڕووەشەوە خۆم باش دەناسم، من ئەوکەسەم کەبوومە هۆی گواستنەوەی چەكو تەقەمەنی لەلایەکی دنیاوە بۆ لایەکەی تری، بەناو دەریاو وشکاییەکاندا، بەڵام ڕۆژێك لەڕۆژان کۆنە دەمانچەیەکیشم هەڵنەگرتووە.

(صوفی)چاوەکانی کردنەوە، بەترسو سەرسوڕمانەوە تەماشای دەکردم، بەتەواوی هاتەوەهۆش خۆی، قاچەکانی جووتکردنو خۆی وێك هێنایەوە، خۆی باداو لەسەر ئەژنۆکانی دانیشت، سەری بەرزکردبۆوە تەماشای منی دەکرد، دەیویست زەردەخەنەیەك لەسەر لێوەکانی بنەخشێنێ.

منیش وام لێکدەدایەوە ئەوە گوڵێکی بیابانە بەپێیەکانم دەیشێلم.

(صوفی)بەدەنگێکی نەرم گوتی: دەستەکانم بکەوە، چاوەکانی داخستنو لێوەکانی کەمێك بەکراوەیی هێشتنەوە، وەکوئەوەی بانگم بکات بۆ ماچێکی لێوەکانی، لەتەنیشتیەوە دانیشتمو بەگوێمداچرپاند: ئەی(صوفی) کێ تۆی ناردووە؟ (پیاوە خوێن ڕێژەکە(السفاح)؟ سەرەتا دوودڵ بوو، پاشان بەسەرلەقاندنێك وەڵامی پرسیارەکەی دامەوە، کە پیاوە خوێن ڕێژەکە ناردوویەتی. هەمووکەسێك لەقاهیرە دەزانێت(السفاح) مەبەست لەکێیە، ئەوە نازناوێکی فەرمی(محی الدین)ی سەرۆکی دەزگای جاسوسیو ئاسایشی ناوخۆبوو.

پێمگوت: چیت لەبارەی منەوە بەوپیاوە گوت؟ چۆن زانیت من جاسوسی ئینگلیزەکانم؟ دەمویست (صوفی) هەڵخەڵەتێنمو زانیاری زیاتری لێ وەرگرم، ڕەوشتی هەڵخەڵەتاندنو فێڵو تەڵەکەبازی زاڵبوو بەسەرمدا، ئەوە من بووم ئەوشێوازەم بەکارهێنا لەگەڵ ئەوکچە دەست

بەستراوەدا، کەتواناى جووڵەى نەبوو، وەکو تاقە دادوەرێکى ئینگلیزى دەست ڕۆیشتوو، فەرمانى لەداردانم بۆ دەرکرد لەدادگایەکى مەیدانیدا.

(صوفى) خۆى سوڕاندو وەلأمیدامەوە: (محى الدين) گومانى لێت هەبوو، بەوەى بۆ بەرژەوەندى ئیسرائیل کار دەکەیت.

منیش هەستامەوەو بەپێکەنینەوە پێمگوت: من بۆ بەرژەوەندى ئیسرائیل کاردەکەم؟ ئەدى تۆ چیت بە(محى الدين)گوت؟

زەردەخەنەیەکم هاتێ، بەلأم زەردەخەنەى سەرکەوتن نەبوو، لێم پرسى: ئەوە چەندەمین جارە تۆ لەماڵەکەى مندا دەمێنیتەوەو جاسوسیم بەسەرەوە دەکەین؟ ڕاستگۆیانە گوتى: ئەوە چوارەم جارە.

زۆر بێزاربووم لەوقسانەى کەکردنى، بەلأم زەنگى ئامێرى پەیوەندى کردنەکە بەهۆشى هێنامەوەو لەدڵى خۆمدا گوتم: ئەى ئارام، ئێستا پێویستە تۆ چى بکەیت؟

دەموچاوم گرژ ببوو، وەکو دەموچاوى کەسێك کەبەدواى ڕێگایەکدا دەگەڕێت بۆئەوەى لەکێشەیەك ڕزگارى ببێت، بەلأم لەوکاتەدا ڕێبازى دەربازبوونەکەم بەڕوونىو ئاشکرایى هاتەبەرچاو، لە(صوفى) چوومە پێشەوەو لەتەنیشتیەوە لەسەر ئەژنۆکانم دانیشتمو، پەتەکەم لەدەستەکانى کردەوە، هەموو لەشى هەڵدەلەرزى لەترسى مردنێکى چاوەڕوان کراو، لەترسى ئەو سزایەش کە من دەیدەمێ، سزاى نێرینەیەك بۆ مێیینەیەك.

خۆم بەجەستە ڕووتەکەیەوە نووساند، هەموو ئێشو ژانەکانى هەڵگەڕانەوە بۆ ئارەزوویەکى سەرکەشانەو لەزەتێکى سنوور بەزێن، هەندێك لەهەڵسوکەوتەکانى ڕاستەقینەبوونو هەندێکیشیان دروستکراو بوون، ئەوە ئارەزوو ویستى ئەو ئافرەتانەیە کاتێ دەکەونە ژێر پێى ئەوپیاوانەى بەسەریاندا سەردەکەون.

لەنێوان دەستەکانمدا بەرزم کردەوەو بەتوندى جەستەکەیم بەخۆمەوە گوشىو، کەمێك لەترسەکەیم کەم کردەوەو، لەرزێکى خۆشیم بەسەر جەستەکەیدا هێناو گوتم: (صوفى) ئەى خۆشەویستە جوانەکەم!!

لەپشت کەناری (بلقالی) لەئەسکەندەریە، کە خەڵکەکە لەوێ جەستەی خۆیان بەبەر تیشکی خۆر دەدەن، لەپشت ئەوشوێنەوە ئاوی دەریا بۆماوەیەکی دوورو درێژ دێتە ناو خاکی (مصر)ەوە، کەنداوێکی بچووك پێکدەهێنێت، شەپۆلەکانی دەریا بەسەر بەردەتیژەکانی کەنارەکەدا کۆتاییان پێدێت، بەهۆی تیژی بەردەکانەوە خەڵکی ڕووی تێناکەن، تەنانەت عاشقەکانیش ناچنە ئەوشوێنە، بەڵام ئیمڕۆ من بڕیارمدا دوو عاشقی شێتو شەیدای یەکتر، بچنە ئەوێو لەئاوی دەریادا خۆیان نقوم بکەن، یەکێك لەوان شەپۆلەکان لەگەڵ خۆیاندا دەیبەنو سەری بەبەردە تیژەکاندا دەدەن، جا کاتێك کە دواهەناسە دەدات، منیش لەئاوەکە دەریدەهێنمو بەماشێنەکەم دەیگەیەنمە نەخۆشخانەی ئەسکەندەریە، ئەم شێوازی مردنەش لەوانەیە ببێتەهۆی ئەوەی هەندێك گومانم لەسەر دروست ببن، بەڵام هیچ چارەیەکی ترم نیە.

ئەگەر شكو گومانەکانیش لەسەرم زیاتربوون، ئەوا ئامێری بێ تەلەکە تێکدەشکێنمو وڵات بەجێدەهێڵم.

لەژوورەکەدا هەردووکمان لەسەر ئەژنۆکانمان دانیشتبووین، چاوەکانمان داخستبوون، نەماندەوێرا بیانکەینەوە، نەوەك ئەوپێشهاتە ترسناکە ببینین، دەستم کرد بەدەستبازی لەگەڵیداو بەنەرمی خۆم پێوە دەنووساندو بەگوێمدا چرپاندو گوتم: ئەی خۆشەویستەکەم، وەرە بالێرە بڕۆینە دەرەوەو، گەشتێك بکەینو ڕێگەچارەیەك بۆخۆمان بدۆزینەوە، زۆر پێویستیم بەیارمەتی ئەو هەبوو، بەلای کەمەوە هەتا سواری ماشێنەکەی دەکەم، چونکە ناتوانم بەزۆر پەلبەستی بکەم، ئەگەر یەکێك لەجیرانەکان بمبینێت، ئەوە زۆر لەسەر من دەکەوێت.

بەجوانی خۆمان گۆڕی، بۆئەوەی وا هەست نەکات کەمن نیازی شتێکم هەیە، خۆم وانیشاندا ئەوەی ڕوویداوە لەبیرم چۆتەوە.

هەموو دەرگاکان داخراون، ناتوانێت هەڵێت، ئەوکاتەش کەدەچم کلیلەکان بێنم، ئەگەر هەوڵی ڕاکردنیدا، ئەوا لەدواوەوە گورزێکی لێدەدەم.

زۆر لەسەرخۆ دابەزینە نهۆمی یەکەمی ماڵەکەم، کاتێك بەچێشتخانەکەدا تێپەڕین، هەلاتو پەلاماری گەوچکەدارێکی چێشتخانەکەیدا، کەخزمەتکارەکە خواردنەکانی پێ تێك وەردەدا،

دارەکەی بەرزکردەوە بۆئەوەی لەسەرمی ڕاکێشێت، منیش هەڵمکوتایە سەری‌و لەدواوەوە گرتم‌و کەوچکەدارەکەم لەدەست دەرهێناو، بەگوێدا چرپاندم‌و گوتم: جارێکی تر کاری ئاوەها مەکە، دەستی کرد بەگریانێکی بەکوڵ، هەستم کرد هەموو ترس‌و فرمێسکەکانی لەسەرشانی من بەتاڵکردن، منیش لە ترسەکەیم کەمکردەوە، لەدڵی خۆشمدا دەمگوت: بەو یەکتر هەڵخەڵەتاندنە، دەبێت کاممان بەسەر ئەوەی ترماندا سەرکەوین؟

دەستی یەکتریمان گرت‌و لەماڵەکە چوینەدەرەوە، کەگەیشتینە لای ماشێنەکە دەرگاکەم بۆ کردەوەو سەرکەوت، دەرگاکەم لەسەر داخستەوەو سوڕامەوە بۆئەوەی سەرکەومە ناو ماێشێنەکە، جل‌و بەرگی خۆدانە بەر تیشکی خۆرەکانیشمان لەبەشی پشتەوەی ماشێنەکەبوون، کەوتینەڕێ بەرەو ئەسکەندەریە.

لەڕێگا ماشێنەکەم ڕاگرت‌و بەپەتەکە لەپێشەوەڕا بەنەرمی دەستەکانیم بەستنەوەو، ماچێکم لەناوچاوانی کرد، لەڕاستیدا پێشتر زۆر زۆرم خۆشدەویست، بەڵام ئەوە ئێستا دەیبەم بیکوژم، بەبێ هیچ ئازارێکی دەروون‌و بەبێ ئەوەی دەستیشم لەئاستیدا بلەرزێت، من هەڵەیەك بوو کردم، کەئەو کچەم خۆشویست، ئێستاش دەبێت هەڵەکەم ڕاستکەمەوە.

لەسەر ڕێگاکە گەیشتینە ئەوشوێنەی بەرەوباکوور دەیگەیاندین بەکەناری دەریاکە، تەماشایەکی چاوەڕەشەکانی (صوفی)م کردو، بەدەنگێکی زۆر نزم گوتی: ئەی ئارام، من دەزانم تۆ کێیت، تۆ ناوت ئارام نیەو، خەڵکی تورکیاش نیت، کارەکانیشت نەلەپێناوی ئینگلیزو لەلەپێناوی سامان‌و سەروەتدایە، من دڵنیام لەوەی دوای کەمێکی تر دەمکوژیت، من دڵنیام لەوەی کەدەمرم، بۆیە دوا قسەم بۆتۆ ئەوەیە: کە من بەڕاستی تۆم خۆشویست، وەڵامم پێ نەدرایەوەو خێرایی ماشێنەکەم چەندجار زیادکرد بەبێ ئەوەی بیر لەقسەکەی بکەمەوە.

لەدووری ($100$)کیلۆمەتر لەقاهیرە، بەرانبەر شاری عمرانیەی نوێ(طنطا)، کە وەکو کارێکی سەردەمیانەی (مصر)ییەکان دەردەکەوێت، لەوشوێنەدا ڕێگەی ئەسکەندریەو قاهیرە لاربوونەوەیەکی تێدەکەوێت‌و بەچەندین هەورازو نشێوی مەترسیداردا دەڕوات، بەهۆی ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکەشەوە ڕێگەوبانەکان زۆر قەرەبالغ بوون، ڕووداوێك ڕوویدابوو، ماشێنێکی گەورەی بارهەڵگر لەماشێنەکانی ئەو کۆمپانیایەی لەوێ کاریان دەکرد،

لەرێڕەوەکـەی خـۆی لایـدابوو، هـاتبووە سـەر ئـەو ڕێـڕەوەی کەئێمـە پێیـدا دەڕۆیشـتین، ماشێنەکەی منـیش زۆر خێرابـوو، بۆئـەوەی خۆمـان لەماشـێنە بارهەڵگرەکـە نـەدەین، لامدایـە ڕۆخی ڕێگاکەو، دەسەڵاتم بەسەر ماشێنەکەدا نەماو، کەوتینە ناودۆڵێکی قوڵەوە، بەهۆی قـەدی دارێکــەوە ماشــێنەکە لەسەرپشــت گیرســایەوە، دارەکــە لــەدەرگای ڕاســتەوە چــەقیبووە ناوماشـێنەکەو سـەروگوێلاکی (صـوفی) تێـك شـکاندبوو خـوێنی لەبـەر دەڕۆیشـت، دەموچـاوی ئەوەندە ئەستوور بوو نەتدەناسیەوە، بەنزینەکەش گـڕی گـرت، منـیش بەپەلـە هاتمـەدەرەوەو چووم پەتەکـەی دەسـتی بکەمـەوە، نـەوەك شـوێنەوارەکەی بەسـەر چەسـتە سـووتاوەکەیەوە بمێنێتەوە، ئاگر بەرزبۆوە، منیش خۆم هەڵدا، نـەوەك ماشـێنەکە بتەقێتـەوە، خلـۆر بوومـەوە، پاشان لەسەر ئەژنۆکانم دەڕۆیشتم، لەدووری سی هەنگاو ماشـێنەکە تەقییـەوە، خـۆم بـەزەوی داداو هەسـتم بـەتینی گەرماییـەکی زۆر کـرد بەسـەر جەسـتەکەمدا تێدەپـەڕی، کەسـێکم بینـی بەهاوارمانەوە هات، منیش لەسەر زەویەکە خۆم والێکرد کە لەهۆش خۆم چووم.

## وێنەو پەند

## 25 ی تشرینی دووەمی 1956

لەسەردانێکمدا بۆ سینا، وێنەیەکی(سەرۆك)م بینی بەسەر دیوارێگەوە هەڵواسرابوو، لە وێنەکەدا سەرۆك پێدەکەنی، هی ئەوکاتەبوو کە سەردانی فرۆکەخانەی (العریش)ی کردبوو ساڵونیوێك پێش ئێستا، لەتەنیشتیشیەوە (الشرعبی) سەرکردەی فرۆکەخانەکە وەستابوو، لەدوای ئەو سەردانەی سەرۆکیشەوە پلەی(الشرعبی) بەرزکرایەوە بۆ ڕائید.

وێنەی دووەمیش بەسەر دیوارەکەوە، وێنەی (سەرۆك) بوو بەبەرگی سوپاوە لە فرۆکەخانەکەدا، لەلایەکیەوە لیوا( عبدالحکیم عامر)و، لەلاکەی تریشەوە هاوڕێکەم (محمد صدقی محمود)وەستابوون، ئێستا ئەوە (محمد صدقی)لەلام دانیشتوە، دڵم دەداتەوە لەسەر ئەوکارەساتەی بەسەرمدا هاتووەو، هانم دەدات خواردن‌و خواردنەوە بخۆم.

لەگەڵ خۆمدا دەمگوت: دنیایەکی سەیرە، هیچ سنوورێك نیە لەنێوان وێنەکان‌و خودی ژیاندا، لەتەنیشت وێنەکانیشدا لافیتەیەکی گەورە هەڵواسرابوو لیێی نووسرابوو:

فرۆکەکانی دوژمن بناسە... فرۆکەی (متیئور)، لەژێر ئەم نووسینەشەوە وێنەی فرۆکەیەکی میتئور کرابوو، بەناوەڕاستەکەیەوە زۆر بەگەورەیی ئەستێرەیەکی داودی پێوەبوو.

لەبەرخۆمەوە گوتم: هەموو ئەوانەی ئێستا لەلای من دانیشتوون، فرۆکەوانی فرۆکەکانی جۆری (متیئور)ن، ئەو فرۆکەیە زۆر بەباشی دەناسن، کەواتە ئەو لافیتە گەورەیە بۆ هەڵواسراوە؟

لەتەنیشتێکی لافیتەکەشەوە لەسەر کاغەزێك نووسرابوو: (دوای ئەوەی کەدوژمن بۆی دەرکەوت هێزی ئاسمانی (مصر)ی زاڵترە، هەوڵی بەکارهێنانی فرۆکەی نەفاسە دەدات، بەڵام فرۆکە (متیئور)ەکان باشترن لەوان).

لەدڵی خۆمدا گوتم: ئەوقسەیەی کەلەسەر کاغەزەکە نووسراوە زۆر ڕاستە، تەنانەت (فیشلێ)یش باوەڕەی وابوو کەهێزی ئاسمانی (مصر) زاڵترە بەسەر هێزی ئاسمانی ئیسرائیل، بەڵام ئەوەی ئێستا من دەیزانم، کەسێك نیە لەئیسرائیل بیزانێت، تاقە فرۆکەیەکی سەربازی نە لە(عریش)و نە لە(نیمچە دوورگەی سینا)دا نیە، هەروەها لە (سینا) فرۆکەخانەیەکی لێ نیە بتوانێت پێشوازی فرۆکە نەفاسەکان بکات، ئەو فرۆکەوانانەش کەلێرەن لە(العریش)، تەنها دەخۆن‌و

بەقسە خۆشەکانی(محمود صدقی) سەرکردە خۆشەویستەکەیان پێدەکەنن، ئەوانە وەکو شێری بێ ددان وان، ئەوانە لێرە لەدووری (50)کیلۆمەترن لەسنووری دوژمنەکەیانەوە، بەڵام فڕۆکەکانیان لەفڕۆکەخانەی (کبریت)ن لەدووری سەدان میلەوە.
کاری ئەو فڕۆکەوانانە چیە لێرە؟ ئەوانە تەنها لەنمایشە ئاسمانیەکاندا بەشداری دەکەن، لەکاتی هاتنی(سەرۆك)و سەرکردەی هێزی ئاسمانی، ئەوانە ئەگەر هێرش بکرێتە سەریان، کۆنەفڕۆکەیەکی بار هەڵگریشیان دەست ناکەوێت، بۆئەوەی هەڵێن‌و خۆیان لەدەست مردن ڕزگاربکەن.
سەردانەکەم بۆ (سینا) بەڕێککەوت بوو، دوای ئەوەی لەنەخۆشخانەی (طنطا) هاتمە دەرێ، دوای هەڵدێرانەکەو مردنی (صوفی)، دکتۆرەکە پێگوتم: ئەنوەر بەگ، ئەگەر دەتەوێت بۆجاری دووەم نەگەڕێیتەوە نەخۆشخانە، ئەوا دەبێت بۆچەند هەفتەیەك بە ئارامی بژیت، بۆیە منیش لەماڵەکەمدا مامەوەو گۆڤاری (المصور)م دەخوێندەوە، هاوڕێکانیشم لەهێزی ئاسمانی سەردانیان دەکردم، لەوانە (محمد لبیب)و (عبدالسلام الدغیری)و (محمد مدکور ابوالعز)و، دواجاریش (عبدالنبی)هات، داوای لێبووردنی لێکردم‌و لەتەندروستی پرسیم‌و پێیگوتم: ئەی ئەنوەر بەگ، هۆی مردنی (صوفی) من بووم، (ئەگەر من بەتۆم نەناساندبا، لەگەڵ تۆ تووشی ئەو ڕووداوە نەدەبوو).
بە سەرسوڕمانەوە تەماشایەکم کردو، بەبێ هیچ مانایەك ڕووی خۆم گرژ کردو وەڵامم دایەوە: خوا ڕوحەکەی (صوفی)کێشا، بەڕاستی شتێکی جوان‌و گونجاو بوو بۆ ئەوژیانەی ئێمە، بەڵام ئەوە ویستی خوایە هەردەبوو بمرێت، ڕۆژی زیندووبوونەوەش دادێت‌و خوا مردووەکان لەگۆڕەکان دێنێتەدەرەوە، ئەوسا دەبێت داوای لێبوردن لە(صوفی)بکەین، بەم شێوەیە وەکو پیاوێکی ئایین پەروەر خۆم دەرخست، وەکو هەموو موسوڵمانێك کەباوەڕی بەقەزاو قەدەر هەیە.
(عبدالنبی) سەری خۆی داهێنایە خوارەوەو گوتی: من هەڵەم بەرانبەر کردن، جا ئایا لێم دەبووریت؟ منیش وەکو ڕازی نەبوونێك، سەرم بەولاولادا لەقاندو گوتم: ئەی صالح، تۆ هەڵەت بەرامبەرم نەکردووە، بەڵکو تۆ خۆشی جوانترین مانگەکانی تەمەنمت پێبەخشیم، تۆ بوویە

هـۆی ئـەوەی دیـداری ئەوکچـە بکـەم، کەبەراسـتی خۆشـم دەویسـت، بەبـەردەوامیش خـۆم بەقەرزداری تۆ دەزانم.

کەصالح ڕۆیشت، بەخۆمم گوت، بەوزوانە ناتوانم درۆو ڕاستی لەیەکتری جیاکەمەوە، جا کـە وام لێهات لەیەکتریان جیابکەمەوە، ئەوسا دەبم بەجاسوسێکی ڕاستەقینە.

زەنگی تەلەفۆنەکـە لێیـدا، رائد(عبدالسـلام دغیری)بـوو، ئاگـاداری کردمـەوە کـە سـەرکردایەتی هێزی ئاسمانی، دووبەیانی هەڵدەستێت بەسەردانێك بۆ فڕۆکە خانەکانی سـینا، بەسـەرۆکایەتی خودی سەرکردەی هێزی ئاسمانی، (عبدالنبی)یش پێیڕاگەیانـدم کـە تـۆ لـەناو خـەمو خەفەتـدا دەژیەیت، بۆیە داوات لێدەکەم لەگەڵمان بێیـتو بەچـاوی خـۆت ببینـی چـۆن فرۆکەوانـەکانمان فڕۆکەکان بەکاردێننو تۆش کەمێك لەخەمو خەفەتەکانت بەبادەدەیت.

بەم شێوەیە کەوتمە ناو گەشتێکەوە بەرەو سینا، سەردانی بنکەی هێزی ئاسمانی (بیر کفکفا)و فڕۆکەخانەی(بیر حمە)م کرد، کە ڕێڕەوکانی لەژێرکاری نۆژەن کردنەوەدابوون بـۆ پێشـوازی لـە فڕۆکەکانی مێك، دوای نانی نیوەڕۆش سەردانی بنکەی ئاسمانی(العریش)مان کرد، بەڵام لـەهیچ کام لەو فڕۆکەخانانەدا فڕۆکەی شەڕکەرو بۆمب هاوێژم نـەدیت، محمـودی برادەریشـم پێیگـوتم: هێـزی بـەرگری ئاسمـانی سـینا، پشـت بەفڕۆکەخانـەی(کبریت) دەبەسـتێ، دەشمزانـی لەفڕۆکەخانەی (کبریت) پۆلە فڕۆکەی ژمارە (20)ی لێیە، کەبریتی بوون لە(15)فڕۆکەی (میك 15)، ئەوانیش گونجاونین بۆلێدانی ئامانجەکانیان لەسەر زەوی.

بەتەواوی بۆم ڕوونبۆوە کەبەشداری کردنم لەوگەشتەدا بەمەبەستی هەڵخەڵەتاندن بووە، لـەبیرو هۆشـی خۆمـدا وام لێکدەدایـەوە کـە دوای ئـەوەی ئێمـە دەگەڕێینـەوەو ناوچـەکە جێـدێڵین، فڕۆکـەکانی (مێك)و(الیوشـن) لەفڕۆکەخانـەی (العـریش) دەنیشـنەوە، بـەدوای ئەوانیشـدا فڕۆکـەکانی (فامبـایر)و (متیئـور) دەنیشـنەوە، جـا ئەوسـا فڕۆکەوانـەکان پـڕ بەگوپـەکانیان پێدەکەنن، بەهۆی سەرکەوتنیان لەچەواشەکردنی جاسوسێکی ئیسرائیلی.

هەروەها لەبنکەی(العریش) لەکاتی نان خواردندا، هەریەکێك لەجەنەڕاڵ(علی عامر) سـەرکردەی هێزەکانی (مصر) لە(سینا)و، (عبدالوهاب قاضي) سەرکردەی فیرقـەی پیـادەی (3) لەگـەڵمان بوون، فیرقەی پیادەی (3)، پاراستنی ناوەڕاستو باکووری (سینا)ی لەئەستۆدابوو، هـەردووك

سەرکردەکەش بەدرێژی لەگەڵ (صدقی محمود) وتووێژیان کرد، دەربارەی ئامادەباشی سوپای (مصر) بۆ پەرچدانەوەی هەر هێرشێکی ئیسرائیلی لەوکاتەدا کە فەرەنسیو بەریتانیەکان هێرش دەکەنە سەر کەناڵی سوەیس.

لێرەدا جارێکی تریش تووشی سەرسوڕمان بوومەوە، لەوتووێژەکانیاندا بۆم دەرکەوت کەسوپای (مصر) لەسینا لەسەربنەمای خۆپاراستن دابەشکراوە، بەشی ئەوەناکات هێرش بکاتو، بێبەشیشە لەوهێزانەی لەوشکانیو دەریادا شەڕدەکەن.

لەتەنیشت قسەکەرەکانەوە دانیشتبووم، خەموخەفەت بەدەموچاومەوە دیاربوو، واشم نیشاندەدا کەزۆر گرنگی بەباسەکە نادەم، بەڵام لەڕاستیدا بیرو هۆشم زۆر بەتواناو بەخێرایی خستبووەگەڕ، وێنەی هەموو شتێکم دەگرتو لەبیری خۆمدا تۆمارم دەکرد، شتەڕاستەکانم جێگیر دەکردو ئەگەرەکانیشم بەلادەنان، تالەکۆتاییدا دەگەیشتمە ئەوشتانەی کەلەهەموویان گرنگترن.

لەوڕۆژەدا وێستگە سەرەکیەکەی ئیسرائیل، لەکاتژمێر پێنجەوە گوێی لەقسەکانی من دەگرت بەهۆی بێ تەلەکەوە، لەکاتی دیاریکراودا گەیشتمەوە ماڵەوە، پێش ئەوەی بچم خۆم بشۆم، بۆئەوەی خۆم باك کەمەوە لەتەپوتۆزی بیابانی سینا، لەبەردەم بێ تەلەکە دانیشتم بۆئەوەی ئەم زانیاریەی خوارەوە بنێرم:

(سەرکردەی هێزەکانی سینا جەنەرال علی عامر(.) فیرقەی هەشتی فەلەستین لە کەرتی غەززە (.) فیرقەی ($3$) ی پیادە لەناوەندو باکووری سینا (.) کەتیبەی ماشێنەکانی سنوور لەدەوروبەری (الکونتیلا...المتیله) (.) کەتیبەی ($21$)ی پیادەو ($10$)ی بارهەڵگر لەناوچەی شرم الشیخ(.) دەستەیەك لەحوشتر سوارەکان بۆ پارێزگاری کردنی کەناڵی سوەیس(.) لەسینا چەکی زریێ پۆش نیە، جگە لەکەتیبەی دەبابەکانی شیرمان(.) چەند لیوایەکی زرێپۆش لەسەربازگەی فەنارا لەکەناڵی سوەیس (.) هیچ فڕۆکەیەك لەسینا نیە(.) پاراستنی ئاسمانی سینا لەفڕۆکەخانەی (کبریت)ەوەیە (.) پاراستنی خاکی سینا پشت بەهەندێك پێگەی گەڕۆك دەبەستێت لە (رفح)و العریش)و (ابو عجیله)(.) هێزە تایبەتیەکانی سینا، لەناویاندا فیرقەی دووی پیادە لەکەناڵی سوەیسەو، ئەگەر کەناڵەکە بکەوێتە بەر هێرش لەوێ دەمێنێتەوە (.)

سەرکردەی فیرقەی (3) (عبدالوهاب قاضي)یە، لەئەفسەرە کۆنەکانە، پشت بە خۆپارێزی دەبەستێت(.) لە (رفح) لیوای پێنجو سریەی دەبابەکانی شێرمانی لێیەو  سەرکردەکەشیان عبدالمجیدە(.) بەباشی خۆیان داکوتاوە(.) لیوای شەش لە(ابو عجیله)یە، لە (العریش) کەتیبەی یازدەو دوازدەی پیادە، دوو سریەش لەدەبابەکانی شێرمان(.) سەرکردەی فرقە فەلەستینیەکە، یوسف عبدالله الجرودی(.) تەواو.

زانیاریەکان زۆر درێژبوون، بەلآم واپێویستبوو هەر ئەوکاتە بنێردرێن، لەگەڵ نزیکبوونەوەی کاتی هەڵگیرسانی شەڕدا، هەموو زانیارییەك زۆر گرنگە ئەگەر بچوکیش بێت. ئەو زانیاریانەی کەمن ناردمن شایستەی ئەوەبوون کەتیبەیەکی سوپات بۆکردبایە قوربانی هەتا دەستت دەکەوتن، بەلآم لەلایەکی ترەوە من ئێستا مەترسیم نیە زانیاریە درێژەکان بەشەوو بەرۆژو بەبێ وەستان بەهۆی بێ تەلەوە بنێرم، چونکە ئێستا ناوچەکە سەرقاڵە بەهۆی زۆری پەیوەندییە بێ تەلەکان، لە بەڕێکردنی زانیاریەکانو لەوەرگرتنیشیاندا، لەنزیك ماڵەکەی منەوە سەربازگەیەکی سەرکردایەتی هەیە، لەتەنیشت ئەویشەوە سەفارەتخانەی ڕوسیایە، فڕۆکەخانە سەربازیەکانیش لەنزیکمانەوەن، هەموویان شەوو ڕۆژ خەریکی پەیوەندین بەهۆی ئامێری بێ تەلەوە، لەناو ئەو قەرەباڵغیەدا کەسێك نیە بتوانێت شوێنەکەی من بدۆزێتەوە، بەمەرجێك پەردەوامبم لەسەر ڕێکوپێکی کاتی پەیوەندیەکانم.

وێستگە سەرەکیەکە پێی ڕاگەیاندم دەیەوێت هەندێك زانیاریم بۆ بنێرێت، منیش وەرم گرتو بەوە کۆتایی هات: (فڕۆکەوانە شێرەکانی فڕۆکە نەفاسەکان بێ ددانن).

## دیمەنێك شانۆگەرییەکە

## 2 ی تشرینی یەکەمی 1956

لەسەر تارمەی ماڵەکەم دانیشتبووم لەگەڕەکی(عین الشمس)، هەموو مێژووی ڕووداوەکانم لەبەرچاو بوون، فڕۆکەکانی (الکانبرا)ی بەریتانیو فڕۆکەکانی (سایبر) کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پێشکەشی فەرەنسایان کردبوو، لەباکوورەوە دەفڕینو لەبەرزاییەکی زۆرەوە لەسەر فڕۆکەخانەکانی (الماظة)و (قاهیرە) بارە قورسە تەقەمەنیەکانیان هەڵدەدانەخوارەوە، بەڵام فڕۆکەکانی(کوماندۆ) سەربە پۆلی حەوتو فڕۆکەکانی(الداکوتا) سەربە پۆلی یازدە، کەڕۆژێك پێشتر لەفڕۆکەخانەی(الماظة) نیشتبوونەوە، هەموویان یەك پارچە سووتابوون، تەنانەت فڕۆکەکانی (متیئور)یش بەوهەموو خێراییەی خۆیانەوە نەیانتوانیبوو لەدەست هێرشەکە ڕزگاریان بێتو هەموویان وەکو پارچەیەك ئاگر دەسووتان، بۆمبە سوتێنەرەکەکان هەموو عەمباری کەلوپەلەکانو، بورجی چاودێری کردنو، شوێنی چاککردنەوەی فڕۆکەکانیان وێران کردن، تەنانەت بەسەر ماڵەکانی دەوروبەرەکەشدا دادەبارین.

بەڵام فڕۆکەخانەی (القاهرە) کە دوو پۆل فڕۆکەی (الیوشن 28)ی تێدا ڕیزکرابوون، لەوهێرشەی دوێنێی فڕۆکە فەرەنسیو بەریتانیەکان بەرنەکەوت، کەچی ئیمڕۆش لەناو (مصر)ییەکاندا کەسێك نەبوو ئەو فڕۆکانە دوورخاتەوەو لەمەترسی پێکان ڕزگاریان بکات.

ئەوە ئیمڕۆش جارێکی تر هێرشی فڕۆکەکانی (الکانبیرا) دەستی پێکردەوە، بەڵام ئەمجارەیان فڕۆکەخانەی (القاهیرە)ی گرتەوەو لەهاتنو گەڕانەوەیادا، بەگرمەو زرمەزرمەوە بۆمبابارانی ناوچەکەیان کرد.

ئەوە کاتژمێرێکە فڕۆکە فەرەنسیو بەریتانیەکان خەریکی بۆردومانی فڕۆکە خانەی قاهیرەن، سەرەتا بۆمبابارانی بنکە دژە ئاسمانیەکانیان کرد، بەوشێوەیە هیچ ڕێگرێك نەما لەبەردەمیاندا، ئەوەی ویستیان بەفڕۆکەخانەکەیان کرد، بەتەواوی وەکو ئەو پیاوەی کەئافرەتێك دەستگیر دەکاتو لەپێناوی ئارەزووەکانی خۆیدا بەهەموو شێوەیەك ئازاری دەدات.

زەنگـی تەلەفۆنەکـەم لەژوورەکـەدا لێیـدا. منـیش دەسـکی تەلەفۆنەکـەم بـەرزکردەوەو گـوتم: هەلەو، کێ قسەدەکات؟

وەڵامم درایەوە: (صدقی محمود) سەرکردەی هێزی ئاسمانی دەیەوێت هەرئێستا بتبینێت.

(بەپەلە ڕۆیشـتم)، بینـیم (صـدقی محمـود) بەتەنیشـت پەنجەرەیەکـەوە وەسـتاوە، بەتاسـاوی تەماشای شەپۆلی فڕۆکە بەریتانیو فەرەنسیەکانی دەکرد، ئاگریـان لەفڕۆکەخانـەکان بـەردەداو کاولیان دەکردن، چەکی ئاسمانی (مصر)یش لەچەند کۆمەڵە وردەواڵەیەکی سوتاو زیاتر هیچـی لێ نەمابۆوە.

هـەروەها لەژوورەکـەدا، موقـەدەم(عفیفی) بەڕێوەبـەری جموجۆڵـە ئاسمانیـەکانو رائید(محمـد لبیب)، سەرۆکی بەشی پاراستنی ئاسمانیو، موقەدەم(محمد مدکور ابوالعز) ئامادەبوون.

(محمد صدقی) داروخانێکی ترسناك بەسـەر دەموچاویەوە دیـاربوو، ڕووی لـەمن کـردو گـوتی: ئەوانــە بەبەرچــاوی خۆمانــەوە دەســتدرێژی دەکەنــە ســەر ئافرەتــەکانمان، ئێمــەش هــیچ دەسەلاتێکمان نیە، (محمد لبیـب)یش ویسـتی قسـەبکات، بـەلاّم بێدەنگیەکـەی پـێ باشـتربوو، (محمد عفیفی)ش چاوی لەزەوی بڕیبوو، تەنها (مدکور ابوالعز) واپێدەچوو تـەواو ئـارامی خـۆی لەدەست نەدابێت، جارێکی تر (لبیب) ویستی قسەیەك بکات، بەلاّم سەرکردەی هێزی ئاسمـانی دەستێکی بۆهەڵهێنا بۆئەوەی قسەکانی ڕاکرێت، ڕووی لەمن کرد، گوتی: ئەی ئەنوەر بەگ، تـۆ تاکەکەسێکی لێرە کە پشت بەبیرکردنەوەو ڕاستوڕەوانی مەبەسـتەکانی ببەسـتم، تـۆش ئـەوە بەچاوی خۆت دەیبینی چیمان پێدەکەن، لەماوەی چەند کاتژمێرێکی تردا ئـەوەی چـەند سـاڵە بنیاتمان ناوە هەمووی تێدادەچێت.

وام هەستکرد دوای کەمێکی تر بەتەواوی خـۆی لـەیاد دەکـاو وەکـو ژنـان دەیکـات بەشـیوەن، هەروەها وام هەستکرد هەربۆمبێك کەبەردەبێتەوە دەبێتە مایەی ئێشو ژانو سوکایەتی بۆئەو، وای لێکدەدایــەوە هــەر فڕۆکەیــەك لەفڕۆکــەکانی وەکــو کچــە عاشــقێك وایــە بەبەرچــاوی دەزگیرانەکەیەوە دەستدرێژی بکرێتە سەر.

بەلآم توانی بەسەرخۆیدا زاڵبێت، جگەرەیەکی لەقوتووە زێڕنیەکە دەرهێناو بەلێوەکانی گرتیو (عفیفی)ش چەرخەکەی بۆ لێداو دایگیرساند، مژێکی قوڵی لێدا، وەکو ئەوەی ئومێدێکی بەمن هەبێت لەو گێژاوە ڕزگاری بکەم.

منیش زۆر بەخێرایی بیرم دەکردەوە، خۆشم وەها نیشان نەدەدا کەزۆر بەهەڵپەم بۆچارەسەری ئەوکێشەیە، گەیشتمە ئەوئەنجامەی کە تاقە ڕێگە بۆدەربازبوون لەو تەنگژەیە، ڕزگارکردنی ئەو فڕۆکانەیە کەتائێستا بەر بۆردوومانەکان نەکەوتوون، بۆیە دەستمکرد بەقسەو گوتم: تەنها یەك بەرنامە هەیە بۆ دەربازکردنی ئەو فڕۆکانەی کەماون، ئەویش ئەوەیە هەموو فڕۆکەکان بگوازرێنەوە بەرەو باشوور بۆ (الاقصر)، چونکە فڕۆکەکانی (سایبرو کانبرا) کە لە(قوبرص)ەوە دێن، ئەگەر بگەنە (الاقصر)، ئەوا سووتەمەنیەکەیان بەشی گەڕانەوەیان ناکاتو بەردەبنەوە ناو ئاوی دەریا، بۆیە بۆیان ناکرێت بگەنە( الاقصر)، بەم پێیە فڕۆکەکانتان پارێزراو دەبن.

لەوکاتەدا سەرم سوڕما لەهەڵسوکوتێکی (ابوالعز)، زۆربەپەلەو بەتوڕەییەوە دەسکی تەلەفۆنەکەی بەرزکردەوەو بەفەرمانبەری تەلەفۆنەکەی گوت: هەر ئێستا بەزوویی ئەو پەیوەندیانەم بەدوای یەکدا بۆ وەردەگریت: سەرکردەی فڕۆکەخانەی(الماظة)، سەرکردەی فڕۆکەخانەی ڕۆژئاوای قاهیرە، سەرکردەی فڕۆکەخانەی (انشاص).

دەسکی تەلەفۆنەکەی دانایەوەو دەسکی تەفەفۆنێکی تری بەرزکردەوەو گوتی: زۆر بەزوویی سەرکردەی ئەو فڕۆکەخانانەم بۆ وەربگرە: (ابو صویر، فاید، کبریت).

تەلەفۆنی یەکەم زەنگێکی لێداو (ابوالعز) وەڵامیدایەوەو گوتی: هەر ئێستا فەرمان بکە هەموو فڕۆکەکان بگوازرێنەوە بۆ فڕۆکەخانەی(الاقصر)، من بۆخۆم بەدواداچوون بۆ ئەوبابەتە دەکەم، بۆئەوەی دوای ئەو بڕیارە فڕۆکەیەکی تر بۆردومان نەکرێت، ئێستا کاتژمێر 8:55 ی بەیانییە، تێگەیشتی؟

زەنگی تەلەفۆنی دووەمیش لێیدایەوەو (ابوالعز)یش وەڵامیدایەوە.

دوای نیو کاتژمێر هەموو فڕۆکەکان گوازرانەوە بۆ فڕۆکەخانەی(الاقصر)، صدقی محمودیش هاتەوە سەرباری ئاسایی خۆیو لێم نزیك بۆوەو بەدەستەکانی سەری گرتمو چاوەکانی تێبڕیمو بەدەنگێکی هەستیار گوتی: (ئەی ئەنوەرە فەندی، خوا تۆی بۆ ئێمە نارد....خوا تۆی نارد).

صدقی محمود لەبیری کردبوو وشەی (ئەفەندی) ئێستا لەناو کۆمەڵدا بەکارناهێنرێت، هەریەك لە(عفیفی)و (لبیب)یش لێم هاتنەپێشەوەو وەکو ڕێز لێنانو خۆشییەك شانەکانیان ڕاتەکاندم، بەڵام (ابوالعز) لەهەموویان زیاتر هەستی مەمنونیەتی بۆ دەربڕیم، هەر چاوەڕێبوو هەتا کڵپەی خۆشیەکەی کپ بۆوەو لێم نزیك بۆوەو گوتی: ئەنوەر بەگ، بمبوورە ئەگەر قسەیەك یان تێڕوانینێکی خراپم لەسەر تۆ هەبووبێت، بەڕاستی تۆ دۆستیت..... منیش بەپێکەنینەوە گوتم: ئەی (ابوالعز) تۆ مافێکی تەواوت نەداوە بەمن! چاوەڕێمکە هەتا دێمو حەقەکەی خۆمت لێوەردەگرم، هەموومان بەدەنگێکی بەرز دەستمانکرد بەپێکەنین، لەکاتێکتدا کە فڕۆکەکانی (کانبیرا) لەسەر ناوچەی دەلتا خولێکیان دەداو لەبەرچاوان بزردەبوونو دەگەڕانەوە بۆ قبرص، بۆئەوەی خۆیان پڕ چەكو سووتەمەنی بکەنەوە.

(عفیفی) سەرکردەی جموجۆڵە ئاسمانیەکان پەیوەندیە تەلەفۆنیەکەی تەواوکرد، چاوەکانی بەرزکردنەوەو وەکو خۆشحالی کەسێکی سەرکەوتوو گوتی: (20) فڕۆکەی (الیوشن 28) لەفڕۆکەخانەی ڕۆژئاوای قاهیرەوە گەیشتنە فڕۆکەخانەی (الاقصر)، (ئەوپیاوە ناحەقی نەبوو بکەوێتە ئەوخۆشیەوە) چونکە ئەو فڕۆکە ڕوسیانە مەودایەکی دووریان هەبوو، بڕێکی زۆریشیان لەتەقەمەنی هەڵدەگرت، هەر ئەو فڕۆکانەش بوون هەموو تاکێکی جوولەکەیان ناڕەحەت کردبوو، هەر لەبەر ئەو هۆیەش (فیشلێ) منی نارد بۆئێرە.

دوای نیو کاتژمێر گەڕامەوە بۆماڵەکەی خۆم کەنزیکەی (3) کیلۆمەتر لەسەرکردایەتی هێزی ئاسمانیەوە دووربوو، بەهۆی ئامێری بێ تەلەکەوە ئەو هەواڵەم بۆ وێستگە سەرەکیەکە نارد:

لە ڕۆما....بۆ بەرپرس...

(20)بیست فڕۆکەی(الیوشن 28) لەفڕۆکەخانەی ڕۆژئاوای قاهیرە گواسترانەوە بۆ فڕۆکەخانەی(الاقصر) (.)

فڕۆکە مێکەکان لە(کبریت) گواسترانەوە بۆ (الاقصر)(.)

ئێستا لە(الاقصر) نزیکەی (40 الیوشن)ی بۆمب هاوێژی لێیە(.) کۆتایی هات.

من دوێنێ بەوێستگەکەم ڕاگەیاند کەلیوای (20)ی زرێپۆش لەسەربازگەی (فارا) کەوتوونە جووڵە بەرەو سینا، جا کاتێك ئەو لیوایە بەسەر پردی ئیسماعیلییە پەڕینەوە، بەهۆی

پردەکــەوە ڕێڕەوەکــەیان بۆمــاوەی کیلۆمــەترێك باریــك بــۆوە، فڕۆکــە فەرەنســیەکانیش لەئیسرائیلەوە هەلیان لیَ وەرگرتنو بەڕۆکێتو ڕەشاشـی قـورس لێیـان دان، بەوپێیـە لیوایەکـە نەگەیشتە سینا، گەڕایەوە شوێنەکەی خۆیو دەیان دەبابەی ڕوسی جۆری (تی 34)ی لەدوای خۆی جێهێشت، کەتۆپێکی (75)ملیمی بەسەرەوەیە، دەتوانێت دەبابە ئیسرائیلیەکان بپێکێت پــێش ئــەوەی بگاتــە مەودایــەکی گونجــاو بــۆ تەقــەکردن، خێراییەکەشــی (55)کیلۆمــەترە لەکاتژمێرێکدا، دەشتوانێت هەموو بیابانی سینا ببڕێت بەبیَ ئەوەی سووتەمەنی لێببڕێت، بەلاَم دەبابـە ئیسـرائیلیەکان لـەجۆری (شـێرمان) کـۆنو سـووکن، بـەپێی بۆچـوونی زاناکـان توانـای ڕووبەڕووبوونەوەی دەبابەی(تی 34)یان نیە.

ئەوئێوارەیە (لبیب) پێیڕاگەیاندم پۆلێك لەفڕۆکەکانی (الیوشن 28)یان لە(الاقصر) گواستۆتەوە بۆ فڕۆکەخانەکانی شانیشینی عەرەبی سعودی، بەیانیش دوو پۆلی تر ڕەوانە دەکـەن، لەترسـی فڕۆکە بەریتانیو فەرەنسیەکان، هەروەها فڕۆکە مێکەکانیشیان لەگەلَ پۆلێـك فڕۆکەی(الیوشـن 28) ناردووە بۆ سۆدان.

دوای چوار ڕۆژ فڕۆکە فەرەنسیەکانی جۆری(السایبر) فڕۆکەخانەی(الاقصر)یان بۆردوومان کردو چەند فڕۆکەیەکی (الیوشن 28)یان تێك شکاندو گەڕانەوە.

لەماڵەکەی خۆمدا دانیشتبووم چـاوم بڕیبـوە ئـەو وێنەیـەی کـەدەرگای قاسـەکانی داپۆشـیبوو، بیرم دەکردەوەو دەمگـوت، دەبێـت بەرپرسـە ئیسـرائیلیەکان چـیم پێبلـێن ئەگـەر بـیَ تەلەکـە بخەمەکارو هەزارو یەك سوکایەتیان پێبکەم، لەسەرئەوەی لە بۆمبابارانی فڕۆکەخانەی(الاقصر) دواکەوتوون.

## ڕووداوێکی لە ناکاو لە تەلئەبیب
## 20 ی حوزەیرانی 1957

هەستم بەخۆم نەدەکرد ئارەزووم بەچارەی ئەوپیاوەبێت کە بۆدیداری من داندراوە، ئەو ڕاستیەشم نەدەشاردەوە، لەوانەیە ئەویش هەروابووبێت بەرانبەر بەمن، بەلاّم زۆر هەوڵی دەدا ئەوڕاستیە لەمن بشارێتەوە.

ئەوڕۆژە بەیانیەکەی تورە دیاربووم، لەوانەشە ئەوتوڕەبوونەم بۆئەوە بگەڕێتەوە کە ئیمڕۆ تەمەنم دەبێت بە(32)ساڵ لەسەر ئەوبنەمایەی کە من هەمان ئەوڕۆژە لەدایك بووم کە ئارام ئەنویرە ڕاستەقینەکەی تێدا لەدایك بووە، بەلاّم گومانیشی تێدانیە کە ئەو توڕەییەی من بۆدیداری(صوفی یاسین) دەگەڕێتەوە، بەمەرجێك(صوفی یاسین) دوای مردنەکەی زیندوو بووبێتەوەو هاتبێت بۆ ئیسرائیل، ئەو کچێکی ئەسمەرو چاوڕەش بوو، پرچی بۆ دواوە دادێنا، ئەو کچەی کەئیمڕۆش من لەتەلئەبیب بینیم، پرچی زەردو چاوەکانیشی لەڕەنگی زەیتی زەیتون دەچوون، بێجگە لەو دوو جیاوازییە، بێ توانابووم لەیەکتریان جیابکەمەوە.

بەکورتی لەبارێکی دەروونی وەهادابووم، پێویستە لەسەر هەموو جاسوسێك کە گەیشتە ئەوقۆناغە، بەزووترین کات لەکارەکەی خۆی دوورکەوێتەوە، بەدوای سەرچاوەیەکی ئاسانتری ژیاندا بگەڕێت، وەکو بەخێوکردنی ئاژەڵەکان یان هەر پیشەیەکی تر لەوجۆرە پیشانەی کەپێویستیان بەوە نیە وەکو جاسوسێك بەبەردەوام لەناو بیروهۆشی خۆیدا وریاو ئاگاداربێت.

ئەودیدارەی ئیمڕۆ لەگەڵ بەرپرسەکەی خۆمدا، لەسەرداوای من بووە، کە لەڕێی بێ تەلەکەوە پێشتر ئاگادارم کردبوونەوە لە(مصر)ەوە، بەلاّم بەرپرسەکەشم کاتێکی وای بەدەستەوە نیە یەکێك لەوسەدان جاسوسانەی خۆی ببینێت کە بەدنیادا بلاّوبوونەوە.

فیشەڵ ئاوەها مامەڵەی لەگەڵ پیاوەکانی خۆیدا نەدەکرد، بەلاّم هەر بۆخۆشی دەیگوت: سەردەمی پیاوە دێرینەکان تێپەڕی.

کاتژمێرێك دوای نیوەشەو گەیشتمە تورکیا، ژوورێکم لای پیرێژنێك بەکرێ گرت، بۆبەیانیەکەی بەماشێنەکە چووم بۆ چاوپێکەوتنێك لەنوسینگەیەکی بچووك کەسەر بەکۆمپانیایەك بوو خواردنی هاوردە دەکرد بۆتورکیا، لەڕێگا تووشی(نعومی)بووم، زۆر گۆڕابوو لەچاو دواجار

کەلێم تورەبوو، لەدەموچاوی ڕاکێشاو لەژوورەکە ڕۆیشتە دەرەوە بەبێ ئەوەی قسەیەك بكات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وا نەگۆڕابوو کە نەناسرێتەوە، ئەومەوەی کە من لێرە نەبووم، (نعومی) ئافرەتێکی کامڵی لێ دەرچووبوو، لەسەر جوانیەکەی جارانیشی نەمابوو کەوەکو (صوفی) سەرنجی چاوەکانی بۆلای خۆی ڕادەکێشای، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر بەیەکتر دەچوون، ئەوکاتەی من (نعومی)م جێهێشت، وەکو گوڵێکی نەپوشکوتوو وابوو هێشتا پێنەگەیشتبوو، بەڵام ئیمڕۆ لەیەکەم تەماشاکردن ناسیمەوەو، خۆم بەکوشنی ماشێنەکەدا بردەخوارێو لەشوشەی پەنجەرەکەوە سەرنجم دایە، تا دواجار لەبەرچاوانم بزربوو، لەکاوتەوە لەبیرکردنەوەیەکی ئاڵۆزدام، ئایا ئەوەی بینیم بەڕاستی(نعومی)بوو یان نا، پاشان گەیشتمە شوێنی کۆبوونەوەکەو هەتا ئێستاش هەر بیرم ئاڵۆزە.

لەنوسینگەی کۆمپانیای هاوردەکردنی خۆراکی تورکیا(ایمیور تورك)، نوێنەرەکە چاوەڕێی دەکردم، پیاوێکی ئاسایی بوو، بەڵام خاوەنی عەقڵێك بوو دەتوانرا ئیمبراتۆریەتێکی سەربازی یان ئابووری لەسەر دابمەزرێنرێت، یان بکرێت بە نوێنەرێکی نادیار لەتۆڕێکی جاسوسیدا، واش پێدەچوو هەر وابێت.

دەستم بەقسەکردن کردو گوتم: تێدەگەم بەرپرسەکەم بۆی ناڕەخسێت کاتژمێرێك لەکاتەکەی دیاریکات بۆدیداری یەکێك لەجاسوسە بچووکەکانی کە لەولاتێکی گرنگ پێنەدروای وەکو ئەفەریقیا کاردەکات.

پیاوەکە زۆر لەسەرخۆ گوتی: بەرپرسەکەت داوای لەمن کرد بەناوی ئەوەوە داوای لێبوردنت لێبکەم کە نەیتوانیوە چاوی پێت بکەوێت، هەتا ئەندازەیەکیش ئەو وای لێك نەداوەتەوە کەتۆ وا بەزوویی دەگەیتە ئێرە.

منیش گوتم: ڕاستە، تەنها حەفتەیەك لەمەوپێش من بەهۆی ئامێری بێ تەلەکەوە ئاگادارم کردنەوە کەتایبەتە بەئەفەریقا.

گوتی: ئێمە (مصر) لەڕیزی ولاتانی ڕۆژهەلات دادەنێین، کارەکانی تۆش بەپلەیەکی وا هەڵدەسەنگێنین کەهیچی وای جیاواز نیە لەگەڵ هەڵسەنگاندنەکانی خۆتدا.

بەگاڵتەجاڕییەوە گوتم: منیش هەستم بەوە کردووە(ئێوە شتەکان باش هەڵدەسەنگێنن! ! )، دوو مانگو نیو پێش ئێستا، ئاگادارم کردنەوە، کە ئەو فڕۆکە بۆمبا هاوێژە نەفاسانەی ئێوە لێیان دەترسێن، هەموویان لەیەك فڕۆکەخانەدا کۆکراونەوە، ڕێڕەوەکانی بەکەڵکی فڕینو نیشتنەوە نایەن، من بۆخۆم وامکرد هەموو ئەو فڕۆکانە لەوفڕۆکەخانەیەدا کۆبکرێنەوە لەترسی ئەوەی نەوەك فڕۆکە فەڕەنسیەکان لەفڕۆکەخانەکانی تردا تێکیان بشکێنن، بەو هیوایەی ئێوە لە وتەکەی من تێدەگەنو بەزووترین کات هێرشیان دەکەنە سەر.

پیاوەکە زۆربەنەرمی گوتی: تێبینیەکەت زۆر بەباشی تێگەیشتین، بەلاّم فڕۆکەخانەی (الاقصر) لەسنووری فڕینی فڕۆکە بەریتانیەکان بوو، ئەوانیش ڕەتیان کردەوە کە فڕۆکەخانەکە بۆمبابارن بکەن.

منیش گوتم: بەلاّم دوای چەند ڕۆژێك کەفڕۆکەکان گواسترانەوە، ئەوسا فڕۆکە فەڕەنسیەکانی جۆری(السایبر) فڕۆکەخانەکەیان بۆردومان کرد.

پیاوەکە گوتی: دوو ڕۆژی تەواو لەگەڵ فەرەنسیەکان لەوتووێژدابووین، فەرەنسیەکان جەختیان لەوە دەکردەوە کەدەبێت ئەو فڕۆکە (مصر)ییە قورسانە لەناو ببرێن، بەلاّم(بەریتانیا) ڕێگەی پێنەدا، دوای دوو ڕۆژ ڕێگەیان پێدرا، بەمەرجێك لەچەند کاتژمێرێکی کەمدا ئەنجام بدرێت.

لەوباسەوە پەڕیمەوە بۆسەر باسێکی ترو گوتم: من دەزانم بەڕێوەبەرایەتی مخابەرات ڕەزامەندی لەسەر ڕاپۆرتەکانی من نیشان نادات دەربارەی هێزەکانی سوپای (مصر) لە سینا، چونکە لەئامادەکردنی ڕاپۆرتەکانمدا، تەنها ئەو واقیعەم خستۆتەڕوو کە بۆخۆم لەناویدا ژیاومو پشتم بەهیچ سەرچاوەیەکی تر نەبەستووە.

وەلاّمی دامەوەو گوتی: ئێمە ڕێڕەوەکانی سیاسەت دیاری ناکەین، بەڵکو تەنها زانیاریە سەربازیەکان دەگوازینەوە.

گوتم: زۆر جۆر خۆفرۆش هەیە، جۆری یەکەمیان ئەوانەن کەزانیاری وڵاتەکەی خۆیان دەدەن بەدوژمن، جۆری دووەمیشیان ئەوکەسانەن کەزانیاری درۆ دەدەنە بەرپرسەکانیان، بۆئەوەی لێیان ڕازی بن.

گـوتی: مـن نامـەوێت بچـمەناو سیاسـەتەوە، بـەڵام بەدڵنیاییـەوە ئێمـە زیادەڕەویمـان کـرد لەهەڵسەنگاندنی سوپای (مصـر)ی بەگشـتیو بەتایبـەتیش لـەبیابانی سـینا، باوەڕیشـمان بـەو زانیاریانە نەبوو کەتۆ بۆت ناردبووین، تائەوکاتەی چووینە ناو سینا.

منیش وەکو ئەوەی کە هیچ نازانم پێمگوت: کەچوونە ناو سینا، چیتان بینی؟

لەشێوەی چرپەچرپێك گوتی: زانیاریەکانت تا ئەندازەیەك زۆر تەواوبوون، هەرچەندە لەهەنـدێك وردەکاریدا بەهەڵەدا چووبوویت، بۆنموونە: فیرقـەی سـێ هێزەکـانی کـەمێك زیـاتربوون لـەوەی کەتۆ خستبووتە ڕوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا ئـەوەی دەربـارەی هێـزی ئاسمـانی نـاردبووت زۆر تەواوبوو، لەکۆی (200) فڕۆکەی مێك کەهەیانبوو، تەنها (30 تا 40) فڕۆکەیان بەدەرەوەبوو پێش ئەوەی هێرشی (انگلو فەرنسی) دەست پێبکات، لـەوەش تێگەیشـتین کەفڕۆکـە مێکـەکان شیاو نین بۆهێرشەکانی سەر زەوی، ئـەو فڕۆکانەشـیان بـۆ پارێزگـاری فڕۆکـەکانی (الفامبـایر و المتیئور) بەکاردێنا، کاتێك کە هێرشیان دەکردە سەر هێزەکانمان.

وام هەست دەکرد وردەوردە ئارەزووم بەچارەی پیاوەکە دێـت، زۆر ڕاسـتگۆ بـوو، هیچیشـی لێ نەشاردمەوە.

دوو سـاڵم بـەڕێکردن، بۆگەیشـتن بەئامانجەکـەم، بەسـەر زۆر لاشـەدا بـازم داو، تووشـی زۆر ناڕەحەتیش بووم، هێندەی نەمابوو بیگەمێ، لەپڕ هەموو شتێکم لەدەست دا.

مـاوەی کاتـژمێرێك بەیەکـەوە دانیشـتین، ڕق هەسـتاویەکەم بەتـەواوی هێـور بـۆوە، لەڕاسـتیدا سەرکەوتنی کاری جاسوسیش وەکو هەموو کارێکی تر، پشت بەلێهاتوویی ئەوکەسە دەبەستێت کەسـەرکردایەتی دەزگـا جاسوسـیەکە دەکـات، لەوڕۆژەشـدا وڵاتەکـەم بـەبارێکی سـەختدا تێدەپـەڕی، ڕۆژگـاری پیـاوە دێرینـەکانیش بەسەرچـووبوو، ئـەوپیاوە نوێیانـەش کەشـوێنی ئەوانیان گرتبووەوە لەکارەکانیاندا سـەرکەوتوو نـەبوون، بۆیـە نابێـت دەسـت دادەمو، دەبێـت لەچـاوەڕێدابم، ڕۆژێـك دادێـت فشـارێکی زۆر دەخرێتەسـەر وڵاتەکـەم، ئەوسـا پیـاوە نوێیـەکان بەپەلـە دێنـە مەیدانەکـە، بۆئـەوەی فشـارەکە تێـك بشـکێنن، واش پێویسـتە مـن لەوکاتـەدا لەوجەلادەوە نزیك بم کەئەو فشارەی خستۆتەسەر وڵاتەکەم، جا لـەکاتی دیـاریکراودا گـورزێکی وەهای لێ بوەشێنم لایەکی لەکاربکەوێت.

هـەورەکان چـڕببوونەوەو بـارانێکی زۆر دەبـاری، ژوورەکـە بەتـەواوی تاریـك ببـوو، دوا مـژم لەجگەرەکەمداو کوژاندمەوە، ساڵانێکی دوورو درێژبوو جگـەرەم نەدەکێشـا، بـەڵام ئـەوا ئیمـڕۆ نیوەی پاکەتەکەم تەواوکردووە.

دوای ئەوەی لەبارەی هەموو شتێکەوە قسەمان کرد، گـوتم: تـەنها یـەك شـت دەمخاتـە بـارێکی نائارامییەوە، ئەویش ئەوەیە کەڕۆژێك دێت ئاگادارتـان دەکەمـەوە سـوپایەکی (مصـر)ی نـوێ، بەفرۆکـەو تانـكو زرێپۆشـەوە هێرشـتان بۆدەکـات، جـا ئێـوەش بـاوەڕم پێناکـەن، بـەڵام دوای ئەوەی کەسەربازە مصریەکان بەسەرتاندا دەڕژێن، ئەوسا دان بەڕاستی قسەکانی مندا دەنێن.

## وتوویژ لەگەڵ خوێنڕێژێك

## 13 ی تەموزی 1957

ئـەونێرراوەی کـەپێرێ هـات بـۆلام، بـەبێ سـێو دوو، یەکسـەر گـوتی: (زەکـەریا محـی الـدین دەیەوێت بیبینێت)، بەڵام لەڕاستیدا ئـەو ڕسـتەیە گرنگییـەکی زۆری هـەبوو بـۆ ئـەو وتوویـژەی لەنیوانمان ڕوودەدات بۆچەند کاتژمێرێك، ئەو ڕستەیە بەتـەواوی وەکـو ئـەو ڕسـتەیە وابـوو کـە (3)ساڵ لەمەوپێش نێراوەکەی فیشلێ هاتو پێـی گـوتم: (فیشـلێ باڵابـەرز دەیـەوێت بتبینێـت)، بۆیە لەوکاتەدا ئەوەم بیرکەوتەوە کە (فیشلێ) پێیدەگوتم: (زۆر ئاگاداری خۆتبە لەزەکەریا محی الدین).

بۆیە ئەوشەوە پرسیارم لەخۆم دەکرد: ئەنوەر... (السفاح) چی لەتۆ دەوێت؟

نزیکەی شەش مانگە زۆربەی کاتەکەم لەسویسـرا بەسـەر دەبـەم، ماڵەکەشـم لـە(عين الشـمس) لەقاهیرە، بەبەردەوامی چۆڵە، تەنها ئەوکاتە کەمانە نەبێت کە بەسەردانێکی کورت دەهاتمـەوە بۆ (مصر).

لەسویسرا کارە فـەرمیو نافەرمیـەکانم بەیەکـەوە گرێـدابوون، واشـم بـەباش زانـی ئـەو ماوەیـە لەسویسرا بمێنمەوە، بۆئەوەی لەبرادەرە (مصـر)ییەکانی بگەیـەنم کـە مـن کەسـێکی بێلایـەنم، بازرگـانێکی نێودەوڵـەتیم، کـەی ئـارەزووم لێبـوو دێـم بـۆ (مصـر)و، کـەی ئارەزووشـم لێبـوو دەگەڕێمەوە، زۆریش وردەکاربووم لـەو هەڵوێسـتەم، چـەند لە(مصـر) دوور دەکەوتمـەوە زیـاتر متمانــەیان پێــدەکردمو گومانــەکانیان دەڕەوینــەوە، بــەڵام لەگــەڵ ئەوەشــدا زۆرم یارمــەتی (مصر)ییەکان داوە، چونکە لەشەڕەکانی سـوەیسو سـیناو، هێرشـەکانی (ئەنگلو..فەرەنسـی) بەتایبەتیش بۆردومانی فڕۆکەخانەو دامەزراوە سەربازیەکان، ددانـە تیـژەکانی سـوپای (مصـر) بیـان هەڵکێشـانو هێـزە ئاسمانیەکـەیان تێکشـاندو، بـەبێ زرێپـۆشو ئـامێری ڕادارو ماشـێنی سەربازی هێشتیانەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا سەرکەوتنێکی سیاسی بەدەستهێناو، چەکی تازەشی دەستکەوت، بـەڵام هـەر وەکـو ئەوئافرەتـە دەردەکـەوت کەهـەموو جلـەکانی دڕاونو خـەلکیش لەشـوێنە دڕاوەکانـەوە

تەماشای شوێنە دیارەکانی جەستەکەیان دەکرد، زۆر پێویست بوو سوپای (مصر)ی خۆی دروست بکاتەوە، پێش ئەوەی جارێکی تر دەستدرێژی بکەنەوەسەر.

بۆ پێداویستی هاوڕێ (مصر)ییەکانم، هەرچی کەوتبایە بەردەستم دەمکڕی، هەستام بەکڕینی چەکی سووكو زرێپۆشو قازیفەی دژە تانك.

لەدنیاشدا شۆڕشێکی پیشەسازی دەستی پێکردووە، پیشەسازی سەربازیش ڕۆژ لەدوای ڕۆژ چەکی نوێتری دەخستە بازاڕەوە، بەم پێیە ولاّتان لەهەوڵی ئەوەدابوون بەبەردەوام چەکەکانیان نوێ بکەنەوە، بۆیە ڕێژەیەکی زۆری چەکەکۆنە بەکار نەهاتووەکان لەعەمبارەکاندا دەمانەوە، هەتا دوێنێ چەکی زۆر باشبوون، بەلاّم ئیمڕۆ بوون بەوردەواڵە، ولاّتانی هێزی سەربازی پلە دووش، بەناچاری دەبوو ئەو چەکانە بکڕن، لەوچەکانە ئەندازەیەکی زۆرم کڕی، چەکی واهەبوو من بەچاوی خۆم نەمبینیبوو یەکسەر لەکەشتی باردەکراو بۆ (مصر)م دەنارد، بەڕێکوپێکی دەپێچرانەوەو ناوەکانیان لەسەر دەنوسراو، دەنێردران بۆ عەمبارەکانی (مصر)، بەلاّم هیچ کەڵکیان لێ وەرنەگیرا، تانکەکان هەموو ژەنگیان گرتبوو، کەس نەبوو بزانێت بەکاریان بێنێت، تۆپی گەورەو نوێ بۆمبێکی پێ نەدەهاویژرا، چونکە کەسێك نەبوو شارەزایی هەبێت لە ئاراستەکردنەکەیدا، ڕادارەکان بەبەردەوامی دەسوڕانەوە، بەلاّم تەنها لەچەند فڕۆکەیەکی بازرگانی زیاتر هیچی تری ئاشکرا نەدەکرد.

ولاّتەکەیان پێویستی بەوچەکانە نەبوو، بەلاّم خۆیان ئەوەیان دەویست، منیش بۆم هێنان، هەتا ئەندازەیەك تێربوون لەکڕینی چەك، بەلاّم لەڕاستیدا ئەوان نازانن تێربوون چیە.

لەو نێوانەشدا دەمویست پارێزگاری لەڕەوشتە ناسراوەکانی ژیانی خۆم بکەمو بەردەوام بم لەدۆستایەتی ئافرەتانو خواردنەوەی شەڕاب.

بازرگانی کردنەکەشم، دەبووەهۆی ئەوەی سەرنجی کچە ناسکەکان بۆلای خۆم ڕاکێشم، بازرگانەکانی چەکیش باش دەیانزانی لەدوای هەموو مامەڵەیەکی بازرگانی ئاهەنگی بەرەلاّییان بۆسازدەکەم، کە کیژە پلەیەکەکان بەشدارییان تێدادەکرد، هەموو ئەوکیژانەی کە لەدەوری من بوونو ببوونە مایەی دابینکردنی لەزەتو خۆشی لەگەڵ هەموو ئەوانی لەگەڵ من کاریان دەکرد، لەلایەن سویسرییەکانەوە پێیان دەگوترا (ئەنوەر باند، واتە: داردەستەکانی ئەنوەر).

بەڵام ئیمڕۆ دوای شەش مـانگ لـەژیانێکی بـەرەڵایی‌و بـێ ئـابرووییی، وا هەسـت دەکـەم ئـەرکی سەرشانمە بگەڕێمەوە (مصر)، هەرگیز پێشتر ئەوەم بەخەیاڵدا نـەهاتبوو کـە ئـەو کەسـەی مـن دەگێڕێتــەوە بــۆ (مصــر) (محــی الــدین)ی ســەرۆکی دەزگــای جاسوســی (مصــر)بێت، کــە لەپۆستەکەی خۆیدا یەکەمین ئەرکی ئەوەیە نهێنیەکانی کەسانی وەکو من ئاشکرا کات.

هەمان ئێوارە، پەیوەندییەکی تەلەفۆنی سەیروسەمەرەم ئەنجامدا لەگەڵ کەسـێك لـە سویسـرا، دوای ئــەوە بلیتــێکم بــڕی بۆئــەوەی بــەیانی بەفڕۆکەی(یونیتــد اراب ایرلینــز) بگەمــە قــاهیرە، هەرچـەندە ئەوەشـەوە زوو چـوومە سـەرجێگا، بـەڵام خـەوم لێنەکـەوت، بـیرم لەهەنـدێك شـت دەکردەوە کە واباشتربوو بیرم لێنەکردبانەوە، پاشان پاشگوێم خستن‌و گەیشتمە ئەو بـاوەڕەی کە: هیچ نازانم لەبارەی ئەودیدارەی من‌و زەکەریا محی الدین، هیچ شتێکیشم پێناکرێت‌و ناتوانم نەچم، لەوانەیە دەستیان گەیشتبێتە قاسەکەو، لەوانەشە ئـەو ماوەیـەی کـە مـن لـەوێ نـەبووم هەنـدێك شـتیان لەسـەرمن بـۆ ئاشـکرا بووبێـت، بۆیـە نـاتوانم داواکـەی (زکریـا محـی الـدین) ڕەتکەمەوە، مەگەر هەردەبێت بچمە بەردەم ئەوکەسەی کـە لـەدوای نـاردومو، گـەردنی خـۆمی بخەمە بەردەست، جا ئایا پەتی سێدارە بەگەردنمدا دەکرێت؟

گەیشتمەوە ماڵەکەم لەگەڕەکی(عین الشمس)و هـیچ شـتێکی وا دەسـکاری نـەکرابوو کـە ببێتـە مایەی سەرنج ڕاکێشان، دوای ئەوەی لەخۆشردن بوومەوە، دەستم کرد بەپەیوەنـدی تەلـەفۆنی لەگەڵ هاوڕێکانم، زۆر خۆشـحاڵبوون بەگەڕانـەوەم‌و داوایـان لێکـردم بـەزووترین کـات بیـانبینم، بەڵام دیداری هەموو هاوڕێکـانم دواخسـت بۆبـەیانی، بـۆ دوای دیدارەکـەی(زکریا محـی الـدین)ی سـەرۆکی دەزگـای جاسوسـی‌و ئاسایشـی نـاوخۆو، ڕاوێـژکاری کاروبـاری سـۆدان‌و، سـەرۆکی چـاودێری نووسـینگەکانی دەوڵـەت‌و سەرپەرشـتیکەر بەسـەر جێبـەجێ کردنـی زەوی‌و زارو چاکسازی کشتوکاڵی لە(مصر).

لەبن یەخەی کراسەکەمەوە یەکێك لە حەبە سپیەکانم شاردبۆوە، ئەگەر کەسێك خواردبای دوای سێ خولەك گیانی دەدا، بوونی ئەو دەنکـە حەبـەش وایلێکردبـووم بەبـەردەوام لەبیرکردنـەوەی ئەوەدابم ئەوکەسەی کەدەچمە دیداری ئایا دۆستە یان دوژمن؟

بـەیانی زووەکـەی وام لێکدەدایـەوە ئەوکاتـەی دەچـمە نووسـینگەکەی (زکریـا محـی الـدین)، پۆلیسەکان دەرگاکەم بۆ دەکەنەوەو دەمبەنە ژوورەوە(بـۆ پرسـیارو وەڵام)، منـیش لەوکاتـەدا حەبەکە دەردەهێنمو دەیخۆم، بەم شێوەیە دەمرمو کۆتاییم پێدێت، پێش ئـەوەی پۆلیسـەکان چەند پرسیارێکم ئاراستە بکەن.

بەڵام کەگەیشتمە نووسینگەکەی(زکریا محی الدین)، بارەکە زۆر جیاوازبوو لەوەی من پێشبینیم کردبوو.

هەر کەگەیشتمە لای، گوتی: دانیشە، هەستم دەکرد وەکو جاران لامل نـەبوو، منـیش بـە مـاتی لێـی دانیشـتمو دڵیشـم زۆرخێـرا لێیـدەدا وەکـو چـۆلەکەی نـاو قەفـەز، دەشمزانـی لێـرە ئـەوە بەکەڵکی من نایەت بەرانبەر (زکریـا محـی الـدین) وا خـۆم نیشـاندەم کەکەسـێکی زۆر تونـدمو، بەرانبـەر هـاوڕێ (مصر)ییەکانیشـم لـەهێزی ئاسمـانی خـۆم وانیشـان بدەکـەم کەکەسێکی زۆر کراوەم، ئێستا من لەبەرانبەر پیاوێکدا دانیشتوم، کە دەسـتێکی پـۆڵاینی وەشـاند دژی هـەموو ئەوهەوڵانـەی دژایـەتی سسـتەمی دەسـەڵاتیان دەکـرد، مـن بەرانبـەر پیاوێـك دانیشـتوم، هـەتا ئەندازەیەك سەرکەوتوو بوو لەوەی بەهۆی (صوفی یاسین)ەوە تەڵەیەك بۆمن دانێتەوە.

چاوەکانی لەمن بڕیبوون، بەڵام تا ئەندازەیەك چاوەکانی ئارام بوون، ئینجا لـەپڕ بـەبێ ئـەوەی گوێ بەهیچ شتێك بدات، گوتی: ڕاسپێردراوم کە سڵاوی کەسێکت پێ بگەیەنم.

لێوەکانم شلبوون، وەکو ئەوەی چاوەڕێی زەبرێکی بەهێز بکەم بەر کەلەکـەکانم کـەوێت، بـەڵام نەمدەزانی گورزەکە کام لایەم دەگرێتەوە، بۆیە لەهەموو لایەکەوە بەتـەوای ئامادەباشـی خـۆم وەرگرتو گوتم: ئەو هەواڵ پرسینە لەکێوەیە؟

ددانەکانی چیڕکردنەوە، بەشێوەی گورگێك پێش ئەوەی پـەلاماری مـەڕێك بـداتو، گـوتی: ئـەو هەواڵ پرسینە لەدایکتەوەیە.

وەکو ئەوە وابوو کوتەکێکم لێ ڕاکێشنو نەتوانم خۆم لەبەرانبەریدا ڕابگرم، لەدڵی خۆمـدا گـوتم: ئەوە ڕۆژە ڕەشەکەیە، ئەی (ئەبنەر جاك) ئەوە کۆتاییەکەتەو هەموو نهێنیەکانت ئاشـکرابوون، پاشان بەسەرسوڕمانێکەوە گوتم:

هەواڵ پرسین لەدایکمەوە؟ من وامزانی دەمێکە کۆچی دوایی کردووە، دەبێت چی ڕوویدابێت (ئەوهەموو ماوەیە هەواڵی منی نەپرسیوەو تازە بەتازە لێم دەپرسێت)؟ دەبێت تازە زانیبیەتی کە من بووم بەکەسێکی دەوڵەمەند؟

وەکو جاسوسێك ئەرکی سەرشانم بوو پەیڕەوی هەڵخەڵەتاندنو شێواندنی ڕووداوەکان بکەم، ئەگەر دایکیشم لەوێ ئامادەبوایە هەردەبوو ئەوهەڵوێستەم هەبێت.

وەڵامی دامەوە: نەخێر ماوەیەکی زۆر نیە ئەو هەواڵپرسینەی ناردووە، ئێمە لەتورکیا پشکنینمان کرد بەناو بەرژەوەندیەکانی تۆدا، لەوپشکنینەدا بۆمان دەرکەوت دایکت زۆر نەخۆشە، منیش بەبێ ئەوەی زۆر گرنگی بەباسەکە بدەم، گوتم: جا ئایا مرد؟

گوتی: بەڵێ، پێش هەفتەیەك کۆچی دوایی کرد، بەڵام توانیبووی هەموو شتێك لەبارەی تۆوە بزانێتو، هەواڵیشت بپرسێت.

نەمویست بەبەرچاوی ئەوەوە خۆم بەخەمبار نیشان بدەم، بیست ساڵ دەبێت دایکم نەبینیوە، خۆ نیشاندانیشم بەخەفەتباری هەولێکی بێ ڕەواجو ئابرووبەرە، بۆیە لە دڵی خۆمدا دەمگوت: دەبێت ئەوپیاوە چ مەبەستێکی هەبێت؟

پاشان پێمگوت: دایکم ئافرەتێکی بەستەزمان بوو، خۆشی نەدی لەتەمەنی خۆیدا، ئەویش وەکو ئەوەی بازێکی بەرز بهاوێت لەناو وتووێژەکەدا، بابەتەکەی گۆڕیو گوتی: هێزی ئاسمانی ئێمەت پێ چۆنە؟

منیش وەڵامدایەوە: شارەزاییم نیە لەبواری سەربازیدا، تەنها بازرگانێکم کڕینو فرۆشتنی چەك دەکەم.

زەردەخەنەیەکی دەربڕیو ویستی قبوڵی وەڵامەکەم بکات، ئینجا لێی پرسیم: بۆچی فڕۆکە (الیوشن)ەکانی (مصر)ت ڕزگارکردن لەدەست بۆمبابارانی فڕۆکە فەرەنسیو ئینگلیزیەکان لەشەڕی سوەیس؟ خۆتۆ لەپێناوی پەیداکردنی پارەدا کاردەکەیت، بەم هەڵوێستەش تۆ زەرەرێکی زۆرت کرد.

لێرەدا هەستم بەخۆم کرد کە تەڵەیەکی عاقڵانەم بۆ دانراوە، (السفاح) دەیەوێت لەڕێی خۆشەویستیو برادەرایەتیەوە لەسوچێکی تەنگم گیربکات، بۆئەوەی ناچارم بکات دان بەوەدا

بنێم لەسێبەری ئەوبازرگانی کردنەدا تەنها مەبەستم دەستکەوتی پارەوپوڵ نیەو ئامانجی تریشم هەن.

وەڵامم دایەوە: من بۆیە بیرۆکەی گواستنەوەی فرۆکەکانم پێڕاگەیاندن چونکە کاتێك (صدقی محمود)ی هاوڕێم بینی، خەریك دەبوو شەق ببات لەگەڵ هەر بۆمبێك کە بەر فرۆکە (مصر)ییەکان دەکەوت، واشم هەستکرد ئەگەر ئاوابڕوات، ئەوا ئینگلیزو فەرەنسیەکان دەستدرێژی ناموسیش دەکەنە سەر کچەکانمان.

گوتی: لەلای (صدقی محمود) ژمارەی فرۆکەکانمان گەیشتۆتە ژمارەی کچەکانمان، لێرەدا وەستاو هیچ قسەی تری نەکرد، پاشان لێی پرسیم:

ئەدی حاڵی کچەکانی تۆ چۆنە؟

نەمدەویست بچمەناو ئەو بابەتەوە، بۆیە بەکورتی گوتم: زۆر زۆر باشن.

گوتی: یەکێك لەکچەکان لەلایەن منەوە نێررابوو، بۆئەوەی جاسووسیت بەسەرەوە بکات، منیش هەستم بەخۆم دەکرد بەساردو سڕی تەماشام دەکاتو دەیەوێت بەنەرمی بیروهۆشم هەڵکۆڵێت، دڵم ساردوسڕ داگەڕواو دەربڕینی هیچ هەستو سۆزێکی تێدانەما، بەڵام ڕەنگوڕووم وەکوخۆی ئاسایی هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەهات، پاشان پێمگوت: جاسوسەکەت کێیە؟ مەبەستت لە(دنیا)یە؟

سەری ڕاوەشاندو گوتی: نەخێر، هەرچەندە تۆ وا خۆت دەردەخەی کە لەپێناوی پارەو لەزەتەکانی ئافرەتدا هەوڵ دەدەیت، بەڵام من بەهۆی ئەوکچەوە بۆم دەرکەوت، کەئەوە ڕووە ڕاستەقینەکەی تۆ نیە.

منیش گوێم بەقسەکەی نەداو هاتمەوە سەر پرسیارەکەی خۆمو گوتم: ئایا ئەو کچە (فدوى)یە؟ بەڵام وەڵامی نەدامەوە...پاشان گوتم: کەواتە دەبێت (صوفی یاسین) بێت، بەڵام من وام هەستدەکرد کە(صوفی) منی زۆر خۆشدەوێت.

گوتی: لەڕاستیدا ئەو تۆی زۆر خۆشدەویست، بەڵام من گومانی ئەوەم لێ پەیداکردیت کەجاسوس بیت، بەتایبەتیش جاسوسی ئیسرائیل بیت.

زۆر بەتوڕەییەوە شیڕاندمو گوتم: چـــــی...؟

بۆساتێك بێدەنگ بووین‌و چاوەكانم بەتێڕوانینێكی تۆڵەسەندنەوەو ڕق‌و قینەوە بڕیبووە چاوی پیاوە ترسناكەكەی دۆڵی نیل‌و، بەوشەی ناجوان‌و ڕق‌وقینەوە پێمگوت:

ئەی محی الدین ئەفەندی، ئەگەر كەسێك هەیە لە(مصر) من تاوانبار بكات بەوەی جاسوسی ئیسرائیل بم......لێرەدا دەنگم نووساو نەمتوانی قسەكان تەواوبكەم‌و (محی الدین)یش وەڵامی دامەوە:

ئەی ئەنوەر بەگ، منیش مرۆڤم، بۆم هەیە گومان لەهەموو شتێك بەرم، بەڵام من ئیمڕۆ كەیشتومەتە قەناعەت‌و گومانم لێت نیە.

بەگاڵتەجاڕییەوە لێم پرسی: هۆی چیە ئێستا گومانت لەسەرم نەماوە؟ ئایا من لەپڕ بڕیاری ئەوەم داوە واز لەجاسوسی بێنم، هەتا ببێتەهۆی ئەوەی شك‌و گومانت لەسەرم نەمێنێ؟

هەستی كرد كەزۆر توڕەبووم، ویستی كەمێك ئارامم بكاتەوەو، گوتی: ئیسرائیلیەكان زۆر مەترسییان هەیە لەفڕۆكەی جۆری(الیوشن)، بۆیە هیچ كاتێك جاسوسێكی ئیسرائیلی نایەوێت ئەوجۆرە فڕۆكانەی هێزی ئاسمانی (مصر) ڕزگاربكات لە بۆمبابارانی فەرنسی‌و بەریتانیەكان، جا كاتێك كەگوێبیستی ئەوەبووم تۆ ڕێگات نیشانی (صدقی محمود) داوە فڕۆكەكان بگوازنەوە بۆ (الاقصر)، چاوەڕێی ئەوەم دەكرد یەكسەر دوژمنەكان بگەنە سەریان‌و لەوێ بیانتەقێننەوە، بەڵام دوژمنەكان دوای دووڕۆژ ئەوكارەیان ئەنجامدا، بەوە مۆڵەتێكمان كەوتە بەردەست كەفڕۆكەكان بگوازینەوە بۆوڵاتانی دەورووبەر، ئەگەر هاتباو(صدقی محمود) نەكەوتبایە داوی ئافرەتانەوە، دەیتوانی لەماوەی ئەو دووڕۆژەدا هەموو فڕۆكەكان ڕەوانەی سعودیە بكات.

وەكو ڕەزامەندییەك بۆ قسەكەی، سەرم بۆ لەقاندو گوتم:

ئەوچەكانەی كە بەئێوەم فرۆشتن، ئیسرائیلیەكان هەڵپەی ئەوەیان بوو بەوانی بفرۆشم بەنرخێكی زیاتریش لەنرخەكەی ئێوە.... لێرەدا قسەكانی پێ بڕیم‌و گوتی: هەموو جاسوسێكی زانا دەبێت ئەوڕێبازە بگرێتەبەر، ئیسرائیلیەكانیش لەدێرین زەمانەوە شارەزاییان هەیە لەكاری جاسوسیدا، لەڕۆژگارەكانی سەردەمی (رحاب)ەوە.

منیش بە سەرسوڕمانەوە گوتم: (رحاب)..؟ بە زەردەخەنەوە گوتی: بەڵێ... (رحاب) ناناسیت؟ ئافرەتێكی داوێن پیس بوو لە(ئەریحا)، ئینجا لەپڕ پرسیاری لێكردم دەربارەی

دەستدرێژیەکەی ئیسرائل بۆسەر سینا، منیش گوتم: هیچ گرنگییەکی وای پێنادەم، ئێمە لەوکاتەدا سەرقاڵی پەرچ دانەوەی هێرشەکەی(انگلو فەرەنسی) بووین.

ئەویش گوتی: منیش زۆر گرنگی بەدەستدرێژیەکەی ئیسرائیل نادەم، بەلاّم دوو بابەتی لێوە فێربووم:

یەکەم: لەپلانەکانی ئیسرائیلدا لەشەڕی سینا، ڕوونبۆوە کەئیسرائیلیەکان بێ ئاگابوون لەچۆنیەتی دابەشکردنی سوپاکەمان، ئەوەش بەهۆی یارمەتی تۆوە بوو.

دووەم: کاتێکی زۆری دەوێت هەتا سوپاکەمان بتوانێت بەڕوی سوپای ئیسرائیل ڕاوەستێت، هەرچەندە ئەوە ڕاستییەکی بەڵگە نەویستە، بەلاّم واباشە ئەوقسەیە هەر لەنێوان خۆمو خۆتدابێت.

منیش گوتم: بەلاّم ئێوە هیچ بوارێکتان لەبەردەمدا نەبوو خۆتان ئامادەکەن بۆشەڕی ئیسرائیل، بەهۆی سەرقاڵیتانەوە بەوەلاّمدانەوەی دەستدرێژیەکانی(انگلۆ فەرەنسی) بۆسەرتان.

زیاد لەپێویست زۆری قسەکرد، دەبێت ئەوە ڕەفتاری هەموو بەڕێوەبەری دەزگا جاسوسیەکان بێت؟ کاتی خۆشی (فیشلێ) بەئامادەبوونی من زۆر قسەی دەکرد، جا بەردەوامبوو لەسەر قسەکانیو گوتی: نا ئیسرائیلیەکانیش با واتێنگەن کەسوپای (مصر) پارویەك بێتو بەئاسانی قوتی بدەن، بەلاى کەمەوە چەند ساڵێکی دەوێت هەتا ئیسرائیل بتوانێت هێزی زەمینیمان لەناوبەرێت. بۆیە..... منیش قسەکانم پێ بڕیو گوتم: بێ گومان تۆ مەبەستت لەڕۆکێتەکانە.

من دەمزانی ئەو وشەیە(ڕۆکێت) کاریگەرییەکی جادویی هەیە لەسەر خەڵکی ولاّتی نیل، ئەوەش شتێکی نهێنی نەبوو، قسەکەرە فەرمیەکان لەزۆر بۆنەکاندا باسیان دەکرد، واشم بیردەکردەوە کە زانا ئەڵمانیەکان سەرپەرشتی دروستکردنی ڕۆکێتەکان دەکەن لە(مصر)، لەژێرچاودێری پرۆفیسۆر (باول جارکە)، کە زۆر جاران بینیومەو، جگە لەکاری ڕۆکێتەکان هەولّی ئەوەشی دەدات چاکسازییەك بەسەر ڕادارەکانی (مصر)دا بێنێت، بۆشم دەرکەوت لەگەڵ ئەوهەموو پارە زۆرەشدا کە خەرجی دەکات، بەلاّم تاقیکردنەوەکانی هیچ کەڵکێکیان نەبوو، بەکارهێنانی ڕۆکێتەکانیش هیچ پێشکەوتنیان بەخۆوە نەدیتبوو، من نەمدەزانی هۆیەکەی چیە، بەلاّم عەقید (محمود الدین خلیل) لێپرسراوی هەواڵگری هێزی ئاسمانی کەپیاوێکی قەڵەو بوو سمێڵەکانی زۆر

گەورەبوون‌و شێوەی لەئەفسەرە ئەڵمانیەکان دەچوو، (3)مانگ پێشتر پێیگوتم کە ئەوکارە شکستی هێناوە، هەروەها (فاندا) سکرتێرە پرچ زەردەکەی بەڕێوەبەری کۆمپانیانی دروستکردنی ڕۆکێت، پێیڕاگەیاندم کە دروستکردنی ڕۆکێت کارێکی زۆر ئەستەمە لەو ولاتەدا.

لەڕاستیشدا پرۆفیسۆر(باول جارکە) لەکاتی شەڕەکەی سوەیسدا، (مصر)ی جێهێشت‌و بەدوای ئەویشدا زانا ئەڵمانەکان هەموویان گەڕانەوە ولاتەکەیان.

محی الدین گوتی: جاری داهاتوو کەئیسرائیل هێرشمان بکاتەسەر، پێویستیمان بەوە نابێت هەزاران سەرباز بکەینە قوربانی، لەناو بیابانی سینا بەرەو باکوور ڕۆکێتەکانمان ئاراستەی ئیسرائیل دەکەین، کە هەریەکێك لەوڕۆکێتانە کەمێك لە ماددەی (کوباڵت 60)و ماددەی (السترونیوم 90)یان تێدایە، بەوپێیە پێش ئەوەی سوپای ئیسرائیلی بگاتە بنکە ڕۆکێتیەکانمان، ئێمە توانیومانە هەموو ئیسرائیل کاول بکەین‌و شتێك نامێنێت بەناوی سوپای ئیسرائیلەوە دژایەتیمان بکات.

منیش مچوڕکێکم پێداهات‌و پێکەنیم لەوهەڵوێستەی محی الدین، دیمەنێکی ڕۆژەکانی (هیرۆشیما)م بیرکەوتەوە، کەدوای چەند ڕۆژێك لەپێدادانی بۆمبە ئەتۆمیەکە، منداڵێکی سوتاو لەتاوی ئازارەکانی سەمای دەکردو نەشیدەزانی ئەو سەمایە سەمای مردنە، محی الدین سەرنجێکی کاتژمێرەکەی داو کەزانی خەریکە کاتی دیدارەکە تەواودەبێت گوتی: گوتی من دڵنیام لەوەی کەتۆ خزمەت بەئێمە دەکەیت، مەبەستت تەنها قازانجی ماڵ‌و سامان نیە، بەلام ئەی ئەنوەر بەگ، حەق وانیە تۆ وای لێکبدەیتەوە کەئەوئافرەتەی لەگەڵتدا دەخەوێت‌و بەدەمتەوە پێدەکەنێت جاسوسی من بێت، جا نەکەی وای لێکبدەیەوە.

منیش گوتم: پەیمانت پێدەدەم وای لێك نادەمەوە.

گوتی: من دەمزانی تۆ ئەوپەیمانەم پێدەدەی، چونکە تۆ هاوڕێیەکی دڵسۆزی ولاتەکەمانی، بەباشترین شێوەش پاداشتت دەدەینەوە.

بەم شێوەیە بوومە جێی متمانەی سەرۆکی دەزگای ئاسایشی ناوخۆ، کەدوای ساڵێك کرا بەجێگری سەرۆك‌و، پاشانیش کرا بەوەزیری ناوخۆو، لەمانگی ئۆکتۆبەری ساڵی (1965)یش کرا بەسەرۆکی حکومەتی کۆماری (مصر)ی عەرەبی.

(فیشلێ)م بیرکەوتەوە کە لەهەموو تێڕوانینەکانیدا زۆر وردبوو، تەنها لەوخاڵەدا بەهەڵە چووبوو کە لەزیرەکیو فێڵەکانی (محی الدین) دەترسا، لەکاتێکدا کە (محی الدین) بەهەموو زیرەکیو فێڵبازیەکەیەوە تەنها توانی مەیلو ئارەزووەکانم شارەزابێت، بەلاّم زۆر بێ توانابوو لەوەی ئەو نهێنیە ئاشکرا بکات کە من لەپێناویدا هاتووم بۆ (مصر).

لەوانەیە هەتا ئێستا بەخت یاوەرم بووبێت.

(فیشلێ)فێری ئەوەی کردبووم کەهەموو کاروبارەکانی جاسوسی وەکو یاری (شێرو خەت)وایە، جا ئەوکەسەی یاریت لەگەڵ دەکات کەکەسێکی سادەبێت، ئەگەر لەجاری یەکەمدا (شێرت) لەدەست دابوو، ئەوا جاری دووەمیش هەر بە(شێر) یاریەکە بکە، چونکە کەسە سادەکە وای دادەنێت کەتۆ جاری دووەم بە(خەت) یاری دەکەیت، بەلاّم ئەگەر کەسەکە زیرەكو فێڵباز بێت، ئەوا جاری دووەم بە(خەت) یاریەکە بکە، چونکە پیاوی زیرەك باوەڕ بەوەناکات کەتۆ هانار بۆبەر ئەو هەڵخەڵەتاندنە سادەیە دەبەیت، ئەگەر بەرانبەرەکەشت پیاوێکی پایەداری بیر تیژبوو، ئەوا جاری دووەمیش هەر بە(شێر) یاری بکە، چونکە ئەو وادەزانێت کەتۆ بە(خەت) یاری دەکەیت.

ئەوە فەلسەفەکەی (فیشلێ)بوو، بۆهەر جاسوسێك کەبیەوێت کارێکی چاوەڕوان نەکراو ئەنجام بدات، وەکو: ڕزگارکردنی ئەوفڕۆکە (مصر)ییە بۆمب هاوێژانەی کەئیسرائیل لێیان دەترسا، باشە ئەوجاسوسە ئیسرائیلیە بۆ ئەوفڕۆکانەی لەدەست بۆمبابارانی فڕۆکەکانی (انگلو... فەرەنسی) ڕزگارکرد؟ ئایا ئەوکارەی بەنیازپاکی بوو، یان بە دڵ ڕەشی؟

وەلاّمی ئەو پرسیارانە لەلای بەڕێوەبەری دەزگای ئاسایشی ناوخۆن، لەگەڵ ئەو هەموو زانیاریانەشدا کەدەهاتنەوە بەردەستیو، لەگەڵ ئەوەشدا کەسەرکردایەتی دەزگایەکی داپلۆسێنەری دەکرد، کەچی گوێی بەهیچ نەدەداو، تەنها تواناو بیرو لێکدانەوەکانی خۆی سەرکەوتن یان دۆڕانیان دیاری دەکرد.

## ئایا ئەرکەکەی من کۆتایی پێهات؟؟

## 22 ی تشرینی یەکەمی 1965

نزیکەی (9)ساڵ تێپەڕیبوون بەسەر ئەودیدارەدا کە لەگەڵ نوێنـەرە ئیسـرائیلیەکە ئەنجامدانـدا لەنوسینگەی(ایمبور تورك)، کەچی ئیمڕۆ بەهۆی وتووێژێکەوە ئەو دیـدارە کۆنـەم بیرکەوتـەوە، بـەهۆی ئـەوەوە نـا کـە دوو دیدارەکـە بەیـەك دەچـوون، بـەڵکو بـەهۆی جیـاوازی نـاوەڕۆکی وتووێژەکانەوە.

هەرچۆنێك بێت من لەوماوانەی دواییـدا زیـاتر بیرەوەیـە کۆنـەکانم دەهاتنـەوە بەرچـاوو خـەونم بەخۆشـی هاوینەکانـەوە دەبینـی، ئـەوەم هاتـەوەبیر کـە (9)سـاڵ پـێش ئێسـتا گەڕامـەوە بـۆ ئیسرائیلو لەتەلئەبیب نیشتەجێ بووم، لـەناو شـەقامەکەوە لەپـەنجـەرەی ماشـێنەکەمەوە ئـەو کیژەم بینی کە بە(نعومی) یان(صـوفی یاسین)دەچـوو، ئـەو دوو ئافرەتـەی کەبەدەسـتی خـۆم کوشتمنو لەهەموو ئافرەتەکانی جیهانیش زیاتر خۆشم دەویستن.

ئێستا گەیشتومە تەمەنی چـل سـاڵی، پێویسـتیم بـەوە نیـە پرچـە سـپیەکەم بۆیـاغ بکەمـەوە، هەروەها هـەموو هاوڕێکانیشـم لە(مصـر) بەتەمەنـدا چـووبوون، مـووە سـپیەکان بـەناو قژیانـدا بلأوببوونەوە، (سەرۆك)و (عبدە)و (صدقی محمود)و (ابوالعز)و تەنانەت (محی الدین)یش.

ئـاگری شـۆڕش هـەموو ڕۆڵـەکانی کـردن بـەقوربانی لـەپێناوی بەردەوامبوونیـدا، ئەفســەرە ئازادیخوازەکانو ئەوانەش کە لەوێنە بەناوبانگەکەی پاڵەوانای شۆڕشی (23)ی یولیـو دابـوون، زۆرینەیان لەسەر شانۆی خزمەتکردنی نەتەوەکەیان نەمابوون، ئەوانەش کـە مابوونـەوە ئـاگری شەڕ لولی دەدان، ئەوشەڕەی کەچەند ساڵێك پـێش ئێسـتا هـەڵیان گیرسـاند، لرفـەو گڵپـەوگڕی ناخی ئەوئاگرە بووە هۆی ئەوەی شۆڕشـەکە زیـاتر هەسـتە نیشـتیمانیەکەی لەدەسـت بـداتو، ببێتەمایەی هەنجن هەنجن کردنی دڵی ئەوانەی کە شۆڕشەکەیان هەڵگیرساند.

سـێ سـاڵی ڕابـردوو هـەتا ئێسـتاش، ناخۆشـترینی ئەوکاتانـەن کـە هاوڕێکـانم تێـی کـەوتوون، لەوڕۆژەوە کە دەسەلاتیان لەدەستی مەلیك دەرهێنـا، ((جـا دوای ئـەوەی کـە شۆڕشـی یەمـەن دەستی پێکرد، جەمال عبدالناصـر (70) هـەزار سـەربازی نـارد بـۆ یارمەتیـدانی کۆماریـەکانی یەمەن،))، وا پێویست بوو سوپای (مصر)ی لەبیابانی یەمەندا خۆی لەسەر بنەما سـەربازیەکان

ڕاهێناباو، گەیبایە ئەو ئاستەی دەستی بەسەر هەموو دەریا نەوتەکانی ئەو بیابانەدا گرتبا، ((عەرەبستانی سعودیش یارمەتی ئەو لایەنەیان دەدا کەدەسەلاتیان لەدەست دەرهێنرابوو، بۆیە شەڕێکی قورس کەوتە هەردووك لایەنی شەڕکەرەوە، کەسوپای (مصر)و سعودییەش بەتەواوی لەشەڕەکەوە گلان))، بیابانی یەمەنیش وەکو دڕندەیەکی ترسناکی برسی، دەمی خۆی دابچڕی بوو، سوپای (مصر)ی قووت دەدا، هەموو خێروبێری (مصر)ی دەمژی‌و هەر تێرنەدەبوو، ئەوشەڕەی کە واپێویست بوو بەزوویی سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست بێنێت‌و ببێتە هۆی ئەوەی سەرچاوەکانی پیترۆڵ دابین بکات، بەلام بەپێچەوانەوە درێژەی خایاندو باری ئابووری ولاتی تێك ڕوخاندو، بوو بەمایەی هەڕەشەش بۆ ئەودەستکەوتە کەمانەی کە لەچەند سالی ڕابردوودا بەدەست هاتبوون‌و، کەلێنی زۆر گەورەشی خستنە ناو سستەمی حوکمڕانیەوە.

سالێك پێش ئێستا بۆم ڕونبۆوە کەچەندین تۆڕی بەقاچاغ بردنی مادده هۆشبەرەکان ڕەگیان بلاوبۆتەوە بەولاتدا، من وام لێکدەدایەوە (صلاح نصر) بەڕێوەبەری دەزگای هەوالگری‌و (علی سمیر) بەڕێوەبەری پەیوەنیە نهێنیەکان‌و (محمد صدقی محمود) سەرکردەی هێزی ئاسمانی، سەرپەرشتی ئەو تۆڕانە دەکەن، بەلام پاشان کەبەوردی جومەناو بابەتەکەوەو سەرەداوەکانم دۆزینەوە، بۆم دەرکەوت لەناو مالی موشیر (عبدالحکیم عامر)ەوە ئەو تۆڕانە بەڕێوەدەبرێن، کە دۆست‌و جێگری سەرۆك‌و سەرکردەی سوپای (مصر) بوو، بەهۆی ئەوکردەوانەوە( عبدالحکیم عامر) بەفێڵ‌و تەلکە بازی توانیبووی ڕووبەرێکی زۆری زەویە خۆمالی کراوەکان لەسەر خۆی تۆماربکات، کە ڕووبەرەکەیان پەنجا ئەوەندەی ئەو ڕووبەرە دەبوو کەجوتیارێکی (مصر)ی بۆی هەبوو لەسەر خۆی تۆماربکات.

(عبدالحکیم عامر) لەو پێگە بەهێزەی خۆیەوە لەدەسەلاتدا، بەیارمەتی بەڕێوەبەری نوسینگەکەی خۆی موقەدەم (شمش الدین بدران) کەپاشان بەیارمەتی (صلاح نصر)و (علی سمیر)و (صدقی محمود) کرا بەوەزیری جەنگ، توانی زۆر بەئاسانی بەسەر هەموو ڕێگەکانی بەقاچاغ بردنی مادده هۆشبەرەکاندا بالادەست بێت، لەکاتێدا کە سستەمی حوکمڕانی بەتوندی دژی ئەوکارەی دەوەستایەوە.

ڕۆژانە کاروانێکی دوورو درێژ لەماشێنە بارهەڵگرەکانو دەیان ماشێنی تایبەتو سەدان کەس، بەڕۆژی ڕووناک لەلوبنانەوە حەشیشەیان بەقاچاغ دەهێنا بۆ (مصر)، جا کاتێك کە بۆم دەرکەوت ئەو بڕە زۆرە ڕۆژانە دێنەناو بیابانی سینا، لەلای خۆمەوە ئیسرائیلم ئاگادارکردەوە، ئەوانیش وەڵامیان دامەوە کە خۆم بەدوور بگرم لەوشتانە.

نۆساڵ تێپەڕین بەسەر ئەوکاتەی کە من بەنوێنەرە ئیسرائیلیەکەم گوت: ڕۆژێك دێت سوپایەکی (مصر)ی ڕاهێنراوو پڕ چەك ڕووبەڕووی ئیسرائیل دەبێتەوە، بەڵام بە درێژایی ئەو نۆساڵە ئەفسەرە (مصر)ییەکان زیاتر لەناو زەلکاوێکی بۆگەنیودا نقوم دەبوون، لەهەمان ئەو ماوەیەشدا سوپایەکیان ناردبوو بۆ یەمەن، بۆئەوەی لەناو لمی بیاباندا شوێنەواری نەمێنێ.

نزیکەی سێ لەسەر چواری فیرقەکانی هێزی پیادەو، نیوەی هێزی زرێپۆشی (مصر) لەبیابانی یەمەن بوون، بۆیە من گەیشتمە بڕیارێکی یەکلاکەرەوە، کەپێویستە بەزووترین کات (مصر) جێبهێڵم، ئامێری بێ تەلەکەشم ماوەیەك بوو لەکار کەوتبوو، بۆیە پەیامەکانم لەڕێگەی بریکارەکەمەوە دەنارد لەسویسرا، بەڵام لەبەرئەوەی ئەوەندە دوادەکەوتن کەڵکیان لێ وەرنەدەگیرا، بۆیە ئامێری بێ تەلەکەم لێك هەڵوەشادو هەر پارچەیەم لەشوێنێك شاردەوە، بەم پێیە ئەرکەکەی من گەیشتە کۆتایی، ئێستاش واپێویستە بەڕێکوپێکی پاشەکشە بکەمو هیچ پەیوەندییەکی وەها لەدوای خۆم جێنەهێڵم ببێتەمایەی ئەوەی کەسێك هەست بەوە بکات کەجاسوێکی ئیسرائیلی ماوەی (10)ساڵ لەبنباڵی سەرکردەکان، جاسوسی بۆ ئیسرائیل کردووە.

پێویستە لێرە نەمێنم، لەسویسرا یان لەفەرەنسا لەمیوانخانەیەك بمێنمەوە بەناوە ڕاستەقینەکەی خۆمو، لەئێستاشەوە فەرمانی لەسێداردان بۆ کەسایەتیەکەی ئارام ئەنویر دەربکەم.

باش دەمزانی بەرپرسەکانم بەوە ڕازی نابن من کۆتایی بەئەرکەکانم بێنم لە(مصر)، هەرچەندە کاروبارەکانی ناوخۆش بۆخۆیان گەیشتبوونە کۆتایی، بەڵام من خۆم بۆ ئەو ئەگەرە ئامادەکرد بۆئەوەی بەتوندی لەگەڵیان بکەومە ململانێوە لەسەر بۆچوونەکەی خۆم، بەڵام هەر ئەوەندە

خۆشبوو هەتا گەیشتمە مەیدانی ململانێکە، لەوێدا هەستم بەخۆم کرد کە من پێش وەخت دۆڕاوم.

دوای ئەوەی گەیشتمە ئیسرائیل، چاوەڕێی ئەوەم دەکرد بەڕێوەبەری هەوالگری سوپا چاوپێکەوتنم لەگەڵ بکات، بەلاَم ئەوپیاوەی دیدەنیم کرد، بەڕێوەبەری هەوالگری سوپا نەبوو، بەڵکو سەربازێکی پلەیەکی ئیسرائیلی بوو، ماڵێکی دەستنیشانکراوی دیاری کرد بۆئەوەی سەردانی بکەم، لافیتەیەکی ڕەش ناونیشانی ماڵەکەی لەسەر نووسرابوو، لەزەنگی دەرگاکەمدا، ئەفسەرێکی مێیینەی جوان دەرگاکەی کردەوەو گوتی: لەژووری میوانەکان چاوەڕێت دەکات، هەتا ئەوکاتەش من وامدەزانی دیدارەکەم لەگەڵ بەڕێوەبەری هەوالگری سوپا دایە، بەلاَم کەچوومە ژوورەکەوە بینم کەسێکی تر لەشوێنەکەی هەستایە سەرپێنان، ئەوپیاوە زۆر جیاوازبوو لە بەڕێوەبەرە ئەسمەرەکەی هەوالگری سوپا.

دەستمان کرد بەقسەکردن، کەوتینە ململانێوە، ئەو دەیەویست من لە(مصر) بمێنمەوە، منیش سووربووم لەسەرئەوەی (مصر) جێبهێڵم، سەرئەنجام دۆڕام، ئەوپیاوە لەئاستی زیرەکی (فیشەڵ)دابوو، بگرە زیاتریش، بەلاَم وەکو (فیشەڵ) پشتی بەهەڵخەڵەتاندنو فێڵبازی نەدەبەست، لەهەمووشتێکدا ڕاستگۆبوو، وام هەستدەکرد لەبەرانبەر بەڕێوەبەری کۆمپانیایەك مامەڵەی گرێبەستێکی بازرگانی دەکەم.

خۆڕاگرییەکی بەهێزی هەبوو، هەرکیز خۆی بەدەستەوە نەدەدا، ڕق ئەستوربوو ئەوەی ویستبای دەیکرد، من توانیم بەشێوازی(فیشەڵ) لەگەڵیدا بدوێم، شێوازی سەفیرو بازرگانانی چەك لەگەڵ ئافرەتە ناسکە پلەیەکەکاندا، منیش پێشتر لە تاقیکردنەوەکەی بەردەم(السفاح)ی (مصر) سەرکەوتنم بەدەستهێنابوو، لەگەڵ ئەفسەرە ئەڵمانیەکانیش هەر سەرکەوتوو بووم، بەوەی کەتوانیم هەموو زانیارییەکیان لێ دەربێنم، بەلاَم ئەوا ئیمڕۆ خۆم دەبینمەوە ڕکەبەرەکەم بەسەرمدا زاڵە، لە هەڵخەڵەتاندنو فێڵبازیدا نا، بەڵکو لەخۆڕاگریو یەك هەڵوێستیدا.

ئەو سەربازە پلەیەکەی ولاتەکەم، پەیوەست بوو بەسستەمە کۆنەکەی سەربازی کە دەڵێت: (گوێڕایەڵییەکی تەواوی فەرمانەکان بکەو بەئەنجامیان بگەیەنە، بۆئەوەی سەرکەوتنێکی تەواو بەدەست بێت).

لەشوێنەکەی خۆی هەستاو دەستی هێنا بۆ دەستمو گوتی: ( سلاو بەڕێز ڕفاعی (بێخۆشحالْ بووین))، تۆ داوای بینینی ئەفسەرێکی پلەبەرزت کردبوو، بۆئەوەی لەگەڵت بدوێت، من لێرە نیشتەجێم (تۆش لێرە دەمێنیتەوە)، کاتێکی زۆرمان لەدەستدایە، لەسکرتێرەکەشم زیاتر کەس نازانێت من لێرەم، منیش گوتم: ئەدی ئەو پاسەوانەی کە لەدەرەوە وەستاوەو بەرگی بێستانڕنێکی لەبەرە؟ گوتی: ڕاست دەکەی، بەلام کەسێك لێرە ناڕەحەتمان ناکات، شوێنێکی گونجاویشە بۆتۆ.

وتارێکی دوورودرێژم ئامادەکردبوو بۆئەوەی لەدیدارەکەدا بیخوێنمەوە، بەلام ئەوە ئێستا هەمووم لەبیرچۆتەوەو ئەوەندەی کەماویشە لەدەممدا سڕبووە، ئەوپیاوە پێشەکیو پاشەکی نیە، یەکسەر دەچێتە ناوەڕۆکی بابەتەکەوە، بۆیە وام هەستکرد وتارەکەم هیچ نرخێکی نیە، بۆیە زۆر بەسادەییەوە گوتم: من دەمەوێت (مصر) جێهێڵم، نازانم ئەوقسەیە کاری لەوپیاوە کرد یان نا، بەلام لێکدانەوەیەکی ڕاستگۆیانە بەسەر دەموچاویەوە دیاربوو، گوتی: (شتەکە دیارە) مەبەستەکەت تێگەیشتم، بەڕەزامەندییەوە سەرێکی لەقاند، بەلام ئەو ڕەزامەندییە بەپەلەیەی ئەو نەبوو بەمایەی هەڵخەڵەتاندنی من، بۆیە دەستم کرد بەخستنەڕووی هۆکارەکان، دەمویست بە شێوازێکی جوان قسەکانم بکەم، بەلام دەربڕینەکەم وای دەنواند کە من داوای لێبوردن دەکەمو(چیتر ئەوکارەم پێناکرێت)، من نەمدەویست بڵێم ئەوە دەساڵە لەوێمو، ئێستاش ئەرکەکەی من کۆتایی هاتووە، بەلام ئەوپیاوە ئەوەندە بەوردی گوێی لێگرتبوومو چاوەکانی تێبڕیبووم، لەبەرانبەریدا کەوتبومە تەنگەبەرییەوە، ڕاستە من وا ڕاهاتبووم وەلامی بەرانبەرەکەم بدەمەوە، ساڵانێکی زۆریش لەناو دوژمنەکانمدا ژیاوم، بۆیە ناچاربووم پەنا بۆبەر هەڵخەڵەتاندن بەرمو لەگەڵ درکاندنی هەر وشەیەکیشدا ڕووی خۆم بگونجێنم، بەلام هەرگیز وا ڕێك نەکەوتووە کە بەرانبەرەکەم تەنها گوێی لەقسەکانم گرتبێتو هەستێکی وردی ڕاگرتبێت

لەو وشانەی لەدەمم دێنەدەرەوەو، بەباوەڕێکی پتەویشەوە گاڵتە جاڕییەکانی منی بەڕاست زانیبن

چەند زیاتر قسەم کردبا، ئەویش زیاتر سەرنجەکانی وردتر دەکردنەوە، هەوڵی ئەوەمدا شێوازەکەم بگۆڕم، بۆئەوەی بیوورژێنمو بەقسەی بێنم، هەتا تێیگەیەنم کە بەهیچ شێوەیەك نامەوێت بگەڕێمەوە (مصر)، بۆیە گوتم:

دەزانم گرنگ نیە بەلاتانەوە من لە(مصر) بمێنمەوە تائەوکاتەی خانەنیش دەکردێم، من ئەرکی فلسێکم نەخستۆتە سەرشانی ئێوە، دیارە بۆخۆشم فلسێك ناهێنم، هەرچۆنێك بێت ئێوە باوەڕ بەوزانیاریانە ناکەن کە من لەوێوە دەیاننێرم.

گوتی: من وای لێکدەدەمەوە ڕۆڵی تۆ لەوێ وەکو کاری یەك لیوای زرێپۆش وایە، جا بێدەنگ بوو، بۆیە منیش ناچار دەستم بەقسەکردەوەو گوتم: ساڵی (1956) زانیاری تەواوم بۆناردن دەربارەی دابەشبوونی سوپای (مصر) لەبیابانی سینا، بەلاّم لێرە کەس قسەکانی منیان بەڕاست نەزانین‌و گرنگییان پێنەدان، ساڵی (1956)ڕۆژێك دوای هێرشی (انگلو فەرەنسی)، هەموو فڕۆکەکانی (مصر)م لە(الاقصر) کۆکردنەوەو زانیاریەکەم ناردەوە بۆئێرە بۆئەوەی بەزووترین کات لەناویانبەرن، کەچی هیچتان نەکرد، لەساڵی(1958) ئاگادرارم کردنەوە کە(مصر)ییەکان لەڕێی زانا ئەڵمانەکانەوە خەریکن شارێك بنیات دەنێن بۆدروستکردنی ڕۆکێتەکان، پاشان زانیاریم پێدان کە ئەوپڕۆژەی شاری ڕۆکێتەکان تەنها شێوازێکی هەڵخەڵەتاندنە، بۆ دزینی پارەیەکی زۆر، بۆیە بەپێویستم زانی بەشێوەیەکی ناڕاستەخۆ پشتیوانی لەوپڕۆژیە بکرێت، چونکە دەسەلآتدارە (مصر)ییەکان بەهۆی سەرقاڵیان بەوپڕۆژەیەوە نەیاندەتوانی وڵاتەکەیان وەکو بنکەیەکی پیشەسازی سەربازی ڕاستەقینە بنیات بنێن.

تەماشایەکی کردم، جارێکی تریش وام هەستکرد هەموو ئەوشتانەی باسم کردوون بێ کەڵك بوون، بەلاّم بەدەنگێکی زۆر لاواز کەوتەوە قسەکردن، دەنگەکەی ئەوەندە لاوازبوو خۆم بەلای سەریدا شۆڕکردبۆوە بۆئەوەی لەقسەکانی تێبکەم.

گوتی: من نازانم ئەوشتانەی کە باست کردن هانت دەدەن (مصر) جێهێڵێت یان نا، ئێمە لەسەرکردایەتی پاڵپشتی هەموو ئەو زانیاریانەمان دەکرد کەتۆ دەتناردن، لە کاتێکدا تێڕوانینی بەرپرسە باڵاکان جیاوازبوو لەوەی ئێمە.

منیش گوتم: دیارە بۆیە دەستیان کرد بەدوژمنکاری زانا ئەڵمانیەکان، لەکاتێکدا کە بەتەواوی ئاشکرابوو پرۆژەی دروستکردنی ڕۆکێتو فرۆکەکان تەنها خەیاڵ پڵاو بووە، لەکۆتایی ساڵی (1961)یش کەهاتمەوە بۆئێرە، پێمڕاگەیاندن کە زانای ئەڵمانی (زیجنر) بەڕێوەبەری کارگەی بەرهەمهێنانی ڕۆکێت(333) لەکارەکەی دورخراوەتەوە، هەر ئەوڕۆژگارە پێمڕاگەیاندن کە(مصر) پێش ساڵی(1970)نابێتە خاوەنی ئەو ڕۆکێتانەی لەکارگەکانی(عين الشمس) دروست دەکرێن، لەمانگی دووی ساڵی(1962) پێمڕاگەیاندن کە زۆرینەی کرێکارەکانی کارگەی( 36) بۆ دروستکردنی فرۆکەی نەفاسە لەکارەکانیان دوورخراونەوە، پێمگوتن کارگەی (315) لەباشووری قاهیرە، بۆ دروستکردنی بزوێنەری فرۆکەی نەفاسە، هیواو ئاواتێکی سەرەکی جەمال عبدالناصرە، هەریەکێك لەئەندازیارەکانی ئەوکارگەیە مانگانە موچەیەکی وەهای وەردەگرت کەدەتوانرا گوندێکی بەتەواوی پێ بنیات بندرێت، کەچی دوای دووساڵ کارکردن سەرکەوتوو نەبوون، بۆیە (مصر) ناچاربوو بزوێنەری فرۆکە نەفاسەکان لەدەرەوەی وڵات بکڕێت، بۆ تاقیکردنەوەی ئەوفرۆکە نەفاسانەی کە دروستیان کردبوون.

لێرەدا ئەوەم هاتەوەبیر لەساڵی (1961) لەئاهەنگی بەهاردا (جەژنی هەڵمژینی کزەبای بەربەیان)، لەمیوانخانەی هیلتۆن لەقاهیرە، ئاهەنگێکی گەورە سازکرا، هەموو ئەڵمانیەکانی ناو (مصر) بەشدارییان تێداکرد، شەقامێکی تایبەت بەمیوانخانەکە دروستکرابوو، خەڵکە دەسەڵاتدارەکە بەخۆیانو بەسکرتێرە جوانەکانیانەوە لەناو ماشێنە گران بەهاکاندا بەناو شەقامەکەدا بەرەو میوانخانەکە دەڕۆیشتن، خەڵکە هەژارەکەی قاهیرەش لەگەڕەکەکانی( باب الشعريەو، الموسكیو بولاقو عابدين)، کە ساڵانە ژمارەکەیان نیوملیۆن کەسی زیاد دەکردو، لەخانووە قوڕەکاندا دەژیان، لەڕۆخی شەقامەکە ڕیزببوونو سەرنجی جووڵەی ئەو ماشێنانەیان دەدا کەبەرەو میوانخانەکە دەڕۆیشتنو لەناوەیاندا ئەو ئەندازیارانە دانیشتبوون کە وادەیان بە جووتیارەکانی (مصر) دابوو(لەجیاتی ئامێری کشتوکاڵی) ڕۆکێتی ئاراستەکراویان بۆ دروست

بکـەن، بـەلاَم ئـەوە ئیمـڕۆ هـەموو زانـاو ئەنـدازیارەکان خـەریکی گەشـتو گـوزارنو لەگـەڵ سکرتێرەکانیان، کاتـە بـەتامو لەزەتـەکان بەسـەر دەبـەن لەکـەنارەکانی دەریـای سـورو، یانـە وەرزشـیە گەورەکـەی گـەڕەکی (عـین الشـمس)، مـن هـیچ قسـەیەکی تـرم نیـە بـۆ ئـەو زانـاو ئەندازیارانە، ئەوەندە نەبێت دەستخۆشییان لێدەکەم لەچۆنیەتی هەڵبژاردنی سـکرتێرەکانیان، لـەوڕۆژەوە بـۆم دەرکـەوت کـە لـەکاتی دەستنیشـانکردنی سـکرتێرەکاندا هـیچ گرنگییـەك بەڕێکوپێکیو ئەنجامدانی کارەکان نادرێت (گرنگ ئەوەیە سکرتێرەکە جـوانو بەلـەزەت بێـت)، جارێکیـان لەگـەڵ زانـای ئـەڵمانی( ولفجـانج بیلـتس) کەکەسـێکی شـارەزابوو لەئاراسـتەکردنی ڕۆکێتەکانـداو، لەکارگـەی ڕۆکێتـی (ڤ 2)ی نازیەکانـدا کـاری کردبـوو، لەمیوانخانەی(شـبرد) لەقاهیرە بەیەکەوە نانمان دەخوارد، پێمگوت:

بۆپیشکەوتنی کارەکانی کارگەی (36 ــ 135ــ 333) پێویستە چەند سـکرتێرەیەکی جـوان دامـەزرێنن بـەپێوەری(90 ــــ60ــــ 90)، (ئـەوش پێـوەری سـتانداری شـا جوانـەکان بـوو)، (بیلتس)زۆر پێکەنی، هەتا گەیشتە ئەوەی تووشی قۆخینێکی توند بوو، بەلاَم سکرتێرەکەی کە هـەمان پێـوەری شـا جوانـەکان بـوو، چـاوێکی بەخۆیـدا خشـاند، جـوانی جەسـتەکەی لـەژێر جلەکانیەوە دەردەکەوت، بەسەرنجێکی گوماناوییەوە پێکەنیمو پێمگـوت: ئەی(فانـدا)، تـۆ زۆر گونجاویـت ببیـت بەسـکرتێرە لەکارگـەی دروسـتکردن ڕۆکێتـە ئاراسـتە کراوەکانـدا، هـەموو مەرجـەکانی بـوون بەسـکرتێرە لەوکارگەیـەدا لـە جەسـتەکەی تـۆدا هـەن. (فانـدا) تووڕەبـوو، بۆماوەیەکی دووروژێش وەلاَمی ئارەزووەکانمی نەدەدایەوە، دوای ئەوە لەکۆتای ساڵی(1963) نامەیەکی پێچراوە لەبەردەستیدا تەقییەوە، نامەکە بۆ(بیلتس) هاتبوو، بەلاَم لەدەستی(فاندا)دا تەقییەوەو هەموو جوانی دەموچاوو سینگو قاچەکانی شێواند.

بەسەربازە پلەیەکەکەم گوت: ئایا ئێوە دەزانن ساڵی (1963)من بۆچی هەڕەشەی ئەوەم کرد کە(مصـر) جێـدەهێڵم؟ چـونکە دژایـەتی کردنەکـەتان بـۆ زانـا ئەڵمانیـەکان، ئـەوەی دەگەیانـد کـەئێوە بـاوەڕ بـەو زانیاریانـە ناکـەن کـە مـن لە(مصـر)ەوە بۆتـان دەنێرمـەوە، ئەوکاتـە پێمڕاگەیاندن ڕۆکێتە گـەورەکانی عبدالناصـر کـەناویان (القـاهر و الظـافر)بـوو، بەکـەڵکی ئـەوە نەدەهاتن لەبازنەیەکی نیوەتیرە (50)کیلۆمەتریدا ئامانجەکانیان بپـێکن، (بۆیـە ئـەو ڕۆکێتانـە

بەهیچ شێوەیەك هەڕەشە نەبوون بۆسەر ئیسرائیل)، بەلاَم ئێوە لەوکاتەدا هەوڵی کوشتنی زانا (کلانیفاختر)تاندا، کەواپێویست بوو لەسەرتان لەجیاتی کوشتن دیارییەکی باشتان پێشکەش کردبا.

وەلاَمی دامەوەوگوتی: ئەگەر هەرسەربازێك لەتوانای دابێت کەی ئارەزووی لێبوو شوێنەکەی خۆی جێهێڵێت، ئەوا هەر لەبنەڕەتدا پێویست بەوە ناکات ڕووبەڕووی دوژمن ببینەوە، ئێمە پێویستە هەندێك شێواز بەکاربهێنین، چونکە لەڕاستیدا، سەرباز ناتوانێت هەڕەشە لەسەرکردەکەی بکات، ئەومافەشی پێنادرێت، بەلاَم واباشە خۆی وانیشاندات کە لەمامەڵە سیاسیەکاندا هیچ شارەزاییەکی نیە، بەوپێەش کارەکەی بۆ ئاسان دەبێت، لەوانەیە دژایەتی کردنمان بۆ زانا ئەڵمانەکان هەڵەیەکی زۆر گەورەبووبێت، لەوانەشە لەهەمان کاتدا لەکارەساتێکی گەورە دەربازی کردبین، لەولاَتدا بەرپرسێکی گەورەتر هەیە لە منو تۆ، کەڕێگەی پێدراوە ئەوجۆرە بڕیارانە بدات.

منیش گوتم: بەلاَم تۆش لەلای خۆتەوە مافی ئەوەت هەیە بەسەرکردەکانت بڵێی، ئاخۆ ئەوئیشەی من کردومە گونجاوە یان نا، بۆیە منیش دوای دەساڵ لەئەنجامدانی ئەرکێکی زۆر قورس، ئەوە داوای لێبوردنتان لێدەکەم کەڕامسپێرن جارێکیتر بگەڕێمەوە بۆ (مصر).

بەدڵخۆشییەوە هەناسەیەکمداو، وام هەستدەکرد بارێکی قورس لەسەرپشتم هێنراوەتە خوارەوە، سەربازە پلەیەکەکەش لەشوێنەکەی خۆی هەستاو دەرگاکەی کردەوەو بەئەفسەرە کچەکەی گوت: دوو قاوەو هەندێك خواردنمان بۆبێنە، پاشان هاتەوە جێگەکەی خۆی، منیش بیرم کەوتەوە شتێکی تر ماوە باسی بکەم، بۆیە گوتم: من لەماوەی کارەکەمدا لە(مصر)، چوار جار سەرکردەی سوپای ئیسرائیلو چوار جار بەڕێوەبەری هەواڵگری سوپا گۆڕاون، لەسەردەمی هەریەکێك لەوانەشدا، ژمارەیەکی زۆر لەبەرپرسەکان ئاگاداری کارەکەی من بوون، ئەوەش ژیانی من دەخاتە مەترسییەوە.

گوتی ئەو کێشەیەیان بەمن چارەسەر ناکرێت.

منیش گوتم: هەرچۆنێك بێت سوپای (مصر) بۆچەند ساڵێکی داهاتووش توانای جموجۆڵی سەربازی نابێت، نزیکەی سێ لەسەر چواری سوپاکە لەیەمەنەو ڕۆژانە تووشی هیلاکیو

تێداچوون دەبێت، بۆیە من وای دەبینم لەچەند ساڵی داهاتوودا (مصر) هیچ مەترسییەك بۆ ئیسرائیل دروست ناكات، كەواتە من بۆچی لەوێ بمێنمەوە؟

مانەوەی من لە(مصر)، وەكو ئەوە وایە وردوردە ببمە كەسێكی دڵسۆزی ناو سەركردایەتی (مصر)و ڕەفتاری ئەوان بگرم، لەئافرەتی جوانو پارەی زۆرو ڕابواردنێكی سەركەشانە، لەلایەكی تریشەوە ئامێری بێ تەلەكە لەكاركەوتووە، ئەویش دەزانێت كەس ئیشی پێی نەماوە.

لەوكاتەدا كچە ئەفسەرەكە هاتەژوورەوە قاوەو خواردنی هێنابوو، منیش كەمێك ڕووی خۆم سوڕاند، بۆئەوەی نە بمناسێتو نە بیناسمو گوتم:

ئێستا سەركردایەتی (مصر) لەناوخۆیدا دابەش بووەو تووشی گەندەڵی هاتووە، دەسەڵات لەخوار جمال عبد الناصرەوە بووە بە دووبەش، بەشێكیان پێكهاتوون لە: موشیر(عبدالحكیم عامر)و (شمس الدین بدران)ی وەزیری بەرگریو، (صلاح نصر)ی بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازیو، لیوا(عبدالله هلال)و (عباس رچوان)وەزیری ناوخۆو (صدقی محمود)ی سەركردەی هێزی ئاسمانی، ئەوانە هەموویان پشتی (عبدالحكیم عامر)یان گرتبوو بەرەو پێشیان دەبرد بەهیوای ئەوەی بۆخۆشیان لەگەڵیدا پلەیەك سەركەون، بەشەكەی تریشیان بەسەركردایەتی (محمد فوزی) سەركردەی هێزی چەكداریو ژمارەیەك لەو گەورە ئەفسەرانەی مێژوویەكیان هەبوو لەناو سوپادا، وەكو (سعدالدین متولی)و (عبدالمنعم ریاض)و لیوا(شاذلي)و لیوا (ابوالعز) لەهێزی ئاسمانی، بەپشتیوانی(علی صبری) یاریدەدەری جمال عبدالناصر، دژایەتی گروپەكەی (عبدالحكیم عامر)یان دەكرد.

من پێمڕاگەیاندوون كە دوو لەسەر سێی ئەو فڕۆكەوانانەی لەمۆسكۆ ڕاهێنانیان تەواوكردووە، پلەوپایەیان نادرێتی لەهێزی ئاسمانیدا، چونكە پەیڕەوی بیری ئیشتیراكیەت دەكەن، دووریش دەخرێنەوە بۆ فڕۆكەخانە دوورەكان كەفڕۆكەی نەفاسەی هەر لێ نییەو، دوای ماوەیەكیش هەموو ئەوەی كەفێری ببوون لەبیریان دەچێتەوە، هەر لەبەر ئەوهۆیەش بوو فڕۆكەوان(محمد حلمی) لە(مصر) هەڵاتو هات بۆ ئیسرائیل.

لەوهەفتـەی ڕابردووشـدا چـەند هـەوڵێك درا بـۆ كوشـتنی سـەرۆك عبدالناصـر، بـاری ئـابووری (مصر)یش لەدارِماندایە بەهۆی باری قورسی شەڕی یەمەنەوە، جا لەكاتێكدا كە بودجەی جەنگ (400) ملیۆن دۆلارە، دەبێتە هۆی بێبەش بوونی كەرتی ئابووری لەبڕە بودجەی پێویست.

هەستم بەخۆمكرد لەقسەكانمدا زیادەڕەوییەكی زۆرم كـردووە لەخسـتنەڕووی وێنـەی شـڵەژاوی باری (مصر)، بۆئەوەی ئەوپیاوە ڕەزامەندی نیشاندات لەسەر نەگەڕانەوەم بۆ (مصر).

گـوتی: بەریتانیـەكان ئەفسـەرێكی ئینگلیزیـان وەكـو جاسوسـێك دەستنیشـان كـرد لـەناو سـەركردایەتی سـوپای ئـەڵمانیادا، پاشـان دوایـی كۆتـایی جـەنگی جیهـانی یەكـەم بەتـەواوی جێگیركرا لەناو سەركردایەتی ئەڵمانیادا، بـەم پێیـە(13)سـاڵ لەشـوێنەكەی خـۆی مایـەوە، تـا ئەوكاتەی هیتلەر دەسەڵاتی گرتە دەست.

مچوڕكێكم بەلەشدا هات، هەسـتم دەكـرد لەبەرانبـەر ئـەوپیاوەدا بەتـەواوی دۆڕاوم، وام هەسـت دەكرد ئیمڕۆ دەبێ بگەڕێمەوە توركیاو لەوێشەوە بۆ(مصر)، ئامێرێكی نوێی بێ تـەلیش لەگـەڵ خۆمدا بەرم لەبری ئامێرە لەكاركەوتووەكە.

ئەوسـەربازە پلەیەكـە ئیسـرائیلییە پێـی گـوتم: لەوانەیـە ڕۆژێـك لـەڕۆژان بـۆ یـەك كاتـژمێر پێویستیمان پێت هەبێت، بەڵام ئەو كاتژمێرە زۆر گرنگە، پێویستە چـاوەڕێی بكـەی، هـەروەها پێشی گوتم: لەكاتی بێ ئیشیدا، خۆت سەرقاڵ بكە بەیەكێك لەئارەزووەكانی خۆتەوە بۆئـەوەی بێزار نەبیت، بۆنموونە: من ئارەزووی وێنەگرتن دەكەم، منیش گوتم: زۆر سوپاسـت دەكـەم بـۆ ئەو ڕێوشـوێنە جوانـەی نیشـانت دام، مـن پـێش چەندسـاڵێك لەمەوبـەر ئـەو ئامۆژگاریـە كـراوم لەلایەن ئەوكەسەی منی وەكو نەمامێك لەخاكی (مصر) چاند، ئەوكەسەی ڕێزم دەگرتو ئەویش ڕێزی منی دەگرت، بۆیە من چەند ساڵێكە لە(مصر) پەیڕەوی ئامۆژگاریەكەی ئەو دەكەم.

لەشوێنەكەی خۆم هەستامو بەهۆی دانیشتنێكی دوورودرێژەوە پشتم ژانی دەكـرد، گەنجیـەتیم تێپەڕی بوو، نەشمدەزانی چەندی تر لە(مصر) دەمێنمەوە، بـەڵام زانیـاریم هـەبوو كەجاسوسـە ئینگلیزیەكە ماوەی (25)ساڵ لەناو سەركردایەتی ئەڵمانیادا مایەوەو تەنها زانیاریە سـادەكانی دەناردن، ساڵی (1945)یش هیتلەری هەڵخەڵەتان بەوەی سوپایەكی تازەدامـەزراوی ناشـارەزا بنێرێت بۆ بەرەی ڕۆژئاوا، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی سوپاكە تێك بشكێنرێتو هیتلەر بدۆڕێت.

## گەورەترین هێزی ئاسمانی لەرۆژهەلأتی ناوەڕاست

## 30 ی تشرینی یەکەمی 1966

لە(30)ئۆکتۆبەری سالّی (1932) سێ برا خۆیـان ڕازانـدەوەو بـەرگێکی جوانیـان لەبـەرکردو کلأوەکانیـان لەسـەرنان و بەفڕۆکەیـەکی سـەربازی یەکـەم تاقیکردنـەوەی فڕینیـان ئەنجامـدا لە(مصر)، دوای ماوەیەك ئەورۆژە کرا بەڕۆژی دامەزراندنی هێزی ئاسمـانی (مصـر)ی، ئیمـڕۆش دوای تێپـەڕبوونی (34)سـالّ لەوبیرەوەریـە ئاهـەنگێکی گـەورەمان سـازکرد، تەنانـەت خـەلّکی خانووە قوڕەکانیش چێژیان لەئاهەنگەکە وەرگرت، بـەوەی کەفڕۆکـەکان زۆر نمایشـی جوانیـان دەنواند لەسەر ڕووباری نیـل لـە ئەسـکەندەریەوە هـەتا ئەسـوان، لەڕاستیشـدا هێـزی ئاسمـانی جێگەی شانازی بوو، دوای چەندین خالّ لەپێشکەوتن گەیشتبووینە ئـەوەی دەسـتکەوتەکانمان نمایش بکەین، منیش ئەوکاتە بەشێك بووم لـەهێزی ئاسمـانی (مصـر)ی، هەرچـەندە لـەژێرەوە جاسوسی ئیسرائیلیش بووم، چونکە دوای گەڕانەوەم لەئیسرائیل بۆ(مصر)، (محی الدین) داوای کـرد لەنووسـینگەکەی خـۆی بمبینێـت، وەکـو بـەکرێگیراوێکی تایبـەت بـەخۆی بەشـێوەیەکی نافـەرمی لـەهێزی ئاسمـانی دایمەزرانـدم، بـەلأم ئـەو دامەزراندنـە بـووە هـۆی ئـەوەی بـوارێکی فراوانترم لەژێر دەستدابێت بۆئەوەی بەهەمان ئەوکارانە هەستم کە دەسالّ لەمەوپێش بەدزیەوە دەمکردن، کە جاسوسیکردن بوو بەسەر هێزی ئاسمانی (مصر)ەوە بۆ بەرژەوەندی ئیسرائیل.

لــەکاتی وتووێژەکــەمان لەگــەلّ(محی الــدین) خورپەیــەك بەدلّمــدا هــات، ئــەو بیرکردنــەوە ناڕەحەتانەی بیردەخستمە کە بەردەوام تووشی دلّـەڕاوکێیان دەکـردم لەوکاتـەوە کەیەکـەمجار هاتووم بۆ(مصر)، ئەویش ئەوەبوو کـەمن وام لێکدەدایـەوە جـۆری هەلّسـوکەوتو کردەوەکـانم گەورەترین شێوازی هەلّخەلّەتاندن و فێلّبـازین، بـەلأم دوای ئـەوەی ڕێگـەم پێـدرا بەسەربەسـتی لـەناو دامـەزراوە سـەربازیەکاندا بگـەڕێم، ئـەو دلّەڕاوکێیەشـم نـەما، بـەلأم بەسەریشـمدا سـەپا لەمەودا گەمەکردنەکە لەیـەك کاتـدا دەبێـت دووقـۆلّیو سـێ قـۆلّیش بێـت، ئـەویش ئەوەیـە کـە لەلایەکەوە جاسوس بم بەسەر (صدقی محمود)ی هاوڕێمەوەو، لەلایـەکی تریشـەوە جاسـوس بم بەسەر هێزی ئاسمانیەوەو، لەهەندێك شت (محی الدین) ئاگاداربکەمەوەو، لـەلای سێیەمیشـەوە

وەك جاسوسێكی ئیسرائیلی پێویستە هەموو جموجۆڵێكی سوپای (مصر)ی بەهۆی بێ تەلەكەمەوە بۆ بەرپرسەكانم بنێرم لەئیسرائیل.

پێش ساڵێك لەمەوپێش كە لەئیسرائیل بووم، گۆڕانكارییەك بەسەر ژیانمدا هات، وام هەستدەكرد مانەوەم لە(مصر) (بۆخزمەتی وڵاتەكەم) زۆر كاری تێكردبووم، بەشێوەیەك بیرم لەوەدەكردەوە بۆهەتاهەتایی لە(مصر) بژیەم، بۆئەوەی جارێكی تر تووشی ئەو ڕۆژە سەختانە نەبمەوە كە لەسەردانەكانمدا بۆئیسرائیل تووشیان دەبووم، نەوەك گەڕانەوەم ببێتەهۆی ئەوەی نهێنیەكانم لەلای (مصر)ییەكان ئاشكرا ببێت، ئەو بیرۆكەیەم ئەوەندە بەتوندی گرتبوو، گەیشتبوومە ئەو باوەڕەوی ئەگەر لەئیسرائیلیش لەدوام بنێرن وەڵامیان نەدەمەوە، لەوڕۆژەوە كەگەڕابوومەوە بۆ(مصر)، هەستم بەسەربەستییەكی تەواو دەكرد، جا مادام من وەكو لایەنێكی ئیسرائیلی ئێستا لە(مصر)م، واتە لەوخاكەدا نە ڕابردووم هەیەو نە ئاینده، بەڵام لەهەمان كاتیشدا (وەكو تێڕوانینەكەی (فیشل)، بوومە هۆكارێك نەهێڵم سوپاو هێزی ئاسمانی (مصر) چارەنووسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دیاری بكەن.

بەهەمان شێوە ساڵێك پێش ئێستا، هەروەكو سەربازە پلەیەكە ئیسرائیلیەكە پێشبینی كردبوو، گۆڕانكارییەك لەناو سوپاو هێزی ئاسمانی (مصر)دا ڕوویدا، بەهۆی ڕێككەوتننامەی (جدە)وە، (مصر) توانی خۆی لەدەردەسەریەكانی شەڕی یەمەن ڕزگاربكات، كەبەنەزانی تێوەی گلابوو، بۆیە ئەو ڕككەوتننامەیە بوارێكی بۆ عبدالناصر ڕەخساند ژمارەی سەربازەكانی لەیەمەن كەمكاتەوە، بەم پێیە ئاگری شەڕەكە كوژایەوە كە بۆچەندین ساڵ پێكهاتەكانی سوپای (مصر)ی لول دەدا، (مصر) هەناسەیەكی هەڵكێشایەوەو پشوویەكی داو، هەلێكی باشی بۆ ڕەخسا بۆ بنیاتنانەوەی سوپاكەی، هەرچەندە ئەو بوژانەوەیە خەڵكی خانووە قوڕەكانی دەوروبەری نیلی نەگرتەوە، بەڵام بەتەواوی گەیشتە ماڵی ئەفسەرەكانو خێوەتی سەربازەكان، كەناڵە خۆماڵی كراوەكەش داهاتێكی زۆری هەڵدەڕشت، یەكیەتی سۆڤیەتی دەستە خوشكیش، یارمەتیەكی بێ شوماری سەربازی پێشكەش كرد، وامان لێهاتبوو ئیمساڵ شانازی بەبودجەی سوپاوە بكەین، كەبڕەكەی نزیكەی (نیو ملیار دۆلار) بوو، وام دەهاتەبەرچاو كەسوپای (مصر) بەبەردەوامی گەشەدەكات، ساڵانە فرقەیەكی پیادەو لیوایەكی زرێپۆش زیادی دەكرد، بەڵام

هێزە ئاسمانیەکەی (صدقی محمود) لەهەموو بەشەکانی سوپا زیاتر بوژانەوەی پێوەدیاربوو، بەشێوەیەك (صدقی محمود) گەیشتە ئەوپلەیەی هەمووخەڵکی نیل وەکو باوکی خۆیان شانازی پێوەبکەن، هەموو فڕۆکە کۆنەکانی گۆڕین بەفڕۆکەی (مێك)ی تازە، هەموو فڕۆکەخانەکانیشی پڕکردن لەفڕۆکەی(الیوشن)و فڕۆکەی بارهەڵگر، ئەو فڕۆکە بارهەڵگرانە توانای گواستنەوەی چەند یەکەیەکی سەربازیان هەبوو بەهەموو پێداویستیەکانیانەوە، زۆرینەی ئەوفڕۆکانەش لەفڕۆکەخانەی (الماظة)و (ڕۆژئاوای قاهیرە) دەنیشتنەوە، لەگەڵ گەیشتنی بەشی یەکەمی فڕۆکەکانی (تۆپۆلیف)، هێزی ئاسمانی (مصر)ی گەیشتە لوتکە، ئەوفڕۆکە زەبەلاحانەی بەدەیان تەن بۆمبو تەقەمەنیان هەڵدەگرتو لەمەودای (200) کیلۆمەترەوە بۆمبەکانیان ئاراستە دەکرد، لەفڕۆکەخانەی(ڕۆژئاوای قاهیرە) دەنیشتنەوە، لەناو فڕۆکەخانەکاندا فڕۆکەکانی تر زۆر بەبچووکی دەردەکەوتن، تەنها تەماشاکردنەکەی مرۆڤ دەترسێنێت، کە بۆ یەکەمجار ئەو فڕۆکەیەم بینی، وەکو کەسێکی ئیسرائیلی بەئەرکی سەرشانی خۆمم دەزانی هەوڵی تێکشکاندنیان بدەم، بەلاَم ئەوەندی نەبرد ئەوبیرکردنەوە شێتانە لە مێشکم ڕۆیشتە دەرەوە، ئەوەی ئەرکی سەرشانی منە ئەوەیە کەڕۆژێك لەڕۆژان ئەو فڕۆکانە وابخەمە بەرچاوان، وەکو ئافرەتە ڕووتەکان دەرکەون، کە(صدقی محمود) فڕۆکەی بەئافرەتی ڕووتو جوان ناودەبرد، جا کە من ئەرکەکەی خۆم تەواوکرد، ئەوسا کەسانی تر لەهێزی ئاسمان ئیسرائیل کارەکە تەواودەکەنو (تێکیان دەشکێنن).

دوو هەفتە لەمەوپێش، لەسویسراوە نامەیەکی(زیجفریدلاهای) بریکارم پێگەیشت، لەنامەکەدا ئەوەم بۆ ڕووندەکاتەوە کە لەژێر ڕۆشنایی ئەو گۆڕانکاریانەی لەپیشەسازی پۆلآدا ڕوودەدەن لەجیهاندا، وای پێباشە هەموو پشکەکانی پۆلاَ کە بەناوی منەوەن، بیانگۆڕینەوە بەپشکی کۆمپانیاکانی بەرهەم هێنانی پلاستیك، هەروەها ئەوەشی پێڕاگەیاندووم، وەکو سەرەتایەك بەشێك لەپشکەکانی گۆڕیوەتەوەو لەماوەیەکی کەمدا پشکەکانمان لەکارگەکانی پلاستیك نرخیان بەرزبۆتەوە، هەروەها پێشنیاری ئەوەشی کردبوو لەبەشداریکردنی کۆمپانیاکانی کەشتیەوانیدا دەست بکێشینەوە، چونکە وا پێدەچێت ئەوبوارە بەرەو دارمان بچێت، بەهۆی ئەو گۆڕانکاریە خێرایەی کە گواستنەوەی ئاسمانی بەخۆیەوە دەبینێت.

کەنامەکەم خوێندەوە زەردەخەنەیەك دایگرتم، هەرچەندە من جاسوسـێکی نهێنـی موخابـەراتی ئیسرائیلی بووم، بەلاَم (زیجفریدلاهای) بریکـارم وا تێگەیشـتبوو کەبەڕاسـتی مـن خـاوەن کـارم لەبۆرصەی جیهانیدا، زۆر بەسادەیی باوەڕی وابـوو کـە مـن بەلامـەوە گرنگـە نرخـی پشـکەکانم لەبازارەکاندا بەرزببنەوە یـان نـزم ببنـەوە، نەیـدەزانی هـەموو ئەومالّـەی کـە بـەناوی منەوەیـە لەسویسرا، تەنها هۆکارێکە بۆئەوەی کـارە سـەرەکیەکەم بشـارێتەوە(کە جاسوسـیەتە)، بـەلاَم دیـارە خـوا خێروبەرەکەتـەکانی خـۆی بەسـەر ئەوانـەدا دەڕژێنێـت کـەبۆخۆیان ئـەو خێـرو بەرەکاتانەیان ناوێت.

ئەوەم بیرکەوتەوە کەکاتی خۆی لەئیسرائیل لەگەلّ (نعومی) هاوڕێمدا بەهەژاری ژیانمان بەسەر دەبـرد بـەلاَم دلّمـان خۆشـبوو، ئێـواران لـەژوورە بچـووکەکەی خۆمـان دادەنیشـتین باسـی پەروەردەکردنی منداڵەکانمان دەکردو، بۆماوەیەکی دوورودرێـژ دەکەوتینـە وتووێـژەوە لەسـەر کڕینی کەلوپەلـە پێویسـتیەکانی نـاو مـالّ بـەو برەپارەیـەی کەپاشـەکەوتمان دەکـرد، پاشـان کتێبەکانمان دەخوێندنەوەو گوێمان لە کاسێتەکانی گۆرانیو مۆسیقا دەگرت، بەلاَم ئەوە ئیمڕۆ مـن لەکەسـە هـەرە دەولّەمەنـدەکانم، تاقـە شـتێکیش کـەخۆمی لێ گێـل دەکـەمو لـەناو دلّمـدا بەشاراوەیی دەیهێلّمەوە، ئەوەیەکە خۆشەویستی ڕاستەقینە لەمن قەدەغەکراوە.

فەرمانبـەریو بازرگـانی چـەكو جاسوسایەتەکەشـم هـەموویان هۆکـاری سـەرەکین بۆئـەوەی خۆشەویسـتی ڕاسـتەقینە لـەمن قەدەغـەبکرێت، بـەلاَم هـەر ئەوهۆکارانەشـن کـە لـەجیاتی خۆشەویستی ڕاستەقینە، لـەزەتی ئافرەتـانی بـۆ دەسـتەبەر کـردووم، ئـەوەتا هـەموو کچێکی (مصر)ی بەشەرەفێکی گەورەی دەزانێت شەوێك لەگەلّمدا بخەوێت.

ئیمڕۆ من زۆر دەولّەمەندم، لەهەرە دەولّەمەنـدەکانی (مصـر)م، کـە بۆیـان ناکرێـت بەبەرچـاوی خەلکەوە سامانو سـەروەتەکەیان بشـارنەوە، کەسـێکی بـەناوبانگو ناسـراوم، هـیچ ئافرەتێـك خـۆی لەبەرانبـەر ئارەزووەکانمـدا ڕاناگرێـتو، لەئاسـت هێـزو تواناکانمـدا بەناچـاری مـل کـەچ دەکات.

کەنامەکـەی (زیجفریـدلاهای) بریکـارم تـاووتویّ کـردو، لەکـەلّ شـفرەی ژێـر پـولی پۆسـتەکەدا بەرامبەرکێم پێکردن، تێگەیشتم کەناوڕۆکی نامەکە ئەو مەبەستەی خوارەوەیە:

(لەبەرپرسەوە.. بۆ .. ڕۆما): زانیاری تەواومان لەبارەی هێـزی ئاسمـانی (مصـر)ەوە بـۆبنێرەو مێژووەکەشی دیاری بکە، هەر زانیاریەکیش لەسەر ڕۆکیتی(لونا ـ 1) دەسـت دەکـەوێت بۆمـان بنێرە.

وەڵامی نامەکەی (زیجفریدلاهای) بریکارم دایـەوە، ڕەزامەنـدیم نیشـاندابوو لەسـەر گۆڕینـەوەی پشکە بازرگانیەکان، بەڵام داوام لێکرد پشکەکانی کەشتیەوانی نەگۆڕێتـەوە، نامەیـەکی بچـووك کراوەشم لەژێر پولی پۆستەکەوە دانا، ئەوە ناوەڕۆکەکەی بوو:

(لە ڕۆما... بۆ بەرپرس)

(12)فڕۆکەی جۆری (تۆپۆلیف 16)مان بەدەست گەیشتووە، ئێستا لەفرڕۆکەخانەی ڕۆژئاوای قاهیرەن.

(16)فڕۆکەی (الیوشن 28) لەفرۆکەخانەکانی (ابو صوير)و (الاقصر)ن.

بەوزوانـە (50)فڕۆکـەی تـری (مێـك 21)مـان بەدەسـت دەگـات، کـە بەسـەر فڕۆکەخانـەکانی (ڕۆژئاوای قاهیرە)و (انشاص)و (ابو صوير)و (فايد) دابەش دەکرێن.

(30) فڕۆکەی (میك 19)مان هەیە لەفڕۆکەخانەکانی (فایدو بیر کفکفا).

نزیکەی(100)فڕۆکەی (میك 15)و (میك 19)مان هەیـە، بـەڵام لەماوەیـەکی کەمـدا خانـەنیش دەکرێنو، بەسەر فڕۆکەخانەکانی (کبریتو العريش........)دابەش کراون.

جـا کاتێـك لـەکۆتایی نامەکـەدا ئەوەشـم نووسـی کـە (2)پـۆل فڕۆکـەی( مسـوکی میـل 4)مـان لەفڕۆکەخانەی (الماظة)هەیـە، ئەوسـا بـۆم دەرکـەوت کـەماوەی ئـەو سـاڵەی مـن لێـرە نـەبووم گۆڕانکاری زۆر بەسەر هێزی ئاسمانیدا هاتووە، لەکۆتایی نامەکەشـدا ئـەو زانیاریەشـم نووسـی:

(دەڵێن لەماوەی ساڵێکدا دەبین بەخاوەنی ڕۆکێتی(لونا 1) کە مەوداکەی (80) کیلۆمەترە.

(لەوانەیە لەناونامەکەدا ئەو ڕستەیەی کۆتایی، وەکو هەڕەشەیەك لێکدانەوەی بۆ بکرێـت لـەلای ئیسرائیلیەکان).

ئەوڕۆژە بەهۆی جموجۆڵێکی هێزی ئاسمانیەوە، لەمەیدانی ئـازادی ئاهـەنگێك سـازکرا، هـەموو پلەدارەکانی سوپا لەسەر سەکۆی ئاهەنگەکە دانیشتبوون، لـەنێوان ئەوانـدا سـەرکردەی هێـزی ئاسمانی (مصر)ی وەکو پیاوێکی سەربازی دەردەکەوت، لەسەر هەمان سـەکۆش ڕکەبـەرەکانی

محمـودی هـاوڕێم لـەهێزی ئاسمـانیو، لەنێوانیشـیاندا(مدكور ابـوالعز)و (مصـطفی حفنـاوی) ئامادەبوون، زۆرینەی ئەو پلەدارانەی ئەوڕۆژە لەسەر سەكۆكە بەشداری ئاهەنگەكەیان دەكـرد، دوای سـاڵێك بـەخۆیانو بەبەڕێوەبـەری گرتووخانەكانیشـەوە گـیرانو خرانـە نـاو بەندیخانـەوە، تـەنها (ابـوالعز) نـەبێت لەكارەكـەی دوورخرایـەوەو(مصـطفی حفنـاوی) لەجێگـەی ئـەو دانـرا، ئاهەنگەكـە كەوتـە جـۆش وەرگـرتن، كاتێـك كە(صـدقی محمـود) لەوتارەكەیـدا گـوتی: (ئێمـە خاوەنی گەورەترین هێزی ئاسمانین لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست)، تێكڕای جەماوەرەكە چەپڵەبارانی قسەكەی (صدقی محمود)یان كـرد، بـەردەوامبوو لـە وتارەكـەیو گـوتی: ئێمـە ئیمـڕۆ خـاوەنی فڕۆكەی نەفاسەین، كەخێراییەكەی لەخێرایی دەنگ زیاترە، دەتـوانین لـەماوەی دوو كاتـژمێردا هـەموو فڕۆكـەكانی ئیسـرائیل تێكشـكێنین لـەناو فڕۆكەخانەكانیانـدا، مەترسیشـمان نیـە لـەو ڕۆكێتە(هوك)انەی ئیسـرائیل هەیـەتی، هـەروەها مەترسیشـمان لـەڕادارو ئامێرەكـانی چـاودێری هێزی ئاسمانی ئیسرائیل نیە، لەبەرئەوەی فڕۆكـەكانمان لـەكاتی هێرشـكردنە سـەر ئیسـرائیل، بەنزمی دەفڕنو ڕادارەكان هەستیان پێناكەنو ڕۆكێتە(هوك)ەكان نایانپێكن، ئامێری ئەلكترۆنی پێشكەوتوشمان هەیە كەگرفت بۆ ڕادەرەكانی ئیسـرائیل دروسـتدەكات. بۆمـاوەی دوو خولـەك چەپڵەلیدان بەردەوام بوو، منیش وەكو ڕێزێك بۆهاوڕێكەم نەرمە چەپلەیەكم لێدا، بەڵام لەناخی دڵمـەوە نـەبوو، چـونكە مـن كەسـێكی (مصـر)ی نـەبووم هـەتا هەسـتم بـۆ قسەكانی(صـدقی بجووڵێـت)، مـرۆڤیش كاتێـك گوێبیسـتی شـتێكی نـاخۆش دەبێـت، بـەهیچ شـێوەیەك هەسـتە خۆشیەكەی ناجووڵێت.

(صدقی محمود) دوای وتارەكەی دانیشـتەوەو ڕەنـگوڕووی دەدرەوشـایەوە، لەوكاتـەدا ئـەوەم بیركەوتەوە كەساڵی(1958) بۆماوەی چـەند هەفتەیـەك فڕۆكـە(مێك)ەكانی (مصـر) سـەرقاڵی وێنەگرتنی بیابانی(النقب)بوون، فڕۆكەكانی جۆری(المسـتیر)ی ئیسـرائیلی لێیـان هاتنەدەسـتو دوو فڕۆكـەی (مصـر)یان خسـتنەخوارەوە، ئێـوارەی ئـەوڕۆژە سـەرۆك عبدالناصـر وتـارێكی پێشكەش بەجەماوەرەكە كرد، لەسەرەتاكەیدا گوتی: (ئەی هاوڕێكـانم، دەمـەوێت مزگێنییـەكی خۆشتان بدەمێ، ئیمڕۆ فڕۆكەكانمان لەئاسمانی(غەززە) لەگـەڵ فڕۆكـە ئیسـرائیلیەكان كەوتنـە شـەڕەوەو، دوو دانـەیان لێ خسـتنە خـوارەوە)، بـوو بەچـەپڵەلێدان، منـیش لەوكاتـەدا لەسـەر

تارمەیەك دانیشتبووم کەتایبەت بوو بەکەسایەتیە ناسراوەکانەوە، سەرسام بووم لەقسەکانی سەرۆك، لەبەرخۆمەوە دەمگوت دەبێت سەرکردایەتی هێزی ئاسمانی فیلْیان لەسەرۆك کردبێتو هەواڵێکی بەدرۆیان پێڕاگەیاندبێت؟ یان ڕاستیەکە دەزانێتو خۆی لێ لادەدات؟ ئەوەشم بیرکەوتەوە کە ئەوشەوە (ام کلثوم) گۆرانی دەگوتو بەملیونەها کەس لەجیهاندا گوێیان لێدەگرتو تەماشایان دەکرد، تەنانەت سەرۆك عبدالناصریش لەڕیزی پێشەوەی ئاهەنگەکە دانیشتبوو، گەورە بەرپرسەکان دەوریان دابوو، لەوانەشە بۆئەوە هاتبێت بۆ ئاهەنگەکە کەخۆی نیشانی خەڵکی بدات، بەڵام وادەرکەوت ئەویش وەکو خەڵکەکەی تر کەوتە ناو کاریگەریەکانی ئاوازو مۆسیقاوەو وردەوردە ئەوهەستەی لەدەستدا کەبزانێت لەچ پلەو پایەیەکدایە.

جا ئایا ئەو میللەتە لەناو دەریای خەونو ئارەزووەکانیدا نقوم بووە؟

ئایا سەرۆكو دەستوپەیوەندەکەی وەکو ڕەنگدانەوەیەکی نوێی ژیانی جووتیارێکی میصرین؟ کە بەدوا درهەمەمی ناو باخەڵی، برێك حەشیشەی کڕیوەو لەماڵەکەی خۆیدا پاڵی داوەتەوەو مژ لەحەشیشەکە دەداو، لەناو دوکەڵەکەیەوە دەکەوێتە جیهانێکی ترەوە، کە بەجیهانی حۆریەکان ناسراوەو، پاداشتی ئەوخاوەن باوەڕانەی پێدەدرێتەوە کە لەسەختیەکانی ژیانی دنیادا دانبەخۆداگرن.

فەریقی یەکەم (محمد صدقی محمود)، لەسەرکردەکانی ئەو تۆڕانەیە کەحەشیشە بەقاچاغ دەهێننە ناو (مصر)ەوە، کاتەکەی خۆشی لەنێوان فڕۆکەکانو لەزەتی ئافرەتاندا بەسەر دەباتو، هەرگیز سێ شەو بەسەر یەکەوە لەناو ماڵومنداڵەکانیدا نامێنێتەوە، ئەوپیاوە باوەڕێکی تەواوی بەوەهەبوو کە لەماوەی دوو کاتژمێردا دەتوانێت هەموو فڕۆکەکانی هێزی ئاسمانی ئیسرائیل تێکبشکێنێت، جا ئایا ئەو پیاوە کەخەریکی مامەڵەی حەشیشەیە، وتارەکەی هەر بۆئەوە نەبوو کەهێزو توانای خۆی دەرخات؟ جا ئایا لەتوانایدا هەیە ڕەفتاری خۆدەرخستن لەگەڵ باوەڕی ڕاستەقینەدا لێك جیابکاتەوە؟

وتار خوێندنەوەکان تەواوبوون، فڕۆکەوانەکانو ئەوکچانەش کە لەگەڵیان بوون، لەگەڵ میوانەکانی تردا دەستیان کرد بەخواردنو خواردنەوەو سەماکردن، منیش لەسەر مێزێك گیرسامەوە لەتەنیشت سەکۆکەوە، کەتایبەت بوو بەسەرکردایەتی هێزی ئاسمانی، جا کاتێك

کەپێی گەیشتم گوتم: ئەی (صدقی محمود) ئەو وتارەی کەخوێندتەوە هەموومان بەدڵمان بوو، پیاوەکانمان دەیانەوێت بەزوترین کات وادەو پەیمانەکانت جێ بەجێ بکەیت، منیش چاوەڕێی ئەو میواندارییانەم کە بەبۆنەی سەرکەوتنەکانتانەوە ئاراستەی منیان دەکەن.

لەناخی دڵمانەوە پێکەنین، دوو برادەری کۆنی یەکتربوون، دووپیاوی گەورەبووین، دەمانزانی سامانو سەروەت چ ڕۆڵێکی هەیە، بەلاّم بەتەنیاش هەمووشتێك دەستەبەر ناکات، دڵسۆزی خاكو نەتەوەو ئەوکارەی کە پێت دەسپێررێت، لەسەروی ماڵو سامانو لەزەتەکانەوەن، ئەو شەرەفی پیاوەتیەش کەپێتدەرێت، پێویستە بەئەنجامی بگەیەنیت.

(جا کە ئاوا ڕەفتارت کرد)، بەپشتیوانی خوای گەورەو سۆزو بەزەییەکەی، بێجگە لەسامانو سەروەتەکەت، حۆریو کچە ناسکە بالأبەرزەکانیشت بۆ دابین دەکرێن.

## بەرەو مەیدانی جەنگ

## 14 ی ئایاری 1967

زەنگی تەلەفۆنەکە چەند جارێك لێیدا، ئینجا لەخەوە قورسەکەی بەیانیان خەبەرم بۆوە، دەسکی تەلەفۆنەکەم بەگوێمەوە ناو بەدەنگێکی نووساوەوە گوتم: هەلاو.

دەنگی لیوا(محمد لبیب)ی سەرۆکی بەشی پاراستنی ئاسمانی بوو، لەدوورەوە دەنگی دەهات، گوتی: سلاّو ئەنوەربەگ، هەرکاتێك ڕووداوێکی گرنگ ڕوودەدات تۆ لەناو جێگەدای.

بەوبەیانی زووەش ئارەزووی گاڵتەکردنم نەبوو، سێ ڕۆژ بوو لەناو جێگەدا کەوتبووم، هەموو لەشم ژانی دەکرد، ئێستاش کەمێك هەست بەئازاردەکەم، هەرچەندە ئیمڕۆ لەتەمەنی(44)ساڵیدامو، وەکو ئاژەڵێکی کێوی بەهێز دەردەکەوم، بەلاّم نەخۆشی تووشی دڵەڕاوکێی کردووم.

گوتم: چیە (لبیب) چی ڕوویداوە؟ باش بزانە من بەتەنهامو لەناو جێگەدام.

بەقاقای پێکەنین وەلاّمی دامەوەو گوتی: مێژوو ئەوەت بۆ تۆماردەکات کە لەڕۆژێکدا سوپای (مصر)ی عەرەبی یەکگرتوو چۆتە ناومەیدانەوە بۆ لەناوبردنی ئیسرائیل، ئارام ئەنویریش بەتەنیاو بەبێ ئافرەت لەجێگەکەیدا خەوتووە، ئەی تەمبەڵو تەوەزەل هەستە وەرەدەرێ بۆئەوەی بەچاوی خۆت ببینیت چۆن دەچین بۆ فەلەستین، شتەکان لەناو مێشکمدا تێکەڵ دەبوون، ئایا دەبێت(لبیب) سەرخۆش بێت؟ سوپای (مصر) بۆچی هێرش دەکاتە سەر فەلەستین؟ دەساڵە سنوورەکان ئارامنو هێزێکی فریاکەوتنی نێودەوڵەتی لەنێوان دوولایەنە شەڕکەرەکەدا جێگیر کراوە، تەنانەت سەرۆك عبدالناصریش بۆخۆی گوتی: چارەسەری کێشەی فەلەستین پێویستی بەچەند ساڵێکی دوورودرێژ هەیە.

وردە وردە خەوەکە بەری دەدامو باشتر دەهاتمە هۆش خۆمو گوتم:

(لبیب)، ئەوە تۆ سەرخۆشیت؟

وەلاّمیدامەوە گوتی: نەخێر سەرخۆش نیم، گاڵتەت لەگەڵ ناکەم، ئەوەی کەپێمگوتی ڕاستی ڕووداوەکەیە، سەرکردایەتیش ئیمڕۆ کاتژمێر یازدە کۆبوونەوەیەك سازدەکات، من وام پێباشە تۆش ئامادەبیت، چونکە بەدڵنیاییەوە پێویستییان پێت دەبێت، ئەوە ئێستا فرقەی(3)

لەبنكەی (المعادی) دەستی بەجووڵە كردووەو بەناو شـەقامەكانی قـاهیرەدا تێدەپـەڕێت بـەرەو سینا، ئەمجارەیان بۆ هەتاهەتایی كێشەی فەلەستین كۆتایی پێدێت.

بەتەواى لەهۆش خۆمدا بووم، لەبەرخۆمەوە دەمگوت: ئەوەی كەڕوودەدات ئەگـەر شـێتایەتیش بێت، بەڵام شتێكی ئاشكرا لەدیدی مندا هەیە، ئەویش ئەوەیە(لبیب) نە سەرخۆشەو نەگاڵتـەش دەكـات، (بەپەلـە هاتمـەدەرەوە)، شـەقامەكان خرۆشـابوون، جـەماوەر وێنـەكانی سـەرۆكیان لەسەرسەری خۆیانـەوە بـەرزكردبۆوە، داروديـوار لێـی نووسـرابوو( تۆڵـە... تۆڵـە..ڕزگاركردنی فەلەستین)، دەنگە تیژەكەی جەماوەریش گوێچكەی كەڕ دەكردی، لەخۆمم پرسی: ئەوە چیەو، چـی ڕوودەدات؟ ئایـا ئـەوە دەربڕینـی هەسـتی جـەماوەرە، یـان كارێكـە پێشـتر بەرنامـەی بـۆدانراوە؟ كـێ ئـەو هـەزاران لافیتــەو شـیعارانەی هەڵواسـیوون؟ كـێ لەچـاپخانەكان ئـەو پۆسـتەرانەی چـاپكردوون كــە دەڵێــت: (مــردن بــۆ جوولەكــەو...... بــە دیوارەكانیــەوە نووسـاندوون)؟ لەتەنیشـت منــەوە كەسـێك كراسـێكی سـپی لەبــەردابوو، شـیعارێكی بەدەسـتەوەبوو، بـەدەنگێكی بـەرز هـاواری كـرد: (تێكۆشـان بـۆ ڕزگـاركردنی فەلەسـتین)، جەماوەرەكە شەقامەكانو مەیدانی ئازادییـان پڕكردبـوو، بـەرەو ئامـانجێكی نادیـار بۆپێشـەوە دەڕۆیشتن، هاواریان دەكردو شیعارەكانی دەستیشیان وەكو شیرێكی لەكالان دەرهێنراو وابوو، قـاهیرە پڕبـوو لەمنـداڵو خـەڵكی هـەژار، لەگەڕەكـە پشـتگوێ خراوەكـانی (بـاب الشـعریە)و (الموسكی)یەوە هاتبوون.

قاهیرە قەرەباڵغترین شاری جیهانە، ژمارەی دانیشتوانەكەی ساڵانە نیوملیون كەس زیاددەكات، لەوكاتەدا وات هەست دەكرد كەهەموو دانیشتوانەكەی ڕژاونە نـاو شـەقامەكانەوە، لێشـاوی زۆر دوورودرێـژی جـەماوەر هـەموو ئەوشـەقامو مەیدانانـەی گرتبـوە، كەچـەند سـاڵێك لەمەوبـەر (عبداللطیف البغدادی) دروستی كردبوون، تەنانەت پۆلسیش زۆر بەباشـی نەیـدەتوانی ڕێگاكـان ئاوەڵا بكەنەوە بۆتێپەڕبوونی ڕیزی ماشێنەكانی سوپا، كاتێك ماشـێنە سـەربازییە ڕووسـیەكان بەشـەقامەكەدا دەهـاتنو سـەربازەكانیش تفەنگـەكانیان ڕادەوەشـاند، ئەوكاتـە جەماوەرەكـە شەقامەكەی بـۆ چـۆڵدەكردنو دەچوونەسـەر شۆسـتەكان، پاشـان جـارێكیتر دادەڕژانـەوە نـاو

شەقامەکە، ماشێنەکانیش لەناو ئاپۆرەی جەماوەردا زۆر بەهێواشی دەجوولاّن بەرەو ڕۆژهەلاّت بۆسەر ڕێگای ئیسماعیلییە.

(فیشلّ) فێری ئەوەی کردبووم لەئاستی شتە ڕاستەکاندا دمبەدمانیّ نەکەم، بەلاّم لەگەلّ بینی ئەوڕاستیانەی ئیمڕۆش، ناتوانم باوەڕ بەوەبکەم کە بەچاوی خۆم بینیم، ئەوە فرقەی (3)ی سوپای کۆماری (مصر)ی یەکگرتوو دەستی بەجوولّەکردووە، کە تائێستا لەسەربازگەی (المعادی) لەباشووری قاهیرە نیشتەجیّ بوو، چەند کیلۆمەترێك دوورتر لەوگەڕەکە خۆشەی کەهاوڕیّ ئەلّمانەکانمی لیّ نیشتەجیّ بوون، فیرقە سەربازیەکە بەئاراستەی تەلاری سەفارەتخانەکان بەدوای یەکدا دەجوولاّ، ماشێنی گەورەی سەرباز هەلّگرو، ئەوماشێنانەی کە تۆپەکانیان ڕادەکێشان و دەبابەکانی (تی 34) بەسەرپشتی ماشێنە درێژە ئاوەلاّکانەوەو، ئەوماشێنانەی کە ڕەشاشی (گرینۆف)ە دوو لولەکانیان ڕادەکێشان، هەموویان بەڕیز بەدوای یەکدا دەڕۆیشتن، جەماوەرەکەش تێکڕا پێیاندا هەلّدەدان، پاشان یەکەیەکی سەربازی (الصاعقە) بەسەرکردایەتی(جلال هریدی) هاتن و بەهاتوهاوارەوە دەیانگوت: بۆ فەلەستین...بۆ فەلەستین، جەماوەریش بەپێداهەلّدان و چەپلّە لێدانەوە وەلاّمیان دەدانەوە، پاشان ئەوماشێنە ڕوسیانە هاتنەناو شەقامەکەوە کەدەتوانرێت هەوای ناو تایەکانیان بەتالّ بکرێت، یان بڕبکرێتەوە بەپێی پێویستی ئەوشوێنەی کەلێیەتی، ئالەوێدا هەستم بەوەکرد کە(مصر) شەڕەکەی بەڕاستییەو خۆی بۆ ئامادەکردووە.

سەرنجێکی کاتژمێرەکەم دا، کاتژمێرێکی تەواوبوو بەسەرساممییەوە لەویّ وەستابووم، دوای دە خولەکی تریش وێستگە سەرەکیەکەی پەیوەندیکردن بەئیسرائیلەوە دەکەوێتە گەڕ، سیّ ڕۆژیش تێپەڕی بوو پەیوەندیم نەکردبوو، ئەو شوێنەم جێهێشت و گەڕامەوە بۆلای ماشێنەکەم، کە لەکۆلاّنێکدا جێم هێشتبوو، بەلاّم کاریگەری ئەو دیمەنەشم هەر لەسەرمابوو، زۆر هەولّم دەدا بزانم ئەوسیّ ڕۆژەی من نەخۆش بووم و لەناو جێگەدابووم چی ڕوویداوە، چ هۆکارێکە ئاوا بەرنامەکانی سەرۆکی سەرنخون کردوونەوە؟

ماوەی چارەگێك دواكەوتم لەكاتی پەیوەندی كردنەكەم بەوێستگە سەرەكیەكەوە، هەرچەند مـن پەیامەكەم دەنار، بەلآم هیچ وەلآمێكم بۆ نەدەهاتـەوە، واش ڕێككـەوتبووین لەگـەلّ وێسـتگەكە پەیامو وەلآمەكانیان لەپێنج خولەك تێنەپەڕن.

(11)سـالە مـن لێـرەم، لـەپێناوی ئەمڕۆدا(بۆئـەوەی ولآتەكـەم ئاگاداربكەمـەوە لـەو مەترسـیە گەورەیە)، كەچی ئیمڕۆش من كاتـژمێرێك دواكـەوتم، بـەهۆی سـەرقالّبوونم بەخۆپیشـاندانەكانی خـەلّكی (مصـر)، (فیشـلّ) فێـری ئـەوەی كـردم لەئاسـت ڕاسـتیەكاندا ملكەچـی بنـوێنم، ئـەوا ئیمڕۆش ڕاستییەك هەیە كەدواكەوتووم لەپەیوەندی كردنەكەمدا، ناشتوانرێت ئەوهەلّەیە ڕاسـت بكرێتەوە، بەلآم پێویستە كاتەكـە بـەفیڕۆ نـەدەمو بـەزوترین كـات بچـم بۆسـەركردایەتی هێـزی ئاسمانی، بۆئەوەی بەتەواوەتی تێبگەم لەوەی چی ڕوودەداتو، ئەوان نیازی چیان هەیە.

تا ئێوارە لەسەركردایەتی هێـزی ئاسمـانی مامـەوەو، هـەموو زانیاریـەكانم بـەوردی كۆكردنـەوەو وێنەیەكی ئاشكرای شەڕەكەم لەبەرچاوان دروست بوو.

ڕۆژێكی جوانی هاوین بوو، بیرم كەوتـەوە كـەئیمڕۆ ڕێكـەوتی جـەژنی سـەربەخۆیی ولآتەكەمـە، دوای كـەمێكی تـریش پەیوەنـدیان پێوەدەكـەم بۆئـەوەی جەژنەكـەیان لێ بكـەم بەماتـەمینی، بابەتەكەم پوختەكردەوەو ئامادەم كرد بۆئەوەی بینێرم، بەم شێوەیەی خوارەوە:

(دوێنێ فرقەی(3)ی پیادە لەسەربازگەی (المعادی)یەوە بـەناو قـاهیرەدا كەوتـە جوولّـە بـەرەو سینا)(.)

ئـــەو فرقەیـــە لیوایـــەكی هێـــزی زرێپۆشـــی (تـــی 34)و، هـــەموو یەكـــەكانی دابـــین كردنـــی پێداویستیەكانو تیمی نۆژەن كردنەوەی لەگەلّدایە. (.)

زیادكردنی هێزەكانیان لەسینا، بۆئەوەی ئیسرائیل نەتوانێت هێرش بكاتە سەر سوریا(.)

جەماوەر لەشەقامەكاندا خۆپیشاندان سازدەكەنو داوای شەڕ دەكەن(.)

فەریق(المرتجی) سەركردایەتی بەرەی جەنگی ئیسرائیل دەكاتو، فەریق (عزەت) سەركردایەتی هێزی دەریایی دەكات(.)

دوێنێ كاتژمێر 14:30 باری نائاسایی لەولآت ڕاگەیەنراوە(.)

هەندێك یەكەی تری سەربازیش ئامادەن بەرەو سینا بجوولّێن(.)

داوای گۆڕینی کاتی پەیوەندی کردنەکان دەکەم، ڕۆژانە بۆ کاتژمێر $8:30$(.) تەواو.

دوای ماوەیەك وێستگە سەرەکیەکە ئاگاداری کردمەوە کەمێك چاوەڕێ بکەم، پاشان لە بێ تەلەکەوە گوێم لێبوو گوتیان: هەموو ئەوڕستانە دووبارەبکەوە کە لەدوای (فەریق (عزەت) سەرکردایەتی هێزی دەریایی ....) دێت.

دوای چوار کاتژمێر لەناردنی نامەکە، لەئیسرائیل کاتژمێر دووی تەواو بەکاتی ئیسرائیل ئاهەنگی جەژنی نیشتمانی دەستی پێکرد، لەسەر سەکۆیەکی فراوانی سەربازی، سەربازە پلەیەکەکەی کەچاوپێکەتنی لەگەڵ من کرد لەئیسرائیل، لەژێر ئاڵاکاندا بەقیتی ڕاوەستابوو، یاریدەدەرەکانیشی لەتەنیشتێکیەوە وەستابوون، لەتەنیشتەکەی تریشیەوە سەرۆکی وڵات وەستابوو، چاوەڕێی دەستپێکردنی ئاهەنگەکەیان دەکرد، لەپڕ فڕۆکەیەکی هێلیکۆپتەر بەسەر سەریاندا تێپەڕیو لەنزیکیانەوە نیشتەوە، کەسێك کەئەفسەرێکی سوپا بوو، لەفڕۆکەکە هاتەدەرەوەو بەغار بەرەو سەکۆی ئاهەنگەکە هات، پاسەوانەکانی پۆلیس پێشیان پێگرت، ئەویش بەدەستی ئاماژەی بۆکردن، ڕێگاکەی بۆ چۆڵبکەن، بەردەوام بوو تاگەیشتە پشتەوەی سەکۆیەکە، نامەیەکی دەرهێناو دایەدەست یەکێك لەوئەفسەرە یاریدەدەرانەی کەلەگەڵ سەربازە پلەیەکەکە هاتبوون، ئەویش ویستی نامەکە بکاتەوە، ئەو ئەفسەرەش کەنامەکەی هێنابوو قسەیەکی بەگوێیدا چرپاند، ئەویش یەکسەر نامەکەی برد بۆ سەربازە پلە یەکەکە، ئەویش کردیەوەو لەکاتێکی گونجاودا خوێندیەوە، ڕەنگی تێکچوو، دەموچاوی گرژبوو، بەڵام کەبینی ئەوهەموو جەماوەرە بەرانبەری وەستاوە، بەسەرخۆی نەهێناو نامەکەی خستەوە باخەڵی، ئینجا قسەیەکی بەگوێی سەرۆکی وڵاتدا چرپاندو هاتەوە شوێنەکەی خۆی، جەژنی سەربەخۆیی دەستی پێکرد.

## ئامار (الاحصاء)

## مشتێك لەو پەیوەندییە بێ تەلانەی کەگەیشتنە دەست هەواڵگری ئیسرائیلی لەبەرواری 1967/5/16 هەتا 1967/5/21

یەکەم: (لەڕۆما.. بۆ.. بەرپرس) فیرقەی شەش‌و حەوتی پیادە بەیانی بەرەو سینا دەجوولێنرێن(.) ئیمڕۆ پۆلێك فڕۆکەی(میك 19) بەرەو (بیر ثمادة)و، پۆلێك فڕۆکەی(میك 21) بەرەو (کفکفا) دەجوولێنرێن(.) ئیمڕۆ (مصر) داوادەکات هێزی فریاگوزاری نێودەوڵەتی ناوچەکانی ژێر چاودێری خۆی چۆڵ بکات(.) موشیر(عامر) سەرپەرشتی جووڵەی هێزەکان دەکات(.) کەش‌وهەوا ئاڵۆزە(.) بەیانی پەیوەندی کردن کاتژمێر 12:00(.)

دووەم: (لەڕۆما.. بۆ.. بەرپرس)، پۆلێك فڕۆکەی (میك 17) بەرەو چیای(لبنە) دەجوولێنرێن(.) فڕۆکەی (میك 21)ی زیاترمان بۆدێت(.) زۆر بەپەلە هێزێکی زرێپۆشی بەرەو سینا دەجوولێنن بەتایبەتی(تی 54)و (تی 55)(.) فیرقەیەکی زرێپۆش بەسەرکردایەتی(الشاذلی) بەرەو (رفح) دەبرێت بۆهێرشکردن(.) (الشاذلی) ڕۆڵێکی سەرکەوتووانەی هەبووە لەیەمەن(.) بەیانی پەیوەندی کردن کاتژمێر 14:30 (.)

سێیەم: (لەڕۆما.. بۆ.. بەرپرس)، زیادکردنی هێزەکان لەسینا بەردەوامە، ئێستا ژمارەی سەربازەکان دەگاتە (60)شەست هەزار(.) لەقاهیرە گیانی سەرکەوتن لەگەشە دایە(.) (صدقی) دەڵێت: فڕۆکەی (سۆخۆی 7)مان بەدەست دەگات(.) خێرایی ئەو فڕۆکەیە(11/2 ماك)ە، مەودایەکەی (200)کیلۆمەترە، لەپێشەوە دوو تۆپی عەیار(30)ملیمی پێوەیە، لەدواوەش تۆپێکی پێوەیە بەهێزی (20000 ڕەتڵ)، زۆر گونجاوە بۆ شەڕە فڕۆکە(.) (80) فڕۆکەی (میك 21)مان هەیە(.) (30) فڕۆکەی (توپولیف 16) لەفڕۆکەخانەکانی (ڕۆژئاوای قاهیرەو بنی سویف) هەیە(.)بەیانی پەیوەندی کردن کاتژمێر 10:20(.)

چوارەم: (لەڕۆما.. بۆ.. بەرپرس)، (ژمارەی سەربازەکان لەسینا(70000)و (600) زرێپۆش(.) (فڕۆکەی (میل 6)یان بۆدێت کە(120)سەرباز هەڵدەگرێت‌و لەکاتژمێرێکدا (300) کیلۆمەتر دەبڕێت(.) باسی داخستنی کەنداوی (تیران)دەکەن(.) ڕاهێنانی فڕۆکەوانەکان کورت دەکرێتەوەو، بەخۆیان‌و فڕۆکەکانیانەوە دەگەڕێنەوە(.) بەیانی پەیوەندی کردن کاتژمێر 7:40

پێنجەم: (لەڕۆما.. بۆ.. بەرپرس)، زیاتر لە (10) فڕۆکەی (سۆخۆی 7) گەیشتن، ڕاستەوخۆش دەگوازرێنەوە بۆ فڕۆکەخانەی(فاید) (.) ژمارەیەکی نەزانراوی فڕۆکەی (میك 21)مان بەدەست گەیشت، دەگوازرێنەوە بۆ فڕۆکەخانەی(ابو صوير)(.) ئەوهێزەی کە(الشاذلي) سەرپەرستی دەکات، بەهێزێکی زرێپۆش پشتیوانی لێدەکرێت، لە(رفح)ەوە بەرەو (الكواريا) دەجوولێت، بەرانبەر ناوچەی(متسبيه ريمون)، لەهەوڵی ئەوەدایە لەکاتی پێویستدا ناوچەی (النقب) داببڕێت(.) ئیمڕۆ لەگەڵ (عامرو صدقي) بەرەو فڕۆکەخانەی (بير كفكفا) دەفڕین(.) بەیانی پەیوەندی کردن کاتژمێر (19:20).

شەشەم: عامر بەفڕۆکەوانەکانی (بير كفكفا) دەڵێت: ئەی هەڵۆیەکان بفڕن بەرەو ڕزگارکردنی فەلەستین(.) زیادکردنی هێزی سوپا لەسیناو کەرتی غەززە بەردەوامە، بەتایبەتی هێزی زرێپۆش(.) (عامر) بەیانی هێزی یەدەکی سەربازی داوادەکات کەنزیکەی(100000) سەرباز دەبێت(.) دوو لیوای تازە دامەزراوی زۆر گەورە لەئامادەباشیدان بەرەو سینا بڕۆن(.) سەرکردایەتی هێزەکانی سینا، لەشارێکی سەربازی ژێر زەویدایە لەخاکی (بئر كمادە)(.) لەنزیك (رفح)ەوە خاکێکی زۆر مین ڕێژ کراوە بەرەو باشوور هەتا ناوچە لماویەکە(.) گونجاوە سوپا بەدرێژی کەنارەکان بێتەناوەوە هەتا (الشيخ زويد)(.) هێزەکان بەدرێژایی ڕێگەکە تۆکمەکراون هەتا(العريش)(.) فڕۆکەخانەی(جبل لبنە) فراوان کراوەو هێزەکانیشیان لە(جبل لبنە) باشتر جێگیرکراون، شوێنی زرێپۆشەکان بەکۆنکرێتی شیشدار دروستکراوە(.) پێگەی (ابو عجيلە) چاكو فراوان کراوە، فیرقە سەربازیەکەش هێزێکی تۆپخانەی (122)ملیمی لەگەڵدایە(.) بەیانی پەیوەندی کردن کاتژمێر 13:10(.)

حەوتەم: هێزەکان لەسینا، (80000)سەرباز(.) هەردووك لیوای زرێپۆشی (40 و 141) بەرەو هێڵی دووەمی سینا دەجوولێن لە(بير حمە)و(بير حسنە)(.)

هەشتەم: ئەوهێزەی(الشاژلی)سەرپەرشتی دەکات، کاتێکی دەوێت بۆ دابینکردنی خواردنو تەقەمەنی(.) وا چاوەڕێ دەکرێت گەرووە ئاویەکان دابخرێن(.) ئیمڕۆ پەیوەندی کردن کاتژمێر 19:15(.)

نۆیەم: لەگەڵ عبدالناصرو، عامرو، محی الدینو، علی صبریو، بدرانو، صدقی محمودو، المرتجی، بەفڕۆکە دەگەینە فڕۆکەخانەی(کفکفا)(.) کاتژمێر 10:15 خولەك لەفڕۆکەخانەی خۆرئاوای قاهیرە دەفڕین بەفڕۆکەی(ئەنتۆنوف) لەژێر پارێزگاری پۆلێك فڕۆکەی(میك 21)(.) بەیانی گوێم لێبگرن کاتژمێر 19:15(.)

لەپەیوەندی کردنەکە تەواوبووم، چاوم لەسەر بێ تەلەکە لابردو تەماشای ناوەوەی قاسە بەتاڵەکەم دەکرد، هیوای ئەوەم هەبوو کەئیسرائیل لەنامەکەم تێبگەنو هێزی ئاسمانی ئیسرائیل چەند فڕۆکەوانێك بکاتە قوربانیو هێرش بکەنە سەر فڕۆکەکەی سەرۆك و هەموو سەرکردە سەربازیەکان بەمنیشەوە بتەقێننەوە، بەلاّم ئیسرائیلیەکان ڕۆژی دواتر لەمەبەستەکەی من تێگەیشتبوون، من لەوکاتەوە کەفرقەی(3)م بینی لەشەڕی (انگلو فەرەنسی)دا بەرەو سینا دەجوولاّ، وام لێکدەدایەوە کەشەڕ لەنێوان (مصر)و ئیسرائیلدا ئەگەرێکی دوور نیە.

## لەگەڵ سەرۆك لەسینا

## 22 ی ئایار

کاتژمێر حەوتی ئێوارەبوو، دەمزانی ئێستا لەتەلئەبیب سەربازی بیٚ تەلەکە بەدیار ئامێرەکەوە دانیشتووەو چاوەڕوانی من دەکات، یاریدەدەرەکەشی خۆی ئامادەکردووە بۆئەوەی بەزوویی نامەکەم شی بکەنەوە، ئینجا نامە شیکراوەکەم دەدەنە دەست ئەفسەرێك، کەئەویش لەهەمان ژوور لەچاوەڕوانیدایەو ڕاسپێردراوە بەزوترین کات نامەکە بگەیەنێتە دەستی بەڕێوەبەری هەواڵگری، جائەگەر هاتو بەڕێوەبەر سەرقاڵ بوو، یان ئامادە نەبوو، ئەوا نامەکە دەدرێتە جێگری بەڕێوەبەری هەواڵگری، واشم لێکدەدایەوە کەبەڕێوەبەری هەواڵگری لەگەڵ بەرپرسانی تری مەدەنیدا سەرقاڵی بڕیارێکی چارەنووس ساز بن، چونکە ئیمڕۆ بێت یان بەیانی یان دوای هەفتەیەکی تریش بڕیاری چارەنووسی نەتەوەکە هەر لەئەستۆی ئەواندایە.

ئەوخەڵکە مەدەنیەی لەدەسەلاتدان، بەتەواوی شارەزانین لەبواری سەربازیدا، هەروەها باوەڕیان بەچارەرسەری سەربازیش نیە بۆکێشەکان، بۆیە پێویستە سەرکردە مەدەنیو سەربازییەکانی ئیسرائیل، لەماوەی هەفتەیەکدا بڕیارێکی چارەنووس ساز بدەن، لەبڕیارەکەشیاندا پێویستە بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە قسەکانی بەڕێوەبەری هەواڵگری ببەستن، بەڕێوەبەری هەواڵگریش پشت بەو زانیاریانە دەبەستێت کە من لە(مصر)ەوە بۆی دەنێرم، بەلاَم من چۆن بتوانم هەموو ڕووداوەکانی ئیمڕۆی (بیر کفکفا) بە بیٚ تەلەکە بنێرم، چۆن بتوانم بۆخێرایی کارەکەم هەموو نووسینەکان بکەمە هێڵ وخاڵ؟ بەلاَم کێشەیەکی تر منی سەرقاڵکرد، ئەگەر نامەکەش بەشێوەی هێڵو خاڵ ئامادەبکەم، ئەوا بەکارخستنی بیٚ تەلەکە ببووە کارێکی سەخت، دوای گەڕانەوەمان لە(بیر کفکفا) بەفڕۆکەیەکی (انطونوف) لەفڕۆکەخانەی ڕۆژئاوی قاهیرە دابەزینو، گەڕامەوە بۆ ماڵەکەم بۆئەوەی زانیارییەکان بنێرم، هەر کەگەیشتمە نزیك گەڕەکی (عین الشمس) کە ماڵەکەم لەویٚ بوو، دوو ماشێنی گەورەی سەربازیم بینین ئامێری پەیوەندی کردنیان لەشێوەی ڕادار بەسەرەوە بوو، کە ئەوماشێنانەم بینین وەکو ئەوە وابوو فریشتەی گیان کێشانم ببینێت ، ماشێنەکان وەکو ڕادارێکی گەڕۆك

وابـوون، بـەڵام ئـەو ڕادارانـە بۆئاشـکرا کردنـی فڕۆکـەکان نـەبوون لەبۆشـایی ئاسمانـدا، بـەڵکو بۆدۆزینەوەو ئاشکراکردنی ئەو وێستگەو بێ تەلانەبوون کەپەخشیان دەکرد لەودەوروبەرەدا.

واتە ئەو دوو ماشێنە ڕوسیە بۆئەوە هێنرابوون شوێنی ئەو بێ تەلو وێستگە ڕادیۆییانە ئاشـکرا بکەن لەو دەوروبەرەدان، دەرکیشم بەوەکرد کەئاراستـەی ڕادارەکانیـان بـەرەو مـاڵی ئـەوپیاوە دانــاوە کەجێگــەی متمانــەی ســەرکردە (مصــر)ییەکانەو، دۆســتێکی نزیکــی بەڕێوەبــەری موخابەراتو سەرکردەکانی سوپاو هێزی ئاسمانییە، ئەویش ئارام ئەنویری بێ شەرمو حەیایە.

کاتێك بینـیم ماشـێنەکان وردە وردە لەیـەکتری نزیـك دەکەوتنـەوەو پاشـان دووردەکەوتنـەوە، تێگەیشــتم مەبەســتەکەیان چیە...تێگەیشــتم کەماوەیەکــە مــن بەبــەردەوامی پەیوەنــدی بەئیسرائیلەوە دەکەم، دەزگا جاسوسییەکان هەستیان بەوە کـردووە لەوناوچـەیە لەرەلـەرێکی ئامێری بێ تەل هەیە، شوێنەکەی لەسەر نەخشە نهێنیەکەی موخابەراتدا دەستنیشان نەکراوە، موخابەراتیش توانیبووی شوێنی ئەوئامێرە بێ تەلـە لەگـەڕەکی (عـين الشـمس) دیـاری بکـات، بەڵام دەبێت کێ خاوەنی ئەو ئامێرەبێـت؟ ئایـا ئەولەرەلـەرە هـی ئامێرەکـانی سـەفارەتخانەی ڕوســیایە؟ کــە لــەنزیك ماڵەکــەی منــەوەبوو، بەبــەردەوامیش ئاسمــانی ســەرقاڵ کردبــوو بەپەیوەندییە بێ تەلەکانی، بۆیە ئـەو دوو ماشـێنەیان هێنـابوو هـەتا شـوێنی ئـامێرە بـێ تەلـە قاچاغەکە بدۆزنەوە، ماوەی دوو کاتژمێر ماشێنەکان لەوناوچەیەدا مانەوە بەبێ ئەوەی گوێیـان لەپەیوەنـدیکردنێکی ئـەو ئـامێرە قاچـاغە بێـت، چـونکە خـاوەنی ئامێرەکـە ئیمـڕۆ کاتەکـەی لەدەرەوەی قاهیرە بەسەر بردووە، ئیمڕۆ لەگەڵ سەرۆك عبدالناصرو هەموو گەورە بەرپرسـانی سوپا بەفڕۆکەیەك گەیشتنە سینا،.... بۆیە دوو ماشێنەکان بێ هیوابوون لەدۆزینەوەی شـوێنی بێ تەلە قاچاغەکە، لـەنێوان خۆیانـدا بیروڕایـان دەگۆڕییـەوە، دڵنیاشـبوون کـەناتوانن شـوێنی ئامێرەکـە دەستنیشـان بکـەن، تــەنها دەتــوانن ئاراســتەکەی بدۆزنــەوە، بــەڵام وا پێدەچــوو فەرمانێکی وایان پێ کرابێـت، بەهـەر نرخێـك بێـت شـوێنی ئامێرەکـە بدۆزنـەوە، بۆیـە کەوتنـە جووڵە بەهەموو کوچەو کۆڵانەکانی (عين الشمس)دا دەسوڕانەوە، بەڵام نەیانتوانی دەنگێکی بێ تەلە قاچاغەکە تۆماربکەن، چونکە من بێ تەلەکەم بەکار نەخستبوو، هەتا ئـەو دوو ماشـێنەش لەناوچـەکەدابان نامـەکانم نـەدەناردن، ئـەو دوو ماشـێنە لـە(عين الشـمس) بـەدوای لاشـەیەکی

گوماناویدا دەگەڕان، ئارام ئەنوریش نەیدەویست جارێکی تر ببێتەوە لاشەیەکی بەستراوو لەسەر مێزێك درێژ بکرێت، بەڵکو ئارام ئەنویر وای بەرنامە داناوە لێرە بمێنێتەوە، تائەوکاتەی جەلادەکە دەستی بەرزدەکاتەوەو ئەویش دەستەکەی لەبنەوەڕا دەبڕێت، (فیشل بالأبەرز) لەوپێناوەدا ئارام ئەنویری ناردووە بۆئێرە، هەر لەوپێناوەشدا ئارام ئەنویر(نعومی) خۆشەویستی جێهێشت کەکۆرپەکەی لەناو زگیدا بوو، هەر لەوپێناوەشدا بوو(دومنیك) ڕووت کرایەوەو کوژراو لاشەکەی فرێدرایە باخچەی ماڵێکەوە، لەو پێناوەشدابوو، (صوفی یاسین) لەناو ماشێنێکی داخراودا سوتێنرا، هەر لەوپێناوەشدابوو ئارام ئەنویر، فڕۆکە (مصر)ییەکانی ڕزگارکردن لەدەست بۆمبابارانی هێزی(ئەنگلو... فەرەنسی).

لەسەر تارمەی خانووەکەم دانیشتبووم، بەلەزەتەوە شەربەتی(السحلب)ی ساردم دەخواردەوە، لەوکاتەدا ئەوەم بەمێشکدا هات کەچۆن تائێستا هیچ گوێم بەو خزمەتکارەی ماڵەکەم نەداوە، تەنها وەکو کەلوپەلو پێداویستییەکی ماڵەکە تەماشام کردووە، زۆر گونجاوبوو، هەموو کارێکی ماڵەکەی دەکرد، هەرگیز ئافرەتێکی ئاوا دڵسۆزم نەبینیبوو، زۆریش بەوەفابوو لەگەڵ من، ئەوهەموو ساڵانەی لەماڵەکەی مندا کاری دەکرد، ڕۆژێك داوای بەخشیشێك یان پاداشتێکی نەکرد، بەو بڕەپارەیە ڕازی بووکە بۆی دەمایەوە لەخەرجیەکانی ماڵەکە کەلێی وەرنەگرمەوەو بۆخۆیبێت، بیرم لێدەکردەوە کە مانەوەی لەماڵەکەدا زۆر درێژە ناکێشێت، (چونکە بەو نزیکانە من (مصر) جێدەهێڵم)و جارێکی تر ئەوئافرەتە نابینمەوە، سەرنجێکی شەقامە فراوانەکەم دا، خۆر لەپاش کردە لماویەکانی دوای ئەهرامەکانەوە خۆی لارکردبۆوە بەرەو ئاوابوون، ئەو ئەهرامانەی کەدەسەلأتدارەکانی (مصر) دروستیان کردبوون لەسەردەمێکدا کەهێشتا جوولەکە نەهاتبوونە خاکە (مصر)ەوە.

ناچاربووم لەسەر تارمەکە بەدانیشتوویی بمێنمەوە، تاکو بزانم کەی دوو ماشێنە ڕووسییەکە ناوچەکە جێدەهێڵن، پاشان چومەژوورەوە، هەر چەندە برسیش نەبووم، بەڵام قاپێکم پڕکرد لەخواردنەکانی ناو سەلاجەکە، کەبریتی بوون لەمریشکی بەبرنج ئاخنراو لە دەستکردی ئافرەتە خزمەتکارەکە، لەدڵی خۆمدا گوتم: ئەگەر بێتو ئاشکرا نەبمو بەسەلامەتی لە(مصر) بچمەدەرەوە، ئەوە تاقە مرۆڤێك کەیادی دەکەمەوە، ئەو کارەکەرە بەوەفایەیە.

جـارێکی تـریش سـەرنجێکی ماشـێنەکانم دایـەوەو بینـیم بـۆلای یـەکتر دەجـوولێن، پاشـان دەستیانکرد بەگەڕان بەدەوروبەرەکەداو بەبێ هیچ دەسکەوتێك ناوچـەکەیان جێهێشـت، دوای خولـەکێك خواردنەکـەم تـەواوکردو قاپـەکانم کۆکردنـەوەو هێنامنـەوە ژووری چێشـتخانەکە، جـارێکی تـر چـوومەوە سـەر تارمەکـەو سـەرنجێکی دەرەوەمـدا، پاشـان هـەموو دەرگـاو پەنجـەرەکانم داخسـتن، هـەموو کـەلێن‌و قـوژبنێکی ماڵەکـەم پشـکنی، هەڵسـوکەوتی (صـوفی یاسین) وای لێکردبووم ئامێری بێ تەلەکە نەهێنمە دەرەوە هـەتا تـەواو لەچۆڵی ماڵەکـە دڵنیـا نەبمەوە،

لەبەردەم ئامێرەکـەدا دانیشـتم، سـەرگەردان بـووم لەچـۆنیەتی دارشـتنی ئەونامـە چـارەنووس سـازەی کـەدەینێرم، قسـەکانی جـەمال عبدالناصـر هـەر لەمێشـکمدا دەلەرینـەوە لـەورۆژەوە کەگوتی: ((ئیسرائیل شەڕی دەوێت؟ منیش پێیدەڵێم، سەرسەرو سەرچاو یاخوا بـەخێربێی بـۆ ئەوشـەڕە))، موشیر(عامر)یشـم بیرکەوتـەوە کـە لەخۆشـیاندا پێدەکـەنی، فڕۆکەوانـەکانیش لەدەوری عبدالناصر داوایان دەکرد کە فەرمانیان پێبکات بەزووترین کات ئیسـرائیل لەناوبـەرن، پێش ئەوەی ئیسرائیل هێرشیان بۆ بکات.

کاتی پەیوەندی کردنەکە نیو کاتژمێر دواکەوتبوو، بەلاّم وادەرکەوت سەربازی سەر بـێ تەلەکـە لەئیسرائیل لەچاوەڕوانیدا بوو، بۆیە لەگـەڵ نـاردنی یەکـەم نیشـانەی پەیوەنـدیکردن، یەکسـەر وەلاّمی دامەوە، منیش داوام کرد دە خولەك چاوەڕێ بێت، پاشان بەپەلە ئەو پەیامەم نارد:

نیوەڕۆی ئەمڕۆ ( من)و (عبدالناصـر)و (عـامر)و (صـبری)و گـەورە بەرپرسـەکان، سـەردانی(بیر کفکفا)مان کرد(.)

عبدالناصر لەبەردەم فڕۆکەوانەکان ڕایگەیانـد کەکەنـداوی (تـیران) دابخرێـت بـەڕووی کەشـتییە ئیسرائیلیەکان‌و ئەوکەلوپەلانەی بۆ ئیسرائیل دەچن(.)

فڕۆکەوانـەکان داوایـان کـرد ڕێگـەیان پـێ بـدرێت بەپـەلـە هێـرش بکەنـە سـەر ئیسـرائیل، دەم بەدمانێیەکی توند دروستبوو، چونکە عبدالناصر باوەڕی وابوو کەئیسرائیل هێرش ناکاتـە سـەر مصر(.)

جەنەڕاڵ(فەرید سەلامە) بەڕێوەبەری جموجۆڵە سەربازییەکان، پێی وایە سینا بەکەڵکی هێڵی بەرگری کردن نایات، بۆیە واپێویستە بەزوویی باشووری(النقب)داگیربکرێت(.)

هێزی ئاسمانی (مصر) داوای ئەوەدەکات، لەبەرەبەیاندا بەهێرشێکی کتوپڕ هەڵکوتنە سەر فڕۆکەخانە ئیسرائیلیەکانو هەموو فڕۆکەکان تێك بشکێنن، پاشان شەڕێکی سەرتاسەری دەست پێبکات(.) کۆتایی هات.

لەکاتی نامەکەدا لێکدانەوەم بۆ ئەودیمەنانەی ئیمڕۆ دەکرد کە لە(بیر کفکفا) بینیبوومن، واشم هەست بەخۆم دەکرد، بەناردنی ئەونامەیە وەکو جاسوسێکی هەواڵگری، تەواوی ئەرکەکەی سەرشانم ئەنجام داوە، کەسانی بواری هەواڵگری دەبێت ئەوهەواڵانەی کەدەیانگەیەنن پاکوپوخت بن، پێش بینیو ئەگەریان تێنەکەوێت، وێستگە سەرەکیەکەی ئیسرائیل داوای لێکردم لەچاوەڕوانیدابم، منیش مەترسی ئەوەم هەبوو نەوەك دوو ماشێنە ڕووسییەکە بگەڕێنەوە دەورووبەرەکەو کارەکەم ئاشکرا ببێت، پاشان وێستگەکە دەستی کردەوە بەپەیوەندی، دوای ئەوەی کە لێکدانەوەم بۆنیشانە نهێنیەکان کرد، بۆم دەرکەوت نامەکەیان بریتییە لە:

(دەمانەوێت لێکدانەوەی تۆ بزانین، دەربارەی چۆنیەتی بەرپەرچدانەوەی هێرشەکە).

دەمزانی ئەفسەری وێستگەکە چاوەڕێی لێکدانەوەکانی منی دەکرد، بۆئەوەی بەزوویی بیگەیەنێتە بەڕێوەبەری هەواڵگریو، ئەویش لەگەڵ بەرپرسە مەدەنیەکانی دەوڵەتدا تاوتوێی بکەنو لەژێر رۆشناییەکەیدا بڕیارێك دەرکەن، واشم لێکدەدایەوە کەبەڕێوەبەری هەواڵگری پێیان بڵێت: ئەو زانیاریانە لەکەسێکی خۆمانەوەیە بەتەواوی جێگەی متمانەیە، لێکدانەوەکەی خۆشم بەم شێوەیە بۆ ناردن:

(وای لێکدەدەمەوە کەهەڵگیرسانی شەڕێکی سەرتاسەری ئەگەرێکی دوور نییە، دووبارەی دەکەمە کەئەگەرێکی دوور نییە(.)کۆتایی هات.

دوای نۆ سەعات لەوەی کەزانیارییەکان گەیشتنە دەست سەربازە پلە یەکەکەی ئیسرائیل، سەعات چواری بەربەیان سەرکردەی گشتی سوپای ئیسرائیل گەیشتە لای سەرۆکی دەسەڵاتی مەدەنی کە لەخەوێکی قورسدابوو، دوای ئەوەی کەخەبەری بۆوە، سەرکردەی گشتی سوپای

ئیسـرائیلی دیـداری کـردو، پێـی گـوت: (( عبدالناصـر داخسـتنی تەنگەبـەری (تـیران)ی ڕاگەیانـدووە))، لەوکاتـەدا سـەرۆکی دەسـەلاّتی مـەدەنی سـەرنجێکی دایـە سـەرکردەی گشـتی سوپاو گوتی: (عبدالناصر کەی ئەم هەواڵەی ڕاگەیاندووەو لەکویێ؟ ئـەویش وەلاّمـی دەداتـەوە: نیـوەڕۆی دوێنـێ لـە(بیر کفکفـا)، هـەمان کـات ئەوەشـی ڕاگەیانـدووە کەهـەموو کەنـداوو تەنگەبـەرەکان دابخـرێن بـەڕووی کەشـتیەکانی ئیسـرائیلو، ئـەو کەشـتییە بـار هەڵگرانـەی ڕوو لەئیسرائیل دەکەن.

سەرۆکی دەسەلاّنی مـەدەنیش سـەری بـەرزکردەوەو ئۆحـەئۆحێکی لێـوە هـاتو گـوتی: ئـەدی لێکدانـەوەکانی ئێـوە چـۆنن؟ سـەرکردەی گشـتی سـوپاش هـەر وشـەیەك کـە لـەدەمی دەهاتەدەرەوە واتایەکی زۆری دەگەیاندو بەهێمنی وەلاّمیدایەوە: نوێنەرەکـەی ئێمـە لـەقاهیرە دەڵێت: بەدووری مەزانن شەڕ هەڵگیرسێت.

## لەدەستدانی هەوڵێك

## (پێنج شەممە) 25 ی ئایاری 1967

ئەوماشێنە ڕووسیەی کەشوێنی لەرەلەری بێ تەلـەکانی ئاشـکرادەکرد، بەشـەقامە گشـتیەکەدا تێپـەڕی، منـیش سـەرکردەی هێـزی ئاسمـانی لەچـاوەڕوانیمدا بـوو سـەردانی بکـەم، نـەدەکرا لەودیداره دوابکەوم، لەهەمان کاتیشدا، وێسـتگە سـەرەکیەکەی تەلئـەبیبیش لەچـاوەڕوانیدابوو پەیوەنـدی پێوەبکـەم، کەوتمـە بیرکردنـەوە، ئـاخۆ سـەردانەکەی سـەرکردەی هێـزی ئاسمـانی بکـەم، یـان پەیوەنـدی کردنەکـەم ئـەنجام بـدەم لەگـەڵ تەلئـەبیب؟ گەیشـتمە ئەوئەنجامـەی کەئەگەر لەماڵەوە بمێنمەوەو نامەکە بنێرم، لەوانەیە ماشێنە ڕوسیەکان بێنـەوە دەوروبەرەکـەو لەکاتی پەیوەندی کردنەکەدا دەستگیر بکرێم، بەڵام شتێکم بیرکەوتەوە وای لێکردم سـەردانەکە نەکەمو پەیوەندیەکەم ئەنجام بـدەم، شـەش مـانگ پـێش ئێسـتا (صـدقی محمـود) لەئاهـەنگی دامەزراندنی هێزی ئاسمانیدا وتارێکی خوێنـدەوە گـوتی: ڕۆژێـك دێـت لـەماوەی دوو کاتـژمێردا هێزی ئاسمانی ئیسرائیل تێکدەشکێنین، وام هەستکرد ئەو پـەتی سـێدارەیەی دەسـاڵە بەسـەر سەرمەوەیە، ئەوا ئەوجارەش هاتۆتەوە گـۆڕێو هەڕەشـەم لێـدەکات، ئەوکاتـەی لـە ئیسـرائیل بـووم داوام کـرد ددانێکـی دەسـتکرد لـەناو دەممـدا بچـێنن کەحـەبێکی ژەهـراوی تێـدابێتو بەبـەرگێکی پلاسـتیکی داپۆشـرابێت، ئـەو حەبـە ئەوەنـدە کاریگـەربوو دوای لابردنـی کیفـە پلاستیکیەکەیو زمان لێدانی لەماوەی چـوار خولەکدا ئەوکەسـەی دەکوشـت، منـیش بڕیارمـدا بمێنمەوە پەیوەندیەکەم ئەنجام بدەم، هەر کاتێکیش ئاشکرابوومو گوێم لەدەنگی قاچەکانیانو لێدانی دەرگاکە دەبێت، بۆئەوەی دەستگیرم بکەن، هەموو نیشانە نهێنیـەکان دەفـەوتێنمو بـێ تەلەکەش لەکاردەخەمو، کیفە بلاستیکەی ددانەکە دەردەهێنمو زمانمی پێدادێنم.

بەم پێیە دوای چەندین جار لەکورتکردنەوەو پێداچوونەوە، ئامێرەکـەم دەرهێنـاو دەسـتم کـرد بەناردنی نامەکە، پێش ئەوەی ماشێنە ڕووسییەکە هەستم بێبکات.

دووڕۆژ پێش ئێستا، واتە: ڕۆژێك دوای سەردانەکەمان بۆ (بیر کفکفا)، (زکریا محی الدین) داوای کردم لەنوسینگەکەی سەردانی بکەم، بەرانبەر یەکتری دانیشـتین، ئـەو تـازە پۆسـتی سـەرۆکی

حکومەتی وەرگرتبوو، لەهەمان کاتیشدا بەرپرسی هەموو دەزگا جاسوسیەکانو ئاسایشی کۆماری (مصر)ی عەرەبی یەکگرتوو بوو، منیش وەکو ملیۆنەرێکی بازرگانی چەك، دۆستێکی دڵسۆزی کۆماری (مصر)م، پرسیارێکی لێکردم، هەر هەمان پرسیاربوو کە دەساڵ لەمەوپێش لێی کردبووم. گوتی:

چەکە ئاسمانییەکانی ئێمەت پێ چۆنن؟ خۆم وانیشاندا بەڕاستو دروستی وەڵامی دەدەمەوە، بۆیە گوتم: لەوساڵانەی دواییدا زۆر پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە، چاوەکانی تێبڕیمو گوتی: ئایا زۆر گۆڕاوە؟ توانای ئەوەی هەیە بەگورزێکی لەناوبەر هێزی ئاسمانی ئیسرائیلی تێك بشکێنێت؟ پرسیارەکەی هیچ ڕق هەستانو هەڵچونێکی پێوە دیارنەبوو، بۆخۆشی دەتگوت خەنجەرێکەو لەناو سەهۆڵدا دنراوە، وەڵامم دایەوەو گوتم: من زۆر شارەزاییم نیە لەهێزی ئاسمانی ئیسرائیلی، بەڵام گونجاویشە ئەو گورزە لەیەکی هەڵوەشێنێ، وەڵامیدامەوەو گوتی: بەڵام لێدانی ئەو گورزە هەرگیز لەسێبەری سەرکردایەتیەکی شکستخوادووی وەك ئێستادا نابێت.

وەڵامەکەی لەیەك کاتدا پرسیاریش بوو وەڵامیش بوو، منیش نەمدەویست بیوروژێنم، نەشمدەویست وام لێتێبگات کە من دڵسۆز نیمو، لەبەرچاوی بەرپرسەگەورەکان خۆم دەردەخەم، بۆیە گوتم: سەرکردایەتی هێزی ئاسمانی (مصر)، شکستخواردوو نیە، (محمود)ی هاوڕێم خاوەن فەلسەفەیەکی تایبەتە بەهێزی ئاسمانییەوە، ئەو فەلسەفەیەش بەئەنجام دەگەیەنێ، مەرجیش نیە فەلسەفەیەکی تەواوبێت.

محی الدین قسەکانی پێ بڕیمو گوتی:

(محمود)ی هاوڕێت، ڕۆژێك دادێت دەدرێتە داداگاو دەخرێتە زیندانی سەرەکی سوپاوە، بەتۆمەتی خیانەتکاری خاكو نیشتیمان، پاشان بێدەنگ بوو، منیش بیرم دەکردەوەو لەبەرخۆمەوە دەمگوت: دەبێت توانای چ وەڵامێکم هەبێت لەبەرانبەر قسەکانی ئەودا؟

دوای کەمێك گوتی:

لەو بەتاڵایەی پشتەوە فڕۆکەیەکی هیلیکۆبتەری بچووك وەستاوە، فڕۆکەوانو پاسەوانەکەش پیاوی دڵسۆزی منن، ئەو ناسنامەیەش بگرە، ئەوە تایبەتە بەتۆ، دەتوانیت بەهۆیەوە بچیتەناو

هــەموو ســەربازگەو باڵەخانــەکانی هێـزی ئاسمـانی کۆمـاری (مصـر)ی عـەرەبی، ناسـنامەکەی هەڵدایـە سـەر مێزەکـە، منـیش بـیرم نەدەکەوتـەوە کـەی مـن وێنـەی تایبـەتی خـۆم داوەتـیّ، ناسنامەکە مۆرێکی خڕی پێوەبوو، مۆری دەزگای موخابەرات بـوو، مـۆرێکی تریشـی لێـدرابوو، ناوو پلەی(زکریا عبد المجید محی الدین)ی بەتەواوی بەسەرەوەبوو، پاشان پێیگوتم:

هەرئێسـتا بـڕۆ، بــەناو هــەموو فڕۆکەخانــەو بنکــە ئاسمانیەکانـدا بگــەڕیّ، شـوێنی نـۆژەن کردنەوەکانو هەموو ماشێنەکانی گواستنەوەی سـووتەمەنی بەسـەرکەوە، بەباشـیش سـەرنجی ئەوشـوێنانەبدە کـە لەمیوانــەکان قەدەغەیــە ببیـنن، دوای (48)کاتـژمێریش وەرەوە بـۆلام، ڕاپۆرتێکی تێروتەسەلم پێشکەش دەکەیت، هەموو کەموکوڕیەکانی تێـدا دەستنیشـان دەکـەی، پاشان گـوتی: ئەگـەر بێـتو شـتێکم لیّ بشـاریتەوە، ئـەوا لـەماوەی دوو کاتـژمێردا دەرتدەکـەم لە(مصر)، پاشان باوەشی لێدامو گوتی: ئەی ئەنوەر بەگ، ئومێدی سەرکەوتنت بـۆ دەخـوازم، باوەڕیشم پێبکە کەتۆ جێگەی متمانەی منی، ئەرکی سەرشانمانە ئیمـڕۆ یـەکگرتووبین بـەڕووی هەموو خیانەتو گەندەڵییەکدا، خوا پشتو پەنات بێت ئەی ئەنوەر.

منیش لەشوێنەکەم هەستامو، هەستم بەخۆم دەکرد کـە وەکـو جـاران گـەنج نـەماوم، کەمـەرە باریکەکــەم ئەسـتور بـووەو، سـیمای گەنجایـەتی لەچـاوەکانمەوە نادرەوشـێتەوە، پاشــان وەڵامی(محی الدین)م دایەوەو گوتم: ئەی سەرۆکی حکومەت، بیّ ئومێدت ناکەم.

بەپەلـە هاتمـەدەرەوە بۆنـاو فڕۆکەکـە، بـیرم لـەوەش دەکـردەوە کەگەشـتەکەم (48)کاتـژمێر دەخایــەنێت، ئــەوەش دەبێتــەهۆی ئــەوەی نــەتوانم پەیوەنـدی بەئیسـرائیلەوە بکــەم، کــە واپێویســتبوو ڕۆژانــە دووجــار پەیوەنــدی بکــەم، ئەگــەر هەرنــەبێت دەبێــت ڕۆژی جارێــك پەیوەندییان پێوە بکەم، بۆئەوەی دڵنیابن لەوەی کە من زیندووم.

لـەودوو ڕۆژەدا هـەزاران کیلۆمـەترم بـڕیو، لـەبیری خۆمـدا بەتـەواوی وێنـەی هـەموو شـتەکانم کێشان، بەوشێوەیەی لە وانە سەرەتاییەکانی قوتابخانەی (فیشلّ)ی مامۆستامدا فێـری ببـووم، دوای دووڕۆژ گەڕامــەوە بــۆلای محـــی الـــدینو، لەگەڵیـــدا دانیشـــتم، ئـــەو(محی الـــدین)ەی کەهەمووجارێك (فیشلّ) ئاگاداری دەکردمەوە لەچۆنیەتی لەمامەڵـەکردن لەگەڵیـدا، بـەلاّم ئـەوە

ئیمڕۆ بەوپەڕی ڕێزو شکۆداریەوە لەکارەکەمدا سەرکەوتنێکم بەدەستهێنا، زۆر گەورەتربوو لەوەی(فیشلێ) پێشبینی دەکرد.

(محی الدین)، زۆر بەباشی گوێی لێگرتبووم، وشەیەکیشی تۆمار نەدەکرد، بەلاَم هەستیشم دەکرد دەنگەکەم بەئامێرێك تۆماردەکرا، ئەگەر محی الدین هەستی بە بابەتێکی گرنگ کردبا لەقسەکانمدا، پاشان کاسێتەکەی لێدەدایەوە، ئەوەش ناوەڕۆکی قسەکانم بوون:

لەناو جەرگەی سینادا تۆڕێکی ڕادار هەیە، واپێدەچێت لەناوچەکانی تر دابڕابێت، چونکە لەنێوان وێستگەی ڕاداری(الکونتیلا)و وێستگەی ڕاداری(لوبیا)، بۆشاییەکی زۆرهەیە کەهیچ وێستگەی ڕاداری تێدا نیە، کەفڕۆکەکان دەتوانن بەو بۆشاییەدا بفڕنو تۆڕە ڕادارەکانیش هەستیان پێ نەکەن، دەشمزانی ئەوگرفتە بەو دەمودەستە چارەسەر ناکرێتو، ئەوناوچە بەتالّەش گرنگیەکی وەهای نیە، نەفڕۆکەخانەو نەڕێگای فڕۆکەخانەکانیشی پێدا ناڕوات، ئەگەر فڕۆکەکانی ئیسرائیلیش هێرش بکەن ، لەوێوەنایەن، بەلّکو بەسەر دەریادا دەفڕن، یان بەرەو باشوور بەدەوری سینادا پێچ دەکەنەوە، بەلاَم هەرچۆنێك بێت ئەرکی سەرشانم بوو ڕاپۆرتێکی ورد ئامادەبکەم بۆ سەرۆکە نوێیەکەم (محی الدین)، بەردەوام بووم لەقسەکانمو گوتم:

لە(بیرکفکفا)ش، هەموو ئەو شیشە ئاسنانەی بۆ چاککردنەوەی ڕێڕەوە کۆنکریتیەکەی فڕۆکەکان بەکاردێن لەفڕۆکەخانەکاندا، لەعەمبارێکی دووردا دانراون، کەوتونە پاش کۆمەلّێکی گەورەی کەلوپەلو تەقەمەنیەکانەوە، لەکاتی پێویستدا ناتوانرێت پێش نیو کاتژمێریش ئامادەبکرێن، بەلاَم ئاگادارم نەکردەوە کە لە(العریش)، بارەکە وێرانترەو، بەستە شیشەکان لەدەرەوە دانراونو دانەپۆشراون، هەوای شێداری سوێریی دەریاش کردوونی بەپارچەیەك ژەنگ، ئەگەر سەربازێك بیەوێت یەکێك لە شەبەکە ئاسنانە دەست بداتێ، هەمووی لەناو دەستیدا هەلّدەوەرێت، درێژەم بە قسەکانم داو گوتم: لە(فاید)یش لەو شیشە ئاسنانەم بەرچاو نەکەوت، بۆ چاککردنەوەی فڕۆکە خانەکان لەکانی پێکانیاندا، لەفڕۆکەخانەی (الماظة)ش کەلوپەلە سەربازیەکانو تەقەمەنیەکان بەپەرشو بلاَوی لەنزیك وێستگەیەکی سووتەمەنیەوە دانراون، بەبێ ئەوەی هیچ هۆکارێکی سەلامەتییان لەبەرچاو گیرابێت، فڕۆکەخانەی (الماظة)، وەکو دواکانێکی تالاَنکراو وایە کەدزەکان دوای ئەوەی پۆلیس دەگاتە سەریان شتەکان

بەپەرش‌و بلاّوی جێدەهێڵن، هیچ بەرپرسێکی ناو فڕۆکەخانەکە نەیتوانی بۆم ڕوون بکاتەوە هۆی ئەوەچیە ماشێنەکانی گواستنەوەی سووتەمەنی لەگەراجە تایبەتیەکانی ماشێنی ئاگرکوژاندنەوەکان ڕادەوەستان، هەروەها شەش هەلیکۆپتەری تازەم بینین لەجۆری(میل 6) لەسەرشۆستەیەك ڕیزکرابوون ڕێڕەوی فرۆکە نەفاسەکانیان تەنگەبەر کردبوو، ئەوەندەش لەنزیك یەکەوە دانرابوو زۆر بەئاسانی هەموویان بەبۆمبێك دەتەقێنرانەوە، بەبیرو ڕای من پێویستە چاوێك بە ڕێکخستنەوەی فڕۆکەخانەی (الماظة)دا بخشێنرێتەوە، واشم پێباشە فڕۆکەکانی جۆری مێك لەفڕۆکەخانەی (الماظة) بگوازرێنەوە بۆ فڕۆکەخانەی ڕۆژئاوای قاهیرەو، پاشانیش کەلوپەلە یەدەگەکان‌و پێداویستیەکانی بگوازرێنەوە.

دیاربوو (محی الدین) هەموو تێڕوانینەکانی منی لەبەرچاو گرتبوون‌و فڕۆکە مێکەکانی گواستبوونەوە بۆفڕۆکەخانەی ڕۆژ ئاوای قاهیرە، بەم پێەش من فڕۆکە مێکەکانم ئامادەکردن بۆئەوەی گورزێکی چاکی هێزی ئاسمانی ئیسرائیلیان بەرکەوێت، چونکە دوای هەفتەونیوێك لەدیدارەکەم لەگەڵ محی الدین، شەڕ دەستی پێکردو فڕۆکە ئیسرائیلیەکان توانیان فڕۆکە مێکەکانی فڕۆکەخانەی ڕۆژئاوای قاهیرە تێك بشکێنن، فڕۆکەخانەی (الماظة)ش کەگەورەترین فڕۆکەخانەی هێزی ئاسمانی (مصر) بوو، بەهۆی ئەوەی کە بەرگری ئاسمانی نەبوو، ئیسرائیلیەکان توانیان دوو لەسەر سێی فڕۆکە بارهەڵگرەکان لەناوبەرن.

محی الدین لێی پرسیم: ئەدی فڕۆکەخانەی(الغردقە)و(الاقصر) چۆنن؟

منیش بەپەلە وەلاّمم دایەوە: لەهەموو فڕۆکەخانەکانی تر باشترن، عەقید(ابوالعزم) ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لەوێ، فڕۆکەخانەکان بەتەواوی ڕێکخراون، عەمبارەکانیش بەباشی دەپارێزرێن، هەموو سەربازێك لەوێ شوێنی تایبەتی خۆی دەزانێت‌و ئەرکەکەی سەرشانی ئەنجام دەدات.

پرسیاری لێکردم: ئەدی فڕۆکەکانی تۆپۆلیف چۆنن؟

منیش گوتم: لە چ ڕوویەکەوە؟

ئەویش گوتی: هەستت بەرانبەریان چۆنە؟

منیش گوتم: زۆر نایابن، هۆکارێکی زۆر باشی وێرانکارین.

وەکو بڵێی واخەریکە لەقوڵایی خەونێکدا نقوم دەبێت، گوتی: ئای ئەگەر پۆلێك لەو فڕۆکە تۆپۆلیفانە دەگەیشتنە سەر تەلئەبیب، ئەوا شەڕ کۆتایی دەهات، دوای ئەوەی تەلئەبیبیان بۆمبا باران دەکرد، ئیسرائیل ناچاردەبوو دەست دادات.

سەرم باداو گوتم: نەخێر، من باش دەزانم ئیسرائیلیەکان وا بەئاسانی دەست دانادەن، ئەوەم بەچاوی خۆم بینی لەناوەڕاستی ئەفەریقیا، هێزەکانی دەوڵەت دەوری ناوچەیەکی بەرفراوانیان دابوو، بەرەوپێشەوە دەڕۆیشتن هەرشتێك هاتبایە ڕێیان دەیانسووتاند، ئادەمیزادێك دەرنەچوو، پیاوەکان دەکوژران‌و منداڵەکانیش بەنێزەی تفەنگەکان سەردەبڕدران، ئافرەتەکانیش دوای ئەوەی دەستدرێژی دەکرایە سەر ناموسیان، هەڵدەدرانە ناوئاگرەوە، بەڵام کەسێکم نەدیت دەست دادات، ئەمە سروشتی ئادەمیزادە.

ئەمە وتووێژی ئەم بەیانیە بوو لەگەڵ محی الدین، پاشان گەڕامەوە ماڵەکەم بۆئەوەی پەیوەندی بەوێستگە سەرەکیەکەوە بکەم، بەڵام زۆر بەناخۆشی توانیم پەیوەندیەکەم ئەنجام بدەم، لەکاتی پەیوەندیەکەدا نەمتوانی درێژە بەپەیامەکەم بدەم، بۆیە بەکورتی ڕووداوەکانی ئەو دوو ڕۆژەی ڕابردووم بەو شێوەیەی خوارەوە پەیام کرد:

(لەبەیانیەوە پۆلێك فڕۆکەی (تۆپۆلیف)و دوو پۆل فڕۆکەی (میك 21) لەفڕۆکەخانەی ڕۆژئاوای قاهیرە جێگیر دەکرێن، هەروەها (3)پۆل (الیوشن)و دوو پۆل (مێك 21)و پۆلێك (میك 17) لەفڕۆکەخانەی (الماظة) جێگیر دەکرێن، لەسینا ناوچەیەکی چۆڵ هەیە ڕاداری تێدا نیە، ئەگەری ئەوەهەیە لەهەر چرکەیەکدا هێرشێکی لەپڕتان بکرێتە سەر). (کۆتایی).

ئامێری بێ تەل‌و کاغەزو نیشانەکانم لەسەر مێزەکە هێشتنەوە، بۆئەوەی بۆم دەرکەوێ ئاخۆ موخابەراتی (مصر)ی هێرش دەکەنە سەر ماڵەکەم یان نا، دوای نیو کاتژمێر تۆزێك هێور بوومەوە، ئامێرەکەم خستەوە ناو قاسەکەوەو، بەرەو سەرکردایەتی هێزی ئاسمانی ڕۆیشتم، پێویستیم بەوە نەبوو پرسیاری زۆر بکەم، ئەوەندەی بەچاو بینیبووم بەس بوو بۆئەوەی بزانم چی ڕوودەدات، چوومە نوسینگەکەی (محمد عفیفی)سەرکردەی جموجۆڵە ئاسمانیەکان، بەبێ پێشەکی یەکسەر پرسیارم لێکرد: کەی(هێرشەکە دەست پێدەکات)؟ چاوەکانی تێبڕیم‌و نەیدەویست لەبەر پرسیارەکەم ڕابکات، بۆیە وەڵامیدامەوەو گوتی: بەیانی، پێش کازیوەی

بەربــەیان، لەیــەك كاتــدا گورزێــك ئاڕاســتەی هــەموو فڕۆكەخانــەكانیان دەكــەین‌و هــەموو فڕۆكــەكانی(میراج و، الفیتــور، المســتیر، الاوراغــان) تێــك دەشــكێنین‌و، بــەدوای ئەوانــدا فڕۆكــەكانی(تۆپۆلیف) دەنێـرین، واتــە بــەگورزێك (300)تــەن تەقەمــەنی دادەبارێنینــە ســەر شارەكە، بەم پێیە هەموو شـارەكە ئـاگر دەگرێـت، پاشـان فڕۆكـەكانی (الیوشـن) دەنێـرین بـۆ بۆردومانی ئامانجە دەستنیشان كراوەكان، لەهەمان كاتیشدا فڕۆكەكانی(تۆپۆلیف) دەگەڕێنەوە بۆئەوەی جارێكی تر خۆیان پڕچەك بكەنەوە.

زەردەخەنەیەكم هاتێ، بەجووڵەی دەستم پرسیارێكم ئاراستەكردو گـوتم: ئـەی دوای ئـەوە مـن دەبێـت چـی بكـەم؟ ئەگـەر ئیسـرائیل نـەمێنێ، ئێـوەش پێویسـتیتان بـەمن نامێنێـت، ئەوسـا ناچاردەبنم بـەرەو باشـووری ئەفـەریقا بـڕۆم، واپێدەچـێت لـەوێ بـەو نزیكانـە ئاڵۆزییـەك سـەر هەڵدات، بواری كارەكەی منیش لەوێ زۆر فراوان دەبێت.

(عفیفی) گـوتی: دوای ئەوسـەركەوتنە، ئاهـەنگێكی گـەورە سـازدەكەین هەفتەیـەك بخایـەنێت، لەهەموو قاهیرە كچێك ناهێڵینەوە كەبڵێت من خۆشی‌و لەزەتم دەست نەكەوتووە.

ئەودیـدارەم هـەتاكاتی نیـوەڕۆی خایانـد، دوای ئـەوە گەڕامـەوە ماڵەكـەم، نەمـدەتوانی هـیچ پەیوەندییــەك بكــەم تاكــاتی پەیوەنــدی كردنەكــە، هــەردووك ماشــێنە ڕوســیەكەش لــەو دەوروبەرەدا دەسوڕانەوە، یەكێكیان بەهێواشی بەبەردەمی ماڵەكەی مندا تێەپەڕی، لەهـەوڵی ئـەوەدابوو ئـامێرە پێشـكەوتوەكانی نـاوەوەی لەرەلـەرێك لەماڵەكـەی منـدا تۆماربكـات، بـەڵام كــارێكی ئاســانیش نــەبوو، لەبەرئــەوەی جموجــۆڵێكی زۆری پەیوەنــدی هــەبوو لــەنێوان فڕۆكەخانەكان‌و سەركردایەتی‌و یەكەكانی سوپای (مصر)و سەفارەتخانەی ڕوسیادا.

دوای نیـوەڕۆ لەڕێگـەی تەلەفونـەوە لەلایـەن پاسەوانەكەی(صـدقی محمـود) ئاگـادار كرامـەوە كەكاتژمێر پێنج ئامادەبم لەسەركردایەتی هێـزی ئاسمـانی بـۆ چـاوپێكەوتن لەگـەڵ سـەركردەی هێـزی ئاسمانی(صـدقی محمـود)، لەوكاتــە دیاریكراوەشـدا وێسـتگە سـەرەكیەكەی تەلئـەبیب دەكەوتەكار بۆ وەرگرتنی پەیامەكانم، من بڕیاری ئەوەم دابـوو پەیوەندیەكـە لەگـەڵ تەلئـەبیب ئەنجام بدەم، هەرچەندە دەشمزانی ئەوە دوا پەیوەندییە لەنێوان من‌و وێستگە سـەرەكیەكەدا،

چومەسەر تارمە تاریکەکەو دانیشتم، هەرکەسێك منی بینیبا دەیگوت: ئەوپیاوە خەموخەفەتێك لەناودڵیدا نیە.

پێش کاتی دیاریکراو، چوومەوە ژوورەوەو دەرگاو پەنجەرەکانم بەجوانی داخستن‌و، کاتژمێر پێنجو دەخولەك یەك جار ئاگادارییەکم دا بەوێستگەکەو، ئەوانیش وەڵامیان دامەوەو ئەو پەیامەم بۆ ناردن:

(بەیانی لەگەڵ کازیوە بەرەبەیاندا فڕۆکەخانەکانتان دەکەونە بەر گورزێکی لەپڕ (دووبارەی دەکەمەوە): لەگەڵ بەربەیاندا گورزێکی بەرفراوانتان بەردەکەوێت). تەواو.

دوای ئەوە وێستگە سەرەکیەکە داوای لێکردم پەیوەندیەکە دووبارە بکەمەوە، بەڵام من وەڵامم نەدایەوەو وشەیەکی ترم لەپەیامەکەم زیادنەکرد، لەناو ماڵەکەمدا چاوەڕێی ئەوەم دەکرد بێن دەستگیرم بکەن، لەوکاتەدا زەنگی تەلەفۆنەکە لێیدا، بیرم کەوتەوە (صدقی محمود) لەسەرکردایەتی هێزی ئاسمانی چاوەڕوانم دەکات.

هەموو شتەکانم داخستن‌و بەپەلە بەرەو سەرکردایەتی هێزی ئاسمانی کەوتمەڕێ.

وا بڕیاربوو ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی 26 ی مایو، لەبەرەبەیاندا هێرشەکەی (مصر) دەست پێبکات بۆسەر ئیسرائیل، دوو ڕۆژ پێشتر ئەم هەواڵە بەسەر هەموو فڕۆکەخانەکانی سینادا دابەش کرابوو، پاشان میدیاکان بلاویان کردەوە، بەڵام کەسێك هۆکارەکانی دواخستنی ئەو هێرشەی بلاونەکردەوە.

ڕۆژی هەینی پێش بەرەبەیان، فڕۆکە ئیسرائیلیەکان ئامادەباشی خۆیان وەرگرت‌و کەوتنە فڕین بەئاسمانی ولاتدا، بەبەردەوام بەسەر دەریاو بەسنووری سینادا دەخولانەوەو، هەندێکیشیان بەرەو دەریای سوورو کەرتی غەززە دەفڕین‌و دەنگەکەیان ئاسمانی پڕکردبوو، کەپێویستیشیان بەسووتەمەنی دەبوو دەنیشتنەوەو فڕۆکەی تر شوێنی ئەوانی دەگرتەوە، ڕادارەکانی (مصر)یش کە بەدرێژایی سنوور دانرابوون لە سیناو کەرتی غەززە، توانیان جموجۆڵی فڕۆکە ئیسرائیلیەکان ئاشکرا بکەن، بۆیە سەرکردایەتی هێزی ئاسمانی بڕیاریدا هێرشەکە بۆسەر ئیسرائیل دوابخرێت بۆ کاتێکی تر، دوای دوو سەعات کە بۆیان دەرکەوت جموجۆڵی فڕۆکە ئیسرائیلیەکان ئارام نەبۆتەوە، یەکجاری بڕیاری هێرشەکەی سەر ئیسرائیلیان هەڵوەشاندەوە.

## بەرەو هیندستان

## 30 ئایاری 1967

سەرکردە گەورەکەی موخابەرات، کەیەکەمجار (30)ساڵ لەمەوپێش بینیبوومو، دواجاریش ساڵونیوێك پێش ئێستا بینیبوومەوە بەتەوای گۆڕابوو، وامزانی کەسێکی ترە، کاتێك چوومە ژوورەکەی ژێر زەوییەوە، لەبەرم هەستا بۆئەوەی پێشوازیم لێبکات، گۆڕاوی دیمەنەکەی بەتەواوی سەرنجی ڕاکێشام، بەوکەسە نەدەچوو کەدواجار بینیبووم، ئەوپیاوەش کە پاش کەمێکی تر لەلایەکی ژوورەکدا چاوپێکەوتنی لەگەڵدا دەکەم، وەکو جاران گەنج نەمابوو، پیری بەمووەکانی سەریەوە دیاربوو، گنجولۆچیش نێوچاوانو دەوروبەری چاوەکانی گرتبێوە، لەبەرانبەریدا ئەو هەستەی جارانم نەبوو کە ڕقم لێداگرتبوو ئەوکاتەی کەڕەزامەندی نیشان نەدەدا لە(مصر) بگەڕیمەوە بۆ ئیسرائیلو پێی گوتم: (لەمصر بمێنەوە) بۆڕۆژێکیش بێت پێویستیمان پێت دەبێت، نەك ڕۆژێکیش لەوانەیە تەنها یەك کاتژمێر پێویستیمان پێتبێت.

لەتیشکی چاوەکانیەوە هەستت بەوەدەکرد کەبەتەواوی پابەندی بڕیارەکانی سەرکردەی باڵایەو دڵنیایە لەوەی سەرکەوتن بەدەست دێنێت، هەروەها لەچاوەکانیەوە هەستم بەهیلاکیو ماندووبونێکی زۆر دەکردو، باشی لێ تێدەکەیشتم کەڕێزێکی تایبەتم لێدەگرێت، بەشێوازی پێشوازێکی ئەوەندە گەرم پێشوازی لێکردم، هەستم بەخۆم دەکرد، کەخۆشەویستی خۆی بۆمن دەردەبڕێتو گوتی: سەرئەنجام بەبێ کێشە گەیشتیە لامان؟ منیش گوتم: بەلێ بەبێ هیچ گرفتێك، پاشان لەگەڵ زەعیمە ئەسمەرەکەی بەڕێوەبەری هەواڵگری سوپا دەستمان خستە ناودەستی یەکەوەو لەهەواڵی یەکتریمان پرسیو دانیشتمو گوتم: من بەپەلەم، ئایا دەتانەوێت قسەکانم بنووسنەوە؟ زەعیمە ئەسمەرەکە گوتی: نەخێر، دەبێت بەهۆی ئامێرێکەوە هەموو قسەکانت تۆماربکەین، ئامێرەکەی بەگەڕخستو منیش وەکو گوتنەوەی وانەیەك کەپێشتر لەناوفرۆکەکەدا خۆم بۆ ئامادەکردبوو دەستم پێکردو گوتم: باری سیاسیو سەربازی (مصر)، دوای شکستهێنانی هێرشە ئاسمانیەکە، کەبڕیاربوو بەرەبەیانی ڕۆژی 26 ی ئایار دەست پێبکات، بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

سەرکردەی بالا گوتی: بەڵێ، من بەناوی هەموو ئەوخەڵکانەوە سوپاست دەکەم، کە تا ئێستاش نازانن هۆی شکستهێنای ئەوبڕیارە چی بوو، من لەناخی دڵمەوە سوپاسی تۆ دەکەم.
وەلامم دایەوەو گوتم: (محی الدین) بۆخۆی ئەو هەواڵەی پێڕاگەیاندم، کاتێك کەداوای کردبوو بەیانی ڕۆژی شەممە لەنوسینگەکەی خۆی بمبینێت، لەڕاستیشدا یەکەمجاربوو من محی الدین ببینم بەتوڕەییو، گوتی: لەسەرکردایەتی هێزی ئاسمانی (مصر)یدا، جاسوسێکی خۆفرۆش هەیە، من دەزانم کێیە، بەلام رۆژێك خۆی دەبینێتەوە پلەی (فەریقی یەکەم)ەکەی لێ داماڵراوەو خراوەتە زیندانەوەو چاوەڕێی دادگایی دەکات، زۆر گرفت نەبوو بەلامەوە بزانم مەبەستی لەکێیە، چونکە لەهەموو هێزی ئاسمانی (مصر)دا تەنها تاقەکەسێکی تێدابوو بەوپلەیە، ئەویش سەرکردەی هێزی ئاسمانی بوو، ئینجا محی الدین بەردەوامبوو لەقسەکانیو گوتی: ئەو هەلە چاکەمان لەدەستدا، ئێستاش ئیسرائیلیەکان لەئامادەباشیدان، هەموو هێزەکانیان کۆکردوونەوەو شەووڕۆژ چاو کراوەن، هەموو دنیاشمان لێ تێگەیشت، ئێستا لەهەموو شوێنێك باسەکان باسی فەلەستینن. بۆیە پێویستە لەهەڵگیرساندنی شەڕەکەدا ئێمە دەستپێشخەر نەبین، بەلام دەبێت وا لەئیسرائیل بکەین ئەو دەستدرێژیمان بکاتەسەر، ڕێککەوتنی هاوبەشیشمان هەیە لەگەڵ سوریا، عێراقو سعودیەش هێزەکانیان دەنێرنە ئوردن بۆ پشتیوانیمان، چەند ڕۆژێکی تریش ناخایەنێت مەلیك حسێن ناچاردەکرێت بێتە پاڵ ئێمە، ڕێگە بەسوپای عێراقیش دەدات بێتەناو ئوردنەوەو لەوێوە بەرەو ڕۆژئاوا دەگاتە دەروازەکانی تەلئەبیب، لەماوەی دە ڕۆژدا هێزێکی عەرەبی سەد هەزارکەسی بەپشتیوانی(2500) زرێپۆشو (1000) فڕۆکەی سەربازییەوە هەرچواردەوری ئیسرائیل دەگرن، هەمووشیان لەژێر یەك ئالا دەبن، جا کەئیسرائیل خۆی بینییەوە دەورەی گیراوە، ناچاردەبێت یان خۆی بەدەستەوە بدات یان دەستپێکی شەڕەکە بکات، من هیوادارم شەڕەکە دەست پێبکات هەتا ناچاری بکەین خۆی بدات بەدەستەوە.
بەلامەوە شتێکی سەیربوو، لەبەرخۆمەوە دەمگوت: ئایا محی الدینیش ئەو زرەخەونانە دەبینێت؟ پێش هەڵگیرسانی شەڕەکە بەباشی دەمزانی مەلیك حسێن بەشداری ناکات، بەڵکو لەکاتی دەستپێکی شەڕەکەدا بەشداری دەکات، کاتێك کە زرێپۆشەکانی (مصر) دەچنەناو

تەلئەبیبــەوە، ئەوکاتــە مــەلیك حســێن بەشــداری دەكــات، ئــەو بەشــداری کردنــەش هــیچ کاریگەرییەکی نابێت.

دەربارەی بەشداریکردنی سعودییەش، من باش دەزانم لەماوەی (15)ساڵی ڕابردوودا، سعودییە لەپێناوی پاراستی خۆیدا دژایەتی (مصر)ی دەکرد، یارمەتی هێـزە مەلەکیـەکانی یەمـەنی دەدا دژی (مصر).

دەربـارەی جـەزائیرو عێـراقیش، دوای دووڕۆژ لەدیدارەکـەم لەگـەل محـی الـدین، سـەرکردایەتی سوپای جەزائیری ڕایگەیاند کەجەزائیر چەند یەکەیـەکی سـەربازی دەنێرێـت بـۆ یارمـەتی دانـی (مصر)، دووڕۆژ دواتریش سوپای عێراق گەیشتە ئوردن، سعودییەش (20)هەزار سەربازی نارد بۆکەنـداوی عەقەبـە، بـۆ یارمەتیـدانی هێزەکـانی (الشـاذلی) بـۆ داگیرکردنـی(ایلات)، لەوکاتـەدا لیوا(عبدالمنعم ریاض) لەئوردن نیشتەجێ بوو، بۆ سەرکردایەتی کردنی سوپای عێراقو ئوردنو (مصر) کە لەئوردن جێگیر کرابوون.

محی الدین پێشی گوتم: پێویستە هـەموو شـتێك ئامادەکـەین، بـۆ بەرپەرچـدانەوەی ئیسـرائیل، پێویستە بیوەستێنینو سوپا دەستدرێژکەرەکەی تێك بشـکێنین، پاشـانیش دژە هێرشـێکی بـۆ بکەین، دوای ئەوە کاتمان بەدەستەوە دەبێت لێپرسینەوە لەگەڵ خۆفرۆشەکان ئەنجام بدەین.

محی الدین بۆ جاری سێیەم داوای لێکردم پشتیوانیان بکەم لەهێرشی ئاسمانی (مصـر) بۆسـەر ئیسرائیل.

داوای لێکردم بچم بۆ هیند، بۆئەوەی مامەڵـەی کڕینـی بڕێـك کەلوپـەلی سـەربازی تـەواو بکـەم، کەپێشـتر وتوویـژی لەسـەرکرابوو، ئەمـەریکا بـەپێی بەرنامەیـەك بـۆ جاسوسـی کـردن بەسـەر (صـــین)ەوە، بەنهێنیـــەوە ژەمارەیـــەك ڕاداری زۆر پێشـــکەوتوی دابـــوو بەهینـــد، ڕادارە کۆنەکانیشـیان زۆر باشـتربوون لـەڕادارەکانی (مصـر)، بۆیـە هینـد بڕیاریـدا ئـەو ڕادارە کۆنانـە یەشـێوەیەکی نهێنـی بەیـەکێك لەدۆسـتەکانی بفرۆشـێت، بەوهیوایـەی بڕەپارەیـەکی باشـیان دەسکەوێت، لە(مصر)یش من دەستنیشان کرام بۆئەوەی بچم ئەو مامەڵەیە تەواوبکـەم، ئەگـەر بێتو بەزوویی بتوانم ئەومامەڵەیە تەواوبکـەم، ئـەوا ڕادارەکـان دەگەیەنرێنـە (مصـر)و، بەسـەر

سیناو دەوروبەری قەنات‌و دەلتای نیلدا دابەش دەکرێن، پێش ئەوەی ئیسرائیل هێرشەکەی دەست پێبکات.

محی الدین دوای ئەوەی هەموو وردەکاریەکانی خستنەڕوو، سەرنجێکی منی داو گوتی: (شیکۆف)ی هاوڕێمان نایەوێت خاوەن تۆڕێکی ڕاداری تەواوبین، ئەو باوەڕی وایە ئێمە تواناامان نیە بەسەر ئەوجۆرە ڕادارە ئالۆزانەدا، جا بۆئەوەی ناچاری بکەم، نامەوێت تۆ شتێکی لەوبارەیەوە بۆ باس بکەیت، دوای ئەوەی کەبلیتی فرۆکەکەت بۆ دابین دەکەم، دوو بەیانی دەتوانیت بگەیتە تورکیاو، بەیانی ڕۆژی دواتریش بگەیتە هیند، دڵنیابە لەوەی ئێمە هێرشەکە دەست پێناکەین، بەم شێوەیە لەتەلئەبیب درێژەم بەوتارەکەم داو ئامێری تۆمارکردنەکەش دەنگەکەی تۆمار دەکردم، بەئامادەبوونی سەرکردەی بالاو بەڕێوەبەری هەواڵگری ئیسرائیلی، بەردەوام بووم لەگێڕانەوەی قسەکانی محی الدین کەدەیگوت: دەمانەوێت ئیسرائیل ناچاربکەین هێرشەکە دەستپێبکات، دوای ئەوەی کە هەرچواردەورەی بەهێز دەتەنین، لەوانەشە ئیمرۆ مەلیکە بچکۆلەکەی ئوردن سەردانمان بکات،..... لەوکاتەدا بەڕێوەبەری هەواڵگری پرسیاری لێکردم: ئەوهەواڵەت لەکوێ بیستووە؟ منیش گوتم لەدەمی (محی الدین)م بیستووە، گوتی: ئایا ڕێککەوتنێك واژۆ دەکەن؟ گوتم بەڵێ، کاتێ مەلیکیش دەگەڕێتەوە، لیوا(عبدالمنعم ریاض) لەگەڵ خۆی دەبات بۆ ئوردن، بۆسەرکردایەتی کردنی سوپای ئوردن‌و عێراق، لەوانەشە لەهەفتەی دووەمی مانگی حوزەیران سوپایەکی عەرەبی پێك بهێنرێت بەبەشداری سوپای جەزائیرو سعودییە، بەوپێیەی محی الدین بەمنی گوت، ئەوسوپایە سەد هەزار سەرباز دەبێت‌و (2000) زرێپۆش‌و (1000)فرۆکە پشتیوانی لێدەکەن.

لەوکاتەدا سەربازە پلە یەکەکە بەدەنگێکی نەرم گوتی: دوای ئەوە نیازیان چییە؟ منیش گوتم: دوای ئەوە تەنها یەك ڕێگەتان لەبەردەمدا دەمێنێتەوە، ئەویش ئەوەیە دەست دادەن‌و باشووری(النقب) جێهێڵن بۆ (مصر)، بەوەش کێشەی تەنگەبەری(تیران) کۆتایی پێدێت، ئەگەر چاوەڕێی شەڕیش بکەن، ئەوا ڕووبەڕووی سوپایەك دەبنەوە تێکتان دەشکێنێ‌و دێتەناو تەلئەبیبەوە، بەلام من لەهەوڵێکی زۆردام ئەو پلانە سەرنەگرێت.

ئێستاش دەربارەی سینا بۆتان دەدوێم، دوای ئەوەی کە هەستم کرد بەڕێوەبەری هەواڵگری بەباشی گوێی بۆ قسەکانم شلکردووە، گوتم:

بەشێوەیەکی گشتی دابەشکردنی هێزەکانم لەسینا پێڕاگەیاندوون، فیرقەی حەوت بەڕابەرایەتی لیوا(سلیمان حسن عبدالعزیز لە(ڕەفەح)و (العریش)جێگیرە، ئەوقسانەی کە ئێستا دەیانکەم نەمنوسیوونەوە، بۆیە دەبێت بەوردی بیریان لێبکەمەوە نەوەك تووشی هەڵە ببم، لەبەرانبەر (ڕەفەح) لەکەناری دەریاوە هەتا لمەکەی باشوور، هەمووی بە مین داچێنراوە، ئەگەر بتانەوێت لەو مینانە رزگارتان بێت، دەبێت بەکەنار دەریاکەدا بڕۆن هەتا ئەوەشوێنەی کەناسراوە بە(الشیخ زوید)، دەشڵێن ئەوناوچەیە هەتا عەریش، زۆر بەتۆکمەیی سوپای تێدا جێگیر کراوە، دەڕۆژ پێشتر بەسەر ئەوناوچەیەدا فڕیم لەگەڵ موشیر(عامر)و (صدقی محمود)، وام بۆدەرکەوت زۆربەی سوپاکە لەژێر زەویدا لەناو خانووبەرەی لەکۆنکرێت دروستکراودا پارێزراوە، زرێپۆشەکانیش بەهەمان شێوە لەناو چاڵی کۆنکرێتدا دانراون، تەنها لولەکانیان بەدەرەوەیە.

فیرقەی دوو، لیوا(محمد کامل عبدالعزیز) سەرپەرشتی دەکات، لەشوێنێکی زۆر پارێزراو دایە بەناوی (ام کتف)، کەماوەیەك پێش ئێستا بەهۆی ڕێگەیەکەوە بە ئیسماعیلییە بەسترایەوە، لەهەموو ناوچەکانی تری سینا پارێزراوترەو تۆپو زرێپۆشێکی زۆری لێیە، لەپاش ئەو ناوچەیەوە فرقەی (3)هەیە کەدابەشبووە لەنێوان (جبل لبنە)و (بیر حسنە)، نازانم کێ سەرپەرشتی ئەو فرقەیە دەکات، هەروەها هێزێکی زیادە نێرراوە بۆ ئەوناوچەیەی کە دەکەوێتە نێوان(الکونتیلا)و (النخل)، کە فرقەی (6) لەوێ جێگیرە بەسەرکردایەتی لیوا(حسن عبدالقادر)، کەئەفسەرێکی سەربازی نایابەو ناوبانگی هەیە لەشەڕی یەمەندا.

لەوکاتەدا بەڕێوەبەری هەواڵگری لێی پرسیم: ئایا تۆ دەیناسیت؟

منیش سەرنجێکی کاتژمێرەکەم داو گوتم: نەخێر نایناسم، من لە سەرکردەکانی سینا تەنها (کامل المرتجی) سەرکردەی هێزی وشکانی دەناسم، هەروەها لیوا (الشاذلی)یش دەناسم، لەشەڕی یەمەندا ناوبانگی هەیە، (کامل المرتجی)م بیرکەوتەوە ئەوڕۆژەی بەفڕۆکەیەك گەیشتینە (بیر شمادة) پۆلێك فڕۆکەی (میك 21)یش پاسەوانیان دەکردین نەوەك ئیسرائیل لەپڕ هێرشێکی ئاسمانیمان بکاتە سەر، کاتێك گەیشتینە ئەوێ، موشیر (عامر)و (کامل المرتجی)

باوەشیان لەیەکتردا، کەسێکی بالاَ کورتی قەڵەو بوو، پێشتر بەهۆی ڕائد (احمد المرتجی)ی برایەوە لەیانەی (الجزیرە) یەکترمان ناسی، ئەحمەدیش ئەفسەرێکی هێزی ئاسمانی بوو، گەورەترین ئەفسەر بوو لەبەشی خزمەتگوزاریە پزیشکیەکان، زۆر شانازی بەبراکەیەوە دەکرد کە پلەکەی لیوا بوو، ئەوڕۆژە (کامل المرتجی) باسی سەرکەوتنەکانی خۆی بۆکردم لەشەڕی یەمەن، (غادە فخری) سەماکەریش زۆر زۆر بەوردی گوێی لەقسەکانی ڕاگرتبوو، دوای نیوەشەو (غادە فخری)و (کامل المرتجی) بەیەکەوە ڕۆیشتن، دیاربوو(غادە) تەنها بەقسەکانی (المرتجی) سەرسام نەبوو، بەڵکو بەوەشەوە سەرسابوو کە لەناو جێگەدا لەگەڵی بخەوێت.

کەمێك ناوچاوانی خۆم گرژ کردو گوتم:

هەموو ئەوشتانە دەربارەی(المرتجی) لێکدانەوەن، من واهەستدەکەم ئەو پیاوە سەربازێکی ئەوەندە شەڕکەرو ئازا نیە وەکو پێیدا هەڵدەڵێن، بەلاَم دەتوانێت پاڵەوانانە لەخەندەکە کۆنکرێتیەکانی ژێرزەویدا پاڵداتەوە لەچیای(یالك)، من بیروهۆشم وام پێدەڵێت ئەوکاتەی ئێوە هێرشەکە دەستپێدەکەن، ئەو شوێنەکەی جێدەهێڵێتو بەناوی ئەوەی کەڕاپۆرتەکان پێشکەش بەسەرکردایەتی دەکات، دەگەڕێتەوە بۆقاهیرەو لەوێ دەمێنێتەوە.

بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی گوتی: بەلاَم خەڵکانێك بەجۆرێکی تر باسی دەکەن.

منیش لێم پرسی: ئایا سەرچاوەی ئەو هەواڵانە لەوکەسانەوە وەرگیراوە کە شەوانە ئافرەتە سەماکەرەکانی بۆدێنن کەتەمەنیان لەنۆزدەساڵ تێناپەڕێت؟ یان ئێوە ئەو زانیاریانەتان لەوکەسانەوە دەستکەوتووە کەگوێیان لەخودی خۆی بووە باسی ئازایەتی سەربازەکانی کردووە لەبەرانبەر سەربازە ڕووتە پێخاوسەکانی (ئیمام محمد بدر حمیدالدین)، کەگوایە شەڕێکی سەردەمیانەی سەخت بووە، هەروەها (ڕۆمێلی مصر) نازناوی لیوا (حمید الشاذلی)، من گرنگییەکی وەها بەونازناوەی نادەم، ئەوان وەکو سەرکردەی هێزێکی تایبەت، دەبوو لەپێشەوەی بەرەکانی جەنگ بان، پێش هەموو سوپای (مصر) چووبانە ناو ئیسرائیلەوەو، لەدژە هێرشێکدا گورزێکی کوشندەیان لەسوپای ئیسرائیل وەشاندبا، کەچی ئێستا لەوبەرەوبەری ڕێگای نێوان (جبل لبنە)ە بەرەو سنوور خۆیان داکوتاوە.

زەعیم بەتێڕوانینێکی بەماناوە زەردەخەنەیەکی هاتیۆ گوتی: تۆ دڵنیایت لەو قسانەی دەیانکەیت؟

وەڵامم دایەوە: هەتا ئەندازەیەك دڵنیام، تەنانەت (کامل المرتجی)و (الشاژلی)ش بۆخۆیان نازانن ڕاستیی هەڵوێستەکان چۆنن، ئەوان سوپاکەیان دەجوولێنن لێرەو لەوێ بۆئەوەی ئێوە هەڵخەڵەتێنن، بەردەوامبووم لەقسەکانمو گوتم: دواخالێ دەربارەی سینا ئەوەیە کەفرقەی چواری زرێپۆش بەسەرکردایەتی لیوا (عواد علی صدقی) کە بە(الغول)ناسراوە، دوێنێ لەسینا جێگیر کرا، بەپەنجەش ئاماژەم بۆشوێنی فرقەکە کرد لەسەر نەخشەکەی بەردەممان.

بەڕێوەبەری هەواڵگری سەرنجێکی تری دامو لەدرێژەی باسەکەدا گوتی: بەلاَم ئەو ناوچەیەی (فرقەی چوار) بریتییە لەبیابانێکی کراوە.

منیش گوتم: لەودواییەدا شوێنێکی زۆر قایمیان لێ دروستکردووە، لەودەمەدا ئەفسەرێك خواردنەوەیەکی گەرمی بۆهێنایین، منیش سەری خۆم شۆڕکردەوەو دەسەسڕێکم دەرهێناو وام نیشاندا کەخەریکی پاککردنەوەی لووتمم، بۆئەوەی ئەو ئەفسەرەی کەهاتەژوورەوە دەموچاوم نەبینێت.

ئەوە یەکەمجارم بوو بەناوی ئارام ئەنویرەوە بێمە ناو ئیسرائیلەوە، ئەو پەساپۆرتەش کەپێمبوو هیچ مۆرێکی ئیسرائیلی پێوەنەبوو، وەکو جارانیش قژم بۆیە نەکردبۆوە بۆئەوەی کەس نەمناسێتەوە، هۆیەکەشی بۆ ئەوەدەگەڕایەوە کە من ئێستا لەنێو سەرکردەکانی ئیسرائیل دانیشتووم، بەفڕۆکەیەك لەتورکیاوە بەرەو هیند بەڕێکەوتم، فڕۆکەکە بۆ وەرگرتنی سووتەمەنی لەفڕۆکەخانەی(اللد)ی ئیسرائیلی نیشتەوە، لەو ماوەیەشدا سەرکردەکەی هەستی کرد کەفڕۆکەکە گرفتێکی هەیە.

من دوێنێ لە(مصر)ەوە گەیشتبوومە تورکیا، دوای ئەوەی کەژوورێکم بەکرێ گرت لە میوانخانەی (هلتۆن) لەئەستەمبول، شەو چوومە دەرەوە، بۆئەوەی بەناو شاردا بگەڕێم، ماشێنێکی تەکسیم بەکرێ گرت، گەیاندمیە (ئایا صۆفیا)، دوای کەمێك گەڕان، تەکسییەکی ترم گرت، گەیاندمیە نزیك پردەکەی کەدەکەوێتە سەر ناوچەی (قرن الذهب)، ئینجا چوومە باکووری ئەستەمبولێ لەوێ گەڕەکێکی هێدیو گەرموگوڕی لێبوو، سەرنجێکی ئەولاو ئەولای خۆمدا

بۆئەوەی بزانم کەسم بەدواوەنیە، کەدڵنیابوومـەوە، چـوومەناو باڵەخانەیەکـەوە کچـە تـورکێکی هــاوڕێم لەوێــدا نیشــتەجێ بــوو، زۆر بەسەرســوڕمانەوە پێشــوازی لێکــردم، گــوتم: بچــۆرە چێشتخانەکە قاوەیەکی گەرمم بۆ ئامادەبکە، لەوێش بمێنەوە تائەوکاتـەی مـن بانگـت دەکـەم. چـراکانم لـەناو ڕێـڕەوە فراوانەکـەدا کوژاندنـەوە، دانیشـتمو تەلەفۆنەکـەش لەسـەر مێزەکـەی بەردەمم دانرابوو، دەسکی تەلەفۆنەکەم بەرزکردەوەو داوای پەیوەندییەکم کـرد بـۆ ئیسـرائیل، کچـەکە قاوەکـەی بۆهێنـاو لەسەرکورسـیەکە پاڵمدایـەوەو دەسـتم کـرد بـەقاوە خواردنـەوەی چاوەڕێی تەلەفۆنەکەم دەکرد وەڵامم بداتەوە.

کچەکە لێی پرسیم: پێویستیت بە شتێکی تر نیە؟

وەڵامـم دایـەوە: نـەخێر، سوپاسـت دەکـەم، دەمـەوێت کـەمێك پشـوو بـدەم، ئەگـەر زەنگـی تەلەفۆنەکەش لێیدا، بڕۆ چێشتخانەکەو لەوێ بمێنەوە.

گوتی: زۆر باشە.

لەسەرکورسییەکی تر دانیشت، بۆئەوەی شوێنەکەم تەنگەبەر نەبێت، دوای دوو کاتژمێر زەنگی تەلەفۆنەکـە لێـدا، کـە دەسـکەکەم بـەرزکردەوە، فەرمانبـەری هێڵـی تەلەفۆنـەکان بـوو، گـوتی ئسرائیلت لەگەڵدایە.

کەوتمە قسەو گوتم: هەلەو، رفاعی قسەدەکات، وەڵامیدامەوە تۆ کێیت؟ منیش گوتم: تۆ زمـانی ئنگلیزی دەزانیت؟ وەڵامیدایەوە: بەڵێ، هاو ئارییو؟... تۆکێیت؟ وەڵامم دایەوە: مسـتر رفـاعی، لەتورکیاوە قسەت لەگەڵ دەکەم، گوتی: ئا..ئا..رفاعی...فـەرمووچ خزمـەتێکت هەیـە؟ گـوتم: بەیانی کاتژمێر نۆو نیو، بەهۆی فڕۆکەیەکی تورکیەوە لەفڕۆکەخانە شاری (اللـد) دەنیشـینەوە، ئایا دەتوانن کارێکی وەها بکەن فڕۆکەکە ماوەیەکی درێـژتر بمێنێتـەوە چـەند قسـەیەك لەگـەڵ بەڕێوەبەری کۆمپانیای (ایمبور ترك) بکەم؟ لەقسەکانم گەیشتیت؟

دیاربوو تەواو لەقسەکانم تێگەیشتبوو، بۆیە گوتی: بەڵێ تێگەیشتم، بەیانی کاتژمێر نۆونیو لێرە ئامادەدەبن، پێویستە کارێکی وا بکەین فڕۆکەکە ماوەیەکی زیـاتر بمێنێتـەوە بۆئـەوەی بتـوانی لەگەڵ بەڕێوەبەری کۆمپانیای (ایمبور تورك) قسەبکەیت.

دوای ئـەوەی هەناسـەیەکی خۆشـم هەڵکێشـا، گـوتم: (دەسـتتخۆش) زۆر تـەواوە. وەکـوداب‌و نەریتی کۆمپانیای هێڵە ئاسمانیـە نێودەوڵەتیـەکان، لەفڕۆکەخانـەی (اللـد) لەئیسـرائیل، ژەمـە خـواردنێکی گـەرمی زۆر باشمـان خـوارد، سەرنیشـینانی فڕۆکەکـەش ئاگادارکرانـەوە بـەهۆی گرفتێکی لەپڕەوە بۆماوەیەك گەشتەکە دوادەکەوێت.

بەپەلـە خواردنەکـەم تـەواوکردو بـەرەو شـوێنی دەسـت شـردنەکان ڕۆیشـتم، لـەوێ کەسـێك لەتەنیشتمەوە گوتی: مسـتەر رفـاعی بـەدوای منـدا وەرە، ڕوومـان لەدەرگایـەك کـرد بەرانبـەر عەمباری فڕۆکەخانەکە، کەچووینە ژوورەوە دەرگاکەی لـەناوەوە داخسـت، بـەناو عەنبارەکـەدا ڕۆیشتین تا گەیشتینە دەرگاکـەی پشـتەوەی، ماشـێنێك دەرگاکـەی کرابـۆوەو لەگـەڵ دەرگـای عەمبارەکەدا چووتکرابوو، هەر کە سواربووم، زۆر بەخێرایی گەیاندیانمە لای سـەرکردەی هێـزی ئاسمانی ئیسرائیل‌و، لەگەڵیدا کەوتمە قسـە دەربـارەی ڕادارە هیندیـەکان، کـە لـەپێناوی ئـەو مەبەستەدا محی الدين من دەنێرێت بۆ هند.

وتووێژەکـەم لەگـەڵ سـەرکردەی هێـزی ئاسمـانی دەسـتی پێکـرد، گـوتم: وا هەسـتدەکەم (مصر)ییەکان گەیشتونە خاڵێك بواری گەڕانەوەی تێدا نیـە، بیهێنـە بەرچـاوی خـۆت، تەنانـەت بابا(کیرۆلوسی شەشەم) دوو ڕۆژ لەمەوپێش داوای کردووە خاکی پیرۆز لەوانە پاك بکرێتەوە کە مەسـیحیان لەخاچـدا، ئـەوەی لەمزگەوتـەکانیش ڕوودەدات لـەبارەی جیهـادو ڕزگـارکردنی فەلەستین، ئەوە هەر باس ناکرێت! ! لەڕاستیدا جەماوەرەکە شەڕی دەوێت.

بە تاکە ڕستەیەکی پڕ ماناوە گوتی:

(ئەگەر ئەوان شەڕیان دەوێت، ئەوا شەڕیان دەدەینێ)

## ئاهەنگێکی بەجۆش

## 30 ئایاری 1967

واپێویستبوو لەدانیشتنەکەدا بابەتەکان کورت بکەمەوەو بەخێرایی باسیان بکەم، ڕووی قسەکانیشم بەئاراستەی سەرکردەی هێزی ئاسمانی ئیسرائیلی بوو کە لەتەنیشتمەوە دانیشتبوو، ئەو گۆڕانکاریانەم باسکردن کە لەو ڕۆژانەی دواییدا هێزی ئاسمانی (مصر)ی بەخۆیەوە بینیبوون:

بەودواییانە ژمارەیەکی باش فڕۆکەی(تۆپۆلیف 16) گەیشتە دەست (مصر)ییەکان، کە فڕۆکەیەکی بۆمب هاوێژە بۆ مەودایەکی دوور، ئێستا (250)فڕۆکەمان لەوجۆرە هەیە، هەندێکیان لەفڕۆکەخانەی (بنی سویف)و (10)فڕۆکەش لەفڕۆکەخانەی ڕۆژئاوای قاهیرەو، (8)فڕۆکەش لەفڕۆکەخانەی (الاقصر)، چەند فڕۆکەیەکی (سۆخۆی 7)یشمان بەدەست گەیشتووە، بەپێی لێدوانەکانی هێزی ئاسمانی (مصر)ی، ئەو چەند فڕۆکە سۆخۆیە لەهەموو هێزی ئاسمانی ئیسرائیل بالآدەستترن.

لێرەدا سەرکردەی هێزی ئاسمانی بەڕقەوە گوتی: بەلآم بەتوانایی ئەو فڕۆکەیە پشت بەو فڕۆکەوانە دەبەستێت کە لەناویدایە.

کاتەکەم زۆر بەخێرایی تێدەپەڕی، بۆیە وەلآمم نەدایەوەو بەردەوامبووم لەسەر قسەکانم:

بەبەردەوامی فڕۆکەی (میك 21)مان دەگاتە دەست، ئێستا نزیکەی(100)فڕۆکەمان هەیە، ڕۆژانەش ژمارەیەکی زۆرمان بۆ دێت.

پۆلێك لەفڕۆکەکانی (میك 21) لەفڕۆکەخانەی (بیر کفکفا) ڕۆژانە لەئاسمانەوە وێنەی ناوچەکانی باشووری ئیسرائیل دەگرن. بەسەر(النقب) تێدەپەرێت لەبەرزی (60)هەزار پێ، بەخێرایی (2 ماك)، وێنەی هێزەکانی ئیسرائیل دەگرێت.

لەدوێنێوە لەهەموو بنکەو فڕۆکەخانەو دامەزراوە ئاسمانیەکانی (مصر)دا، باری نائاسایی ڕاگەیەنراوە، لەبەرئەوەی (مصر)ییەکان واهەست دەکەن کەئیسرائیل نیازی ئەوەی هەیە هێرشێکی لەپڕ بکات.

لەقسەکردن وەستام، تابزانم دوا ڕستە چ کاریگەرییەکی هەبووە لەسەر سەرکردەی هێزی ئاسمانی ئیسرائیلو بەڕێوەبەری هەوالگری، ڕەنگوڕووی بەڕێوەبەری هەوالگری بەتەواوەتی گۆڕابوو، بەلاًم سەرکردەی هێزی ئاسمانی، تەنها چاوەکانی کردنەوەو، سەرکردەی بالاًش (کەسەرۆکی هەیئەی ئەرکان) بوو، هیچ گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتبوو بەبەردەوامی چاوەکانی لەمن بڕیبوون، منیش بەردەوام بوومو گوتم: ئێوە نیازی ئەوەتانە هێرشێکی لەپڕ بکەنە سەر فڕۆکەخانەکانمان، کەڵك لەوە وەربگرن کە لەباشوورەو بادەنەوە سەرمان، ئێمەش بۆ ئەم مەبەستە ($20$) فڕۆکەی (مێك)مان هێناوە بۆ فڕۆکەخانەی(الغردقە) بەرانبەر (شرم الشیخ)، هەر کە ئێوە گەیشتنە ئەو ناوچەیەو سوڕانەوە بەرەو سینا، ئەو فڕۆکانە دواتان دەکەونو لەگەڵ فڕۆکەکانی فڕۆکەخانەی (الاقصر) لەدواوەوە لێتان دەدەن.

بەردەوامبووم لەسەر قسەکانم:

ئێستا لەفڕۆکەخانی(الغردقە) زیاد لەبیست فڕۆکەی (میك $21$)مان هەیە، لەگەڵ پۆلێك فڕۆکەی (میك $19$)و پۆلێك فڕۆکەی(میك $17$)، بەلاًم لە الاقصر ($20$)فڕۆکەی (میك $21$)ی لێیە، واش دەبینین هێرشەکەتان لەبەرەبەیاندا دەست پێدەکەن، دەوروبەری کاتژمێر پێنج بەکاتی ئیسرائیل، بۆیە ڕۆژانە پۆلێك فڕۆکەی گەڕۆك لەجۆری (میك $21$) بەسەر ناوچەکانی دەلتاو قەناتدا دەخولێنەوە، لەهەمان کاتدا شەش پۆل، واتە($72$) فڕۆکەی (میك$21$) لەڕۆخی ڕێرەوەکاندا لەئامادەباشیدان، چاوەڕێی فەرمانێك دەکەن، بۆئەوەی کە فڕۆکە ئیسرائیلیەکان لەئاسمانی (مصر) دەرکەوتن، بەهێزێکی گەورە وەلاًمیان بدرێتەوە، لەلایەکی تریشەوە فڕۆکەکانی جۆری (تۆپۆلیف)و (الیوشن $28$)مان بردوون بۆ فڕۆکەخانەی (الاقصر)، بۆئەوەی فڕۆکە ئیسرائیلیەکان دەستیان پێیان نەگات، داوی ئەوەش کەفڕۆکە مێكو سۆخۆ کان بەرەنگاری فڕۆکەکانی ئیسرائیل بوونەوە، ئەوسا یەکسەر فڕۆکە (الیوشن)ەکان دەگوازرێنەوە فڕۆکەخانەکانی دەوری قەناتو، لەوێوە هێرش دەکەن بۆ کاولکردنی تەلئەبیب، فڕۆکە تۆپۆلیفەکانیش پێویستیان بەگواستنەوە نیە، چونکە دەتوانێت لە(الاقصر) بفڕێت لەناو ئیسرائیل ئامانجەکانی ببێکێتو بگەڕێتەوە شوێنی خۆشی.

هاوڕێکەشم لیوا (دغیری) سەرکردەی هێزی ئاسمانی بەرەی ڕۆژهەلآت، واتە ناوچەی سینا، ڕێوشوێنی زۆر توندی گرتۆتەبەر بەرانبەر هەموو فرۆکە بۆمب هاوێژەکان، هێرشی شەوانە ئەنجام بدەن دوای ئەوەی کە فڕۆکە شەرکەرەکان ئاسمانی ناوچەکە کۆنترۆڵ دەکەن، ڕۆژی یەکەم بەبۆمبی سوتێنەر گورزەکانمان لەئیسرائیل دەدەین، ڕۆژی دووەمیش دەبێت هەموو فڕۆکەیەك سێ جار هێرش بکات.

جا بێدەنگ بووم، ویستم بزانم ئەوپاروەیان بۆ هەرس دەکرێتو خاڵە لاوازەکانی خۆیان دەدۆزنەوە، بینیم سەرکردەی هێزی ئاسمانی چاوەکانی داخستو بەدەنگێکی گڕ گوتی: باری نائاسایی هەتا چ کاتێك درێژە دەکێشێت؟

گوتم: هەتا دوای کاتژمێر حەوت بەکاتی ئیسرائیل، دوای ئەوە هەموو گروپە گەڕۆکەکان دەگەڕێنەوە بنکەکانیانو، دوای کاتژمێر حەوتو نیو فڕۆکەوانەکان بەرگەکانیان دەگۆڕنو، لەگەڵ بەرپرسی ڕادارەکاندا بڵاوەی لێدەکەن بۆ نان خواردن. سەرکردەی هێزی ئاسمانی گوتی: لەوکاتەدا کێ بەسەر ڕادارەکانەوە دەمێنێتەوە؟

زۆرم گرنگی بەپرسیارەکە نەدا، گوتم: کەس نامێنێتەوە. هەتا نیو کاتژمێر ڕادارەکان دادەخەن، دواتر لەکاتژمێر هەشت بەکاتی ئێوە هەموویان دەگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان، سەرکردەی هێزی ئاسمانی پرسی: بۆ نیو کاتژمێر ڕادارەکان دەوەستێنن؟

گوتم: بەڵێ، منیش سەرەتا باوەڕم نەدەکرد، بەلأم ئەو زانیاریەم لەوسەردانە پشکنینیەدا دەست کەوت کەهەفتەیەك پێش ئێستا بەفەرمانی (زکریا محی الدین) ئەنجاممدا. بەڕێوەبەری هەواڵگری پرسیاری کرد: هەڵوێستی محی الدین چی بوو لەو بارەیەوە؟ وەلآمم دایەوە: من هەموو شتەکانم بە محی الدین ڕانەگەیاند، من تەنها ئەوەم پێڕاگەیاند کە ئەو شیشە ئاسنانەی بۆ ناوکۆنکرێت بەکاردەهێنرێن لەچاککردنەوەی ڕێڕەوەکان لەفڕۆکەخانەکاندا، بەباشی عەمبار نەکراون، چونکە ئەگەر ئێوە فڕۆکەخانەکان بۆمبابارن بکەن، پێویستیمان بەو شیشانە دەبێت بۆ چاککردنەوەی ڕێڕەوەکان، ئەوەشم پێڕاگەیاند کە بەتاڵاییەکی ڕاداری هەیە لەسینا، دەربارەی فڕۆکەخانەی (الماظة)ش توانیم دڵنیای بکەم لەوەی کە فڕۆکەخانەکە بەباشی نۆژەن دەکرێتەوەو، کاروبارەکان بەباشی بەڕێدا دەڕۆن، بەتایبەتی شوێنی چاککردنەوەی فڕۆکەو

ئامێرەکـانو وێسـتگەکانی سـووتەمەنی، لـە فڕۆکەخانـەی ڕۆژئـاوای قـاهیرەش، ئێسـتا پۆلێـك فڕۆکەی تۆپۆلیفو پۆلێك (میك 21)و پۆلێك (مێك 17)و چەند فڕۆکەیەکی بارهەڵگری لێیە.

سـەرۆکی باڵا(سـەرۆکی هەیئـەی ئـەرکان) سـەرنجی منـی دەداو بەپەنجـەکانی لـە مێزەکـەی بەردەمی دەداو گوتی: (لەو هەلومەرجەدا) تۆ دەتوانیت چی بکەیت؟

هەروەك پرسیارەکەی سەرۆکی باڵا، منیش چەند ڕۆژبوو بیرم لەو وەڵامە دەکردەوە، بەدرێژایی ئەوشەوەی کە لەئەستەمبوڵ مامەوەو بەدرێژایی سەردانەکەم بۆ ئێرە، بیرم لەوشتە دەکردەوە کەدەتوانم ئەنجامی بدەم، لەناو مێشکمدا بیروبۆچوونێکی سادەی شـێتانە هـەبوو، وا پێویسـتە بەشێوازێکی کاریگەر بیخەمە بەردەم ئەو لێپرسراوانە، بۆیە گوتم: دەتوانم ئاهەنگێك ساز بکەم.

سەرکردەی باڵا بەسەرسامیو بەڕقەوە گوتی: ئاهەنگ؟

گوتم: بەڵێ، ئاهەنگێك بۆ فڕۆکەوانە (مصـر)ییەکانی فڕۆکـە تیـژڕەوەکان، ئـەو پاڵەوانانـەی کـە بەبێ شەڕ خەویان لەئیسرائیلیەکان تاڵکرد.

(مـن زۆر جـاران بیرۆکـەی لـەوەش خـراپترم خسـتۆتە بەردەسـتی خـەڵکیو پـێم فرۆشـتوون، بەبەردەوامیش ئەو خەڵکانەم هاتوونە بەردەست بۆئەوەی لێم بکڕن).

بـەردەوام بـووم لەسـەر قسـەکانمو گـوتم: ئاهـەنگێکی گـەورە، لەگـەڵ شـەڕابو سـەما، لەگـەڵ ئەکتەرە جوانـەکانی سـینەماو کچـە جوانـەکانی زانکۆ لەباوەشـی فڕۆکەوانـە سەرخۆشـەکاندا، (مصر) (600)فڕۆکەوانی هەیە، بەلای کەمەوە (500)یان دێن بۆ ئاهەنگی سەرکەوتن.

سەرکردەی باڵا گوتی: بۆچی ئاهەنگی سەرکەوتن؟

لەدڵی خۆمدا گوتم: زۆر جوانە، وادیـارە سـەرکردەکان قبـوڵی ئـەوەیان کـرد ئـەو بیرۆکەیـەم لێ بکڕن، پاشان گوتم:

ئاهەنگەکە بۆچیو لەپێناوی چیدا، ئەوەیان دەکەوێتە سەر خۆتان.

فڕۆکەکە بەخێرایی فڕی، فڕۆکەخانەکەمان لەدوای خۆمان جێهێشت، بەسەر ئەو شاخانەدا فڕین کە سوپای ئوردنی تێیدا نیشتەجێ بوو، بەسەر ڕووبـاری ئوردنـدا فـڕێن، پاشـان ڕوومـان کـردە باکووری خۆرهەلات، بەسەر بیابانی سوریادا فڕین لەسـەر ڕێگـەی بیابانەکـە سـوپای زرێپۆشـی

عێراقی دەبینرا، ئیمڕۆ یان بەیانی هەردەبێت بجوولێت بەرەو سنوری ئیسرائیل، بۆئەوەی کۆتێکی ئاسنین لەدەوری ئیسرائیلی ولاَتەکەی من بدەن.

کەوتمەوە بیرکردنەوەی ئاهەنگە گەورەکە، ئەو بیرۆکە سادە شیّتانەیەی کە خستمە بەردەم سەرکردایەتی ولاَتەکەم، ئەوانیش ڕەزامەندییان لەسەردا، تازە دەسەلاَتی منی پێوە نەماوە ناتوانم لێی پەشیمان ببمەوە.

## بەشی دووەم

## بەرەو هیند لەڕێی تەلئەبیبەوە

### 20 ی ئایاری 1967

ئەوپیاوەی جلە ڕەشەکانی لەبەردابوون، دەیزانی وتەکانی تۆماردەکرێن، ئەو دوو پیاوەی لەبەرانبەریشی دانیشتبوون، کەی بیانەوێت دەتوانن جارێکی تر کاسێتەکە دووبارەبکەنەوەو گوێیان لەوتەکانی ببێتەوە.

کاتەکە زۆر بەخێرایی تێدەپەڕی، ئەوپیاوە جل ڕەشەش دەیویست هەموو وتەکانی بە جوانیو بەبوختیو بەخێرایی دەرببڕێت، هەرچەندە زۆریش بەپەلەبوو، بەڵام واپێدەچوو، وشە بەوشە وتەکانی خۆی هەڵدەسەنگاندو، هەوڵی ئەوەی دەدا شتێك لەبیرنەکاتو زیادەڕەویش نەکات لەگەورەکردن یان بچووك کردنەوەی ڕووداوەکان.

ئەوپیاوە دەشیزانی پاشان وتەکانی هەڵسەنگاندیان بۆدەکرێتو بەرانبەرکێیان پێدەکرێت لەگەڵ ئەو هەزاران زانیاریانەی کە لەسەرچاوەکانی ترەوە دەستدەکەون، بۆئەوەی ئەندازەی ڕاستی زانیارییەکان ئاشکرا بکرێت، ئەو زانیاریانە بەشێوەیەکی ئەوەندە وردەکار لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکرا، وەکو ئەوەی بەژێر تیشکی ئێکسدا تێپەڕێندرێت، بۆئەوەی وردەکاریەکانی دیوی ناوەوەشیان دەرکەوێت.

زەعیمیش کە لەلای چەپی ئەوپیاوەوە دانیشتبوو، وا لەقسەکانی دەفکری کەزۆر گرنگن، ئەگەربێتو لەگەڵ ئەو زانیارانەی تردا تێکبکەنەوە کەلەسەرچاوەکانی ترەوە دەستمان کەوتوون، کەمێك بێدەنگ بوو، پاشان ڕووی کردە پیاوە بەرگ ڕەشەکەو بە پرتەپرت کەوتەوە قسەکردن: ... (تۆ گوتت) مەلیکی ئوردن ئیمڕۆ سەردانی (مصر) دەکات....ئەو قسەیەت لەکێ بیست؟

پیاوە جل ڕەشەکەش گوتی: ئەو هەواڵەم لەئەفسەرێکی باڵاکورتی زۆر قەڵەوەوە بیست، ئینجا ئەوپیاوەی کە لەلای ڕاستیەوە دانیشتبوو، گوتی: ئایا جەنەراڵ (عبد المنعم رياض)یش لەگەڵ مەلیکدا دەچێت بۆ ئوردن؟

(زەعیم) زردەخەنەیەکی هاتێ، زەردەخەنەکە تێکەڵەیەك بوو لەڕاستی قسەکانو تالاوی هەواڵە ناخۆشەکە، پیاوە بەرگ ڕەشەکەش لەناودڵی خۆیدا دەیگوت: دیارە زەعیم پێشتر پێشبینی ئەوەی کردووە کە(عبدالمنعم ریاض) لەگەڵ مەلیك بچێت بۆ ئوردن، پێش بینیەکەی ڕاست دەرچوو، بۆیە زەردەخەنەی هاتێ.

پیاوە ڕەشەکە زۆر بابەتی کتوپڕی ئاراستەی زەعیم دەکرد، بەلام زەعیمیشی وا دەناسی کەسێکە بیری ڕوونەو خێرایە لەشیکردنەوەی ڕووداوو پێشهاتەکاندا، زۆر بەزوویی هەست بەقسەکان دەکاتو دەزانێت ڕاستن یان درۆن، زۆر بەخێرایی قسەکان لەبێژینگ دەداتو دەنکە گەنمەکان لەپووشوپەلاشەکە جیادەکاتەوە، بەلام پیاوی دووەم کەکاتژمێرو نیوێکە لەو کۆبوونەوەیەدا دانیشتووە، زۆر گرنگی بە کات نادات، زۆر ئالۆزەو بەباشی لێی تێناگەی، لەدەربڕینەکانی دەموچاویەوە هیچ شتێك ئاشکرا نەدەبوو، پانی دەموچاویو، ڕۆچوونی چاوەکانی بەناو قەپێلکەکانیداو، دەمولێوە گەورەکەی، هەمووئەوانە وایان لێکردبوو وەکو ئەکتەرێکی سینەمایی، نیشانەکانی پیاوەتی پێوە دیاربێت، بەلام تێکەڵبوونی ئەو ڕەوشتانە هەموو بەیەکەوە وای لەو پیاوەکردبوو کەسایەتیەکی جیابێت لەکەسایەتی ئەکتەرێکی سینەما، تەنانەت بەرگە فەرمیەکەی بەریشی زۆر سادەتربوو لەبەرگی ئاسایی.

زەنگی تەلەفۆنەکە لێیدا، زەعیمیش دەسکەکەی بەرزکردەوەو دەنگێك گوتی: پێنج خولەکی تر دەگەمە لاتان، زەعیمیش گوتی: ئەگەر هاتی چەند کوپێكو دەللەیەك قاوەمان بۆبێنە، دەسکی تەلەفۆتەکەی دانایەوەو بەردەوامبوو لەسەر قسەکانی: دوای پێنج خولەکی تر دەگات، ئەوسا ئێمەش شتێك دەخۆینەوە، ڕووی لەپیاوە بەرگ ڕەشەکە کردو گوتی: لەڕاستیدا پێدەچێت تۆ زۆر ماندوو بیت؟ پیاوە بەرگ ڕەشەکەش بەکورتی وەلامیدایەوە: نەخێر زۆر ماندوونیم، بەلام ئارەزووی خواردنەوەی قاوەش دەکەم، (ویستیشی لەونێوانەدا پرسیارێك بکات هەڵوێستێکی ئەو دوو کەسەی بۆ دەرکەوێت)، بۆیە گوتی: دوێنێ فرقەی چواری زرێپۆشی (مصر)ی لەشوێنە دیاریکراوەکەی خۆی جێگیرکرا، ئینجا بێدەنگ بوو بۆئەوەی گوێی لەکاردانەوەی دوو کەسەکەبێت، بەلام دوو کەسەکە ورتەیەکیان لێ نەهاتەدەرەوە، وا پێویست بوو لەبەرچاوی ئەوپیاوە بەرگ ڕەشە هیچ شتێك نەدرکێنن، چونکە هەر کاردانەوەیەکی ئەو دوو سەرکردەیە

لەبـەردەم پیـاوە بـەرگ ڕەشــەکەدا مانـای ئـەوەی دەگەیانـد کـەدەبێت سەرچـاوەی تـری کۆکردنەوەی زانیاریش هەبێت، کەوا پێویستە پیاوە بەرگ ڕەشەکە بەوە نەزانێت.

پیاوەڕەشـەکە پەنجـەی درێـژکرد بـۆ خـاڵێکی دیـاری کـراوی نەخشـەکەی بـەردەمیان‌و گـوتی: ئـەوەتا فرقەکـە لێـرە لـەپاش ئـەو گردانـەوە جێگیربـووە، زەعیمـیش بـە زەردەخەنەیـەکی گوماناویەوە گوتی: (لێرە، لەوشـوێنە؟ بـەڵام ئەوشـوێنە بیابـانێکی ئاوەڵایـە)، ئـەوپیاوەی کـە لەلای ڕاستی بەرگ ڕەشەکەوە دانیشتبوو، بەگرژی‌و دڵڕەقییەوە سـەرنجێکی زەعیمـی دا، جـل ڕەشەکەش وەکـو ڕەشـەبایەك هـەڵیکرد بـۆ ڕزگـارکردنی زەعـیم لـەو هەڵوێسـتە نالـەبارەی کـە تێیکەوتبوو، بۆیە گـوتی: (فیرقـەی چـوار لەوبیابانـەدا فـڕێ نـەدراوە)، لـەو دواییانـەدا شـوێنی پارێزراویان بۆ بنیات نراوەو فڕۆکەخانەیەکی بچووکیشیان بۆ دروستکراوە.

پاشان گوێمان لەلێدانی تەقـەی دەرگاکـەبوو، ئەفسـەرێك بەپلـەی رائیـد هاتـەژوورەوە، لەسـەر مێزەکـە سـینیەکی دانـا، دەللەیـەك قـاوەو چـەند کوپێـك‌و دەفرێـك شـیرو دەفرێـك شـەکری لەسەربوو، لەوکاتەدا بەرگ ڕەشـەکە دەسەسـرێکی لـەگیرفانی دەرهێنـاو سـەری شـۆڕکردەوەو دەسەسـرەکەی بـەدەمی خۆیـەوە گـرت، بۆئـەوەی ئەفسـەرە رائیدەکـە دوموچـاوی نـەبینێت، زەعیمـیش لێـی پرسـی: ئـەوە متمانـەت بەخـەڵکی نیـە؟ ئـەویش سـەری بـەرزکردەوەو ڕووی لەزەعیم کردو گوتی:

چـەند سـاڵانێکی دوور لەئێسـتا، ئـەو بـەرگ ڕەشـە لەقوتابخانەیـەکی کشـتوکاڵیدا دەیخوێنـد، زەعیمیش یاری تۆپی سەرمێزی دەکرد لەقوتابخانەیەکی کشـتوکاڵی تـردا، لـەوڕۆژەوە ڕێبـازی هەردووکیان بەهەمان ئاراستەدا دەڕوات، پاشان زەعیم پەیوەندی کرد بەسوپای بەریتانیـەوە، بەرگ ڕەشەکەش پەیوەنـدی کـرد بەیەکـەی هێـزی مغـاویرەوە، پاشـان زەعـیم بـەرەو ئـەورووپا ڕۆیشت بۆئەوەی لەدەستەیەکی کاروباری ئاوارەکاندا دەست بەکاربێت، لەهەمان کاتیشدا بەرگ ڕەشەکە بەرەو ئۆردوکایەکی ئاوارەکان ڕۆیشت لەسەر سنووری ڕۆژهەلات.

پاشـان بـەرگ ڕەشـەکە شـریتی گێڕانـەوەی بیرەوەریـەکانی خـۆی بچـڕاند، لەگـەڵ دەرپڕینـی زەردەخەنەیەکدا، گوتی: بەهەموو توانای خۆمەوە کاردەکەم بۆئەوەی خـەڵکی متمانـەیان پـێم هەبێت، پاشان قاوەکەی خواردەوەو، دەرکـی بـەوە کـرد کـە ئـەو دوو پیـاوەی لەتەنیشـتیەوە

دانیشـتوون، بەتـەواوی لەمەبەسـتەکانی تێگەیشـتوون، هـەموو قسـەکان تـەنها یـەك مانایـان دەبەخشی کەئـەویش مانـای هەڵگیرسـانی شـەڕبوو، دوژمـن لەهـەموو لایەکـەوە دەورەی داون، باشـترینی هێزەکانیشـی نـاردووە بـۆ بـەرەکانی شـەڕ، بەوشـێوەیە شـەڕەکە گەیشـتۆتە بەردەرگاکانمان، شەڕی ژیانو مردن، پاشان بەرگ ڕەشـەکە بەهێواشـی گـوتی: (مصـر)ییەکان گەیشتونە قۆناغێك کـەهیچ گەڕانـەوەی تێـدا نیـە، دوێنـێ (کیرلۆسـی شەشـەم) گـەورە زانـای کەنیسەی قیبتی لەقاهیرە، وتارێکی خوێندەوەو گوتی: ئێسـتا کـانی ئـەوە هـاتووە فەلەسـتین لەژێردەستی ئەوانە دەربهێنرێت کە مەسیحیان لە خاچ دا.

بەرگ ڕەشەکە بەردەوام بوو لەقسەکانیداو گوتی: بیهێننە بەرچاوی خۆتـان، عەرەبـەکان لـەناو مزگەوتەکانـدا باسـی چـی دەکـەن؟ مـن بـاوەڕم بـەوە نیـە عەرەبـەکان لەوهێرشـەیان پاشـگەز ببنەوە، یەکەمجارە جەماوەری عەرەبی لەمێژووی پڕ لەخەمباری خۆیاندا داوای شەڕ دەکەن.

جا ئەوپیاوەی کەلەسەر کورسـیەکەی دەستەڕاسـتەوە دانیشـبوو، ئـاگر لەچـاوەکانی دەبـاریو موەکـانی قــژی ڕەپ ڕاوەسـتابوون، زۆر بەتونـدی گـوتی: دەیانـەوێت پەلکێشـمانکەن بـۆ شەڕکردن... بەرگ ڕەشەکەش بۆئەوەی گڵپـەو گـری هاوڕێکـەی بنیشـێنێتەوە، بەپێکـەنینێکی ناسکەوە گوتی: دیارە بەباشی بیرت لێکردۆتەوە.

لەوکاتەدا لەدەرگاکەیان داو بەتوندی کردیانەوە، ئەفسەرێك بوو بەپلەی زەعـیم، بـەرگی هێـزی ئاسمانی پۆشیبوو، سلاوێکی سەربازی کـردوو لەڕیزەکـەی لای ڕاسـتی پیـاوە ڕەشـەکە لەسـەر کورسییەك دانیشت، دەستی کـرد بەقسـەکردنو بـەکورتی گـوتی: گوێبیسـتی هەنـدێك زانیـاری تـازەبووین، ژمـارەی سـەربازانی سـوپای (مصـر)ی گەیشـتۆتە (80)هـەزار سـەرباز، بـەرگ ڕەشەکەش بەدەنگێکی هێدی گوتی: (100)هەزار سەرباز، زەعیمەکەی هێـزی ئاسمـانی بـەبێ ئەوەی هیچ حاڵی بێت، تەماشایەکی پیاوە بەرگ ڕەشەکەی کرد، پیاوەڕەشەکەش بەردەوامبوو لەقسەکانیو گوتی، ئەو سوپایەی (مصر) بەلای کەمەوە (800 ـ900) زرێپۆشیش پشتیوانی لێدەکات، فرقەی چواری زرێپۆشیش وەکو هێڵێکی نـوێی بـەرگری لەبـەرەی ناوەڕاسـت جـێگیر کراوە، واش زانراوە ئیمرۆ لەقاهیرە ڕێککەوتێك واژۆ دەکرێت لەگەڵ پاشای ئوردن، زەعیمەکەی هێزی ئاسمانی کەپێش کەمێك هاتەژوورەکەوە، بەبەردەوامی سەرنجی دەدایە بـەرگ ڕەشـەکەو

سەرسامی ئەو زانیاریانەبوو کە باسیان دەکات، بۆیە خۆی بۆلای زەعیمەکەی تر لارکردەوە (بۆئەوەی لێی بپرسێت ئەوپیاوە بەرگ ڕەشە کێیە؟) بەلآم پێش ئەوەی زەعیمە کۆنەکە وەلآمی زەعیمە میوانەکەی بداتەوە، بەرگ ڕەشەکە هاتەوە دووانو گوتی: بەڵێ ئیمڕۆ ڕێککەوتنەکەی نێوانیان مۆر دەکرێت، سەرکردە بالآکەش بەپەنجەکانی لەمێزەکەی ڕاکێشایەوەو بە بەرگ ڕەشەکەی گوت: ئێستا زۆر بەخێرایی هەموو ئەو گۆڕانکاریانەمان بۆ باس بکە کەلای ئێوە ڕوویانداوە، دەربارەی هەرشتێك کەپەیوەندی بەهێزی ئاسمانیەوە هەبێت، ئەگەر پرسیاری تریشمان هەبێت ئەوە بۆکاتێکی تری هەڵدەگرین، بەرگ ڕەشەکەش لەسەر کورسیەکەی خۆی ڕێك کردەوەو بیروهۆشی خۆی خستە گەڕو گوتی:

بەڵێ لەوڕۆژانەی دواییدا(مصر)ییەکان فڕۆکەی بۆمب هاوێژی مەودا دووریان بەدەست گەیشتووە، بەتایبەتیش جۆری(توبولیف 16)، زەعیمەکەی هێزی ئاسمانی پرسیاری کرد: ژمارەیان چەند دەبێت؟ بەرەگ ڕەشەکەش وەلآمیدایەوە: (30)فڕۆکە، هێزی ئاسمانیشمان بەبەردەوام لەپێشکەوتن دایە، هاوڕێی بەڕێزم لیوا(صدقی) دەڵێت: هێزی ئاسمانی (مصر)ی دوو ئەوەندەی هێزی ئاسمانی ئیسرائیلە، هەروەها حەوت فڕۆکەی (سۆخۆی 7)یشمان دەستکەوتوون، (صدقی) پێیوایە ئەو حەوت فڕۆکەیە لەهەموو هێزی ئاسمانی ئیسرائیل بەهێزترن.

زەعیمەکەی هێزی ئاسمانیش بەتوڕەییەوە گوتی: بەلآم باشیی کاری فڕۆکەکان پەیوەندی بە فڕۆکەوانەکانەوە هەیە.

بەرگ ڕەشەکە بەردەوامبوو لەقسەکانیو گوتی: ئێستا (100) فڕۆکەی (میك 21)مان هەیەوە، هی تریشمان بەبەردەوامی دەگاتە دەست، ئەو فڕۆکانە ئێستا وێنەی هێزەکانی ئێوە دەگرن لەناوچەکانی باشووری ئیسرائیل، بەپێی ڕاپۆرتەکانیش وادەردەکەوێت هێزێکی زۆری زرێپۆشتان لەوناوچەیە دانابێت، زەعیمەکەی لای چەپی پیاوە بەرگ ڕەشەکە گوتی: بەڵێ ڕاستە... بەرگ ڕەشەکە بەردوامبوو گوتی: ئەوە ئەو وێنانە وانیشاندەدەن کە لەئاسمانەوە گیراون، ئەوەش مانای ئەوە دەگەیەنێت کەئێوە نیازتان وایە هێرشێکی لەپڕ بکەنە سەر فڕۆکەخانەکانی (مصر)، تۆزێك لەقسەکانی وەستاو سەرنجیدا دەموچاوی ئامادەبووەکان،

هەموویان ڕەق بوون، ئەویش بەدەنگێکی نەرم وەکو هیچی نەبینیبێت، گوتی: بۆیە (مصر) بۆ بەرپەرچ دانەوەی هێرشە چاوەڕوان کراوە لەپڕەکەی ئیسرائیل، (20)فڕۆکەی (میك)ی ناردۆتە فڕۆکەخانەی(الغردقه)، بۆئەوەی ئەگەر لەسەردەریاوە هاتن‌و باتاندایەوە بەرەو سینا، ئەو فڕۆکانە لەدواوە بتان پێکن، زەعیمەکەی هێزی ئاسمانی گوتی: ئەو فڕۆکانە چەندیان(میك 21)ن؟ بەرگ ڕەشەکەش گوتی: زۆربەیان... ئاشکراشە کەهێرشەکەتان لەبەرەبەیاندا دەست پێدەکات، دەوروبەری کاتژمێر پینج بەکاتی ئیسرائیل، بۆیە هەموو بەیانییەك پێش کاتژمێر پێنج کۆمەڵە فڕۆکەیەك بەئاسمانی کەناڵی سوەیس‌و دەلتای نیلدا دەخولێنەوە، لە هەمان کاتدا(72) فڕۆکەی تر لەفڕۆکەخانەکاندا لە ئامادەباشیدان، لەماوەی پێنج خولەکدا دەتوانرێت هێزێك بخرێتە ئاسمانەوە کەس نەتوانێت ڕووبەڕوی ببێتەوە، هەرچۆنێك بێت ئێوە ناتوانن بەسەر ئەو هێزەدا سەرکەون، فڕۆکەکانی(توبولیف 16)و (الیوشن 28) لە فڕۆکەخانەی(الاقصر) فڕۆکە ئیسرائیلیەکان توانای ئەوەیان نیە بگەنە(الاقصر)و بگەڕێنەوە بۆ ئیسرائیل، جا ئەو کاتەی کە بوو بەشەڕی ئاسمانی لەنێوان (میك 21)یەکەکانی (مصر)و فڕۆکەکانی ئیسرائیدا، ئەوا فڕۆکەکانی هێڵی دواوە هەموویان دەهێنرێنە فڕۆکەخانەکانی دەوری کەناڵی سوەیس‌و لەوێوە هێرش دەکەنە سەر تەلئەبیب، لەڕاستیشدا فڕۆکەکانی تۆپۆلیف پێویستییان بەوە نیە بهێنرێنە پێشەوە، چونکە دەتوانن لە(الاقصر)ەوە بفڕن بگەنە قبرص‌و بگەڕێنەوە بۆ(الاقصر) بەبێ ئەوەی پێویستیان بەسووتەمەنی هەبێت.

بێدەنگییەك بەسەر ژوورەکەدا هات، بەرگ ڕەشەکە وای لێکدایەوە کە مێشکی ئەو سێ کەسەی بەرانبەری زۆر بەخێرایی شتە ڕاستەکان تۆماردەکەن، لەهەوڵی ئەوەشدان ژیرانە مامەڵەیان لەگەڵ بکەن، نەخشەکێشی ئەوەش دەکەن چۆن بتوانن بەسەر کێشەکاندا زاڵبن، بەدوای ئەو کون‌و کەلەبەرانەشدا دەگەڕێن کەلەکاتی تەنگانەدا خۆیانی لێوە ڕزگار بکەن.

زەعیمەکەی هێزی ئاسمانی گوتی: تا کاتژمێر چەند بەیانیان باری نائاسایی بەردەوام دەبێت؟ بەرگ ڕەشەکەش وەڵامی دایەوە تا دوای کاتژمێر حەوت بەکاتی ئیسرائیل، هەموو فڕۆکەکان دەگەڕێنەوەو کاتژمێر حەوت‌و نیوی تەواو هەموو فڕۆکەوانەکان بەرگەکانیان گۆڕیوەو دەچن بۆ نان خواردن، دوای نیوکاتژمێر هەموویان دەگەڕێنەوە سەر کارەکانیان.

سەرکردەی بالاّ سەرنجێکی تیـژی دایـە نەخشـەکەی بەردەسـتی، چـاوی بەبیابنەکـەدا دەگێـڕا، وەکو بلّێی دەیەوێت شتێك ئاشکرا بکات، ڕووی کردە پیاوە ڕەشەکەو گوتی:
(لەو هەلومەرجەدا) تۆ دەتوانیت چی بکەیت؟
پیاوە ڕەشەکەش گوتی: دەتوانم ئاهەنگێك ساز بکەم، ئاهەنگێك بۆ فڕۆکەوانـە (مصـر)ییەکانی فڕۆکە تیژڕەوەکان، کەژمارەیان(600)فڕۆکەوانە، ئاهەنگێکی گەورە، لەگـەلّ شـەڕابو سـەما، کە پێچـەوانەی ئـاینی محەمـەد بێـت، ئاهـەنگی سـەرکەوتن لەگـەلّ ئەکتـەرەکانی سـینەماو سەماکەرەکاندا تا بەرەبەیان.
سـەرکردەی بـالاّ سـەرنجێکی نەخشـەی بیابانەکـەی دایـەوەو گـوتی: ئاهـەنگی سـەرکەوتن؟ لەپێناوی چیدا؟
پیـاوە ڕەشـەکەش گـوتی: لـێم دەپرسـی لـەپێناوی چـیدا؟ ئـەوە وەلاّمەکـەی پشـت بـەئێوە دەبەستێ، سـەیرێکی کاتژمێرەکـەی کـردو گـوتی: کاتەکـە درەنگـە فڕۆکەکـە چـیتر چـاوەڕوان ناکات، بەلاّم شتێکی تریش ماوە پێتان بلّێم، من ناتوانم بەو نزیکانە پەیوەندیتان پێـوە بکـەم، چونکە مالّەکەم لەژێر چاودێریدایە، دەستیان کردووە بە پشـکنین لەودەوروبـەرەدا بـەدوای بـێ تەلێکی نادیاردا دەگەڕێن لەو ناچەیەوە پەیوەندی دەکات، منیش بۆماوەیـەك پەیوەندییـەکانم ڕادەگرم، زۆریشم بەلاوە گرنگە لە کاتی سازدانی ئاهەنگەکـە ئاگـادارم بکەنـەوە، ئێـوەش هـیچ چارەسەرێکی ترتان لەدەستدانیە، ئێستا بەڕوونو ئاشـکرا دیـارە تاقـە جاسوسـێك کـەبتوانێت سەرکەوتنتان بۆ مسۆگەر بکات، ئەو جاسوسەتانە کە کارێکی وادەکات ببێتەهۆی ئەوەی هێـزە ئاسمانیەکـەتان زالّبێـت بەسـەر هێـزی ئاسمـانی (مصـر)یدا، جموجۆلّـە سەربازییەکانیشـتان لەباشـووری ئیسـرائیل، لەوانەیـە لیوا(صـدقی) هەلّخەلّـەتێنن، بـەلاّم بەدلّنیاییـەوە منتـان بـۆ هەلّناخەلّـەتێ، مـادام ئەگـەری ئەوەهەیـە کەفڕۆکـە (مصـر)ییەکانو فڕۆکـە ئیسـرلئیلیەکان لەباشوور بەرەنگاری یەکتری ببنەوە، کەواتە ئەو هێرشەی باشوور پێویست ناکات.
زەعیمەکـەی هێـزی ئاسمـانی پرسـیاری لێکـرد: ئـەدی ئەگـەر ئاشـکرابووی ئەنجامەکـە چـۆن دەبێـت؟ بـەرگ ڕەشـەکە گـوتی: دووبـەیانی دوای نیـوەڕۆ، یەکـەم پەیوەنـدیتان پێوەدەکـەم، چاوەڕێی ڕەزامەندیتان دەکـەم بـۆ سـازدانی ئاهەنگەکـە، نیشانەکەشـی (الکـوثر) دەبێـت، جـا

ئەگەر ڕەزامەندیتان نواند، هەر ئەوشەوە ئاهەنگەکە ساز دەکەم، دەنا دوای دەخەم، لەدوای ئەو پەیوەندیەش بە (24)کاتژمێر، جارێکیتر پەیوەندیتان پێوەدەکەمەوە.

جارێکی تریش زەعیمی هێزی ئاسمانی گوتی: بەڵام ئەگەر لەدوا هەنگاو نهێنیەکەت ئاشکرابوو؟ بەرگ ڕەشەکە سەری ڕاوەشاندو ددانەکانی بەدەرخستن، گوتی ئایا هیچ جیاوازییەك دەبینی لەنێوان ددانەکانمدا؟

کاتێکیش کەهەستا بۆ ماڵئاوایی، سەرکردەی باڵا گوتی: هۆی چیە وا دڵنیای لەوەی کە سەردەکەوین؟

جل ڕەشەکە وەڵامیدایەوە:

لەبیرت دێت ساڵی (1939) تۆ لەتیپی تۆپی پێی قوتابخانەیەکی کشتوکاڵی حکومی بوویت؟

سەرکردەی باڵا گوتی لەوانەیە وابووبێت.

جل ڕەشەکە گوتی: هەمان ساڵ منیش لەتیپی تۆپی پێی قوتابخانەیەکی کشتوکاڵی تربووم، دوو تیپەکە یارییان دەکرد، دوو خولەك پێش کۆتایی یاریەکە، تۆ لەبەردەم گۆڵەکەی ئێمە وەستابوویت، تۆپێکی بەرزت لەدوورەوە بۆ هات، هەرچەندە خۆشت بۆهەڵداو کەلەیەکت لێدا، بەڵام بۆئەوی بیکەی بەگۆڵ، بەئەنقەست ئاراستەی تۆپەکەت گۆڕیو، تۆپەکە لەلایەکی دوورەوە چووە ناو گۆڵەکەوە، بەهیچ شێوەیەکیش بواری ئەوەی نەبوو بگەڕێندرێتەوە، من ئەوکاتە لەبەردەمی گۆڵەکەی خۆمان وەستابووم، لەچاوەکانتدا ئەوەم بەدی دەکرد کەتۆ سوریت لەسەر بردنەوە، پەیڕەوی شێوازێکی هەڵخەڵەتاندن دەکەیت کەمن ناتوانم لەبەرامبەرتدا خۆ ڕاگریم، بۆیە دڵنیابووم یاریەکە دەبەیتەوە، جادەزانی کەچووم تۆپەکە بهێنمەوە جەماوەرەکە چیان دەگوت؟ جەماوەرەکە دەیانگوت: ئەو لێدانە سەرکەوتووەتان بینی کە ئەو یاریکەرە زانایە چۆن لێدانێکی لەتۆپەکەدا، بەراستی لێدانێکی سەرکەوتووبوو. پاشان دەستی بۆ درێژکردو ماڵئاوایی لێکرد، لەناو فرۆکە خانەکەشدا بڵندگۆکە هاواری دەکرد گەشتی(320) بۆشاری (بۆمبی) کەبەهۆی گرفتێکەوە دواکەوت، کاتژمێر یازدەو دەخولەك، دوای سێ خولەکی تر دەفڕێت بۆ(بۆمبی). سوپاستان دەکەین.

میوانـەکان خـواردن و خواردنـەوەکانیان تـەواوکرد کـەهێڵی ئاسمـانی تـورکی بـۆی سـازدابوون، هـەموویان بەپەلـەبوون بۆچـوونەناو فڕۆکەکـە، یـەکێکیان ئاکـاری کەسـێکی ڕۆژهـەڵاتی بـوو، بەرگێکی ڕەشی لەبەردابوو، تازە لەژووری دەستشـۆرین هـاتبووە دەرەوە، دوا فـڕی لـەفنجانی قاوەکەداو بەپەلە هەنگاوی دەناو بەرەو فڕۆکەکە دەڕۆیشت.

## کاتە یەکلاکەرەوەکە

## 31ی ئایاری 1967

ئـەو سـەرکردەیەی کـە لەوسـەری مێزەکـەوە دانیشـتبوو، وەکـو ئـەوەی کێشـەیەکی ڕۆژانـە چارەسەر بکات، بەدەنگێکی لەسەرخۆ گـوتی: هـەمووومان دەزانـین، وتوویـژی بڕیـاردان لەسـەر شـتێك، زیـاتر لەئامانجەکـەمان نزیـك دەخاتـەوە، بۆیـە پێویسـتە وریـابین‌و پەلەنەکـەین، ئـەو بڕیارانـەی شـەڕیش کـەئامادەکراون، دەتوانرێـت لەکاتـژمێر 4:30 دوابخـرێن بـۆ 7:15، ئـەو بابەتانەش بابەتی ڕێکخستنن، نابێت ببنەهۆی ئـەوەی کـاتی دیـاریکراوی دەسـتپێکی شـەڕەکە هەڵوەشێتەوە، لەلایەکی تریشەوە بۆ فرۆکەوانەکان واباشترە چەند کاتـژمێرێك پێشـتر بخـەون، ئەوەشیان نابێت هۆکارێکی یاریدەربێت بۆ دواخستنی کاتی دیـاریکراوی دەسـتپێکی شـەڕەکە، جائەگـەر پابەندبوونـە یاسـاییەکان لـە بابەتەکـە بێنینـەدەرێ، تـەنها کێشـە سـەرەکیەکەمان دەمێنێت، کە دەستپێکەکە سەرەتاییەکە لەکام کاتـژمێرەدا ئەنجامـە سـەرەتاییە نایابـەکانمان دەستدەخەن‌و، لە چ کاتژمێرێکدا ئەو ئەنجامە سەرەتاییانە بەباشترین شێوە بەکاربێنین.

ئەو سەرکردەیە چەند هەوڵی دەدا ئارام بێت، بەلاّم شڵەژاوی بەژوورەکەوە دیاربوو، کەچـەندین نەخشـەی ولاّتـانی جـیران لەسـەر دیوارەکـانی هەڵواسـرابوون، لەسـەر ئـەو نەخشـانە بەسـەرە دەمبوسی ڕەنگاوڕەنگ‌و بازنەی گەورەو بچووك، شوێنی فرۆکەخانـەکان‌و یەکـەکانی زرێپـۆش‌و دامەزراوە سەربازییەکان‌و کێڵگەکانی مین، دیاریکرابوون.

ئینجا ئەو زەعیمەی لەتەنیشت سەرکردەی بالاّ دانیشتبوو، دەستی کرد بەقسەو گوتی: من وای بـەباش دەزانم کـاتی دیـاریکراوی دەسـتپێکی هێرشـەکە دوابخرێـت بـۆ 7:15 ، چـونکە چارەنووسی گورزی یەکەم دوای بیست خولـەك دەردەکـەوێت، لێرەدا ئەوهۆکارانـە زۆرگـرنگن کەیارمەتیدەرن بۆ ئەنجامدانی کارێکی لەپڕ، ئەوان لەکاتژمێر پێنجەوە چاوەڕێمان دەکەن هەتا هەشت چارەگێك کەم، شتەکانی تریش هەموویان لاوەکین.

زەعیمی هێزی ئاسمانیش، هاتەوە سەر ئەوقسەیەی کە لەدانیشتنەکەدا کردبـووی‌و گـوتی: مـن پێشتر بیروڕای خۆمم بۆدەربڕین، کەکاتژمێر پێنجی بەیانی گورزی یەکەم دەوەشێنین، کـردەوە سەربازییەکەش لەبنەڕەتدا پشت بەئەنجامدانێکی لەپڕ دەبەستێت، چونکە ئەوان دڵنیان لەوەی

ئێمـە لەوکاتـەدا هێرشـیان بـۆ ناکـەین، هـەروەها کـاتی بەرەبـەیانیش زۆر گونجـاوە بۆلێـدانی گورزەکە، گریمان ئەگەر هەستیشمان پێبکەن ناتوانن لەهەموو بووارەکانـدا ڕێگریمـان لێبکـەن، دوو یان سێ کاتژمێریشمان پێویستە هەتا ئەنجامە سەرتاییەکانی هێرشەکە دەزانین، بۆنموونە: ئەگەر کاتژمێر هەشت هێرشەکەمان دەست پێبکـەین، ئـەوا هـەتا کاتـژمێر دەو یـازدە نـاتوانین فەرمان بەسوپاکەمان بکەین بجوولێت، بەم پێیەش نیوەی ڕۆژەکەمان لەدەست دەچێت.

یەکێکی تریان گوتی: ئێمە فڕۆکەوانەکانی خۆمـان بـاش دەناسـین، وەشـاندنی گورزەکـە لـەبێ ئاگایی ئەواندا گرنگییەکی زۆرگەورەی نیە، گرنگ ئەوەیە ئێمە فڕۆکەخانـەکانیان کـاول بکـەین، منـیش وام پێباشـە هێرشـەکە کاتـژمێر پێنجـی بەربـەیان دەسـت پێبکـات، چـونکە لەوکاتـەدا فڕۆکەوانەکانیان لەناو فڕۆکەکاندان، بەوپێیە فڕۆکەو فڕۆکەوانەکانیش لەناودەبـەینو، تـا چـەند ساڵێکی تر لە(مصر) هێزی ئاسمانی ناکەوێتەوە سەر پـێ، بـەڵام ئەگـەر تـەنها فڕۆکـەکان تێك بشکێنین، ئەگەری ئەوە هەیە بەزووترین کات فڕۆکەی تریان دەستکەوێت.

لەدانیشتنەکان ئەفسەرێك مابوو کە تائێستا بیروبۆچوونی خۆی دەرنەبڕیبوو لەسەر دەستپێکی هێرشەکە، ئەویش بەڕێوەبەری هەواڵگری سەربازی بوو، زەردەخەنەیەکی هاتیو گوتی: من وام پێباشە دەستپێکی هێرشـەکە دواخرێـت، ئـەو ڕاپۆرتـەی کـە دوێنـێش گوێبیسـتی بـووین، ئـەو ڕاسـتیە دەسـەلمێنێت، ئێـوە دەشـزانن کـە ئـەو ڕاپۆرتـە لەکەسـێکی ئیسـرائیلییەوەیە لـەناو (مصر)دا، هـەموو قسەکانیشـی ڕاسـت بـوون بـەپێی ئـەو زانیاریانـەی کـە لامـان بـوون، کاتێك گوێبیستی قسەکانی بووم، وێنەکانم بەڕوونو ئاشکراتر هاتنەبەرچـاو، کەگوتی...فڕۆکەوانـەکان فڕۆکەکان جێدەهێڵنو دەستە دەستە دەچن بۆ نانخواردن، هەمان دیمەنیشم لەبەرچاو دروسـت بـوو لەفڕۆکەخانـەکانی (العـریش)و (بـیر کفکفـا)و (فایـد)و (الاقصـر)، لێـرەدا ئەفسـەرێکی تـر قسـەکانی پێـبڕینو گـوتی: کێشـەکە زۆر ئاسـانە، ئێمـە دڵنیـاین لـەوەی کـەدەتوانین فڕۆکـەو فڕۆکەوانەکان لە یەك کاتدا لەناوبەرین، بیهێننە بەرچاوی خۆتان، (200 یان 300) فڕۆکەوانی تیژڕەو باش ڕاهێنراو لەناوبرێن، لەکاتێدا ئێمە توانای ئەنجامدانی ئـەو کارەمـان هەیـە، لێـرەدا سەرکردەی باڵا گوتی: بەڵام ئەوکردەوەیە چەند فڕۆکەو چـەند فڕۆکـەوانمان لەدەسـت دەدات؟ ئەنجامەکە چۆن دەبێت، ئەگەر چەند فڕۆکەیەکی مێـك دەربازیـان ببێـت لەدەسـتمان؟ ئـەوەش

گونجاوە ڕووبدات، لەکاتێکدا ئەوان لەناو فڕۆکەکانیانـدا ئامـادەن‌و چـاوەڕێی هێرشـەکەی ئێمـە دەکـەن، منـیش ئامـادەنیم فڕۆکـەوانێکی خۆمـان بکـەم بـەقوربانی لـەپێناوی لـەناوبردنی دە فڕۆکـەوانی ئەوانـدا، ئەگـەر ئێمـە بتـوانین فڕۆکـەکانیان تێـك بشـکێنین، واتـە ئێمـە هـەموو هۆکارەکانی سەرکەوتنمان بەدەست هێناوە.

ئارامییەك ژوورەکەی داگرت، هەموویان لەبیرکردنـەوەدابوون دەربـارەی ئـەو بڕیـارە کۆتاییـەی کەوەکو فەرمانێکی ڕاستەوخۆ دەرنەدەکەوت، بەڵام زەعیمەکـەی هێـزی ئاسمـانی وا بەئاسـانی ڕەزامەنـدیی خـۆی نیشـان نـەدا، بۆیـە گـوتی: مـن واتـان دەبیـنم کـە بـاوەڕێکی تـەواوتان بەجاسوسەکەی خۆتان هەیـە لە(مصـر)، بەڕێوەبـەری هـەواڵگری وەڵامیدایـەوە: بـەڵێ بـاوەڕی تەواومان پێی هەیە، لـەماوەی ئـەو (12)سـاڵەی کـە لەوێیـە شـوێن دەسـتی بەتـەواوی دیـارە، هەرگیز زانیارییەکی چەوتیشی نەداوە بەئێمە، هەر شتێکیش کەگومانی لێی هەبووبێت، ئێمـەی لەگومانەکـــەی ئاگادارکردۆتـــەوە، ئەگـــەر زانیارییـــەکی دڵنیاکـــەرەوەمان بۆبنێرێـــت، ئـــەوە بەدڵنیاییەوە زانیاریەکەی ڕاستە، ئەگەر لێکدانەوەی خۆشی بێت، پێشـتر پێمـان ڕادەگەیـەنێت کە ئەوبۆچوونە لێکدانەوەی خۆیەتی.

ئینجا سەرکردەی باڵا هەستایە سەرپێیان‌و لەگەڵ جووڵەیەکی دەستیدا گوتی:

مـن دەزانم(جاسوسـەکەمان لـە مصـر) یەکێکـە لەقوتابیەکانی(فیشـڵ)ی گـەورە، قوتابیـەکانی (فیشڵ)یش هەرگیز هەڵە ناکەن.

هەروەها گوتی: دوای ئەوەی هەموو شتێکمان بۆ ڕوون بۆوە، ئێمە چاوەڕێی چی دەکەین؟ ئایـا دەستەوستان دانیشین چاوەڕێ بکەین هێرشێکی لەپڕمان بۆ بکەن؟

سـەرکردەی هێـزی ئاسمـانی لەهـەوڵی ئـەوەدابوو ناڕەزامەنـدی خـۆی نیشـان بـدات، بـەڵام کەتێگەیشت هەموویان لەسەری کۆکن، ئەویش ڕەزامەندی نیشاندا.

## بەشداریی کردنی سوپای عێراق

## 1 ی حوزەیرانی 1967

هێزە سەربازیەکە بەدرێژایی نێوان ڕێگا سەرەکیەکەو کۆمەڵگای (جوئلیم) دابەشکرابوو، بەلأم سەرکردایەتیەکەی لەدەرەوەی کۆمەڵگاکە جێگیربوو، یەکە سەربازیەکانیش لەناو دارو دەوەنو گیاوگۆڵو دار (سەرو)ەکاندا جێگیرببوون، ئەو دار (سەرو)انە (15)ساڵ پێش ئێستا چێنراون، ئەوکاتەی کە وای پێویست دەکرد ئیشوکار بۆ دەیان هەزار ئاوارەی جوولەکە بدۆزرێتەوە، ئەو ناوچەیەش زۆر باشبوو بۆ سەربازەکان، دەتوانرا کەڵك لەوە وەربگیرێت خۆیانو ماشێنو ئامێرەکانیان لەژێر ئەودارانەدا پەنابدرێنو نادیاربن، هەروەها کەڵك لە لقو پەلە وشکەکانیش وەردەگیرا بۆ ئاوگەرم کردنو ئامادەکردنی خواردنو خواردنەوە، ئەوڕۆژە هەموو سەربازەکان جلەکانی خۆیان شردن، چونکە بەیانی لەهەر چوار سەرباز یەکێکیان پشووی ڕۆژی شەممەی دەستدەکەوێت، ئەو سەربازانەی تریش کە لەسەربازگەکە دەمێننەوە، کەسوکارەکانیان دێن بۆ سەردانیان.

لەناودەستەیەکی تری سەربازەکانیشدا سەرکردەی دەستەکەو دوو یاریدەدەری بەدەستی خۆیان جلەکانیان دەشردنو بەتەنافێکی تەلدا هەڵیان دەواسی، تەنافەکە سەرێکی بەدەبابەیەکی نیمچە ژەنگاوی داپۆشراوەوە بەسترابۆوەو سەرەکەی تریش لە دارێك هاڵێنرابوو، کە لە جل شردنیش دەبوونەوە، چاو قاوەیان ئامادەدەکردو، چاوەڕوانی فەرمانیان دەکرد.

سەرکردەی یەکێك لەگروپەکان ڕووی لەسەربازەکەی کردو گوتی: واپێدەچێت ئیمڕۆ ئاووهەوا زۆر گەرم بێت، باڵتۆکەم دەنێرمەوە بۆماڵەوە نەوەك لێرە تیداچێت، بەیانی دەیدەم بەتۆ بۆم بنێریتەوە بۆماڵەوە.

سەربازەکە گوتی: زۆر باشە، هەر کەگەیشتمەوە شارەکەم، دەچمە ماڵی ئێوە، بەهاوسەرەکەشت دەڵێم ڕۆژی شەممە بێت بۆ سەردانت، دەتوانێت لەگەڵ مێردەکەی(روبین) بێت، چونکە ئەو ماشێنێکی لەدەستدایە هەتا ئێستا سەرکردایەتی سوپا دەستی بەسەردا نەگرتووەو نەیخستۆتە خزمەتی سەربازییەوە.

عەریفێکیش قاوەکەی لەسەر ئاگرەکە داگرتو پاش کەمێگ گێڕایەوە سەر ئاگرەکە بۆئەوەی بەتەواوی تام بداتەوە، ئینجا کەمێکی کردە ناو دوو جامی بچووکەوە کەلەجیاتی فنجانی قاوە بەکاریان دێنا، ئەو عەریفە گوتی: ئومێدەوارم ئەم هەفتەیە دوا هەفتەبێت ئێمە لێرەدا دەمێنینەوە، یان ئەوەتا فەرمانمان پێبکرێت هێرش بکەین، یان بگەڕێینەوە ناوماڵو حاڵی خۆمان، هەتا کەی ئێمە دەتوانین لەو حاڵەدا گوزەران بکەین؟

یەکێك لەسەربازەکان گوتی: قسەم لەگەڵ یاریدەدەرێکی هەواڵگری کردووە، گوتویەتی: لەبەرانبەرمانەوە دوو یەکەی سەربازی هەیە لە خان یونس، واپێدەچێت سەربازەکانیان خەڵکی فەلەستین بن، فەلەستینیەکانیش شارەزاییان لەشەڕ زیاترە وەك لە(مصر)ییەکان، بەلاَم ئێمە دەتوانین بەئاسانی خان یونس داگیر بکەین.

عەریفەکەش بەڕقەوە وەلاَمیدایەوە: کێ گوتویەتی ئێمە دەچینە خان یونس، ئایا ئەوکەسە ئاگاداری هێزەکانی ئێمەیە؟ تۆ هێزی زرێپۆشو تۆپو دەبابەکانمان دەبینیت لەناوچەکەدا بلاَوبوونەوە؟ لەبن هەردارێك زرێپۆشیك یان تۆپێکی لێیە، بەلاَم لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەری ئەوە هەیە بەیانی ئاگادارمان بکەنەوە بگەڕێینەوە ناو ماڵو منداڵەکانمان.

لەوکاتەدا ئەو کچەی کەخرابووە ڕیزی خزمەتی سەربازییەوە بەپلەی جێگری ئەفسەر بەهەڵپەوە گوتی: ئەوە هەوە.. ئەوە داوای پەیوەندینکردنە بەئامێری بێ تەلەکەوە، دوگمەیەکی لەسەر ئامێرەکە جوولاَندو وردە وردە نامەکە گەیشت، دواتر دوگمەکەی گێڕایەوە باری جارانیو سەرنجێکی نیشانەکانی دانو بەئامێری کاغەز بڕەکە پارچە کاغەزی نامەکەی لێکردەوەو دایە دەست جێگری ئەو ئەفسەرەی کە لەدوایەوە وەستابوو، جێگری ئەفسەرەکەش لێکدانەوەی کرد بۆ نیشانەکانو ئەفسەرەکەی خۆی ئاگادارکردەوە کە: ئەو پەیوەندییە بێ تەلە دەیەوێت هەواڵێکی گرنگمان پێبگەیەنێت.

ئەفسەرەکەش بە کچە جێگرەکەی گوت: ئایا لەنامەکەدا بێجگە لەو دوو وشەیە هیچی تر هەبوو؟

کچە یاریدەدەرەکەش گوتی: بەڵێ بە دەستی ئاماژەی بێکرد، وشەیەکی دەستپێکی پەیوەندییەکە هەیە، ئینجا دوو وشەکە، ئینجا وشەیەکی کۆتایی هێنان بەپەیوەندی کردنەکە.

ئینجا کچەکە خۆی ئامادەکرد بۆ وەرگرتنی نامەیەکی تازە، دوای ئەوەی کە نامەکەی بەتەواوی وەرگرتو دایە دەست ئەفسەرەکە، ئامێرەکەی داخستەوە.

ئەفسەرەکەش دوای لێکدانەوە، نامەکەی خوێندەوە نووسرابوو:

دوو پـۆل لەفرۆکـەی (میـک21)و پۆلێـك لەفرۆکـەی (توپولیـف 16) لەحەبانیـەی عێراقـەوە گواسترانەوە بۆ (ئێچ سری)، لەسەر سنووری ئوردن، لە(العریش)و (جبـل لبنـە)و (بـیر ثمـادة)و (کفکفا)، هێزەکان زیاددەکرێن، زرێپۆشی جۆری(تی 55) کە ژمارەیـان نـەزانراوە بـەرەو سـینا بەرێکران. کۆتایی.

## دەست لەبینینان

## 2 ی حوزەیران 1967

کچە یاریدەدەرەکەی سەر ئامێری بێ تەلەکە، گوتی: ئەوە پەیوەندی کردنە، دوگمەیەکی لەسەر ئامێرەکە جوولاند، دەنگێکی زۆر کورت هات، تەنها دوو وشەبوو: (ئاهەنگەکە دواخرا) ، ئینجا ئامێرەکەی کوژاندەوە.

(لەدانیشتنێکی ئەنجومەنی وەزیرانی ئیسرائیلیدا)، لەسەر مێزێکی درێژ (19)کەسی مەدەنی لەلای ڕاستی ژوورەکەوە دانیشتبوون، (11)کەسی سوپا لەلای چەپەوە دانیشتبوون، لەنێوان هەردووك بەرەکەشدا کەسێکی مەدەنی سەرۆکایەتی دانیشتنەکەی دەکرد، لەبەرانبەریەوە، لەسەرەکەی تری مێزەکەوە، کەسێکی سوپا دانیشتبوو، سەرۆکە مەدەنیەکە دەموچاوی زۆر پەشۆکابوو، دەنگیشی زۆر ماندوو دیاربوو، دوای دەستپێکی سەرەتای دانیشتنەکە، دەسەلاتێکی تەواوی دایە ئەفسەرەکەی بەرانبەری کە لەسەرەکەی تری مێزەکەوە دانیشتبوو، ئەویش بەبێ ئەوەی لەشوێنی خۆی بجوولێت، تەماشایەکی خەڵکە مەدەنیەکەی کردو گوتی: بێ گومان هەمووتان ئەوپیاوە دەناسن، بەدەستی ئاماژەی بۆ ئەفسەرێك کرد کەکلاوە سەربازیەکەی لەسەر مێزەکە دانابوو لۆگۆی موخابەراتی پێوەبوو، من وام پێباشە سەرەتا ئەوپیاوە دەربارەی هێزەکانی دوژمن بۆمان بدوێت، کەدەڵێم دوژمنو نەمگوت دوژمنەکان، هەموو زانیاریەکان وا دەگەیەنن کەئیمڕۆ هەموو عەرەب یەکیان گرتووەو وەك یەك دوژمن بەڕووی ئێمە وەستاونەوە.

زەعیمەکەی موخابەراتیش لەشوێنەکەی خۆی هەستا، هەرچەندە بالآشی کورت بوو، بەلآم زەردەخەنە بەردەوامەکەی کە لەلێوەکانی جیانەدەبۆوە، بوونەهۆی ئەوەی وەکو ئەکتەرێك ڕەوشتێکی خۆنواندنی جوان بخاتە ناو هەر وشەیەکەوە کەدەری دەبڕی، پەردەی لەسەر نەخشەیەکی گەورە لادا، زۆر بەدرێژیو بەفراوانی کەوتە شیکردنەوەو باسکردن، وەکو مامۆستایەك قوتابیەکانی تاقیبکاتەوە لە وانەیەکدا کە ماوەیەك پێش ئێستا خوێندوویانە.

گوتی: بەدڵنیاییەوە هێزی سەرەکی دوژمن، لە بەرەی باشووری ئیسرائیل کۆکراوەتەوە، دەربارەی(کەرتی غەززە)ش، ئەوە لەناوەڕاستی مانگی ئایارەوە هێزی زیادی بۆدەهێنرێت،

بەلاَم لەسینا، وەکو لەکۆبوونەوەی ڕابردوودا باسمکرد، ئەوا هێزەکانی دوژمن لەفرقەیەکەوە کراوە بەشەش فرقە، لەگەڵ جێگیربوونی فرقەی چواری زرێپۆشیش، کە بەباشترین فرقەکانی سوپای (مصر) دادەنرێت، ژمارەی سەربازەکانی (مصر) لەوناوچەیەدا دەگاتە(100)هەزار سەربازو، (1000)زرێپۆش، ئێمەش وامان دەزانی ئەوە هەموو توانای دوژمنەکەمانەوە لەوە زیاتر هێزی بۆ کۆناکرێتەوە، بەلاَم بەداخێکی زۆرەوە لە دوو ڕۆژی ڕابردوودا زۆر هەواڵی باوەڕپێکراومان بەدەست گەیشتووە، کە بەبەردەوام یارمەتی سەربازی بۆ (مصر) دەنێررێت، لەوڕۆژانە نوێترین زرێپۆشی روسییان بەدەست گەیشتووە، کە لەهەموو زرێپۆشەکانی ئێمە پێشکەوتوترن، پاشتریش ئەو زرێپۆشانە ڕەوانەی سینا دەکرێن، بەبەردەوامیش فڕۆکەی پێشکەوتوویان بەدەست دەگەن، کە لەڕووی هونەریەوە بەسەر فڕۆکە تازەکانی ئێمەدا زاڵن، بەلاَم وادەردەکەوێت لەو ڕۆژانە مەترسییەکی تریش هاتبێتە ئاراوە، جانازانم ئەو مەترسیە گەورەترە لەمەترسی هێزەکانی سینا یا نا، ئێوە دەزانن لەو ڕۆژانە لیوا(ریاض)ی (مصر)ی بارەگایەکی سەرکردایەتی سوپای لەئوردن داناوە، سوپای ئوردنیشی خراوەتە ژێر دەسەلاَت، بەهەردووك فیرقە شەرکەرەکەیو (200)زرێپۆشیش، ئیمرۆش یەکە سەربازیەکانی عێراق دەگەنە ئوردن، کەبریتییە لەفرقەیەکی پیادەو فرقەیەکی زرێپۆش کە(150) زرێپۆش دەبێت.

ئەوەش مانای ئەوەیە لەبەیانییەوە لەبەرەی ئوردن(350)زرێپۆش هەڕەشەمان لێدەکەن، هەڕەشەکانیش بۆسەر قودسو تەلئەبیبن، زانیاری ئەوەشمان بەدەست گەیشتووە کەڕۆژی یەك شەممە یان دووشەممە زرێپۆشە عێراقییەکان لەڕووباری ئوردن دەپەڕنەوەو هەموویان لەنیوەی دووەمی هەفتەی داهاتوودا لە(کەرتی غەززە) جێگیر دەبن، لەسەروی ئەوەشەوە، یەکە نایابەکانی هێزی ئاسمانی عێراقی لەفڕۆکە شەڕکەرەکانو بۆمباهاوێژە مەودا دوورەکان، گوازراونەوە بۆ فڕۆکەخانەی .......ئەفسەرەکە بەگۆچانە درێژەکەی دەستی شوێنی فڕۆکەخانەکەی بۆ ئامادەبووان نیشان کرد، پاشان دەستی بەقسەکردن کردەوەو گوتی: بەم شێوەیە ئێستا هەموو ناوچەی باکووری ئیسرائیل کەوتۆتە ژێر ڕەحمەتی فڕۆکە جەنگیەکانی عێراقەوە، هەروەها ئیسرائیلیش بەتێکڕایی لەمەودای فڕۆکەی (تۆپۆلیف)دایە.

لێرەدا یەکێك لە مەدەنیەکان پرسیاری کرد، مەودای فڕۆکەی تۆپۆلیف چەندە؟

زەعیمیش وەڵامی دایەوە: (2400)کیلۆمەتر چوونو (2400)کیلۆمەتر گەڕانـەوە، واتـە: ئـەو فڕۆکەیە لەفڕۆکەخانەی (ئیچ سری) عێراقیەوە لەسەر سنووری ئوردن، دەتوانێت بچێت شـاری (ایلات)ی ئیسرائیلی بۆمابا ران بکـاتو بگەڕێتـەوە سـەر فڕۆکەخانەکـەی خـۆیو خولێـك بـداتو بـەبێ ئـەوەی بنیشـێتەوە بۆجـاری دووەم بێتـەوە بۆردومـانی (ایـلات) بکاتـەوەو بگەڕێتـەوە فڕۆکەخانەکەی خۆی، هێشتا پێویستی بەوە نیە سووتەمەنی وەربگرێت.

دوو خاڵی تری زۆر گرنگیش هـەن، هـەواڵمان پێگەیشـتووە کـەهێزەکانی سـعودیە لـە کەنـداوی (ایلات)نزیـك دەبنـەوە، فڕۆکـە (مصـر)ییەکانیش بەسـەر ناوچـەی(النقب) دەخولێنـەوە، لەئاسمانەوە وێنەی هێزەکانمان دەگرن، جا بـەهۆی ئـەوەی کـە ئاگـادارین دوو فرقـەی دوژمـن لەدەوروبەری(الکونتیلا)جێگیر کراون، کەواتە گونجاوە بیرلەوەبکەینەوە کە دوژمـن نیـازی وایـە ناوچەی باشووری (النقـب) داگـیر بکـاتو (ایلات)دابڕێـتو لەگـەڵ هێزەکـانی سـوپای ئـوردنو سعودییە تێك بکەنەوە.

یـەکێك لەمەدەنییـەکان پرسـی: مەبەسـتت لەوەیـە فڕۆکـەکانی (مصـر) بەسـەر خـاکی ئێمـەدا دەخولێنـەوە؟ زەعـیم گـوتی: بـەڵێ، وتارەکـەی تـەواوکردو لەشـوێنەکەی دانیشـتەوە، کەسـە مەدەنیەکـە پرسـیارێکی تـری ئاڕاسـتەکردو گـوتی: لەقسـەکەتدا مەبەسـتت لەوەیـە کـە (مصر)ییەکان بەبێ ترس بۆ گەشتو گوزار دێنەناو ئاسمانی ئێمەوە؟

سەرکردەیەکی تر وەڵامیدایەوە: ئەوان ناتوانن بۆ گەشـتو گـوزار بێنـە ئاسمـانی ئێمـە، بـەڵکو تـەنها بەئاسمانەکەمانـدا تێدەپـەڕن، ئـەی بـەڕێزەکان، ئـەو چـەکانەی لەبەردەسـتی ئەواندایـە لەچـەکەکانی ئێمـە باشـترنو ژمارەشـیان زیـاترەو ڕۆژ لـەدوای ڕۆژیـش لـە زیادبووندایـە، ئەفسەرەکی سوپا کە لەوسـەرەوە دانیشـتبوو، بەنـەرمی دەسـتی کـرد بـە قسـەکردنو گـوتی: لەقسەکانمدا نەمویستووە لەچوارچێوەی تێڕوانینە ڕاستەقینەکانی سوپا دەرچم، ئـەی بـەڕێزان تاقـە ئـەرکی ئێمـە لێـرە ئەوەیـە لەخزمـەتی ئێـوەدابینو زانیاریـەکانتان پێشـکەش بکـەینو، وتووێژیان لـەبارەوە بکـەین، ئـەو ڕاسـتیەش کەئێسـتا ئێمـە لەبەردەمیـدا وەسـتاوین، بریتییـە لەزانینی ئەندازەی هێزی دوژمن لەدووڕۆژی ڕابردوودا، ئێمە وامان لێکـدابۆوە کـە کۆکردنـەوەی هێزەکانیان کۆتایی پێهاتووە، بەڵام پاشان بۆمان دەرکەوت، هێنانی هێز بەردەوامە، بەتایبەتی

بۆناوچـەکانی باشـوورو ناوەڕاسـت، دەربـارەی بـاکوورو بـەرەی سـوریاش، هەرچـەندە ئێسـتا ئارامە، بەڵام دوژمـن هێزێکـی زۆری نایـابی هەیـە لـەو ناوچـەیە، پەیوەنـدی سـوپای عێـراقیش بەوناوچەیەوە هەموو هێزەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوەو مەترسـییەکی گـەورەمان بـۆ دروسـت دەکـەن، ئەگـەر هـەروا بەبێـدەنگی دانیشـین، ئـەوا بوارێـك بـۆ دوژمـن سـازدەکەین، لەهـەموو شـوێنەکاندا هێزەکـانی بـەرەو زیـادبوون بـەرێت، ئەوسـا ڕووبـەڕووی سـوپایەکی سـەربازی دەبینـەوە، پێکهاتەکـەی زیـاتر لـە نیـو ملیـۆن سـەربازو، (2500)زرێپـۆش‌و (1000) فڕۆکـە دەبێت، ئەوەش هێزێکی گەورەی ترسناکە.

## مەشق بە فیشەکی ڕاستەقینە

## 3 ی حوزەیرانی 1967

ترسناکە...ناوچـەی مـانۆڕە سـەربازییەکانە....هاتنەناوەوە بەهـەموو شـێوەیەك قەدەغەیـە... تێپەڕبوون لێرەوە قەدەغەیە، شوێنی تەقەکردنە بەفیشـەکی ڕاسـتەقینە... سەرپێچیکەر سـزا دەدرێت...مەترسی مین هەیـە... وریابە....بەربەسـتێك دروسـتکراوەو نووسـراوە: بوەسـتە بـۆ پشکنین.

هەموو ناوچەکە بە تەل درو دەورەدرابوو، ئەو ڕێڕەوانەی گونجاوبوون هاتوچۆیان پێدا بکرێـت، هەموو داخرابوون‌و مینیان تێدا چـاندرابوو، بەدرێـژایی تەلـە دڕکاویـەکان‌و کێڵگـەکانی مینـیش یەکەی گەڕۆکی پۆلیسی سەربازی، سەر بەهێزی ئاسمانی لەهاتوچوون دابوون.

لەناوجەرگەی ئەوناوچە بیابانیەدا، نزمایيەك هەبوو لەنێوان گردەکاندا، ئاوی دۆڵەکەی تێدەرژا، لەنزیکیـەوە دۆڵەکـە لاربوونەوەیـەکی توونـدی تێـدابوو، لەوێـدا فڕۆکەخانەیـەکی سـەربازی دروسـتکرابوو، باڵەخانـەکانی چـاودێریو سـەرکردایەتی بەبـەری ڕێـڕەوە درێژەکانـەوە دروسـتکرابوون، لـەپاش ئەوانیشـەوە خانووەکـانی نیشـتەجێ بـوون‌و هـۆڵی نـان خواردنەکـەی لێبوو، لەتەنیشت ڕێڕەوە ناوخۆییەکـەی فڕۆکـەکانیش، خانوویـەکی بچـووك دروسـتکرابوو، کـە شـوێنی چارەسـەریە سـەرەتاییەکان بـوو، لـەو ڕێڕەوشـدا کـە بـورجی چـاودێری کردنەکـەی لەسەربوو، ماشێنەکانی ئاگرکوژێنەوە دەوەستان، لەتەنیشت خانوەکانی نیشتەجێ بوونیشەوە سەربازەکان خەریکی دامەزرانـدنی تۆپـە دژە ئاسمانیـەکان بـوون، ئینجـا سـەربازەکان لـەنزیك هۆڵی نانخواردنەکەوە کۆبوونەوە، پاشان ڕیزکـران‌و سـەرژمێرکران، پاشـان دەنگـی فیکەیـەکی بەهێزی ئاگادارکردنەوە بیسترا، هەموو سەربازەکان ڕایانکردە ناو خەندەکەکانی ژێر زەوییەوە، پاش کەمێك دەنگێکی لێدانی فیکەی دووەم بیستراو، ڕاگەیەنـدرا کـە پـاش سـێ خولـەك کـاتی بۆمبابارانی دەست پێدەکات، پێویستە هـەموو لـەناو خەندەکـەکان دابـن، یەکـەکانی هێـزی دژە ئاسمـان لەئامادەباشـی دابـوون دوای سـێ خولـەك ڕووبـەڕووی فڕۆکـەکان ببنـەوە، بەڕاسـتی فڕۆکەخانەکـە جووڵـەی تێـدا نـەمابوو، جـارێکیتر فیکـە بەهێزەکـە لێدرایـەوەو لەبڵندگۆکـەوە ڕاگەیـەنرا کـە دوای دوو خولـەك بۆمبـا بارانەکـە دەسـت پێـدەکات، لـەپڕ فڕۆکـەکانی (فیتـور)

لــەنێوان گردەکانــەوە دەرکــەوتن، دەتگــوت باڵــەکانیان لــەگردەکان دەخشــێن، چــەکەکانی دژەئاسمانیش بەڕوویاندا وەستانەوە، فڕۆکـەی یەکـەم بەبـەرزی بـورجی جـاودێری کردنەکـەوە دەفڕی، پۆمبێکی گرتە ڕێـڕەوی فڕۆکـەکان، تۆپـەکانی دژەئاسمـانیش، ئاسمانیـان لێکردبـوون بەئاگر، پاشان فڕۆکەکە بەرزبۆوە بۆ ئاسمانو فڕۆکـەی دووەمـیش بەهـەمان خێرایـی بـۆمبێکی ئاراستەی هەمان شوێن کردو زۆر بەخێرایی بەرزبۆوە بۆ ئاسمـان، فڕۆکـەی یەکـەم لەوسـەرەوە گەڕایـەوەو بـۆمبێکی تـری وەشـاند،...هەموو شـوێنێکی فڕۆکەخانەکـە ئـاگری لێ هەڵدەسـتا، ماشێنەکانی ئاگرکوژێنەوەش سەرقاڵی کوژاندنەوەی ئاگرەکان بوون، لـەپڕ دوو فڕۆکـەی مـیراج بینران، لەگەڵ ئاسۆدا دەفڕین، بۆئەوەی بۆمبەکانیان لەسەر فڕۆکەخانەکە هەڵدەنـە خـوارەوەو پاشان بەرزببنەوە بۆ ئاسمان، مـانۆڕە جەنگییەکـە کۆتـایی هـات، ماشـێنەکانی فریـاگوزارییش کەوتنە چاککردنەوەی ڕێڕەوەکانی فڕۆکەخانەکە.

## وشە نهێنیەکە

## 3 ی حوزەیرانی 1967

خەڵکەکە بەماشێنە سەربازیەکانیان گەیشتنە شوێنەکە، لەپاش خانوبەرەکانەوە لەگەراجەکاندا ڕادەوەستان، لەپڕ ئەوماشێنانەیان لەوێ گواستنەوە، نەوەك بەهۆیانەوە کارەساتێکی گومانلێکراو ڕووبدات، لەمەیدانەکەشدا کرێکارەکان خەریکی قۆڵت لێدان بوون، لەناو خانووەکەشدا یەك یەك یان دوو دوو بەمەصعەدە بچووکە کارەباییەکەدا دەچوونەخوارێ، بۆئەوەی پارێزراوبن لەکاتی بۆمباراندا، بەفەرمانی سەرۆکی بالآش لەدووکەس زیاتر بۆیان نەبوو بەیەکەوە بەمەصعەدەکەدا بچنە خوارەوە، هەریەکێك لەوانیش جێگرەکەی لەجێگەی خۆی دادەنا کارەکانی بۆ ڕاپەڕێنێت، هەموو ئەوانەی کەدابەزینە ژێرزەمینەکەوە، لەدەوری مێزێکی گەورە کۆببوونەوە، ژمارەیان زیاتر لەبیست کەس دەبوو، بەلآم تەمەنەکانیان لەیەکەوە نزیك بوو، ئەوپیاوانە ئەرکێکی زۆر گەورەیان لەئەستۆدابوو، ئێستاش ئەوە بەتەمەنترین کەس لەناویاندا هاتەژوورەوە، وەکو ڕێزێك بۆ سەرکەوتنی ئەو کۆبوونەوەیە، زۆر توونی دەنواند، هەرچەندە بەتەمەنیشدا چووبوو، بەلآم لەهەموویان گەنجتر دەردەکەوت، هەموو جەستەکەی جوستو جوڵەداربوو، ئەوسەرکردەیە کە لەسەری مێزەکەوە دانیشتبوو، بەچاوێکی هەڵسەنگاندنەوە سەرنجی ئەوپیاوە بەتەمەنەی دەدا.

دوای ئەوەی هەرکەسەو لەشوێنی خۆی دانیشت، سەرکردەکە گوتی: با سەرەتا گوێمان لە دوا ڕاپۆرتەکانی مخابەرات بێت، ئەوسا بڕیارێك دەدەین، نەخشە ڕێگایەکی گونجاو بۆ ناوچەی باشوور دادەڕێژین، داواشمان لێکراوە پلانێکی باش بۆ ناوچەی باشوور دەستەبەر بکەین، پلانێکی کۆتایی، پێش ئەوەش دەمەوێت ئەوشتانەتان پێڕابگەیەنم کەپێویستە لەسەرکردایەتیەکەتاندا پێوەی پابەندبن، لەکاتژمێر دوانزەی ئیمڕۆوەو بۆماوەی چلوهەشت کاتژمێر، نیشانەیەکی نوێتان پێدەرێت بۆ دەستپێکی شەڕ لەباشوور، لەکاتێدا کە دوژمن هەر دەستدرێژییەك بکات، نیشانەکەش ئەوەیە: (سدین ادوم: فەڕشی سوور) لەوکاتەشدا کەمێك دەنگی نزم کردەوە نەوەك کەسێکی نەناسراو گوێبیستی بێت، پاشان فەرمانی کرد زەعیمی هەواڵگری وتارەکەی دەست پێبکات.

بەڕێوەبەری هەواڵگری، هەرچەندە باڵاشی کورت بوو، بەڵام بەقیتی ڕاوەستابوو، دەستی کرد بەپێشکەشکردنی زانیاریەکانی‌و گوتی:

دواهەمین ڕاپۆرتەکان هەموویان واڕادەگەیەنن، کەدوژمن لەناوچەی باشوور هێزەکانی کۆدەکاتەوەو خۆی قایم دەکات، بەتایبەتی ئەوشوێنانەی کەهێزی تازەیان تێدا جێگیر دەکرێت، کۆکردنەوەی هێزەکانیش بەردەوامە هەرچەند لەودواییانەدا لێشاوەکەی کەمتر بۆتەوە، لەوکاتەدا پیاوە پیرەکە پرسیارێکی لێکرد: ئەوهێزانە لەکوێوە دێن؟ زەعیمی هەواڵگریش وەڵامیدایەوە: لەیەمەنەوە، بەبێدەنگی هێزەکانیان لەیەمەنەوە پاشەکشێ دەکەن‌و لەسینا جێگیریان دەکەن، هەتا ئێستاش هێزی بچووك بچووك لە میرنیشینە نەوتیەکانەوە دەگەنە ناوچەکە بۆ بەشداری کردنیان لەجیهاد، وا هەستدەکەم هێڵەکانی پێشەوە بەتەواوی تێرکراون، هەروەها گواستنەوەی هێزەکانیش بۆ باشووری سینا کۆتایی پێهاتووە، بەڵام دەمەوێت شتێکتان پێبڵێم کە ئێمە سەرکەوتووبووین لەئەنجامدانی دەسکەوتێکی گەورە، ئێستا لەوکاتانەدا چەند کەشتییەکی هێزی دەریایی (مصر) کەبریتین لەدوو کەشتی هێرشبەرو شەش کەشتی گەورەی سەربازی، دەیانەوێت لەکەناڵی سوەیسەوە بگەنە دەریای سپی ناوەڕاست، بۆئەوەی ڕێگربن لەبەرانبەر هەر هێرشێك کەبیکەینە سەر (شرم الشیخ)، دەتوانین بڵێین ئێمە لەبەیانیەوە ئەوهێزە دادەبڕێنین، چونکە کاتێك ئێمە هێرشە ئاسمانییەکە دەکەین، ئەوهێزە توانای ئەوەی نابێت لەکەناڵی سوەیسەوە پاشەکشە بکات‌و بگەڕێتەوە ئەوشوێنەی لێوەی هاتووە، چونکە دەکەونە بەر ئاگری فڕۆکەکانمان، بەڕێوەبەری هەواڵگری بەردەوامبوو لەقسەکانی‌و گوتی:

گۆڕینی ئاراستەی ئەوکەشتیانە بەرەو باشوور، ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئەو شێوازی هەڵخەڵەتاندنەی ئێمە پەیڕەویمان کرد، سەرکەوتنی بەدەستهێناو، بووەهۆی لاوازبوونی هێزی دەریایی (مصر) بەڕێژەی 20٪، لەوناوچەیەدا کەئێمە گرنگی پێدەدەین، هەروەها بووە هۆی لاوازکردنی هێزی وشکانی (مصر) بەڕێژەی 20٪، هەروەها بووە هۆی لاوازکردنی هێزی ئاسمانی (مصر) بەڕێژەی 30٪، هەموو ئامادەبووەکان وەکو دەستخۆشی کردنێك سەری خۆیان بۆ لەقاند، وایان هەست دەکرد بەو هەڵخەڵەتاندنە، سەدان سەربازی ئیسرائیلی لەمردن

ڕزگاریان بووەو، سەدان زرێپۆش‌و ئامێرو فڕۆکەش لەتێکشکان دەربازبوون، ئـەم هەواڵـە وەکـو مزگێنییـەکی دڵخۆشـکەری سـەرەتایی وابـوو، بـۆ شکسـتهێنانی هەڕەشـەکانی دوژمـن، ئینجـا بەڕێوەبەری هەواڵگری بەردەوامبوو گوتی: بەلأم لەبەرەی ناوەڕاست لەگەڵ ئوردن، دواکەوتنێك ڕوویداوە لەگواستنەوەی سوپای عێراقی بۆ(بەری ڕۆژئـاوا)، واپێدەچـێت لـەدووڕۆژی داهـاتوودا لەچەند یەکەیەکی پشکنین زیاتر، نەتوانرێت هێزەکانی تر بگەیەنرێنە ئـەو ناوچـەیە، پێشـبینی ئەوەش ناکرێت هێزی زرێپوشی سوپای عێراق پێش ناوەڕاستی هەفتـە بگاتـە بـەرەی ڕۆژئـاوا، دەربـارەی دابینکردنـی خـواردن‌و پێداویسـتیەکانیش ئـەوە لایـەنی ئـوردنی لەئامادەباشـییەکی تەواودایە، ئەوەش کە پەیوەنـدی بەبـەرەکانی جـەنگ‌و ڕێگەوبانـە گونجاوەکـانی گواسـتنەوەی زرێپۆشەکانەوە هەیە بۆ بەرەی ڕۆژئاوا، هەموو ئەوانە ئەگەریان تێدایە، بکرێن یان نەکرێن، ئەو ئەگەرانەش کاتێکی زیادمان پێدەدەن بۆئەوەی هەڵوێستی خۆمان وەربگرین، ئێستاش لەبارەی بـەرەی سـوریاوە دەدوێـین، هەسـت دەکـەین جموجـۆڵێکی سـەربازی بێنەوبـەرە هەیـە، جموجـۆڵێکی سـەربازی بـەرەو بـەرەکانی شـەڕ، لەهـەمان کاتیشـدا جموجـۆڵێکی سـەربازی لەبەرەکانی شەڕەوە بۆ ناوەوەی وڵات، بۆیە کارێکی ئاسـان نییـە بتوانرێـت ئەنـدازەی سـوپای ئەو بەرەیە دیاری بکرێت، زانیاری ئەوەمان هەیە دوو لیـوا تۆکمەکـەی سـوریا لـەنزیك دیمەشـق لەشوێنی خۆیان نەجولاون، بەلأم پێنج لیوایەکەی تری هێزی پیادە، کە هەریەکەیان بـەهێزێکی زرێپۆش پشتیوانی لێدەکرێت، هـەروەکو جـاران دابەشـکراون، سـێ لیـوا لەسـەر سـنوورو، دوو لیـواش لـەنزیك (القنیگـرە)، هێزێکـی تایبـەتی گـورز وەشـێنیش هەیـە، لەچـوار لیـوای پیـادەو لیوایەکی زرێپۆش پێکهاتووە، لەبەرزاییـەکانی سـوریا جـێگیرە، چـاوەڕێی ئـەوەدەکات هێـرش بکاتە سەر خاکی ئیسرائیل، لەڕێگای کۆمەڵگای (مشـمار هیـاردن) بەئاڕاسـتەی شـاری حـەیفا، لەگەڵ ئەو زانیاریانەش کە بۆم باسکردن، هەندێك جموجۆڵی تـری سـەربازی هـەن، بـەلأم تـاکو ئێستا بەتەواوی لێیان دڵنیانین.

دوای کـەمێك، بـەردەوامبوو لەسـەر قسـەکانی‌و گـوتی: تێکـڕا ئیمـڕۆ هـەموو شـتەکان ڕوونـترن لەدوێنێ، چـونکە دواکـەوتنی گەیشـتنی دوو (فرقـە) عێراقیەکـەو، دابڕانـدنی هێزێکـی دەریـایی (مصر) لەوکاتەدا، لەبەرژەوەندی ئێمەدایە، ئینجا دانیشت‌و تێبینی ئەوەی خستەڕوو کەبـەپێی

هەموو ڕاپۆرتە هەواڵگرییەکان، بەرەی سوریا ئاڵۆزترە لەبەرەکانی تری جەنگ، هۆیەکەشی بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە جاسوسەکەی ئیسرائیل لە دیمەشق دەستگیر کرابوو، کەسێکی تریش نەبوو زانیاری لەسەر هێزەکانی سوریا بنێرێت بۆ ئیسرائیل، لەوەش خراپتر ئەوەبوو کە دەستگیرکردنەکە بەهۆی هەڵەیەکەوەبوو کەهەرگیز لێبوردەیی لێناکرێت.
پیاوەکەی ئەوسەری مێزەکە هاتەوە دوان‌و گوتی:
ئێمە ئێستا لەسەرمان پێویستە تەنها باسی بەرەی باشوور بکەین، بەتایبەتیش جەخت لەسەر سینا بکەینەوە، بەڵام دەربارەی(کەرتی غەززە)، ئەوە پلانی خۆمان بەتەواوی داناوەو لەسەری ڕێککەوتووین، دەربارەی سیناش، دوو پلانمان لەبەردەستدایە، پلانی (حەرمیش)و پلانی(بگیش)، پوختەی هەردووك پلانەکەش ئەوەیە لەکاتی هێرشەکەدا لەسێ ئاراستەوە بچینە ناوەوە، هەریەکێك لەو ئاراستانە لەژێر سەرکردایەتییەکی تایبەتی سەربەستدا دەبێت، بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی پلانەکەش، پێتان دەڵێم کە: دوو یەکەی سەربازی زۆر گەورە لە دوو بەرەوە دەستدەکەن بەچوونەناوەوە، هێزی سێیەمیش لەسەرەتادا سەرقاڵی ئەوەدەبێت ئەو کۆسپ‌و تەگەرانە لەسەر ڕێگەی دوو هێزەکەی تر ڕامالێت کە دوژمن دەیانخاتە بەردەم دوو هێزەکە، پاشان هێزی سێیەم هەوڵی ئەوە دەدات ڕێگەکان لە دوژمن بگرێت‌و نەهێڵێت بگەڕێنەوەو هەڵێن، پاشانیش هێرشی بۆبکات‌و تێکی بشکێنێ.
لەوکاتەدا پیاوێك هاتەژوورەوە، ناسراونەبوو لەلای خەڵکەکە، یەکسەر دەستی پێکردو گوتی:
ئێوە دەزانن من وەکو شارەزایەکی سەربازی داوام لێکراوە ڕاپۆرتێك بنووسم دەربارەی کاری دەزگای خزمەنگوزاری لەناو سوپای (مصر)یدا لەکاتی ڕوودانی هێرشێکی سەرانسەر، بەواتایەکی تر: بەئەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم ڕاپۆرتێك پێشکەش بکەم بەپێی ئەو زانیاریە هەواڵگریانەی پێم دراون، گرنگترین خاڵیش لەو بابەتەدا ئەوەیە، ئایا دەزگای فریاگوزاری‌و بەهاناهاتنی سوپای (مصر) لەکاتی هێرشێکی بەرفراواندا بۆسەر ئیسرائیل، توانای ئەوەی هەیە ئەرکەکانی جێبەجێ بکات؟ یان دەتوانێت ئەرکەکانی ئەنجام بدات لەکاتێکدا کە سوپای ئیسرائیل هێرشی بۆدەکات؟ چونکە جیاوازییەکی بنەڕەتی هەیە لەنێوان دوو هێرشەکەدا.

ئەی بەڕێزان، لەژێر تیشکی ئەو زانیاریانەی کە لەئێوەم وەرگرتووە، وا هەستدەکەم زۆری ژمارەی سەربازو زرێپۆشو ئامێرەکانی سوپای (مصر)و، شێوازی جێ گۆڕکێو دابینکردنی خزمەت گوزارییەکانو بەرانبەرکێ کردنی هێزەکانی ئێمە لەگەڵ هێزەکانی ئەوان، هەموویان ڕێگربن لەوەی دوژمن بتوانێت هێرشێکی بەرفراوان ئەنجام بدات.

بێدەنگییەکی تەواو باڵی بەسەر ژوورەکەدا کێشابوو، شارەزا سەربازییەکەش بەردەوام بوو لەقسەکانو گوتی: سوپای (مصر) لەسینا تەنها دەتوانێت لەبەرەیەکی دیاریکراوەوە هێرش بکات، بەلاّم ئەگەر هێرشێکی سەرانسەری بکات، ئەوا بیستوچوار کاتژمێر تەواو ناکات دەکەوێتە گێژاوێکی ئاڵۆزەوە، لەنێوان جووڵەی یەکەکانی دەزگای فریاگوزاریو گواستنەوەی هێزەکانو ناردنی پشتیوانی بۆ بەرەکانی پێشەوە، بۆئەوەی بتوانن پارێزگاری لەپێشڕەوییەکەیان بکەن، بەم پێیە بەهۆی ئەو ئاڵۆزیەوە، بەدوای یەکتریدا دێتو دەڕوات، زرێپۆشەکان سووتەمەنیان ناگاتێو لەکاردەکەون، هەموو یەکەکانی تریش تووشی ئیفلیجی دەبن بەهۆی نەگەیاندنی تەقەمەنیو کەلوپەلی یەدەگەوە، پلەی ئەو ئاڵۆزیەش هەموو پشت بەشێوازی خۆڕاگری ئێمە دەبەستێت، ئەگەر بتوانین بۆماوەی یەك ڕۆژ خۆڕاگربین بەرانبەریان، ئەوا سوپای (مصر)ی تووشی ئیفلیجی دەکەین.

یەکێك لەئامادەبووەکان پرسیاری کرد: هۆیەکانی پەیدابوونی ئەو پشێویو ئاڵۆزیانە چین لەناو سوپای (مصر)دا؟

ئەویش وەلاّمی دایەوە: هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ژمارەیەکی یەکجار زۆری سەربازو ئامێرو ماشێنو لەناو یەکە سەربازیەکاندا، هەروها ژمارەیەکی زۆری چەکی قورسیش بە پێداویستیەکانیانەوە، لەناو سوپای (مصر)دا هەموو شتێك بەزیادەوە هەیە، هەموو شتێك زیادەڕەوی تێدادەکرێت، ناوچەیەکی دیاریکراو لەبەرەکانی جەنگ زیاد لەئەندازەی خۆی دەئاخنرێت، هەندێك شتی تریش کە تائێستا باسمان نەکردوون، کاریگەرییان هەیە لەسەر دروستبوونی ئەو پشێوییە، بۆنموونە کاروباری نۆژەن کردنەوەی ماشێنو ئامێرو چەکە قورسەکان، هەروەها ئاستی ورەی یەکە سەربازیەکانو توانای دەرك کردنو خۆڕاگری، ئەو لایەنانە ناچنە ناو توێژینەوەیەکی وردەکارانە، بەلاّم ئەگەر هەموو ئەوهۆکارانە بەیەکەوە

کۆکەینــەوە، بۆمــان دەردەکــەوێت هــەر هێرشــێکی سەرتاســەری ســوپای (مصــر) لەســینا دەبێتــەهۆی ئــەوەی ســوپاکە لەناوخۆیــدا یــەکتر بخــوات، هۆیــە سەرەکیەکەشــی بۆئــەوە دەگەڕێتەوە کە بەڕێوە بەرایەتییەکی وەها دابین ناکرێت بتوانێت ئـەو ڕێـژە زۆرەی سـەربازو گرفتی ئامێرو چەکە قورسەکان چارەسەر بکات، بەبێ ئەوەی پشت بەشێوازی نـوێی شـەڕکردن ببەستن، لێرەدا ئامادەبووەکان هەموویان بەچاوێکی گوماناوی سـەیری ئـەو پیاوەیـان دەکـرد، لەگەڵ ئەو هەموو تاقیکردنەوەو شارەزاییە فراوانەی کە هەیانبوو، بەلایانەوە ئەستەم بوو باوەڕ بەئەنجامی هەڵسەنگاندنەکای ئەوپیاوە بکەن، وایان دەبینی کـە دوژمـن لـە بیابانێکدا لەچـەند بەرەیەکی لەیەکتر دوورەوە سوپایەکی نوێی سەردەمیانەی کۆکردۆتـەوە، ئـەو سـوپایە هـەموو هۆکارەکانی بالآدەستیو بەدەستهێنانی سەرکەوتنی لەدەست دایە، لەبەرانبەریشـدا هێزەکـانی ئیسرائل تووشی هەڕەشە دەبـن بـەهۆی خڕبوونـەوەیان لەبـەرەی جەنگەکـەدا، بۆیـە پێویسـتە هێرش بکاتە سەر ئەوشوێنانەی کەدوژمن بەباشی خـۆی تێـدا داکوتـاوە، شـارەزا سـەربازییەکە بەردەوامبوو لەقسەکانیو گوتی: دەربارەی خۆڕاگری سوپای (مصر)یش لەبەرانبەر هێرشەکانی ئێمــەدا، گەیشــتومە تاقــە ئــەنجامێك، ئــەویش ئەوەیەکــە هێرشــەکەی لەناوەڕاســتی بــەرەی جەنگەکەوە دەست پێبکاتو تەنها سێ فرقـەی سوپاشـی تێـدا بـەکار بهێنرێـت، گـرنگیش نیـە بەڕووی هەر یەکەیەکی سەربازییەوە هێرشـەکەی بکـات، بـەڵکو گـرنگ ئەوەیـە دوای هێرشـەکە بتوانێت سێ کاتـژمێر لەشـوێنی خۆیـدا بمێنێتـەوە، دوای ئـەوە دەزگـای فریـاگوزاریی سـوپای (مصــر)ی دەکەوێتــە بــارێکی ئــاڵۆزیو تێکوەردانــەوە کــەدوای دوانــزدە کاتــژمێر بەتــەواوی دادەڕوخێت.

جا لێرەدا پرسیارێك سەر هەڵدەدات: ئەگـەر هێرشـێکی ئاوەهامـان ئەنجامـدا، چـی ڕوودەدات؟ ئایا دەتـوانین هێرشـەکە بکـەینو تێیـدا بـەردەوامبین؟ وەڵامەکەشـی ئەوەیـە، بـەڵێ دەتـوانین بۆمـاوەی هەفتەیـەکیش تێیـدا بـەردەوامبین، بـەلآم ئێمـە تـەنها پێویسـتیمان بەبیستوچـوار کاتژمێرە هەتا بەرەی جەنگی (مصر)ی لەبەر یەك هەڵدەوەشێتو لەشـەرێکی سەرتاسـەرییەوە دەبێتە شەڕی چەند یەکەیەکی جیاجیـا، ئەوکاتـەش هـیچ هێزێك نیـە بتوانێـت پێشـڕەویەکانی هێزی زرێپۆشی سوپای ئیسرائیل بوەستێنێ بەرەو کەناڵی سوەیس.

## فەرمانە کۆتاییەکان

## 3 ی حوزەیرانی 1967

کچە سەربازەکە ڕووی لەئەفسەرەکەی کردو گوتی: (ئەو پیاوەی لەدوورەوە پەیوەندیمان پێوە دەکات) دیارە بەیانی زوو خەبەری بۆتەوە، دەیەوێت هەواڵێك بگەیەنێت، تا هەواڵەکەی ئەو دەگات، ئایا من هەواڵەکانی خۆمان بلاْوبکەمەوە؟ ئەفسەرەکەش گوتی: بەڵێ، ئەویش لە بێ تەلەکەوە هەواڵەکەی بلاْوکردەوە کەبریتی بوو لە: (ئاهەنگەکە دواخرا)، دوای کاتژمێر 15:00 پەیوەندی بکە، پەیامەکە کۆتایی هاتو، پاشان ئامێرەکەی داخستەوەو، لەدەنگەکەیەوە وام هەستکرد ئەوکچە ئەمڕۆ زۆر تووڕەیە، دوای پەخشی هەواڵەکە ئامێرەکەی داخستەوەو ڕادەستی ئەو جێگرەی دوای خۆی کرد، ئەوکچە دەیزانی هۆی چیە کەپێیگوتراوە بەپێی توانا پەیوەندی کردنەکان کورت بکاتەوە، لەوەش تێدەگەیشت کە مەترسییەك هەیە لەسەر ئەو کەسەی لەدوورەوە پەیامە درێژەکان دەنێرێت، بەلاْم هەرگیز نەیدەزانی پەیامەکان لەکوێوە دێن‌و ناوەڕۆکەکانیان چی تێدایە، پەیوەندییەك هات جێگرەکە پەیوەندییەکەی شیکردەوەو ڕادەستی ئەفسەرەکەی کرد، ئەویش زەردەخەنەیەکی هاتێ لەکاتێکدا دە ڕۆژبوو دەموچاوی خۆی تێکنابوو، ناوەڕۆکی پەیوەندییەکە بریتی بوو لە: دیمتری ناهێڵێت هێرشەکە بکرێت(.) مۆڵەتی پشووی فڕۆکەوانەکان ڕۆژانی(1 و 2) (.) سەرکردایەتی بالاْ ڕۆژی 2 سەردانی سینا دەکات(.) تەواو، ئەفسەرەکەش نامەکەی خستە ناو زەرفێکەوەو، لەتەنیشتێکیەوە بەخەتێکی سوور نووسی: ( لەوپەڕی نهێنی دایە، بەپەلەیە) دایەدەست نامەبەرێکی سەربازی‌و ڕایسپارد بەدەستی خۆی بیداتە دەست سەرکردەی بالاْ، لە باڵەخانەیەکی نزیك ڕێگاکەشدا، عەریفێکی پلەدوو، لەگرووپی دووەم، کێکێکی لەت لەت کرد، هاوسەرەکەی هێنابووی، بەماشێن لەگەڵ هاوسەرەکەی (روبین) هاتبوو، چایەکانیشی ڕۆکردنە ناو کوپە نووحاسیەکانەوە، چونکە هاوسەرەکەی ڕازی نەبوو چایەکانیان لەو کوپانەدا بخۆنەوە کە لە تەنەکە دروستکرابوون، پاشان بەهاوسەرەکی گوت: کێکێکی بەتامە، ئەوە خۆت دروستتکردووە؟ ئەویش گوتی: دایکم هات بۆ سەردانم‌و ئەو کێکەکەی دروست کرد، من کاتێکی وام بەدەستەوە نیە لەبەر پەروەردەی منداڵەکان، ئینجا خەندەق هەڵکەندن‌و خەم‌و خەفەتیش ئەوە هەر باس ناکرێ،

پیاوەکەی لێی پرسی، خەمو خەفەتی چی؟ بۆچی خەفەتبارن؟ دوای چەندرۆژێکی تر ئێمە دەگەڕێینەوە، ئافرەتەکەش گوتی: هەموو خەڵکەکەی لای ئێمە دەڵێن: شەڕ بەردەرگای پێگرتووینو هەر ڕوودەدات، ئەمجارەشیان زەرەرو زیانێکی زۆری لێدەکەوێتەوە، بەهۆی ئەو فڕۆکەو ئامێرە نوێیانەوە کەڕوسیا داویەتی بەدوژمنەکەمان، پیاوەکە بەتوەڕەییەوە گوتی: ئەوە تۆ چی دەڵێیت؟ خۆزیا چەکەکانی ئێمەت دەدیت، خۆزیا کەبەرێگەکەدا دەهاتیت سەرنجت دەدایە زرێپۆشو تۆپەکانمان، بەڵام بەداخەوە من ڕێگەم پێنەدراوە بۆت باس بکەم، ئێستا واز لەوقسانە بێنە، منداڵەکان چۆنن؟

لەدووری چەند کیلۆمەترێك لەو ژنو مێردەوە، دوو ئەفسەری (فرقە)ی بیستی سوپای فەلەستینی، بەدووربینەکانیان تەماشای کۆمەڵگایەکی ئیسرائیلییان دەکرد لەنزیك سنوورەوە، دووربینەکان ڕوسی بوون، زۆر پێشکەوتووبوون، وێنەکانی بۆ دێنانە بەردەستیان، یەکێکیان بەوەی تریانی گوت: دەستت درێژبکەو ئەو (کچی سەگە) بگرە کە لەناو کۆمەڵگاکەدا بەڕێدا دەڕوات، خۆزیا ڕێگەیان پێدەداین ئێستا پێشڕەویمان کردبایەو ئەوکۆمەڵگایەمان داگیر کردبا، هاوڕێکەشی کەپلەکەی ملازم بوو، گوتی: عەباس ئەوە تۆ باسی چی دەکەی؟ عەباسیش گوتی: نانا باسی هیچ ناکەم ، نە شەڕو نەهیچ، وام لێکدەدایەوە ئەمجارەیان ڕێگەمان دەدەن هێرشیان بۆ بکەین، ملازمەکەش هەناسەیەکی هەڵکێشاو گوتی: ئاخ عەباس، خۆزیا بۆ نیو ڕۆژ ئەوکۆمەڵگایەیان ڕادەست دەکردین.

عەباسیش بە ڕقەوە وەڵامی دایەوە: کوڕە خۆت گێل مەکە، ئەگەر بوو بەشەڕ، سەرەتا دەبێت خوێنی یەکتری بڕێژین، ئینجا دەست بەسەر کچەکانیاندا بگرین، هیچ چارەیان نیە هەتا دوادڵۆپی خوێن لەگەڵمان دەجەنگن، ملازمەکە گوتی: تۆ ڕاستدەکەی، بەڵام دوای شەڕەکە با ڕێگەمان بدەن کەمێك لەگەڵ کچەکانیان ڕابوویرین، یان دەتەوێت ئێمە شەڕەکە بکەینو ناشیرنەکانی بەرەی پشتەوەش دەست بەسەر کچەکانیاندا بگرن، وتوویژەکەیان تەواوبوو، بەڵام بەردەوامبوون لەچاودێریی کردنی ناوچەکە.

ئەوڕۆژە ڕۆژێکی شەممەی زۆر گەرم بوو، ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەوکاتەدا دەکەوتنە بەر تەوژمی بایەکی وشك، بەبای (خماسینی)ناسراوە کە لەباشووری خۆر هەڵاتەوە لەبیابانی

گـەورەوە هەڵـدەكات، گـەرمی ئـەو ڕۆژانــە وا لەســەربازەكان دەكـات بـەبێ تەقــە خۆیـان‌و چەكەكانیان بدەن بەدەستەوە.

نیشانەی پەیوەندی كردنی بێ تەلەكە كەمێك درێژی خایاند، لە ئیسرائیلیشەوە ڕێـو شـوێنەكان دانران بۆ پیاوەكەی قاهیرەو پێی ڕاگەیەنرا: بەیانی ئاهەنگەكـە بگێـڕە، دووبـارەی دەكەمـەوە: بەیانی ئاهەنگەكە بگێڕە.

## پەتی سێدارە

## 3ی حوزەیرانی 1967

واپێدەچوو هەموو ئەوانەی لەوێ ئامادەبوون، لەگەنجەکان بوون، سەرکردەی بالاّ درێژەی بەقسەکانی داو گوتی: ڕۆژی دووشەممەی داهاتوو، کاتژمێر 7:15 هەموو فڕۆکەکانمان دەردەچن بۆ ئەنجامدانی کارێکی خێرا، ئومێدەوارم لەماوەی کاتژمێرێکدا دەستەی پێشڕەو بگەڕێنەوە فڕۆکەخانەکانیان، ئەوسا کاتژمێر 8:20 تەواوی وێنە ئاسمانیەکانمان لەبەردەستدا دەبێت، جا ئەگەر شتێکی چاوەڕوان نەکراو ڕوونەدات، ئەوسا سەرکردایەتی فەرمانی هێرشی وشکانی دەدات بۆ سینا لە سێ قۆڵەوە، لەوماوەیەشدا هێزی ئاسمانی لەهێرشەکانی بەردەوام دەبێت هەتا کاتی نیوەڕۆ، دوای ئەوە ڕاستەوخۆ پەتی سێدارە بۆ هێزی ئاسمانی سوری دادەبەستین، لەدوای کاتژمێر دووی نیوەڕۆشەوە، هێزەکانی زرێپۆشیمان لەپێشڕەویدا دەبن، فڕۆکەکانی هێزی ئاسمانیش پشتیوانیان لێدەکەن.

پرسیارکردن لەهەموو لایەکەوە دەستی پێکرد، پاشان کۆبوونەوەکە هێور بۆوەو سەرکردەی بالاّ سەیرێکی کاتژمێرەکەی کردو گوتی: 24 کاتژمێرمان لەبەردەستدا ماوە، کەدەبێت لەوماوەیەدا لەئارامییەکی تەواو دابین‌و کەس ئەو هەواڵەتان لێوە نەزانێت، پێویستە بێ تەلەکانیش بێدەنگی بنوێنن، تا ئەوکاتەی هێزی زرێپۆش دەست بەهێرشەکەی دەکات، یان نیوکاتژمێر پێشتر، ئەوسا هەموو بێ تەلەکان دەکەونە کارو، چاوەڕێی فەرمانەکان دەکەن، ئەو زانیاریانەش کەپێویستە بگەیەنرێن لەماوەی داخراوی بێ تەلەکاندا، ئەوە لەڕێگەی ڕەوانەکراوەکانی خۆمانەوە دەیانگەیەنین، وای بەباش دەزانم ئیمشەو کۆبوونەوەیەك بەئەفسەرەکان بکەن، پێیان بڵێن: لەتواناماندایە لەدووڕۆژی داهاتوودا، مۆڵەت بدەینە ژمارەیەکی زۆری ئەفسەرەکان، بەلاّم ئەو ئەفسەرانەی کەدوێنێ‌و پێرێ مۆڵەتیان وەرگرتووە، دەبێت لەگەڵ جوولاّنی هێزی زرێپۆشیدا پەیوەندی بە یەکە سەربازیەکانیانەوە بکەنەوە، ئەوانەش کەمۆڵەتیان بۆ ئیمڕۆ ورگرتووەو نەگەڕاونەوە، پێویست بەوە ناکات بەزۆر بهێنرێنەوە، سەرکردەی بالاّ لەقسەکردن وەستا، سەرنجێکی دایە کاتژمێرەکەی‌و گوتی: با شتێکی تریشتان پێبڵێم: سبەینێ بەیانیەکەی هەموو ڕۆژنامەکانی جوولەکە بەیانێکی فەرمی

بڵاودەکەنەوە، کەئێمە چیتر چاوەڕێی هەوڵو تێکۆشانەکانی وڵاتە گەورەکان ناکەین، ئێمە ناتوانین لەچەند هەفتەیەك زیاتر چاوەڕێ بکەین.

لەکەناری دەریاش ژیان زۆر بەئاسایی بەردەوامبوو، لەوشوێنەدا کە خەڵکی جەستەی خۆیان لەبەر تیشکی خۆر هەڵدەخست لە ئەشکەلون(عسقلان)، بەسەدان سەرباز بەماشێنە سەربازیەکانەوە گەیشتبوونە کەنارەکەو جلەکانیان دانابوونو خۆیان دابووە بەر خۆر، کۆمەڵێك ڕۆژنامەنووسی بیانیش کە لەگەشتێکی(النقب) گەڕابوونەوە، داوایان کرد چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو سەربازانە بکەنو، وێنەیان لەگەڵ بگرنو، دەنگەکانیان تۆمار بکەن، ئەوانیش ڕێگەیان پێدان.

لەسەر ڕێگەی (ایلات)یش ئەوە چوارڕۆژە ماشێنە بارهەڵگرە گەورەکان بەلەمەکانیان بارکردوونو لەباکورەوە بەرەو (ایلات) بەنەرمی دەخشێن، بەیانیان لەباکوور دەردەچنو لەگەڵ خۆرئاوابوون دەگەنە (ایلات)، کە دنیا تاریك بوو بەوشەوە بەبەلەمەکانەوە دەگەڕێنەوە باکوور، بەم پێیە ئەوە چوار ڕۆژە ئەو بەلەمانە هاتوچۆیان پێدەکرێت لەنێوان باکوورو (ایلات)دا، ئێستا ئەو دیمەنە هەزەلیە کۆتایی پێهات، کەشتیەکان دابەزێنرانە ناو ئاوی دەریا، لەناوچەیەکی لاچەپ لەپاش بەردە گەورەکانەوە، بەشێوەیەك لە(مصر)ەوە نەدەبینران، بەڵام زۆر ئاشکرا دیاربوون لەبەردەم پاسەوانانی سنووری سعودی.

## نەخشەی هێرشە ئاسمانیەکە

## 3 ی حوزەیرانی 1967

پێش کۆبوونەوەی هاوبەشی ژووری کاروباری جەنگ کەدوای (30)سی کاتژمێری تر دەست پێدەکات، جارێکی تر چوار سەرکردەکە کۆبوونەوەو دوا توێژینەوەیان لەسەر پلانی هێرشکردنەکە ئەنجامدا، سەرۆکی هێزی ئاسمانی کەبەتەواوی ماندوویەتی پێوە دیاربوو، گوتی: کاتژمێر هەشتو پێنج خولەك، کە دەستەی سێیەمی فڕۆکەکانمان هێرش دەکەنە سەر دە فڕۆکەخانەی (مصر)ی، لەوکاتە دەستەی یەکەمی فڕۆکەکانمان گەیشتونەتە سەر نۆ فڕۆکەخانە لە فڕۆکەخانە دوورەکانی (مصر)، فڕۆکەکانی (مصر)یش لەسەر ڕێڕەوەکانی فڕیندا لەچاوەڕێدان، بۆ هەر فڕۆکەخانەیەك لەو فڕۆکەخانە دوورانە، چوار فڕۆکەی ئیسرائیلی دەنێررێت، دوانیان بۆردوومان دەکەنو دوانەکەی تریش بواری ئاسمانیان بۆ دابین دەکەن، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی فڕۆکانەکانی دوژمن کە هەوڵی فڕین دەدەن لەوکاتەدا، پاشان ئەو دوو فڕۆکەیە بەرز دەبنەوەو دەچنە شوێنی دوو فڕۆکە چاودێری کەرەکە، دوو فڕۆکە چاودێری کەرەکەش دادێنەوەو بۆمبابارانی فڕۆکەخانەکە دەکەن، لەوکاتەدا هەموو فڕۆکەوانەکان لەناو فڕۆکەکانیان دان، بەم شێوەیە لەناو فڕۆکەکانیاندا لەناویان دەبەین.

لەوکاتەدا سەرکردەی بالا بەدەنگێکی هێواش گوتی: دوا زانیاریتان چیە دەربارەی فڕۆکەخانەی (الاقصر)؟ لەوباوەڕەدام هەمووومان کۆکین لەسەرئەوەی کە فڕۆکەخانەی(الاقصر) کێشەی سەرەکی ئێمەیە، لەو فڕۆکەخانەیەدا، فڕۆکەی بۆمب هاوێژی لێیە، هەشت دانە لەجۆری (تۆپۆلیف)و، دە دانەش لەجۆری (الیوشن)، هەروەها فڕۆکە شەڕکەرەکانی لێن، هەشت دانە لەجۆری(سۆخۆی)و بیست دانەش(مێك 21)و ژمارەیەکی زۆریش لەجۆری (مێك 17 و مێك 19).

سەرکردەی هێزی ئاسمانی کەوتەوە دووانو گوتی: بۆ بۆردومانی ئەو فڕۆکەخانەیە، چوار فڕۆکەی (میراج)و دوو فڕۆکەی (فیتور) دەنێرین، ئومێدەوارین سووتەمەنی تەواویان پێبێت بۆئەوەی بگەڕێنەوە، فڕۆکە میراجەکان ڕێڕەوەکانی فڕۆکەخانەکە بۆردوومان دەکەنو، دوو فڕۆکە (فیتور)ەکەش (تۆپۆلیف)ەکان تێك دەشکێننو دەگەڕێنەوە، ئومێدەوارم سوتەمەنی

بەشیان بکاتو بگەڕێنەوە بنکەکانیان، ئەگەر سووتەمەنیش بەشی نەکردن، ئەوە ناچاردەبن لەناو ئاوی دەریای سووردا بنیشنەوە، لە (ایلات)یش کەشتیە خێراکان لە ئامادەباشیدان بۆئەوەی فریایان بکەون، واشی دەبینم ئەگەر بتوانین تانکی زیادەی سووتەمەنی لەو فڕۆکانە ببەستین، ئەوا بەئاسانی دەتوانن بگەڕێنەوە بنکەکانیان، فڕۆکە میراجەکان دوای بۆردوومانی ڕێڕەوەکان دەکەونە لێدانی فڕۆکەکانی (مێك 21)و ئەگەر سووتەمەنیشی پێ بمێنێت فڕۆکەکانی تری جۆری(میك)ش تێك دەشکێنێت، بەڵام هێرش ناکاتە سەر فڕۆکە(الیوشن)ەکان، چونکە مانەوەیان بەبێ فڕۆکە شەڕکەرەکان، هیچ مەترسییەکی نابێت، ئینجا فڕۆکە میراجەکان دوای فڕۆکە( فیتور)ەکان دەگەڕێنەوەو لە دەوروبەری فڕۆکەخانەی(الغردقە) پارێزگارییان لێدەکەن لەهەر دەستدرێژییەکی ئاسمانی، پێویستە فڕۆکەکانی(فیتور)یش خۆیان لەشەڕە فڕۆکە دووربگرن، چونکە سووتەمەنیەکەی بەش ناکات.

هێرشی سەر فڕۆکەخانەی (الغردقە)ش چەند خولەکێك پێش هێرشەکەی(الاقصر) دەستپێدەکات، پاشان دوو کۆمەڵ فڕۆکە دەنێردرێن، هەر کۆمەڵەی لەچوار فڕۆکەی (میراج) پێکدێن، کە کۆمەڵەی یەکەم فڕێن، پاش دەخولەك کۆمەڵەی دووەم دەست بەفڕین دەکەن.

لێرەدا سەرکردەی باڵا هاتە دوانو گوتی: وابزانم ئێوە هەڵەن، ئێوە ژمارەیەکی زیاتر لەو فڕۆکانە دەنێرن کەئێمە لەسەریان ڕێککەوتووین، چەند فڕۆکەمان دەمێنێ بۆ پارێزگاری کردنی ئاسمانی وڵات؟

سەرکردەی هێزی ئاسمانیش وەڵامیدایەوە: پلانەکە یەکجار تۆکمە نیە، (12)فڕۆکەی میراجمان دەمێنن بۆ پارێزگاریکردنی ئاسمانی وڵات، کە باشترینی فڕۆکەوانەکانمان سەرکردایەتیان دەکەن.

سەرکردەی باڵا هاتەوە دوانو گوتی: ئێمە بڕیارمان دابوو، هەشت فڕۆکە پارێزگاری ئاسمان بکەنو هەشتی تریش لەفڕۆکەخانەکە لەئامادەباشی دابن، ئەوەش کەمترین ژمارەیە کەلەسەری ڕێککەوتووین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر هێرشێکی دوژمن.

سەرکردەی هێزی ئاسمانی وەڵامیدایەوە: ئێمە پێویستیمان بەفڕۆکەی زیاتر هەیە، بەڵام پلانەکەمان وا داناوە، فڕۆکەکانی دەستەی یەکەم دوای فڕینی دەستەی کۆتایی بەکاتێکی کەم

دەگەڕێنەوە بنکەکانیان، بۆیە لەماوەی پێنج تـا شـەش خولەکدا کۆمەڵـە پۆلێـك لەفڕۆکـەکان، دەگەڕێنەوە خاکی نیشتیمان، (بەوەش مەترسی پاراستنی ئاسمانی وڵاتمان نامێنێ).

بەڕێوەبەری هەواڵگری هاتە دوانو گوتی: ئێوە ئەو هەواڵە چۆن لێکدەدەنەوە کە لـە قـاهیرەوە پێمان گەیشتووە؟ مـن بـاوەڕ بـەوە ناکـەم سـوپای (مصـر) لـەو هەلومەرجـەدا مۆڵـەتی پشـوو وەرگــرتن بداتـــە ئەفســـەرەکانی، ئـــەوە هـــەواڵێکی درۆیـــە، دەربـــارەی ئـــەو ســـەردانەش کەسەرکردایەتی (مصر) دەیکات بۆ سینا ڕۆژی دووشەممە، ئەوەشیان درۆو هەڵخەڵەتاندنە، من وای دەبیـنم نـەدەبوو جاسوسـەکەمان لـەقاهیرە کـاتی دەسـتپێکی هێرشـەکەی زانیبـا، پێـنج کاتـژمێر پـێش ئـەوەی ئێمـە ئاگـاداری بکەینـەوە بـەیانی ئاهەنگەکـەی دەسـت پێبکـات، ئـەو لەقاهیرەوە ئەو هەواڵە دۆریانـەی سـەرەوەی بـۆ نـاردین، منـیش لەتاقیکردنـەوەکانی خۆمـەوە فێری ئەوەبووم کە شتەکان لەبارە سروشتیەکەیاندا ئاسانتر دەردەکەون وەکو لەوەی بەخەیاڵ بیریان لێدەکرێتەوە، بیرەوەریەکی خۆش دەبوو ئەگـەر جاسوسـەکەمان هەنـدێك زانیـاری تـری بۆناردباین لەسەر ڕاستی سەردانەکەی سەرکردایەتی (مصر) بـۆ سـینا، ئەوسـا بەکردەوەیـەکی لەپڕی سەربازی هەموویانم لەناودەبرد.

ســـەرکردەی بـــاڵاش پرســـیارێکی لێکـــردو گـــوتی: بۆچـــی لـــەناویان دەبـــەیت؟ بـــەهۆی جاسوسەکەمانەوە ئەگەر بتوانیت کـاتو شـوێنی سـەردانەکەی سـینات دەسـکەوێت، ئـەوا ئـەو فڕۆکەخانەیەمان وێران دەکرد کە لێی دەنیشتنەوە، ئەوسا بەناچاری لەفڕۆکەکەیاندا لـەئاسمان دەخولانـەوە، بـەبێ ئـەوەی بـزانن چـیان بەسـەردێت، توانـای ئەوەشـیان نابێـت لەئاسمانـەوە فەرمانەکانیان دەرکەن، جا ئەگەر ئـەو هـەنگاوە جێبـەجێ بکرێـت، وەکـو ئەوەوایـە دیاریـەکی گەورە پێشکەش سەربازەکانمان بکەین لەسەرەتای هێرشەکەماندا.

بەڕێوەبەری هەواڵگری گوتی: بەپێی ڕێککەوتنی نێوانمان، جاسوسەکەمان دوای ئەوەی پەیامی سازدانی ئاهەنگەکەی پێدەدرێت، جارێکی تـر پەیوەنـدیمان پێـوە ناکاتـەوە، هەرچـەندە ئێمـە بەیانیو دووبەیانیش لەکاتژمێر شەش بۆحەوت چاوەڕوانی دەکەین، ئەو لەبارێکی زۆر ترسناكو ناهەموار دایە، بەهۆی ماشێنە ڕادارە ڕوسیەکانەوە چاودێری دەکرێتو، گوێبیستی هەواڵـەکانی

دەبن، تاقە هۆیەکیش کەناتوانن شوێنەکەی دیاری بکەن، بوونی جموجۆڵێکی ئاڵۆزی لەرەلەری بێ تەلەکانی سەفارتخانەی ڕوسیایە کە لەو دەوروبەردەدایە.

سەرکردەی هێزی ئاسمانی گوتی: من باوەڕم بەو ئاهەنگە نیە، سازدانی ئاهەنگێك بۆ چەند فڕۆکەوانێك دەبێت چ کاریگەرییەکی هەبێت؟

بەڕێوەبەری هەواڵگریش گوتی: (مصر) زیاتر لە (600) فڕۆکەوانی فڕۆکەی نەفاسەی هەیە؟ ئەگەر هەندێکیشیان لەمۆڵەتی پشوودابن، ئەوانەی تریان بەشداری ئاهەنگەکە دەکەن، جا کاتێك کە دەخۆنو دەخۆنەوەو ڕادەبووێرن، بۆ بەیانیش کاریگەری سەرخۆشیەکەیان لەسەر دەمێنێت، بۆیە توانایەکی بەهێزیان نابێت لەئاست فڕۆکەوانە ئیسرائیلیەکان، لەکاتی دەستپێکی هێرشەکەداو لەکاتی ڕوودانی شەڕە فڕۆکە لەنێوانیاندا.

سەرکردەی هێزی ئاسمانی گوتی: ئەوجۆرە فڕۆکەوانانە خوا بۆئەوە دایناون ببن بەجاسوس، ئێمە لەوجۆرە فڕۆکەوانەمان نین ئاوەها خۆیان سەرخۆشکەن ئاگایان لەئەرکەکەیان نەمێنێت.

لەوکاتەدا سەرکردەی بالا سەرنجێکی کاتژمێرەکەی دا، هەرسێك میلی کاتژمێرەکە لەسەریەك جووت ببوون، بەم پێیەی ڕۆژی 3 ی مانگ تێپەڕیو کەوتینە ڕۆژی 4 ی حوزەیرانی 1967.

دەنگێك هات، گوتی: لەشوێنی خۆت بوەستە؟ ئەفسەرێك بوو سەربازێکی دەنگ دا، دەمانچەکەی دەرهێناو گوتی تۆ کێیت؟

سەربازەکەش گوتی: من سەربازێکی دەستەی (762)م، ئیمڕۆ لەمۆڵەتێکی کورتدابووین لە (ئەشکەلۆن)، بەڵام لەهاوڕێکانم دابڕام، وەکو دەبینی هەتائێستا (15)کیلۆمەترم بەپێ بڕیوە.

ئەفسەرەکە گوتی: دەی وەرە سەرکەوە ناو ماشێنەکە، سەربازگەکەت لەکوێیە؟

سەربازەکەش گوتی: لەنزیك کۆمەڵگای (جولئیم)، بەرانبەر خان یونس.

ئەفسەرەکەش گوتی: جا نیازت وابوو لێرەوە بۆئەوێ بەپێ بڕۆیت؟

ئەفسەرەکە بە لێخوڕی ماشێنەکەی گوت: کەمێك پەلەبکاتو ئاراستەکەی بگۆڕێت بۆ ئەوەی سەربازەکە بگەیەننەوە شوێنەکەی، سەربازەکەش بەگاڵتەوە گوتی: گەورەم ئایا تۆ وات بیردەکردەوە من وا بەئاسانی خۆم لەهاوڕێکانم دادەبڕێنم لە(النقب)؟ گەورەم تۆ نازانی چ هێزێکی گەورە لەبەرانبەرمان کۆکراوەتەوە لەخان یونس.

## بەرەی ڕۆژهەلأت

## سوریاو ئوردن

## 4 ی حوزەیرانی 1967

کچە سەربازەکە ئامێرەکەی داخستەوەو گوتی: ئیمڕۆ هیچ هەواڵێك نیە، لەبەر خۆیەوە دەیگوت: دەبێت جاسوسەکەمان لە(مصر) چی بەسەر هاتبێت؟ وا پێویست بوو پەیوەندیمان پێوە بکات، بەلأم پەیوەندی نەکرد، لەبەرخۆیەوە دەیگوت: دەبێت ئەو پیاوە نەناسراوە کێبێت پەیوەندیمان پێوەدەکات؟ هیچی لەبارەیەوە نازانرێت، تەنها چەند نیشانەکانی پەیوەندی بێ تەل نەبێت، لەشوێنێکی نەزانراوەوە بەخش دەکرێن، دەیزانی پەیامەکانی لەسەرخۆو ڕێكوپێکن، بەلأم لەوڕۆژانەی دواییشدا گۆڕانیان بەسەردا هاتووەو، پەلەپەلو شێواویان تێدا دەبینرێت، ئایا گونجاوە دەستگیر کرابێتو ناچارکرابێت وەکو جاران پەیامەکانی بنێرێت، دەبێت کێ هەبێت ئاگاداری بکاتەوەو هۆشداری بداتێ بۆئەوەی لەمەترسی دەستگیرکردن دوورکەوێتەوە؟

فەرماندرا بەداخستنی ڕێگەی گواستنەوەی نەوتی عێراقی کە بەسوریادا تێدەپەڕی بەرەودەریای سپی ناوەڕاست، بۆماوەی دووڕۆژ بەرووی جموجۆڵی ماشێنە سەربازیەکانی دەوروبەرەکە، بەپێی پلانێك کاروانێکی گەورەی سوپای عێراقی بەوڕێگایەدا دەستی کرد بەجووڵە لەخۆرهەلأتەوە بۆ خۆرئاوا، ڕێگایەکی ناخۆش بوو کاروانەکە کەمێك دەڕۆیشتو پاشان دەوەستا، لیوای زرێپۆشی(3) لەکاتی شەودا توانی (150) کیلۆمەتر بەرەوپێش بڕوات، ڕێگاکە ڕێگایەکی بەئێشو ژان بوو، زۆر لەماشێنەکان خۆیان لەیەکتری ڕادەکێشا، هەندێکیشیان لەتەنیشت ڕێگاکە تێکچووبوون، ماشێنە گەورەکان کەتانکەکانیان لەسەر پشتی خۆیان بارکردبوو، خۆیان بەماشێنە بچووکەکاندا دەدا، شۆفێرەکان زۆر ماندووبوون، بۆیاریدەدەری شۆفێرەکانیش کارێکی قورس بوو ماشێنێك لێبخوڕن لەناوەڕاستی کاروانێکدا بەبەردەوام دەوەستاو دەجوولأ، کەخۆیو بارەکەی سەرپشتی نزیکەی (50)تەن دەبوو، لەیەکێك لەنشێویەکانی نزیك سنوری ئوردن، ئەو ماشێنانە زرێپۆشی ڕوسی جۆری(تی 34)ی بەسەر پشتەوەبوو، فشارێکی زۆریان دەکەوتەسەرو توانای خۆگیرسانەوەیان نەبوو، بۆیە

خۆیان بەیەکتردا دەکێشاو کارەساتی ناخۆشی لێ دەکەوتەوەو، زۆرجاران دەبووە هۆی ئـەوەی ڕێگەکە بۆماوەیەك دابخرێتو، زۆرینەی سەربازەکانیش کەڵکیان لەو ڕێگە داخستنە وەردەگـرت وەکو کاتێك بۆ پشوودان، تائەوکاتەی ماشێنە تێکشاوەکان لەسەر ڕێگاکە دوور دەخرانەوە.

لەبارەی ئەوکارەساتەی لەناو ڕێگەکەوە ڕوویدابوو، بروسکەیەك گەیشـتە سـەرکردەی هێزەکـە، کە لەئوردن چاوەڕێی گەیشتنی سـوپاکەی دەکـرد، ئـەویش فـەرمانی بەیاریـدەدەرەکانی کـرد، پێویستە هێزەکە دەست بەجووڵە بکاتەوەو نەوەستێت ئەگـەر لـە هـەر پێـنج ماشـێنیش تـەنها یەکێکیان بەسەلامەتی بگاتە ئوردن.

ئەولیوایـە سـێ ڕۆژبـوو لەشـاخەکانی کوردسـتانەوە بـەڕێوەبوو، لـە هێزەکـەی تـری (فرقە)کـە دابڕابوو کە لەدەوروبەری زەرقا جێگیربوو، وا پێویست بوو ئەو لیوایـە لـەڕێی (عمـان ــ اریحـا) بگاتە شوێنی دیاریکراوی خـۆیو یارمـەتی دەربێـت بـۆ داگیرکردنـی قـودس، لیوایـەکی تـریش، وابڕیاربوو بەرەو نابلس بەڕێ بکەوێت، بۆئەوەی لەیەك کاتدا ببێتە هەڕەشە بۆسـەر تەلئـەبیبو حەیفا، واش بڕیاربوو لیوای سـێیەم لەدەوروبـەری عمـان جـێگیر بێـت، نـەوەك مـەلیکی ئـوردن پەشیمان ببێتەوەو ڕێککەوتنێك لەگەڵ دوژمن وازۆکات.

بـەڵام دوای سـێ ڕۆژ ڕێگـە بـڕین، ئـەوهێزە نـەیتوانی بگاتـە شـوێنە دیاریکراوەکـانی خـۆی، ڕێگەوبانەکان زۆر خراپ بوون، ڕێکخستنەکانی ناو سوپا لەدەسەڵاتی سـەرەوەڕا شکسـت بـوو، یەکەکانی خزمەتگوزاری لەبارێکی خراپدابوون، سەربازەکان ورەیان دابـەزیبوو، بـەهۆی شـەڕی چەند ساڵەیان لەگەڵ کوردەکاندا، هەموو ئەو هۆکارانە ڕووبەڕووی سوپای عێراقی ببوونەوە.

سەرکردەی لیواکە بەیاریدەدەرەکەی خۆی گوت: ئەگەر بەخۆتو بەلیواکـەوە لەشـوێنی بەیـەك گەیشـتنی بۆڕیـە نەوتـەکان ئامادەنـەبیت، ئـەوا بـەدەرکراوی ڕەوانـەی بەغـدات دەکەمـەوە، یاریدەدەرەکـەش سـڵاوێکی سـەربازی بـۆکردو بـانگی ئەفسـەرێکی ئاسایشـی سـوپای کـرد کـە بەخۆیو هێزەکەیەوە لەسەر سنوور چاوەڕێیان دەکرد، هەردووکیان بەیەکـەوە هاتنـە نـاوەوە، لەوکاتەدا بەهۆی پەیوەندییەکی بێ تەلەوە سەرکردەی لیواکە ئاگادار کرایەوە کـە سـەرکردەی گشتی سوپا دەیەوێت ببینێت.

لەشـاری (العفولـە)ی ئیسـرائیلیش، کـە کەوتۆتـە نـاو دەشـتی (مـرج ابـن عـامر)، جاسوسـێك لەبەرگێکی ئیسرائیلیدا دەسوڕایەوەو باشیش بەزمانی عیبری قسەی دەکرد، پرسیاری لەهەموو کەسـێك دەکـرد دەربـارەی شـوێنی لیـوای زرێپۆشـی (سـەنتوری) کەهەفتەیـەك پـێش ئێسـتا گەیشـتوونە ئـەو ناوچـەیە، زۆر مانـدوو دیـاربوو، پیریـەتی لەتاڵـە مووەکـانی ڕیشـیەوە سـەری هەڵدابوو، چاوەکانی سوور داگەڕابوون‌و لە سەرو سیمایدا هیلاکی‌و ماندووبوونی پێوە دیـاربوو، پۆلیسێك لێی نزیك کەوتەوەو لێی پرسی: بەڕێزەکـەم دەتـوانی ناسـنامەکەتم بـدەیتێ؟ ئـەویش بەزەردەخەنەیەکی بێزارییەوە گوتی: من هیچ ناسنامەیەکم پێ نیە.

پۆلیسـەکەش گـوتی: بەیارمـەتیت دەبێـت لەگەڵمـدا بێیـت بـۆ بنکـەی پـۆلیس، تکایـە هـەوڵی دروستکردنی کێشەو گرفت مەدە، بۆزیاتر ئاسوودە بوونیش دەمانچەکەی دەرهێناو، پیاوەکەی بەرەو بنکەی پۆلیس برد.

لەناو بنکەی پۆلیسەکەی (العفولە)، ئەفسەرێك بەپلەی سەرۆك دانیشتبوو، هـەر کـە پیاوەکـەی بینی، بەپۆلیسەکە پێکەنی‌و گوتی: ئەوە جاسـوس نیـە، ئـەوە هاونیشـتیمانییەکی ئیسـرائیلە، دوێنێ لەبەریتانیا گەڕاوەتەوە، دەیەوێت پەیوەندی بە یەکـە سـەربازیەکەی خۆیـەوە بکاتـەوە، ئەفسەرەکە لەپیاوەکە نزیك بۆوەو گوتی، لەڕاستیدا نـاتوانم شـوێنی هێزەکانمـان دەستنیشـان بکەم، بەڵام یەکە سـەربازیەکەی تـۆ لەناوچـەی (تعنـك) جـێگیرە، لـەنێوان کۆمـەڵگای (فـدیا)و (برۆخیم)، لەوێ دارستانێك هەیە لەنزیك سەرچاوەی ئاوەکەوە، بەڵام بەکەسیش مـەڵێ کـە مـن ئەو زانیاریەم پێداویت.

پیاوەکە سوپاسی ئەفسەرەکەی کردو بەسەرسوڕمانەوە گوتی: جا من چـۆن دەتـوانم بگەمـەوە شوێنەکەی خۆم؟ خۆ پارەیەکم پێنەماوە، لەلەندەنەوە هاتووم هەموو پارەکانم خەرج کردوون، باشیش بزانە من یاریدەدەری سەردەستەی زرێپۆشەکانی (سنتوریون)م، لە ئینگلتەرە خوێندنم تەواوکردووە.

ئەفسەرەکە زەردەخەنەیەکی هاتی‌و گـوتی: وەرە، هەرچـەندە قەدەغەشـە مـن ئێـرە جێهـێڵم، بەڵام بەماشێنەکەم دەتگەیەنم، دەشمەوێت بزانم تۆ چۆن لە ئینگلتەرەوە گەیشتویەوە ئێـرەو، لێرەش هاوڕێکانت چۆن پێشوازیت لێدەکەن.

ئەفسەرەکە شتێکی ڕادەستی جێگرەکەی کردو، کلیلەکانی دەرهێنـانو سـواری ماشـێنەکەبوو، شۆفێرەکەش ماشێنەکەی خستەڕێ، ئەوپیاوە لەڕێگا بەئەفسەرەکەی گـوت: دەمـەوێت بزانیـت چـۆن بـەبێ پـارە گەیشـتومەوە ئیسـرائیل، کـە لـە بـەریتانیا سـواری فڕۆکەکـەبووم، گـوتم مـن دەچمەوە بۆ ئیسرائیل، هیچ پارەشم پێنیە، چیتان لەدەستدێت بیکەن، من لەفڕۆکەکـە ناچـمە خوارەوە.

ئەوپیاوە بەدرێژایی ڕێگاکە سـەرنجی دەدایـە ئەودەشـتانەی لەبـەردەمی ڕاخرابـوون، کـە هـەتا بناری شـاخەکانی (جنین) درێژدەبوونـەوە، لـەوێ لـەناو دارسـتانێکدا، لـەنزیك سەرچـاوەیەکی ئـاوەوە، بنکەیـەکی سـەربازی لێیـە، شـوێنی یەکـە سـەربازیەکەی نیشـان دەدات، بـیری لـەوە دەکـردەوە کەچـۆن لەوکاتـەدا کـە ئـەو لـەوێ نیـە، سـەربازەکانی خۆیـان هەڵـدەدەن بۆنـاو زرێپۆشەکانەوە، زۆر بەپەلەبوو بۆیە بەشۆفێرەکەی گوت:

بەیارمـەتیت کـەمێك خێراییەکـەت زیادبکـە، لەوانەیـە ئێسـتا ئـەوان ئامـادەبن بـۆ جووڵـەکردن، دەترسێم لێیان دواکەوم، ئەفسەرەکەش بەسەرسوڕمانەوە سەرنجێکی شۆفێرەکەیداو، بەلایەوە سەیربوو داواکاری پیاوەکەی جێ بەجێ کردو، تینی دایە ماشێنەکەو لەکاتی گونجاودا گەیشتنە شوێنەکە.

## جاسوسێك لەناو سوپای ئوردن

## 4 ی حوزەیرانی 1967

لەناوچەی قودس دۆڵێکی گەورە هەیە، لەئوردنەوە درێژدەبێتەوە بۆناو خاکی ئیسرائیل، لەسەر ئەو دۆڵەوە کۆشکێك بەرزکراوەتەوە، پێش ساڵانێکی زۆر (مەندوبی سامی بەریتانیا) تێیدا نیشتەجێ بوو، ئیمڕۆش کۆشکەکە وەکو بارەگایەکی چاودێرانی نەتەوە یەکگرتووەکان بەکاردەهێنرێت، لەدامێنی ئەو کۆشکەوە گوندێکی عەرەب نیشین هەیە، زۆربەی باخی میوەیەو، خانووەکانی لەیەکەوە دوورن،و، هەتا قوڵایی دۆڵەکە درێژدەبێتەوە، لەنێوان دارودرەختی ئەو بێستانەدا، ئەفسەرێك بەبەرگی سوپای ئوردنی زۆر بەترسەوە دەهاتو دەچوو، دەمانچەکەی لەدەستێکی دابوو، بەدەستەکەی تریشی دووربینەکەی هەڵگرتبوو، لەناوچە قەدەغەکراوەکەی نێوان ئوردن،و ئیسرائیلدا، لەبەری شەقامەکە نزیك دەبۆوە، جاروبار دەگەڕایەوەو ڕووی لەبێستانێکی تر دەکرد، پاشان بەرەو کێڵگەیەکی ڕووتەن ڕۆیشت کە بەدارستانێکی بچووك کۆتایی دەهات لەناو خاکی ئیسرائیلدا، ئەفسەرە ئوردنیەکە پلەی (ملازم)ی هەبوو، سمێڵەکەی چڕو گەورەبوو، ڕەنگیشی ئەسمەربوو، زۆر بەخێرایی لەناوچەی مەترسیداردا جووڵەی دەکرد، بەناو کێڵگەیەکدا تێدەپەڕی گومانی ئەوەی لێدەکرد کە (مین)ڕێژکراو بێت، پاشان گەیشتە تەلە دڕکاوییەکانی سەر سنوور، لەناوەڕاستی دارستانە ئیسرائیلیەکەوە گوێی لەدەنگی خرمەخرمی ڕاکێشانی چەکێك بوو، دەستەکانی بەرزکردنەوەو بەئینگلیزی گوتی: (دونت شوت: تەقەمەکە).

سەربازێکی ئیسرائیلی لەخەندەکێکی ناو دارستانەکە، چەکەکەی بەئاراستەی ئەفسەرە ئوردنیەکە ڕاگرتبوو، داوای لێکرد دەمانچەکەی بخاتە سەرزەوی، بەڵام ئەوەندە لێك نزیك ببونەوە، ئەفسەرە ئوردنیەکە بەزمانی عیبری بەگوێیدا چرپاندو گوتی: خەسارەتێکی زۆر گەورەیە ئەودەمانچەیە فڕێ بدەم، لێمگەڕێ تەلەدڕکاوییەکان ببڕم، ئەوسا دەمانچەکەت دەدەمێ بۆ خۆت، سەربازەکە ڕێگەی بەئەفسەرکەدا تەلە دڕکاوییەکان ببڕێت،و، دەمانچەکەی لەدەست دەرهێناو هێنایە ناو دارستانەکەوە، دەستەکانی پێ هێنانە خوارەوەو گوتی: تۆ چیدەکەیت لێرە؟ ئەفسەرە ئوردنیەکەش گوتی: من تەنها لەگەڵ ئەفسەرێکدا قسە دەکەم،

بۆیە بمبە بۆلای ئەفسەرەکەت، لەناودارەکاندا یاریدەدەری ئەفسەرێك هاتـەدەرەوە، زۆر قەڵـەو بوو، گوتی: من ئەفسەری ئەو سەربازەم، کێشەکەت چیە؟ ئەفسـەرە ئوردنیەکـەش گـوتی: مـن تـەنها لەگـەڵ ئەفسـەردا قسـە دەکـەم، یاریدەدەرەکـەش ڕووی چـەکەکەی تێکـردو دایـە پـێش خۆیو پێی گوت، دەتبینم لەزمانی عیبری تێدەگەی، بەهێواشی بەڕێدا بڕۆ، هەر هەوڵێك بـدەی فیشـەکێکت لێ سـارد دەکەمـەوە، سەربازەکانیشـی ڕاسـپارد بگەڕێنـەوە شـوێنەکەی خۆیـان، بۆخۆشی بەدوای ئەفسەرە ئوردنیەکـەوەبوو هـەتا گەیاندیـە نوسـینگەی ئەفسـەری هـەواڵگری، لەوێ دایانیشاندو قاوەیان بۆ هێناو دەسـتی کـرد بـە قسـەکردن، ڕسـتەکانی کـورتو ڕێكوپێـك بوون:

هێزێکی عێراقی لەبەشـە کۆنەکـەی شـاری قـودس دەبینرێـت، کەبریتیـە لەژمارەیـەك ئەفسـەرو هێزێکی پشکنین، فرقەی دوازدەی پیادەی سوپای عێراق دوێنێ بەفڕۆکە گەیەنرانە دەوروبەری عەممان، فرقەی دووی زرێپۆش گەیشتە (الزرقاء)، بەڵام ڕووبەرووی زۆر گرفتـی گـەورە بۆتـەوە لەبواری دابەشبوونو خۆڕێکخستنیان، توانای ئەوەی نیە لەڕووباری ئوردن بپەڕێتەوە، لەوانەیە بەیانی چەند یەکەیەکی بچووکی هێزی پیادەی عێراقی بگاتە کـەرتی ڕۆژئـاوا، دوو ڕۆژی تـریش چەند لیوایـەك بەتـەواوی ڕەوانـەی ئـەوێ دەکرێن، لـە بەشـەکۆنەکەی شاری قـودس دەنگـۆی ئەوەهەیە کە هێزی زرێپۆشـی عێراقـی نـەیتوانیوە ڕووبـاری ئـوردن ببڕێـتو پـێش چوارشـەممە ناگاتە کەرتی ڕۆژئاوا، لیوایەکی زرێپۆشی عێراقیش هەڵدەستێت بەپاراستنی قودس، لیوایـەکی تریش بەرەو نابلس دەجووڵێنرێت، واپێدەچێت لیـوای سـێیەمیش لەشـوێنی خـۆی بمێنێتـەوە، لەدەوروبەری عەممان وەکو هێزێکی یەدەگو، فشارێکیش بێت لەسەر مـەلیك نـەتوانێت لەگـەڵ دوژمـن ڕێککـەوێت، یـەك فرقـە هێـزی پیـادەش بەرانبـەر ناوچـەی( نـەتانیا)و (کفـر سـایا) بڵاودەکرێتەوە بۆئەوەی ئیسرائیل بکات بە دوو پارچەوە.

ئەفسەرەکەی هەواڵگری ئیسرائیلیش لێی پرسی:

هەڵوێستی خەڵکی ئوردن چۆن دەبێت کاتێك کە شەڕ دەست پێدەکات؟ ئایا ئـوردن بەشـداری دەکات، یان ئارامی خۆی دەپارێزێت؟

ئەفسەرە ئوردنیەکە گوتی: هەر کە شەڕ دەستی پێکرد دژی (مصر) یان سوریا، سوپای ئوردنی ڕاستەخۆ دەچێتە ناو شەڕەکەوە، تەنانەت ئەگەر مەلیکیش نەیەوێت بەشداری بکات، ئەوا سەرکردایەتی سوپا گوێ بەفەرمانەکەی نادات، ئێستاش کەسێکی (مصر)ی سەرکردایەتی سوپای ئوردنی دەکاتو دوو دەستەی هێزی بروسکی (مصر)ی لەدەوروبەری قودس جێگیرن، ئەفسەرە ئیسرائیلیەکە گوتی: ئایا ئەو دوو دەستە (مصر)ییە لە قودسن؟ جاسوسەکە گوتی نەخێر، ئەو دوو دەستەیە لە ناوچەکەی بەرانبەر (تۆرۆن)ن، هەر کە شەر هەڵگیرسا، دەچنە ناو ئیسرائیلەوە، ڕێگەی نێوان قودسو (الرملە) دەبڕنو فڕۆکەخانەی (اللد) وێران دەکەن، هێرشیش دەکەنە سەر کاروانە سەربازیەکانو شێواوییەك بەرپا دەکەن.

ئەفسەرە ئیسرائیلیەکە پرسی: ئایا بەڕاستی ئەو هێزە وەکو بروسکی ڕاستەقینە وان؟ جاسوسەکە بەشێوازێکی نائاسایی سەری لەقاندو گوتی: نەخێر دوای سەد ساڵی تریش نابنە هێزی بروسکی ڕاستەقینە، لەپشێوییەکی کەم زیاتر هیچیان پێناکرێت، هەرچەندە دانیشتوانەکە وەکو پاڵەوانەکانی ناو چیرۆکی(الف لیلە ولیلە) تەماشایان دەکەن، بەلاّم دەستەیەکی هێزی پەڕەشوتی ئیسرائیلی بەسە بۆ لەناوبردنیان.

ئەفسەرە ئیسرائیلیەکە پرسی: ئایا (فرقە)ی پیادە پشتیوانی هێزی زرێپۆشی دەستدەکەوێت بۆ هێرشکردنی سەر ناوچەی نەتانیا؟

جاسوسەکە گوتی: باوەڕناکەم، چونکە فرقەکە هێزێکی تۆپو زرێپۆشی خۆی لەگەڵدایە، تانك و تۆپە قورسەکانیش لەناوچەی نابلسو چیاکانی قودس کۆدەکرێنەوە، ئەوسا تانکەکان دەتوانن بچنە ناو شاری (الخضیرا) یان بەرەو حەیفا بجوولێن، بەلاّم تانکەکانی دەوری قودس، بەرەی سەرەکی (خلیل ــ رام الله) دەپارێزن، کە شەڕیش داگیرسا، شاری قودس دادەبڕن.

ئەفسەرە ئیسرائیلیەکە پرسیاری کرد: بەپێی تێڕوانینی تۆ، هێزەکانی سوپای عێراق کەی دەگەنە شوێنە دیاریکراوەکانی خۆیان؟

جاسوسەکەش وەلاّمی دایەوە: زۆربەی خەڵکی وای دەبینن دوای دوو ڕۆژی تر ئەو هێزانە دەگەنە شوێنی خۆیان، بەلاّم من وای دەبینم چوار یان پێنج ڕۆژی پێویستە،

عێراق هێزێکی گـەورەی هێنـاوەو چەکەکانیشـی نـوێن، دەشـڵێن هـەموو یەکـە سـەربازییەکانی عێراق بەهەمان شێوە چەکدار کـراون، سـەربازەکان چـەکێکی هێرشـکردنیان لەدەسـتدایە، زۆر ترسناکەو بەرێز فیشەکەکانی دەهاوێت. هەر کە سوپای عێراقی گەیشـتە لای ئێمـە دۆسـتایەتی لەگەڵ سـەربازەکانیان پەیـدا دەکـەمو هـەموو زانیارییـەکیان لەسـەر کۆدەکەمـەوەو ڕادەسـتی ئێوەی دەکەم.

ئەفسەرەکەی هەواڵگری دوا پرسیاری کردو گوتی: ئایا ناکرێت یەك ڕۆژ لێرە بمێنیتـەوە پاشـان بگەڕێیتەوە؟

جاسوسەکە سەرنجێکی ئەفسەرەکەی هەواڵگری داو گوتی: سـەر ئـەنجام بڕیارتـان دا، (هێـرش بکەنە سەر ئوردنو پێویست نەکات من بگەڕێمەوە وڵاتەکەم؟).

## چەکی فەلەستینیەکان
## 4 ی حوزەیرانی 1967

نەیاندەویست بۆ کەمێکیش سەرکردەی بەرەی جەنگەکە سەرقاڵ بکەن، بۆیە سەرکردایەتی باڵا لەجیاتی ئەوەی لەدوای بنێرن، بۆخۆیان چوون بۆ سەردانی، لەدەروازەی شارەکەدا کوڕان‌و کچان ماشێنەکانیان پێڕادەگرتن‌و بابۆڵەی خواردنیان پێشکەش دەکردن، یەکێك لەکچەکان بابۆڵەیەکی بەدەستەوەبوو، بانگی سەربازێکی کردو، گوتی ئەی سەرباز، ئەو بابۆڵەیە بگرە.

کچەکەی هاوڕێی لەتەنیشتیەوە پێیگوت: ئەوە سەرباز نیە، بەڵکو ئەفسەرێکی باڵایە.

جا هەردووك کچەکە سەیری پلەسەربازیەکەی سەرشانی ئەفسەرەکەیان کردو، یەکێکیان گوتی: ئایا بەڕاستی تۆ پلەکەت (زەعیم)ە؟

ئەفسەرەکەش بەزەردەخەنەیەکەوە گوتی: نەخێر پلەکەم (لیوا)یە، بەلاّم (لیوا)ش هەر سەربازە.

لەوکاتەدا کچەکە لێوی ژێرەوەی خۆی کرۆشت‌و گوتی: کەواتە تۆ سەرکردەی دەستەی ئەرکانی، لەجیاتی بابۆڵەیەك پێویستە سێ بابۆڵەت بدەینێ، ئێمەش لێرە لیژنەی دڵخۆشکردنی سەربازەکانین لەشاری (الرملە)، ئەو بابۆلاّنە بگرەو شەرم مەکە، لەو ڕێگە دوورە پێویستیت پێیان دەبێت، ماشێنەکەش وردە وردە ڕێگەکەی گرتەبەر بەرەو سەربازگەکە.

سەرکردەی ئەو بەرەیە، هەرچەند خزمەتێکی دورودرێژی سەربازی هەبوو، بەلاّم نیشانە سەربازیەکانی بەسەر بەرۆکیەوە نەبوون، کەهەموو سەرکردەیەکی شەڕکەر ئەونیشانانە بەبەرۆکی خۆیەوە هەڵدەواسێت، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا لەوانەیە بیەوێت ئیمڕۆ لێهاتوییەکەی خۆی وەکو سەرکردەیەکی تۆکمە بەدەرخات.

سەرکردەی بەرەی شەڕەکە گوتی: بەیانی عێراقیەکان دەست دەکەن بەپەڕینەوە لەڕووباری ئوردن، دوو بەیانیش هەموو لیواکان بەتەواوی دەپەڕنەوە، هەر خولەکێك دواکەوتن، گورزێکی گوشندەمان لێدەدات، لەبەرانبەریشدا سەربازەکانی دوژمن زیاد دەکات‌و ڕێژەی قوربانیەکان بەرزدەبێتەوە لەنێوانماندا، بۆیە پێویستە لەگەڵ یەکەم تەقە کەدەستیان پێکرد گورزێکی خێراو لەناوبەریان لێدەین.

یاریدەدەری سەرکردەی گشتی گوتی: دەبێت لەهەوڵی ئەوەدابین ئەوەندەی بۆمان دەکرێت نەهێڵین شەڕەکە بکەوێتە دوو بەرەوە، ئیمڕۆ بەرەی باشوور لەجموجۆڵدایە، زۆربەی ماشێنەکان‌و هێزەکانی پەڕەشووت لەباشوورن، بەدرێژایی ئەمڕۆش هێزی ئاسمانی سەرقاڵی باشوور دەبێت، بۆیە پێویستە ئێمە لەو بەرەیە لەچاوەڕوانی دابین.

سەرکردەی بەرەکە گوتی: ئێمە هەر لەچاوەڕوانیدابین هەتا سوپای عێراق بۆ پشتیوانی سوپای ئوردن دەگاتە ئێرە؟ بەلای کەمەوە رێگەم بدەن کەدەستیان کرد بەتەقە من بتوانم دەست بەسەر (المطرون)و (الرادار)دا بگرم بۆ پارێزگاری قودس.

جێگری سەرکردەی باڵاش بە سەرنجدانێکی تەسکەوە گوتی: قودس دابین کراوە، پارێزگاری کردنیشی لەبەردەستدایە.

سەرکردەی بەرەکە گوتی: ئەدی چیای(سکوبس)و (زانکۆی عیبری) چیان بەسەر دێت ئەگەر هێزەکانی ئوردن هێرشیان بۆکردن؟ جا ئایا دەتوانم ئیمشەو لیوایەك زرێپۆش بجوڵێنم هەتا سەرسنوور؟

یاریدەدەری سەرکردەی گشتی چەند جارێك بەپەنجەی تەقەتەقی لەمێزەکەوە هێناو بەزمانی ئەڵمانی گوتی: (نابط) واتە نەخێر.

ئینجا سەرکردەی بەرەکە بەسەرکردەی گشتی گوت: ئایا هێزەکەی من بەشی هێرشێکی بەرفراوان دەکات دوای ئەوەی سوپای عێراق دێتە ناو شەڕەکەوە؟

سەرکردەی باڵا کەمێك چاوەڕوانی کرد، دەگەڕا بۆئەوەی وەڵامێکی زۆر بەپێزی بداتەوە دەتگوت لەڕیزکردنی وشەکانیدا خەریکی دەرکردنی بڕیارێکی زۆر گرنگە، گوتی: هەرچەند ئێمە گورز وەشاندنەکەی خۆمان دوابخەین، هێزی سوپای عیراقی زیاتر دەگاتە بەرەی ڕۆژئاوا، لەڕێی پەڕینەوە لەڕووباری ئوردنەوە، تۆش باش دەزانی کەتەنها لەڕێی دووپردەوە دەتوانرێت هاتوچۆ بکرێت بەسەر ڕووبارەکەدا، جا کاتێك کەسوپای عێراق دەست بەجووڵە دەکات، دەبێت سوپای ئوردن ڕۆژێکی تەواو جموجۆڵەکانی لەسەر پردەکان بووەستێنێت، جا ئەگەر بەیانی گورزەکەمان بووەشێنین، ئەوا ئالۆزییەك لەسەرپردەکان دروست دەبن لەئەنجامی جووڵەی سوپای عێراق‌و سوپای ئوردندا، کەدەبێتەهۆی خڕبوونەوەیان لەوسەرەو سەری پردەکانەوە،

لەوکاتەشـدا فڕۆکـەکانی هێـزی ئاسمانیمـان میوانـداری دەکـرێن بـۆ تێکشـاندنی پردەکـان، سـەرکردەی بـەرەی جەنگەکـە زەردەخەنەیـەکی هـاتیٚو ڕەزامەنـدی خـۆی نیشـاندا لەسـەر بیرۆکەکەو گوتی: لەتەمەنمدا تەنها لەئاست ڕاستیدا دەستم داداوە.

سەرکردەی گشتیش دوا وتەی خۆی پێشکەش کردو گوتی: ئەم جارەیان ئەگەر سوپای ئـوردن دەستی کرد بەتەقەکردن لەقودس، بۆت هەیە یەکسەر بەشە کۆنەکەی شارەکە داگیربکەیت.

## چەکی فەلەستینیەکان
## (چەکەکان لە خان یونس)
## 4 ی حوزەیران 1967

لەشوێنێکی نزیك لەکۆمەڵگای (جوئلیم)، لەتەنیشت ڕێگاکەوە لەژێر دارێکی (سەرو)دا دوای ئەوەی کە نانیان خواردو خەریکی قاوەخواردنەوەبوون، وتووێژێك لەنێوان عەریفی دەستەی(762) لەگەڵ یەکێك لەسەربازەکاندا ڕویدا، لەسەر چۆنیەتی ئامادەکردنی قاوەو، ناوی ئەودەفرانەی قاوەیان تێدا دەخورێتەوە، عەریفەکە سووربوو لەسەرئەوەی بە(فنجان)ناودەبرێن‌و، سەربازەکەش سووربوو لەسەرئەوەی بە(ابریق) ناو دەبرێن.

عەریفەکە کەوچکە شەکرێکی کردە ناو ئاوی ساردەوەو تێکی وەردا بەم شێوەیە پێنج کەوچك شەکری لەئاوەساردەکەدا تواندەوەو سەری قتوی قاوەکەی کردەوە ویستی کەمێك بکاتە ناو شەکراوەکەوە، سەربازەکە بانگی کرد گوتی: قاوەکە مەکە ناو ئاوی ساردەوە تامەکەی لەدەستدەدات، با ئاوەکە بکوڵێت ئەوسا قاوەکەی تێکە، عەریفەکەش گوتی: تۆ فێری قاوەلێنانم دەکەی؟ پێویستە قاوەو ئاوەکە بەیەکەوە بەهێواشی بکوڵێندرێن، ئەوسا قاوەکە بەتەواوی تامەکەی دەداتەوە ناو ئاوەکە، سەربازەکەش بەبێ هیواییەوە سەرێکی ڕاوەشاندو گوتی: چۆنت ئارەزوو لێیە وابکەن، بەڵام بەوشێوەیە قاوەکە تامەکەی لەدەست دەدات، لەڕاستیشدا عەریفەکە هەر بەقسەی خۆیکرد، سێ کەوچك قاوەی کردە شەکراوەکەوەو بۆنی قاوەکە بن لوتیانی پڕکردو زەردەخەنەیەکی ڕەزامەندی بەسەر دەموچاویانەوە دیاربوو لەکاتێکدا لەسەر جانتاکان دانیشتبوون، سەربازەکە گوتی: قاوەیەکی بەتامە، خاوەن بەختی لەگەڵ هاوسەرەکەتدا، بەڵام هاوسەرەکەی من بەتەواوی جیایە وەکو منداڵ وایە، نایەوێت خواردن ئامادەکات‌و ناوماڵەکەشی ڕێکخات، تەنها مەیلی سەیران‌و سینەماو سەماکردن دەکات.

عەریفەکە گوتی باشم گوێ لێبگرە، ئێوە تائێستا لەقۆناغی گەنجیدان‌و منداڵتان نین، زۆر گرنگە کەڵك لەکاتەکەتان وەربگرن‌و بۆخۆتان خەریکی گەشت‌و گەڕان بن، کەمنداڵتان پەیدابوون، توانای ئەوەتان نابێت بچنە دەرەوە، ئەوسا پەشیمانی دەنوێنن بۆ ژیانی ڕابردووتان.

سەربازەکە وەڵامیدایەوە: قسەکانت ڕاستن، بەڵام من ئێستا لەماڵەوە نیم، ئەویش ئێستا کەوتۆتە ڕێکخستنەوەی ماڵەکەو لەچاوەڕێی ئەوەدایە بگەڕێمەوە لای.

عەریفەکەش گوتی: ئەو ئافرەتانە بەستەزمانن، مافێکی گەورەیان لێ زەوتکراوە، مێردەکانیان دوورخراونەوەو لەناو خەمو خەفەتی بەخێوکردنی منداڵەکانیاندا بەتەنیا ماونەوە، هاوسەرەکەی من دەڵێت خەڵکی لەتەلئەبیب مەترسییەکی زۆریان لە هەڵگیرسانی شەڕ هەیە کە قوربانیدانێکی گەورە بەدوای خۆیدا دێنێت.

ئینجا قاوەکەی لەسەر ئاگرەکە بەرزکردەوە نەوەك قاوەکە هەڵچێت، بەم شێوەیە چەندجارێك بەرزی دەکردەوەو دایدەنایەوە، تا قاوەکە بەتەواوی پێگەیشت، سەربازەکەش گوتی: ناشزانم شەڕ کەڵکی چی تێدایە؟ ئایا ئەوان نیازی شەڕێکیان هەیە بیکەن، یان نیازی ئەوەیان هەیە هەتا دنیا کۆتایی دێت ئێمە لێرە بهێڵنەوە؟

قاوەکەش پێگەیشتو عەریفەکە فنجانە ڕیزکراوەکانی پڕکردنو گوتی: سەربازەکانی دەستەی ژمارەیەك، کێ ئارەزووی قاوەیەکی ڕاستەقینە دەکات؟

هەروەها لەناو یانەی بنکەیەکی ئاسمانی نزیك شارەکەدا، وتووێژێکی تر لەنێوان دوو ئەفسەردا ڕوویدا، ئەفسەرێکی گەنج بەپلەی سەرۆك لەسەرپشت درێژ ببوو، دەجار زیاتربوو دووبارەی دەکردەوە کە(امنون) ناتوانێت بگەڕێتەوە، ئەو لەباشووری ئەفەریقا تووشی گرفت بووە، گەشتەکانی نێوانیشمان ڕاوەستاون، چۆن بۆی دەکرێت بگەڕێتەوە؟

ئەفسەرێکی تر بەپلەی ڕائید گوتی: ئەی هاوڕێکانم (بیکەن بەخاتری خوا، وا بێ هیوا مەبن)، (امنون) پێنج خولەك پێش کاتی دیاریکراو دەگاتەوە لامان، ئەگەر بەفڕۆکەیەکی کاغەزیش بێت هەر دێتەوە، واز لەوقسانە بێنن، جلە سەربازیەکانی فڕینی بۆ ئامادەبکەن.

ئەفسەرێکی تر گوتی: باشە چۆن دەگەڕێتەوە، لەکاتێکدا ئەو هیچ هۆکارێکی گەڕانەوەی لەبەردەستدا نیە؟

لەوکاتەدا سەرکردەی بنکە ئاسمانیەکە، بەغاردان لەژوورەکەی هاتەدەرەوە، بەدەنگێکی بەرز هاواری دەکردو دەستەکانی ڕادەوەشاندن، هەموو فڕۆکەوانەکان لەشوێنەکانی خۆیان هەستانو بەپەلە بەرگە سەربازییەکانیان کردە بەریان، بەڕاکردن دەرپەڕینە دەرەوە، لەدووریشەوە

کۆمەڵێك لەفڕۆکەوانەکان بەسەر پایسکلەکانیانەوە دەرکەوتن، هەموو ئەفسەرەکان سەرسام بوون، ئەوە چی ڕوودەدات؟ سەرکردەکەش بە پێکەنین‌و دڵخۆشییەوە گوتی: هاتەوە....ئەوە لەڕێگایە بەرەو لای ئێمە دێت، ئەفسەرەکانیش گوتیان: کێ هاتەوە؟ ئەوە چی ڕوودەدات؟ سەرکردەکەش بە پێکەنینەوە گوتی:(امنون) نیو کاتژمێر پێش ئێستا گەیشتە فڕۆکەخانەی (اللد) ئێستاش ئەوە بەڕێوەیە بۆلای ئێمە.

ئەفسەرێکیش بەپلەی سەرۆك گوتی: بەڵام گەڕانەوەی ئەو، ئەو هۆسەو هەرایەی بۆ چییە، ئایا ئێمە ژمارەی فڕۆکەوانەکانمان کەمن؟

ئەفسەرێکی ئەسمەریش بەپلەی سەرۆك لێی نزیك بۆوەو پێی گوت: مەبەستت لەفڕۆکەوانەکانی ئێمەیە؟ تۆ دەزانیت چ پەیوەندییەك لەنێوان (امنون)و فڕۆکەوانەکاندا هەیە؟ ئەو فڕۆکە میراجە دەبینی وێنەی فڕۆکە مێکەکانەی لەسەر کێشراوە؟ ئەوە فڕۆکەکەی (امنون)ە، هەموو فڕۆکەوانەکان لەدەوری سەرکردەکەیان کۆببوونەوە، یەکێك هاواری کرد: هەر ئێستا ماشێنێك لەدەرگای بنکە سەربازیەکەوە هاتە ژوورەوە، ماشێنەکە بەرەو فڕۆکەوانەکان دەهات، هەموو فڕۆکەوانەکانیش بەڕاکردن بەرەو ڕووی چوون، لەناوەڕاستی ڕێگا بەیەك گەیشتن، ئینجا فرۆکەوانەکان لەباوەشیان گرت‌و ماچیان کرد، پاشان بەرزیان کردەوە سەر سەریان‌و بەرەو ژووری سەرکردایەتیەکەیان هاتن، ئەو ئەفسەرەش کەکاتی خۆی پێیگوتبوون بیکەن بەخاتری خوا بێ هیوا مەبن، هاتە قسەو گوتی: من پێم نەگوتن (امنون) ئەگەر بە مەلەکردنیش بێت هەر دێتەوە.

هەر ئەوڕۆژەش چەکی تایبەت گەیشتە خان یونس، بۆئەوەی بەسەر هاووڵاتیاندا دابەش بکرێت، لە(غززە)ش هەموو کەسێك شانازی بەچەکەکەی دەستیەوە دەکرد، تەنانەت لەشارە هەژارەکەی (دیر البلح)یش، دوای تەواوبوونی نوێژی نیوەڕۆ چەك بەسەر ئامادەبووەکاندا دابەشکرا، ئێستاش کاتی ئەوەیە چەك بەسەر دانیشتوانی (خان یونس) دابەش بکرێت، بەهەزاران کەس ڕیزبوون لەبەردەم بنکەکانی دابەشکردنی چەك، تا دەروبەری دوانزدەی نیوەڕۆ (3000)پارچە چەك دابەشکرا، هەرکەسێك چەکەکەی وەردەگرت بەشانازییەوە بەرزی دەکردەوەو وتافیان لێدەداو هاواریان دەکردو خۆشحاڵی خۆیان دەردەبڕی بەو ڕێبازەی هەڵیان

بژاردووه کـه سـەرەتاو کۆتاییەکـەی دیارنـەبوو، هـەتا چـەك زیـاتر دابـەش کرابـا، ئـەو ئـاپۆرە جەماوەریە فراوانتر دەبوو، بـەم پێیـە وایـان هەسـتدەکرد مرانـدنی جوولەکـەکانو ڕزگـارکردنی فەلەستینیان لەبەردەستدایە.

جەماوەرەکـە بەبـەردەوام لەخرپبوونـەوەو چـرپبوونەوەدابوو، بـەبێ ئـەوەی بـزانن بـەرەو کـوێ دەڕۆن، دەنگی وتاف لێدانەکان لەشەقامو کۆڵانەکان وەکو هەورە بروسکە زرمەی لێوەدەهات، شارەکە بەتەواوی ناڕەحەت ببوو بەهۆی ئەو هۆسەو هەرایەوە، جاروباریش لێرەولـەوێ دەنگـی تەقەی خۆشـی دەبیسـترا، کەسێك لەیـەکێك لەڕێگاکانـدا فیشـەکێکی بەرکـەوتبوو، بەپەلـە بـۆ چارەسـەرکردن گەیاندیانـە یـەکێك لـەو بنکـە تەندروسـتیانەی کـە لەقوتابخانـەو مزگەوتەکانـدا دانرابـوون، خۆپیشـاندانەکان بـەردەوام بـوون، ئـەوەی لەدەروونەکانیانـدا بیریـان لێـدەکردەوە لەهەڵچـوون دابـوو، بـەلای ئەوانـەوە لەوکاتـە کەمـەی نێـوانی مـەغریبو عیشـادا فەلەسـتین ڕزگاردەکرا.

لەگەڵ خۆرئاوابوون، دابەشکردنی چەك لەهەر پێـنج بنکەکـە کۆتـایی هـات، هەرکەسێك چـەکی وەرگرتبا، دوو فۆڕمی زانیاری پڕدەکـردەوە، کەتایبـەتبوون بەسـوپای ڕزگـاری فەلەسـتینەوە، یـەکێك لـەو فۆڕمانـە لەبنکەکـەدا دەمایـەوە، ئـەوەی تـریش ڕەوانـەی ئەفسـەری بەرپـەرسـی دابەشکردنی چەك دەکـرا لەسـەرکردایەتی، ئـەویش هـەموو ئـەو فۆڕمانـەی دەبردنـەوە ماڵـەوە لەگەڵ ئەوراقەکانی خۆیدا دەیپاراستن، چاوەڕێی هاتنی سوپای ئیسـرائیلی دەکـرد، جـا کاتێك سوپای ئیسـرائیل گەیشـتەناو شـارەکە، زۆر مانـدوو نـەبوو بەکۆکردنـەوەی چـەکەکان، چـونکە ئەفسەرە فەلەستینیەکە هەموو فۆرمو نهێنیەکانی تری ڕادەسـتی سـوپای ئیسـرائیل کـرد، جـا بەهۆی زانیاریەکانی ناو ئـەو فۆڕمانـەوە، حـاکمی عەسـکەری ئیسـرائیلی زۆر بەئاسـانی جـۆری چەکەکەو ناونیشانی ئەوکەسانەی بۆ ئاشکرا دەبوو کەچەکیان وەرگرتووە.

ئەوئەفسەرەی کە فۆڕمەکانی ڕادەستی سوپای ئیسرائیلی کردو( وای ڕادەگەیاند کە فۆڕمـەکان لەماڵەکەیـدا دەسـتیان بەسـەردا گـیراوە لـەکاتی هێرشـەکەدا)، دوانـزە سـاڵ دوور لەدەسـتی ئیسـرائیل لەغـەززە مایـەوە، (بـەبیانوی ئـەوەی لەلایـەن ئیسـرائیلەوە وەکـو بەرپرسـێکی فەلەستینی تەماشا دەکرێت)، سەرەتا لـەڕێکخراوی ڕزگـاری خـوازی فەلەسـتین کـاری دەکـرد،

پاشان وەکو ئەفسەرێك خرایە ڕیزی سوپای ڕزگارکردنی فەلەستینەوە، ئێستا لەبەرخۆیەوە زەردەخەنەی دێتیٚو دەڵێت: ئای ئەگەر برادەرەکانم زانیبایان من کێم‌و ناسنامەکەم چیە، تووشی چ سەرسوڕمانێك دەبوون؟

لەبەرخۆشیەوە دەیگوت: باشبوو لەخۆپیشاندانەکاندا نەکوژرام، دەنا ئەوکاتە هەموو فۆڕمەکان لەناودەچوون. هەرچەندە هاوسەرەکەشی سەرقاڵکرد بەوەی نانی ئێوارەی بۆبێنێت‌و هەموو فۆڕمەکان لەشوێنێکی زۆر نهێنی بشارێتەوەو، بەسیلەی چاویش سەرنجی بدات‌و لەدڵی خۆیدا بڵێت: ئای ئەگەر ئێستا دەزانێت من جوولەکەم‌و موسڵمان نیم دەبێت چی ڕووبدات؟ بەڵام ئەوە ئێستا دوای تێپەڕبوونی چەندین ساڵ بەسەر هاوسەریەتیەکەیان، بەتەواوی ڕاهاتووە لەسەرئەوەی بەڕاستی خۆشی بووێت.

## ڕۆڵی ئافرەتەکانمان

## 4 ی حوزەیرانی 1967

کاتژمێرێك دوای ئەوەی کەعەریفەکە قاوەکەی بۆ سەربازەکان ئامادەکرد، لەوجۆرە قاوەیەی کەهاوسەرەکەی ڕۆژی شەممە هێنابووی، کەشو هەوایەکی سەرسوڕهێنەر لە هەرسێ لاوە بەسەر ئەوشارەدا هات کە بەکەناری دەریادا درێژ دەبۆوە، شوورەیەکی پۆڵایین ڕۆژبەڕۆژ زیاتر تەنگی بەشارەکە هەڵدەچنی، تەنانەت ئەوانەش کە لەکاروباری سەربازی بێ ئاگابوون، هەستیان بەوەدەکرد کە شووره پۆڵاییەکەی دەووری شارەکەیان ڕۆژبەڕۆژ توندوتۆڵتر دەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکانێکی زۆر لەڕێگەی فڕۆکەکانەوە دەهاتنەناوەوە، لەوڵاتانی دەرەوە خەڵکانێکی زۆر ڕیزیان بەستبوو لەبەردەم سەفارەتخانەو قونسوڵخانەکان بۆئەوەی بێن بۆ وڵاتە بچکۆلەکە (ئیسرائیل)، کەسی وا هەبوو یەکەمجاربوو بێت بۆ ئەووڵاتە، پیاوێك خاوەنی پێنج منداڵ بوو، چەندین ساڵ لەبەر خزمەتی سەربازی ڕای دەکرد، لەوڕۆژانە خۆی ڕادەستی پۆلیسی سوپاکرد، بۆئەوەی بینێرن بۆ بەرەیەکی جەنگ، لەیەکێك لە بەندیخانەکانی سەربازگەیەکدا، دوای ئەوەی هەموو بەندکراوەکان پەیمانیاندا کە ئەگەر پاسەوانەکانیش لەوێ نەبن ئەوان ڕاناکەن، بۆیە هەموو پاسەوانەکان پەیوەندیان کرد بەبەرەکانی جەنگەوە، لەڕاستیشدا بەندکراوەکان پەیمانەکەی خۆیان بردەسەر، تەنها دووانیان نەبێت هەڵاتن، ئەوانیش دوای خۆیان نامەیان جێهێشتبوو پەیمانیان دابوو کەپەیوەندی بەبەرەکانی جەنگەوە دەکەنو، دوای کۆتایی شەڕەکە دەگەڕێنەوە بەندیخانەکەیان، بەرپرسی سەربازگەکەش هەموو کاربەدەستەکانی ئاگادارکردبوونەوە کەگوێ بەکاروباری هەڵاتووەکان نەدەن.

لە (النقب) هێزی پەڕەشووت هەفتەیەك بوو لەچاوەڕوانی سەربازێکیان دابوون، سەربازێکی باڵابەرز، بەرگێکی لەبەربوو بەباشی لەدەوروبەرەکە جیانەدەکرایەوە.

چەکو پێداویستیەکانی بەدەستەوەبوونو بەڕێگادا دەڕۆیشت، بۆئەوەی بگاتەوە یەکە سەربازیەکەی، کچێکی ناسکیش کەپانتۆڵێکی شینی لەبەردابوو، بەهەمان ڕێگەدا دەهات، لەوشوێنەوە کەڕێگەکە دەبوو بەدووبەشەوە، سەربازەکە لەپاش دارێکەوە وەستا بۆئەوەی ڕێگاکە بۆ کچەکە چۆڵ بکات تێپەڕێت، کچەکەش خۆی پاڵدایە هەمان دار بۆئەوەی سەربازەکە

تێپەڕێت، لەوێدا سەربازەکە زەردەخەنەیەکی هاتیٚو چەكو کەلوپەلەکانی لەسەر زەوی دانان، گەنجێکی موو زەردبوو، ئارەقەی کردبوو، لێوی سەرەوەی کەمێك دەرچووبوو، دەتگوت هەرزەکارێکە تازە لەسەرەتای گەنجیەتی دایە، کچەکەش پرچی کورت بوو، لەگەڵ ڕۆیشتنەکەیدا پرچیشی سەمای دەکرد، تەماشایەکی سەربازەکەی کردو گوتی: (شالوم)، واتە: سلاٚوت لێبێت، سەربازەکەش سەرنجێکی دایەو وەلاٚمیدایەوە: سلاٚوت لێبێت.

پاشان کچەکە پێکەنیو لێی پرسی: تۆ لەدەستەی پەڕەشوتەکانی؟ سەربازەکەش گوتی: بەڵیٚ، سووکە پێکەنینێك گرتیو گوتی: لەنەخۆشخانە دەرچووم پێش ئەوەی بەتەواوی چاك ببمەوە.

وەکو دوو گەنج لەسێبەری دارەکەدا هیوای ژیانێکی خۆشیان دەخواست، واشی لەکچەکە گەیاند کەهەرچەندە نەخۆشیشە، بەلاٚم هەردەبێت پەیوەندی بەهاوڕێکانیەوە بکات، تێشی گەیاند کەبواری ئەوەی نیە داوای لێبکرێت کەمێکی تر لەگەڵیدا بمێنێتەوەو، تێشی گەیاند کەهیوای ئەوەشی نیە لەشەڕەکە دەربازی بێتو دوای جەنگەکە جارێکی تر بێتەوە بۆ بن ئەودارە، کچەکەش چاوەکانی بۆ بەرزکردەوەو گوتی: ئاگاداری خۆت بە، بەپەنجەکانی لایەکی ڕوومەتی ڕاگوشیو بەناو پوشوپەلاٚشەکەدا ملی ڕێگەی گرتەوەبەر، سەربازەکەش کەلوپەلەکانی هەڵگرتو بەپەلە بەڕێدا دەڕۆیشت، بۆئەوەی ئەوکاتە خۆشە کەمە تێپەڕیوە پارسەنگ بکاتەوەو لەکاتی دیاریکراودا بگاتەوە یەکە سەربازیەکەی.

هەر لەوماوەیەشدا پیاوی زۆر گەورە بەدەرکەوتنو هاتنە مەیدانەکەوە، فشاری شوورە پۆلاٚیینەکەی دەووری شارە بچووکەکە کارێکی وای کردبوو، هەموولایەنە جیاجیاکانی یەکخستنەوەو ڕێکخستنێکی تەواویشی خستەناو هەموو شتەکانەوە، هەموو تاکەکانی والێکردن ئەرکی سەرشانی خۆیان بزانن، هەر ئەو شوورە پۆلایینەش بوو بووە هۆی ئەوەی وا لەهەموو تاکێك بکات خۆی بە بەرپرسیار بزانێت لەئاست پتەوکردنی شوورەکەدا.

لە سەربازگەیەکی هێزی تۆپخانەشدا، کچە سەربازێك بەپلەی جێگری ئەفسەر، کۆمەڵێك بەڵگەنامەی خستنە بەردەمی کەسێکی مەدەنی، کە لەسەر کورسییەکی نەرمی نزم دانیشتبوو، پیاوەکەش سەرنجێکی بەڵگەنامەکانی داو بە سەر لەقاندنەوە نیشانەی ڕەزامەندیی نیشانداو،

بـه دوو ئەفسـەرەکەی بەرانبـەری گـوت: ئێسـتا واپێدەچـێت کارەکـان زۆر ئاسـان بـن، هـەموو جـۆرێکی تۆپـەکان فـۆڕمێکی تایبـەت بـەخۆیان بـۆدانراوە، ئێـوە تـەنها ئەوەنـدەتان لەسـەرە ئاراستەو دووری ئامانجـەکان ڕادەسـتی سەردەسـتەی تۆپهاوێـژەکان بکـەن، بەوشـێوەیە هەڵـە ڕووناداتو گولله تۆپەکان ئامانجەکانیان دەپێکن.

یەکێك لەئەفسەرەکان گوتی: ئەوەی جێگەی سەرنجیشە ئەو تۆپانە لەهـەموو کەش‌وهەوایەکـدا کـاری خۆیـان دەکـەن، بـەڕێز (بـول) تاقیمـان کردونـەوە بەتـەواوی ئامانجـەکانیان دەپـێکن، ئەفسەری دووەمیش لێی پرسی: بۆچی پێشتر سەردانت نەدەکردین؟ پیاوە مەدەنیەکـە گـوتی: مـن پێشـتر داوای ئـەوەم کردبـوو کـە سـەردانتان بکـەمو ڕێوشـوێنەکانتان بـۆ دیـاری بکـەم، (سـەرکردایەتی تۆپخانـە) باوەڕیـان بـە قسـەکانم نـەبوو، تـا چـەندڕۆژێك پـێش ئێسـتا لـەناو وانەگوتنەوەدا هاتن هێنایانم بۆئێرە، ئەفسەرەکەش گوتی: سوپاسـت دەکـەم، بـەڵام پێویسـتە دەستووبردی بکەیت لەئەنجامـدانی ئیشـەکان دا، دەسـتێکی بـۆ درێـژکرد بۆئـەوەی تۆقەیـەکی لەگەڵ بکات وەکو دەربڕینێکی خۆشی بەوەی کەهاتووە بۆ سەردانیان.

پیاوە مەدەنیەکەش گوتی: ئەوە ئەرکی سەرشانمە، پێویستی بەسوپاسکردن نیە.

ئەوکاتەش کەعەریفەکە قاوەکەی بەسەر سـەربازەکاندا دابـەش دەکـرد، بەتـەواوی دەبوژایـەوە کەسەربازەکان بەبۆنو بەرامی قاوەکەیاندا هەڵدەدا، (مەلکە)ی خێزانیشی دووڕۆژ پێشتر لەگەڵ (نـیرا)ی هاوسـەرەکەی(ڕوبین) یـەکترییان ناسـیبوو، ڕوبینـیش لەهـەمان یەکـە سـەربازیەکەی عەریفەکە کاری دەکرد، (نیرا)ش بەماشێنەکەی خۆی (مەلکە)ی هێنا بۆسـەردانی مێردەکانیـان لەناوچەی (النقب).

بەهەمان شێوە ئیمڕۆش (مەلکە)و (نیرا) بڕیاریاندا سەردانی(ڕاحیل)بکەن، (کە هاوسەری یەکێك لەو سەربازانەبوو لەگەڵ مێردەکانیان لەخزمەتی سەربازیدابوو)، (نیرا) چوو دیارییەك بکڕێـتو، (مەلکە)ش منداڵەکانی بردن بۆماڵی دایکی، (نیرا) مامۆستای یەکێك لەقوتابخانەکان بوو، بـەڵام چـەند ڕۆژێـك بـوو بـەهۆی مەترسـی شـەڕەوە دەرگـای قوتابخانـەکان داخرابـوون، ئـەوەش ببووەهـۆی دڵەڕاوکـەی ئافرەتـەکان کـە دووربـوون لەمێردەکانیانـەوە، بـەڵام مەترسـی گەورەتریشیان لەبەردەمدابوو، بەوەی لەکاتی شەڕدا فڕۆکەکان بۆردومانی ئەو باڵەخانانە بکەن

کەمنداڵـەکانی تێـدان، هەفتـەی ڕابـردوو ناخۆشـترین هەفتـەبوو بەسـەر دایکەکانـدا تێپـەڕیو مێردەکانیشیان لەبەرەکانی جەنگ بوون، بۆ منداڵەکانیش خۆشترین هەفتەبوو، بەرەڵابوونە ناو شـەقامە چـۆڵەکانەوەو بـەئارەزووی خۆیـان گەمـەیان تێـدادەکردو، وایـان دەزانـی شـەقامەکان بۆئەوە دروستکراون یاری پەت پەتێنەو چاوشارکێنەو یاریەکانی تری تێدا بکەن.

دوێنێ (مەلکە)، (نیرا)ی هاوڕێی زۆر بەزەوقو کەشخە هاتە بەرچاو، بەڵام لەکاتی گەڕانەوەیاندا وای بینـی کەبەتـەواوی بەخۆیـدا شـکاوەتەوە، لەوانەیـە بینینـی ئـەو هـەزاران سـەربازە کـاری تێکردبێت، کە بەدرێژای ڕێگاکەی باشوور بەناو دەشتو دۆڵو شاخەکاندا بڵاو ببوونەوە.

گەیشتینە ماڵی(ڕاحیل)و چووینە ژوورەوە، (ڕاحیل) بە(نیرا)ی گوت: مـن لـەدوای شـوکردنمەوە لەگەڵ مێردەکەم نەچوومە دەرەوە، ئارەزووی ئەوەشم نەماوە بچمە سینەماو شوێنەکانی تـری لەوبابەتـە، (نـیرا)ش وەڵامیدایـەوە: بـەڵام دووڕۆژ پـێش ئـەوەی مێردەکـەت پەیوەنـدی بکـات بەبەرەکانی جەنگەوە، ئێوە خۆشیتان لەیەکتر وەرگرتووە، (ڕاحیلی)ش گوتی: ئەوە تۆ دەڵێی چی؟ من لەو دووڕۆژەدا باری دەروونیم زۆر ناتەواوبووە، لەڕاستیشدا ماڵەوە هیوابڕاوت دەکـات کاتێك مێردەکەت لێت دووردەکەوێتەوە.

(ملکە)ش بەپلارەوە گوتی: دە بێڵـە بـا منـداڵێکتان ببێـت، باشـترین شـت بـۆ ئـافرەت ئەوەیـە دووگیان بێتو منداڵی ببێت، کاتێـك کـە ئـافرەت بـەزگی ئاوسـاوەوە بەڕێـدا دەڕواتو زگەکـەی نیومەتر لەپێشیەوە دەڕوات، ئەوکاتە هەست بەخۆی دەکات کەبەڕاستی ئافرەتە.

(ڕاحیل)وەکو گوێی لەهیچ نەبووبێت گوتی: تـۆ دەزانـی مـن دوو مانگـە شـووم کـردووە؟ پـێش شووکردن دووساڵ بەبەردەوامی بەیەکەوەبووین، باوکم دەیگوت: پەلەمەکـە هێشـتا بچـووکیت، ئەوە پاش هاوسەرگیریش هاتن بردیان بۆ خزمەتی سەربازی، (خـواش دەزانـێ ئەوشـەڕە کـەی تەواو دەبێ)، بەقسەی خەڵکی بێت شەڕێکی سەخت دەبێتو خەڵکێکی زۆری تێدا دەکوژرێت.

(نیرا)ش وەڵامیدایەوە: خۆزیا دوێنێ لەگەڵمان دەهاتی بۆلایان، چۆن سـەربازەکانمان بـەئارامی لەخەندەکی بـەردەم تانکـەکانیان لەئامادەباشـی دابـوون، لەڕاستیشـدا مـن وام هەسـت دەکـرد هەموویان لەباوەشی خۆم بگرم.

(مەلکە) گوتی: تۆ دەزانی من لـەویٚ گـرنگیم بەچـی دابـوو؟ گـرنگیم بـەوەدابوو، لـەناو هـەموو سەربازەکاندا یەکێکم نەبینی تەماشـای هاوسـەری برادەرەکـەیان بکـات، هـەموویان لـەترۆپـکی پلەی پیاوەتیدا بوون، (نیرا)ش گـوتی: بەڕاسـتی پیاوەکـان بـەجۆرێکی تـر دەردەکـەوتن، ئـەو پیاوانە نەبوون کەئێمە پێشتر دەماننناسین، وام هەست دەکرد هەریەکێك لەوان سنگی خۆی بەر گوللـە دەدات، بۆئـەوەی هـەر ئـافرەتو منـداڵێکی ئـەو وڵاتـە بپارێزێـت، بەڕاسـتی هـەموویانم خۆشدەویست.

(ڕاحیل)یش لێی پرسی: چۆن هەموویانت خۆش ویست؟

(نـیرا)ش سـەیرێکی کـردو زانـی کـەناتوانێت لێکدانـەوەی ئـەوەی بۆبکـات کـەدوێنیٚ بەدرێـژایی ڕێگەی سنووری کـەرتی غـەززە بینیویـەتی، بۆیـە هەسـتاو گـوتی: دەچـم قاوەتـان بـۆ ئامـادە دەکـەم، پاشـان دەچـینەدەرەوە، بـزانین دەنگوبـاس چـییە، (جـا دوای قاوەخواردنەوەکـە) کەچوونەدەرەوە، (ڕاحیل) ئاوڕێکی بۆ دواوە دایەوەو ئـاهێکی بۆ(مەلکـە) هەڵکێشـاو پێیگـوت: مـن حەسـودیت پێدەبـەم، تـۆ لەوکاتــە تەنگەبەریانەشـدا بـیر لەبەرژەوەندیـە نەتەوەییەکـە دەکەیتـەوە، منـیش بـیر لەمێردەکـەمو خۆشـیەکانی دەکەمـەوە، دەزانـی ئەگـەر ئـەمجارەیان هاتەوە پێیدەڵێم: منداڵێکم دەوێت.

لەوشەقامەی کە بەناو گەڕەکەکەدا تێدەپەڕی، منداڵەکان یارییـان دەکـردو، منـداڵێکی قـژ لـولی ترسنۆك، لەلایـەن منداڵـەکانی تـرەوە زۆر دڕندانـە لێیـدەدراو ڕاودەنـرا، بەدرێـژایی شـەقامەکە بەدواوەیەوە بوون، لێیان دەدا تادەکەوت، ئەوسا لێی دەگەران تا هەڵدەستایەوە، جـارێکی تـر ڕاویـان دەنایـەوە، یـەکێك لەدایکـەکان کـە ئـەو دیمەنـەی بینـی، ڕایکـرد منداڵەکـە رزگاربکـات، دەستی گرتو ڕایکێشاو لەدەستی منداڵەکانی دەرهێناو پێیگوتن: ئەوە ئێوە شەرم ناکـەن لـەو منداڵە دەدەن؟ لەگەڵ منداڵەکانیشدا کوڕەکەی خۆی بینی، هاوڕێکانی دەیانویست ئەو وەڵامی دایکی بداتەوە، بـەڵام پێشـتر دایکـی پێگـوت کـە هەرئێسـتا بگەڕێتـەوە بۆماڵـەوە، کوڕەکـەش گوتی: دایە، ئەو منداڵە کە بەدەستی تۆوەیە ناوی(رونی)یەو (مصر)ییە.

منداڵێکی تر هاتە قسـەو گـوتی: ئـاخ لەدەسـت جمـال عبدالناصـر، دەیـەوێت هـەموو منـداڵانی گەڕەکەکەمان بکوژێتو ئافرەتەکانیش بەرێت.

منداڵێکی تر بەئافرەتەکەی گوت: لێی وریابە جێگەی باوەڕنییە، لەوانەیە نیازێکی خەراپی هەبێت لەگەڵت.

ئەوکوڕەش(رونی)، بەتەواوی خۆی بەئافرەتەکەوە جووت کردبوو، دەیزانی تاقە پەنایە لەشەپۆلەکانی ئەو دەریا هەڵچووە بیپارێزێت، لەگەڵ خۆیدا بردیەوە بۆماڵەوەو بەکوڕەکەشی گوت: هەستە ماچی بکەو لەگەڵیدا ئاشتبەوە.

بەلاَم کوڕەکەی سواری کەری شەیتان ببوو، بەدایکی دەگووت: نەخێر من هەرگیز دەستم ناخەمە ناودەستی ئەو عەبدالناصریە، پاشان دایکەکە کوڕەکەی ناچارکرد لەگەڵ دوژمنە سەرسەختەکەی ئاشتبێتەوەو، شیرینیشی بەسەر دابەش کردن، ئینجا چووە ژووری نووستنەکە، کەمێردەکەی دوو هەفتەبوو لەوێ نەخەوتبوو، لەسەردەم سەری خۆی لەسەرینەکە گیرکردو بەکوڵی ئاگری ئەو شەڕەوە دەگریا کەڕۆژ بەڕۆژ لەوڵاتەکەی نزیک دەبۆوە.

## ئێوارەی پێش شەڕەکە
## 4 ی حوزەیرانی 1967

لێپرسراوی بەرگری شارستانی پیاوێکی بەتەمەنی سەربازی بوو، هەستی بەخۆی دەکرد بەتەواوی ئەرکەکانی ئەنجام نەداون، پیاوەکانیشی نە لەڕووی ڕێکخستنەوە نە لەڕووی باری دەروونیەوە، ئامادەییەکی تەواویان نەبوو بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو کارەساتەی کەڕوودەدات، بۆیە بڕیاریدا لەگۆڕەپانی قوتابخانەیەکدا کە بەهۆی مەترسیەکانی شەڕەوە کرابوو بەبنکەیەکی پاراستنی شارستانی(دفاع المدنی)، لەگەڵیان کۆبێتەوەو ڕووبەڕوو لەگەڵیان بدوێت.

لەکۆبوونەوەکەدا گوتی: دەمەوێت ڕاشکاوانە باسی ئەو کارەساتەتان بۆبکەم کە ڕووبەڕوومان بۆتەوە، گرنگ ئەوەیە هەریەکێك لەئێمە بزانێت ڕووبەڕووی چی دەبینەوەو خۆی بۆ ئامادەبکات، جا فێری ئەوەدەبێت لەکاتی ڕووداوەکەدا چۆن کارەکانی ئەنجام بدات، بەداخەوە من پێشبینی بۆمبابارانێکی توندی شوێنە مەدەنیەکان دەکەم، لەپێش هەمووشیانەوە ئەوشارەی ئێمە، بۆیە پێویستە لە ئامادەباشیدابن بۆ یارمەتیدانی هەزاران بریندار.

هەموو ئامادەبووەکان، سەربازی دێرین بوون، بەتەمەندا چووبوون‌و شارەزاییەکی تەواویان هەبوو لەبواری سەربازیدا، بەتەواوی بێدەنگ بوون لەئاست قسەکانی ئەو پیاوەدا، جا کاتێك کەسەرکردەکەیان وتەکەی تەواوکرد، مۆڵەتی دانیێ هەر کەسێك ڕاو تێبینەکانی خۆی بخاتە ڕوو، بەڵام کەسێك وەڵامی نەدایەوە، هەموویان بەبێ ورتە کۆبوونەوەکەیان جێهێشت، گەورەیی کارەساتەکە بارێکی دەروونی وای بەسەردا هێنابوون، زمانیان لەناو دەمدا ڕەق ببوو.

پاشان سەرۆکەکەیان تێگەیشت کەهەڵەیەکی گەورەی کردووە، (نەدەبوو بەو شێوەیە لەگەڵیان بدوێت).

لیوایەکی زرێپۆشیش لەجووڵەدابوو بەرەو باکوور، بەئاراستەی ناوچەی(نیستانا)، یەك هەفتەبوو بۆ هەشتەم جار بەرەو باکوور دەڕۆیشت‌و دەگەڕایەوە باشوور، جارێك لەناوەڕاستی (النقب) دەبینراو، جارێکیش بەڕۆژی ڕووناك بەرەو باشوورەکەی دەڕۆیشت‌و، پاشان لەتاریکایی شەودا بەرەوە باکوور دەگەڕایەوە، ئەگەر دوژمن نیازی ئەوەی هەبا شتێك لەجووڵەی ئەولیوایە تێبگات، ئەوە بەدڵنیاییەوە دەکەوتە هەڵەوە، ئێستاش ئەوە لیواکە گەڕاوەتەوە ئەوشوێنەی

کـه دە ڕۆژ پێشـتر لێـی جێگیربـوو، یەکـە سـەربازیەکان لەیـەکتری جیادەبوونـەوە هـەر یەکـە لەشوێنێك جێگیر دەبوو، سـەربازەکانیش هیـوای شـەوێکی خۆشـیان دەخواسـت کـە بـەئارامی تێیـدا بخـەون، لەوکاتـەدا فڕۆکەیـەکی هیلیکۆپتـەری بچـووك لەشـوێنی فڕۆکـەکان نیشـتەوەو، کەسێك هاتەخوارەوە، ڕووی لەسەرکردەی تانکێك کردو بەدەنگەوە گـوتی: فەرمانـدەی لیواکـە لەگوێیە؟ ئەویش بەدەستی ئاماژەی بۆ تانکەکـەی ئامێرلیواکـە کـرد، پیاوەکـەش بـەرەو ڕووی ڕۆیشـتو سـڵاوێکی سـەربازی لێکـردو نامەیـەکی دایـە، ئـەویش لەبـەر تیشـکی خـۆر نامەکـەی خوێندەوەو لەشوێنە دیاریکراوەکە واژۆیەکی لەسەر کرد، ئینجـا داوای لەسـەربازی بـێ تەلەکـە کرد پەیوەندییەك بە یەکەی ماشێنەکانەوە بکات، بۆئەوەی بەپەلە ماشێنێکی جێبی بۆ بنێـرن، لەگەڵ یاریدەدەرەکەشیدا کەمێك لەسەربازەکان دوورکەوتنەوەو پێی گـوت، ئەوکاتـەی کـە مـن لێـرەنیم ئاگاداربـە سـەربازەکان نانـەکانیان بخـۆنو بەباشـی بخـەون، لەوانەیـە هـەر ئێمشـەو ناچاربین بجووڵێین، ئومێـدەوارم جووڵـەی ئـەمجارەمان بـەرەو ئـەوێ بێـت، بەدەسـتی ڕاسـتی ئاماژەی بەرەو ڕۆژئاوا کرد کەلەوکاتەدا ڕۆژ لەگەڵ ئاسۆ لەئاراستەی(أم كتف) ئاوا دەبوو.

دەسـتە هەواڵگریەکـەی یەکـەی (762)، لەهـەموو کـاتو شـوێنێکدا دەیزانـی چـۆن خـۆی بگونجێنێت، پێش دوو هەفتە هەر کەگەیشتنە ئەوشوێنەی ئێستایان، خەنـدەکێکیان هەڵکەنـدو سـەرەکەیان داپۆشـی، بەشـێوەیەك لەتیشـکی خـۆر دەیپاراسـتو لەهـەوا گـۆڕکێش بێبەشـی نەدەکردن، لەهەردووك سەری قۆڵتەکەشەوە شوێنی چوونەژوورەوەی باشیان بۆ دروستکردبوو، دەیانتوانی پێیـدا بـڕۆنو تێیـدا ڕاوەسـتنو چـەکەکانی تێدا چـاك بکەنـەوە، هـەتا زیـاتر لـەوێ مابانەوە خەندەکەکەیان خۆشتر دەکرد.

نانی ئێوارەیان خواردو، سەرقاڵی ئەوەبوون شەوەکە بەخۆشی بگـوزەرێنن، لەوکاتـەدا جێگـری سەردەستەکە هاتەژوورەوەو، بـەجێگری هەواڵگریەکـەی گـوت: ئـەوە حـاکمی عەسـکەری خـان یونسە دەمەوێت پێتی بناسـێنم، ماوەیـەك لاتـان دەمێنێتـەوە، تکایـە مێزێـكو نـانخوانێکی بـۆ ئامادەبکەنو لەکارەکانیدا ئاسانکاری بۆبکەن.

سەربازەکانیش بەسەرسوڕمانەوە سەرنجێکیان دایەو گوتیان: حاکمی عەسکەری خان یونس؟! دەبێت ئەفسەرێکی (مصر)ی بێت دەسـتگیر کرابێـت؟ بـەڵام ئەوانـەی هاتنـە ژوورەوە هیچیـان

بەئەفسەری (مصر)ی نەدەچوون، یەکەمیان ئەفسەرێکی ئەسمەری بالاّ کورت بوو بەپلەی (ملازم)، جانتایەکی گەورەی بەدەستەوەبوو، دووەمیشیان یاریدەدەرێکی قەڵەوبوو جانتایەکی بەدەستەوەبوو، ڕەشاشێکیشی بەشانەوەوە بوو، ئەفسەرە میوانەکە گوتی: سڵاوتان لێبێت، ئایا ئێوە دەستەی هەواڵگری یەکە سەربازیەکەن؟

جێگری هەواڵگریەکەش وەڵامیدایەوە: بەڵێ، فەرموو چیتان دەوێت؟ ئایا تۆ حاکمی عەسکەری (خان یونس)یت؟

ملازمەکەش زۆر ڕاشکاوانە گوتی: بەڵێ، جانتاکەشی لەسەر زەوی داناو داوای چرایەکی کرد، چونکە نیازی وابوو بەدرێژایی شەوەکە کار بکات.

جێگری هەواڵگریەکەش ڕووی کردە هەموو سەربازەکانو گوتی: ئەوە کوا چرا ڕەشکەکە؟ خۆ لەوناوە بوو، یەکێکیان گوتی: ئەوەتا لێرەیە، لەژێر جێگەکەی هێنایە دەرەوەو هەوڵی داگیرساندنی دا.

جێگری هەواڵگریەکە بەملازمەکەی گوت: بەیارمەتیت (من تێناگەم) چۆن تۆ حاکمی عەسکەری (خان یونس)یت، (لەکاتێکدا کە خان یونس بەدەست دووژمنەکانەوەیە)؟ ملازمەکەش پێکەنیو گوتی: ئەوکاتەی کە خان یونس ڕزگار دەکرێت، من دەبم بە حاکمی عەسکەری ئەوشارە، ئەوسا هەموو ناودارەکانی شارەکە کۆدەکەمەوەو بەڵگەنامەیەکی خۆ بەدەستەوەدانیان پێ واژۆ دەکەم، عەرەب لەو بابەتانەدا زۆر گرنگی بەلایەنە فەرمیەکە دەدەن، تۆش ئەگەر کاتت بەدەستەوەبێت ئومێدەوارم یارمەتیم بدەیت، ناوو ژمارەی تەلەفۆنی (30)کەسایەتی ناوداری عەرەبی شارەکەم لایە، بانگیان دەکەم، (ئەگەر تەلەفۆنەکانیش لەکاردا نەبوون، ئەوا ناونیشانی هەموویان دەزانمو بەدوایاندا دەنێرم)، پاشان دەچینە ماڵی بەڕێوەبەری شارەوانی، کۆبوونەوەیەك لەگەڵ ناودارەکاندا ساز دەکەم، بەڵام کێشەیەك هەیە لەشارەکەدا، دوو بنەماڵەی ناسراو ڕکابەری یەکترین، نامانەوێت زیان بە هیچ کام لەو دوو بنەماڵەیە بگەیەنین، پەیڕەوی ئەوەش دەکەین ژمارەی واژۆکەرەکان لەسەر بەڵگەنامەکەی خۆبەستەوەدان لە هەردووك بنەماڵەکەدا وەکو یەك بێت.

جێگری هەواڵگریەکە گوتی: بەڕاستی کارەکەت سەختە، ئەدی چی دەکەی ئەگەر ژمارەی وەکو یەکت دەستنەکەوت لەنێوان ئەو دوو بنەماڵەیەدا؟

ملازمەکە وەڵامیدایەوە: ئەوکاتە چارەی دەکەین، من لەگەڵ ئێوەدا پێشڕەوی دەکەم بەرەو خان یونس، جا دوای ئەوەی شارەکە داگیردەکەین، پێویستیم بە دوو یان سێ سەرباز دەبێت، تا ئەوکاتەش من هەموو فۆڕمی دابەشکردنی چەکەکان ئامادەدەکەم، پاشان هەموو چەکەکان کۆدەکەینەوە، پێویستە پەلەش بکەین لەکۆکردنەوەی چەکەکاندا، لەکاتێکدا ئەوان لەژێر کاریگەری کارەساتی داگیرکردنی شارەکەیاندان.

جێگری هەواڵگریەکە گوتی: دوو کێشەت لەبەردەمدا ماوە، یەکەمیان داگیرکردنی شارەکە، دووەمیشیان دۆزینەوەی ئەو کەسانەیە کە چەکیان وەرگرتووە.

ملازمەکە گوتی: هەر کە شارەکەمان داگیرکرد، هەموو فۆڕمی دابەشکردنی چەکەکانم بۆ دەهێنرێت، ئەوەی گرنگە ئەوەیە بەزوویی چەکەکان کۆکەینەوە، نەوەك لە پەنایەکەوە تەقەمان لێبکرێت، کۆکردنەوەی چەکەکانیش بارێکی دەروونی وایان لەلا دروست دەکات، کەنەتوانن خۆڕاگربن‌و دژایەتیمان بکەن.

جێگری هەواڵگریەکە گوتی: جا کەواتە لەداگیرکردنی شارەکە زیاتر چیتر ماوە؟ ئاخ بۆ داگیرکردنی شارەکە.

سەربازەکان هەموو لەقاقای پێکەنینیاندا، بەڵام ملازمەکە بەناو کۆمەڵێك بەڵگەنامەدا قوڵبووەوە بۆ جێگری هەواڵگریەکەی دەخوێندنەوە، کەچەند ناوێکی عەرەبی دوورو درێژی ئاڵۆزیان تێدابوون، لەتەنیشت هەر ناوێکەوە نیشانەیەکی وەکو ژمارەی دادەنا، بۆ ئەوەی بیانناسێتەوە.

## ئەستێرەکان لەتاریکایی شەودا

## 4 ی حوزەیرانی 1967

لەدوورەوە دەنگی گرەگرى ئامێرێك دەهات، بەڵام لێرە لەسەر ئەو تارمەیەوە کە بەباخچەکەیدا دەڕوانی، ئارامییەکی تەواو هەبوو، جاروبار دەنگی تێپەڕبوونی ماشێنێك، یان خشەخشی گەڵاوەریوەکان کە با دەیجولاندن، یان دەنگی ڕادیۆکە، بێگەردی ئارامیەکەیان دەشێواند، فرۆکەوانەکەش لەسەر جێگەیەکی نەرم پاڵی دابۆوە، بەرگێکی هاوینەی نیوقۆڵی تەنکی لەبەردابوو، کە بەتەواوی باسکە نەرمەکانی دەردەکەوتن، کاتژمێرەکەشی لەدەستی چەپیدا دەدرەوشایەوە، لەکاتێکدا کچێکی جوان لەسەر کورسیەکەی تەنیشتیەوە قۆڵی لەقۆڵی چەپی هەڵکێشابوو، فرۆکەوانەکە چاوی لەکچەکە بڕیبوو، بەچرپەوە گوتی: ئای لەو ئارامییە چەندخۆشە، دەڵێی دنیا هەر شەڕیشی تێدا نیە، کوڕەکە بە پرچە ڕەشەکەیەوەو کچەکەش بەپرچە زەردەکەیەوە دەیانویست خۆیان وا نیشان بدەن کە جووتەیەکی ژنومێردن، بەڵام خۆشەویستیەکەیان وەکو خۆشەویستی سەرەتای گەنجیەتی وابوو، کچەکە گوتی: خۆشم دەوێی، کوڕەکەش نیازێکی ڕاستەقینەی بەدەموچاویەوە دیاربوو، وای دێنایە بەرچاوی خۆی (لەوپێناوەدا) ڕێگایەکی دوورو درێژی لەبەردەمدایەوەو چەندین جار پێیدا دێتو دەچێت، کەناری شاخەکانی (النقب)ی دێنایە بەرچاوی لە(القسيمە) بەسەر چیاکانی(القالحە) تێدەپەڕی بەرەو باشوور، بەسەر هەموو گردو دۆڵەکاندا دەفڕیو هەموو فرۆکەخانەکانی سینای جێدەهێشتو لەکەناڵی سوەیس تێدەپەڕیو بەسەر شاخەکاندا دەگەیشتە دەلتای نیل،، فرۆکەخانەی(بنی سويف)ی بەهەموو خانووبەرەو چەکە دژە ئاسمانیەکانو فرۆکە(تۆپۆلیف)ەکانەوە دەهێنایە بەرچاوی خۆی، لەهەمان کاتیشدا فرۆکە (فیتور)ە دوو بزوێنەرەکەی دێنایە بەرچاوی خۆی کەوەکو کەسێکی گرگن وابوو لەئاست گەورەیی فرۆکەکانی تۆپۆلیف، زۆریش فرۆکەی (فیتور)ی خۆشدەویست.

لەپڕ دەنگی ڕادیۆکە ئەو ئارامیەی شێواند، دوای ئەوەی بەرنامە ئاساییەکانی کتوپڕ بڕین بۆئەوەی ئەم هەواڵە بڵاوبکاتەوە:

(حکومەتی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، چاوەڕێی وەلامی ولاتـانی خـاوەن هێـزی دەریـایی دەکـات، دەربـارەی پێشـنیارەکەی بـۆ دامەزرانـدنی هێزێـك بتوانێـت ئابلۆقـەی سـەر کەنـداوی (تیران) بشکێنێت). ڕادیۆکە کەمێك بێدەنگ بوو، پاشان ئـەم هەواڵەشـی بلاوکـردەوە: جێگـری سەرۆك جمال عبدالناصر بەڕێز (زەکەریا محـی الـدین) بـەیانی بـەرەو ئەمـەریکا بەڕێدەکـەوێت، بۆدیداری سەرۆك جونسون. وەزیری بەرگریش ڕایگەیانـد کەئیسـرائیل هۆکـاری گورزوەشـانێکی کتـوپڕی لەدەسـتداوە، بـۆ کەشـتیەوانو ڕاوچـیەکانی ماسـیش لـەدەریای سـپی ناوەڕاسـت، کزەبایەکی سووك هەڵدەکاتو دەریاش بەئارامی دەمێنێتەوە).

فرۆکەوانەکـە لـەبارێکی ئـارامی تـەواودابوو، کـەمێك گـوێی لەڕادیۆکـە دەگـرتو پاشـانیش دەگەڕایەوە سەر بیرکردنەوەکانی، شینایی ئاوی دەریای دێنایە بەرچاوی خـۆی کەکۆتاییەکـەی دیارنیـەو هـەر ئەوەنـدەی دەبینێت کەچـاو بـڕی دەکـات، پاشـان ڕادیۆکـە کەوتـەوە پەخشـی مۆسـیقا، فرۆکەوانەکـەش بـەگوێی کچـەکەیدا چـرپاندك: مـن دەبێـت بخـەوم، پیمانڕاگـەیانراوە ئەوماوەیە دەبێت شەوانە زوو بخەوین، کچەکە دەمی تێك نـاو کـوڵی گریـانی هەسـتابوو، بـەلام لەبەرئـەوەی ئەرکەکـەی خـۆی دەزانـی، بـۆی نـەبوو گریانەکـەی دەربـبڕێـت (چـونکە ئـەو بـۆ خۆشـگوزەرانی فرۆکەوانەکـە هێنرابـوو)، بـەلام مـافی ئەوەشـی هـەبوو فرۆکەوانەکـە بیخاتـە باوەشی خۆیەوە، بۆیە لەترۆپکی ئارەزووەکانیـەوە گـوتی: بێمـە باوەشـتەوە؟ جـا چـاوەکانی هــەڵهێنان بــۆ ئاسمــانو، ئەســتێرەکانی بیــنین دەبریســکانەوە، لەخۆشیانیشــدا چــاوەکانی داخستنەوەو بەتەواوی دەستی دادا بۆئارەزوو ویستی فرۆکەوانەکەو، لەناو باسکەکانیدا کڕ لێی کەوت.

لەنێوان کۆمـەڵگای(جوئلیم)و ئـەو ڕێگایـەی بـەدەووری غـەزەدا بادەداتـەوە، یەکـەی سـەربازی (762) لەوێ جێگیربوو، چەند کۆمەڵە سەربازێکیش ئێشکگری شەوانەی یەکە سـەربازیەکەیان دەکرد، جـاری وا هـەبوو لـەنێوان خۆیانـدا کـە هەسـتیان بەخشـپەو جووڵـەی یـەکتری دەکـرد، یەکتریان دەنگ دەداو داوای وشەی نهێنی شەو(سر اللیل)یان لەیەکتری دەکرد، پاشان کـە لێـك ئاشکرا دەبوون، بەیەکەوە دەوەستانو قسەیان دەکرد، لەتەنیشت شەقامەکەشەوە خێوەتێکی سـەربازەکانی دەسـتەی (3)، ئـەو سـەربازەی کـەپێش کـەمێك مـاوەی ئێشـکگریەکەی

تەواوکردبوو، لەبیری ئەوەدابوو یەکسەر بچێتە خێوەتەکەوە بخەوێت، یان سیغارەك بکێشێتو پاشان بچێتە ناو خێوەتەکەوە، ژووری خێوەتەکە زۆر گەرم بوو، هاوڕێکەشی شەش مەشقی لەناوەڕاستی خێوەتەکە خەولی لێکەوتبوو، دوودڵ بوو لەوەی بچێتە ژوورەوە یان نەچێتە ژوورەوە، پاشان دوو بەتانی هێناو زەویەکەی ڕێك کردو لێی خەوت بەنیازی ئەوەی بەرەبەیان لەگەڵ بارینی شەونمدا بچێتەوە ناوخێوەتەکە. زۆری هەوڵدا خەوی لێنەکەوت، چاوەکانی دەکردنەوەو دایدەخستنەوە، سەرنجێکی ئەستێرەکان ئاسمانی دەدا، پاشان لەسەر تەنیشت خەوبردیەوە.

لەنزیك شاری(حلوان)یش لەباشووری قاهیرە، کە کارگەی دروستکردنی فڕۆکەی لێبوو، پێنج ساڵبوو خەریکی دروستکردنی فڕۆکەی شەڕکەری(300)بوون، کە خێراییەکەی لەخێرایی دەنگ تێدەپەڕی، لەنێوان شارەکەو ئەو کارگەیەدا بورجێکی نوێ هەبوو بۆ چاودێری جوولەی ئەستێرەکان، پیاوێکی گەورەی بەتەمنیش لەناو بورجەکەدا لەبەردەمی(تەلسکۆب)ە گەورەکە دانیشتبوو، چاوی بڕیبووە خاڵێکی دیاریکراو لەناو جەرگی ئاسماندا، وردەوردەش هێڵکاری دەکرد لەسەر کاغەزەکانی بەردەمیدا، ئەوپیاوە هەموو تەمەنی خۆی تەرخان کردبوو بۆ پێشکەوتنی زانیاریەکانی ئاسمان ناسی لە(مصر)، بەهۆی بورجەکەی شاری حەلوانەوە، ماوەیەکیش پێش ئێستا، گەنجێك چوو بۆ یارمەتیدانی، (ئەو گەنجە من بووم)، بەلاَم ئەوە چەند مانگێکە لێی بێ ئاگام.

چەندین ساڵ بەیەکەوە توێژینەوەی تایبەتمان دەکرد لەسەر زانیاریەکانی ئاسمان، تا ئەوکاتەش نەگەیشتبووینە کۆتایی، ئەگەر توێژینەوەکەش تەواو کرابا، ئەوا دەمانتوانی ئەنجامەکانی بلاَوبکەینەوە.

پیاوە پیرەکە ئۆحەئۆحێکی هاتیو لەشوێنەکەی خۆی هەستا، وای هەستدەکرد هەوڵو تێکۆشانەکانی کەڵکی ئەوەیان پێوە نەمابێت کەخەڵکی گرنگی بەتوێژینەوەکانی بدەن، تاقە هاوڕێ دڵسۆزەکەشی ئەوە ماوەیەکە دەرناکەوێت، لەپڕ بزربوو بەبێ ئەوەی هیچ ناونیشانێك لەدوای خۆی جێهێڵێت، لەوانەیە ئەویش سەرقاڵی بیرکردنەوەی هەڵگیرسانی شەڕەکە بێت، بۆیە سەرێکی لەقاندو وای هەستکرد کە زۆر ماندووە.

## ئەو شەوەی کە بۆبەیانی شەڕ دەست پێدەکات

## 4 ی حوزەیران ساڵی 1967

## کاتژمێر 11ی شەو هەتا بەربەیان

ئای یای یای، بەوشێوەیە فرۆکەوانەکان هاواریان دەکردو چەپڵەیان لێدەدا، لەژێر کاریگەری دەنگی مۆسیقایەکی بەرزو ئەو جووڵە دەمار بزوێنانەی کە(سهیر زکی) گەورە سەماکەری میصری بە لەرینەوەکانی بەر ورگی ئاگری لەبیرو هۆشی ئامادەبووەکان بەردەدا، خەڵکی ئەوەندە ئارەزووی ئاهەنگەکانی (سهیر زکی)یان دەکرد، هەموو جارێک نرخی بلیتی ئاهەنگەکانی بەهای ستانداری دەبەزاند، لەبەر گرانی نرخی بلیتەکانیش، هەمووکەسێك نەیدەتوانی بەشداری ئاهەنگەکانی بکات، بەڵام ئەوە ئێستا سەمایەکی تایبەت دەکات بۆ فرۆکەوانەکان، ئارام ئەنویری برادەری فرۆکەوانەکان، توانی (سهیر زکی) ڕازی بکات، بەوەی بەهونەرەکەی سەرنجی فرۆکەوانە (مصر)ییەکان ڕاکێشێت، دیمەنی زۆر کاریگەری نیشاندان لەژێر ئاوازی مۆسیقادا، هەموو بەشێکی جەستەکەی شێوازێکی هونەری تایبەت بەخۆی دەنواند، جوڵەی زگو پشتو مەمکە بەرەلاکانی، مرۆڤیان هاندەدا بەرەو ئارەزووبازیەکی ئابروبەر، لەناو ئەوهەموو دیمەنە دەمار بزوێنەشدا ئاخو ئۆفو هاتو هاوار لەناخی فرۆکەوانو هاورێکانیان، ناو هۆڵەکەیان پڕکردبوو.

منیش دەم نادەم، ئاماژەیەکم دەدایە خزمەتکارەکان، بۆئەوەی زیاتر شەڕاب پێشکەش بکەن، شووشەی شەڕابی نوێ هەڵدەپچڕاو ڕۆدەکرایە پێکەکانەوەو پێشکەش بەفرۆکەوانو هاورێکانیان دەکرا، لەگەڵ هەموو فرێکدا زیاتر بێهۆش دەبوون.

هاورێ خۆشەویستەکەشم (صدقی محمود)، خۆی وێکهێنابۆوە، هەموو سەرنجو تێڕوانینەکەی ئاڕاستەی سەماکە کردبوو، لەکاتی بینینی دیمەنێکی ورژێنەردا، چاوەکانی لەسەر نەدەتروکاند، ئارەزووبازیش لەچاوەکانیەوە دەردەپەڕین، لەگەڵ هەموو ئاوازێکی مۆسیقاو سەمادا، سەری بۆ دەلەقاند، لەپڕ هەستم پێکرد هەموو پیاوەکان لەگەڵ کچەکان لەجێگەکانی خۆیان هەستانو لەگەڵ ئاوازی مۆسیقادا بەشداری سەماکردنەکەی سەماکەرەکەیان دەکرد، جاریکی تریش

ئامـاژەم بـۆ خزمـەتكارەكان كـرد خـواردنو شـەڕابی زیـاتر پێشـكەش بكـەن، لەوكاتـەدا سـەماكەرەكە بەرگـە تەنكەكـەی لـەخۆی دامـاڵیو جەسـتەكەی بەتـەواوی بەدەركـەوت، تـەنها بەشێكی كەم نەنێت، هەموو ئامادەبووەكانیش سێرەی چاوەكانیان گرتبـووە ئەوبەشـە كەمـە داپۆشراوەی بەشی سەرەوەی نێوان ڕانەكانی.

بۆخۆشم زۆر هەوڵم دەدا شەڕاب نەخۆمەوە، بەڵام زۆریش پێویسـت بـوو كـەس بـەوە نـەزانێت، ناچاریش بووم لەبەرچاوی هاوڕێكانم كەمێك بخۆمـەوە، بـەهۆی ئـەو چـەند قومەشـەوە تووشـی سەرسـوڕان بـووم، لەبەرخۆمـەوە دەمگـوت مـن بەچـەند قومێـك ئـاوا گێـژبووم، ئـەدی دەبێـت هاوڕێكانم چیان بەسەربێت كە زۆر زۆر لەمنیان زیاتر خواردۆتەوە؟

صدقی محمودی هاوڕێم لێم نزیك بۆوەو چاوەكانی بریبوونـە سـەر (سـهیر زكـی)و گـوتی: ئـارام ئیمشەو (سهیر) لەگەڵ تۆدا دەمێنێتەوە؟ منیش گوتم: بەڵێ.

گـوتی: بۆنایـەی كچـەكان بگۆڕینـەوە، ئامـاژەی بـۆ كچـێك كـرد كـە لەسـەر مێزەكـە لەگـەڵی دادەنیشت ناوی (سمیرە)بوو، منـیش بەپەنجیـەكم ناڕەزامەنـدیم نیشـانداو گـوتم: ئەوانـەی كـە شتەباشـەكان دەدۆزنـەوە، بەبـەردەوامی لـەڕیزی پێشـەوە دەڕۆن، ئـەویش گـوتی: بـەڵام ئەمجارەیان تـۆ شـتێكی وەهـا باشـت دۆزیتـەوە، ئەوەنـدە كاریگـەرە ئەگـەر لەسـەری بـدوییی چەندین كتێب پڕدەكاتەوە.

مۆسـیقاكە كۆتـایی پێهـاتو (سـهیر زكـی)یش چـوو لـەژوورێكی تەنیشـت شـانۆكە بەرگەكـەی بگۆڕێت.

ئاوو هەوای سەركەوتن بووە هۆی ئەوەی خۆمانو دابو نەریتەكانیشمان لەدەسـت بـدەین، مـن كەسەرەتای ئەو مانگە گەڕامەوە بۆ قاهیرە، سـێ ڕۆژبـوو قـاهیرەم جێهێشـتبوو، بـەڵام هـەموو شتێك گۆڕابـوو، دوژمنـەكانی سـەرۆكو لەهەمووشـیان كەللـەڕەوقتر مـەلیكی ئوردنـە، كەبـەپێی خۆی هاتووە بۆ قاهیرەو بەبەرچاوی خەڵكەوە ئەولاو ئەولای سەرۆك ماچدەكاتو ڕێككەوتنێكی سەربازی لەگەڵ واژۆ دەكات، بەپێی ئـەو ڕێككەوتنـەش هـەموو سـوپای ئـوردن دەكەوێتـە ژێـر فەرماندەی سوپای (مصر)ەوە، ئەوەش نیشانەی ڕاستیو دروستی هەموو ئەو هەنگاوانەبوو كە

سەرۆك گرتبونیەبەر، لەمەغریبی عەرەبیەوە هەتا بیابانی گەورەی عەرەب، ناوی سەرۆك لەسەر هەموو دەمو زمانێك بوو.

ڕکابەرو دوژمنو نەیارەکانی، هەموویان خۆیان خستبووە ژێر دەسەڵاتیەوەو لە خزمەتی دابوون، هەموو سوپاو فڕۆکەو بنکە سەربازیەکانی خۆیان دابووە دەستی، ئەو جەزائیرەی کە لێشیەوە دووربوو، چەندین یەکەی سەربازیو فڕۆکەوانی بۆ ڕەوانەکردبوو، میواندارى هەندێك لەوفڕۆکەوانە جەزائیریانەشمان کردبوو بۆ ئاهەنگی شەوە سوورەکەی (سهیر زکی)، لە کوەیتیشەوە یەکەیەکی سەربازی پیادە نێررابوو، وەکو نیشاندانی ئارەزوومەندییەکی ئەمیرەکانی خاوەن پیترۆڵ بۆئەوەی بەشداربن لەکاروانی سەرکەوتنەکە.

ئیسرائیلیش خۆی وادەبینییەوە کە لەهەموولایەکەوە دەورە دراوە، بیری لەوە دەکردەوە لەزۆر ناوچە سنووریەکان پاشەکشێ بکاتو هێزی نەتەوە یەکگرتووەکان بێنەوە نێوانیان. ڕۆژ بەڕۆژیش هێزی عەرەبەکان لەسەر سنووری ئیسرائیل لەزیادبووندابوو.

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ کۆکردنەوەی هێزی وڵاتانی عەرەب لەسەر سنووری ئیسرائیل لە زیادبووندابوو، عێراق فڕۆکە شەڕکەرو بۆمبا هاوێژەکانی نزیك کردبوونەوە بۆ بنکەیەکی ئاسمانی نزیك سنووری ئوردن، سەربازو هێزە زرێپۆشەکانیشی، لەبەری ڕۆژهەڵات جێگیربوون، بەنیازی ئەوەی بگوازرێنەوە بۆ بەرەی ڕۆژئاواو، دەورەی قودس بدەنو وڵاتی دوژمنەکەیان دوو لەت بکەنو پاشانیش هێرش بکەنە سەر تەلئەبیب.

لەناو هەموو هێزی سوپاو هێزی ئاسمانیو کۆبوونەوەی هێزی سیاسیشدا، کە دووکەس یان دەستەیەك ماڵئاواییان لەیەکتری دەکرد، دەیانگوت: لە تەلئەبیب یەکتری دەبینینەوە. لەهەموو وڵاتە عەرەبیەکانیش هەر هەمان شێوەبوو.

ئیسرائیل توانای ئەوەی نەبوو جووڵەیەك بکات، ئێستاش ئەوە جێگری سەرکۆماری (مصر)ی عەرەبی (زکریا محی الدین) سەردانی ئەمەریکا دەکاتو لەگەڵ خودی سەرۆکی ئەمەریکی کۆدەبێتەوە، بۆ چارەسەری کێشەی فەلەستین، هەموو خەڵکیش دەیانزانی ئەمجارەیان چارەسەری کێشەی فەلەستین لەبەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل کەمدەکاتەوە.

هەنگاوی یەکەمی ڕێککەوتنەکە ئەوەبوو کەباشووری (النقب) لەئیسرائیل جیابکرێتەوە، ئەوەش دەبێتە دابڕانی ئیسرائیلو پچڕانی پەیوەندی لەگەڵ وڵاتە نەوتیەکانو وڵاتانی ئەفەریقاو، بێبەشکردنیشی لەمافی ئەو سەکۆ کەناردەریایەی کەلەڕێگەیەوە کەلوپلەکانی دەنێرێت بەرەو ڕۆژهەڵاتی دوور، بەم شێوەیە ئیسرائیل تەنگی پێ هەڵدەچنرێتو بەرەو خنکان دەڕوات، سوپای عەرەبەکانیش بەبەردەوامی لەسەر سنوورەکان دەمێننەوەو، ئیسرائیلیش ناچاردەبێت هێزی یەدەگی سەربازی بخاتە ڕیزی سوپاوە، ئەوسا بارە ئابووریەکەشی دادەتەپێتو دەبێت بەناچاری وەکو میوەیەکی پێگەیشتوو خۆی ڕادەستی عەرەبەکان بکات.

لەدوا پەیوەندیمدا لەگەڵ ئیسرائیل پێش دیاریکردنی کاتی ئاهەنگەکەی ئیمشەو، من ئیسرائیلم ئاگادارکردەوە، کە ڕۆژانی یەکشەممەو دوو شەممە ژمارەیەکی زۆری فڕۆکەوانەکان مۆڵەتی پشوودان وەردەگرن، هەروەها ئاگاداری ئەوەشم کردنەوە کە سەرکردایەتی (مصر) ڕۆژی دووشەمم سەردانی سینا دەکەن، هەروەها ئەوەشم پێڕاگەیاندن کە سەفیری ڕوسیا لە(مصر) زۆر بەتوندی داوای لەعبدالناصر کردووە بەزووترین کات هێرش بکاتە سەر ئیسرائیل، بۆیە منیش پێشبینی ئەوەم بۆ ئیسرائیلیەکان کرد کە کاتەکە بەفیڕۆ نەدەنو بەرەبەیانی دووشەمە هێرش بکەنە سەر (مصر)، بەڵام وێستگە سەرەکیەکە لەئیسرائیل داوای لێکردم پاش چەند کاتژمێرێکی تر پەیوەندییان پێوە بکەمەوە.

بۆیە من لەماڵەکەم چوومەدەرەوە بەرەو یانەی فڕۆکەوانەکان لە(عین الشمس)، لە ڕێگەش تووشی (غادە)بووم کە تازە فێری سەماکردن دەبوو، لەوکاتەشدا من پێویستیم بەکەسێك هەبوو لەگەڵم ڕابووڕێتو کەمێك لەشێواویو دڵەڕاوکێکانم کەمکاتەوە، تا کاتی ئاهەنگەکە دێتە پێشێ‌و، پاشان لەبەرەبەیاندا ئیسرائیل هێرشەکەی دەست پێدەکات، ماوەیەك بوو (غادە فخری)م نەبینیبوو، پاش ئەوەی کە لەئاهەنگێکدا دامەدەست پاڵەوانەکەی یەمەنو سەحرای سینا(کامل مرتجی)، (غادە)زۆر خۆشحاڵ بوو بەبینینی من، تێیگەیاندم کە لەدووری من خەمبارە، بەتایبەتیش لەو ڕۆژگارەدا قاهیرە خەریکی ئاهەنگەکانی سەرکەوتنەو ئەویش بەتەنهایە بەبێ هاوڕێ، بۆیە داوای لێکردم بۆهەر شوێنێك بێت بیبەم، بۆئەوەی فڕۆکەوانە پاڵەوانەکانی سوپای (مصر) ببینێت.

دەمزانـی کـە(غادە) لـەخێزانێکی هـەژارە، ئێسـتاش کەهاتۆتـە مەیدانی هونـەرەوەو دەیـەوێت ناوبـانگ دەرکـات، بـەلاّم لــەگفتوگۆدا کەسـێکی سـادەیەو وێـردە سـادەو سـەرەتاییەکان بەکاردێنێت، بۆنموونە: گەڕەکی (هلیوبولس)ی بە(مصر الجدیدە) ناودەبرد، ئـەوەش نیشـانەی سادەیی ڕەچەڵەکەکەی بوو(خۆی بەگەورە نـەدەزانی)، خـاوەنی تایبەتمەنـدی زۆر جـوان بـوو، دەشـیزانی بۆئـەوەی ناوبـانگ دەرکـات، پێویسـتی بەهاوڕێیـەکی دەوڵەمەنـد هەیـە، بۆیـە هـەر لەیەکـەم دیـدارەوە دەیەویسـت خـۆی بەمنـەوە ببەسـتێتەوە، منـیش زۆر بەنـەرمی لـەخۆمم دووردەخستەوە، ئەوەندەی نەدەخایاند دەهاتەوە پێشێ و، هـەرکاتێك ویسـتبام ئارەزووەکـانی جێبەجێ دەکردم، بـەلاّم زۆر گـرنگیم پێنـەدەدا، چـەندین جـار پێمـدەگوت: مـن ئەوکەسـە نـیم کـەدەتوانێت یارمـەتی تۆبـدات، بـەلاّم لەگـەڵ ئەوەشـدا هـەر دەهاتـەوەو خـۆی دەخسـتەوە باوەشمەوە.

لەگەڵ(غادە) بەرەو یانەی ئەفسەرانی هێزی ئاسمانی کەوتینەڕێ، شەقامەکە بەجوانکاریـەکانی جـەژنی سـەرکەوتن ڕازێنرابـۆوە، وێنـەکانی سـەرۆك لەهــەموو دیـوارو دەرگـەو پەنجەرەیـەك هەڵواسـرابوون، لەشەقامەکانیشـدا نـاوی ئیسـرائیل دەهێنـرا، بڵنـدگۆکان لەهــەموو کـونو کەلەبەرێکەوە دەنگی(احمد سعید)ی بەڕێوەبەری ئیزگـەی (صـوت العرب)یـان بـەگوێی خـەڵکی ڕادەگەیانــد کــەدەیگوت: کاروانەکــەمان بــەرەو تەلئــەبیب گەیشــتە قۆنــاغی ئەنجامــدانی مەبەستەکانی، ئەی نەتـەوەی عـەرەب، هەلێکـەو هەڵکـەوتووە گـورزێکی گوشـندە لەئیسـرائیل بوەشێنین، مردنو سەرشۆڕی بۆ چەتە جوولەکەکان.

(غادە) لێم نزیك بۆوەو گوتی: ئەنوەر، ئەوکاتەی کـە سـەربازەکانمان دەچـنەناو تەلئەبیبـەوە، دەمەوێت یەکەم هونەرمەندبم لەوێ لەگەڵ سەربازەکان ئامـادەبم، ئایـا تـۆ دەتوانیـت یارمـەتیم بدەیت؟ بیهێنە بەرچاوی خۆت بزانە ئەوکاتە چەند پیرۆزە کەهێشتا دوکـەڵی شـەڕ بەردەوامـەو سەربازەکانیشـمان بەبـەرگی شـەڕەوە لـەهۆڵێکی گـەورەی تەلئەبیبـدا ئاهـەنگ دەگێـڕنو، هونەرمەندی بەناوبانگی سەماش( غـادە فخـری) بەجووڵـەکانی سـەمای سـەرکەوتن سـەرنجیان ڕادەکێشێت.

شایەدی دەدەمو دان بەو ڕاستیەشدا دەنێم کە ئەو کەشو هەوایەی لە (4 ی حوزەیرانی 1967)ەوە باڵی بەسەر قاهیرەدا کێشابوو، هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆئەوەی بتوانم (صدقی محمود)ی سەرکردەی هێزی ئاسمانی ڕازی بکەم ئاهەنگێك بۆ ئەفسەرانی هێزی ئاسمانی ساز بکەین، کەسەرئەنجام بڕیاردرا ئاهەنگەکانی ناوچەی ناوەڕاستو خۆرئاوای نیل لەبنکەی ئاسمانی (انشاص)و، لەناوچەی ڕۆژهەلاتیش لەبنکەی ئاسمانی(بیر کفکفا)لە سینا سازبکرێن، لێرەدا بیرۆکەیەك لە مێشکمدا سەری هەڵدا، لەبەرخۆمەوە گوتم: بۆچی یارمەتیەکەی(غادە فخری) نەدەم لەیەکێك لەو ئاهەنگانەدا سەمایەك نمایشت بکات بۆ ئەفسەرە فڕۆکەوانەکان؟

بە(غادە)م گوت: دەتەوێت لەئاهەنگێکدا بەشداری بکەیت کەبۆ فڕۆکەوانەکان ساز دەکرێت لە سینا؟ بەیانی ئاهەنگێك بۆ فڕۆکەوانەکان سازدەکەین لە(بیر کفکفا)، هەموو فڕۆکەوانەکانی ئەو ناوچەیە ئامادەدەبن، ئایا دەتەوێت لەوێ سەمایەك نمایش بکەیت؟ لەتامەزرۆی ناوبانگ دەرکردندا، چاوەکانی بریسکە بریسکیان لێوەدەهاتو گوتی: تۆش ئامادەدەبیت؟

وەلامدایەوە نەخێر، چونکە دەبێت من لەشوێنێکی تر ئامادەبم، بەلام بۆخۆم ڕادەستی لیوا (عبدالسلام دغیری) سەرکردەی هێزی ئاسمانی سینات دەکەم، (غادە)ش زۆر دلخۆش بوو، ئەوە گەورەترین هەل بوو بۆئەو، کە لەبەرانبەر فڕۆکەوانانی هێڵی یەکەمدا دەردەکەوێتو، ناوی دەکەوێتە سەر هەموو زارو زمانێك، بۆیە گوتی: ئارام دەمەوێت هەرچۆنێك بێت ئەوئاهەنگەم بۆ ڕێك بخەیت، منیش هەتا مردن خزمەتکاریت دەکەم.

(غادە) لەخێزانێکی هەژاری ساویلکەبوو، نەیدەزانی هیچ شتێك هەتاسەر بەردەوام نابێت، دەربارەی (غادە) قسەم لەگەڵ لیوا(عبدالسلام دغیری)کرد، پاشان بردم بۆ ماڵەکەی، لەڕێگاش پێمگوت: (ئەی کچە جوانەکە، بەڕێکوپێکی لەگەڵ لیوا(عبد السلام دغیری) ڕەفتاربکە، پیاوێکی گەورەیەو داهاتوویەکی ڕوونی هەیە لەولاتدا)، (غادە)ش گوتی: ئومێدەوارم لەو جەنەڕاڵە بەتواناتربێت کەپێشتر منت ڕادەستی کردو وەك پاڵەوانی یەمەن (کامل المرتجی)ت بە من ناساند، وەلامدایەوەو گوتم: ئەی بووکە جوانەکە، منیش ئەو هیوایەت بۆ دەخوازم، بەلام من تاقیم نەکردۆتەوە، تۆ تاقی بکەرەوەو ئەنجامەکەشم پێڕا بگەیەنە، هەردوکیشمان لەقاقای پێکەنینمان دا.

(غـادە)م خۆشدەویسـت، بـەڵام وەکـو خۆشەویسـتی وەسـتای نـەجارِ بـۆ مشـارەکەی‌و، وەکـو خۆشەویستی جووتیار بۆ گاسنی زەوی کێڵانەکەی‌و، وەکـو خۆشەویسـتی یاریکـەری شـەترەنج بـۆ داشـەکانی شـەترنجەکە، بەوشـێوەیە (غـادە) ببـووە بەشـێك لەپیلانـە تایبەتیـەکانی مـن، ئێستاش من ئامادەم‌و چاوەڕوانی فـەرمانی بەرپرسـەکانم دەکـەم لەئیسـرائیل بـۆ ئەنجامـدانی ئاهەنگەکە.

پێپیلکەکانی مۆسیقای عـەرەبیم دەزانـین کـە لـە (17)ئـاواز پێکـدەهات‌و زۆر دەوڵەمەنـدتربوو لەپێپیلکەکانی مۆسیقای عیبری، لەوەش تێگەیشتبووم ئەو ئافرەتە سەماکەرانەی لەرینـەوەیان بـە بـن ورگـی خۆیـان دەکـرد، بەشـێوەیەکی سـەرنج ڕاکـێش زاڵبـون بەسـەر مێشـك‌و جووڵـەی ماسولکەکانیاندا، لە دابونەریتە کۆنە عەرەبیەکانیش شارەزابووم، کەمێژووەکەیان دەگەڕایەوە هەزاران ساڵ پێش ئێستا، کەبریتی بوو لە: (دەستهەڵگرتن لەهەموو شتێك لـەپێناوی چـوونەناو دنیای ئارەزوو لەزەتەکانەوە، بۆئەوانەی کە نرخی دەزانـن)، بـەڵام ئـەوەی ئیمشـەو مـن بینـیم شتێکی نوێ بوو، ئاهەنگەکە هەر لەئێوارەوە لەسەر یەك ڕێچکە دەڕۆیشت، کات بـوو بـەنیوەی شەو، ڕۆژی ڕابردوو کۆتایی هات‌و سەرەتای ڕۆژێکـی نـوێ دەسـتی پێکـرد، لـە کاتژمێرەکەمـدا بینیم چۆن ژمارە (4) تێپەڕی‌و ژمارە (5) هاتە جێگەی، کە لەدایکبوونی ڕۆژێکی نوێی نیشـان دەدا، بەدرێژایی ئاهەنگەکە لـەبیری ئـەوەدابووم کـە زۆر شـەڕاب نەخۆمـەوە، بـەڵام ناچـاربووم لەبەرچـاوی هاوڕێکـانم چـەند فرێکـی لێـدەم، لەگـەڵ ئەوەشـدا دەنگـەدەنگ‌و هۆسـەوهەراو مۆسیقایەکی شێتانەو سەما ورژێنەرەکەی (سهیر زکی)، بوونەهۆی ئەوەی بکەومە ناو دنیایەکی بەلـەزەتی بێهۆشـییەوەو دەسـەڵاتم بەسـەرخۆدا نـەمێنێ، بۆیـە داوای یارمـەتیم لە(صـدقی محمود)کردو چوومە ژووری خۆشردنەکە، بۆڕی ئاوە سـاردەکەم کردەوانـێ برژێتـە سەرسـەرم، ئەوسا بەهۆش خۆم هاتمەوەو هەستم دەکرد چی ڕوودەدات.

لەبەرخۆمەوە دەمگوت: ئایا دەبێت ئاهەنگەکە ڕاسـتەقینەبێت؟ هـەمووان دەبیـنم سەرخۆشـن، ئایا لەڕاستیدا دەبێت وابێت، یان من چاوەکانم هەڵیانخەڵەتاندوم؟ دەبێت ئەوە ڕاست بێـت مـن تـوانیبێتم ئەوهـەموو خەڵکـە هەڵخەڵـەتێنم؟ یـان زەکـەریا محـی الـدین منـی هەڵخەڵەتانـدووە، کە(فیشـڵ)ی مامۆسـتام هـەموو جارێـك هۆشـداری دەدامـێ زۆر وریـابم لەبەرانبەریـدا؟ دەبێـت

ڕاستەقینەی کەسایەتیەکەی منیان بۆ ئاشکرا بووبێتو، منیش هەستی پێنەکەم هەتا پۆلیسم بۆدێتە ژوورەوەو دەستگیرم دەکەن؟ ئەوساش پلانەکە شکست دێنیّو فڕۆکەوانە (مصر)ییەکان ئامادەییەکی تەواوی خۆیان وەردەگرن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی فڕۆکە ئیسرائیلیەکانو بەتەواوی تێکیان دەشکێنن، ڕووداوەکانم دێنانەوە بەرچاوی خۆم، ئەو مۆڵەتی پشوودانەی کە ئیمڕۆ بەیانی دراوە بە سەد فڕۆکەوانو، ئەو ڕاسپاردانەی کە(صدقی محمود) فەرمانیدابوو پەیڕەوی بکرێن لەلابردنی بار نائاسایی لەبەرەبەیانی ڕۆژی شەممەوەو، پشودانی فڕۆکەکانیش لەفڕۆکە خانەکانیاندا، هەموو ئەوشتانە من بووم بوومەهۆی ڕوودانیان، کەکارم کردە سەر (صدقی محمود) ئەو فەرمانانە دەرکات، بۆئەوەی بوارێك بڕەخسێت فڕۆکەوانەکان بتوانن بەشداری ئاهەنگەکە بکەن.

جا ئایا ئەوەی تائێستا ڕوویداوە ڕاستەقینەیەو(من ئەوانم هەڵخەڵەتاندووە)، یان بەرنامەیەکی هەڵخەڵەتێنەری درێژخایەنەوەو (ئەوان دەیانەوێت من هەڵخەڵەتێنن) بۆ ئەوەی بەتەواوی مەبەستەکەم ئاشکرا بکەن؟

بەتەواوی هاتمەوە هۆش خۆم، بۆم ڕوون بۆوە کەئاهەنگەکە ڕاستەقینەیەو فڕۆکەوانو سەرکردەکانیشیان ئێستا هەموویان سەرخۆشن، سەرخۆشی ڕاستەقینەن، خۆیانو کیژە جوانەکانی باوەشیشیان، لەژووی خۆشردنەکە هاتمەدەرەوە، چوومە نووسینگەیەك کە لەپاشەوەی هۆڵەکەبوو، ئەفسەرێکی (مصر)ی ملازمی پلەدوو لەو ژوورە دانیشتبوو، گوێبیستی ئاهەنگەکە دەبوو، بەلاّم نەیدەتوانی ئەرکەکەی جێهێڵێتو بێت ئاهەنگەکە ببینێت، کاتیّ منی بینی لەشوێنی خۆی هەستاو، سلاّوێکی سەربازی لێکردمو، گوتی:

فەرموو ئەنوەر بەگ، دەتەوێت چۆن خزمەتت بکەم؟

گوتم: دەمەوێت بەپەلە پەیوەندی بکەم بەبنکەی ئاسمانی(بیر کفکفا)؟

تەلەفۆنەکەی لێداو لەگەڵ یەکێکدا قسەی کردو، دەسکی تەلەفۆنەکەی دایە دەستم.

گوتم: کیّ قسە دەکات؟ وەلاّمیدایەوە: بنکەی ئاسمانی (229).

گوتم دەمەوێت لەگەڵ خانمە(غادە فخری) بدوێم کەئیمشەو لەئاهەنگەکەتان سەما دەکات.

وەڵامیدامــەوەو گــوتی: ئێســتا نــاتوانم بــانگی بکــەم، ئــەو خــەریکی پێشکەشــکردنی پارچــە سەمایەکە.

منیش گوتم: کارێکی گرنگم پێیەتی.

وەڵامیدامەوە: ئەو ئێستا خەریکی سەماکردنە، دەتەوێت شتێکی پێڕابگەیەنم؟

منیش گوتم: نا.. نا سوپاس، بەڵام کەی ئەو پارچە سەمایە تەواودەبێت؟

گوتی: نازانم، بەڵام ئاهەنگەکە بەردەوام دەبێت تا درەنگانی شەو.

منیش هەر ئەوەندەم دەویست، دەسکی تەلەفۆنەکـەم دانایـەوەو، سوپاسـێکی ئەفسـەرەکەم کردو گوتم: کەی نۆرەی ئێشك گریەکەت تەواودەبێت؟

لەدەنگیڕا دیاربوو، بەدڵگرانیەوە گوتی: دوای دوو کاتژمێری تر.

منیش گوتم: ئومێدەوارم ئاهەنگەکـە بـەردەوامبێت تـا ئەوکاتـە، پاشـان تـۆش بێیـت بەشداری بکەیت لەگەڵمان.

گوتی: زۆر سوپاس ئەنوەر بەگ.

لەوکاتەدا گوێم لەدەنگێك بوو دەمناسی، گوتی: سڵاو ئەنوەر بەگ.

گوتم سڵاو ئەی صالح، ها ها...وات دەبینم ئیمڕۆ پلەکەت بەرزکراوەتەوە بۆ پلەی مقەدەم، تـۆ ئێستا لەکوێی هەر لەبنکەی (الاقصر)ماویت؟

بەشــانازی بەخۆکردنێکــەوە بەپەنجــەی ئامــاژەی بــەخۆی دەداو گــوتی: ئــارام، ســەرکردەی فڕۆکەخانەی(الغردقە) لەبەردەمتا وەستاوە، وا خۆی نیشاندەدا کەسڵاوێکی سـەربازی لێبکـەم، پاشان بەردەوامبوو لەقسەکانیو گوتی:

(ابوالعز)هــەموو فڕۆکەکانی(ســۆخۆی 7)ی نــاردوون بــۆ فڕۆکەخانەکــەی مــن، دوێنــێ لــە فڕۆکەخانەی (فاید)ەوە گەیشتن، مەترسی ئەوەمان هەیـە ئیسـرائل هێـرش بکاتـە سـەر سـینا، ئەوسا ئێمەش بەفڕۆکەی(سۆخۆی 7)و (میك 21) لەدواوەوە بۆیان دەسوڕێینەوە، ئایا تۆ هیچ شارەزاییەکەت هەیە لەبارەی (سۆخۆی 7)؟

گوتم: بەڵێ، (صدقی محمود) دەڵێت: ئەو فڕۆکانە بەسەر هەموو فڕۆکەکانی ئیسرائیلدا زاڵن.

(لەبەرخۆمەوە گوتم): پێش پێنج ڕۆژ کە لەئیسرائیل بووم ئەو قسەیەم بەسەرکردەی هێزی ئاسمانی ڕاگەیاند، بەڵام ئەو بەتوڕەییەوە لەشوێنەکەی هەستا...

صالح بەردەوامبوو لەقسەکانیو گوتی: فەریق(مصگفی حفناوی)، بەڕەزامەندی (محمد فوزی) سەرکردەی ئەرکانی سوپا، بڕیاریدا پۆلێك لەفڕۆکەکانی (الیوشن 28) لەفڕۆکەخانەی (ابو صویر) بگوازێتەوە بۆ فڕۆکەخانەی(الاقصر)، بەوشێوەیە ئێستا (20)فڕۆکەی (الیوشن 28)و (تۆپۆلیف 16) لەدەرەوەی مەودای فڕۆکەکانی دوژمندان، بۆیە فڕۆکە سۆخۆکانیان لە(الاقصر) گواستەوە بۆ(الغردقە).

وەکو گوێگرێکی خاوەن ڕەوشت، گوێم بۆ قسەکانی صالح شلکردبوون، لەهەمان کاتدا بیرم بەدووبابەتەوە سەرقاڵ بوو، لەلایەکەوە بیرم وێنەی هەنگاوە ڕاستەکانی دەکێشاو، لەلایەکی تریشەوە گەیشتبومە ئەنجامێکی یەکلاکەرەوە، بەوەی کە ڕکابەرییەکی زۆر توند هەیە لەنێوان سەرکردەکانی هێزی ئاسمانی، بەو پێوەرەش ماوەی مانەوەی(صدقی محمود) لەسەرکردایەتی هێزی ئاسمانیدا بەرەو کۆتایی دەڕۆیشت.

لەوکاتەدا گوێبیستی دەنگەدەنگێك بووین لەناو هۆڵەکەدا دەنگی دەدایەوە، خەڵکێك لەشوێنێك کۆدەبوونەوەو، پاشان هەموویان بەرەو دواوە دەکشانەوە، منو صالح بێدەنگ بووین، سەرنجی شوێنی دەنگەدەنگەکەمان دەدا، هەستم کرد ئەوە پۆلیسی نهێنییەو هاتووە من دەستگیرکات، ...ویستم بەپەلە کیفی ددانەکەی ناو دەمم لادەمو حەبەکە قووت بدەم، بەڵام پاشان پەشیمان بوومەوە، بینیم خەڵکەکە دەگەڕێنەوە دواوەو، لەنێوانیاندا کۆمەڵێك پۆلیسی سەربازی سەر بەهێزی ئاسمانی دەرکەوتن، سەردەستەی پۆلیسەکان بۆلای من هاتو بەڕێزەوە داوای لێکردم لەگەڵیدا بڕۆم.

## ئامادەباشی فڕۆکەکان

## بەربەیانی 5 ی حوزەیرانی 1967

سەردەستەی پۆلیسە سەربازیەکانی هێزی ئاسمانی، کەسێك بوو بەپلەی (ڕەئیس)، بالآ کورتو دەموچاو خرپن بوو، زۆر توندبوو لەئەنجامدانی کارەکانیدا، سەرنجێکی منو صالحی داو، سلاوێکی سەربازی نواندو گوتی:

داوای لێبورد دەکەم بەڕێز(ئەنوەر)، فەرمانم پێکراوە لەگەڵ خۆمدا بتبەم.

ڕەنگم زەرد هەڵگەڕا، بەلأم (فیشلێ) لەیەکێك لەوانەکانیدا فێری کردبووم ئەگەر قسەیەکی بەکەڵکم پێنەبێت، ئەوا بێدەنگی باشترە، ترسیشت نەبێت ڕێگەکانی دەربازبوون زۆرن.

موقەدەم (صالح عبدالنبی)ش سەرکردەی فڕۆکەخانەی(الغردقە)، هەنگاوێك لێم نزیك بۆوەو گوتی: ئەی ئەنوەر بەگ، داوای لێبووردنت لێدەکەم، هیوای ساغو سەلامەتیت دەخوازم.

وەلأمم نەدایەوە، (لەدڵی خۆمدا دەمگوت): دەساڵە من لەوولأتەدا جاسوسی بۆ ولأتەکەی خۆم دەکەم، کەس هەستی پێنەکردم، ئێستا لەپڕ لەوکاتە هەستیارەدا نهێنیەکانم ئاشکرا دەبنو تووشی شکست دەبم، کە ولأتەکەم بۆ کاتژمێرێك پێویستی پێمە؟ نەمدەویست بزانم ئەو هەڵە چیە کەکردومەو تووشی ئەو شکستەی کردووم، هەموو بیروهۆشم لەسەر ئەوەبوو حەبەکەی ناو ددانەکەم قووت بدەم، یان چاوەڕێکەم تا دەگەمە دەرەوەی هۆڵەکە.

پۆلیسەکان بوون بە دوو بەشەوە، منیش لەنێوانیاندا دەڕۆیشتم، بەلأم(صالح عبدالنبی) پێشم کەوتەوەو لەنێوانیان بەقیتیو شانازی بەخۆکردنەوە ڕاوەستا، سەرکردەی هێزی ئاسمانیم بینی بەناو جەماوەرەکەدا بەرەو لای ئێمە دەهات، بەترسەوە سەرنجیم دایە، واپێدەچوو لە ڕقان خەریکە پشووی سواردەبێت، لێوەکانی پرتەپرتیان بوو بەبێ ئەوەی وشەیەك لەدەمی

بێتەدەرەوە. پاشان بەسەر خۆیدا زاڵ بوەوەو بانگی ئەفسەرە پۆلیسە سەربازیەکەی کردو گوتی: ئەی (ڕەئیس) لەئامادە باشیدابە کاتێك دەبینیت سەرکردەی بالا لەبەر دەمتدا وەستاوە، ئەفسەرە پۆلیسەکەش کاتێك سەرکردەی هێزی ئاسمانی بینی، هەردووك قاچەکانی بەزەویدادان و سلاوێکی سەربازی کرد، (صدقی محمود)یش بەلالوتیەوە وەڵامی دایەوەو، گوتی: ئەوە چیە چی ڕوودەدات یا (ڕەئیس)؟ (عبد النبی)ش خۆی هێنایە پێشێ و گوتی: گومانی تێدا نیە ئەوانە لەلایەن عەقید(مدکور ابو العز)ەوە نێرراون، ئەفسەرە پۆلیسەکەش بەجولاندنێکی سەری قسەکەی (عبد النبی)پشتڕاست کردەوە.

(عبدالنبی) لەقسەکانی بەردەوامبوو گوتی: گەورەم ، عەقید(ابوالعز) ڕێگەی پێنەداین بەشداری ئاهەنگەکە بکەین، ئێمەش فەرمانەکەی تۆمان جێبەجێ کردو بەشداری ئاهەنگەکەمان کرد، ئێستاش ئەوە پۆلیسی ناردووە بۆئەوەی لەئاهەنگەکە بمکەنە دەرەوە.

(صدقی محمود) بە ئەفسەرە پۆلیسەکەی گوت: ئەی(ڕەئیس) بەخۆت و بەپیاوەکانت لێرە دوورکەوەوە پێش ئەوەی بتدەمە دادگای سەربازی، ئەفسەرەکەش پۆلیسەکانی کۆکردنەوەو بەرەو دەرگای هۆڵەکە ڕۆیشتن.

نەمدەویست ئاهەنگەکە کۆتایی بێت، چونکە هەموو خولەکێك لە بەردەوامبوونی ئاهەنگەکە، دەبێتە هۆی ئەوەی پلانەکەی من ئەنجامی باشتری هەبێت، بۆیە داوام لە خزمەتکارەکان کرد شەمپانیا بەسەر هەمواندا دابەش بکەن.

دوای ئەوەی کە شامپانیای ئاهەنگەکە هەمووی خورایەوە لەلایەن ئەفسەرانی هێزی ئاسمانیەوە، خزمەتکارەکان بەپەلە چوون سەلاجە گەورەکەیان کردەوەو هەموو شووشە شامپانیاکانیان هێنان کە تایبەت بەخۆم دامنابوون.

(صالح عبدالنبی)سلاوێکی سەربازی بۆ (صدقی محمود)کردو سوپاسگوزاری خۆی نیشاندا بەوهەڵوێستەی کەنواندی، پاشان بەرەو ناوەڕاستی هۆڵەکە کشا.

(صدق محمود)یش بەخۆی و بە پێکە شامبانیاکەوە لێم نزیك بۆوەو گوتی: ((ئەی ئارام، دوای ئاهەنگەکە دەچینە ماڵەکەی تۆ، (سهیر زکی)و (سمیرە)ش لەگەڵ خۆمان دەبەین بۆئەوەی

ئەوەندەی لەشەوەکە دەمێنێتەوە لەوێ بەسەری بەرینو دڵی ئەوانیش خۆش بکەین))، منیش گوتم: هەر دڵەکانیان خۆشکەینو هیچی تر؟

بەڵام من زۆرم مەبەست بوو ئاهەنگەکە تابەرەبەیان بخایەنێت، ئێستا(400) فڕۆکەوانی (مصر)ی لەهۆڵەکەدا ئامادەن، زۆرینەیەکی هەرەزۆری فڕۆکەوانەکانی وڵاتی (نیل)ن، هەمووشیان ئێستا سەرخۆشو بێ ئاگان، جا کاتێك لەگەڵ بەربەیاندا لەو هۆڵە دەچنەدەرەوە، ناتوانن جیاوازی بکەن لەنێوان کاتژمێرەکانی دەستیانو کاتژمێری بەرزی پێو لەناو فڕۆکە (میك 21)ەکەکاندا.

لە سەکۆ بەرزەکەی ناوەڕاستی هۆڵەکە چوومە پێشەوەو قسەکانم ئاراستەی(سهیر زکی)کردو گوتم: تۆزێك لەکارەجوانەکانی خۆتمان نیشاندە، هۆڵەکە بێ هیوایی پێوە دیاردەدات کاتێ کەتۆ لەسەماکردندا نیت، ئەویش بازێکی دایە سەر سەکۆکەو بەهەستێکی ورژێنەرەوە جوڵەی سەماکردنەکەی ئەنجام دەدا، هەستم بەخۆم دەکرد کە بەتەواوەتی هاتوومەوە هۆش خۆمو کاریگەری شەڕابم لەسەر نەماوە، بەم پێیە هەتا سێی شەو سەما بەردەوام بوو، پاشان (سهیر زکی) ماندووبوونێکی زۆری پێوە دیاربوو، بۆیە بەنهێنی چووە ناو ژووری جلو بەرگەکانەوە، بەدوای ئەویشدا تیپی مۆسیقاکە لەهەوڵی ئەوەدابوون بلاوەی لێبکەن، بەلام من پێشم پێگرتنو گوتم: (تکاتان لێدەکەم لەشوێنی خۆتان بمێننەوە، ئێمە جارێ پێویستیمان پێتانە).

ئەندامانی تیپە مۆسیقیەکەش بەسەرسوڕمانەوە سەرنجێکی منیان داو، لەشوێنی خۆیان دانیشتنەوە، منیش فەرمانم کرد خزمەتکارەکان خواردنو خواردنەوەیان بۆ بێنن، چوومە سەر سەکۆکەو لەبڵندگۆکەوە ڕامگەیاند کە ئێستاش کاتی یارییەکە کە لەژیانی ڕاستەقینەماندا بۆمان نەکراوە ئەنجامی بدەین، هەموو خەڵکەکە چاویان لەمن بڕیبوو، منیش گوتم: ئێستا بەسەرکردایەتی سەرکردەی هێزی ئاسمانی (مصر)ی ڕاهێنانێکی زیندووی سەربازی ئەنجام دەدەین بۆ لەناوبردنی هێزی ئاسمانی ئیسرائیل.

هەموو تێکڕا چەپڵە بارانیان کردم، بەڵام زۆرینەیەکیش هەر چاویان لەمن بڕیبوو، بۆیە توانیم سەرنجیان بورژێنمو، گوتم: پێویستە یەکێك لەئێوە بەدوای کلیلی سندوقی کارەبای هۆڵەکەدا بگەڕێت، بۆئەوەی لەکاتی دیاریکراودا کارەباکە بکوژێنێتەوە، وەکو نیشانەیەك بۆ

دەستپێکردنی هێرشێکی سەرتاسەری، لەوکاتەدا(صـلاح عبـدالنبی)م بینــی لـەدەرگای هۆڵەکـە ماڵئاوایی لەهەنـدێك لـە هاوڕێکـانی دەکـرد، لەبەرخۆمـەوە دەمگـوت دەبێـت (ابـوالعز) ناچـاری کردبێت کە بۆ بارێکی نائاسایی ئامادەبێت؟ هیوای ئەوەشم دەخواست کە بۆچـوونەکەم ڕاسـت بێت، چونکە دەمزانـی بـەخۆیو بەهاوڕێکانیـەوە دەچـێت لـەناو فرۆکەکانـدا دەخـەون، یـەکێك لەئامادەبووەکان ڕایگەیاند کە کلیلەی سندوقی کارەباکـەی دۆزیوەتـەوە، منـیش گـوتم: ئێسـتا یاریەکە دەستپێدەکەین، خەڵکەکەم کرد بەدووبەشەوە، کچەکان لەلای ڕاستو فرۆکەوانەکانیش لەلای چەپ، کچەکان هێزی میراج بوون، فرۆکەوانەکانیش هێزی مێـك بـوون، پێمڕاگەیانـدن کـە دەسـتم بـەرزکردەوە یاریەکـە بەوێردی(میراجـەکان تێـك شـکێنن) دەسـت پێـدەکاتو چـراکان دەکوژێنەوەو مۆسـیقاش بـەردەوام دەبێـت، پێویسـتە مێکـەکان لـەناو تاریکاییەکـەدا بەباشـی بەدوای میراجەکاندا بگەڕێن، جا ئەوکاتە مێکەکان بەسەر میراجەکاندا سەردەکەون.

فەرمانم کرد بەکوژاندنەوەی گلۆپەکانو، دەنگی مۆسیقایەکی بەیەك دادانیش بەرزبۆوە، لەبیری خۆمـدا وام لێکدەدایـەوە هـەر فرکـەوانێك گەیشـتۆتە ئەوشـتەی کـە بەدوایـدا وێڵـەو ئـارەزووی دەکات، فرۆکەوانەکان لـەناو تاریکاییەکـەدا بـەدوای کچـەکاندا دەگـەڕانو، جاروبـاریش خۆیـان لەیەکتری ڕادەکێشا، کچەکان هاتووهاوای ئارەزووبازیان لێوە هەڵدەستا، ئەوەش دەبووە هـۆی ئـەوەی شـوێنەکانیان ئاشـکرابێت لەلایـەن فرۆکەوانەکانـەوە، بۆیـە پێدەنگـەیان لێکـرد، بـەڵام لەگەڵ ئەوەشدا فرۆکەوانەکان کچەکانیان دەستگیرکردن، کـەس لـەناو تاریکیەکـەدا نەیـدەزانی کـام کچـەی بەرکـەوتووە، پاشـان بـەهۆی دەنگـەدەنگی نـاو هۆڵەکـەوە بۆمـان دەرکـەوت، کـە میراجەکان بۆخۆیان ویستوویانە مێکەکان بەسەریاندا زاڵبن.

دوای کەمێك بەهۆی بڵندگۆکەوە ڕامگەیاند کەیاریەکـە دوای دوو خولـەك کۆتـایی پێـدێت، لـەپڕ یەکێك هاتو پێی گوتم: ئەی ئەنوەر بەگ، پێویستە بـەزوویی یاریەکـە تـەواو بکـەیت، نوێنـەری جەنەرال(هیلال) گەیشتۆتە ئێرەو گوتی: (محمد فوزی) سەرکردەی ئەرکانی سوپای (مصـر)ی، هێزێکی پۆلیس دەنێرێت بۆ بلاوە پێکردنی ئاهەنگەکە.

کاتژمێر پێنجی بەیانی بوو، من دواهەمین کەس بووم کەماندوویەتیم پێوە دیاربوو، (صدقی محمود)یش لەماڵەکەی مندا لەسەر تەختێکی گەورە (سمیرە)ی لە باوەش گرتبوو، منو(سهیر زکی)یش بۆ ئیشی خۆمان چووینە نهۆمی سەرەوە.

(سهیر) لەتەنیشتمەوە پاڵکەوتبوو، گوتی: چاوەڕێی شتێك دەکەی؟ منیش گوتم: نەخێر، بەلاّم زۆر ماندووم ناتوانم بخەوم، لەڕاستیشدا من نەمدەویست بخەوم، بەڵکو لە ملانێدابووم لەگەڵ ئەو خەوەنوچکەیەی کەجاروبار بەسەرمدا زاڵ دەبوو، کەی هێزی ئاسمانی ئیسرائیل هێرشەکەی دەست پێدەکات بۆسەر بنکە ئاسمانیەکانی (مصر)؟ هەستم بەڕووناکی بەرەبەیان کرد خۆی بەسەر پەنجەرەکەدا کێشابوو، کاتژمێر پێنجو پەنجا خولەك بوو، وا پێویست بوو (صدقی محمود) پاش کاتژمێرو چارەگێکی تر بڕوات بۆسەر کارەکەی.

## بەشی کۆتایی

لەکاتێکدا پێنووسەکانی چارەنووس نەخشەکێشی لاپەڕەیەکی ڕەشیان دەکرد بۆ مێژووی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست، لە هەمان کاتدا چەند پێنووسێکی تریش ئەو گاڵتەجاڕیانەیان دەنووسییەوە کە لەگەڵ ڕووداوە گەورەکاندا ڕوویان دەداو هەموو دنیایان دەهەژاند، کەهەموو لایەنەکانی ژیانی گرتبۆوەو هەموو بوارە سەربازیو گەشتوگوزارەکانی داپۆشی بوون.

لەماڵەکەی منیشدا لەنێوان (سمیرە)و (سهیر زکی) سەماکەردا، لەکاتێکدا کە(سمیرە) لەژێر کاریگەری لەزەتەکانی شەوی ڕابردوودا هەر بەپاڵکەوتوویی مابۆوە لەسەر جێگەی خەوتنەکەی لەسووچی لای ڕاستی ژوورەکەدا، ئەم وتووێژە ڕوویدا:

ــ هێی (سمیرە)، پێتنەگوتم، ئەوشەوە لەکوێ بووی؟ مەبەستم لەشەوی ڕابردووە.

ــ پێمگوتی لە باوەشی یەکێك دابووم...

ــ جا بۆ بێدەنگی؟ دەی پێم بڵێ، یان تۆ....

ــ مەبەستت لەچییە لە یان...؟

ــ یان تۆ شەرم دەکەی ئەوەی ڕوویداوە بەئاشکرا بیگێڕیتەوە، یان خۆت وەکو کچێکی داوێن پاك دادەنێیت کە کچێنیەکەی لەدەست نەدابێت؟

ــ ئای خوایە لەوقسە پڕوپوچو ڕقاویانە.

ـ وایە ڕاست دەکەی..دەی زووکە...

ــ لە چی زوو بکەم؟

ــ دەی زووکە ڕاستیەکەم پێبڵێ.

ــ مەبەستت لە کام ڕاستیەیە؟

ــ ڕاستی ئەو پیاوە (صدقی محمود)؟

ــ هەر ئەو بەتەنیا، یان خەلکانی تریش؟

ــ نانا.. ئەوە زۆرە هەر باسی ئەوم بۆبکە...

ــ مەبەستت چیە لەو قسەیە؟

ــ مەبەستم هەموو شتێکە... ئەوە تۆ تێناگەی؟

ــ لەچی تێبگەم؟

ــ لەوە تێبگەی کە من مەبەستمە...

ــ قسەی زۆرت کرد.. بەڵام.

ــ بەڵام...چی؟

ــ بەڵام قسەکانت بێ مانابوون.. تۆ بۆخۆت دەزانی کە هیچ نازانی...

ـ لەوانەیە وابێت...بەڵام ئەوەی کە دەیزانم یەکجار زۆرە..

ـــڕاستدەکەی شتی زۆر دەزانی...کەواتە دەی...

ــ مەبەستت لەچیە؟

ــ مەبەستم لەوەیە ئەوشتانەی دەیانزانی بەدرێژی باسیان بکە.

ــ بەڕێزەکەم ئێستا کاتی ئەوە نیە.

ـــ ئێستا کاتی ئەوە نیە؟! بەخوا سەیرە!

ــ بۆچی سەیرە..

ــ گوێبگرە بەڕێزەکەم... ئەو (صدقی)ییە...

ـــ ئەوە چیت لێ بەسەرهاتووە؟ هەتا ناوی پیاوەکەشت بەتەواوی لەبیر نەماوە... مادام وابێت....

ــ نانا پێویست بەوە ناکات ....ئەو پیاوە صدقی محمود...

ــ ئێ صدقی محمدود چیەتی، چی بەسەرهاتووە؟ قسەبکە پێش ئەوەی ئارامیەکەم لەدەست بدەم..

ـــ (نا نا ئارمیەکەت لەدەست مەدە) ئەو پیاوێکە دڵی زۆر باشە.

ـــ ئای خوایە، دوای ئەو هەموو قسە دوورودرێژانە، مەبەستەکەت هەر ئەوەندەبوو بڵێی (صدقی محمود)پیاوێکی باشە؟

ــ بەڵام تۆ بوارێکم نادەیت بیروڕای خۆمت پێ بڵێم‌و بۆت ڕوون بکەمەوە چی ڕوویداوە.

ـــ باشە دەی قسەبکە، ئەوە من گوێچکەکانم بۆ شلکردوی. (صدقی محمود) دڵێکی زۆر باشی هەیە، ئەو شەوە لەگەڵ مندا مایەوەو بۆ چرکەیەکیش جێی نەهێشتم.

ــ ئای لەو دەسخەڕۆییە، ئەوە ئەو شتەیە کە شانازی پێوەدەکەی

ــ گوتم ئارام بگرە.. ڕێگەم بدە قسەبکەم.

ــ باشە دەی فەرموو:

ــ (صدقی محمود) هەموو شتەکانی بۆ باسکردووم.

ـــ دەزانم ئەو کەسێکی لاسارە، بەهەڵدانی پێکێك یان دووپێك وێسکی، سەری گەرم دەبێت...دەی بزانم چی گوتووە؟

ــ باسی هەموو شتێکی کردووە.

ــ ئەدی بۆ دەترسێی، بۆ بۆم باس ناکەیت؟

ــ ناترسێم بەڵام شەرم دەکەم.

ــ ئۆی.. تۆ شەرم دەکەی... زۆرباشە...ئەو گۆڕانە کتوپڕیە چی بوو بەسەرتدا هات؟

ـــ ئەوە مانای هەموو شتێك دەدات... واتە شەڕ....

ــ شەڕ؟

ــ بەڵێ هەڵگیرسانی شەڕ لەنێوان عەرەب‌و ئیسرائیل.

ــ چۆن بەوەت زانی؟

ـــ بۆ ئـەوەش لـەڕیزی شـتەنهێنیەكان دادەنـریّ؟ ئـەوە لێكدانەوەیـەكی سـادەی (صـدقی محمود)ە...

ــ ئایا (صدقی محمود) ئەو قسەیەی كرد؟

ــ ئاه لەبیرم كرد، بـەڵێ بەڕاسـتی (صـدقی محمـود) ئـەو قسـەیەی كـرد، بـەلاَم وەك (صـدقی محمود)ەكەی دوێنێ دەرنەدەكەوت.

ــ مەبەستت لەچیە؟

ــ مەبەستم لەوەیە زمـانی درێـژ بـوو، هەرچـی بەدەمیـدا هاتبـا دەری دەپەڕانـد، بـەردەوامبوو نەیدەبڕیەوە.

(صدقی محمد) باسی چی تری كرد؟

ــ گوتی: عەرەبـەكان ئێسـتا هـەموویان بـوون بەیـەك، لەئامادەباشـی تـەواودان، ئـەمجارەیان ناگەڕێنەوە هەتا سوپاكەیان لەویّ بەیەك دەگەنەوە.

ـــ باشە سوپاكانیان لەكویّ بەیەك دەگەنەوە؟

ـــ لە تەلئەبیب، ئەوە ئامانجی هەموو عەرەبێكە، پێی لەسـەر خـاكی تەلئـەبیب دانێـتو وەكـو خاكێكی ڕووتـەنی لێبكـاتو، دوای ماوەیـەك شـوێنەواری جوولەكـەكان بنـبڕ بكـاتو، نـەهێڵێت لەخۆی زیاتر كەسی تری لەسەربژیەت.

ــ ئای لەو دڵپیسیە! ئای لەو دوژمنایەتییەی كە لەسنوورێكدا ڕاناگیرێت...!

(سهیر زكی) بەشێوەیەك لەگەڵ (سمـیرە) دەدوا وەك ئـەوەی یـەكێك لەئافرەتـە ئەفسـەرەكانی هۆبەی سیاسـی بێـت، ئـەویش خـۆی لادەدا لـەوەی وشـەیەكی بەگوێـدا بچـرپێنێت، دەیویسـت شتێك وەرگرێت نـەك بیـدات، یـان وەكـو دەڵـێن: (دەیویسـت بكڕێـت و نەفرۆشـێت)، (سمـیرە) لەهەوڵی ئەوەدابوو وردەوردە زانیاریەكان لە(سهیر زكی) دەربێنێت دەربارەی(صدقی محمـود)، كە ئەو زانیاریانە لەوكاتەدا زۆریان خزمەت بەمن دەكرد.

ئامێرێكی تۆماركەری زۆر بچووكم لەشوێنێكی جەستەی (سمیرە)دا دانابوو، ئەو شوێنەشم وەها بۆ ڕێكخستبوو كە بەپاڵكەوتوویی بمێنێتەوە، بۆئەوەی هەموو قسـەكان تۆماربكـات، ئەوشـەوە لەسـەرجێگا هەسـتم بەدڵتەنگییـەك دەكـرد، لەتەمەنمـدا تووشـی بـارێكی وەهـا نـەببووم، زۆر

تامەزرۆبووم بەزووترین کات شریتی تۆمارکەرەکەی (سمیرە)م بگاتە دەست، کەگومانی تێدانیە پڕە لەو زانیاریانەی کە من بەدوایاندا دەگەڕێم.

بەڵام لەدوا کاتژمێری کاتی شەودا کە شریتەکەم دەستکەوت، بەتەواوی بێ هیوابووم، وشە بەوشە شریتەکەم لێدەدایەوە، بەبێ ئەوەی ئەوشتەم دەسکەوێت کەبەدوایدا وێڵم، هەموو قسەکانی ناو شریتەکە تەنها باسی بابەتی ژنانەبوو.

لەوانەیە(سهیر زکی) زیرەكو وریاترو فێڵبازتر بووبێت لە(سمیرە)، بۆیە زۆر بەئاسانی بەزانیاریەکانی خۆی دەردەکەی سەمیرەی دەرمان کردو، بەهەستی شەشەمی دەرکی بەوەکرد کە(سمیرە) دەیەوێت ڕایکێشێتە ناو وتووێژێکەوە دەربارەی(صدقی محمود).

لەسەر داوای دکتۆرەکان، لەناو بانیۆی ژووری خۆشردنەکەدا، لەناو ئاوێکی گەرمی پلە(37)دا هەتا بن گوێچکەکانم نقوم ببووم، هێدفۆنە بچوکەکانیشم لەکونی گوێچکەکانم دانابوون، بۆئەوەی گوێبیستی ناوەڕۆکی شریتەکە ببم.

ئاوەگەرمەکە کاریگەرییەکی باشی هەبوو لەسەر هێورکردنەوەی باری دەروونە ماندووەکەم، وردەوردە دەمارەکانم نەرم دەبوونەوە بەهۆی کاریگەری ئاوەگەرمەکەو گوێبیستبوونی چرپەچرپو ئاخوئۆفی ئەوە دوو ئافرەتە لەوتووێژەکەیاندا.

بەڕاستی وتووێژێکی بەرداربوو لەبارەی هەستو سۆزەوە، بەلام شکستداربوو لە ڕووی سیاسەتەوە کە مەبەستی سەرەکی من بوو.

وام هەستکرد لەگەڵ خۆمدا دەدوێم، لەکاتێکدا کە لەناو بانیۆکەدا درێژببوم، سەرم لە ڕۆخەکەی گیرکرد، بۆئەوەی کەمێك خۆم هەستێنمەوەو گوێچکەکانم کەمێك لەئاستی ئاوە گەرمەکە بەرز بکەمەوە کەهەڵمەکەی هەموو ژوورەکەی گرتبۆوە.

لەبەرخۆمەوە دەمگوت باشە(صدقی محمود) ئەوهەموو گرنگیی پێدانەی بۆچیە؟ هەموو ئەو پلانانەی کە دامناون و نەخشەم بۆکێشاون، هەموویان جێبەجێ کراونو ئامانجەکانی خۆیان پێکاوە، هەمووشتێك بەڕێكوپێکی بەڕێدا دەڕوات، هەر ئەوەندەمان لەسەرە لەچاوەڕوانی دابین.

ئەوەتا مەملەکەتی (مصر)ی پێشانو کۆماری یەکگرتووی (مصر)ی ئێستا، لە ئامادەباشیەکی تەواودایە پێشوازی لەچارەنووسە ڕەشە خەماویەکەی بکات، ئەو چارەنووسەی کەهیچ جیاوازییەکی نیە لەگەڵ بەخت ڕەشیەکەی(سهیر زکی) سەماکەر، کە لەدەست ماندوبوونی سەماکردنەکەی ڕزگاری نابێت، لەکاتێکدا کە وڵاتەکەی خەریکە تووشی کاولکاری دەبێت.

بەو تێڕوانینانە، بیری هەڵچووی خۆم ئارام دەکردەوە، لەپاش ئەو شکستەی کە بەسەرم هات لەکۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی(صدقی محمود)، بەوشێوەیەی کە بۆخۆم دەمویست، نەك بەوشێوەیەی کە(سمیرە) بەبێ بیرکردنەوە پەنای بۆبردبوو.

بۆ جاری هەزارەمیش بیرم لە (فیشلێ)دەکردەوە، ئەوپیاوەی منی کرد بەجاسوسێکی باشو، پیاوێکی وای لێ دروستکردم بۆ خزمەتی وڵاتەکەی لەناو هەموو جەستەو دەروونیدا باوەڕێکی تەواوی هەبێت بەسەرکەوتن لەکۆتایی ئەرکەکەیدا، لەیادکردنەوەی (فیشلێ)یشدا، ئەوەم بیرکەوتەوە کەجارێکیان پێی گوتم: (نەکەی پشت بەکەس ببەستی...ئەو دەستکەوتەی کە بەتوانای خۆت بەدەستی دێنی، زۆر باشترە لەو دەستکەوتەی بەهۆی خەڵکانی ترەوە دەستت دەکەوێت)، ڕاستە فیشلێ ئەو قسەیەی کرد، کەواتە ئێستا من بۆ پەیڕەوی قسەکەی نەکەم؟

بۆخۆم (سهیر زکی) دەبینمو خۆشترینی کاتیشی لەگەڵ بەسەر دەبەمو زانیاری باشیشی لێوەردەگەم.

بەوشێوەیە گەرماوەکەم تەواوکردو لەبانیۆکە هاتمەدەرەوەو دەستم برد بۆ خاولیەکان، هەستم بەخۆم دەکرد هەموو هێزی کەسایەتیەکەم بەدەستهێناوەتەوەو پڕبووم لەچوستیو هیوایەکی گەورە.

بەڵام کام ڕێگایە بگرمەبەر بۆ وەرگرتنی زانیاری لەو سەماکەرە نەفرین لێکراوە؟ ڕۆبەکەم لەبەرکردو لەسەرتەختەکە لێی پاڵکەوتم.

کەزەنگی تەلەفۆنەکە لێیدا... لەبەرخۆمەوە گوتم: ئەوە دەبێت کێبێت؟ دەسکی تەلەفۆنەکەم بەرزکردەوە بەهیوای ئەوەی (سمیرە)بێت قسەبکات، بەڵکو هەندێك زانیاری تری لێوەرگرم دەربارەی(صدقی محمود)و لێشی بپرسم بزانم ئەو ئێستا لەکوێیە.

بــەڵام دەنگەکــە دەنگــی ســەمیرە نــەبوو، دەنگــی ئــافرەتیش نــەبوو، دەنگــی فەرمانبــەری تەلەفۆنەکەی یانەی ئەفسەرای هێزی ئاسمانی بوو، بەم شێوەیە قسەی لەگەڵ کردم:

ــ دەمەوێت لەگەڵ ئەنوەر بەگ بدوێم.

ــ من ئەنوەرم ...جەنابتان کێن؟

ــ ئێمە لەیانەی ئەفسەرانی هێزی سەربازییەوە پەیوەندی دەکەین.

ــ فەرموو بەڕێز...هەر خزمەتێکت هەبێت؟

ــ بەڕێز ئەنوەر، بفەرموو بۆ ئێرە، دیداری بەڕێز (زكريا محى الدين)بکە، بۆ کارێکی زۆر گرنگ.

ــ کێ ئەو قسەیەی کرد؟

ــ ئەو بۆخۆی.

ــ بەڵام ئەو ئێستا خەریکی سەفەرە بۆ ئەمەریکا.

ــ ئەوە فەرمانی خۆیەتی، لەدەسەڵاتی مندا نییە.

ــ باشە ئامادەدەبم..بەڵام..

ــ بەڵام ...چی.. گەورەم؟

ــ بوارێك نابێت لەگەڵی بدوێم؟ مەبەستم لەوەیە تەلەفۆنەکە بگەیەنیتە دەستی ئەو.

ــ ناتوانم ئــەو ســەرقاڵە، لــەکاتی ڕاگەیانــدنی گەشــتەکەیەوە هــەموو پەیوەندییــەکی تەلــەفۆنی قەدەغە کردووە.

ــ تێناگەم، وا پێویست بــوو کاتــژمێرێك پــێش ئێســتا ســەفەری کردبــا، بــەڵام ئــەو ئێســتا هــەر لێرەیە، ئایا وانییە؟

ــ لێرەیە یان لێرە نییە.. ئەوە ئیشی تۆ نیە ئەنوەر بەگ.

ــ تکایە تەلەفۆنەکەم بەتەلەفۆنەکەی ئەوە گرێدە.

ــ ناتوانم، زووکە وەرە، کاتەکە بەپەلە تێدەپەڕێت، ئەو لەچاوەڕوانیت دایە.

دەسکی تەلەفۆنەکـەم دانایـەوەو لەبەرخۆمـەوە دەمگـوت: دەبێـت ئـەو هەواڵـە ڕاسـتبێت؟ جـا دەبێت(السفاح)ی (مصر) ئیشی چی بەمن هەبێت لەوکاتی سـەفەرکردنەیدا؟ کـێ دەزانێـت چـی

ڕوودەدات؟ لەوانەیە تەڵەیەك بێت بۆ من نرابێتەوە، بەڵام پێویست بە ڕەشبینی ناكات، لەوانەیە هەواڵەكە ڕاست بێتو ئیشەكە بەپەلەبێت، جا بۆ نەچم؟ چی ڕوودەدات با ڕووبدات.

لەژووری ژمارە(11)لەبارەگای نهێنی سەركردایەتی هێزی ئاسمانی، ئەفسەرێكی كچ بەناوی(س،ن) پێشوازی لێكردم، بەرگێكی سەربازی لەبەردابوو بەپلەی كۆلونیل.

وام هەست دەكرد ئەوە یەكەم جارە خۆم وادەبینم لە(مصر) نیم، بەڵكو لەبنكەیەكی سەربازیم، لەگەڵ ئەوەش ڕانەهاتبووم ئافرەت ببینم لەناو سوپای (مصر)دا، بەتایبەتیش لەهێزی ئاسمانی، بەسەرسامییەوە سەری خۆم لەقاندو لێی چوومە پێشەوەو بەساردییەوە تەوقەیەكم لەگەڵ كردو گوتم: خانمەكەم، ئەوە منم ئەنوەر، ئامادەم لێرە.

گوتی: زۆر بەخێربێیت...ئێمە ئاگادارین كە سەردانمان دەكەیت.

گوتم: لەسەر دوا تەلەفۆنیەكەی جێگری سەرۆك هاتووم.

گوتی: بەڵێ ئێمە ئەوە دەزانین،..فەرموو...دەستی بۆ دەرگا نهێنیەكەی ژمارە(11 ب) درێژكردو، دووگمەیەكی داگرتو، دەرگاكە ئاوەلا بۆوەو تاكەكانی چوونە ناو دیوارەكانی تەنیشتیەوە، منیش زۆر دوودڵ بووم، بەڵام پاشان كەمێك سەری خۆم نزم كردەوەوە بۆ ئاستی بەرزی دەرگاكەو، هەر كەچوومە ژوورەوە دەرگاكە لەخۆیەوە داخرایەوە، ڕاستەوخۆ خۆم لەبەردەم(السفاح)ی (مصر)دا بینییەوە.

لەشوێنی خۆی نەجوولا بۆ پێشوازی كردنم، تەنها دەستی درێژكردو تۆقەیەكی لەگەڵ كردم، لەكاتێكدا لەسەر كورسیەكە دانیشتبوو لەپاش مێزەكەوە، زەردەخەنەیەكی دەستكردی هێنایە لێوەكانیو گوتی: كەوتیتە ناو تەڵەكەوە ئەی جاسوسی فێڵباز.

منیش گوتم: تۆ وا هەست دەكەی؟

گوتی: بەدڵنیاییەوە، جا تازە چۆن دەربازت دەبێت؟

گوتم: تۆ دڵنیایت لەوەی كە من جاسوس بم؟

گوتی: ئەدی خۆ شتێكی تر نیت؟

گوتم: جا ئەگەر وادەزانی ئەی بۆ دەستگیرم ناكەیت؟ خۆ ئەوە بەپێی خۆم هاتوومە بەردەستت.

گوتی: کـەمێك دانیشـە، بـیروڕا دەگۆڕینـەوە، پاشـان بۆمـان دەردەکـەوێت چـۆن هەڵسـوکەوت بکەین.

منیش دانیشتمو بەزەردەخەنەیەکی دەستکردەوە بەردەوام بووم لەسەر قسەکانمو گوتم: ئەگەر من جاسوس بومایە وا بەئاسانی خۆم نەدەخستە بەردەستت.

گوێی بەقسەکەم نەدا، پاش کەمێك دەستی لەسەر دوگمەیەکی لای ڕاسـتی مێزەکـەی داگـرتو، دەرگایەکی نهێنی ژوورەکەی تەنیشتی کرایەوە، ئـەو ئەفسـەرە کچـە هاتـەژوورەوە کەسـەرەتا پێشوازی لێکردبووم، سەرسام بووم، لەبەرخۆمەوە دەمگوت هاتمە ژوورەوە ئەو ئەفسەرە کچـە لەژوورەکەی خۆی مایەوە، کەچی ئەوە ئێستا لـە دەرگایـەکی تـرەوە هاتـە ژوورەکـەی (زکریـا محی الدین)، چی گەیاندیە ئێرە؟

لەوێدا بۆم دەرکەوت هەموو ژوورەکـان لەناوخۆیانـدا دەرگـای نهێنییـان بەسـەر یەکـەوە هەیـە، لەبەرخۆمـەوە گـوتم: ئـای ئەنـەوەر چـەند گێلـی، جـا چـۆن ڕزگـارم دەبێـت لەوکێشـە نـەفرین لێکراوە؟

لەوکاتەدا گوێم لە(زکریا محی الدین)بوو لەدالٌغەلێدانەکەم خەبەری کردمەوەو گوتی:

ئایا بەڕاستی تۆ (صـدقی محمـود)ت هەڵخەڵەتانـد ڕازی بێـت بـەوەی ئاهەنگەکـە سـاز بکرێـت؟

منیش لەجیاتی ئەوەی وەلاٌمـی بدەمـەوە، ڕێـزو ئـەدەبێکم نوانـدو، لەجێگـەی خـۆم هەسـتامو چوومە پێشەوە بەخێرهاتنی ئافرەتە ئەفسەرەکە بکەمو گوتم:

خانمەکەم ڕێزم هەیـە بـۆ جـەنابتان، دەسـتم درێـژکرد تۆقەیـەکی لەگـەڵ بکـەم، ئافرەتەکـەش کـەمێك گەڕایـەوە دواوەو نەیویسـت تۆقـەم لەگەڵـدا بکـات، وەکـو بڵێـی پێـی جـوان نـەبوو لەبەردەمی(السفاح) ئەو ڕەفتارە بکات.

منیش گەڕامەوە شوێنەکەی خۆمو گوتم: داوای لێبووردن دەکەم هـاوڕێی بـەڕێز، مـن مەبەسـتم خراپەیەك نەبوو بەرانبەر بەڕێزتان، ئەوە تەنها نەریتێکە پیاوان پـەیڕەوی دەکـەن بـۆ ڕێزلێنـان لەئافرەتان.

(السفاح)قسەکانی پێ بـڕیمو گـوتی: واز لـەو قسـە لوسـانە بێنـە، ئێسـتا وەلاٌمـی پرسـیارەکەم بدەوە، بەسە چیتر ئەو بڕوبیانوانە مەهێنەوە.

منیش بە ماتیو خۆگێل کردنـەوە گـوتم: وەڵامـی چـیت بدەمـەوە؟ مەبەسـتم لەوەیـە ڕاسـتو ڕەوان تۆ چیت لەمن دەوێت؟

گوتی: تێمگەیەنە، ئایا ئەوقسەیە ڕاستە کە تۆ هانی (صدقی محمود)ت دابێت ئاهەنگەکـە سـاز بکات؟

گوتم: مەبەستت لەکام قسەیەیە؟

گوتی: ئەوقسەیەی کەگوتراوە تـۆ هـانی (صـدقی محمـود)ت داوە ئاهەنگـە ڕیسـواکەرەکە سـاز بکـات، کـە بووەهـۆی لەدەسـتدانی پیرۆزییـەکانی سـوپای (مصـر)و، ئاشـکراکردنی هـەموو کەموکوڕیەکانی لەبەرچاوی جەماوەر.

لەوکاتـەدا کچـە ئەفسـەرەکە بەشـداری لەپرسیارەکەی(السـفاح)کردو گـوتی: بـەڵێ دەمانـەوێت لەدەمی خۆتەوە گوێبیستی وەڵامی ئەو پرسیارەبین.

منیش بە(زکریا محی الدین)م گوت: سەرم سوڕماوە نازانم لەگەڵ کامەتان بـدوێم، ....مەبەسـتم لەوەیە ئایا ئەو ئەفسەرە کچەش لەدەزگا نهێنیەکەی ئێوە بەشدارە؟

(السـفاح) بەشـێوەیەکی نـەرم وەڵامیدامـەوە: بـەڵێ لەگـەڵمان بەشـدارە، بـەڵام ئـەو بابەتـە چ پەیوەندی بەتۆوە هەیە؟

منیش بەپێکەنینەوە گوتم: زۆرباشە، ئەوەتەنها پرسیارێك بوو کردم، مەبەستم لـەوەبوو ئەگـەر ئافرەتەکە لەگەڵ ئێوەنەبێت، ئەوا وریاو هۆشـداربم هـەموو قسـەیەك نەکـەم، جـا ئایـا ئـەوەش قەدەغەیە؟

کچە ئەفسەرەکەش گوتی: بەسە پێچو پەنا، دەی وەڵامی پرسیارەکەی جەنابی جێگری سەرۆك بدەرەوە.

منیش وەکـو دەربڕینـی ڕقێـك سـەرێکم لەقانـدو گـوتم: هـیچ وەڵامـێکم پـێ نییە...پرسـیارەکە بۆخۆی.....

ئافرەتەکە قسەکەی پێ بڕیمو گوتی: تۆ دەڵێی چی؟ دەتەوێت دژی وتـەکانی جـەنابی سـەرۆك بوەستیت؟ ببورە مەبەستم لەجێگری سەرۆکە، بەڕاستی دیارە پیاوێکی چاو قایمی....

لەوێدا هەستم کرد لەبارێکی ترسناکدام، بۆیە بیرم دەکردەوە ڕێگایەکی دەربـازبوون بدۆزمـەوە بەلای کەمەوە خۆمی پێ ڕزگار بکەم، بۆیە بڕیارمدا بەتەواوی دەست دادەمو تەنها گفتوگۆیەکی ڕووکەشانە بکەمو نەچمە ناو قولأیی بابەتەکانەوە.

لەوکاتەدا زەنگی تەلەفونە نهێنیەکە لێیدا، کە لەلای چەپی سـەرمێزەکەی (زکریـا محـی الـدین) دانرابوو، کچە ئەفسەرە گەنجەکەش دەسـکی تەلەفۆنەکـەی بـەرزکردەوەو وەلأمیدایـەوە بـەبێ ئەوەی (زکریا محی الدین) هیچ گرنگیەکی پێ بداتو ئاوڕی بۆ بداتەوە.

سەرم سـوڕما لەوهەڵسـوکەوتە، دەرکـم بـەوەکرد کـە ئەوکچـە ئەفسـەرە پلەیـەکی بـالأی هەیـە لەسوپای (مصر)دا، لەلایەنێکی بالأشەوە نێرراوە بۆئەوەی ئامـادەی وتووێژەکـەی نێـوان مـنو (زکریا محی الدین)بێت، وەکو چاودێرێك بۆئەوەی بزانێت باسی چی دەکەین.

قسەکەری تەلەفۆنەکە، سەرۆك کۆماربوو، کە بەباشی دەنگەکەیم دەناسیەوە لـەناو تەلەفۆنـدا، یان ئەگەر زۆر بەهێواشیش قسـەی کردبـا، هـەروەها شـێوازی قسـەکردنی ئەفسـەرە کچـەکەش ئـەوەی دەگەیانـد کەقسـەکەرەکە لەئاسـتێکی بـالأ دایـە، عـەقڵیش قبـوڵی ئـەوەی نـەدەکرد ئەوشێوازی گفتوگۆیە لەگەڵ کەسێکدابێت جگە لەسەرۆك.

لـەناو وتووێـژی تەلەفۆنەکـەدا، گەیشـتمە ئـەو ئەنجامـەی کـەڕووداوی نـوێ سـەریان هەڵـداوە، سەرۆکیش دەیەوێت لەگەڵ جێگرەکەی تاووتوێی ئەو پێشهاتانە بکەن پـێش ئـەوەی بـڕوات بـۆ واشنتۆن.

تووشـی سەرسـوڕمان بـووم کـە ڕووداوێکـی لـەپڕ ڕوویـداو، (زکریـا محـی الـدین) چـووە ژووری ژمارە(3)، ئەو ژوورە کە پێش کەمێك کچەکە ئەفسەرەکەی لێوە هاتە ژوورەکەی (محی الدین)، ئەوشتەش کە زۆر تووشی سەرسوڕمانی کـردم، ئـەوەبوو کە(السـفاح) لـەناوەڕۆکی پەیوەندییـە تەلەفۆنیەکە تێگەیشت، ئەدی بۆچی ڕۆیشتە ژوورەکەی ئەودیو؟

بەلأم ئەو سەرسوڕمانەشم درێژەی نەخایاند، کاتێك گڵۆپێکی زۆر بچووکم بینـی لـە دیوارەکـەی پشت سەری (محی الدین)ەوە تیشـکی دەدا، هەسـتم بـەوەکرد ئـامێرێکی نهێنـی هەیـە توانـای ئەوەی هەیە هەموو پەیوەندیە تەلەفۆنیەکان بگوازێتەوە بۆ گوێی ئەوکەسەی لەوێ دانیشـتووە بەبێ هیچ هاشوهوشو تێکەڵبوونێك لەگەڵ هێڵەکانی تر.

هەرچۆنێك بێت هەناسەیەكی خۆشم هەڵكێشاو خۆم لەبەردەم ئەفسەرە كچەكەدا بینییەوە.

هەستم بەئارامییەكی تەواو دەكرد، مێشكم خستەگەر بۆئەوەی هەنگاوێك بهاوم، بەلاّم هیچ گرفتێكم لەبەردەمی خۆمدا نەبینی بۆ ئەنجامدانی ئەوكارەی كەدەمەوێت بیكەم، سەرنجمدا ئەفسەرە كچەكە بۆخۆی دەیەوێت ڕێگەم بۆ خۆش بكات بۆ ئەنجامدانی ئەو بیرۆكەیەی پێش كەمێك بەمێشكمدا هاتبوو، بەشێوەیەك هانی دەدام پەنا بۆبەر پێداهەڵدانێكی جوان بەرم بۆئەوەی هەنگاو هەنگاو بچمە ناو وتووێژەكانەوە.

كچەكەم وابینی دوای ئەو هەموو گرژیو مۆنیەی كەپێشتر نواندبووی، ئەوە ئێستا بەكەیف خۆشییەوە بەڕوومدا پێدەكەنێت، منیش لەوكاتەدا هەلم لێ بینی، وەلاّمی پێكەنینەكەیم بەوەدایەوە كەخۆمم لێ نزیك كردەوەو هەڵمكوتایە سەریو ماچێكی گەرمم لێكرد، بەدەستەكانم وام گرتبوو توانای جووڵەی نەبوو، لێوەكانم لەسەر دەمە مۆرەكەی توندكردو وەكو شێت مژم لێدا، بۆئەوەی نەتوانێت تاقە وشەیەكیشی لەدەم دەربێت، بەم شێوەیە لەكارەكەم سەركەوتووبووم، خۆشم وادەبینییەوە كە بەتەواوی بەسەر ڕووداوەكەدا بالاّ دەست بم، بەتایبەتی دوای ئەوەی كەخۆی بەدەستەوەدا بۆئەو مەبەستەی كە من دەمەویست.

بەلاّم ڕووداوێكی لەپڕ هەموو ئەو تامو لەزەتانەی لێكردمە ژەهری مارو بێ هیوابیەكی وای بەسەردا هێنام هەتا هەتایە ئاخی بۆ دەخوازم.

لەوكاتەدا كە سەرقاڵی مژینی دمی بووم، دەستێك لەپشتەوەڕا زۆر بەتوندی ڕایتەكاندم، خۆم بینییەوە كە لەخەوێكی قورس دابووم، لەوكاتەوە كەلەماڵەكەم چوومە دەرەوە بۆ دیاری (زكریا محی الدین)، ئەوەی بینیومە هەمووی خەون بوو، دوای ئەوەی لەگەرماوەكە هاتوومە دەرەو خۆم وشك كردۆتەوە، بە ڕۆبی حەمامەكەوە لەسەر تەختەكە خەوم لێكەوتووەو، ئێستاش ئەوە(سهیر زكی) دوای ئەوەی كەبینیویەتی لەخەوەكەمدا هاتو هاوارمەو دەستەكانم بەملاولادا ڕادەوەشێنم، وای گومان بردووە كە لەخەوەكەمدا نائارامم، بۆیە ڕایتەكاندمو بەخەبەری هێنام.

هاتنەوەی(سهیر زكی)ش لەوكاتەدا بۆ ماڵەكەم، ئەوەشیان بابەتێكی ترە.

## دوا هەواڵ

## ئێوارەی 5 ی حوزەیرانی 1967

(بەبەردەوامی وام گومان دەبرد کەتۆ جاسوێکی ئیسرائیلی)، ئەوە قسەی (زکریا محی الدین) بوو لەخەونەکەمدا پێی گوتم، پاشانیش گوتی: (ماوەی یازدە ساڵی تەواو هەڵتخەڵەتاندین‌و سەرت لێشێواندین، بەڵام ئێستا کۆتاییەکەیەتی..تەماشاکە...

بەربەیانێکی تەماوی بوو، بەدەستە درێژەکانی ئاماژەی بۆ ئاسمان کرد، منیش سەرم بەرزکردەوەو تێگەیشتم ئەو هاشەهاش‌و گرمە گرمە لەکوێوە دێت کە گوێچکەکانی پڕکردووم، هەموو ئەوشتانەم لەخەوەکەمدا بینین، بەدڵنیاییەوە ئەوە دەنگی ژمارەیەکی زۆری فڕۆکەکانی(سۆخۆی)بوون بەئاسماندا دەسووڕانەوە، کەشێوەیەکی لاکێشەی هەیەو باڵەکانیشی بەدرێژایی جەستەکەی لەهەردووك تەنیشتەکانیەوە پان بوونەوەو، کلکەکەشی بەپانی بۆسەرەوە هەستاوەتەوە، لەکاتی فڕیندا هیچ کام لە فڕۆکە ئیسرائیلیەکان ناتوانێت پێشی بکەوێتەوە، کاتێك ئەو فڕۆکەیەم بینی لەئاسماندا هێرشی دەبردو لەپڕ لەبەرچاوان بزردەبوو، هەستم پێکرد کە سنوورێك هەیە بۆ تایبەتمەندییە هونەریەکانی، لەدوای ئەو سنوورەشەوە تایبەتمەندییە مرۆییەکان نامێنن.

زۆر بەتوڕەییەوە لەسەر جێگەکە خۆم هەڵسوڕاند، دەستم بەر شتێکی نامۆکەوت، بینیم ئافرەتێکی ڕووت لەتەنیشتمەوە پاڵ کەوتووە، تەنانەت جلی ژێرەوەشی لەبەردا نیە،

سەماکەرێکی پلەیەکی وڵاتی فیرعەونەکان بوو، ئالەوێدا تێگەیشتم کە بۆچی فیرعەون دوای ئەوەی بۆی دەرکەوت کەبراکەی جاسوسە پێی گوت: (ئێوە هاتوون بۆئێرە بۆئەوەی دامێنە ڕووتەکان ببینن)، ئەوە ئێستاش ئەوەم بیردەکەوێتەوە کە جارێکیان(زکریا محی الدین)یش هەمان قسەی بەمن گوت.

جوولەکەکان لەسەردەمی(رحاب)ەوە هەتا ئێستا، بەوەناسراون کە جاسوسن، (محی الدین) دوای چەند کاتژمێرێکی تر تێدەگات لەوەی کەئێستا لە دڵی خۆمدا دەیڵێم، دەربارەی بالأدەستیو شارەزایی جوولەکە لەبواری جاسوسیدا، ئەوکاتە هەوڵی ئەوەدەدات کەسێکم بۆ بنێرێتو دەستگیرم بکات، بەلأم ئەوکاتە من لێرە نەماوم، هەرکە فڕۆکە ئیسرائیلیەکان یەکەم گورزی خۆیان وەشاند لەفڕۆکەخانەی قاهیرەو (الماظة)، منیش هەموو ئەوشتانە لەناودەبەم کەدەبنەهۆی ئاشکرابوونی کەسایەتییەکەم، پاشتریش حەبەکەی ناودەمم قوت دەدەم، کاتێك کە ئەوان دەگەنە ئێرە، هیچیان دەست ناکەوێت، تەنها جەستەکەی ئارام ئەنویر نەبێت کەبۆجاری دووەم مردووە.

بەم شێوەیە من ئەرکەکانی سەرشانی خۆم بەرانبەر وڵاتەکەم(ئیسرائیل) بەتەواوی ئەنجامداوە، هەروەکو چۆن منو (فیشلێ)یش دەمانویست، ئاوەها دەستی جەلادەکەشم پەڕاند.

بەڵێ، پەردەم لەسەر عەورەتی (مصر) لاداو ئاشکرام کرد، (مصر) ئێستا وەکو (سهیر زکی) سەماکەر وایە، بێ دەرپێ بەڕووتی دەخەوێت، پاش کەمێکی تریش هێرشی دەکرێتە سەر، فڕۆکەکانی(صدقی محمود)یش وەکو جەستەکەی (سهیر زکی)یان لێدێت کەئێستا بەڕووتی لەتەنیشتمەوە ڕاکشاوە، من نە رقم لەو وڵاتەیە نە ڕقیشم لەدەسەلأتدارەکانیەتی، (ئەوان بۆخۆیان ئاوەهایان دەوێت).

(سهیر) لەپڕ چاوەکانی کردنەوەو سەرنجێکی منی داو، کەمێك خۆی بەپشتدا هێناو، سەرپۆشەکەی بەسەر دامێنە ڕووتەکەی خۆی دادا، لەوپەڕی ماندوویەتی دابوو، بەهۆی ئەوئەرکە قورسەوە کەشەوی ڕابردوو ئەنجامیدابوو، توڕەو ناڕەحەتیش بوو بەهۆی ئەوەی لەناو جێگەکەیدا هیچی دەست نەکەوتووە، بەلأم هەرچۆنێك بێت، یەکەم سەماکەرە لە(مصر)، هەموو کەسێکیش خەونی پێوە دەبینێت.

سەرپۆشەکەی لەخۆی ئالأندو بەدوولّیەوە گوتی: ئەی ئەنوەر بەگ، من لێت دەترسێم بۆچی بەو شێوەیە تەماشام دەکەیت؟

سەرێکم بۆ لەقاند، ڕاستی دەکرد، ماوەیەك بوو بۆ مەبەستێکی خۆم زۆر بەقوڵی چاوم تێبڕیبوو، پاشان پێی گوتم: تکایە داوای تەکسییەکم بۆبکە، من دەمەوێت لێرە بڕۆم، منیش وەکو دەربڕینی ڕەزامەندی سەرێکم بۆ جولأندو، تەلەفۆنەکەم بۆلای خۆم ڕاکێشا، داوای تەکسیەکم کرد بۆ بەردەرگای ماڵەکەم، پاشان بینیم هەستایەوەو لەترسان سەرپۆشەکەی بەتەواوی لەخۆی ئالأندووەو وای چاوەڕێ دەکرد کە تەوقاتێکی لێ ڕاکێشم، بەلأم من پێمگوت: بەرگەکەت لەبەرکە، پاشان چووە ژووری گەرماوەکەو خۆی شۆری، منیش سەرو ڕیشم بەجوانی تاشیو جوانترینی جلو بەرگەکانم پۆشی لەگەڵ کراسێکی حەریردا، وام دێنایە بەرچاوی خۆم دوای ڕۆیشتنی(سهیر) پۆلیسەکان دێن بۆئەوەی دەستگیرم بکەن، بۆیە وام پێ باش بوو بەرگێکی جوانم لەبەربێت، پاشان لەگەڵ (سهیر)ڕۆیشتم تا دەرگای دەرەوەی ماڵەکەمو بەڕێمکردو گەڕامەوە، تائەوکاتە (صدقی محمود)و(سمیرە) هەر لەخەودابوون، منیش پەردەی پەنجەرەکانم لاداو، ڕووناکی ژوورەکەی پڕ کرد، (سمیرە)ش چاوەکانی کردنەوەو هەتا بن چەنەگەی سەرپۆشەکەی بەخۆیدادا، لەپڕ گوێم لەهاوارێك بوو، بینیم (صدقی محمود) دەیەوێت سەرپۆشەکە لەسەر جەستەی (سمیرە)لاببات و بە(سمیرە)ی گوت: بۆ خۆت دادەپۆشی، چی ماوە لێم بشاریەوە؟

(سمیرە)ش خۆی خڕکردبۆوە، منیش گوتم: (سمیرە) ناحەقی نیە، خاوەنی شتێکە مافی خۆیەتی لێمان بشارێتەوە، بەردەوام بوومو گوتم: ئەوە دەچم خەریکی چالێنان دەبم، دوای پێنج خولەکی تر، نانی بەیانی ئامادە دەبێت.

(صدقی محمود) قاوەکەی خواردەوەو بەرگە سەربازیەکانی پۆشینو بۆیمباغەکەی لەملی توندکردو، بەتەواوی وەکو مارشاڵێکی هێزی ئاسمانی دەردەکەوت، گوتی: پێویستە بەپەلە بڕۆم، سەرنجێکی کاتژمێرە ڕەشە گەورەکەی دەستی دا، منیش سەرنجێکی کاتژمێرەکەی خۆمدا، دەوروبەری حەوتو نیو بوو، بۆیە گوتی: دەبێت بەپەلە بڕۆم، چونکە فڕۆکەکە کاتژمێر هەشتو چارەك لەفڕۆکەخانەی قاهیرەوە دەفڕێت، دەشمزانی تەلئەبیب چاوەڕێی

پەیوەندییەکی من دەکات هەتا کاتژمێر هەشت بەکاتی قاهیرە، چونکە ئەگەر ئیسرائیل نیازی هێرشەکەی هەبێت، ئەوا لەو ماوەیەدا دەبێت فڕۆکەکانی بکەونە جووڵە، (صدقی محمود) کاتێك سەرکەوتە ناو ماشێنە گرانبەهاکەیەوە، ئالۆزییەك بەدەموچاویەوە دیاربوو، گوتی دەتەوێت لەگەڵمدا بێت گەشتێك بەسینادا بکەین، منیش بەنەخێر سەرم بۆ لەقاند، بەزەردەخەنەیەکی دەستکردەوە گوتی: ئێوارە کەهاتمەوە، مزگێنییەکی خۆشت دەدەمێ.

دەستم لەسەرشانی (سمیرە)ش دانـاو تـا دەرگـای دەرەوە لەگەڵیـدا ڕۆیشـتمو پێمگـوت: بچۆ گەرماوێکی گەرمـەوە، ئەوسـا تـائێوارە هـەموو جەسـتەکەت چوسـت دەبێتـەوە، بـەو شـێوەیە ئەویشم بەڕێکردو، دەرگاکانم داخستنو هەموو نیشانە وردەکاریـەکانی پەیوەنـدی بـێ تەلەکـەم ئامادەکردن، بۆئەوەی پەیامەکەم بەتێرو تەسەلی بنێرمو بەڕوونی لێی تێبگـەن، ئیمـڕۆ دوا ڕۆژو دوا پەیوەندیمە.

دووکاتـژمێر دوای ئـەوەی ئیسـرائیل گورزەکـەی دەوەشـێنێت، ئەوسا(السـفاح زکریـا محمـود) تێدەگات کێ خۆفرۆشە لەناو سەرکردایەتی هێزی ئاسمانیدا، خۆفرۆشەکە (صدقی محمود)نیـە، چونکە ئەو لەکاتی گورز وەشاندنەکەی ئیسرائیلدا لـەناو فڕۆکەکەیدایـەو دەچـێت بـۆ سـەردانی سـوپاکەی لەسـینا، بەدڵنیاییـەوە خۆفرۆشـەکە (صـدقی محمود)نییـە، چـونکە ئـەو لـەدوای گورزەکەی ئیسرائیل جەستەکەی لەناو پارچە تێکشکێنراوەکانی فڕۆکەکەیدا دەدۆزرێنەوە لـەناو لمەکەی بیابانی سینادا.

خۆفرۆشی سەرەکی لەناو هێزی ئاسمـانی (مصـر)دا (ئـارام ئـەنویر)ە، کـە لەسـەرەتای گـورزە ئیسرائیلیەکەدا لەسەر تارمەی ماڵەکەی دانیشتووەو تەماشای تێکشـانی فڕۆکـە (مصـر)ییەکان دەکات لەفڕۆکەخانەکاندا.

بێ تەلەکەم بەگەڕخستو پەیامێکم نارد:

لە ڕۆما.. بۆ... بەرپرس

وەڵامم درایەوە: لەبەرپرسەوە.. بۆ.. ڕۆما: گوێم لێتە.

دەستم کرد بەناردنی ئەم نامەیە:

ئاهەنگەکـە سـەرکەوتنێکی باشـی بەدەسـتهێنا(.) عـامرو صـدقی محمـود کاتـژمێر 8:15 لەفڕۆکەخانەی قاهیرەوە بەرەو (بیر پمادە)بەڕێدەکـەون(.) لـەوێ هـەموو سـەرکردەکانی سـینا دەبینن(.) تەنها ئەو دووانە دەسەڵاتی بەکارهێنانی ڕۆکێتە زەمین ئاسمانیەکانیان بەدەستە(.) (8) فڕۆکەی (تۆپۆلیف)و (10) فڕۆکەی (الیوشن) گواسترانەوە بۆ فڕۆکەخانەی(الاقصر)، بـەم شێوەیە ئێستا لە(الاقصر) (16) (تۆپۆلیف)و (20) (الیوشن)ی لێیـە(.) فڕۆکەکانی(سـۆخۆی) لە(الاقصر) گواسترانەوە بۆ (الغردقە)(.) (میك 21)یش لە(الاقصر) گواسترانەوە بۆ(اسـوان)(.) باری نائاسایی کۆتایی پێ هێنراوە لـەناو هێـزی ئاسمـانی (مصـر)دا، هیـوای سـەرکەوتنتان بـۆ دەخوازم(.) تەواو.

کەمێك چاوەڕێم کرد، بۆئەوەی وەڵامی وێستگە سەرەکیەکەی تەلئەبیب ببیستم، لەبەرخۆمـەوە دەمگوت: ئای ئەگەر ئێستا (فیشلێ) لەژیاندا دەبوو، ناوەڕۆکی ئەو دوا نامەیەی دەبینی، دەبوو چـی گوتبـا؟ گومـانم نیـە لـەوەی لەئاسـتی نـاوەڕۆکی نامەکـەدا کـەمێك خـۆی دادەهێنایـەوە، چاوێکی خێرای پێدا دەخشـاندو، بەپەنجـەی ئامـاژەی بـەو بڕگەیـە دەدا کەنووسـیومە( هیـوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم)، ئەوسا دەیگوت: ئەو بڕگەیە بسڕنەوە پێویستیمان پێی نەماوە.

ئێستا قاهیرە وەکو شارێکی چۆڵ وایە، هەموو سەرکردەکان خەریکی بەڕێکردنی موشیر(عامر)و (صدقی محمود)ن بەرەو سینا، لەوێش هەموو سەرکردە مەیدانیەکان لەچاوەڕوانیاندان.

لەوکاتـەدا گوێبیسـتی بـێ تەلەکـە بـووم گـوتی: چـاوەڕێکە، سـەرنجێکی کاتژمێرەکەمـدا (7:50)خولەك بوو، لەبەرخۆمەوە گوتم: ئەگەر هێرشەکە ئێستا دەست پێنەکات، واتـا دەسـت پێناکات، لـەپڕ هەسـتم بەترسـێك کـرد، پـەردەی پەنجەرەکـەم لاداو سـەیرێکی دەرەوەم کـرد، بینیم ماشـێنێك بەهێواشـی بەبـەردەمیماڵەکەمـدا تێدەپـەڕێت، دەتگـوت تانجییەکـەو بـەدوای شـوێنی ڕاوچـیەکەیدا دەڕوات، ماشـێنە ڕەشـە ڕوسـیەکە بـوو کـە ڕادارەکـەی بەسـەرەوەبوو، هەستی بەشتێك کردبوو لەو دەوروبەرەدا.

## دواكاتەكانی یەكلاكەرەوە

## ئێوارەی 5 ی حوزەیرانی 1967

ژوورەكەی ژێرزەوی هەرچەندە گەورەش بوو، بەڵام بەبچووكی دەردەكەوت، تۆڕی ڕادارەكەو ئامێرە بێ تەلەكانو تەلەفۆنەكانی سەرمێزەكەو نەخشە سەربازیە گەورەكان، هەموو ژوورەكەیان پڕكردبوو، كاتژمێرە هەڵواسراوەكەی سەر دیوارەكەش میلەكانی بەرەو كاتژمێر (6)دەجولان، هەموو ئامادەبووەكانیش چاویان بڕیبووە میلە گەورەكانی ڕادارەكە، بەڵام لەسەر شاشەكەش هیچ شتێك دەرنەدەكەوت، كچە جێگرە ئەفسەرەكەش كەكارتێكی لەئەفسەرەكەی وەرگرتبوو، بەپەلە لەژوورەكە چووە دەرەوە، خەریك بوو خۆی لەدەرگاكەو لەپیاوەش ڕاكێشێت كەدەهاتە ناو ژوورەكەوە، پاشان پیاوەكە كشایەوەو ڕێگەكەی بۆ چۆڵكردو گوتی: (دەبێت خانمەكان لەپێش پیاوەكانەوە تێپەڕن)، پاشان گوتی بەیانیت باش ڕاحیلە(نازناوی ڕاحیل)، ئەویش بەڕاچەنینەوە وەڵامیدایەوە: بەیانیت باش گەورەم، پیاوەكەش كەسەركردەی باڵابوو، هاتە ژوورەوە بەدەستەكانی ئاماژەی بەوەدا كەسیان خۆی ناڕەحەت نەكاتو پێویست بەسڵاوی سەربازی ناكاتو گوتی: بەیانیتان باش، دەنگوباستان چییە؟ یەكێك بەپلەی زەعیم وەڵامیدایەوە: هەموو شتێك تەواوە، دەركەوت ئەو زەعیمە سەركردەی هێزی ئاسمانی ئیسرائیلە، سەركردەكەش سەرنجێكی شاشەی ڕادارەكەی دا، میلی سەرشاشە گەورەكە تێپەڕیو دەنگێكی لێوەهات، بەڵام هیچ شتێك لەناو بازنەخڕەكەدا دەرنەكەوت.

سەرکردەی بالاّ ڕوویکردە سەرکردەی هێزی ئاسمانیو گوتی: (پیاوەکان ئامادەن؟)
ئەویش گوتی: بەڵێ دەتوانین بچین بۆلایان، جانتاکەی لەسەر مێزەکەی ڕاکێشاو بە سکرتێرەکەی گوت: ئێمە دوای کەمێکی تر لەژووری فریاگوزاریەکان ئامادەین، هەردووك سەرکردەکە چوونە دەرەوەو بەدوای ئەوانیشدا ژوورەکە چۆڵ بوو.
سەرکردەی هێزی ئاسمانی بەبالاّکورتەکەیو ڕووە گەشەکەیەوە لەبەردەم فڕۆکەوانەکاندا وەستابوو، سەرنجێکی کاتژمێرەکەیدا 6:04 خولەکی نیشان دەدا، فڕۆکەوانەکانیش لەڕوویدا زەردەخەنەیەکیان نواند، بۆکەمکردنەوەی پەشێوی باری دەروونیان، کەوەك بارێکی قورس بەدەستیەوە گرفتار بوون، لەپاش سەرکردەی هێزی ئاسمانیشەوە، سەرکردەی بالاّ وەستابوو، لەپشت سەریەوە تەختە ڕەشێك هەڵواسرابوو، بەتەباشیر لەسەری نووسرابوو: (7:45)، سەرکردەی هێزی ئاسمانیش بەکورتی پلانەکەی بۆ باسکردن، پاشانیش گەڕایەوە سەر خاڵە گرنگەکانو گوتی:
دەرچوونی هەموو فڕۆکەکان لەئیسرائیلەوە بەرەو ناو (مصر) لەکاتژمێر (7:15)خولەك دەست پێدەکات، بەلاّم دەرچوونی فڕۆکەکان بەئاڕاستەی سینا، کاتژمێر (7:20)خولەك دەست پێدەکات، لەوماوەیەدا هیچ پەیوەندییەکی بێ تەل ئەنجام نادرێت، ئامێرەکانتان ئامادەبکەن دوای پێنج خولەك دەتوانن لەئاسمان لەناو خۆتاندا بدوێن.
فڕۆکەکان کاتژمێر(7:40)خولەك دەگەنە سەر فڕۆکە خانەکانی سینا، هەموویان لەیەك کاتدا بۆردومان دەکەن، بەلاّم ئەو فڕۆکانەی بۆناو (مصر) دەفڕن، کاتژمێر(7:45)خولەك دەگەنە ئامانجەکانیان، پاشانیش دەستەی تری فڕۆکەکان لەباشوورەوە هێرش دەکەنە سەر فڕۆکەخانەکانی(الغردقە)و (الاقصر).
لێتان دووبارەدەکەمەوە، تەنها بۆتان هەیە(7)خولەك لەبۆمبا بارانەکان بەردەوامبن، زۆرترین ماوەش نابێت لەهەشت خولەك تێپەڕێت، ئەگەر لەوماوەیەشدا نەتانتوانی ئامانجەکان تێکشکێنن، ئەوا لێیانگەڕێن بۆ هاوڕێکانتان، کە لەجاری دووەمو سێیەمی هێرشەکان بەدوای ئێوەدا دێن، ئەوانیش مافی خۆیانە شوێن دەستیان دیاربێت لەو هێرشانەدا، ئێستاش هەر یەکەتان لای خۆتانەوە سەرنجی تەواوی ئەو زانیاریانە بدەن کەپێتان ڕاگەیەنراوە.

لەبەرزی(30) پیٚ بفڕن، نەکەن لەبەرزی(90)پیٚ بفڕن، دەشزانم ئەوە کارێکی ئاسان نییە، بەڵام لێتان ڕادەبینم کەدەتوانن ئەنجامی بدەن.

فرۆکە وانەکانیش دەیانزانی کەدەتوانن لەو نزمیەوە بفڕن، جا ئەگەر لەبەر خاتری سەلامەتی خۆشیان نەبێت، ئەوا لەبەر خاتری قسەی سەرکردەکەیان نزم دەفڕن.

سەرکردەی هێزی ئاسمانی گوتی: گومانمان لەوە نیە کە دوژمن لەئامادەباشی دایە، بۆیە دەمانەوێت ئەو لایەنە دابین بکەین کەدوژمن هەر لەسەرەتاوە هەستتان پێنەکات تادەگەنە سەریان، ئێستاش دەریا ئارامەوە دەتوانن بەسەریدا بفڕن، بەڵام ئاگاداربن زۆر لەڕووی ئاوەکە نزیك نەکەونەوە.

کیٚ پرسیاری هەیە هەتا وەڵامی بدەینەوە؟

یەکێك دەستی بەرزکردەوە، سەرکردەی هێزی ئاسمانیش گوتی:

بەڵیٚ... شلومو... دەتەوێت پرسیار دەربارەی چی بکەیت؟

(شلومو)ش زۆر ڕاشکاوانە گوتی: گەورەم ئەگەر دەتەوێت بەو نزمیە بەسەر ئاودا بفڕین، دەبێت خاولیەکانیش لەگەڵ خۆمان بەرین، سەرکردەو فرۆکەوانەکان هەموو یان تولآنەوە لەقاقای پێکەنیندا.

بەڵام سەرکردەی باڵا، بەسەرسامییەوە نێوچاوانی خۆی گرژ کردو تەماشایەکی فرۆکەوانەکانی کردو چاوی پێدا دەگێڕان، وادەهاتە بەرچاوی کە ئەو فرۆکەوانانە هەر لەدایك نەبوون کە ئەو چۆتە ڕیزی سوپاو ڕاهێنانە جەنگیەکانی ئەنجام داون، بەڵام ئەوە ئێستا ئەو فرۆکەوانانە بوونە باسکێکی بەهێزی سوپاو، ئەویش وەکو سەرکردەیەك چاوەڕوانیان دەکات بەسەلامەتی لەئەنجامدانی ئەرکەکەیان بگەڕێنەوە، بۆیە کەوتە دوانو گوتی:

نزیکەی (200)ساڵ پێش ئێستا، پیاوێکی ڕەسەن لەفەرجینیا ناوی(جورج واشنطن)بوو، بە ڕاوکەرە خاوەن بەلەمەکانی (مارل هاید)ی گوت: هەرگیز باوەڕ ناکەم چارەنووسی وڵاتەکەمو چارەنووسی ئەو ئەرکەی من هەوڵی بۆ دەدەم، بەو ئەندازەیە پەیوەنی هەبێت بەڕاوکەرەکانی ماسییەوە، ئەو ڕاوکەرانە بەهۆی بەلەمەکانیانەوە سوپاکەی (جۆرج واشنطن)یان گواستەوە بۆ ئەوبەری ڕووباری(دلغار)، لەشەوێکی تۆفی ئاهەنگی سەری ساڵی (1776)دا، بەو شێوەیە

سوپاکە هێرشێکی کردە سەر بنکەیەکی بەریتانی کە لەئاهەنگێکی سەرخۆشی و ئابروبەریدا بوون، جا ئایا دەبێت ئیمڕۆش لە(مصر) ئەو ڕووداوەی(200)ساڵ پێش ئێستا ڕوو بداتەوە؟ ئایا ئەو پلانە هەڵخەڵەتێنەرەی کەپیاوە نادیارەکە دایڕشتووە، سەرکەوتوو دەبێت؟ هەرچەندە هەتا ئێستاش ئەو پیاوە لەئەرکەکانیدا هەڵەی نەکردووە.

سەرکردەی باڵا سەرنجێکی تری فڕۆکەوانەکانی داو بەدەنگێکی نەرم گوتی:

لەهەفتەی ڕابردوودا لەدەورەی ئەوشارە چەندین قۆڵتی گەورەم لێداون، بۆئەوەی بیانکەم بەگۆڕستانی دوژمنەکان، لەبەردەم فڕۆکەوانەکانیشدا دەستێکی لەسەر سینگی داناو خۆی چەماندەوە، هەر فڕۆکەوانێك وای لێك دەدایەوە کە سەرکردەکەی داوای شتێکی تایبەتی لێدەکات، هەمووشیان گەیشتنە ئەوباوەڕەی بەیەك هێزو بازوو ئەو ئەرکە جێ بەجێبکەن کەسەرکردەکەیان دەیەوێت، هەمووشیان بە ورەیەکی بەرزەوە لەخۆیان ڕادەبینی بەسەرکەوتوویی دەگەنە ئامانجەکانیان، بەبێ ئەوەی هەڵەیەك ڕوویدات فڕۆکەکانی دوژمن تێکدەشکێنن، چونکە ئەو پیاوەی لەبەرانبەریاندا دەدوێت، قسەکەرێکی فەرمییە، بەناوی هەموو ئەوانەوە قسەدەکات کە ئێستا دەستیان لەسەر پەلاپیتکەی تفەنگەکانیان داناوەو بەڕووی بیابانێکی فراواندا لەسەنگەردانو چاوەڕێی فەرمانی ئەو دەکەن، نەك هەر ئەوەندە، بەڵکو ئەوپیاوە قسەکەری فەرمیشە بەناوی ئەو منداڵانەوە کە بەدەم خەوەوە زەردەخەنەیان بەدەمدا دێت، ئەوپیاوە هەرلێرەش دەمێنێتەوە چاوەڕێی فڕۆکەوانەکانی دەکات بە سەلامەتیو سەرکەوتوویی بگەڕێنەوە.

هەموو فڕۆکەوانێك ئەوهەستەی لەناخدا دروست بوو کەهەر فڕۆکەیەکی دوژمن ببینێت دەربازی نەکاتو، خۆشی لەفیشەکەکانی دژە فڕین بپارێزێتو کارێکی وابکات سەر لەڕۆکێتە زەمین بەئاسمانیەکان بشێوێنێت، کەخێراییەکەیان(3 ماك)ەو، نەهێڵێت فڕۆکەکەی بپێکێت، لەهەوڵی ئەوەشدا دەبن بەسەلامەتی بگەڕێنەوە لای سەرکردەکەیانو بڵێن(گەورەم فەرمانەکەمان ئەنجامدا)، پاشان جارێکی تریش خۆیان پڕ چەك بکەنەوەو بەردەوام بڕۆنو بێنەوە، تا ئەوکاتەی هەوای ئاسمان پەڕوو توکی نوێ لەباڵەکانیان دەڕوێنێتو گاڵتە بە تۆپە دژە

ئاسمانیـەکان دەکـەن‌و هـیچ بەربەسـتێك لەبەردەمیانـدا نـامێنیٚ‌و بەئاسـانی ئامانجـەکانیان دەپێکن.

سـەرکردەکە قسـەکانی تـەواوکردن، لەدوموچـاویەوە ڕوونـاکی ڕۆژێکـی پڕشـنگدار بەسـەر بیابانەکەدا هەڵدەهات، لە هەمان کاتدا هەستت بـەوەدەکرد لەچاوەکانیەوە گڕێك دەردەچـێت هەموو سوپای (مصر) دەگرێتەوە، ئەو فڕۆکەوانانەش دەبنـە دەسـتێکی بـەهێزی سـەرکەوتوی ئەو سەرکردەیە.

سـەرکردەکە دەسـتەکانی لەسـەر مێزەگـە تونـدکردبوون‌و سـەرنجی دەدایـە فڕۆکەوانـەکان، ئەوانیش لەبێدەنگییەکی تەواودابوون، بەڵام(شلومو) سەرکردەی فڕۆکەی (سـوپـەر مسـتێر) کـە هـەرگیز دانەدەسـەکنا، لەشـوێنەکەی خـۆی هەسـتاو ڕووی لـەهاوڕێکانی کـردو گـوتی: ئێسـتا چاوەڕێی چی دەکەین؟

فڕۆکەوانەکانیش بەیەك دەنگ وەڵامیاندایەوە: ئاسمانێکی بێگەرد.

کاتژمێرە گەورەکەی دەستی سەرکردەی باڵا وای نیشان دەدا کـە میلـە گەورەکـە بـەرەو میلـە کورتەکە دەخشـاو (6:29)خولـەکی نیشـان دەدا، لـەلای ڕاسـتی کاتژمێرەکەشـەوە ژمـارە(5) بەرواری ڕۆژەکەی نیشان دەدا.

فڕۆکەوانەکان بەدوای یەکتریدا ڕۆیشتنە دەرەوە، تـەنها (شـلومو) کـەمێك لای سـەرکردەی بـاڵا خـۆی دواخسـت، پاشـان سـڵاوێکی لێکـردو گـوتی: گـەورەم ئـەو خەندەقانـەی بـۆ گوڕسـتانی دوژمنانت ئامادە کردوون، پڕیان بکەوە، چونکە لەوانەیە یـەکێك بەشـەو ئاگـای لـەخۆی نـەبێت بکەوێتە ناویانەوە! چاوێکی لەسەرکردەی باڵا داگرت‌و بەپەلە ڕۆیشتە دەرەوە بۆئەوەی بگاتـە هاوڕێکانی.

کاتژمێر (6:50)خولەکی نیشاندەدا، ژوورەکەی کە بۆ چەند کەسێکی دیاریکراو دروسـتکرابوو، کە تایبـەت بـوو بەوانـەی لـەوێن، سـەرکردەی بـاڵا لـەپاش مێزەکـەوە شـەڕابێکی گـەرمی دەخواردەوە، بەڵام چاوەکانی لەلایەکی تربوون، میلـی چـرکەژمێرەکە بـەخێرایی دەخولایـەوەو خولەکێکی زیادەی دەخستە سەر کاتەکە، لەپڕ ئەفسەرێکی بـاڵا کـورت بەپـەلـە هاتـەژوورەوە، سەرنجێکی داو، نامەیەکی سەرمۆری دایە دەست سەرکردەی بـاڵا، ئـەویش نامەکـەی کـردەوەو

ناوەڕۆکەکەی خوێندەوە کە لەپێنج دێڕ تێنەدەپەڕی، پاشان سەرنجێکی سەرکردەی هێزی ئاسمانی داو گوتی: هەرئێستا دەمەوێت هەرسێك گروپی ئەو فڕۆکەوانانە ببینم کەبەدوای یەکدا هێرش دەکەنە سەر بنکەی ئاسمانی(بیر ثمادة)، سەرکردەی هێزی ئاسمانیش یاریدەرەکەی ئاگادارکردەوە هەرسێك گروپی ئەو فڕۆکەوانانە لەژووری جموجۆڵی ئاسمانی کۆبکاتەوە، کەبۆ پێکانی ئامانجی ژمارە(7) دەستنیشان کراون، پاشان سەرکردەی بالا بەسەرکردەی هێزی ئاسمانی گوت: دەتوانیت پەیوەندی بکەیت بەو فڕۆکەوانانەی هێرش دەکەنە سەر فڕۆکەخانەکانی( الغردقه)و (الاقصر)؟

(ئیمرۆ موشیر(عامر)و (صدقی محمود) لەفڕۆکەخانەی قاهیرەوە دەفڕن بەرەو بنکەی(بیر ثمادة)، دەمەوێت ئەو فڕۆکەخانەیە بەبەردەوامی بۆردومان بکرێت بۆئەوەی فڕۆکەکەیان نەتوانێت بنیشێتەوە)، بەڵام فڕۆکەخانەی(الاقصر)و (الغردقه) گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، سەرکردەی بالا نامەکەی دایە سەرکردەی هێزی ئاسمانیو ئەویش بەپەلە خوێندیەوەو گوتی: ناچارم ژمارەی فڕۆکەکان زیاد بکەم بۆ هێرشکردنی سەر ئەو دوو فڕۆکەخانەیە.

ئەو ئەفسەرە بالاکورتەش کە نامەکەی هێنابوو، لەتەنیشت سەرکردەی بالا وەستابوو، چاوەڕوانی دەکرد، سەرکردەی بالاش فەرمانی پێکرد کە هەر ئێستا پەیامێك بۆ پیاوەکەی (مصر) بنێرێت داوای لێبکات بەزووترین کات هەموو نهێنیەکانی لەناوبەرێتو بۆخۆشی بەزوترین کات لەوشوێنە نەمینێت.

سەرکردەی بالا هاتەدەرەوە بۆدیداری تایبەتی ئەو فڕۆکەوانانەی کەدەستنیشان کراوون بۆ بۆردومانی بنکەی (بیر ثمادة)و، پێی ڕاگەیاندن سێ خولەك پێش گروپەکانی تر هێرشەکەیان دەستپێبکەنو، بەبەردەوام فڕۆکەخانەکە بۆردومان بکەن، ئاگاداری ئەوەش بن ئەوفڕۆکەیە نەخەنە خوارەوە کە لەخۆرئاواوە بەرەو فڕۆکەخانەکە دێت.

لەوکاتەدا ئافرەتێکی هێڵەکانی تەلەفۆن، دەسکی تەلەفۆنەکەی دایە دەست سەرکردەی هێزی ئاسمانی، ئەویش سەرنجێکی کاتژمێرەکەیدا، حەوتی تەواوی نیشان دەدا، کەکاتی فڕینی فڕۆکەکانە بەرەو (الاقصر)و (الغردقه)، لەژێر بێدەنگییەکی تەواوی لەرەلەری بێ تەلەکاندا.

کاتژمێر(7:52)خولەکە بەکاتی قاهیرە، وێستگە سەرەکیەکە ئاگاداری کردبووم لـە چـاوەڕوانی دابم، بۆیە هەتا ئێستا هەروا چاوەڕێ دەکەم، دڵنیاشم لەوەی ناتوانم وەڵامی هیچ پرسیارێکیان بدەمەوە، چونکە ماشێنە ڕەشەکە لەبـەردەرگای ماڵەکەمـدا وەسـتاوە، هـەر جووڵەیـەك بکـەم، مانای وایە داوایان لێدەکەم بێن بمگرن، بەڵام ئـەوەی بەلامـەوە گرنگـە ئێسـتا هـەموو نیشـانەو پیتە نهێنیەکانی پەیوەندی کردنەکان لەناوبەرم، لەبەرئەوەی پێویستیم پێیان نەماوە.

دوای کاتژمێرێکی تر یان ئـەوەتا هـیچ ڕوونـادات، یـان ئەوسـا ڕۆڵـی مـن لـەو وڵاتـەدا بەتـەواوی ئاشکرا دەبێت، کەچەندین سـاڵە لـەپێناوی بەرژەوەنـدی وڵاتەکـەی خۆمـدا لێـرە ژیـان بەسـەر دەبەم.

دوای دوو یـان سـێ کاتـژمێری تـر هـەموو خـاوەن ژیرییـەك تێـدەگات ئـەو هـەموو سـاڵانە مـن لە(مصر) چیم کردووە.

لەپڕ گوێم لە بێ تەلەکەبوو ئەم پەیامەی گەیاند:

( هـ ــ ش ــ م ــ د ، هـ ــ ك ــ ل، م ــ ی ــ ی ــ د ــ و ــ هـ ــ س ــ ك ــ ل ــ ق، هـ ــ ش ــ م ــ د، هـ ــ ك ــ ل ــ و ــ هـ ــ س ــ ت ــ ل ــ ق) تەواو.

مانای ئەوەی دەگەیاند: ( هەموو شتەکان لەناوبەرەو بەزووترین کات لەوێ مەمێنە).

ئـامێری بـێ تەلەکـەم کوژانـدەوە، لەپەنجەرەکـەوە سـەیرێکی دەرەوەم کـرد، بینـیم ماشـێنە ڕەشەکە لەبەر دەرگاکە وەستاوە، لەناو قاسەکەدا تەورێکی بچووکی تێدابوو، دەرمهێناو کامێرا بچوکەکەو بێ تەلەکەم وردوخاش کرد، وردەوردە ڕۆمکردنـە نـاو کـونی ئاودەسـتەکەوە، بـۆڕی ئاوەکەشم بەکراوەیی جێهێشت بۆئەوەی ڕایـان ماڵێـت، پاشـان لەماڵەکـەدا گـەڕام، پاشمـاوەی ئارێلەکەو شوشەی ئەو دەرمانەی کـە کاغـەزەکانم پـێ دەتوانـدەوەو حەبـە سـپیەکانو هـەموو ئەوشتانەشـم وردو خـاش کـردنو بـەکونی ئاودەسـتەکەدا بـەڕێم کـردن، هــەموو خۆشـیو ناخۆشیەکانی خۆمم شردەوە، بەشێوەیەك لەماڵەکەدا سـەرەداوێکت دەسـت نەدەکـەوت ببێتـە هۆی تاوانبار کردنم.

کاتــژمێر (8:12) دەســکی تەلەفۆنەکــەم بــەرزکردەوەو پەیوەنــدیم بەفرۆکەخانــەی قــاهیرەی نێودەوڵەتیەوە کردو، بەفەرمانبەری تەلەفۆنەکـەم گـوت: ئـەی کچـە جوانەکـە، هێڵـی ئاسمـانی تورکیم دەوێت.

کچەکەش وەڵامیدامەوە: بەیانیت باش ئەنوەر بەگ، من (نجاة)م، حاڵت چۆنە؟

وەڵاممدایـەوە: بووکـە جوانەکـەم... زۆر باشـم.. سوپاسـت دەکـەم، هێڵـی ئاسمـانی تورکیـام دەوێت.

گوێم لەدەنگی ئافرەتێك بوو، گوتی: هێڵی ئاسمانی تورکیایە...بەیانیت باش...فەرموو...

منیش گوتم: ئەنوەر قسەدەکات، بەیارمەتیت، کـەی یەکـەم فڕۆکـە بـەرەو تورکیـا گەشـتەکەی دەست پێدەکات؟

بەبێ ئەولاو ئەولا، یەکسەر گوتی کاتژمێر(8:43) خولەك، گەشێکی ڕاسـتەوخۆیە بـۆ ئەنقـەرە، دەتەوێت شوێنێکت بۆ دیاری بکەم بەڕێز ئەنوەر بەگ؟

گوتم: بەڵێ خۆشەویستەکەم، جێگەیـەکم بـۆ دیـاری بکـە، منـیش لـەکاتی دیـاریکراودا دەگەمـە لاتان.

لەوکاتەدا شتێکم بەبیردا هات...کە( السفاح زکریا محی الدین)، بەبێ ماندووبوون دەرك بەهەموو شتەکان دەکات.

بەپەلـە هــەموو کاغــەزە تایبەتیــەکانی خــۆم کۆکردنــەوە، ڕێکمخســتن‌و لــەناو فــایلی گــەورەو ئەستوردا دامنان، کە بریتی بوون لەو توێژینەوانـەی لەچـەند سـاڵی ڕابـردوودا ئـەنجامم دابـوون لەسەر پێکهاتەو نهێنیەکانی ئاسمان، کـە کـەس هیچـی لەبارەیـەوە نـەدەزانی، لەبـەر خۆمـەوە دەمگوت: ئەگەر ئەو ئیشەش نەمێنێ، ئەوا بەهۆی ئەو زانیاریانەوە دەتوانم وەکـو مامۆسـتایەك وانە بڵێمەوە دەربارەی نهێنیەکانی ئاسمان، هەموو فایلەکانم خستنە ناو قاسەکەوەو دەرگاکەم داخست‌و کلیلەکەشم خستە باخەڵمەوە.

ئەگەر(السفاح)یش بیەوێت قاسەکەم بکاتەوە، ئەوە لەچـەند فایلێـك زیـاتر هیچـی تـری دەسـت ناکەوێت، کە چەندین ژمارەو نیشـانەی تێـدان، لەهـەموو ولاتـی نیـل لەکەسـێکت زیـاتر دەسـت ناکەوێت لە ماناکانیان تێبگات، ئەویش ئەو پیـاوە بەتەمەنەیـە کـە لـە بورجەکـە چـەندین سـاڵ

بەیەکـەوە توێژینـەوەمان دەکـرد، پێـوەرو تایبەتمەندییـەکانی قـوڵای ئاسمانمـان تێـدا دیـاری کردبوو، لـەناو کیسـە باخەڵەکەشـم سـەفتەیەك پـارەم دەرهێنـاو خسـتمە نـاو گیرفانمـەوە، لـە پەنجەرەکەوە بینیم ماشێنە ڕەشەکە لە شوێنی خـۆی نـەماوە، لـەپڕ گـوێم لـەزەنگی دەرگاکـە بوو، لەبەرخۆمەوە گـوتم: ئایـا لەدەرگاکـەی پشـتەوەڕا بڕۆمـەدەرەوە؟ بـەڵام خـۆ ماشـێنەکەم لەبەر دەرگای ماڵەکەم وەستاوە، زەنگەکەش بەبەردەوام لێیدەدا، پاشان بیرم کەوتەوە، ئـەوە خزمەتکارەکەیە هاتووە ماڵەکە پاك بکاتەوە.

لەکاتێکـدا کـە زۆربـەی سـەرکردە سـەربازیەکان لەفڕۆکـە خانـەی قـاهیرە ئامـادەبوون، بـۆ بەڕێکردنی موشیر(عامر)و (صدقی) محمود بەرەو سینا، لەهەمان کاتیشدا لەبنکەی (بیر ثمـادة) هەموو سەرکردەکانی سینا ئامادەبوون بۆ پێشوازی موشیر(عامر)و (صدقی محمود)، لیـوا (عبدالحمیـد عبدالسـلام دغـیری)ش سـەرکردەی هێـزی ئاسمـانی سـینا، لەپێشـەوەی هەموانەوە وەستابوو.

ئاهەنگەکەی شەوی ڕابردوویان تا درەنگانی شەو بەردەوام بوو.

دوای ئاهەنگەکەش کە (دغیری) گەڕایەوە ماڵەکـەی لـەنزیك بنکـە ئاسمانیەکـە، (غـادە فخـری) سەماکەریشی لەگەڵ خۆیدا بردەوە، (غادە)ش کەچۆتە ژوورەوە پێکـەنیوەو وەکـو نهێنییـەکی بۆ ئاشکرا بکات پێی گوتوە: ئارام ئەنویری برادەرت ڕایسپاردوم لەگەڵتدا ڕێكو پێك بم.

(غادە) پێشی گوتووە: کە ئارام گوتویەتی پلەی پیاوەتی تۆ لەهی(کامل مرتجی) بەهێزترە، جا من دەمەوێت بۆخۆم ئەو ڕاستییە بەچاوی خۆم ببینم، چونکە پێشتر ئـارام درۆی لەگـەڵ کـردم کاتێـك ڕادەسـتی(مرتجی)کردم، بـەڵام کـەخۆی ڕووتکـردەوە سـەرکەوتوو نـەبوو، دەك داوەشێت...بۆیە(دغیری) بڕیاریدا بەشـداری ململانێکـە بکـاتو، بەپلـەی شـەرەف سـەرکەوتنی بەدەست هێنا.

(دغیری) کە لەپێشەوەی ئەفسەرەکان وەستابوو چاوەڕێی گەیشتنی فڕۆکەکـەی بـوو، هەسـتی بەهیلاکییەکی زۆر دەکرد، بەڵام لەناو دڵی خۆیدا زۆر ڕەزامەنـدو دڵخـۆش بـوو، شـەوی ڕابـردوو توانیبووی پیاوەتیەکەی خۆی بسەلمێنێ، ئێستاش ئەوە (غادە) لەسەر جێگەکەی پاڵکـەوتووە

چاوەڕی گەڕانەوەی دەکات، لەبەرخۆشیەوە زەردەخەنەیکی هاتیٚو گوتی: دەبێت (غـادە) ئـەو شتە بۆ ئارام بگێڕێتەوە، کە تاموچێژێکی زۆری لە(دغیری) کردووە؟

خۆر لەئاستی ئاسۆی بیابانەکەدا، لەپاش گردەکانی (الکونتیلا)وە لەبەرز بوونەوەدابوو، هەموو ئەفسەرە پلەدارەکان لەچاوەڕێی گەیشتنی فڕۆکـەی سـەرکردەکانیاندا بـوون، (دغـیری) بـیری لەوە دەکردەوە دوای ئەوەی(صدقی محمود) دەبینێت، هـەوڵی ئـەوە دەدات خـۆی بدزێتـەوەو بگەڕێتەوە بۆلای (غادە)، بـەلاٚم لـەو کاتـەدا گـوێی لـەدەنگی ئامێرێـك بـوو، هـەموویان ڕوویـان لـەخۆرئاواکرد، بەمەبەسـتی بینیـی فڕۆکەکـە، دەنگەکـە بـەردەوام لەزیادبوونـدا بـوو، بـەلاٚم ئـەمجارەیان لەخۆرهەلاٚتـەوە دەنگـی دەهـات، کـە(دغیری) ئـاوڕی دایـەوە بـۆ دواوە بۆئـەوەی سەرنجی سەرچاوەی دەنگەکە بدات لەلای خۆرهەلاٚتەوە، لـەناو تیشـکی خـۆردا چـوار فڕۆکـەی بینین خۆیان بۆ فڕۆکەخانەکە دادەهێنایـەوە، هەسـتی بـەوەکرد ئـەو فڕۆکانـە مێکـی (مصـر)ی نین، لوتەکەیان درێژەو باڵەکانیان پانن‌و دوو ئەستێرەی داودیش بەبن باڵەکانیانەوە دیارن، کـە دەیسەلمێنن ئەو فڕۆکانە ئیسرائیلین.

نیـو کاتـژمێر تێپـەڕیبوو، فڕۆکـە (مصـر)ییەکە هـەر لـەئاسمان دەخولایـەوەو سـێ جـار خـۆی لەدەستی فڕۆکە ئیسڕائیلیەکان ڕزگـار کردبـوو، بـەلاٚم نەیـدەتوانی بنیشـێتەوە، هـەموو فڕۆکـە خانەکانی سینا کەوتبوونە بەر هێرشی فڕۆکە ئیسرائیلیەکان.

نیـو کاتـژمێری تـریش تێپـەری فڕۆکەکـە هـەر بەئاسمانـەوەبوو، وەکـو کۆترێـك لـەو بیابانـە گەورەیەدا شوێن پێیەکی دەست نەدەکەوت لێی بنیشێتەوە.

لەژێر زەمینەکەی سەرکردایەتی سوپاش لەبنکەی(بیر پمادە)، (کامـل مرتجـی)و سـەرکردەکانی تر لەهەوڵی ئەوەدابوون پەیوەندی بە یەکە سەربازییەکانی ناو فڕۆکەخانەوەکەوە بکـەن، بـەلاٚم سەرکەوتوو نـەبوون، لەبەرئـەوەی هـەموو پەیوەندیـە تەلەفۆنییـەکان پچـڕابوون‌و، ئـامێرە بـێ تەلەکانیش بەردەوام داوای یارمـەتیان دەکـرد، پاشـان(الشـاذلی) تـوانی پـەیوەنـدی بەسـەرۆکی ئەرکانی هێزەکەیـەوە بکـاتو فـەرمانی پێبکـات بـەرەو(النقب) بجووڵێـت، سـەرۆکی ئـەرکانیش وەلاٚمیدایە کە هیچ پەیوەندییەك نەماوە لەگەڵ یەکـە سـەربازیەکانی ژێـر دەسـەلاٚتی ئـەو، بـەم شـێوەیە ئێسـتا لەسـینا فڕۆکەیـەك نـەماوە کـەڵکی لێ وەربگـیرێو فڕۆکەخانەیـەکیش نـەماوە

کەفڕۆکەکانی لێوە بفڕن یان بنیشنەوە، بەڵام (الغول) لیوا (عواد علی صدقی)، سەرکەوتووبوو لەپەیوەندی کردن بەهێزەکەیەوەو فەرمانی پێکردن بجووڵێن‌و دوای هێرشە ئاسمانیەکە ئەویش پەیوەندییان پێوە دەکات.

زۆربەی سەرکردە سەربازیە (مصر)ییەکان، لەوکاتە هەستیارەدا نەیانتوانی پەیوەندی بە هێزەکانیانەوە بکەن، ئێوارەش هەموویان بەسەرکردایەتی فەریق (کامل مرتجی) سەرکردەی هێزی وشکانی، گەڕانەوە بۆ قاهیرە، بۆئەوەی ڕاپۆرتێك پێشکەش بکەن‌و داوای یارمەتی بکەن.

## سەرئەنجام فڕۆکەکان تێکشکێنران

## 5 ی حوزەیرانی 1967

چوار فڕۆکەی میراج لەئیسرائیلەوە بەسەر ئاوی دەریادا بەئاراستەی باشوور بەرەو (مصر) فڕین، بەتەنگەبەرێکدا تێپەڕین کە وردەوردە بەرەو فراوانی دەڕۆیشت، ئەو شوێنە ناسراوە بە(تیران) کە لەخۆرئاوەکەیەوە فڕۆکەوانەکان بەباشی نیوەدوورگەی سینایان دەبینی، لەوێوە فڕۆکەکان کەوتنە سەر دەریای سوور، لەئامێری بێ تەلەکەشەوە دەنگی سەرکردەی هێزی ئاسمانی دەهات بانگی (یورام)ی فڕۆکەوانی دەکرد کە سەردەستەی چوار فڕۆکەکەبوو:

هەلاو ڕیشە (8)، دەنگم دەبیستی؟ تکایە وەڵام.

(یورام)یش تاقە فڕۆکەوان بوو لەهێزی ئاسمانی ئیسرائیلیدا زۆر سەرکەوتوانە لەبەرزی(30)پێ بەسەر ئاوی دەریادا دەفڕی، کە بەتایبەت نێررابوون بۆ بۆردومانی ئامانجی ژمارە(8)، وەڵامی دایەوەو گوتی:

ئێرە ڕیشە (8) هەشتە، گوێم لێتە، تکایە وەڵام.

سەرکردەی هێزی ئاسمانیش گوتی:

هەشت فڕۆکەی سۆخۆی بەرەو ڕووتان دێن، دەتوانیت چارەسەرییان بکەیت؟

ئەویش وەلاَمیدایەوە: بەلَیٚ گەورەم چارەسەریان دەکەم.

سەرکردەکەش گوتی: هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم.

لەوکاتەدا دەنگێکی تر لە بیٚ تەلەکەوە هات:

ئامانجی ژمارە (3) تەمێکی نزم دایپۆشیوە.

(یـورام)ی سەردەسـتەش بـیٚ تـەلی نێـوان فڕۆکـەکانی بەکارخسـت، بۆئـەوەی پەیوەنـدی بـە فڕۆکـەکانی تـرەوە بکـاتو، گـوتی: (28)پلـە بـۆلای ڕاسـت، لێتـان ئاشـکرایە؟ وەلاَمـی سـیٚ فڕۆکەکەی تریشی بەم شێوەیە پێگەیشتەوە:

ژمارە(2): ئاشکرایە.

ژمارە(3): ئاشکرایە.

ژمارە(4): ئاشکرایە.

ئـەو چـوار فڕۆکەیـەی هێـزی ئاسمـانی ئیسـرائیلی کـە بـۆ بۆردومـانی ئامـانجی ژمـارە (8) بەئاسمانەوە بوون، سەرەتا بـەرەو باشـوور فـڕین، پاشـان ئاراسـتەکەیان گـۆڕی بـۆ باشـووری خۆرئاوا بەرەو فڕۆکە خانەی(الغردقە)، بـەخێرایی (600)میـل دەفـڕین لـە کاتژمێرێکدا، تـەنها ماوەی (70)میلیـان مـابوو بگەنـە سـەر فڕۆکەخانەکـە، بـەهۆی خێراییەکەیانـەوە سـیٚ خولـەك لــەکاتی دیــاریکراو زووتــر دەگەیشــتنە ســەر ئامانجەکــە، بــەلاَم ئــەوەش گرفــت نــەبوو بــۆ فڕۆکەوانەکان، (یورام)ی سەردەستەی فڕۆکەوانەکان بـیری دەکـردەوە تێکشـاندنی ئـەو فڕۆکـە سـۆخۆیانەی تـازە گواسـتراونەوە بـۆ فڕۆکەخانـەی (الغردقـە) بیرەوەرییـەکی خـۆش دەبێـت، سۆخۆی لەفڕۆکەی (مێك 19) دەچێت، بەلاَم باشتر ئاراستەکەی خۆی دەگرێتو بزوێنـەرەکانی گـەورەترنو زۆر بـەهێزن، توانـای ئـەوەی هەیـە بـەخێرایی پـێچ بکاتـەوەو خـۆی لەبەرچـاوان بزربکـات، بۆیـە پێویسـتە یەکـەم گـورز ئـەو فڕۆکـە سـۆخۆیانە بتەقێنینـەوە، پاشـان بچـینە سەر(میك 21)و دواتریش(میك (19)کان، هەمووی (30)فڕۆکەیە، قوڕیان بەسەر ناهێلَین بفڕن، کاتـژمێر (7:47)خولـەکی نیشـان دەدا، دوای حـەوت خولـەکی تـر فڕۆکـەکان دەگەنـە سـەر فڕۆکەخانەکە.

(یورام) لە بێ تەلەکەی نێوان خۆیاندا گوتی: ئاگـاداربن، سـەرەتا فڕۆکـە سـۆخۆکان بۆردومـان دەکەین، پاشان (مێك 21)کەکان، هەروەکو ئەو نەخشەیەی دامانناوە، سەرەتا ژمارە(2) خۆی دادێنیێو هێرشدەکات بۆسەر فڕۆکەخانەکە، بەدوای ئەودا من هێـرش دەکـەم، ئینجـا ژمـارە(3) پاشانیش ژمارە(4)، ئەوەندەی بۆتان دەکرێت یەکەم خول لە فڕۆکە سـۆخۆکان ڕاکێشـن، ئایـا دەتوانن فڕۆکـە سـۆخۆکان لـە فڕۆکـەکانی تـر جیابکەنـەوە؟ ژمـارە (3)و ژمـارە(4) بـە بـەڵێ وەڵامیان دایەوە، یورام گوتی: سۆخۆی هەتا ئەندازەیەك لەشێوەی (مێـك 19)دایـە...جا دوای خولی یەکەم بەوشێوەیە ڕەفتار دەکەین کە لەسەری ڕێککەوتووین.

لەلای ڕاستی فڕۆکەکانەوە دوورگەیەکی لاکێشە دیاربوو، (یورام)گوتی: ئەوە فڕۆکـە خانەکەیـە، تەنها (25) میلمان ماوە، دەنگێك لە بـێ تەلەکـەوە هەواڵیـدا: دوو خولـەكو نیـو دەگەنـە سـەر ئامانجەکانتان.

لەفڕۆکەخانەکەشدا پەشێوی بەرپا ببوو، چەند خولەکێك پێشتر لە بورجی جاودێری کردنەکەوە هەواڵێکی نادڵنیایان پێگەیشتبوو، کەگوایە چەند فڕۆکەیەکی نەناسراو ئێستا فڕۆکەخانەی (بنی سـویف) بۆردومـان دەکـەنو، هـەموو فڕۆکەخانـەکانی سـیناش کـە موقەدەم(صـالح عبـدالنبی) سـەرکردایەتیان دەکـات بۆردومـان کـراون، بـەهۆی نـەمانی پەیوەندیشـەوە نـەتوانراوە سەرکردایەتی گشتی لە قاهیرە ئاگاداربکرێتـەوە، ئـەو بـێ تەلـە نادیـارەش بەبـەردەوامی داوای یارمـەتیو بەهاناوەچـوونی دەکـرد، ئـەو هێـزەی کـە لەفڕۆکەخانـەی (الغردقـە)ش دانرابـوو بـۆ بارێکی ئاوەهابوو، هەر کاتێك فڕۆکەکانی ئیسـرائیل بـەرەو باشـوور هـاتنو خولیـان خـواردەوە بەرەو سـینا، ئەوسـا فڕۆکـەکانی فڕۆکەخانـەی (الغردقـە) هـەلیان لێ ببیـننو لـەدواوەوە لێیـان بدەن، ئێستاش نازانرێت ئەو فڕۆکانە لەکوێوە هاتوون بۆسەر سینا، بۆیە پەشێوییەك کەوتۆتـە ناو فڕۆکەخانەی (الغردقە)و بەپەلە داوای فڕۆکەوانـەکان کـراوە بگەنـە فرۆکـەکانیان لەکاتێکـدا کەتەنها سـێ کاتـژمێرە خـەوتوون، بـەهۆی ئاهەنگەکـەی شـەوی ڕابـردووەوە، بۆئـەوەی چـەند فڕۆکەیەك بنێـرن بـۆ بەهاناوەچـوونی فڕۆکەخانـەکانی سـینا، دەنـا بەرپرسـانی فڕۆکـە خانـەی (الغردقە) تووشی لێپرسینەوەی یاسایی دەبن، لەهـەمان کاتیشـدا پێویسـتە هێزێکـی زۆر لـەناو فڕۆکەخانەکەدا ئامادەبێت تا ئەوکاتەی شتەکان باشتر ڕوون دەبنەوە، ئەوسا بڕیاری ئـەوەدەن

فڕۆکەکانیان بەکام ئاڕاستەدا بنێرن، ئێستاش ئەوە فەرمانی ئەوەیاندا چەند فڕۆکەیەکی (مێك 21) بنێرن بۆ یارمەتی دانی فڕۆکەخانەی (بنی سویف)، پاشان دەگەڕێنەوە بۆ دەوروبەری قاهیرە بۆ یارمەتیدانی ئەو فڕۆکەخانانەی کە بۆردوومان کراون.

فڕۆکە مێکەکان لەماوەی یەك خولەکدا دوودوو بەدوای یەکدا دەرچوون، سەرکردەکەش لەنوسینگەکەی خۆیەوە تەماشای دەکردن و دڵخۆش بوو بەوەی پیاوەکانی تووشی شکست نەبوون، دوای سێ خولەك فڕۆکەکان لەبەرچاوان بزربوون. سەرکردەکەش هەناسەیەکی خۆشی هەڵکێشاو، سەرنجێکی کاتژمێرەکەیدا(8:53) خولەك بوو بەکاتی قاهیرە، دە خولەکی تەواو تیپەڕی بوو بەسەر ئەوهەواڵەی کەپێیان گەیشتبوو، لەپڕ(عبدالنبی) گوێی لەدەنگی ئامێرێك بوو، فڕۆکەیەکی نەناسراوی بینی ناو فڕۆکەخانەکەی بۆردومان کرد، ئەویش لەسەر مێزەکەیەوە خۆی هەڵدا بەرەو پەنجەرەکە، بینی ئەوە بۆمبا ڕەشەکان بەسەر فڕۆکەخانەکەدا دەبارێن و لەگەڵ تەقینەوەیان ئاگرێکی گەورە بەرپادەکەن، ((عبدالنبی) هەردووك دەستەکانی لەسەری خۆی گیرکردوو بەرەو بڵند گۆکە دەڕۆیشت، بۆئەوەی ئاگاداریان بکاتەوە بەزووترین کات فڕۆکەکان بگوازنەوە، فڕۆکەی دووەمیش بینرا بۆمبە ڕەشەکانی لەسەر فڕۆکەخانەکە هەڵدەدانە خوارێ، فڕۆکە سۆخۆکان جووڵێندران بەرەو ڕێڕەوەکانی فڕین، بەلاَم لەبەرئەوەی ئاگرێکی گەورە کەوتبۆوەو قۆلتێکی گەورەش لەڕێڕەوەکەدا دروست ببوو، هەر هەوڵێکیان دابا بۆ فڕین، واتە بەپێی خۆیان بەرەو پیلی مردن دەچوون، فڕۆکەیەکی تریش بینرا لەسەر فڕۆکە سۆخۆکان سەمای دەکرد، ئەو فڕۆکە سۆخۆیە وێرانکەرانەی (کە (مصر)ییەکان شانازیان پێوەدەکرد)، ئەوە ئێستا بەیەك ڕیز ڕاوەستاون بەبێ پاسەوان وەکو ئافرەتە ڕووتەکان.

مەدفەعیەی دژە ئاسمان دەستی کرد بەتەقەکردن، بەلاَم ئەو فڕۆکەیەی کە بەتەنیشت بورجی جاودێری کردنەکە تێپەڕی، گوێی نەدایە تەقەکردنەکەو بۆردومانەکەی خۆی کرد، سەرکردەی فڕۆکەخانەکەش کەبینی فڕۆکەکانیان ئاگریان گرتووە، فەرمانیدا فڕۆکەوانەکان فڕۆکەکان جێهێڵن و بچنە ژێر زەمینەکانەوە، لەودەمەدا فڕۆکەی چوارەمیش هات، هەموو فڕۆکە سۆخۆکان تێکشکێنران، فڕۆکەوانێکی (مصر)ی بینرا کەفڕکەکەی گڕی گرتبوو، دەرگاکەی کردەوەو خۆی دەربازکرد، بەلاَم فڕکەوانەکەی دووەم لەناو لرفەی ئاگرەکەدا بزربوو،

سـەركردەی فڕۆكەخانەكـە وای گومـان دەبـرد ئـەو فڕۆكەوانــەی كەسـووتا نـاوی(حلمی)بوو، گەنجێكی مێبازی بـاش بـوو، فڕۆكـەكان خولێكيـان داو بۆجـاری دووەم هاتنـەوە، ئـەمجارەيان فڕۆكە (مێك 19) كانيان كردنە ئامانج، پاشان باڵەخانەكەی سەركردايەتی، كـەبۆمبێكی ڕەشـی پێدادراو لەكاتی تەقينەوەكەدا (عبدالنبی) بەئاسماندا بردو پێش ئەوەی بكەوێتەوە سـەر زەوی هيچی وای لێنەمابۆوە تەنها وەكو پارچەيەكی ڕەشی گڕگرتوو دەردەكەوت.
(يورام)فڕۆكەوانەكانی ئاگاداركرنەوە دەسـت لـەبۆمباباران هـەڵگرن، لەبـەر مەترسـی تۆپـەكانی دژە ئاسمانو، بەئاراستەی ژمـارە(40)يـش بچـنەوە سـەر ڕێڕەوەكـە خۆيـان لەسـەر دەريـادا. لەبــەرزی(500)پــیّ بفــڕن، تۆزێــك لــەڕقو قينەكەشــی نيشــتەوە، وێرانكردنــی باڵەخانــەی سەركردايەتيەكە، تەنها نيو خولەكی خاياند، بۆيە سەركردايەتی (مصر) نازانێت هۆی چـی بـوو لەپڕ پەيوەنديەكەی لەگەڵ ئەو فڕۆكەخانەيە پچڕا.
فڕۆكەوانەكان لەنێوان خۆياندا باسی ئەو دوكەڵە ڕەشـەيان دەكـرد كەفڕۆكەخانەكـەی داپۆشـی بوو، پاشان(يورام) هاوڕێكانی ئاگاداركردەوە بەرزببنەوە بۆ ئاستی (4000) پیّ، هۆشداريشی دانیّ ئاگاداری خۆيانبن فڕۆكە (مێك 21)ەكەكان تا ئێستا نەگەڕاونەتەوە.
فڕۆكە (مێك 21)ەكان زۆر بەخێرايی دەفـڕين بـەرەو فڕۆكەخانـەی (بنـی سـويف)، كـە دوكـەڵ داپپۆشيبوو ڕێڕەوەكەشی لەكار كەوتبوو.
لەناو دەنگی بیّ تەلەكاندا دەنگی زەعيمی سـەركردەی هێـزی ئاسمـانی ئيسـرائيلی بـە ئاشـكرا دەبيسترا دەيگوت:
هەلەو ڕيشە (9)، ئەی يونتان، گوێت لێمە؟ تكايە وەڵام.
دەنگی يونتان بيسترا لەفڕۆكەيەكی (الفيتور) وەڵامی دايەوەو گوتی:
من ڕيشە (9)م، يونتان قسەدەكات، من گوێبيستی قسەكانتم، تكايە وەڵام.
زەعيمی سەركردە گوتی: ئاگاداربە،(8) فڕۆكەی (تۆپۆليف)و (10) فڕۆكەی (اليوشن)ی تريـان هێناوە بۆ ئامانجەكەی تۆ، جا ئايا دەتوانيت تێكيان بشكێنيت؟ بـاش بـيری لێبكـەوەو وەڵامـم بدەوە.

(یونتان) ئەو ترسەی سەکردەی هێزی ئاسمانی بەلاوە سەیربوو، بۆیە وەڵامی دایەوە: دەتوانین (16)فڕۆکە تێکبشکێنین، تکایە وەڵام.

سەرکردە وەڵامیدایەوە: فڕۆکە(الیوشن)ەکان لێگەڕێن، فڕۆکەی سۆخۆشی لێ نیەو، فڕۆکە مێکەکانیش ژمارەیان کەمە، بەزووترین کات ئەرکەکەتان جێبەجێ بکەن‌و بگەڕێنەوە.

گروپی ژمارە(9) پێکهاتبوون لەفڕۆکەی (الفیتور)و (میراج) فڕۆکە میراجەکان ئەرکی پاراستنی فڕۆکە (الفیتور)ەکانیان لەئەستۆدابوو، (یونتان)یش پەیوەندی بێ تەلی نێوان فڕۆکەکانی بەیەکەوە بەستەوەو لە(بوشی) فڕۆکەوانی ژمارە (1)ی پرسی: گوێبیست بوویت سەرکردەی هێزی ئاسمانی چی گوت؟

(بوشی) وەڵامیدایەوە، بەڵێ گوێبیست بووم، لەوکاتەدا فڕۆکەکان خەریکبوو خۆیان لەئاوی دەریا بخشێنن، لەسەر دەریای سوریش مەودای بینین کەمە.

دوو فڕۆکە (الفیتور)ەکە بەبەردەوامی لەسەر ڕووی ئاوەکە دەفڕین، هەرکە ماوەی بێدەنگی بێ تەلەکان تەواوبوو، لەهەموو لایەکەوە بێ تەلەکان کەوتنە کار، ئەوکاتە کاتژمێر(7:48)خولەك بوو، فڕۆکە(الفیتور)ە هیواشەکان ماوەی (550)میلیان بڕیبوو، (150)میلیشیان مابوو بگەنە ئامانجەکانیان، لەهەر خولەکێکدا(9) میلیان دەبڕی، واتە دوای (17)خولەکی تر دەگەنە ئامانجەکانیان، ئەوەش ئەوکاتە دیاریکراوەبوو کە نیو کاتژمێر دوای بۆمبابارانی فڕۆکەکانی سینا دەستی پێدەکرد.

لە بێ تەلەکانەوە دەنگی (یونتان) هات، گوتی:

بوشی دەڵێت: چیایەکمان لەپێشە، پێویستە بەرز بفڕین.

لەو ئاراستەیەدا دەریای سور بەچیایەکی بەرز کۆتایی دەهات کەچەندین دۆڵ‌و شیوی نارەحەتی تێدابوون، لەڕێڕەوەکەیاندا بەسەر چیای وادا تێدەپەڕین بەرزییەکەی نزیکەی (4000) پێ بوو.

کاتژمێر (8:04) خولەك گروپی ژمارە(9) کەوتنە باری هێرش بردنەوە، (بوشی) فڕۆکەی ژمارە(2)ی بینی ڕێڕەوەی فڕۆکەخانەکەی بۆردومان کرد، کە لەسەر ڕێڕەوەکە ژمارەیەکی زۆری فڕۆکە گەورەکا لەئامادەباشیدابوون چاوەڕێی فەرمانیان دەکرد، فڕۆکەخانەکە بە یەك

هێرش لەکار نەدەکەوت لەبەرئەوەی چەند ڕێڕەوێکی فرینی تێدابوو، لەگەڵ تەقینەوەی ئەو بۆمبانەی کەفرۆکەی ژمارە($2$) وەشاندنی، فرۆکە مێکەکانی جوولاندن کەخۆیان دەربازکەن، بەڵام (بوشی) بەسەریانەوەبوو نەیدەهێشت دەربازیان ببێت، پاشان (یونتان) خۆی داهێناو بەپێی بەرنامەکە ئەو خانووە کۆنکرێتیانەی بۆردومانکردن کەفرۆکە بۆمب هاوێژە مەودا دوورەکانی لەژێر دابوون، بەسەر ریزی یەکەمدا تێپەڕیو بۆمبێکی تێگرتن، پاشان بۆمبی دووەمیشی تێگرتن، فرۆکەکانی تریش کەوتنە گیانی فرۆکە(تۆپۆلیف)ەکان لەفرۆکەخانەی (الاقصر).

(بوشی) سەرنجێکی کاتژمێرەکەیدا ($8:16$)خولەکی نیشان دەدا، سووتەمەنی فرۆکەکان بەرەو کەمبوونەوە دەرۆیشت، بەڵام هێشتا($20$)فرۆکەی (الیوشن) لە فرکەخانەکەدا هیچ گورزێکیان بەرنەکەوتبوو، بۆیە (بوشی) فرۆکەوانەکانی ئاگادارکردەوە بگەرێنەوەو، ئەویش بە فرۆکە میراجەکەی فرۆکە(الیوشن)ەکان تێك دەشکێنێتو دەگەڕێتەوە، بەڵام هاوڕێکانی ئامادەنەبوون بەتەنها جێیهێڵن، لەکاتێکدا کەئەوانیش تەقەمەنیەکی زۆریان پێمابوو، پاشان دوای ئەنجامدانی ئەرکەکەیان بەسەرکەوتوویی، هەموو فرۆکەکان گەڕانەوەو بەرەو کەنداوی (ایلات)، کاتژمێر ($8:32$)خولەك بوو، لەبەرزی ($27$)هەزار پێ دەفرین، چونکە فرین لەوئاستە بەرزەدا پێویستی بە سووتەمەنی کەمتر هەیە.

تاقە فرۆکەخانەیەك کە فرۆکەکانی نەکەوتنە بەرگورزی هێرشەکەی اسرائیل، فرۆکەخانەی(اسوان) بوو، عەقید(مدکور ابوالعز) لەباشترینی ئەو فرۆکەوانە (مصر)یانەبوو کە لەمۆسکۆ ڕاهێنانیان کردبوو، سەرکردەی فرۆکەخانەکەبوو، ڕکابەری (محمد صدقی محمود)و، دۆستێکی دێرینی ئارام ئەنویر بوو، کاتێك هەستی کرد بەوەی شڵەژاوییەك هەیە لەناو پەیوەندییە بێ تەلەکاندا، یەکسەر بڕیاریدا هەموو فرۆکەکانی فرۆکەخانەکەی بگوازێتەوە بەرەو باشوور بۆ نزیکترین فرۆکەخانەی سودان، ($30$)فرۆکەی (میك $21$) لەفرۆکەخانەکە دەرچوونو، پاشان فرۆکە بارهەڵگرەکانیش بەدوایاندا فرین، (ابوالعز)یش پەیوەندی بەسەرکردەی فرۆکەخانە سۆدانیەکەوە کردو پێی ڕاگەیاند کە دوو پۆل فرۆکەی (مێك $21$)و چەند فرۆکەیەکی بارهەڵگرو هەلیکۆپتەری ڕەوانەی لای ئەوان کردووە، ڕێگەیان بدەن لە فرۆکەخانەکەتان

بنیشـــنەوەو بـــەبێ فـــەرمانی منـــیش ڕێگـــە مـــەدەن فڕۆکەیـــەك لەشـــوێنی خـــۆی بجوولێـــت، پاشان(ابوالعز) فەرمانی کرد هەموو ئامێرە گرنگەکان دابەزێننە نـاو ژێرزەمینەکانـەوەو، کەوتـە هەوڵی پەیوەندی کردن بەقاهیرەوە.

کۆتایی کتێبەکە

فڕۆکەکـەی هێڵـی ئاسمـانی تـورکی کـەبڕیاربوو کاتـژمێر(8:43) گەشـتەکەی لەفڕۆکەخانـەی نێودەوڵـەتی قـاهیرەوە دەسـت پێبکـات بـەرەو ئەنقـەرە، تائەوکاتـە هـەر لەسـەر ڕێـڕەوی فڕۆکەخانەکە وەستابوو چاوەڕێی فەرمانی دەکرد، سەرنیشینەکانیش کەزۆرینـەیان پاشمـاوەی ئەو گەشتکەرە ڕۆژئاواییانەبوون کـەبۆ گەشـتو گـوزار هـاتبوون بـۆ (مصـر)، نـاڕەزایی خۆیـان دەردەبڕی بەرانبەر دواکەوتنی فڕینی فڕۆکەکە، هەموو دەیانوویست بەپەلە ئەوشـارە جێهـێڵن، جا کاتێك کاتژمێرە گەورەکەی ناو فڕۆکەکە وای نیشاندا کـاتێکی زۆر تێپـەڕیوەو هەتائێسـتاش دەسـتی بەگەشـتەکەی نـەکردووە، پیـاوێکی ئەمـەریکی لەسـەر کورسـیەکەی ڕیـزی پێشـەوە دانیشتبوو، بەپیاوەکەی تەنیشتی گوت: ئەوە چی ڕوودەدات؟

پیاوەکەی تەنیشتیشی بەرگێکی ڕەشی لەبەردابوو، سەرەوسیمای کەسێکی ڕۆژهەلاّتی هـەبوو، وەلاّمیدایەوە: نازانم چی ڕوودەدات.

پیاوە ئەمەریکیەکەش بە ڕقەوە گوتی: (ئەو تورکانە پابەند نین بەکاتەوە).

پیاوەکەی تەنیشتیشی وەلاّمی دایەوە: بۆچی لۆمەی تورکەکان دەکەیت؟ ئەوەتا من کەسـێکی تورکمو لەکاتی خۆشیدا ئامادەبووم.

پیاوە ئەمەریکیەکە گوتی: داوای لێبووردن دەکەم، من مەبەستم لەوە نەبوو هەستی تۆ بریندار بکەم.

لەوکاتەدا فەرمانبەرێکی فەرمی فڕۆکەخانەکە ئاماژەی دایە سەرکردەی فڕۆکەکە دەست بەگەشتەکەی بکات، پاشان فڕۆکەکە کەوتە جووڵەو بەرەو ئاسمان بەرز بۆوەو خانوبەرەکانی لەدوای خۆیەوە جێهێشتو بەرەو باکوور گەیشتە سەر ئاڕاستەی ڕووباری نیل.

پیاوە ئەمەریکیەکە لەپەنجەرەکەوە سەرنجی دەرەوەی دەدا، بەپەنجە ئاماژەی بۆ شوێنێکی سەرزەوی کردو ئەمجارەشیان پرسیارێکی تری لەپیاوەکەی تەنیشتی کردو پرسی: (ئەوە چییە، ئەوە چی ڕوودەدات)؟

پیاوە ڕەشەکەش کە لەپەنجەرەکەوە سەرنجیدا، ئەوە فڕۆکەخانەی ڕۆژئاوای قاهیرەیە، دوو فڕۆکەی بەسەرەوەن و بۆردومانی دەکەن و کاولکارییان تیداکردووە، ئەو دوو فڕۆکەیە بزربوون و دووانی تر بەشوێنیاندا هاتن، پیاوە بەرگ ڕەشەکەش وای نیشان دەدا هیچ شتێك لەوبارەیەوە نازانێت، وەکو کەیف خۆشیی و ڕەزامەندییەکیش سەرێکی لەقاند.

جارێکی تر پیاوە ئەمریکیەکە گوتی: ئەی هاوار ئەوە چی ڕوودەدات؟

پاشان فڕۆکەکە بەرزبۆوە بۆئاسمان و، تەمە سپیەکەش وەکو بەبەربەستێك دیمەنی بۆمبابارانی فڕۆکەخانەکەی داپۆشی.

پیاوە بەرگ ڕەشەکەش وەڵامی نەدایەوەو، ڕاگری کورسیەکەی کەمێك شلکردەوەو بەرەو دواوەی بردو خۆی لەسەر درێژکردو، بەپیاوە ئەمەریکیەکەی گوت: بەیارمەتیت دەمەوێت کەمێك بخەوم.

چوار فڕۆکەکەش، زۆر لەوان نزمتر بەخێرایی بەئاسماندا دەفڕین، بەرەو باکوری خۆرهەڵات دەگەڕانەوە، بەرەو وڵاتێکی بچووکی کەنار دەریا.

(ئەو نەتەوەیە هەرگیز تێداناچێ کە ڕۆڵەکانی بەرژەوەندی گشتی دەخەنە پێش بەرژەوەندی تایبەتی خۆیانەوە).

(عمر امین علی)